# هونەری تەلارسازیی جیهان

# ناسنامەی کتێب


- **ناوی کتێب:** هونەری تەلارسازیی جیهان
- **بابەت:** تەلارسازی
- **نووسینی:** خوسرەو جاف
- **نەخشەسازی ناوەوە:** موحەمەد حوسێن خەتی
- **بەرگ:**
- **نۆرەی چاپ:** یەکەم- ٢٠٢١
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **ژمارەی وشە:** ٧٤.١٠٠ وشە
- **قەبارە :** ١٧ سم × ٢٣ سم

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**

**ژمارە سپاردنی (        ) ساڵی پێدراوە**

# هونەری تەلارسازیی جیهان

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم
٢٠٢١

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| دەسپێك | ٩ |
| پێشەكی | ١٣ |
| ئێمەی كورد میعماریمان نییە! | ٥٤ |
| پێناسی میعماری | ٩٨ |
| كورد و میعماری | ١٣٤ |
| مێژووی ماد و تەلارسازییەكەی | ١٥٠ |
| هوخشتەر | ١٥٤ |
| ئختنیكۆ | ١٦٠ |
| ئەژدهاك | ١٦١ |
| هەوارگە سەرەكییەكانی ئەوسای جیهانی تەلارسازی | ١٧٣ |
| هونەری تەلارسازیی میسری كۆن (فەراعینە) | ١٧٧ |
| هونەری تەلارسازی لە دۆڵی دوو ڕووباردا | ١٨٥ |
| گردی (ئەلعەبید) | ١٩٩ |
| گردی حەسوونە | ١٩٩ |
| وەركاء | ٢٠٠ |
| سەردەمی ئەكەدیەكان | ٢٠١ |
| ساختمانەكانی سەردەمی ئەكەدی | ٢٠٨ |
| دەستەڵاتی گوتییەكان | ٢١٠ |
| زیگۆراتە بەناوبانگەكەی ئور | ٢١٢ |
| زیگۆراتی وەركا | ٢١٦ |
| هەڕووژانی ئیمپراتۆریەتی ئور | ٢١٨ |
| زنجیرە دەستەڵاتی بابلیی یەكەم ١٨٤٩-١٥٩٤ز | ٢١٩ |
| ئاشوورییەكان | ٢٢٢ |
| مەلیكە مەزنەكانی ئاشووری | ٢٢٧ |
| ئاسەرحەدوون | ٢٢٨ |
| ئاشووربانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٧پ.ز | ٢٢٩ |
| پایتەختەكانی ئاشوور | ٢٣١ |

| | |
|---|---|
| خرساباد (شورکین) | ٢٣٤ |
| نەینەوا | ٢٣٥ |
| سەردەمی دوادوایی بابلییەکان | ٢٣٧ |
| باخە هەڵواسراوەکان | ٢٣٩ |
| هونەری تەلارسازیی ئێرانی | ٢٤٢ |
| سەردەمی هەخامنشی | ٢٤٨ |
| سەردەمی ئەشکانی | ٢٥٠ |
| هونەری تەلارسازیی ساسانییەکان | ٢٥٧ |
| مێژووی تەلارسازی و هونەری هیندستان | ٢٦٩ |
| ئیمپراتۆری مادریا | ٢٨٨ |
| دەستەڵاتی گوپیتا | ٢٩١ |
| هونەر و تەلارسازیی چین | ٢٩٨ |
| نائیبولسەلتەنەی شاسوار | ٣٠٧ |
| شەڕی سازندە | ٣١٣ |
| فەلسەفەی کۆنفسیوس | ٣١٤ |
| وتە کورتەکانی کۆنفسیوس | ٣١٧ |
| فەلسەفەی تائوئیسم | ٣١٩ |
| بڕێك لە بیروبۆچوونی تائوئیسمەکان | ٣٢١ |
| فەرمانڕەوایەکی هونەردۆستی دەستەڵات (چو) | ٣٢٣ |
| چین وڵاتی سەرسامی! | ٣٣٢ |
| هونەر و تەلارسازیی یۆنان | ٣٣٤ |
| هونەری کۆنی یۆنان دابەش بووەتە سەر چوار قۆناغدا | ٣٤٣ |
| دەورەی کلاسیك | ٣٥٤ |
| شێوەکاری | ٣٥٧ |
| هونەر و تەلارسازیی ئیسلامی | ٣٦٠ |
| هونەری ئیسلامی | ٤٦٣ |
| دەورەی عەباسییەکان | ٣٧٨ |

| | |
|---|---|
| شێوەی مەغۆلی | ٣٨١ |
| شێوەی سەفەوی | ٣٨٢ |
| شێوەی میسری | ٣٨٤ |
| شێوەی هیندی | ٣٨٥ |
| شێوەی عوسمانی | ٣٨٩ |
| هونەری تەلارسازیی ڕۆمانەکان | ٣٩١ |
| هونەری بیزانتی (بێزەنته) | ٣٩٩ |
| هونەری گوتیك | ٤٠٤ |
| ڕێنسانس | ٤١٠ |
| شێوەی بارۆك و ڕكۆكۆ | ٤٢٧ |
| شێوەکاری | ٤٢٧ |
| ڕووكۆكۆ | ٤٣٣ |
| باروك لە ولّاتانی فلاندەردا | ٤٣٦ |
| پەیكەرتاشین | ٤٣٩ |
| شێوەکاری | ٤٤٠ |
| قوتابخانەی كلاسیكیی نوێ | ٤٤٢ |
| شێوەیەکی تر بەناوی سیمبوولیستەکان | ٤٤٧ |
| قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی سەدەی بیستەم | ٤٤٨ |
| شێوەی كۆبیسم | ٤٤٩ |
| شێوەی بۆریسم | ٤٥٠ |
| شێوەی فۆتۆریسم | ٤٥١ |
| دادایی | ٤٥٢ |
| خەیاڵاوی سوریالیزم | ٤٥٣ |
| شێوەی ئیکسپرسیونیسم | ٤٥٤ |
| هونەری ئینتیزاعی | ٤٥٥ |
| تەلارسازی لە ١٨٥٠تا ئەم دواودواییەی | ٤٥٦ |
| هونەر لە ئەمریكادا | ٤٥٨ |
| تەلارسازی | ٤٦٢ |
| پەیكەرتاشین | ٤٦٦ |
| فەرهەنگی مایا | ٤٦٨ |
| فەرهەنگی ئنكا | ٤٧١ |
| سەرچاوەکان | ٤٧٣ |
| پاشبەندی وێنەکان | ٤٧٧ |

# دەسپێك

هەر لە منداڵیمەوە سەرگەرمی خوێندنەوە بووم، بە دزیی باوکمەوە دەخزامە ناو کتاوخانەکەیەوە، گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسی و کوردیم تەقەتەق دەخوێندنەوە.

لە قوتابخانەی سەرەتایی کەلاری ئەوسادا، کە لادیەکی سەد ماڵە بوو، بە عەرەبی وانەیان پێ دەوتین، مامۆستاکانیش زۆربەیان توورکمان بوون، عەرەبیزان نەبوون!

بەندە مێردمنداڵێک بووم باوکم دەیوت تۆ جارێ بڕۆ وانەکانت بخوێنە، چیتە لە خوێندنەوەی کتاوی ناو کتاوخانە؟

بۆیە هەر بۆم بلوایە خۆم دەگەیاندە کتاوخانەکەی باوکم. با ئەوەش بڵێم لە لیوای کەرکووکدا هیچ کەس کتاوخانە تایبەتییەکەی وەک: کتاوخانەی باوکم دەوڵەمەند نەبووە. ئیدی ڕووداوەکانی ناو کوردستان ئێمەشی گرتەوە و کتاوخانەکەی باوکم دوو جار بەر دزی و تالان کەوت و لە ساڵی ١٩٦٦ز برادەرانی مەکتەبی سیاسی، کە لە پارتی جیابووبوونەوە، بە زۆربەی زۆری ئەندامەکانیانەوە گوێزرابوونەوە کەلار و ماڵی باوکم و خزمەکانم بوونە هەوارگەی "مام جەلال" و هاوەڵانی. ئیتر کتاوخانەی باوکم تالان کرا و برێک لە کتاوە مۆردارەکانی کتاوخانەی باوکم لە خانەی ئەمنیی فیدائیانی خەلقی ئێران و چەپگەراکانی ئێران، کە پەنابەری برادەرانی شەست و شەشیان بوون لە گەڕانەوەیاندا بۆ ئێران ئەو کتاوە مۆردارانەی باوکم لە لایەن (ساواک)ی ئێرانەوە دەستیان بەسەردا گیرا و باوکم لە ئێراندا پەنابەر بوو لە لایەن (ساواک)ـەوە گیرا، دوای پرس و جۆیەکی سێ شەو و سێ

رۆژە، باوکمیـــان بەڕەڵا کـــرد. ئیـــدی مەبەســـتم لەم ڕۆشـــنکرنەوە سـەرەنجامی ئەو کتاوخـانە تـالآن کراوەیە. دوای ٣٠ سـاڵ بڕێک کتـاوی کتاوخانە تالآنکراوەکەمان لێرە و لەوێ بە پارە کڕیەوە.

ئیتر بەندە لەوەتەی دەستم داری گرتووە، دەستم بۆ کتاو بردووە و کڕیومە، وەک هەر کوردێک بێ پلان و بەرنامەڕێژی کەوتمە ناو دونیای هونەرەوە، تەقەلایەکی گەلێک دژوار و سەختم کرد تا لەسەر پای خۆم بوەستم، بەتایبەت کە بوومە قوتابیی هونەرە جوانەکان لە شاری تاراندا، ڕشـتەی تەلارسـازی تـوانیم پێـنج سـاڵەکە تەواو بـکەم و ماجسـتێریش هەروا. لەوێـڕا دەسـتم بە کـاری ئـازاد کـردووە لە بـواری تەلارسـازیدا، دەتوانم بڵێم لە کارەکانمدا تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوومە.

دوای هەڕووژانـی دامودەسـتگای شاهەنشـاهی ئێـران گەڕامەوە بـۆ عێـراق و لە شـاری بەغـدادا نیشـتەجێ بـووم، وەک هەر ئەنـدازیارێکی تەلارسـازی مەکـتەبم کـردەوە و دەسـتم بە کـار کـرد و لە مـاوەی دوو ساڵدا ناووباوێکی باشم بەدەست هێنا.

ئەوە حاشـــا هەڵنەگـــرە دونیـــای هـــونەر و تەلارســـازی نیـــازی بە سەرچاوەی جۆراوجۆرە، لە عێراق و سـەرجەم بە کوردستانیشـەوە ئەو سـەرچاوانە بە دژوار دەســت دەکەون، ئەگەر بەر چـاویش بـکەون، بە زمـانە بیانییەکـانە، ڕەنـگە زۆربەی زۆری دونیـای هـونەری تەلارسـازی ئەو زمـــانە بیانیـــانە نەزانـــن. هەروەهـــا نرخـــی کتـــاوی ڕەنگـــاوڕەنگی تەلارسـازی گەلێک گرانە، ڕەنگە بە هەمـووان نەسـەنرێت، بـۆیە کەوتمە کەڵـکەڵەی نووسـینی بـواری هـونەری، چ دەربـارەی تەلارســازی، یـان دەربـــارەی هونەرمەنـــدانی شـــێوەکار و قوتابخـــانە جۆراوجۆرەکـــانی شێوەکاری.

ئەم کتـــاوە تیشـــکی خســـتووەتە ســـەر ســـەرەتای تەلارســـازی لە فەرهەنـــگە کۆنەکانـــدا لە پـــێش زاییـــنەوە تـــا بە ئەورۆ هەوارگەکـــانم خستووەتە بەرچاو، ئەویش بە زمانە شیرینەکەی کوردی.

ئیـــدی بە پێویســـتی نـــازانم زۆر لەو کتـــاوە بـــدوێم، ئەوەســـا لەبەر دەستت دایە، ئومێدەوارم سوودی لێ وەرگریت و نزای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**خوسرەوجاف**

**هەولێر - ٢٠٢١**

# پێشەکی

حاشـــای لـــێ  ناکرێــت زنجیرەچیــای زاگــرۆز یەکـێکە لە هەوارگە سـەرەتاییەکانی ڕەگەزی مـرۆڤ. ئەشکەوتی شـانەدەر و ئەشـکەوتەکانی نـاو ئەو زنجیرەشـاخاوییە، بەرچـاوترین دیکـۆمێنتە بـۆ زانیـارانی بـواری ڕەگەزی بەشـەریەت هەتـا وەکـوو لە سـەردەمی یەکەمـی بەردینـی یەکەم کۆنتریش...

بەنـــدە زۆر خـــۆم لە قەرەی زانســـتی جیۆلـــۆجی و هەروەهـــا ئەنترۆپۆلـۆژی وردەکارییەکـانی نـادەم، هەروەهـا ناچـار نەبـم بـاس لە لافـاوە مەزنەکەی وا سەرتاســەری  زەوی گرتــووەتەوە، یــا هەر نەبــێ بەشێکی زۆری تۆپی زەوی گرتووەتەوە، ناکەم.

بـۆ سـەلماندنی ئەوە، مـن و دوو لە بـرادەرانم کـارگەیەکی گەورەی بەردبڕینمـــان هەبـــوو، ئیتـــر لە هەر چـــوارلاوە گـــابەردی مەڕمەڕە جۆراوجۆرەکانمــان بــۆ دەهــات و ئــێمەیش بە ئەنــدازەی جۆراوجــۆر دەمـــانبڕی، ئەو ڕۆژە بە ڕێـــکەوت لە کـــارگەدا بـــووم، یەکێـــک لەو بـرادەرانەی وا بەسـەر یەکێک لە هەرە میکـانیکیە گەورەکـانەوە بـۆ هـاتە ناو ئۆفیسەوە و وتی:


مامۆســـتا وەرە ســـەیری شـــتێکی نایـــاب بـــکە، لەگەڵیـــا ڕۆیشـــتم گابەردێکی چەند مەتری سێگۆشەی لەت کردبوو، گابەردەکە لەو زنجیرە چیـای قەڵادزی و ڕانـیەوە هێنابوویـان، کە لە دوو لەتەکە وردبـوومەوە، چـالێکی نـاو بەردە سـافە بـڕاوەکە نەخشـــە و وێـنەی ماســییەکی ١٥

سانتیمەتری تیا نەخشابوو، ئەو جێگەی ئەو گابردەی لێهاتبوو دووسێ هەزار مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزترە. خۆ ماسی قولانجە نییە تا بە پای خۆی ڕۆیشتووبێتە ناو ئەو شلەیە و گیرهاتبێت و سەرەنجام دوای ملیونەها ساڵ بووبێتە مەڕمەڕ و لەناو ئەو گابەردەیدا وا نەخشابێت!

بێگومان ئەوە دەگەیەنێت ئەو چیا بەرز و بوڵندانە ڕۆژگارێک لەژێر ئاودا بوونە و ماسی تەراتێنیان تیادا کردووە، تا چەندان ساڵ ئەو نیوە بەردە بڕاوەم پاراست بوو. ڕووداوەکانی ناو کوردستان و ئێراق ئەوە پیاوبوو خۆی ڕزگار کات، نەک بەردێکی بڕاوی چوارسەت کیلۆیی بپارێزێت.

لە مێژدا باوەڕ وابووە و بەپێی پشکنین و لێکدانەوەی زانستی و ئەو پیشە و پەلایانەی وا بە دەستەوەبوونە، گوایە مێژووی مرۆڤ بەسەر زەوییەوە لە سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر زۆرتر نییە.

دوو سەد ساڵ لە ئەشکەوتی (شانەدەر)، پیشە و پەلای مرۆڤێک دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ بۆ سێ سەد هەزار ساڵ، کەواتە دوور نییە لە داهاتوودا لەو مێژووە کۆنتر پیشە و پەلای مرۆڤی ڕابردوو بدۆزرێتەوە، سەیرەکە لەوەدایە هەر نەبێ تا بە ئەمرۆ زنجیرە چیاکانی کوردستان و ئەشکەوتەکانی، کۆنترین جێگە و شوێنی بەشەریەت بوونە و لەم سەر زەوییەدا وا ئیمڕۆ کوردستانی پێدەڵێن، قەومێکی تیادا دەژی بەناوی کورد.



بەندە لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر بڕێک سەرچاوەی زانستی، کە وا لە ڕووی زانستەوە قۆناغەکانی بەشەریەتی دەستنیشان کردووە، لەولاشەوە (نەزەریەی پەرەسەندنی داروین) کە دونیا عیلمانیەت بە بنەمای واقیعی ڕەگەزی مرۆڤی داناوە و لە بنەماوە بیروبۆچوونە ئایینییەکان دەربارەی (ئادەم و حەوا و بەهەشت و وەدەرنانیان لە بەهەشت لە بنەماوە ڕەت دەکاتەوە) لەپێش ئەوەی بکەوینە لە یەکدانەوەی نێوان بیروڕای داروین و هەروەها کتاوە پیرۆزەکانی ئایینی و پەیامبەرە ئیبراهیمییەکان. ئەو قۆناغە لە لایەن زانیارانەوە ڕەگەز و بنەمای بەشەریەتیان دەستنیشان کردووە، ئەمانەی خوارەوەن:

١- ڕەگەزی تێکەڵاو Common Anccstor لەپێش ٤٠٠٠٠٠٠ چل ملیۆن ساڵ لەمەوپێش.
٢- ڕاماپیسیوکوس. لەپێش ١٥٠٠٠٠٠٠پانزە ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.
٣- ئۆسترا ئایا پیسوکسوس لەپێش ٥٠٠٠٠٠٠پێنج ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.
٤- پیاوی ١٤٧٠ لەپێش ٢٥٠٠٠٠٠ لەپێش دوو ملیۆن و پێنج سەد ساڵ.
٥- هۆمۆئێرکتس لە پێش ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد ساڵ هەزار ساڵ لەمەوبەر.
٦- هوموساپیین مرۆڤی ژیر. لە پێش ٢٥٠٠٠٠دووسەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر
٧- پیاوی نیاندەرتاڵ ٧٠٠٠٠حەفتا هەزار ساڵ لەمەوبەر.
٨- مرۆڤی ژیری ئێستا لەپێش ٣٥٠٠٠سی و پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر.

لەو تیۆریەیدا مرۆڤی ئێستا ٣٥٠٠٠ساڵ لەمەوپێش وەک ئێستا وابووە. دوو ساڵ لەمەوبەر هەیکەلی عەزمی مرۆڤێک لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠٠٠ساڵ لەمەوبەر، بە تەئکید لە جێگە و شوێنی تردا لە داهاتوودا پیشە و پەلای مرۆڤی تر لەوە کۆنتریش دەدۆزرێتەوە و لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ مرۆڤ هەر وەک خۆی وابووە. مەیموونیش لە ملیۆنەها ساڵەوە هەر وەک خۆی وایە، ئەوانەی کلکیان بووە هەر وەک خۆیانن و کلک و تووکیان هەر وەک خۆیان ماوەتەوە، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە ڕەگەزی مرۆڤ بەدی نەهاتووە و هیچ بەڵگەیەکی زانستی بەدەستەوە نییە بۆ ئەو زنجیرە گۆڕانکارییە، ئەو تیۆرییە بەڵام لە لایەن زۆر لە زانیارانەوە ڕەدکراوەتەوە.

تۆفان بووە؟ بەڵێ بووە و سەدان دیکۆمێنتی زانستی بە دەستەوەیە، کە تۆفان ڕووی داوە. ئیدی سەدان پرسیاری جۆراوجۆر لە خولیادایە یەشتا بە دروستی وەڵامیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، کەی دەریاکان نیشتوونەتەوە، یان کشاونەتەوە؟ کەی چیاکان دووبارە وەدەرکەوتوون؟ کەی گیانلەبەرانی زلزەلامی دڕندە و گیاخۆر کەوتوونەتە سەر زەوی؟

یەشتا بە وردی نەزانراوە چۆن لەناو چوونە و بۆ لەناوچوونە؟ کەی مرۆڤ خولقاوە؟ یەشتا بە دروستی نەزانراوە مرۆڤ کەی لە ئەشکەوت وەدەرهاتووە؟

ئەم پرسیارانە بەم هەموو زانستەی مرۆڤەوە بێ وەڵامن، ئەوەسا بە دەست درمێکەوە کە پێی دەڵێین (کۆرۆنا) دەستەپاچە و زەبوون بووین. با لە تۆپی زەوی گەڕێین و سەرێک بەرزکەینەوە و بیر لەو ئاسمانە بێ بن و بێخە بکەینەوە، چەندە ملیارد ساڵی کێشاوە تا ئەو هەموو کۆمەڵگایە دەقی بەستووە و ملیاردەها ملیارد ئەستێرەی سەد بەرانبەر هەزار بەرانبەر ئەم زەوییەی لای خۆمان گەورەتر خولقاوە و بە دەوری خۆیدا و بە دەوری ئەستێرەی لەخۆی گەورەتر دەسووڕێنەوە، ئەرێ ئەوانە زادەی سروشتن، یان کردەوەی خالقێکن؟

بەندە لە هەر جۆرە دەمارگرژییەکەوە بە دوورم، چ ئایینی بێت، یان ڕەگەزی یان زانستی... لەوەی دڵنیام ئەو کەون و کائیناتە دروستکەرێکی هەیە و لەوەیش دڵنیام منی مرۆڤ ناگەڕێمەوە سەر ڕەگەزی مەیموون، تا ئەزەل مەیموون، مەیموونە و منیش بەشەرم.

ڕەنگە یەکێک بڵێ: باشە ئەم باسە چ پەیوەندی بە زانستی تەلارسازییەوە هەیە؟

پرسیارەکەی لە جێگەی خۆیدایە، من بە دوای ئەوەیدا دەگەڕێم مرۆڤ کەی لە ئەشکەوت وەدەرهاتووە و کەی بەردی لەسەر بەرد داناوە و کەی چنگی لە قوڕ ناوە و دیواری دروست کردووە تا لە سەرما و گەرما و دڕندەکان خۆی بپارێزێت؟ بەلای کابرایەکی وەک منەوە بۆ مرۆڤە سەرەتاییەکان گرنگیی دیوار لە دۆزینەوە ئاگر کەمتر نەبووە.

دیوار و دۆزینەوەی دیوار بووەتە هۆکاری گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤەکاندا، جگە لە خۆپاراستن لە سەرما و گەرما و خۆپاراستن لە دڕندەکان. هەروەها ئاسایشی پێ بەخشیوە و ئاژەڵی تیا ڕاگرتووە و ئیدی ترسی لە برسان مردنی لەلا کەم بووەتەوە، ناچاری ڕۆژانە ڕاوکردن و مەترسییەکانی نەبووە، وردە وردە مرۆڤە سەرەتاییەکان بەپێی نیاز لە یەک نزیک بوونەتەوە، ئاژەڵیان بەخێو کردەوە و کشتوکاڵیان دەست پێ کردووە، دێیان دروست کردووە و دواتر گەورەدێ و شارەدێ و سەرەنجام بوون بە خاوەن شار. ئەو دەم لە ترسی دەرودراوسێ و شارەکانی تردا ناچاری شوورەی دەوری شار بوونە. دەروازەی موحکەم و پتە و قوڵڵە و کۆنگرەی چاودێریکردنی پەلاماردان، ئەوانە هەر هەموو بنەما سەرەکییەکانیان سەرەتا دیوار بووە و بەس. ئەوە دیوار بووە ئەوانەی پێکەوە کۆکردووەتەوە و ئەو شوورە موحکەمەی دەورەی شارە لە پەلامارەکان پاراستوونی. ئیدی بە گوێرەی درێژیی زەمان مرۆڤ توانیویەتی داهێنان و خەلاقیەت بە وجوود بهێنێت، شارەدەستەڵاتەکان پێکهاتوون و بەوەیش ڕازی نەبوونە و پەلاماری یەکتریان داوە بۆ بەدەستهێنانی دەستەڵات و سامانی بەربڵاوتر. بەوشێوە پەلوپۆیان هاویشتووە بۆ دەڤەرە دوورەکان و

وڵاتانی تر ڕۆیشتوون. ئیدی خووخەسڵەتی زۆرداری و داگیرکردن وای کردووە وڵاتانی تر داگیرکەن.

بەم شێوە ئیمپراتۆرییەکان پێکهاتوون.

وەنەبێ لەسەرتاسەری زەویدا بەو شێوە کاروبار و کردەوەکان وەک یەک وابووبێت. سەیرەکە لەوەدایە تا بە ئەمڕۆ بە وردی نەزانراوە ئەو سەرەتایە لە چی دەڤەرێک و خاک و بوومێکدا بۆ یەکەمین جار دەستی پێ کردبێت.

لەم ڕووەوە بیروڕا زۆرن، بەڵام زۆتر باوەڕ وایە بووژانەوە سەرەتاییەکان لە میزۆپۆتامیادا ڕووی دابێت، یانی سەرزەویی (دۆڵی دوو ڕووبار).

ئەوانەی لەوێدا سەرەتا ژیابوون (سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و لەم دوایدا ئاشوورییەکان) بوونە، هەروەها لێوارەکانی ڕووباری نیلی سەرزەویی میسر و ئێستا و ئەوسای دەستەڵاتی فەراعینە، لە باکوورێشەوە وڵاتی یۆنان، ئەوانە بە هەوارگەی دەستەڵاتە سەرەتاییەکان دەدرێن لە قەڵەم، بە دوای ئەواندا لێرە و لەوێ فەرهەنگی جۆراجۆری کۆن پێکهاتوون، وەک: وڵاتی چین، هیندستان، ڕۆمانەکان، سەرزەوی (مایا) لە ئەمریکای لاتین. تا بە ئەورۆ ئەو وڵاتانەن وا زانستی ئەمڕۆ بە کۆنترین هەوارگەی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان دەژمێردرێن.

هەڵبەتە هەر لەم بنەدەستەیدا ئیمپراتۆریەتی ماد و لیدیا، لە دوایيدا دەستەڵاتی هەخامنشی و ئەشکانی و سەرەنجام ساسانی، ئەوانە لە

وڵاتانی ئێراندا هەر یەکە و چەندان سەد ساڵ فەرهەنگ و فەرمانڕەوایی خۆیان کردووە.

بێگومان هەر یەکە لەو وڵات و فەرهەنگانە بە گوێرەی ژینگە و ئاو و هەوا و دەسەڵات و دارایی و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان بوونەتە خاوەنی شێوەیەک لە تەلارسازی. بەندە لە دواییدا لە هەر یەکە لەوانە دەدوم.

بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو دەڤەر و وڵاتانە بە دایکانە سەرەکییەکانی جیهانی تەلارسازی دادەنرێت، بەدوای ئەواندا لێرە و لەوێ دەسەڵاتی جۆراوجۆری تر پێکهاتوونە و بەپێی فەرهەنگ و ئایین و ژینگەی خۆیان کاری ساختمانی و تەلارسازییان ئەنجام داوە و زۆر لەو ئاسەوارانە یەشتا بە پاوە وەستاون.

ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە وڵاتی ئێمەی کورد یەکێک بووە لە هەوارگە سەرەکییەکانی (بەشەریەت) زنجیرە چیاکانی (زاگرۆز) و ئەشکەوتەکانی بە هەوارگە سەرەتاییەکانی ئینسان ژمێردراوە، ئەوە نییە لە ساڵی ٢٠١٩ز کۆنترین ئێسکەپەیکەری لە ئەشکەوتی (شانەدەر)دا دۆزراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش هەر ئەو دۆزینەوە زۆر لە تیۆری پێکهاتنی سەرەتای بەشەریەتی هەڵتەکاندووە، گەڕانەوەی ڕەگەزی بەشەریەت بۆ سەر ڕەگەزی مەیموون هێندەی تر خستووەتە ژێر زەرەبینی گومانەوە.

لەم باسەیدا ( ئەم بەشە) باس لە گرنگیی دیوارە، هەروەها ئەو قۆناغانەی دیواری پیاچووە، ئەویش یەشتا بە وردی نەزانراون، بەڵام بەکاربردنی دیوار لە بنەماوە جۆری ژیانی مرۆڤە سەرەتایەکانی گۆڕیوە

و ڕێگە و ڕێچکە سەرەتاییەکانی بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمەی دابین کردووە، دڵنیام لەوەی لە سەرەتاوە کاتێک مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان وەدەرهاتوونە و لە چیاکانی زاگرۆس شۆڕبوونەتە خوارێ. سەرەتای دیوار لە دووڕووبار (دیجلە و فورات) سەری هەڵداوە و بووەتە بنەمای دونیای تەلارسازی.

بەندە ناتوانم لە ئێش و ئازاری دەروونی خۆم و ئەوانەی وەک من وان بگوزەرم. ئەوەسا سەرەتای بەشەریەت لە خاک و خوڵێکدا سەری هەڵداوە، ئێمە کوردی تیادا دەژین، تێکەڵی ئەم خاک و خۆڵەی بووە، سەیر لەوە دایە دەوڵەت و دراوسێکانمان بێ ئەوەی بیر لە مێژوو بکەنەوە لایان وایە ئێمە لە کوردستان لە هوتێلداین و ئەوان خاوەنی سەرزەوی وڵاتەکەمانن.

لام وایە ساڵی ١٩٦٥ (محەمەد ڕەزاشاه)ی ئەو کاتەی ئێران جەژنێکی نێودەوڵەتی دوو هەزار و پێنج سەدساڵەی (٢٥٠٠)شاهانشاهی ئێرانی ئەنجام دا و سەد و هەشتا ساڵی دەستەڵاتی (ماد)ی تۆڕدایە لاوە و لەسەردەمی دەستەڵاتی (کورشی)ی هەخامنشیەوە دەستی پێکردبوو تا سەر خۆی ئەگەرچی کورش لە دایکییەوە (ماندانا) بە کچەزای ئاخرین شای زنجیرە دەستەڵاتی ماد (ئەژدهاک) دەژمێردرێت و بە کودەتایەکی سەربازی و ناپاکی هارپاکی مادی کە فەرماندەی سوپا و سانی مادەکان بووە. گوایە دەستەڵاتی فارس هەرکە پای لە تەختی دەستەڵات گیرکردووە ئەوی پەیوەندی بە مادەوە بووە سڕیوەتەوە و کراوەتە قوربانی شکۆ و جەلالی دەستەڵاتی هەخامنشی، ئەوە لە ڕۆژهەڵات، لە باکوورەوە کۆمەڵێک هۆزی برسی و ڕاونراو لەناوەڕاستی ئاسیاوە شۆڕبوونەتەوە بۆ باکووری کوردستان، کە ئەو دەم دەستەڵاتێکی

زەبوونی سەلجووقی ژێردەستەی خانی مەغۆڵ بوونە، زۆرتر پەیوەستە لەگەڵ دەسـتـەڵاتی بێزەنتەیـدا لەو قـۆڵەوە بیگـرە و بەردەیـان هەبـووە، لەلایەن دەسـتـەڵاتی لاوازی سـەلجووقیی ئەو کـاتە دەکـرێنە هاوسـێی دەسـتـەڵاتی بێـزەنتە، ئیـدی هەمیشـە ئەو هـۆزە کـۆچەرانە لە وردە شەڕدابوونە، لەگەڵ دەستەڵاتی بێزەنتەیدا.

هەمیشـە هەروا بـووە بـۆ فەرمانـدەیەکی لێهـاتوو هەل و فرسـەت قۆسـتنەوەی کـردووە و وردە وردە توانیویـانە شـوێن پـای بەربڵاوتـر هەڵگرن و بتوانن دام و دەستگای و دەسـتەڵاتێک پێکبهێنن و سـەرەنجام دەوڵەتـی عوسـمانی بە وجـوود بهێنن. لەو خوارەشـەوە لەپێش هێرشـی ئیسـلامدا بۆ خـوا عەرەبێـک لەنـاو دۆڵـی دوو ڕووبـاردا بەدی نەکـراون، جـگە لە کوێخاکـانی (مەنـازرە) لەو خـواری لیـوای زیقـارەوە نەبێـت، کە پسووڵەیان بۆ هاتوچووی عەرەب کردووە بۆ نـاو دەستەڵاتی ساسـانی، بێ پسووڵەی (مەنازرە) هیچ عارەبێک مافی هاتنی بۆ نـاو ئیمپراتۆریەتی ساسـانی نەبـووە، سـەیرەکە لەوە دایە ئەو بـرا عەرەبانەمـان زۆربەیـان خۆیـان بە نەتەوەی (سـۆمەر و ئەکەد و بـابلی و ئاشـوور) دەزانـن، لە کاتێکدا ئەو قەومـانە بە ئەقوامی (مونقەریزە) ناسـراون. هەزار و هەشـت سـەد سـاڵی مـاد و هەخـامنش و ئەشـکانی و ساسـانی دۆڵـی دوو ڕووباریان حـوکم کـردووە. مـاوەی ٤١٦سـاڵ پایتەختی ئیمپراتـۆریەتێکی دەستەڵاداری وەک ساسانی (مەدائن یا تیسفۆن)، ئەوەسا ئاسـەوارەکەی لە خـواری بەغـدایە. وتە پڕوپـووچ و بـێ بنەمـا مێـژووەکەی سـەدام حوسـەین، کەی وتـوویەتی: " لە بنوخوزرنوسـرەوە تـا سـەدام حوسـەین" دەمـارگرژە عەرەبەکـان بـۆ سـووکایەتی کوردسـتان سـوود لەو وتەیە وەردەگرن.

دوای هەرۆژانی دامودەزگای بەعس و سەدام حوسێن وەک نائیب هەڵبژێردرام بۆ پەلەرلەمانی عێراق (کۆمەڵەی نیشتمانی) لە سەرتاسەری عێراقدا بە کورد و عارەب و تورکمان و کریستیانیشەوە ١٥٠و کەسیان وەک نائیب هەڵبژێردران، یەکێکیان من بووم، ڕۆژێک لە پەرلەماندا یەکێک هەڵسا و نەڕاندی: عێراقی هەرەگەورە ئێمەی نەوەی سۆمەر و ئەکەد و بابلین، ئێمە کوڕی سەر زەویی حەزاراتین، ئا لەم تورەهاتانە، نەمهێڵا وتەکانی تەواوکات پێم بڕی:" کورە ئێوە تا کەی لە حەقایقی مێژوویەوە نزیک نابنەوە؟ ئێوە لە کوێ کوڕی نەبوخوزرنوسەر و سەرجووئی ئەکەدین؟

دەوڵەتی عێراقی لە ١٩٢٠ دامەزراوە دوای فەتحی ئیسلامی لە دواییدا بووەتە غەز و دەستەڵاتی ئەمەوی و ١٨٠ساڵی خایاندووە، ئەم عێراقە ویلایەتی کوفە بووە بە دواییدا ٤١٦ساڵ دەستەڵاتی عەباسی بەردەوام بووە، هیچ کات دەوڵەتێک بەناوی عێراق ناوی نەهاتووە. بەغدا و دەوروبەری بە (ئەرزی سەواد) دەناسرا، ویلایەتی جیبال هەبووە، ویلایەتی بەسرە هەبووە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە وەک خۆی بنوارڕنە مێژوودا (بنوارە ئەرشیفی کۆمەڵەی نیشتمانی لە بەغدا) .

تا چەند ساڵ لە مەوپێش مێژوونووسانی ئێرانی دانیان بەوەدا نەدەنا، کە زنجیرە دەستەلاتی ساسانییەکان (بنەماڵەی شاکان) لە ڕەگەزی کورد بوونە، تا ئەو نامەی دوا شای ئەشکانییەکان (ئەرد) ناردوویە بۆ (بابەک) دامەزرێنەری دەستەڵاتی ساسانی تیادا دەڵێت: تۆیی شوانزادەی کورد بە کوێت گەیاندووە، دەم لە دەستەڵاتی شاهەنشاهی ئێران بکوتیت.

ئەو نامە حاشا هەڵنەگرە و یەشتا بە دەستەوەیە... جا برادەر دەنواڕی ئێمەی کورد لە چی چوارتەنیشتێکدا دەژین، لە چەند لاوە چەند گورنەتەڵەمان لێ ڕاستبوونەتەوە؟

ئەمەیش وەزعەکەی خۆمانە...چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت؟ بۆیە نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان!

خاڵێکی گرنگی تر هەیە دەمەوێ بیخەمە بەرچاو لە مێژدا ئاسەوارناسانی جیهان هۆژەیان کردە ناوەڕاستی عێراق و باشوورەکەی بەرەو باکوورەکەی نەهاتن و جگە لە چەند شوێنێکی سەردەمی دەستەڵاتی ئاشوورییەکان لە سەردەمی حکوومەتی بەعسدا زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەد جێگەی ئاسەوار لە کوردستاندا دەستنیشان کرابووە، چەند دانەیەکیان هەڵداوە، دەرکەوتووە هیچ پەیوەندێکی بە سۆمەر و ئەکەدەوە نییە، شەخی سەدام فەرمانی ئەوەی دابووە سەریان هەڵمەدەنەوە با هەروابن، بەلای ئەو کابراوە ئەوە زەرەری هەیە بۆ تیۆریە گەوجانەکەی (لە نەبوخوزنوسرەوە تا سەدام حسێن) دەستەڵاتی هەرێمیش نە ئەو توانا ئابوورییەی هەیە و نە لێزانی تایبەتی ئەو زانستە، جا بۆیە هەروا ماونەتەوە، ئەو ڕق و کینەی سەدامە بوو بە هۆکاری مانەوەی ئەو ئاسەوارانە، ڕۆژگارێک دێت، چ ڕۆژێک نازانم، واقیعیەتە مێژووینەکەی ئەم چوارتەنیشتە وەک خۆی ڕۆشن دەبنەوە.

کاتێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی بدوین بۆخۆی ئەو باسە تێکەڵاوی خودی مێژووە و زنجیرە دەستەڵاتەکان و کاروکردەوەیان لە ڕووی زانستەوە سەلمێنراوە هیچ حاڵەتێکی تەلارسازی ناسراو لە دە ساڵ و بیست ساڵدا پێک نەهاتووە و کاروکردەوەی بەردەوام و وردەکاری زۆری ویستووە تا گەیشتووەتە شکڵ و شەمایلێکی ناسراو،

بۆ نموونە ئەگەر کۆشکەکانی ئاسەواری (پرسیولیس) نزیکی شاری شیراز و پایتەختی زنجیرە دەستەڵاتی هەخامنشییەکان و ئەگەر ١٦٠ساڵ دەستەڵاتی ماد و کار و کردەوەی تەلارسازی ئەوان نەبوایە مەحاڵە بتوانرێت لە ماوەی دە ساڵی فەرمانڕەوایی (کۆرشی هەخامنشی)دا ئەو شێوە تەلارسازییانە لە کۆشکەکانی (پرسیولیس)دا ئەنجام بدرێت، ئەوە کۆرش بوو دەستی کێشایە سەر دەستەڵاتی ماددا بە تەواوی کارەکانیانەوە، بۆخۆی بوو بە خاوەنی فەرهەنگی پێگەیشتووی مادەکان و ناوی مادی سڕیەوە و هەرچی زانست و هونەری تەلارسازی و پەیکەرتاشین و پیشەسازی و چنین و مامەڵەی فەرمانڕەوایی هەیە لە شەو و ڕۆژێکدا بووە بە خاوەنی و کردوویەتە ناوی فارسەوە. بەندە لە دواییدا باس لە پایتەختی مادەکان دەکەم، کە هیرۆدۆت) چی لەو ڕووەوە نووسیوە. هەروەها دەر و دەروازەی فەرهەنگێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووم لێکرایەوە.

من وەک کاروکردەوە و بژێویی ژیانم تەلارسازم و لەو کارەیشدا وەک بیناوە سەرکەوتووبووومە.

بەندە نزیکەی بیست ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیاوم و قۆناغەکانی خوێندنم: بەکالیۆرس و ماجستێرم لە دەرەوە بەدەست هێناوە. لەو ماوە دوورودرێژەی دوور لە وڵاتیدا یان جوانتر بڵێم دەربەدەری بێ وەتەنیدا وەک پەنابەر کۆشاوم خۆم پەروەردە بکەم، جا کە لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی (تاران) و ڕشتەی تەلارسازی قبووڵکرام. دەر و دەروازەی ڕۆژگارێکی پڕ لە میحنەت و دژوارم لێ کرایەوە.

فکری لێ کەرەوە، کابرایەکی پێشمەرگە لە دونیایەکی پڕ لە خوێن و قین و عەرەق، برسێتیی ڕۆژگار ١٩٦٣زدا، لە ئاسماندا ئەستێرەمان نەبوو، کەچی دەمانوت: تا کوردستان ڕزگار نەبێت ڕیشمان ناتاشین!

ئەو دەم تازە بووبوومە خاوەن تەنکەڕیشێک، ئەوە زیاتر لە پەنجاوحەوت ساڵ گوزەراوە، یەشتا شەڕە قۆچ و ململانێی ناو حزبە کوردییەکان گەلێک لەوسا خراپترە.

پیرەمێردێکی وەک من ئەو ڕەفتارانە دەبینم ڕۆژ بە ڕۆژ بێ ئومێدتر دەبم، کوڕە ئەمە لە هیچ کوێی دونیادا نەبووە نائیبی کوردی پەرلەمانی عێراق داوا بکات یاسای هەرێم بەلاوە بنرێت و کوردستان بگەڕێتەوە سەر بەغدای عێراق.

لام وایە لە تاریخی جاشایەتی هیچ زرتەزەلامێکی بەگ و ئاغا و شێخی جاش سەفەتدا نەگەیوەتە ئەو پلەوپایەی ڕق و بوغز خۆ فرۆشتنەیدا. بەندە ئەوە پەنجاو حەوت ساڵە ڕیشم نەتاشیوە، بۆ خوا تەڵی ڕەشی تیا بەدی ناکرێت!

دەی با لەو خیانەتکارانە هەر نەبێت، لە ئێستادا بگوزەرێم و بێمەوە سەر میحنەتەکانی ناو کۆلیژی تەلارسازیم.

من لادێیم، تا مێردمنداڵیم هەر لە لادێدا ژیاوم و لەچوارتەنیشتی سیستەمێکی عەشایریدا گەورەبوومە و بەتەئکید لە دونیای هونەر و پەلوپووکانیەوە بەدوور بووم، بەڵام هەمیشە تەوح و مەیلم بە لای دونیای هونەرەوە بووە. لە کلاسی یەکی ناوەندیا لە شاری خانەقیندا پێشانگایەک بۆ قوتابیان کرایەوە بە تاکە کارێک بەشداریم کرد و ئەوە یەکەمین بوونم بووە لە دونیای هونەریدا. با ڕاستگۆ بم کارەکەم زۆر

سـەرەتایی بـوو، بەڵام مامۆسـتای شـێوەکاریەکەمان بـۆ دڵخۆشـی بەشداری پێ کرد.

بەڵێ، لە کۆلیژی هونەرەجوانەکاندا قبووڵ کرام، نواڕیم هیچ نازانم و دونیایەک لە کاروکردەوەی هاوپۆلەکانم بە دورم. هاوکلاسییەکم هەبوو بە ڕەگەز (لووڕ) بوو تا ڕادەیەک لە یەکەوە نزیک بووین، وتی: فلانی بۆ ناڕۆیتە لای مامۆستایانی دەرەوە ئەوان کلاسی تایبەتیان بوو شێوەکار و پەیکەرتاشین هەیە، پێم وایە بۆ تۆ زۆر سوودبەخشە. لەگەڵما هات و لە هەردوو کلاسی شێوەکاری و پەیکەرتاشیندا ناوم نووسی و دەستبەکار بووم. ئیدی لە بەیانییەوە تا دوو و سێی نیوەڕۆ لە کۆلیژ بووم، هەر کلاسێکی دوو کاتژمێر بوو، کە دەگەڕامەوە ئاپارتمانەکەم لە ماندوویێیدا وەک مەیتم لێ دەهات، دەستوپەنجەم نەرم بووبوو لە ماڵیشەوە هەر خەریک بووم.

وردە وردە کەوتبوومە ڕێ، بە تەق و لەق ساڵی یەکەمم گوزەراند، ساڵی دوو باشتر بووم، ساڵی سێیەم بە باشی کارەکانم دەڕواند، ساڵی چوار و پێنج ڕشتەی تەلارسازیم هەڵبژارد تا ساڵی سێهەم هەر سێ ڕشتەکە بە یەکەوە دەخوێندرا، چوارەم و پێنجەم تەنها تەلارسازی بوو.

دەی بە نمرەی باش ساڵی پێنجەمم تەواو کرد و ماجستێریش قبووڵ کرام و ئەویشم تەواو کرد و لەگەڵ برادەرێکی هاوپۆلمدا ئۆفیسێکی تەلارسازیمان کردەوە بۆ کاری ئازاد. دەتوانم بڵێم لە کاری ئازادا سەرکەوتوو بووم و تا هەرا و هۆریا و خۆپیشاندانی میللەتانی ئێران دەستی پێ کرد، منیش وەک خزمانم کەوتمە بەر شەپۆلی تووندوتیژی و تالان و بڕۆ. گەڕامەوە بۆ بەغدا و هەمان کاری

تەلارسازیم دەست پێ کردەوە، کەس منی نەدەناسی وەک تەلارساز و وەک  نووسەر لە هەر دوو ئەو دوو بوارەیدا تووشی گرفت هاتم.

وەک زانراوە پیشەی تەلارسازی کار و کردەوەیەکە زۆرتر لەگەڵ تویژی دەوڵەمەنداندا سەروکاری هەیە، یا کاروباری دەوڵەت. لەناو برێک لە دەوڵەمەنداندا جارێ دا بەڵێی نەخشەی ساختمانی و سەرپەرشتی ئەنجامدانی دەکەم بێ پارە وەرگرتن، بە مەرجێک لە جێگە و شوێن و قەبارەی زەوییەکە ڕازی بم.

ئەو جارەی دامبوو تا ڕادەیەک تەماحگیری دەوڵەمەندان بوو، چونکە برێک لە دەوڵەمەندان زۆر حەزیان لە کاروباری بەلاشە. لە ماوەی یەک ساڵ و نیودا چوار خانووی گەورە و زەلامم لە شەقامی دەرکەوتووی بەغدادا ئەنجام دا.

من خاوەنی داهێنانی سیستەمی ( دەبل ڤالیوم) و گوڵتە و پایەی نمای پێشەوەی ساختمانم لەسەرتاسەری عێراقدا لە پێش گەڕانەوەی بەندەدا بۆ عێراق ئەو جۆرە دیزایینە کەس لە عێراقدا نەیکردووە و شێوەی کاری تەلارسازیی بەندە سەرتاسەری بەغدای گرتەوە ئەوڕۆکە لە کۆلیژی تەلارسازی زانکۆی بەغدادا لە وانەکاندا ئاماژەی بۆ دەکەن.

دوای ئەو چوار خانووە، کە بەبێ پارە و بەرانبەر ئەنجامم دابوون، ئیتر ئەوەم ڕاگرت و بەپێی بەڵێننامە و دیاریکردنی بڕەپارەیەک کارم بۆ هیچ کەس نەکرد و بەو شێوەی ناوباوێکی تازە و نوێ و بەربڵاوم بەدەست هێنا، وەک وتم: کە گەڕامەوە نەبوومە کارمەندی دەوڵەت و لە هیچ پرۆژەیەکی دەوڵەتیشدا بەشداریم نەکردووە و تەنها بۆ ئەو و ئەمی (سڤیل) کارم کردووە. دوو خانوو نەبێت ئەویش ناچار کرام کە

ئەو کارەی بکەم بەو شێوە ساڵێکم گوزەراند، ڕۆژێک لە ئۆفیسەکەمدا سەرگەرمی کار بووم کابرایەک هاتە لام و وتی: من بەڕێوەبەری دائیرەی هەندەسی دیوانی سەرۆکایەتیم..

وتم: ئێ فەرموو بەخێر بێیت.

وتی: تەوجیهـ وایە تۆ بێی لەگەڵ ئێمەدا کار بکەیت...

وشەی (تەوجیهـ وایە) یانی ئەوە ئەمری سەدام حوسێنە و باوەڕ ناکەم هیچ کەس لە بەغدادا بژیایە و بیتوانیایە تەوجیهی سەدام حسێن نادیدە بگرێت، یان ئەنجام نەدات. من موهەندیسێکی تەلارسازی ئێواران بەلامەوە کاری دەکرد و بەیانیان لە دائیرەی هەندەسی دیوانی سەرۆکایەتیدا کاری تەلارسازی دەکرد. زۆر شتی ئەو دایەرە و دەخالەتی ڕاستەوخۆی سەدام حوسێنی بۆ باسکردبووم دەیوت: هەتاوەکوو لە دیزاینی پەنجەرەیشدا دەخالەتی دەکرد. لە وەڵامی بەڕێوەبەرەکەدا وتم: بەسەرچاو زۆرم لاخۆشە لەگەڵتاندا کار بکەم، بەڵام یەک مەرجم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر نەخشە و دیزاینێک ئەنجام بدەم هیچ کەس مافی دەستتێوەردانی تیادا نەبێت هەتاوەکوو تۆیش... ئەو نەیدەزانی من ئاگاداری دەستتێوەردانی سەدام حوسێنم، کە ئەمەم وت، وتی: باشە من هەفتەیەکی تر دەگەڕێمەوە لات، هەڵسا و ڕۆیشت.

ڕاستییەکەی ئەو هەفتەیە شەو خەوم لێ نەدەکەوت، بڕیارم دابوو لە بەغدا بۆی دەرچم نەبمە هاوکاری ئەو دەستە و دایەرەی، ئیدی کەوتبوومە جموجۆڵ و خۆکۆکردنەوە، هەفتە گوزەرا و کابرا هاتەوە، دڵ لە سینەمەدا ڕیتم و لێدانی تێکچووبوو، سەرەنجام کابرا هاتە قسە و

وتی: تەوجیهـ وایە جارێ هەر کار بۆ خۆت بکەیت و نەبیتە هاوکارمان، لە دڵەوە شایەتمانم هێنا و هەڵسا و ڕۆیشت.

تا هەڕووژانی دامودەزگای سەدام هەر بە کاری خۆمەوە سەرگەرم بووم. لەپێش هەڕووژاندا بە نهێنی سەری هەولێرم دا چەند کارێکیان پێ سپاردم، هەر دەبووا لە ڕۆژانی یەکەم و دووەمی هەڕووژاندا بمکردبایە، وە فیعلەن ئەو کارانەی برادەران پێیان سپاردبووم بە باشی ئەنجامم دان، ڕۆژگاری دیزاین و دروستکردن بەسەر چووبوو، تۆپ و مووشەک دەباری ، زۆر جێگە و شوێن دەهەڕووژا.

پەرلەمانی عێراق " کۆمەڵەی نیشتمانی" پێک هاتبوو، بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرابووم، بە دوای ئەودا مەجلیسی وەتەنی پێک هات و دیسانەوە بووم بە ئەندام. بەپەلە گەڕامەوە هەولێر سەرۆکوەزیران پێی ڕاگەیاندم هەرچی زووترە دیزانێک بۆ مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستان ئەنجام بدەم، لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی زۆر پەلەی لەو دیزاینە دەکرد و وتی:

تا هەفتەیەکی تر بۆم ئەنجام دەدەیت؟

لە وەڵامیدا وتم: ئەگەر فانۆسەکەی عەلائودینم لابێت لەو کاتەیدا مەحاڵە... داوای دوو مانگم کرد، ئەویش گوتی: ئەوە مەحاڵە!

سەرەنجام ماوەی بیست ڕۆژی پێدام. گرفتی گەورەم لەپێش دابوو هیچ یەک لە هاوکارانی ئۆفیسەکەم نەمدەزانی لە کوێن؟

کەوتمە کار، بە هەر فەلاکەتێک دیزاینەکەم ئەنجام دا و بەڵام مابووە سەر (ماکیتی) دیزاینەکە.. وەک زانراوە ماکیت دروستکردن کار و کردەوەیەکی تایبەتە و سەرەنجام بە هەزار فەلاکەت یەکێکم دۆزیەوە.

ئەو کارەم بەپێی دیزاینەکەم بۆ ئەنجام بدا. بۆ ئەو قۆناغە وا هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو. هەر باش بوو لە کاتی دابینکراودا نەخشە و دیزایینم گەیاندە هەولێر و ڕێورەسمی بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستان ڕاگەیاندرا، دوای سێ چوارمانگ دەست بەکارکردنی بووم. لە ڕۆژی ٨ی ٩ی ٢٠١٠دا وەک دەستەگوڵێکی تەلارسازی تەسلیمی دوادواییم بە دەوڵەت سپاردەوە. ئەو ڕووداوانەی لە ئەنجامی ئەو پڕۆژەیەدا دووچارم بووە و بۆیان دروست کردم (بە حەوت خوانەکەی ڕۆستەم دەژمێردرێت لە شانامەی فیردەوسیدا) جا ئەوەم کردووەتە کتاوێک ڕاشکاوانە سیستەمی فاشیلی کاربەدەستانی هەندەسیی بڕێک لە وەزارەتەکانم خستووەتە بەرچاو، بە تەئکید ئەو کتاوەیش بە چاپ دەگەینم.

دەگەڕێمەوە سەر پێش هەرووژان، لە هەر گەڕەکێکی دیاری و دەوڵەمەندنشینی بەغدایە یەکێک لە دیزایینەکانم بە بەرچاوەن.

بەندە بەپێی شێوەی کارکردنم هەر کارێکم کردووبێت لە مێژدا بیرم لە حاڵەتی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسە کردووەتەوە، ئەو بازرگانە، یان ئەفسەر، عەشایەرە، مامۆستای زانکۆیە، هەر توێژێک بوایە سەرەتا لەگەڵیدا دادەنیشتم، لە بڕێکیان داوام دەکرد تا خێزانەکەیشی لەگەڵیدا بەشداربووایە، بەپێی تەجرووبە بڕێک کارم نیوەتەواو بەجێهێڵابوو لەبەر تێوەقورتاندنی ژنی کابرا لە کار و دیزاینەکەمدا. سەرەتا ڕام گەیاندبوو نەخشەکە تا لەسەر کاغەزە قابیلی گۆڕین و لێداوانە، کە دەستم بە کارکردن دەکرد ئیمزام وەردەگرت، ئیدی لە کارەکەمدا هیچ جۆرە دەستتێوەردانێک ناکا بە تایبەت لە (هەیکەل)دا، ڕەنگ و کاشی و دەرگا و پەنجەرە و شووشە و جام و کارەبایات و زەمینەی ساختمانم

دەخستە سەر زەوقی ئەوان، جاروبار ڕەنگی وایان هەڵدەبژارد بە ئاوڕێکدا تەماشاکەری ئاڵۆز دەکرد.

ئیدی (منەمنەمات)ی دوای هەیکەل وەک جل لەبەرکردن وایە، دەکۆشام هەڵە زەقەکان بەلاوە بنێم جاروبار ناچاربووم ئیشەکەم بەجێهێڵاوە. دوو ڕووداوم بەسەر هاتووە لە کاروکردەوەی تەلارسازیدا بۆ گێڕانەوە دەشێت:

لە سەردەمی سەددامدا لە ئۆفیسەکەم دابووم بڕادەرێکم لەگەڵ کابرایەکدا هاتەژوورەوە تا ورد نەبوومە هاوڕێکەم نەناسی، دەرکەوت کابرا سەرۆکی (مەجلیسی وەتەنییە) یانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق. موشکیلەی ئەو کابرایە خانووی کردەوە و گەیشتووەتە هەیکەل کە لێی وردەبنەوە و دەنوارن بۆ ژیان ناشێن، یەک دوو تەلارسازی بردبووە سەری، نەیانتوانیوە چاکی بکەنەوە. بە ڕەزا و نارەزا ڕۆیشتمە سەر خانووەکە، ڕوانیم گەوەرێکە بۆخۆی.

جا لە ڕووی فەنییەوە گۆڕانکاری لە ئەنجامدانی دیزایینەوە سەختتر و پڕ لە گرفتترە دەبووا لەو هەیکەلەیدا زۆر دیواری دەور و ناوەوە بڕووخێت، بۆ ئەوەی کۆنکرێتی بنمیچەکە ڕاگیرێت دەبووا لە سیستەمی سوودم وەرگردبا، بە کابرام ڕاگەیاند دەمەوێ چی بکەم دەستم بە هەڕووژان کردبوو، ڕۆژێک خاوەن ماڵ هاتە دیتنی خانووەکەی، سێ چوار جل سەوزی لەگەڵدا بوو، با وژدانەوە بڵێم کابرای خاوەن ماڵ ڕێزێکی زۆری لە من دەگرت، من لەگەڵ خەلفە و کرێکارەکانیدا خەریک بووم، یەکێک لەو بەرگ سەوزانە لە دوورەوە نەڕاندی: وەرە بۆ ئێرە....

خاوەن ماڵ لەناو حەوشدا سەرگەمی دارودرەخت بوو، گوێم بە نەڕەی کابرا نەدا، نەخشەم بۆ خەلفەکە ڕۆشن دەکردەوە. دووبارە نەڕاندی (ولەک تەعال!) لەگەڵ تۆمە...

بەلای منەوە هیچی تیا نەمابوویە وردە وردە لێی نزیک بوومەوە وتی: لەوەدەچی گوێت کەڕ بێت.

لە وەڵامدا وتم: نا کەڕ نیم، لەوەدەچی تۆ کوێر بێت.

لەوە گوزەشتە بەو شێوە دەنەڕێنی خزمەتکاری باوکتم؟

وتی: چی؟

وتم: ئەوسا خۆ کەریشی، دەڵێم ئەدەبت بێت بزانە چۆن قسە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت. نەخشەکەم بەبەر چاویەوە پارەپارە کرد و یەکسەر لە ساختمان ڕۆیشتمە دەرەوە. لە دواییدا دەرکەوت ئەوی لەگەڵیا بەینمان تێکچوو تمەز پاریزەری کەربەلایە(موحافیز)، خاوەن ماڵ هەرچی کۆشا بگەڕێمەوە سەر کارەکەی چەندان کەسی ناسراو و دۆستی خۆشمی نارد هەر نەگەڕامەوە سەرکارەکەی تا برادەرێکی ئازیزم وتی: کاتژمێر حەوتی ئێوارە دێم بۆ ماڵتان...

کاتژمێر حەوت زیاتر لە بیست ئۆتۆمبێلی عەرەبی عەبا لە شان و کەسانی ناسراو هاتن بۆ ماڵمان، کە دانیشتین یەکێک لە عارەبە عەبا لە شانەکان وتی:

تۆ لەپێش ئەوەی تەلارساز بیت کوری عەشایەری، ئێمەیش عەشایەرین، کاکە ئێمە هاتووین بۆ (سولح)، سولحی عەشایەری، چی دەکەوێتە سەر ئێمە، ئامادەین.

ڕەئیس پەرلەمان (سەعدی مەهدی ساڵح) هاتە قسە و وتی: من هیچ ڕەفتارێکی ناشیاوم بەرانبەر تۆ نەکردووە، ئەوی تەجاوزی ڕەسمورەوالّی کردووە خەریک بووبێت نەمهێلاوە، منیش کەینوبەینی خۆم و ئەو کابرایەم بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە، دەرکەوت ئەو کابرا هەروا هیچپووچ و بە کەللەکەر ناسراوە، بەڵام تووشی بوو بە تووشی منەوە!

ئەوە شەش مانگ گوزەرابوو بەسەر تۆرانی مندا سەرئەنجام کارەکەم بۆ تەواو کرد و (ئەلهەق) شتێکی پڕ لە زەرافەتی تەرلارسازیم لێ وەدەرهێنابوو.

ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە ڕۆژێک یەک لە خزمەکانم وتی:

- لە موخابەراتەوە داوات دەکەن.
- من؟
- بەڵێ تۆ!
- خۆ من هیچم نەکردووە، ئەگەر دەزانی تووشم دەکەن با ڕاکەم.
- باوەڕ ناکەم بۆ تووش بوونت بێت.
- ئەی باشە منیان بۆ چییە؟
- نازانم تۆییان بۆ چییە، ئەوەندە دەزانم خراپەت لەگەڵ ناکەن.

ئەو خزمەم دەیزانی دیزاین و نەخشەی ساختمان بۆ بەرپرسان ناکەم، هیچی پێ نەوتم. تەنها وتی: ڕۆژی شەممە کاتژمێر هەشتی لای بەیانی برۆ بۆ پرسگەکەیان، چاوەڕوانتن.

دەی پێنج شەممە و جومعەکەم گەلێک سەخت لێ گوزەرا، پەیوەندی نامە و نامەکاریم لەگەڵ برێک لە بەرپرسانی شۆڕشدا هەبوو، ترسم لەو نامانە بوو، کەوتبنە دەستی موخابەڕات، ئەگینا منیان بۆچییە؟

کـاتژمێر هەشـتی بەیـانی لە پرسـگەدا ئامـادە بـووم و سـواری سەیارەیەکیان کردم و بردمیان بۆ ساختمانێک دیاربوو هـی بەرپرسێکی گەورەیە....

بردمیانە ژووریکەوە، دیاربوو ژووری سکرتێرە. کەمتر لە خولەکێک سکرتێرە کەوتە پێشـم و بـردمیە لای کـابرایەک، زۆر بەڕێـزەوە لەبەرم هەڵستا و لەپشتی مێزەکەیەوە وەدەرهات و وتی:

من سەرۆکی موخابەڕاتی عێراقیم، ئەو زانیارییەم لایە تۆ نەخشـە و دیـزایین بـۆ بەرپرسـانی دەوڵەت و حـزب ناکەیـت. داسـتانی خـانووەکەی (سەعدی مەهدی سالّح)یشم لایە، بەڵام یەک شتت پێ دەڵێم: باوەڕم پێ بکە من ئینسانی باشم و ئاگاداری تەبیعەت و هەڵسـان و دانیشـتنت هەم، هەتـاوەکوو پەیوەنـدی پـتەوت لەگەڵ ئودەبـای عێـراق و کوردیشـدا هەر هەمووی ئاگادارم.

تـا ئێـرە نـازانم بۆچی بـانگکراوم، بـانگکردن بۆ موخـابەراتی عێراقی کەی خێـری پێوەبـووە؟ بەڵام دڵخۆشـییەکم لە دڵـدا تۆزەکێـک هـاتەوە، ئەگەر بۆ پرس و جواب بوایە (تەحقیق) سەرۆک نایکا و زرتە زەلامەکان دەیکەن.

سـەرەنجام درکانـدی کە دەیەوێ نەخشـەی خـانووی بـۆ بکێشـم، دیسانەوە دووبارەی کردەوە کەوا پیاوی باشم!

بەهەرحـاڵ، ڕەزامەنـدیم دا و وتـم: بـا زەویەکەت ببیـنم، ئەگەر نەخشەکەشم تەواو کرد لام باشە ژنەکەیشت ببینێت.

هەیکەلەکەی بەتەواوی تەواو نەکرابوو، هەواڵی بڵاوبوویەوە کەوا مودیری موخابەراتی عێراقی جەڵتەی دڵی کردووە و مردووە، بەڵام دەنگۆ وابووە کە کوژراوە. لەبەر ئەوەی کابرا باوکی لە ژیاندا بوو، بەپێی یاسا بەشی دەکەوتە ماڵی کوڕەکەیەوە، تەلەفۆنی بۆ کردم کە منی هەڵبژاردووە حەکەمیەتی ئەو خانووەی وا من دیزاینم کردبوو، زۆرتر لایەنی ژنەکەم گرت، تا براکانی مردوو.

چەند ڕووداوی ترم تووش هاتووە شایانی نووسینەوەن، بەڵام نەک هەموویان، تا گەڕانەوەم بۆ وڵات ١٩٨٠ز نەبینرابووە کوردێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی ئەنجام بدات، نە بە کوردی نە بە عەرەبی. چەندان کۆڕم لەم ڕووەوە ئەنجام داوە. بڕێکیان داوایان لێ کردبووم، بڕێکیشان خۆم ڕێکم خستبوون. ئەوانە بە کوردی بوونە و خۆم داوام کردووە:

١-کۆڕێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا.

٢-کۆڕێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردیی لە بەغدا.

٣-کۆڕێک دەربارەی تەلارسازی لە شاری هەولێر. لەو کۆڕەیدا شەهیدی قەڵەم مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و مەلا شوکر مستەفا لە بەغداوە لەگەڵم هاتبوون.

٤-کۆڕێک بە عەرەبی دەربارەی مێژووی تەلارسازی لە کۆڕی زانیاریی عێراقی، ئەم کۆڕە لەسەر داوای سەرۆک کۆڕی زانیاری بوو. دوایی بە درێژی باسی دەکەم.

٥-کۆڕێک دەربارەی وەزعی تەلارسازی لە عێراقدا، هەروەها بنەماڵە مێژوویەکانی تەلارسازی لە کۆلیژی تەلارسازیی زانکۆی بەغدا.

بەندە چۆنیەتی ئەو دوو کۆڕە کە لە (کۆڕی زانیاری) و کۆلیژی تەلارسازیی زانکۆی یەغدا ئەنجامم داون، ڕووداوەکان دەگێڕمەوە.

من نە ئاگاداربووم، نەبۆیشی کۆشابووم کرابوومە ئەندامی کۆڕی زانیاری لە بەغدا. بەشی کوردی... لە ڕاستیدا زۆر لە نووسەرانی کورد ئاواتەخوازی ئەو جێگەیە بوون. ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەیان دیاری کردبوو، هیچ جۆرە زانیارییەکم دەربارەی تازە هاوەڵەکانم نەبوو، کەوا کێی تری هەڵبژێردراون... هیچ بەرهەمێکیانم نەخوێندبوویەوە، پێشم وا نییە ئەوانیش هیچ بەرهەمێکی منیان خوێندبێتەوە، بەهەرحاڵ، کە ڕۆیشتم بۆ کۆڕ ئەمانەی خوارەوەم بینی، ئەوانیش وەک من هەڵبژێردرابوون:

١- دکتۆر جوامێر - سەرۆکی کۆڕ.
٢- دکتۆر فواد حەمە خورشید- ئەندام.
٣- خوسرەوجاف- ئەندام.
٤- دکتۆر وریا- ئەندام.
٥- جەمال بابان ئەندام.
٦- د. زەنوون پیریادی ئەندام.
٧- د. عەلی تۆفیق ئەندام.

من و جەمال بابان نەبێت ئەوانی دیکە نرکەیان دەهات لەژێر قورسایی دکتۆراکەیاندا.

ڕاستت بوێت هەر لە یەکەم ڕۆژەوە بۆم دەرکەوت زەحمەتە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیدا بەردەوام بم.

یەکەمین کۆبوونەوەمان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عێراق "دکتۆر ناجح ڕاوی" ئەنجام دا.

کابرا پیرۆزبایی لێ کردین کەوا لە جێگەیەکی وا پیرۆزدا بووین بە ئەندام، ئیتر هاتە شان و باهۆی پێگەی کۆڕی زانیاریی عێراقدا. لەو کۆبوونەوە بۆم دەرکەوت ئێمەی ئەندامانی "کۆڕی زانیاریی کورد" جگە لە دکتۆر جوامێر کە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق و سەرۆکی زانیاریی کۆڕی کورد بوو، ئەندامی کارا نین، یانی ئێمە لە ئەندامە عەرەبەکان پێگەمان پاین تربووین...

ڕاستی لە کۆبوونەوەی دووهەمدا ئەوەم بۆ دەرکەوت، زۆری پێ نارەحەت بووم، بە دوای بەهانەیەکدا دەگەڕام تا واز لەو کۆڕەی بهێنم. ڕۆژ هات و چوو، دکتۆر جوامێر وتی: کۆبوونەوەی داهاتوو دکتۆر "ناجح ڕاوی"مان لەگەڵ دەبێت، بکۆشن ئامادەبن.

ئیدی دکتۆر هات و وەک ڕابردوو کەوتە تاریفکردنی پێگەی ئێمەی ئەندامان، نەمهێڵا وتەکانی تەواوکات و قسەکەیم بڕی و دکتۆر جوامێر هاتە نێوانەوە، بە حاڵەتێکی نەختێک تووڕەبوونەوە وتی: فلانی قسەکەی پێ مەبڕە!

وتم: دکتۆر جوامێر خۆ من قوتابیی تۆ نیم تا ڕووخسەتت لێ وەربگرم تا بڕۆم بۆ تەوالیت! ئینجا ڕووم کردە دکتۆر ناجیح و وتم: دکتۆر ئێمەی کوردی ئەندامانی کۆڕ بۆ وەک ئێوەی عەرەب ئەندامی کارا نین؟

کەوتە مینجەمینج و نەیدەویست بڵێیت ئەوە بەدەستی دیوانی سەرۆکایەتییە و ئێمە دەستەڵاتی ئەوەمان نییە، من ئەوەم دەزانی بەڵام

لەوێڕا دیوانی سەرۆکایەتی و دەوڵەت و دەستەڵات بەلای منەوە " دکتۆر ناجح" ڕاوی بوو. بۆیە وتم: دکتۆر باش گوێم لێ بگرە:

من بایەلۆژیەن لە تۆ جوانترم، لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە ئەگەر لە تۆ بالاتر نەبم نزمتر نیم، جا هیچ مایەی شانازیم نییە لەژێر ئەم بنمیچی کۆڕی زانیاریەیدا بەردەوام بم. لە پێشدا نامەی دەستلەکارکێشانەوەم نووسی بوو، هەستام نامەکەم دایێ و بێ خواحافیزی لە هۆڵەکە وەدەرچووم.

ئەمەی کە خوێندتەوە لەو ڕۆژەیدا – سەردەمی سەدام- هەر بە زمان ئاسانە.

زۆر کەس لەسەر زۆر لەوە کەمتریش بیست ساڵ زیندان و ئیعدامیش کرابوون. سوپاس بۆ خوا ئەو برادەرانە وا وەک من ئەندام بوون یەشتا ماون و ئەمە قسەی دوای مردن نییە. لەبەر ئەوەی لە مێژووی کۆڕی زانیارییدا کەس دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە. ڕۆژنامەی " الجمهوريه" کە زمانحاڵی دەوڵەت بوو، هات لەگەڵما دوا، منیش هەمان وتوویژم دووبارە کردەوە و بڵاویش بوویەوە بە مانشێتی:" یەکەمین کەس لە مێژووی کۆڕی زانیاریی عێراق دەست لە ئەندامبوونی ئەو کۆڕە دەکێشێتەوە".

من ئەو کارەم کرد بۆ پاراستنی مافی ڕەوای خۆم و ئەندامانی کۆڕ و پێگەی میللەتەکەم، کەچی یەکدوانێک کە بۆخۆیان خەت مایل بوون، لە برێک جێگەیدا وتبوویان کاک خوسرەوجاف تیژپەڕی کردووە و ئێمەیشی خستە مەترسییەکی گەورەوە. بێ ئەوەی لە خۆیان پرسی بێت کام مەترسی؟

تــۆ وەک (بــت) ورتەت لە دەمەوە بەدەر نەهــات، ئیــدی تــرس و تۆقیانت لە چی بووە؟

لەوە گوزەشتە، تۆ سەرشۆڕیت لا عەیب نییە و پێت دەکرێت، من سەرشۆڕی بۆخۆم و میللەتەکەم قەبووڵ ناکەم. وەک ئەوەی وا کردم و ڕۆژنامەکــانیش نووســیان و تــۆیش بتئاســا مــایتەوە، پــێم نــاڵێی کــام تیژڕەوی؟

بەهەرحــاڵ، شــەش مانــگ بەســەر دەســت کێشــانەوەم گوزەرابــوو، ڕۆژێک د. نــاجح ڕاوی تەلەفــۆنی بــۆ کــردم و وتــی: ئــێمە لامــان خۆشــە کۆڕێک دەربارەی تەلارسازی لە مەجمەعدا پێشکەیش بکەیت، داواکەم لا خــۆش بــوو، کــۆڕ لە مەجمەعــدا بۆخــۆی پــێگەی خــۆی هەبــوو، ئەوانەی لەوێڕا گوێگر بوون هەر هەمووان خاوەنی پێگە و جێگەی زانستی عێراق بوون و ناسراو و دیاربوون.

لە ڕۆژی دیــاریکراودا هــۆڵەکە پــڕ بــوو لەو جــۆرە کەســانە، لەو کۆڕەیدا بەندە لە دایکانەکانی مێژووی تەلارسازیی جیهان و عێراقیش دوام. باســەکەم تەواو کــرد و دەرگەی پرســیاریان کــردەوە، ســێهەمین کەس پرسیاری کرد و وتــی: مــن بــۆ پێنج جار بیستم وتت: قوتابخــانەی تەلارســازیی ئیســلامی و نەتــوت قوتابخــانەی تەلارســازی عەرەبــی ئیسلامی؟

من زانیم ئەو کابرایە بەو پرسیارە دەیەوێ بەرەو هەڵدێرگەم ببات، بــۆیە وتــم: داوای لــێ بــووردن دەکەم لام باشــە وەڵامــی ئەم پرســیارە نەدەمەوە.

کابرا پەنجەی بۆ درێژکردم و وتی: پێویستە وەڵامم بدەیتەوە.

وتم: مادەم كردتە پێویست وەڵامت نادەمەوە.

وتی: ئاخر تۆ شعوو‌بیت؟

تۆمەتی شعووبیەت لە سەردەمی سەدامدا کەم نەبوو، لە یەکم دایەوە کابرا دەستبەردار نییە، بۆیە وتم: دیارە تۆ زۆر سادەی، من نەک تەنها شعووبی بم، شیوعیشم. حەیف سونی مەزهەبم، حەزم دەکرد شیعەیش بامە.

دانیشتوان دایان لە شریخەی پێکەنین، بە دەنگی بەرز کابرا کەوتبووە تەنگەبەریەکی ناجۆرەوە دیسان هەڵسایە سەرپا و چەند بارەی کردەوە، کە شعووبیم!

د. ناجح ڕاوی هەلسایە سەرپا و وتی: من داوا لە مامۆستای کۆڕگێر و د. نەزار ئەلحەدیسی دەکەم لێرەوە ببڕنەوە، بە د. ناجحم گوت: لەبەر تۆ وەڵامی دەدەمەوە.

جا وەڵامەکەی بە پرسیارێک دەدەمەوە، ئایا قوتابخانەی تەلارسازیی ئیسلامی لە یەکەمین مزگەوتەوە دەستی پێ نەکراوە؟

کابرا بێدەنگ بوو.

وتم: دە گوێ بگرە، منی بە قەولی تۆ شعووبی، با بۆت ڕۆشن بکەمەوە.

بەڵێ مەدرەسەی تەلارسازی ئیسلامی لە یەکەمین مزگەوتەوە، دەستی پێ کردووە، دیوارەکەی قوڕ و خشتی گاڵ و سەرەکەشی سەعفی دارخورما بووە وەک سێوەر. لەو کاتەیدا دوو مەدرەسەی تەلارسازی گەورە هەبوونە، یەکەمین لە ڕۆژهەڵات مەدرەسەی

تەلارسازیی ساسانی، بڕۆیتە سەر بانی ئەم ساختمانە هەیوانی کیسرات لێ دیارە. لە ڕۆژئاواشەوە مەدرەسەی تەلارسازیی بێزەنتە، کە پۆپەی زەڕافەتی تەلارسازی بووە.

بنوارە (ئەیا سۆفیا) لە شاری ئەستەنبۆڵدا.

کابرا وتی: من دەڵێم تۆ شعووبیت، ڕاست دەکەم.

وتم: من تۆ ناناسم، بەڵام بەداخەوە گوێم لێ بوو کە دکتۆری، مایەی شەرمە لە بەرزترین جێگەی زانستیدا بەم شێوە تێدەفکریت.

باسەکەی من زانستییە و ئێرەیش من بە پۆپەی زانستی عێراقی دەزانم، ئەگەر من لێرەدا باسی حەقیقەتێکی زانستی نەکەم، ئەی لە کوێ باسی بکەم؟

سەرتاسەری دانیشتوان دایان لە چەپڵەڕێزان و زۆریش ستایشیان لە باسەکەم کرد.

دوایی زانیم ئەو کابرایە (د.نەزار ئەلحەدیسی) ڕاگری کۆلیژە ئەدەبییەکانە، نزیکەی نۆ کۆلیژی لەژێر دەست دایە. ئەگەر چەپڵەڕێزانەکەی دانیشتوان نەبووایە گرفتاریم بۆ دروست دەبوو.

داستانی کۆڕی کۆلیژی زانکۆی تەلارسازیی بەغدا شتێکی ترە، ئەویش بۆ گێڕانەوە دەشێت:

ناوباوی تەلارسازیم لە شاری بەغدادا دەنگی دابوویەوە، گەیشتبوومە سنووری پەنجەمۆری تایبەت، لە ئۆفیسەکەمدا خەریکی کاری خۆم بووم، شەش حەوت کوڕ و کچی قۆز و قیت هاتنە ژوورەوە و دانیشتن. یەکێکیان لە جیاتی هەموویان هاتە گفت و وتی:

ئـــێمە قوتـــابی ســـاڵانی دوایـــی کـــۆلیژی تەلارســـازین و قوتـــابی ماجستێریشمان تیادایە، بە نوێنەرایەتیی هاوەڵانی قوتابیانمان هاتووین، ئەگەر بکرێت ڕۆژێک دابین بکەیت تا ڕۆژێک لە کۆلیژەکەمان کۆڕێکمان دەربارەی تەلارسازی بۆ بگێڕیت، تا سوود لە تاقیکردنەوەت وەرگرین.

داواکارییەکەیانم پێ خـۆش بـوو، بەڵام مەوزووعەکە بەلامەوە بەو ئاسانییەی نەبوو، کە وا ئەو گەنجانە دەیان وت. لە وەڵامیاندا وتم: پێم خۆشـە ئـاوا کۆڕێـک لە کۆلیژەکەتانـدا بگـرم، بەڵام بەو شـێوەیەی ئێـوە دەیلێن ڕەنگە نەتوانم.

- باشە بۆ ناتوانی.
- ئاخر لە کۆلیژدا ڕاگر هەیە، مامۆستایانی تەلارسازی زۆری تیادایە، ڕەنگە ئەوان هەمان ڕاوبۆچوونی ئێوەیان نەبێ. من دڵتان ناشکێنم یەکەم ڕاگرەکەتـان تەلیفـۆنم بـۆ بکـات، دووهەم لەنـاو تەلارسـازانی بەغدایدا بۆچی هەر منتان هەڵبژاردووە؟

پرسـیارەکەم لە جـێگەی خۆیـدابوو، چەنـد دانەیەکیـان پێکەنـین و یەکێکیـان وتـی: ئـێمە لە خۆمـانەوە تۆمـان هەڵنەبـژاردووە، لە یەکێـک لە مامۆستاکانم لە کلاسدا بیستووە، کەوا تـۆ شـێوەی تەلارسـازیی عێراقت تێکداوە، کەچـی نەخشـەیەکی تەلارسـازی بـۆ یەکێـک کیشـاوە کتومـت لە کاری تۆ دەکات.

یەکێکـی تریـان وتـی: مـن لە مامۆسـتاکەم بیسـتووە، کە وتـی: مـن زەرەر و زیـانم بـۆ مێـروولەیەک نییـە، بەڵام ئامـادەم خوسـرەوجاف بکـوژم، شـێوەی تەلارسـازی جاهیلانە گۆڕیوە، کەچـی هەمـان مامۆسـتا دوای پێنج ساڵ لەو وتەیە، لە کاری تەلارسازیدا لاسایی تۆ دەکاتەوە!

- باشـە کەواتە دەتـانەوێ مـن ببەنە نـاو دوژمنێکـی ڕاسـتەقینە، ئەوەم بەلاوە گرنـگ نییـە، گرنـگ ئەوەیە ڕاگرەکەتـان یـان بە نـامە یـان بە

تەلیفـــۆن داوام لـــێ بکـــات ئەو دەم دێـــم، دوای دوو ڕۆژ کەســـێک تەلیفۆنی بۆ کردم، وتی:

من د.حوسـام ڕاویـم، ڕاگـری کـۆلیژی تەلارسـازی زانکـۆی بەغـدا داواکارم ڕۆژێک دابین کەی تا کۆڕێک لە کۆلیژەکەماندا ئەنجام بدەی بۆ مامۆستایانمان.

ناوی مامۆستاکان سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە وتم:

- ئەی قوتابییان؟
- وامان لاخۆشە تەنها بۆ مامۆستاکانمان بێت، هەر نەبێت لە ئێستادا.
- دکتۆر چ گرفتێکە تەنها بۆ مامۆستایان بێت، من وای بە چاک دەزانم کۆڕەکە بۆ قوتابیانیش بێت، هیچ زەرەر و زیانێک لەوەیدا نابینم.
- ئاخر ئێمە وامان لا چاکە!
- من ئەوەی نـاکەم ئەگەر قوتـابی و غەیـری قوتابییشـی تیـادا نەبێـت... خواحافیز.... خواحافیز.

بە سـبەینێدا چەنـد کەسـێک لەو قوتابییـانە هـاتنەوە و کەینـوبەینی نێـوان خـۆم و ڕاگـرەکەم بـۆ گێـڕانەوە و ئەوانـیش لە پێشـنیارەکەی ڕاگرەکەیان سەریان سووڕما!

دوای دوو ڕۆژی تر " ڕاگر" دووبارە تەلیفۆنی کرد و وتی:

بڕیارمانداوە کۆڕەکە بۆ هەمووان بێت، بەڵام من تکایەکم لێت هەیە، لە کۆڕەکەتدا مامۆستاکانمان مەخەرە تەنگەبەرییەوە.

لە وتەکەی سەرم سڕما، بۆیە وتم: من وەڵامی پرسیار دەدەمەوە، هەر پرسیارێکیش وەڵامی خۆی هەیە.

وتی: مامۆستا تۆ تەلارسازێکی مەیدانیت و لە شاری بەغدایدا کاری زۆرت ئەنجام داوە و بە بەرچاوەیە، مامۆستاکانی لای ئێمە تەلارسازیی

ئەکــادیمین، کــاروکردەوەی مەیــدانییان ئەنجــام نەداوە، بــۆیە دەڵــێم (ئیحراج)یان مەکە.

دەی ڕۆژی کۆڕ تەرخـان کـرا و هـۆڵەکە جـمەی لە خەڵـک دەهـات، چەند سەد کەسێکی تیادا بوو، قوتـابی و غەیرە قوتـابی، بۆ نموونە مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی و مەلا شەکووریش هاتبوون.

ڕاگر بۆخۆی منی بە دانیشتووان ناساند.

نزیکەی کاتژمێرێک دەربارەی مێژووی تەلارسـازی جیهان و شـێوە و شەمایلی کاروکردەوەی تەلارسازی لە بەغدایدا دوام.

دەرگەی لێدوان کـرایەوە، مەلا شـەکور جۆرێـک لە تەلارسـازی دوا، هیچ تەلارسازێکی خەبیری پیا نەدەگیشت.

شـیرینی ئیحسـان شـێرزاد لە کۆلیژدا مامۆسـتا بـوو، هەڵسا و وتـی: ئێمەی مامۆستایان جاروبار دەربارەی شـێوەکاری خوسـرەوجاف باس دەکەیـن و ناومـان نـاوە "گـاودی عێـراق"، مامۆسـتایەکی تـری زانکـۆ پێشنیاری کرد هەفتەی وانەیەک لە کۆلیژدا دانرێت و خوسـرەوجاف تـا دەربارەی گیروگرفتی کاری مەیدانی و شێوەکاریی خۆی بدوێ.

قوتابییـان چەنـد پرسـیارێکیان کـرد، ڕاسـتت دەوێ خـۆم دانـابوو مامۆستاکان ڕەخنەی زۆرم لێ بگرن، نەیان کرد، بێدەنگ وەک تەڵەبەی تەنبەڵ هەر گوێگربوون.

هەر لەو کـۆڕە باسـێکی خۆشـی خـۆم بـۆ ئامـادەبووان گێـڕایەوە و گوتم:

من لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان کە ڕشتەی تەلارسازیم تەواو کرد، سەیرم کرد لەبارەی کاروباری مەیدانییەوە هیچ نـازانم، ئەوی فێربـوومە کـۆمەڵە تیـۆرێکی نـاو کـۆلیژە و بەس... دوو کـارم خسـتبووە بەر خـۆم

دەبوا بمکردبا، یەکەمیان گیروگرفتی نێو کرێکاران و وەستایی بینام دەبوو بمزانیبا. دووهەمیان بەلای ئەندازیارێکی لێزان و خاوەن تاقیکردنەوە دەست بەکار بم...

یەکەمیان ئاسان بوو، جلوبەرگی کرێکارانم لەبەر کرد و گەلێک لە کرێکاران زووتر خۆم گەیاندە مەیدانی کرێکاران و وەستای بینا... لەوێرا کابرایەک هەر تێی دەنواڕیم، ئەودەم بازوولە ئەستوور و ناوشان پان و لە ئێستا بالابەرزتر بووم، کابرا وردە وردە لێم نزیک بوویەوە و وتی: چ کارەی؟

وتم: کرێکارم.

وتی: کرێکارێت کردووە؟

وتم: نەخێر، نەدارم و ناچارم کرێکاری بکەم.

وتی: من وەستا حیشمەتم... وەرە لای من دەست بەکار بە.

زۆری نەکێشا کرێکارەکانی کەی کۆبوونەوە و بە پیکابە شەق و شیرەکەی بەڕێکەوتین بۆ سەر ئیش.

وەستا بۆخۆی لێی دەخوڕی و یاریدەدەرەکەی و کرێکارێکی تر لەپێشەوە سواربووبوون و ئێمەی پێنج کرێکاری تر لە دوای پیکابەوە پاوپلمان بەسەر بێڵ و قازمە و قولنگە و سەتڵ و پێداویستییەکانی کارکردنەوە بوو... لەبیرمە بەرەبەیانێکی ساردی بەفراوی، کزە باکە ئاوی کەپوومی بەردا بوو... گەیشتینە سەر کار و ساختمانێک. بەپێی نەخشە پشتووێنەیەک بە کەرپووچ بەرز کرابوویەوە، لەبەر بەهێزی و چوارشانە بوونم، ئەرکی هێنانی عەرەبانەی گیراوەی چیمەنتۆیان بە من سپارد تا لەلای ئەوەی چیمەنتۆ دەگرێتەوە بە عارەبانە بیگەیەنمە لای

یاردەدەری وەستا، بۆخۆی دوو عارەبانە بوو، ئەوی لای وەستام جێ دەهێڵا ئەویتریان بەلای تێکەڵەگەرەوە بۆ خەپتە بە دووسێ قۆناغ دەگەیشتە بەر دەستی وەستا، بە وردی ئەندازەی چیمەنتۆ و قوم و ئاو و چۆنیەتی گرتنەوەکە فێربووم، تا ڕۆژێک بە وەستا حیشمەتم گوت: من بەچاکی دەتوانم (خەپتە) بگرمەوە.

هەر هەمان پارەی کرێکارێکی ڕووتم بدەرێ (پارەی خەپتەگر) ئەوەندە و نیوی کرێکارێکی سفری وەردەگرت. سەرەنجام جێگەی خەپتەگرم گرتەوە- نەدەبوو ئەو کارەم کردبا، بەڵام کردم- یەک دوو هەفتیەک ئەو کارەم کرد، تەماحم کردبووە ئەوەی کەرپووچی دەدا بە بەدەستی وەستاوە (کەرپووچدەر) وەستا ڕەزامەندی دا تا کەرپووچ بدەم بەدەستیەوە تا ئەوەی دەستم دەگەیشتە پێش دەستی وەستا، کێشەم نەبوو تا دیوار بەرزبوویەوە، دەبووا کەرپووچەکە هەڵدەم بۆ پێش وەستا، ئەو سەیری خوارەوەی نەدەکرد، دەبووا کەرپووچ بە ئەندازەیەک هەڵدرێ نە کورت بکا و نەسەر.

لەبیرم دێ یەکەم جار کەرپووچم هەڵدا دام بە ناوشانی وەستادا، بە جنێودانی فرەپیس و ناجۆر بۆم هاتە خوارەوە کە مشتەماڵەیەکی سراوەندە بندەستمدا یەشتا ژانەکەیم لەبیرە، کە وەستا ساردبوویەوە باش بوو دەری نەکردم (من کرێکارێکی بەهێز و دڵسۆز بووم)... دووبارە سەرکەوتەوە و نەڕاندی: بیهاوێژە بۆ پێشم. دووسێ جار تاقیمی کردەوە و ئیدی فێربووم. سەرجەم چل ڕۆژ لەو کارەیەدا بەردەوام بووم، بەوەستام وت: ئیدی کاری کرێکاری ناکەم، بەڵام دەمەوێ شەوی جومعە داوەتتان بکەم، جێگە و شوێنی ڕێستۆرانتەکەم دایە وەستا و سەرجەم هاوەڵە کرێکارەکانیشم داوەت کرد، وەستا هەروا

سەرسامانە تێی دەنواڕیم ئیدی کە هاتن و منیان بە جلوبەرگێکی ترەوە دی ئەویش لە ڕێستۆرانتێکی گرانقیمەت و بەناوبانگدا .

وەستا حیشمەت وتی: بە کرێکارەکانم وت ئێمە هەڵەهاتووین و حوسەین گاڵتەی پێ کردووین، تا لەپشتی جامەکەوە ڕوخسارتم نەدی نەمویرا بێمە ژوورەوە، ئەتۆ پێم ناڵێی تۆ چیت و کێیت؟

منیش بەدەم پێکەنینەوە وتم: من هەمان حوسەینی کرێکارم و تۆیش وەستامی... وەستا حیشمەت وتی: کەر خۆتی، دەتەوێ باوەڕ بکەم و بمخەڵەتێنی؟ بەدرێژی بۆم گێڕایەوە، کە بۆچی کرێکاریم کردووە.

ئیدی مێژووی تەلارسازی چ لە جیهاندا چ لە عێراقدا بەدرێژایی باسم لێ کرد، وەک باسم کرد زۆرتر هەر قوتابییان و خەڵکەکە پرسیاریان کرد، مامۆستاکان وەک بتی (هۆبەل) بێدەنگ بوون.

بیرمە شیرین ئیحسان شێرزاد دەربارەی (شەناشیل) پرسیاری لێ کردم، لە وەڵامدا وتم: شێوەی شەناشیل زۆرتر لە دار دروست کراوە، وڵاتی عێراق کەرەستەی داری نەبووە، ئەوەی دەیبینی لە هیندستانەوە هێنراوە، لەوە گوزەشتە ئەگەر (ئەسالەتی) هەبووایە لە دیزاینە مۆدێرنەکاندا لەو شێوە تەلارسازانە کاریان دەکرد، من یەک کاری تازەم لەم بابەتە لە سەرتاسەری بەغدا نەدیوە.

یەکێک پرسی ڕای خوسرەو جاف دەربارەی شێوەی تەلارسازیی عێراق چییە؟

لە وەڵامدا وتم: لە عێراقدا شێوەیەکی تایبەتمەندی تەلارسازی ئەمڕۆ لە دونیادا نەناسراوە، بۆ نموونە ئەگەر لێزانێکی مۆزیک و ئاهەنگی سویدی یا بەریتانی گوێی لە گۆرانی و عەتابەی خوارەوەی عێراق

بگرتایە، یەکسەر دەیزانی  ئەمە هی عێراقییە. دەبا ساختمانێک هەڵبژێرین نیشانی تەلارسازێکی ئوسترالیای یان ژاپۆنی بدەین، ئایا نازانی ئەمە عێراقییە؟ ئەگەر شێوەیی برە خانوویەک کە جاران لە بەغدا دروست کراون ئەوە بە شێوەی ساختمانی ژینگەیی دەژمێردێت، نەک شێوەی تێکڕای تەلارسازیی عێراقی، کە ئامێری فێنککەرەوە و گەرمکەرەوە داهات، هیچ تەلارسازێک لەو بابەتە دیزاینانەی ئەنجام نەداوە، جا با واقیعیانە بنوارینە لێدوانەکەیدا، شێوەی تەلارسازیی ئیسلامی موڵکی تەواوی میللەتە.

لەم کۆڕەیدا بابەتی زۆر سەرپۆشدار هەڵدارایەوە، لەو ڕۆژگارە پڕ لە توونددوتیژیەی ساڵی ١٩٨٥ ئەو جۆرە بۆچوونانە بۆنی خوێنی لێ دەهات.

زۆر شتی تریش هەبوون نەمدەتوانی لەو ڕۆژگارەدا لێی بدووم، ئەگەرچی هەقیقەت بوون، هەقیقەت وتن لەو ڕۆژگارانەیدا مایەی دەردەسەری بوو، هەر ئەوەندەم پێ دەکرا لە ترسا ناهەق نەڵێم و درۆ نەکەم.

یەکێک لە دانیشتوان نەختێک دەماری ڕەگەزایەتی هەڵسابوو، توورەیی بە دەنگیدا دیاربوو، وتی: چۆن ئێمەی عێراقی تەلارسازیمان نییە، بۆچی جەنابت حەزارەتی سۆمەر و ئەکەد و بابل و ئاشووریت لەبیرچووە، ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەین، کە پێی دەڵێین (عێراق) ئێمە خاوەنی ئەو حەزارەتەین بەتەواوی کاروکردەوەیانەوە.

ڕاستت بوێت نەمویرا وەک هەقیقەتی مێژوویی وەڵامی بدەمەوە و بڵێم بەپێی مێژووی تۆی عارەب فڕت بەسەر ئەو میللەتە جوانانەوە نییە

و ئێوە لە دوای ئیسلامدا هاتوونەتە ناو عێراق و فەتح و غەزەواتتان کردووە و نیشتەجێ بوونە... خۆ ئەوەم بوتایە نە دەگەیشتمە سبەینێ، هەر ئەو شەوە هەڵدەواسرام، چونکە دروشمی لە نەبوخوزنوسرەوە تا سەدام حوسێنم دەخستە درۆوە، ئەوەیش نەیاندەخستە سەبینێ و هەر ئەو شەوە هەڵدەواسرام.

لە وەڵامدا وتم: جا تۆ بۆ وا دوور دەڕۆییت، من کوردم و دەگەڕێمەوە سەر قەومی (ماد) کە خاوەنی تەلارسازیی تۆکمە بوونە، ئێستا ئێمەی کورد هیچ جۆرە تەلارسازییەکمان نییە، وا چاکە بە ڕابردوومانـدا نەنازین، ئێمە لە سەدەی بیستەمدا دەژین، وا باشە واقیعیانە فکر بکەینەوە و بۆ ئەمڕۆمان بکۆشین، بۆ بەدەستهێنانی فەرهەنگێکی تێگەیشتووتر و پێگەیشتووتر.

بەو شێوە لە بێشەی شێرا، لە هەوارگەی تەلارسازانی عێراقدا، لە کۆلێژی تەلارسازیدا ئەو کۆڕەم سەرکەوتووانە ئەنجام دا و زۆربەی زۆری مامۆستاکانیش پیرۆزباییان لێ کردم.

بەڵێ، باسەکەم دەربارەی تەلارسازییە، بەڵام تەلارسازی پەیوەندە بە هەقیقەتێکی مێژووییەوە. زۆر لەو شتانە لەگەڵ واقیعدا نە دەگونجا، نەشت دەتوانی ئەو هەموو هەڵە و درۆیە ڕاستکەیتەوە، بە نموونە وشەی (العراق العظیم).

لە دوای هەڕووژانی دامودەگای سەددام بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق هەڵبژاردرام، کابرایەک هەستا و لەناو پەرلەماندا هەمان تیۆری سەردەمی سەدامی کردە باسەکەی (ئێمە میللەتی فەرهەنگەکانین، ئێمە کوڕی وڵاتێکین پێی دەڵێن عێراقی عەزیم) بە ئالۆزییەوە لێی هەڵستام و

گـوتم:" خـۆ ئـاش هەمـان ئاشـە! ئەمەی ئەو بـرادەرە وتـی، سـەددام حوسـێنیش هەروای دەوت. ئەرێ کەی ئـێمە وەک خـۆی بنـوارینە حەقیقەتدا، کام عەزیم؟ دەوڵەتـی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٠ دروست بووە. تـۆ هـیچ پەیوەنـدیت بەو مـیللەتە لەنـاوچووانەوە نیـیە، ئیـدی بەسـە تووڕەهات وتن.

بۆ شانازی بە ئەمەوی و عەباسییەکانەوە ناکەیت؟ یەک لە ملیۆن چ پەیوەندیەکت لەگەڵ سۆمەر و ئەکەد و ئەوانی تردا هەیە، باشە بۆ نـاڵێی (لەنبوخوزنوسرەوە تا جەنابت؟) وا بڕوات ئەم وڵاتە ئاساییش بەخۆیەوە نابینێت.

هەر لەو کـۆڕەدا باسـم لە تەلارسـازیی (ژینگەیـی) کـرد، دەربـارەی ئەسـتووری دیوارەکـانی پەنـجەرە باریـک درێژەکـانی، کە چـۆن هەتـاو ڕاستەوخۆ نایگرێت، دەربارەی بـادگیر و حەوشـی ناوەڕاسـت و تـارمەی ناوەندی و مەدخەلی سەر داپۆشـراوی ڕوو بە دەرگای سـەرەکیی سـەر شەقام، هەروەها سارداو.

لە بیـرمە لە سـاڵی پێنجەمـی کـۆلیژ بـووم، گەشـتێکمان بـۆ شـاری (کاشـان) ڕێـک خسـت، ئەو شـارە پـڕە لە زەرافەتـی تەلارسـازی و ڕازاندنەوەی تایبەت بەخۆی. ئیـدی بـادگیری جۆراوجۆر، ئاجوورکاریی پڕ لە زەرافەت و فۆرمی هەندەسیی وەک نمای دەرەوە، موقەرنەسکاری دەرگای داری بزمار، ڕیژەی گوبکەدار، موحەجەرەی ئاسنی ئاسنگەری و شـکڵ و وێنەی سـەدان فـۆرمی هەندەسـیی لە ئاسـن و شـیش هەر بە ئـاگر و چەکـووش دەرهێنـراو، پەرچـدانەوەی پـڕ لە زەرافەتـی هـونەری زەوی حەوشـەیان بە کەرپـووچ (تـابووق). سـەدان فـۆرمی هەندەسـییان تیـادا خولقانـدووە، حەوز و فەوارەی ناوەڕاسـت و چوارتەنیشتی حەوز

بە کاشـی لوعـابی، زۆرتـر شـین و ئاسـمانی ڕازاوە، بەشـی هـەرە زۆری ئەو خـانووانەی، کە لە مێـژوودا دروسـت کرابـوون، هـەر وەک خۆیـان پارێزراون، ئیدی پەنجەرەکان شووشـەی ڕەنگی داری پەنجەرەکان لەناو موعەڕەقکـاری کـورەی پـڕ لە زەرافەتـی ڕوونەخشـاو بە دولای دەمـی کـورەکەوە، گوڵدەسـتەی هـونەری بەسـەر کەمەی سـەرەوەی کـوورەوە (لالە)ی کۆنەسـاڵی شـین و گـوڵی وبلـووری و لە تاقەکانـدا. مەسـینەی زیوین و مسی لە سووچەکاندا، موقەڕنەسی ڕەنگاوڕەنگ و ئاوێتەکاری، ئیتر دونیایەک لە وردەکاری و ڕازاندنەوە.

نـزیکەی لە پەنجـا سـاڵ زۆرتـرە، یەشـتا وردەکـاری ئەو خـانووانەم لەبەرچـاون. سـارداوی ئەو خـانووانە ١٦پـلە دەڕۆیـتە خـوارەوە لەگەڵ سـەرەوەیدا نـزیکەی پێـنج پـلەی فێنـک تەڕبـووە. بـایەکی فێنـک لە بادگیرەکـانی سـەرەوە دەهـاتە نـاو سـارداوەکەوە. بـۆ نمـوونە بـا دوور نەڕۆیـن (قەڵای شـێروانە)ی بـاپیرم لە چـوار لاوە چـوار قـولەی تاقداری تیـادایە، ئەوانە لە هەقیقەتـدا (بـادگیرن) لە هەرکوێـوە بـا هەڵیکردبـا، لەو تاقانەوە دەهاتنە ناو ژوورەکانەوە.

لەبیرمە منداڵ بووم، بەناو لوولەی گڵی سوورکراودا کە لە چەند لاوە شـکابوون دەڕۆیشـتمە نـاو قولەکـانەوە، کەچـی برێـک لە (حەکیم و بەنـاو لێزان) ئەو دەوروزەمـانە ئەو چـوار قولەیان بە جێگەی دیدەبانی داناوە، تا لەم دواییانەدا هەستیان بە هەڵەی خۆیان کردووە.

هەروەهـا ئەوەیـش جـێگەی سەرسـوڕمانە برادەرانـی تەلارسـازیی عێراقی ئەوەندە باسیان لە شێوەی خانووی بەغداییان کردووە بە هیچ جۆرێـک باسـیان لە خانووەکـانی قـەڵای هەولێـر نەکـردووە، کە لەبـاری زەرافەتەوە زۆر لە خانووی بەغدادی پڕ لە زەرافەتترن.


خاڵێکی تر هەیە ناتوانم لێی بگوزەرێم، هەرچی تاوان هەیە و کراوە، یەخەی خۆمان دە تەکێنین و دەیخەینە سەر دەوروبەرمان. ئەی خۆمان چی؟

لە مادەوە تا بە ئێستا دوو هەزار و شەش سەد ساڵە ئێمەی کورد بێ دەوڵەتین و حاشیەنشین.. باشە ئەوە ٥٠٠ساڵ تاوانی فارس بووە، ٥٠٠ ساڵ بۆ تورک ٥٠٠ساڵ بۆ عارەب، خۆ نزیکەی هەزار ساڵ دەمێنێتەوە، خەتای دایکمە؟ لەو ماوە دوورودرێژە نەبووینەتە دەوڵەت؟ جاران تاوانەکە دەخرایە سەر شێخ و بەگ و خان و تەکەیە و خانەقا، خۆ برادەرانی سیاسەتی ئەورۆ زۆربەیان پەیڕەوی مارکسیەت بوونە (چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت؟) بە جیاوازییەک ئێستای ئێمە لە سەدەی بیست و یەکمدا دەژین، سەرەدەمی زانست و تەکنۆلۆژی هەر بۆ دوێنێ بوو نیوەی کوردستان موفت و خۆڕایی بەخشرایە حکوومەتی بەغدا.

## ئێمەی کورد میعماریمان نییە!

بەداخەوە مێژوونووسی کورد یەشتا نەیانتوانیوە بیسەلمێنن، کە ئێمەی کورد دەگەڕێینەوە سەر مادەکان، بەڵگە زۆر بەدەستەوەیە لێرە و لەوێ پەخش و بڵاون، جێگەی داخە کۆلیژەکانی مێژووناسین گرنگییەکی ئەوتۆیان نەداوەتە ئەو بابەتە. دەپرسم چەند نامەی ماجستێر و دکتۆرا لەم ڕووەوە نووسراون؟

من وەک تەلارسازێک کاتێک لە بنچینە و سەرەتاکانی دونیای تەلارسازی بدوم، ناچارم بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکانی مێژوو، ئێمەیش وەک گەلانی تر خاوەنی مێژووی خۆمانین، نە دۆمەلانین و نە پەتاتە، ڕیشوومان لە خاکەکەماندا چەسپاوە، هەزاران ساڵە لەم سەرزەویەدا دەژین.



برێک لە مێژوونووس و گەڕیدە بیانییەکان لە مێژوونووسانی لای خۆمان باشتر دواون، جوانتر پەنجەیان خستووەتە سەر خاڵە گرنگەکان. ئەگەر مادەکان فارس بووانە لە جەژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی ئێراندا دوور نەدەخرانەوە، بێگومان مادەکان توورکیش نەبوونە، پێنج سەد ساڵ ژێردەستەی ئاشوورییەکان بوونە، دوای ئەو ماوە دوورودرێژە هۆزەکانی ماد توانیویانە یەکبگرن و سەرەتا کۆنفدرالییەک پێک بهێنن، باج بدەی ساڵانەی ئاشوورییەکان بن، سەرەنجام پەلاماری نەینەوایان داوە و بە هاوکاریی بابلییەکان توانییان ڕیشووی دەستەڵاتی ئاشووری لەبن وەدەربهێنن.

هێندە قین و ڕقی پێنج سەد ساڵەی ئاشوورییەکانیان لە دڵ دابوو، شاری نەینەوایان سووتاند و هەڕووژاند و کردیانە تەپۆڵگەیەک. ئەوی لەو شارەدا زیندوو بووە بە ئاژیڵەکانیشەوە کوشتوویانە، لەدوای ئەو سەرکەوتنە دەستەڵاتی واقیعیانە و مەرجەکانی ژیان و زیندەگی لەناو (ماد)کاندا دەستی پێ کردووە. پایتەختیان دروستکردووە بەناوی (ئکباتانا)ی شاری هەمەدانی ئێستا. ئەمەی خوێندتەوە مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی (هیرۆدوت) نووسیویەتی. بەخۆیشی شاری ئکپاتانەی دیوە و لەو ڕووەوە دەڵێت: حەوت شوورەی جۆراوجۆری دەوری شاری داوە، شوورەی سەرەکی دەوری شارە بەرز و بوڵەند و لە چوار لاوە چوار دەروازەی بەرز و بوڵندی بۆ دانراوە، یانی شوورەی دەرەوە، دوو سوار لە تەنیشت یەکدا بە سەریدا دەگوزەرێ هەر دوو سەت هەنگاو قوللەیەکی چاودێری بەسەر دیوارەوە دەبینرێت بۆ چاودێری، کە لە دەروازە دەڕۆیشتە ناو شارەوە نزیکەی دوو سەت هەنگاو دیوارێکی تر بە ڕەنگێکی تر دروست کراوە، لەنێوان ئەو دوو

شـــوورەیدا چەنـــدان گالیســـکەی جەنگـــی بە ئاســـانی دەگـــوزەرێ و بەو شێوەی حەوت شوورەی بەرز و بوڵند بە دەوری شادایە کۆشکی شا لە چەقی شارە و ساختمانی دەوڵەت و دەستەڵات بە دەوری کۆشکی شادا دروست کراون، لە دەروازە سـەرەکییەکانەوە کە لە چوار لاوەیە، چوار شەقام تا دەوروبەری کۆشکی شادا بازنە ئاسا دروست کراون.

ئەوی سەرنجی ڕاکێشاوم ئەو حەوت شوورەی دەوری شارە، هەر یەکەو ڕەنگـــێکن، کۆشـــکی شـــاە شـــێوەی تەلارســـازییەکەی زۆرتـــر لە شێوەی تەلارسازیی ئاشوورییەکانە بە جیاوازییەکی کەم لە یەک جوێ دەکرێنەوە، ئەوە (هیرۆدوت) بەو شێوە باسی شاری ئکپاتانەی دەکات.

دەســـتەڵاتی مـــاد بە دەوروبەری خۆیـــدا پەلـــی کوتـــاوە، پەلامـــاری دەستەڵاتی (لیدیا)ی داوە، کە لە توورکیای ئێستادا حوکمڕانییان کردووە، شەڕی نێوانیان پێنج ساڵی کێشاوە تا ڕۆژێک خۆر دەگیرێ و تاریک دادێ و هەردوولا ئەو خۆرگیرانە بە نیشانەی ناڕازیبوونی پەروەردگار دەزانن و بە نێوانگریی شای بابل ژن و ژنخوازی ئاشتەوایی دەکەوێتە نێوانیانەوە.

دەســـتەڵاتی مـــاد ســـەدوپەنجا ســـاڵی کێشـــاوە، تـــا لە لایەن کۆرشـــی هەخامنشـــیەوە بە کودەتـــایەکی ناپاکـــانەی نێـــوان کـــورش و هارپـــاکی فەرماندەی سوپای ماد کورش ئکپاتانا دەگرێ و ئەژدیهاکی شای ماد دەستبەسەر دەکەن و دوای دووسێ مانگ ژەهرچێژ دەکرێت و کۆرش دەبێتە کۆرشە بەناوبانگەکە.

لە ئاسەواری مادەکان شتێکی وا نەماوەتەوە، تەنها لە (کەنگاوەر) کە لەنێوان شاری هەمەدان و کرمانشان دایە، پەرستگای (ئاناهیتا) ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

لە کوردستانی باشووردا لە ئەشکەوتی (قیزقابان)دا ئاسەوارێک بە سنگی شاخەکەوەیە، زۆرتر لە جێگەی گۆڕ دەچێت.

لێرە و لەوێ چەندان گوڵتەی زلزەلامی بەردین نووسراویان لەسەرە، ئەوانەیش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی مادەکان. بە ئاشکرا کارناس و چاوساغەکانی محەمەد ڕەزا شا هیچ گرنگییەکی ئەوتۆیان بە ئاسەواری مادەکانەوە نەداوە و دراوەتە دەست فەرامۆشی. ئیدی لەو کاتەوە تا بە ئێستا ئێمەی کورد هەمیشە حاشیەنیشین بووینە و پەیڕەوی دەستەڵاتی ڕەگەزەکانی تر. ڕاستی ئەمە مایەی سەرسڕمانە ئەو هەموو ماوە دووروودرێژە بۆ ئێمەی کورد لە دەستەڵاتی خۆمانەوە بە دوورین؟

ئەوە لەعنەتی زەمانە؟ جادووە، تەلیسمە؟ یان عیللەتی سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێمەی کورد؟

باشە سەد ساڵ، پێنج سەد ساڵ، هەزار ساڵ، کورە ئەوە دوو هەزار و حەوت سەت ساڵە ئێمە لەسەربەخۆیی خۆمانەوە بەدوورین، گرفتەکە لە کوێ دایە؟

ئێمەی کورد یەخەی خۆمان دەتەکێنین و دەیخەینە سەر خەڵکی جەببار و داگیرکەری دەورمان و پەلامارەکانی ڕەگەزە جیهانگیرەکان.

باشە برا! ئەوە ئێستا هەزارەی سێهەمە کاروبار و شەقام بەڕێوەبردن و هاودەم و چاوساغی ئێمەی کورد ئەو حزبانەیە وا لە

ساحەکەدان. بڕێکیان چەپگەرا و پەیڕەوی تیۆری مارکسیەتن، بڕێکیان خۆیان بە دیموکرات دەزانن، بڕێکی تریان بە ئیسلامی. بە ژمارە ئەوەندە هەڵگری بەڵگەنامەی (دوکتۆرا) لە کوردستاندا هەن، لە وڵاتی چین دا نییە کە یەک ملیارد و حەوسەد ملیۆن بەشەرن لە بەریتانیا و ئەمریکاشدا ئەو ژمارەنین، باشە بۆ ئەوە وەزعمانە، من ناگەڕێمەوە بۆ لەعنەت و کاریسەی براکوژی، ئەم وەزعە لە کوردستاندا بەردەوامە؟

کوڕە لە کوێی دونیادا هەبووە نوێنەری پەرلەمانی میللەتێک داوا لە نەیارانی گەلی کورد بکات، دەستەڵاتی هەرێم نەمێنێ، مووچەی کورد ببڕدرێت، کام جاش زەرەر و زیانی بە قەدەر ئەو نوێنەرە لەعنەتیانە هەبووە، ئەوە وەزعە لەنێوان یەکێتی و پارتی و حزبە بە حیساب ئیسلامییەکاندا بەردەوامە؟

کەواتە چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت و جێگەی سەرسامی نییە، دوو هەزار و حەوت سەد ساڵە ئاوارەینە و نەبووینەتە دەوڵەت. من ناچارم دەربارەی مێژووەوە واقیعیەتی سیاسیی ئێستا بنووسم.

تەلارسازی نە بە فەرمانی وەزاری پێک دێت نە سەرۆکایەتی، کاروکۆششی دەوێت و هەر نەبێت بیست ساڵی بەردەوام.

بەندە یانزە ساڵ بەر لە ئێستا لە کەناڵەکاندا ئەو بانگەوازەم کردووە، هیچ گرنگییەکیان پێ نەداوە، ئەوسا دەڵێین( ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار).

هەشتاکان کۆڕێکم دەربارەی مێژووی تەلارسازی لە یەکێک لە تەلارەکانی شاری هەولێردا ئەنجام دا، لە پرس و جودا گەنجێک دەمارگرژانە هەڵدایە چۆن ئێمە تەلارسازیمان نییە، دیارە قەڵات نەدیوە؟

لە وەڵامدا وتم: بەڵێ قەڵام دیوە و مێژووی گردەکە تێکەڵی واقیعیەتی ئەو خانووانەی بەسەریەوەن تێکەڵاو مەکە.

بەڵێ ئەو خانووانە حاڵەتێکی جوانی ئەم شارەن، هەر دەبێت بپارێزرێن، بەڵام بەندە ئەوە بەتەلارسازیی تایبەتی ئێمەی کورد دانانەم، ئەو خانوانە تێکەڵەیەکن لە چەندان حاڵەتی تەلارسازی لە یەک خانوودا، شێوەی تەلارسازی ئێرانی (قاجاری) تیادایە، عوسمانی تیادایە، ژینەگەیی تیادایە، هەروەها برێک لە خانووە بەغداییە کۆنەکان لە برێک شتدا موشتەرەکن، بەڵام لەبەر تێکەڵیی خانووەکانی قەڵا، ئەوان لە خانووە بەغداییەکان ڕازاوەترن. بە داخەوە چاوساغانی عێراقی ئاماژەی بۆ ناکەن.

دەگەڕێمەوە سەر دوای هەرووژانی دەستەڵاتی ماد، کۆرش پایتەختەکەی هێنایە (پرسپولیس) لە ماوەی دە ساڵدا ئەو شارە پڕ لە شاکارە دروست کراوە، مەحاڵە تەلارسازیەکی وا ڕازاوە و تۆکمەی پڕ لە هونەر پێک بێت، ئەگەر پەنجا ساڵ ئیرسی تەلارسازی بەدەستەوە نەبێت. ئەوی تەلارساز و هونەرمەند و پەیکەرتاشی مادەکان هەبووە لە (پرسیولیس)دا کۆکراونەتەوە، ئەمە هیچ لە گەورەیی کۆرش کەم ناکاتەوە، بەڵام ئەوەی من دەیڵێم موعادەلەیەکی سەلمێنراوە، پێکهێنانی حاڵەتێکی تەلارسازی جوهد و تەقەڵایەکی هەر نەبێت سی ساڵەی دەوێت، تا شێوەیەکی تایبەتی تەلارسازی پێک بهێنرێت.

چەند بارەم کردووەتەوە تەلارسازی لەنێو میللەتێک پێک دێت خاوەنی دەستەڵات و ئابوورییەکی تۆکمە و پلەوپایەی سەواد و ڕۆشنبیری لە ئاستێکی دیاریدا بێت، ئێمەی کورد هیچ یەک لەوانەمان بۆ نەڕەخساوە، لە ماوەی زۆرتر لە دوو سەد ساڵدا وڵاتی کوردستانی

گەورە ساحەی شەڕێکی خوێناوی بووە، لەنێوان دوو لەشکری گەورەی ڕووخێنەر، دەسەڵاتی عوسمانی و دەسەڵاتی سەفەوی. ئەو وێرانکارییانەی ئەو دوو لەشکرە لەو ماوە دوورودرێژەیدا لە وڵاتی کوردستاندا ڕووی داوە، ئەوی کشتوکاڵ هەبووە سمشێلی ئەو دوو لەشکرە بووە، جگە لە خوێن و فرمێسک و برسیەتی، لە شێنەیشدا وڵاتی ئێمە دووچاری سێ کەلتوور و سێ فەرهەنگی جۆراجۆر بووە(فارس و توورک و عەرەب) ئەوەی جوانی و زەرافەتە ئەگەر بوومان بێت و بە کەڵک بووبێت، لێمان دزراوە و ئەورۆ هی خەڵکە.

بەسەر ئەو زوڵم و زۆر و بیگرە و بکوژەی (ئەمانوڵاخانی ئەردەلان)دا کاروکردەوەی پڕ لە زەرافەتی تەلارسازی لە شاری سنەیدا ئەنجام داوە، وەک: مزگەوتی دارولئیحسان

ئەو مزگەوتە لە شاری سنەدا لە لایەن ئەمانوڵلاخانی ئەردەولانەوە لەساڵی ١٢٢٧ک دروست کراوە. ئەودەم فەرمانڕەوا(والی) کوردستان(سنە) بووە، لە ڕووی دابەشبوونەوە دوو هەیوانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)ی تیادایە. لە سەرەوەی هەیوانی ڕۆژهەڵاتدا دوانزە ژووری تیادایە، کە ڕاڕەوێک بە پێشیاندا دەگوزەرێت و گوڵتەی مارپێچ ئەو ڕاڕەوەی هەڵگرتووە. ئەو ژوورانە بۆ فەقێکان وەک هەنوزگە وابووە. نالی شاعیری گەلەکەمان چەند ساڵێک لە یەکێک لەو ژوورانەدا ژیاوە، زیاتر وەک مەدرەسەیەک وایە. ساختمانی ئەو مزگەوتە برێک ڕازاندنەوەی تیادایە و وەک کاشیکاری (مینیاکار)ی گەچبڕی مەڕمەڕەکاری، ئاجوورکاری (لوعابی).

هەروەها حەوزی بەردین و فەواری تیادایە، دیوارەکانی بە خۆشنووسی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە، ئەو مزگەوتە بۆخۆی دونیایەکە لە

تەلارسازی ئیسلامی شێوەی قاجاری، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ شێوەی ئیسلامی سەفەویدا جیاوازە.

بەندە لێرەدە پەنجە دەخەمە سەر زامێکی دەم کراوە، دەڵێم: ئەگەر شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ بەقیەی شارەکانی ئێراندا هەڵسەنگێنین، زۆر ئاسان هەژاری و نەبوونی ساختمان و تێکڕای هونەری میعماری بە ئەنقەست وەلاوەخستنی وەدەردەکەوێ. دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران هیچ گرنگییەکیان بە دەڤەری کوردستان نەداوە و لەبیریان کردووە. سەیر لەوەدایە دوای سەدان ساڵ لەوێڕان هێشتا ئاش هەمان ئاشە...

سەرای خوسرەوخانی ناکام پڕە لە زەرافەتی میعماری، (حەمامی خان) یەکێکە لە سەرشۆرگە بەناوبانگەکانی، هەر هەموو ئەوانە کاروکردەوەی ئەمانوڵاخانی ئەردەلانن، هەروەها لە شاری سنەیدا چەند تەلارێکی کەی بنەماڵە کۆنەکانی ئەو شارە پڕن لە گۆشە و کەناری زەرافەتی تەلارسازی.

هۆکاری بوونی ئەو ساختمانانەی لەناو شاری سنەیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەستەڵاتی ئەردەلان، هەروەها تێکەڵبوونی ئەردەلانییەکان بە ژن و ژنخوازییان لەگەڵ دەربارەی سەفەوی و هەروەها دەرباری قاجاری.

ئەگەر گەشتەکەی گەڕیدەی ئینگلیزی بخوێنینەوە، ریچ لە ساڵی ١٨٢٠ز کە ڕۆیشتووەتە ناو شاری سلێمانی و وردبووەتەوە لە خانوو و بەرەی دام و دەزگای مەحموودپاشای بابان، کە چەندە هەژارانەیە، لە مەحموودپاشای پرسیوە هۆکاری گرنگیی پێنەدانی چییە بە خانووبەرە؟

مەحموود پاشای بابان وەڵامی دەداتەوە: بۆچی خزم و برا و کەسوکارم ئەو مۆڵەتەی دەدەن بیر لە ساختمان و کاروکردوە بکەمەوە؟

هەر ساڵە و یەکێکیان دەکەوتە پێش لەشکری ئێرانی یان والیی عوسمانی چ لە بەغداوە یان ئەرز و ڕۆمەوە پەلاماری ئەم شارە دەدەن و ناچاری بەجێهێلانی دەبین، بۆیە وا شارەکەمان دەبینی! ئەوی هۆکاری پەلامارەکانمە برا و مام و خزمی بابانی خۆمانە.

حەمەپاشای جاف (باپیرم) نزیکەی دە ساڵی دوای ژیانی یانی لە دوای ساڵی ١٩٢٠ز دوای گەشتەکەی (ریچ) کەوتە خولیای پێکهێنانی ئیمارەتێکی بەربڵاو، بۆ ئەوەی جێگەی بابانەکان بگرێتەوە قەڵای شێروانەی دروست کرد.

حەمەپاشای جاف هاوڕێیەتێکی زۆر گەرمی لەگەڵ والیی لووڕستاندا هەبوو، داوای لێ کرد میعمارێکی کارامەی لە شاری ئەسفەهانەوە بۆ بنێرێ. بەداخەوە ناوی ئەو میعمارە بەلای کەریم بەگی جافەوە هەبوو، لە بەشی دووەمی کەشکۆڵەکەی نووسی بووی، ئەو بەشەیە درابووە ڕەزا بەگی برای، کە بۆخۆی خۆشنووسێکی کارامە بووە، دوای مردنی ڕەزا بەگ بەشی دووهەمی کەشکۆڵەکە تیاچووە. ئەو میعمارەی وا قەڵای شێروانەی دروست کردووە، لەپێش دروستکردنیدا بەسەر سینییەکی(مسی) نانخواردنەوە، وەک نموونە کە ئەوڕۆ پێی دەڵێن (ماکێت) قەڵاکەی دروست کردووە، خستوویەتیە بەرچاوی حەمەپاشای جاف. بە پێشنیاری ئەو میعمارە ئەسفەهانییە گردی دووهەم بە توورەکەڕێژ تەواو کراوە و بە بانگلین کوتراوەتەوە.

من بۆخۆم لەبیرمە چەند کەسێکی پیری دێی کەلار مابوونەوە و باسیان لەوەی دەکرد، کە لە خۆڵ بردندا بۆ گردی دووهەم بە ولاخ خۆڵیان بردووە تا سەر گردی یەکەم و ئەگەر بەپێی ئامێرە تازەکان خۆڵی گردی دووهەم پشکنینی بۆ بکرێ کاتی کۆمەڵکردنەکەی زۆر بە ئاسانی بەدەست دێت، لاشم وایە ئەو تاقیکردنەوەش کراوە.

ئێران و عوسمانی لە ماوەی سێ سەد ساڵدا لە هیچ ڕێکنەکەوتبوون، بەڵام دژی خولیاکەی حەمەپاشای جاف هاوڕابوون و پیلانی کوشتنیان دارشت و ئەنجامیان دا، بۆ ئەوەی دووبارە ئیمارەتێکی کوردی دوای بابانەکان دروست نەبێتەوە. وەک دەبینرێت قەڵای شێروانەی حەمەپاشای جاف لە کوردستانی باشووردا تەنها ئاسەوارێکی پارێزراوە بەو شێوەیە ماوەتەوە. ئێمەی کورد لە مێژووی پێشێلکراوی دەستەڵاتە زلهێزەکانی دەوروبەرمانین(فارس، عەرەب، توورک) گەورەترین کارەساتێک بەسەر ئێمەدا هاتووە لەپێش سایکس – بیکۆدا، ئاکام و سەرئەنجانی شەڕی (چاڵدێران)ی نێوان ئێران و عوسمانییەکان، لەو شەڕەیدا کوردستان دابەشکراوە و بووە بە تەوقێکی خوێناوی خرایە گەردەنی میللەتەکەمان. ئەو دەستەڵاتانە بە کوشت و کوشتار و تالان و چەپاو ڕانەوەستاون، ئەوەی کلتوور و فەرهەنگ و زەرافەتی زمانەوانی و ئاسەوار و مەرجەکانی فەرهەنگ هەیە خۆیان کردووەتە خاوەنی، توورک پێمان دەڵێت: تووركی شاخاوی، فارس نازناوێکی پڕوپووچی (ئاریایی) بۆ داناوین، عەرەبەکەیش ناوەناوە ڕەگەزی هۆزەکانی کورد دەباتە سەر ڕەگەزی عارەب و بەلایانەوە کوردستان و ولاتی باوباپیری ئەوانە و ئێمە لە هوتێل داین و میوانین.

دەوڵەتـــی شـــا و دەســـتەڵاتەکەی لەناوڕۆیشـــتبوو، جمهـــووریەتی ئیسـلامی جـێگەی گرتبـووەوە، زۆر لە لایەنگرانـی شـا ئـاوارەی وڵاتـان بووبوون، بڕێک لەو کەسانەم دەناسی، ئەگەرچی من ئەو کاتەی لە ئێرانا بـووم، هـیچ پـایە و پۆسـتێکی دەوڵەتـیم نەبـووە و بـۆ خـۆم وەک تەلارسـازێک بە کـاری ئـازادەوە خەریـک بووبـووم. منـیش بەو ئـاگرە سـووتام و هەرچـی دار و نەدارم بـوو لەنـاوچوو، سـەڵت و قوڵـت بە جلەکـانی بەرمەوە دەرچـووم. لەو ڕۆژانەیـدا زۆر لە بێتـاوان بە گـڕی شـۆڕش سـەر و ماڵیان تیاچوو و سووتان، ئەوەیش یەکێکە لە پێناسی ئاوا شۆڕش و کودەتایەک لە هەر کوێ کرابێت.

بۆ نەخۆشی ڕۆیشتم بۆ لەندەن لەوێرا بڕێک لە ناسراوانی ئێرانی خـۆمم دیەوە و دەیـانم بینـی ڕۆژێـک یەکێـک لەو بـرادەرانە ڕۆژنـامەی کەیهـانی بـۆ هێنـام، کە لە لەندەنـدا دەردەچـوو، زۆرتـر سـرنا و بلـوێری شاهنشـاهی لـێ دەدا، ئەو بـرادەرەم وتـی: ئەم ژمـارەیە مەقـالەیەکی دوورودرێـژی لەسـەر کـورد نووسـیوە، لام خۆشـە بیخـوێنیتەوە. ئەو برادەرەیشم سەر بە ڕژێمی ڕابردوو بوو. کاتێک ڕۆژنامەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت بە لایانەوە ئاش هەمان ئاشە!

ئـێمە بەر لەوەی کـورد بـین، دەبـێ ئاریـایی بـین و لەپێنـاو ئارییـا و ئاریـا میهریـدا وەک سـووتەمەنی بەکـار بهێنـرێن، وەک میللەتێـک مـافی ڕەوای نەتەوایەتیمان پێ نەدرێت، نە بەقەڵەم نە بەخەیـاڵ لێی نەدوێین. گـڕم تێبەربـوو لە عەقڵـیەت و بۆچـوونی ئەو شـاە پەرسـتانە، کە بەو هەموو بێ هیچییەوە یەشتا دران بە مافی ئێمەی کورددا نانەن... بڕیارم دا بێـدەنگ نەم و تیشـک بـخەمە سـەر ئەو جـۆرە بیروبۆچـوونە پڕوپووچـانەی وا کە لەم بێهێـزی و ئاشـووفتە بـازاڕییەوە وا تیـادان،

کەچی یەشتا وا دەزانن سەردەم سەردەمی شای هەخامنشینە و کوردیش لە لەشکرەکەیاندا چەکداریانە.

بڕیارمدا لە هەمان ڕۆژنامەی کەیهاندا وەڵامێکی توندووتیژ بدەمەوە، هەر وام کرد و نووسیم و بڵاوکرایەوە.

ئەم برادەرانەی ئێمە سەیرن وەک وابێت بەنگیان کێشابێت، یان ئێمەی کورد بە گێل دەزانن، یا وەک لە واقیعەتی خودی مێژوو بێ خەوەرن.

با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کورشی هەخامنشی و هارپاکی ناپاکی میدیدا کە چۆن بە شێوەیەکی نا جوان مەردانە دەستەڵاتیان لە دەستی زنجیرە دەستەڵاتی مادەکانیان دەرهێنا و لە سەرەتاوە دەستەڵاتی دوو لایەنەی نێوان ماددە و فارسیان بە وجوود هێنا و دوای لەناوبردنی ناڕازییەکانی ماد دەوڵەتی یەک لایەنەی هەخامنشی پێکهێنا و بە شێوەیەکی گشتی ئەوی ماد و لایەنگیرانی مادەکان بوون لەناویان بردووە و ئەمە هەقیقەتێکی مێژووییە، هەتاوەکوو مێژوونووسە دەمارگرژە فارسەکانیش ناتوانن لەو هەقیقەتە لابدەن.

لەو کاتەوە تا بە ئەمڕۆ فارس برا گەورەی کوردە و ئێمە برا بچووک و لە فەلسەفەی ئاریا میهری ئێرانی بوونا، ئەوی مافی ڕەوای کوردە تواوەتەوە و لەو ماوە دوور و درێژەی دا، ئەوان برا گەورە و ئێمەی کوردیش برا بچووکی هەژار و نەدار و نەخوێندەوار.

وەرن با تەرازوویەکی ویژدانی بە دەستەوە بگرین و واقیعیانە هەڵی سەنگێنین. جەمهووریەتی ئیسلامی پەیڕەوی بۆچوونی ویلایەتی فەقهییە

و ئەبعادەکەیشی حەیەعەلا سەلاتە و بەلێ ئەوانیش ددان بە مافی ڕەوای کورددا نانێن، بەلام نە درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و نە لەگەڵ کوریشدا.

با بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی شاهەنشاهی پەهلەوی، ئاوڕێکی واقیعیانە لەو دێ و لادێ هەڵقرچا و هەژار و نەخوێندەوارانەی کوردستان بدەینەوە.

ئەگەر بە ویژدانەوە لە یەکی بدەینەوە لادێی کوردەکان لە لادێی چەند سەردەمی بەرد دەچن، وەک وابێت سەدەی بیستەم لەوێرا سەدەیەکی مابێت تا بگاتە ئەوان و بەو شێوەیە کوردی ئاریا میهری باج و خاوەی برا بچووکی خۆی داوە، نە سەدەیە و نە بیست سەدە.

فەرموو با پشکنینی سەرپایی بکەین و بزانین لە دامودەزگای دەوڵەتی شاهەنشاهیدا چەند کارمەندی کوردی پایەبەرز هەبووە، چەند وەزیر لە کابینەکانی ئێرانا وجوودیان هەبووە، چەند ئەفسەری پایەبەرز لەناو سوپای ئێرانا بوونیان هەبووە؟

لەوە دەڕوا لاتان وابێت تا ئەزەل ئەم جۆرە برایەتییەی بپارێزن، جا با داستانێکی خۆماڵیی ناو ئێمەی کوردتان بۆ بگێڕمەوە.

پیاوێک مرد و دوو کوڕی لێ بەجێما... برا گەورەکە بە برا بچووکەکەی وت: با داراییەکەی باوکمان برابەش بکەین.

برا بچووک وتی: کاکە هەرچی تۆ دەیڵێیت دەیکەین....

برا گەورە وتی: ئەو ئەسپە چەمووشە سەرکێشە وا سوار دەگلێنێ ئەوە بۆ من....

ئەو گەماڵە هەوشارە کەڵپەدارە، کە دەوەڕێ دەنگی دەڵێی لەناو ئەشکەوت دایە، ئەوە بۆ تۆ...

ئەو پشیلە چاوشینە وا کلکی دەخاتە سەرشانی و مشک لە چنگی وەدەرناچێت ئەوە بۆ تۆ...

ئەم ماڵەی وا تیادایین، لە زەوییەوە تا سەربان بۆ من، لە سەربانەوە تا ئاسمان بۆ تۆ...

جا برادەرینە! ئەم برایەتیەی ئێمە و ئێوەیە تا ئێرە و بەس، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ بەس نییە، ئێوە برا گەورەی ماڵی خۆتان بن و لە ئێمە گەڕێن.

ئەم وتارە، کە بڵاوبوویەوە هەرایەکی گەورەی نایەوە، لەناو لایەنگرانی شاهـ پەرستەکاندا زیاتر لە بیست وتاری جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا کێشا و بوو بە هۆی دووبەرەکیی فکری لە ناویاندا. ئەم وتارەم لە ساڵی ١٩٩١لە کەیهاندا بڵاوبووەتەوە...

جا برادەر ڕوونکردنەوەی ئەم تێکهەڵکێشانە بەپێوستی دەزانم تا خوێنەری کورد هۆشیار کەمەوە لە تێفکرینی دەستەڵاتدارانی دەوروبەرمان، ئەم کتاوەم دەربارەی مێژووی تەلارسازییە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شێوەی تەلارسازیی ئیسلامی حوکم فەرما بووە و تا بە ئەوڕۆیش ئەوە سێ دەستەڵاتە لە تەلارسازیی ئیسلامی زیاتر بۆخۆیان نەیان توانیوە ببنە خاوەن شێوەیەکی تایبەتمەندی تەلارسازیی مۆدێرن، کە بناسرێت بەناوی فارسەوە یان عەرەب یان توورک.

بەڵێ لە تەلارسازییدا فارسەکان توانیویانە ڕێبازێکی تایبەتمەندی تەلارسازیی ئیسلامی بخەنەڕوو و بناسرێت بە سەبکی ئیسلامی

سەفەوی یان قاجاری هەروەها تووركەكەیش (عوسمانی) ئەوانیش توانیویانە شێوەی تەلارسازی ئیسلامی عوسمانی دەستنیشان بكەن، بەتایبەت لە دوای كاروكردەوەی تەلارسازە بەناوبانگەكەیان (سینان) كە لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونیدا دەستی بە كار كردووە، بەڵام لە عێراقدا هەر شێوە ئیسلامییەكەی سەردەمی عەباسییەكانە و هیچ گۆڕانكارییەكی تیادا نەكراوە، لە بەشی هەندەسەی تەلارسازی ئیسلامیدا بە درێژی لەو حاڵەتانەی دەدوم.

لە ئاوا چوار تەنیشت و تێفكرینێكی سەر باڵایانەی خۆبەزلزانانەی دوور لە لۆژیكیانەوە پێم وانییە ئەو زرتە زەلامە دراوسێیانەی بە زۆرەملی دراوسێمانن و پایان لەوەیش درێژتر كردووە و خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانن، ئامادە نین لەسەر مێزی لۆژیك و فكری سەردەمانە، یەك و دوو بكەین، ئەوانە هۆكاری فەرمانڕەوایین و گوێ لە ماف گرتن بە سەرەتای هەرووژانی خۆیان دەزانن، كەمترین بودجەیەك ئەگەر دابین بكەن بۆ دەڤەرە كوردنشینەكانە تا بگاتە ئەوەی فكر لە حاڵەتی تەلارسازی بكەنەوە. ئەوەیش لە بەشەكانی كوردستاندا وەك ساختمانێك دەبینرێن. وەك خانووەكانی سەر قەڵای هەولێر، قشڵەی كەركووك، قشڵەی كۆیە، خانووبەرەكانی ناو شاری سنە، قەڵاو شوورەكانی باكووری كورستان و مزگەوتەكانی بەلایەنەوە هیچ یەك لەوانە بە هی كورد نازانن.

یانزە ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕاگەیاندنەكان ڕامگەیاند كورینە با لە ئێستاوە وەك میللەتانی تر چۆن كۆشاون بۆ پێناسی نەتەوایەتی تەلارسازی شەقامێك لەنێو هەولێردا بەپێی چەند مەرجێك دابین بكرێت، بۆ شێوەی تەلارسازیی كوردی، كەس گوێی لێ نەگرتم، ئێستاش هەر

دەکرێ لەو ڕووەوە هەنگاو بنرێت، تەماحگیری بەدەسهێنانی حاڵەتی تایبەتمەندی تەلارسازی خۆمان ین.

میللەتانی تر هەروایان کردووە وامن دەیڵێم پێی گەیشتوون، ئەگەر بە وردی لە پایتەختی باشوور وردبینەوە، شەقامەکان، ساختمانەکان، بریقەیان دێت، بە زەرەبین پەیوەندییان بە کەلتووری فکری کوردەوارییەوە نییە. ئەوی ماڵوێرانکەرە ململانێی حزبایەتییە و بەربەستە لە فکرکردنەوەی سەردەمیانە و کەلتوور و کەلەپووری کوردی و مێژووی ڕابردوو بەشێوەیەک لە شێوەکان زیندووکەینەوە، لەوەی دڵنیام ئەوەی بەندە دەیڵێم هەر دەکرێت، سبەی، دەساڵی تر، یان پەنجای تر، کەیە؟ نازانم!

جا برادەر من ڕووحی نائومێدی ناچێنم، بەپێچەوانەوە دەکۆشم بنبڕی کەم و فکر و فەرهەنگی سەردەمانە دەکۆشم بخەمە خولیاوە، ئێمەی کورد لە زۆر بواردا هەڵگری پێناسی خۆمان نین، یەکێک لەوانە پێناسی تەلارسازییە، ئەوەیش یەکێکە لە پتەوکردنی پێگەی نەتەوایەتی و لە هەمان کاتدا هەنگاوێکی سەردەمانەیە، ناکرێت دەستبەرداری بین، زۆر پێویست هەن ئێمە لامان وایە نین، کاکە هەن. ئێمە یان نایان زانین، یان دەیانزانین و گرنگییان پێ نادەین.

ئەوە حاشا لێنەکراوە ژیانی سەردەمانە مەرجی خۆی هەیە، ئێمەی کوردیش یەکێکین لەو میللەتە هەرە کۆنەکانی ئەم سەر زەوییە، هەرچیمان هەبووە و ئەوڕۆ بە کەڵکە، دەرودراوسێکانمان دزیویانە و ئەوڕۆ هی خەڵکە، کاتی ئەوە هاتووە بە دوای کاروکردەوە دزراوەکاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، ئیدی ئەوە بواری مێژووییە، نەتەوایەتییە، جوگرافییە، کەلتوورییە، یا هونەرییە، سەرجەم دەستبەرداری

دەوڵەمەنـــدکرنی فەرهەنگەکەمـــان نەبـــین، هەرکەســـە و لە بـــواری تایبەتمەندیی خۆیدا. خۆ ناشکوری خودا نەبێت، لە کوردستانی ئەمڕۆدا هێنـــدە هەڵگـــری بڕوانـــامەی دوکتـــۆرا زۆرن، ڕەنـــگە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکاندا هێندە نەبن!

جیاوازیی ئێمەی کورد و بڕێک لە میللەتە پێشکەوتووەکانی تر، لە زۆر لاوەیە بۆ نموونە ئێمە شتێک نەزانین لامان وایە نییە، ئەوە گرفتە، کاکە هەیە و ئێمە نایزانین، میللەتانی تر بە دوایدا دەگەڕێن و دەڕۆن، بۆی ماندوو دەبن تا بەدەستی دەهێنن.

خۆ ئەگەر وردبیتەوە ئێمەی کورد زۆر شتمان نییە و زۆر شت لە پێناسی تەلارسازی گرنگترە و پێویستترەو نیمانە. ئەوانە سەر سەرمان، بەڵام ناکرێ ئەوانی تر لەبیر بکەین، ژیانی سەردەمانە پلاندانانە، هەر نەبێ بیرلێکردنەوەیە گرنک ئەوەیە لە بۆ ڕەخساندندا ئەنجامی دەین. ئەوەیش دەزانم ئێمەی کورد خاوەنی عەقڵێکی کشتوکاڵین، زۆرتر لە ناخماندا فکری خێڵەکیانە زاڵە لە دەروونماندا، بۆیە درەنگ بڕێک بیروڕا دەسەلمێنین، ئەوانە هەموویان بەجێی خۆی، ڕەنگە زۆر لە گەلانی پێشکەوتوو لە مێژدا وەک ئێمە وابووبن، ژمارەیەکی هەڵبژاردە لە جوێی خەڵکە زۆرەکە بیریان کردووەتەوە و ئەنجامیان داوە. کاکە خۆ خوانەخواستە بەتەمای پێشکەوتنێکی پیشەسازی نیم، هەر نەبێت دەتوانین بەرنامەڕێژی بکەین بۆ ژیانی باشتر، نا ماقووڵە بەم زەوی و زار و ئاوە زۆرەوە لە تەماتە و باینجان و پەتاتەوە بگرە تا کاڵەک و شووتی و کورە (ئارد)یش بە پارە دەسێنین و لە دەرەوە دەیهێنین.

ماست و پەنیر تا هیی توورکیا هەبێت، توخنی بەرهەمی خۆماڵی ناکەوین، کورە خەریکە لەدەست شایی و لۆغان و ریکلامی (برنجی

مەحموود) وڵات بەجێدێڵم. سەد خۆزگە ٥% ریکلامی برنجی مەحموود و ڕوونی ئاڵتوونسا بۆ کارە نەتەوەییەکان دەکرا. حەیف لەم سەردەمی دەستەڵاتی کوردەوارییەدا لە ٩٥% ئەم میللەتە بووە بە موفتەخۆر و هەنگاوێکی پێ نانرێت بۆ وەبەرهەمهێنانی نیازی ڕۆژانەی.

شەستەکان ئێمەی پێشمەرگە نان و خوانمان بەسەر ملی ئەو خەڵکەوە بوو، هەزاران، بگرە چەندان ملیۆن مەڕ و ماڵات و گا و گوێرەک لەم وڵاتەیدا هەبووە و گەنم و جۆ و برنجی خۆیشی بەرهەم دەهێنا، نازانم ئەو هیممەت و تەقەلایە کام وەبا و ئافەتی تێنیشت و ئەو میللەتەیان وا مایەپووچ و تەنبەڵ و بێ کارە لێ کرد.

سەیرەکە لەوەدایە وەک وابێت هیچمان نەکردبێت، نەزانن چ تەوقێکی قورسی نەگریس و نەشیاویان کردووەتە ملی خەڵکە زۆرەکە، کە چۆن چاوەڕوانی سەری مانگن، کابرا لەتەڕ دەخوات و لەسێوەر دەنوێ. نەک ئێستا لە سەرتاسەری ژیانمدا ڕۆژانە دە کاتژمێر کارم کردووە ئێستایشی وا تەمەنم بەرەو هەشتا هەڵکشا و بە هەمان ئەندازە لە کار دام، ئەوسا بە مووچەی پیشەی تەلارسازیی خۆم دەژیاند، ئێستا بەو ئەندازە لە کاری نووسین و خوێندنەوەدا سەرقاڵم.

جا ئەگەر لە تەڕ دەخۆم، قەرزاری تەنها خودام و منەتباری پاشاکانی باپیریشم نیم، کە خاوەنی یەک چوارەمی زەویوزاری سەرتاسەری کوردستانی باشوور بوونە.

خەفەتێکم لە دڵ دایە، پێشم وا نییە بەم زووانە چارەکرێت. بنوارە مووچە مانگێک، دوو مانگ نەدرێت، برسێتی بە ڕوخسارەوە نمایانە، سنوورەکان بگیرێت تەڕایی لە کوردستاندا دەگمەن دەبێت. پێشتر

بەبوونەی شەڕی پڕ لە شەڕافەتمەندی پێشمەرگە سەرفرازییەکی نەتەوایەتیمان بەدەست دەهێنا. ئێستا پێگەمان بەلای دونیای ئازادی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە هاتووەتە خواری ئێستا لەشکرێک لەکار دایە بۆ داهەڕووژانی پێگەی نەتەوایەتیمان لە دونیای ئازاد و تێگەیشتوودا.

لە دونیای ئازاددا ڕۆژانە ئامار و ئیحسائیەی ناو فەیسبووک و پەیجەکان و ڕیکلامە جیهانییەکان تۆمار دەکرێن، پلە و ئاستی بۆ دادەنرێت، بەشداربووانی کورد لە پایینترین ئاست دایە، هێندە پڕە لە جنێوی سووک بەهەڵە بەکاربردنی ئەو ئامێرانە، ژمارەکە کەم نین، لەشکرێکی دامەزراوی سووککردنی پێگەی نەتەوایەتی لە جیهانی نوێدا لە کاردان، ئەو حاڵەتە نەشیاوە بووەتە هۆی سەرسڕمانی چاوساغانی ئەو دەزگا بیانیانە، کە وا سەرگەرمی ئەو ئامار و بەراوردەن.

ڕاستی مایەی سەرسڕمانە، ئەو ژمارە زۆرە لەو سایتانەیدا بە جنێودان و درۆ و دەلەسە خەریکن. ئایا لە ئاکام و سەرئەنجامی ململانە شاراوەکانی ناو حزبەکانە؟

ئایا ئەوانە معاشخۆری لایەنێکن؟

یان زاتەن پشێو و دەمپیسن و ئاژاوەچین؟ بەپێی ئەوەی تا ڕادەیەک ئاگاداری مێژووی ڕابردووی میللەتەکەی خۆمم، لە باوەڕێکدام خەڵکەکە بۆخۆی وایە ئەوانە بەو ڕەفتارانەوە خاوەنی نەقسێکی بایۆلۆژین، ئەم کوردە لە مێژووە وابووە جاران یەکێتیی قبووڵنەکردن دەخرایە سەر ئاغا و بەگ و شێخ و تەکیە و خانەقا، خۆ زۆربەی زۆری پەیڕەوانی ئێستای حزبەکان یا چەپگەران یان دیموکراتیخوازن، یان ئیسلامیین، تۆ

بلێــی ئەمەی لەو ســیتانەیدا دەبینرێــت و دەبیســترێت مەزاجــیەتە یــان مەنهەجیەتە؟

هەر کامیــان بووبێــت، تــا بە ئێســتا زەرەر و زیــانێکی زۆریــان گەیاندووەتە پێگەی نەتەوایەتیمان، ئومێدەوارم بەخۆیانەوە بڕۆنەوە، هەر نەبێ جنێو دەدەن، کوردییەکەیان هەڵەیە، با بڕۆن زمانەکە باش فێربن.

دەی با بگەڕێمەوە سەر دونیای هونەر، وەک زانراوە بەشەریەت و ئەمڕۆی بەشەری لە زۆر بواردا بە شێوەی هونەری ئەنجام دەدرێ، ئەو زمانە کەمتر لێدوانە، زمانی چاو و فکر و عەقڵە، لۆغەتێکە قەبارە و ڕەنگ و فۆرمن، حاڵەتێک دەگێڕنەوە ئەوانەی ئەو زمانە بزانن، ئیدی وەک ئەوسا چاوساغ و لێزانییان ناوێ، وەک جارانی مۆزەخانەکان لێزانێک لە پێشیانەوە دەربارەی تابلۆکە بدوێ، ڕەنگە ڕۆشنکردنەوەی دەربارەی ژیانی هونەرمەندەکە ئەنجام بدات. دونیاکە گەلێک گۆڕاوە، دەڕۆیتە مۆزەخانەی پەیکەری سەردەمی ئایینە فرە خوایەکان بڕێک لەو خــوانە هەر یەکە و میهــر و خۆشەویســتی بــۆ ئاژەڵێــک بــووە، لە پەیکەرەکەیدا ئەو ئاژێڵەیش لەبن دەستی دایە یان پەیکەری لەش و ئەندامی ڕووتی پیاوێکی ڕمی سێ نووک بەدەست وەستاوە، ئەوە لێدوانی پۆزیدونە خوای دەریاکان.

بــا دوور نەڕۆیــین ئەوانەی ئاگــاداری ژیــانی نــالین، ئەگەر وەستاکارێکی پەیکەرساز پەیکەرەکەی ئەنجام بدا، بە ئاسانی دەتوانێ دەستنیشــانی بکــا یــان پەیــکەری کــابرایە لە حــاڵەتی ســەما دایە و دەخولێتەوە. ڕاستەوخۆ سەمای مەولەویانەت دێتەوە بیر، مەبەستم لەم ڕۆشنکردنەوە پێگەی هونەرە لە دونیای ڕۆشنبیری گەلاندا، دوو بواری تــێکەڵاون و یەکتــر تەواو دەکەن، خەمەکەم لەوە دایە ئەو زمــانە

جیهـــانییەی ئەورۆ مــرۆڤ پێـــی دەودوێ لەنێـــوان ئــێمەی کـــورددا ژمارەکەیان لە پەنجەی دەست زۆرتر نین، بەڵام بەلای کابرایەکی وەک مـنەوە، ئەو کەرەواڵـیـیە تـاوانە، خۆمـان بـین، چاوسـاغانمان بـن، یـان هەلومەرجی سیاسیی میللەتەکەمانە، کە سەدان ساڵە ژێر دەستەین و لە فەرهەنگی ڕاستەقینەوە بەدوورین؟ ئەوانە واقیعەتێکی تفتوتاڵن.

بەندە باوەڕم بەوە هەیە ئەگەر ململانێی حزبایەتی و نۆکەرسیفەتی بڕێک نەبووایە لەنێو کورددا هەبوون و هەن لەو بوارانە، فکر دەکرایەوە و هەنگاوی بۆ دەنرا و دەیانزانی دونیای هونەر تەنها گۆرانی و چەقەنە لێدان نییە و عالمێکی بەربڵاوی ژیان و زیندەگییە.

خــۆ ئەوەیــش ڕاســتە چەنــدان کــۆلیژی هــونەری و پەیمانگــا و تەلارسازیشـمان هەن، سـاڵانە ژمـارەیەک دەرچـوویش دێـنە مەیـدانەوە گرفــت لەوە دایە ئەو ئەو دەرچــووانە کەمیــان بۆخۆیــان کــاری ئــازاد دەکەن، ئەوانی دیکە دەست بە چۆکن بۆ دامەزراندن، کە داشدەمەزرێن کارە هونەریەکەیان پێ ناسپێرن و هەواڵەی کاروکردەوەی تر دەکرێن، کە فڕی بەسەر هونەرەوە نییە.

دەمەوێ باس لە خاڵێکی کە بکەم ئەگەر گوزەرت بکەوێتە کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێردا ئەو کۆلیژە لەگەڵ کۆلیژەکانی کەی زانکـۆی ســەلاحەدیندا بەراورد کەیــت پەڕپــووتترین و بــێ نــازترین و شڕۆڵەترین کۆلیژە.

لە کاتێکــدا لە تەواوی دونیــادا ئەو پێویســتیانەی کــۆلیژی هــونەری نیـازی پێیەتـی جیـاوازە لەگەڵ کۆلیژەکـانی تـردا، ئەو ڕەواڵە لە تەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەکار براوە، ئیدی کام گرنگی بە دونیای هونەر؟

هەتاوەکوو بواری گۆرانی و مۆسیقاش ئەگەر گۆرانییە خۆماڵییە کەلتوورییەکان نەبێت یانی برێک گۆرانی و مۆزیکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و مۆزیکی تورکی دوورخەیتەوە بۆ خۆمان هیچ نەوایەکی شیاو و بەر گوێ ناکەوێ، هەر نەبێ ئەوانەی وا ڕۆژانە لە کەناڵەکاندا وەک ئاهەنگ و گۆرانی دەبیسرێن. فریان بەسەر مۆزیکی کوردییەوە نییە. سەیرەکە لەوە دایە چاودێریێک نییە لێپرسینەوەیەک، هەڵسەنگاندنێک بەدی ناکرێت. ئەوی هەشمان بووە ئەو شەپۆلە نەگریسە دایدەماڵێت و دەیخاتە خانەی فەرامۆشییەوە.

خۆ من تەماحگیری شانۆیی ئۆپیرایی و شانۆی منداڵان و سەمای سەر سەهۆڵبەندانی سەر شەختە و بالیە و پێشانگای هونەرە جوانەکانی جیهان نیم.

لە پایتەختی کوردستاندا گالیریەک بەدی ناکرێت ڕەنگی تابلۆکان وەک خۆی بخاتە بەرچاو. تیشک لە گالیریدا نەخش و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئێمە نیمانە، خۆ باسی گواستنەوەی دەنگ و مایکرۆفۆن و دەنگەوەر مەکە، ئەوە کارەساتێکە بۆخۆی. جاروبار دەنگی وای تیادا دەقیێتەوە لات وایە مووشەکی تۆماهۆکە، ئەم هەموو ساڵە نەتوانراوە بەشێوەیەکی دروست و بێ کێشە ئەو ئامێرە بەکار بهێنرێت..

با ئاورێک لە دونیای پەیکەرتاشین بدەینەوە. لەسەرتاسەری کوردستاندا کوورەیەکی تواندنەوەی برونزی تیادا نییە، ٣٠٠٠هەزار ساڵ لەمەوبەر لە مێزۆپۆتامیا و وڵاتانی (مادەکان)دا هەبووە.

لە پایتەختی کوردستاندا سینەمایەکی تیادا نییە، لە کاتێکدا لە پەنجاکاندا چەندان سینەما لە هەولێر هەبووە، هەر ئەو سینەمایانە

کراونەتە عەنباری کاڵا و شتومەک. بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو هەمــوو کەمتەرخەمیــیەی بەم زەق و ڕەقــیە دەربــارەی هــونەر و پێویستییەکانی هونەر دەکرێت، بۆ؟

دەستەڵاتە هەمانە، ئابوورییە، هەمانە. زانکۆ و کۆلێژی هونەری زۆرمان هەیە، زۆر لێزان و چاوساغی دونیای هونەرییمان تیادایە، زۆربەی لە دەرەوەی وڵاتــدا دەژیــن. ســەیری وەزعــی پەڕپــووتی هونەرمەنــدانی نــاو کوردســتان دەکەن، لە گەڕانەوە دەترســن و هــیچ ئاسۆیەکی ئومێد بەدی ناکەن، تا بگەڕێنەوە، ئەوەیش دروستە وەزعی ئابووریی کوردستان تووشی کۆسپی گەورە هاتووە. دابەزینی نرخی نەوت و پەتــای کۆرۆنــا مــووچەبڕینی بەغــدا، ئەوانە هەمــوو نــاگەنە هەڵگەورەکەیدا کە کراوەتە ملی ئابووری کوردستان ئەویش ئەو ژمارە بێحیسابەیە بەناو کارمەندی دەوڵەت و مووچەخۆری بێبنەمای ناو ئەم مللەتەن. بێ ئەوەی بچووکترین بەرهەمێکی ئابووری و نەتەوایەتییان هەبێت.

با تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە، ئەوی زانراوە سەرەتای ڕاپەڕینی ڕاستەقینەی مللەتانی جیهانی سێهەم وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە دژ بە ئیمپراتۆریان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کردووە و تا بە ئەوڕۆیش بەردەوامە.

سەیرەکە لەوەدایە ئەو میللەتە ناڕازی و تێکۆشەرانە چەند دژی بیانییەکان بوونە هەر بەو ئەندازەیش سەرسامی جۆری ژیان و داهێنان و کاروکردەوەکانیان بوونە و کۆشاون لە زۆر ڕووەوە لاسایيان بکەنەوە، بەتایبەت لە بواری تەکنۆلۆژیا و سەنعەتیدا، بەتایبەت ئەو تەماحانە بەلای ڕۆشنبیرانەوە زۆرتر هەرای ناوەتەوە، فکری

ڕۆژهەڵاتی، هونەری ئیسلامی کە چەندە بوارەکانی بەربڵاوە لە عەقڵی سیاسییە تازە پێگەیشتووەکانی جیهانی سێهەمدا کرابووە مەنهەجیەت بۆ دروستکردن و ڕازاندنەوەی وڵاتەکانیان بە ئامێر و کەرستەی جۆراوجۆری ڕۆژاواییەکان و تێکەڵکردنی ڕابردووی هونەری ئیسلامی بە قەد و قامەت و فۆرم شکڵ و قەبارەکانیەوە، تێکەڵەیەک پێکهاتوون بەلای نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتییەکانەوە شیاو پەسند بووە و بە مەرجەکانی ژینگە و کەرەستەی خۆماڵی بەکار ببرێت. ئەو تێکەڵەیە بووە بە جووڵانەوەیەکی عیمرانی و زاقێکی تویکڵداری و لە هەمان کاتدا لە کەلتوور و دوورئەندازەکانی ئایین و فەرهەنگی کۆنەساڵی خۆیان دوورنەکەوتووەتەوە.

ئەگەر لە نەخشە و دیزاینی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوەڕاستی ئاسیا وردبیتەوە، تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا و عەقڵ و زەوقی ڕۆژهەڵاتی تێکەڵاون و توانیویانە شێوە و شەمایلی خۆیان لە جلوبەرگێکی تازە و نوێدا بخەنە بەرچاو. بۆیە ئەوڕۆ بنەماڵەی تەلارسازیی ئیسلامی دابەش بووەتە سەر چەندان حاڵەتدا، هۆکاری ژینگە و کەرەستە و پلە و پایە و ئاستی ڕۆشنبری ئەو وڵاتانە لە هەنگاوەکانیاندا وەدەر کەوتوون، ئەوە لە ئاکامی کاروکردەوەی تەلارسازییەکانیانە، وا سەرکەوتووانە ڕابردوو و تازەیان وەستاکارانە تێکەڵاو کردووە.

با بەو ڕۆژانەوە لە مێژووی ئێران وردبینەوە لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە بیگرە تا پەلاماری سەلاجیقە و مەغوڵ و وێرانکاریی داگیرکەران و ڕووتاندنەوەی ئیمپریالیستی دوای سەدەی بیستەم میللەتانی ئێران لە فەرهەنگی خۆیان لایان نەداوە، بە پێچەوانەوە

دەسـتەڵاتێکی ملهـوڕ و خـوێنڕێژی وەک مەغـۆل لە فەرهەنگـی بەهێـزی ئێرانـدا تـواوەتەوە و هەتـاوەکوو خـانە مەغۆلەکـان ئـاییـنی خۆیـان بەلاوە ناوە و ئاییـنی ئیسلامیان هەڵبژاردووە، خۆ بەم هەموو زەبـر و زۆرەوە ئەدەبیاتی ئێران هەمیشە سەرمەشقی ئێرانییەکان بووە و لە هەمان کاتدا هانـدەری ملمـلان و ئـازدادی بە تەواوی ئـایینە جیاوازەکـانەوە، یـان ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانەوە.

بگەڕێـمەوە سـەر وەزعـی پەڕپـووتی نـاجۆری خۆمـان لەم هەرێـمە بچکۆلانەیـدا، گرفـت و کێشـەکانمان لە میللەتێکـی یەک ملیـارد کەسـی زۆرتـرە، بڕێکـی زۆری ئەو گرفتـانە دەسـتکردن و حـزبە سیاسـییەکان پێکیان هێناوە، بڕێکی تریان لە ئاکام و سەرئەنجامی ڕەفتار و کردەوەی دەستەڵاتە. تـا بە ئێستا دەستەڵاتی کوردی نەیتوانیوە کەسـی شیاو بۆ جـێگەی شـیاوی خـۆی دەستنیشـان کـات. لەوە تراژیـدی تـر ئەوەیە ئەو کەسانە لووتیان لە ئاسمانە و تێکەڵی خەڵکی نابن و لایان وایە خەڵکی قەمەڕێکی ترن.

کاکی بـرا من ئەمانەی دەڵێم بە تەمـای هـیچ نـیم، ڕەفتـارەکەم بەدڵ نەبێ بۆ ئەوە نییە بە تەمای جێگەکەی بم، بەنـدە لەم تەمەنەیدا هەقیقەت نەڵێم ئەی کەی بیڵێم؟

یەکێـک لەو هەقیقـەتە تفتوتـاڵانە زەوییەکـی پـانوپۆڕ لە جێگەیەکـی سـتراتیژیدا دەدرێـت بەسـەرمایەدارێک، یـا ڕوتەڵەیەک، تـا شـارێکی سەردەمانەی تیا بسازێنێت، کابرا لە چرکەیەکدا دەبێتە خـاوەن ملیۆنەها دۆلار هـیچ مەرج و بەنـدێکی مێژوویـی کەلتـووری، خۆمـاڵی فەرهەنگـی نەتەوایەتـی بـۆ دانەنـراوە، تـا بزانرێت ئەو شـارە ئەو کـۆمەڵە شـەقام و خانووانە لە جێگەیەکدا کراوە، پێ دەڵێن کوردستان.

هیچ دیاردەیەکی هونەری کوردەواری یان ڕۆشنبیری تیادا بەدی ناکرێت، نە شانۆییە، نە گالرییە، نە پەیکەرێک نە هۆڵ و سینەمایەک، هیچ هیچ لەو شارە ناو قەبانەیدا بەدی ناکرێت. ئیدی ئەوە شاری ئەمریکییە، ئەڵمانییە، ئیتاڵییە، ئینگلیزییە... قەینا هیچ دیاردەیەکی کوردەواری تیادا نییە، بچووکترین پۆ و پەیوەندییان بە ناوەکانیانەوە نییە، هەتاوەکوو فرۆکەخانەی هەولێر هیچ دیاردەیەکی کوردەواری تیا نییە و لەگەڵ فرۆکەخانەیەکی توورکیدا جیاواز نییە.

ئەوانە تێپەڕیون و گوزەشت، بەس نییە ئەوانەیش کراون، دەکرێ بۆ لەمەولا بیر لە هونەر و مێژووی میللەتەکەمان بکرێتەوە و ئەو ناوە نەگریسانەیش بەلاوە بنرێن.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا جگە لە دەوڵەت و دەستەڵات ڕێکخراوی فراوان لە کاردان، تەواوی بوارەکانیان خستووەتە ژێر چاودێرییەوە، هەتا وەکوو لە دووبارە ڕەنگکردنەوەی پەیکەرێک خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، یان دەستکاری لە دیواری ساختمانە کۆندا تاوانێکی نەبەخشراوە، بەلای ئێمەی کوردەوە ئەو جۆرە موئەسەساتانە نین و بەدی ناکرێن، دەوڵەت و دەستەڵات لە جوێی میللەتەکە فکر دەکاتەوە. لەم هەلومەرجە تێکەڵەیدا بەندە ئەوە بەچاک دەزانم بە مەرجێک بە وردی کارەکان ئەنجام بدرێت.

تا چەند ساڵ لەمەوبەر پایتەختەکەمان لە شارەدێیەک دەچوو، ئێواران هەزاران مەڕ و ماڵات و گا و گوێرەک لە دەرەوە بەرەو ناوشار دەهاتنەوە. ئەو قۆناغە ئەورۆ بەدی ناکرێت، دەمانەوێ ببینە پایتەختێکی سەردەمانە و لە هەمان کاتدا لە فەرهەنگی ڕابردوومان سوود وەرگرین، تا لە ڕابردوو دانەبڕین و ڕووداوە خوێناوییەکانی ڕابردوو منداڵەکانمان

لەبیری نەکەن، ئەگەر بۆ ئەو مەبەستانە لێزان و چاوساغی بابەتەکانمان تیادا نەبێت، دەکرێ لە دەرەوە بیانهێنین، میللەتانی تر لە مێژدا وایان کردووە.

دروستە ئێمەی کورد لە مێژەوە وابووینە، کاری نەشیاو لە خۆمان دووردەخەینەوە و دەیخەینە سەر خەڵکی تر، ئێستایش ئاش هەمان ئاشە و کەم هەست بە بەرپرسیاری دەکەین.

هەفتەی پێشوو لەگەڵ ڕۆشنبیران چووەمە سەر گڵکۆی (مهاباد قەرەداغی) کە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد، ڕێورەسمەکە لە گۆڕستانی ڕۆژهەڵات بوو کە لە خوارەوەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستان دایە، بە چاکم زانی سەرێک لە مۆنۆمێنت بدەم، کە دیم چزە لە جەرگم هەڵسا، لە زۆر لاوە بێ چاودێری و بێ نازی دیاربوو.

خوێنەری ئازیز من دیزاینەر و ئەنجامدەری ئەو جێگەم، لەمۆنۆمێنتی شەهیدان دا (٣٠٠)گۆڕی سومبلێکی تیادایە هەر گۆڕێکی گۆیای هەزار شەهیدە کە سەرجەم (٣٠٠٠٠٠)شەهیدە ئەو ژمارەیە لەپێش شەڕی داعش دایە ...پەیکەرەکە بەسایزی سروشتی دەبوا دروستکرابا و لە لێواری گۆڕەکاندا دانرابا و بڵێت (بنوارە چییان لێکردووین!)..

حەیف نەک پەیکەرەکە نەکرا خودی مۆنۆمێنتی شەهیدان بەزیندووی شەهید کرا.

بەندە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٩/٨وەک دەستەگوڵێک تەسلیمی تێکراییم کردووە بە (دایرەی پیاداچونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ) حەوت ساڵ لەمەوبەر ئەو پرۆژە نازدارە بێ سەرپەرشتی و چاودێری هونەری بێ

سیانە لەگەرمای پەنجا پلەی گەرمادا لەساردی زستان لە بەفر و باراندا لەبادا لەتۆزدا لەجولانەوەی زەویدا بەو هەموو جام و شوشەبەندیەوە بێ چاودێری بەرەو کاول بوون دەڕوا..

فەرموو بڕۆ لەو دایرەیەی وا وەرگرتنی کۆتایی لەمن وەرگرتووە پرسیار بکە وەلامت نادەنەوە..

تا بە ئێستا ١٥-١٠-٢٠٢٠ یەشتا دەرگاکانی قوفڵ دراون، ڕازەکە لە چی دایە؟ حیکمەتەکە لە کوێیە؟ بۆچی وا ئەم میللەتە لەو یەک دونیا هونەرە مەحرووم دەکرێت، هەرچی فکر دەکەمەوە ڕازەکە هەڵناهێنم، لەوانە گوزەشتە سەیرانکەرێکی گەمژەی کەمتەرخەم لەژێر دار و درەخت و سەوزەلانییەکانی دەوروبەری ئەویدا سەیرانی کردووە، ئاگر بەربووەتە

پووش و پەلاشی سەرزەوی و بووە بە ئاگرێکی وا دوو سێ هەزار دار و درەختی دەوروبەری مۆنۆمێنتی سووتاندووە، ئەو درختانەی وا بۆ سەر شەقامەکانی بە هەزار وردەکارییەوە هەڵم بژاردبوون، هەر هەموویان سووتاون ئەم تاوانە گەورەیە بەندە بە هەڵەیەکی کەمتەرخەمیی نازانم، ئەگەر لە نزیکەوە بێیتە ناو ئەو قەتڵگاوە چزە لە عەقڵ و دەروون و فکرت هەڵدەستێ.

وەک وابێت لە ساحەی پاشماوەی شەڕێکی خوێناوی دابێت، هەزاران لاشەی مرۆڤ و ئامێرەکانی کوشتاری تیادا شەڵ و پەتکرا بێت، نیوە تاوانەکە دەکەوێتە سەر دەستگەی چاودێریی ژینگە و ئەوانەی بەرپرسیارن، ئەو نیوەکەیش خەڵکی بێ دەربەست و نا دڵسۆزی ئەم

خـاک و بـوومە، بـاوەڕ بـکەن ئەوەی مـن دیـم داعـش شـەڕی تیـادا کردووبێت ئەوەی ناکات.

دڵنیـام ئـاگرەکە بخـۆی کـوژابێتەوە، وەئـیلا سـی، چـل دۆنـم زەوی سـووتاوە، زەمـانێکی زۆری دەوێت، دیـارە دامودەزگـای ئاگرکوژاندنەوە نەڕۆیشتنە هـاوار و زایەڵە و قرچەی ئەو دار و درەختـانەوە. ئەگینا بەو ئەندازەیە بەربڵاوە ئاگرەکە پەرەی نەدەسەند.

دەی ئەوەش ژانێکـی کەی مۆنۆمێنـت، کە هـەر کاتێـک بەو بێنـازییەی دیــومە، فرمێســـک ســـەرالێژ بـــووە، دیـــارە بەنـــدە ئەو ڕۆژەی نـــابینم میللەتەکەم بەو جێگە و شوێنە شادبنەوە.

گرفتـی گەورەی ئەو پـڕۆژە پـڕ لە هـونەر و وردەکـارییەی لەوە دایە بێ خـاوەنە، تـاکوو ئێسـتا نەزانـراوە چ دامـودەزگەیەک خـۆی بە خـاوەنی دەزانـی، لە مـاوەی تەواوکردنیـدا چەنـدان جـار دەسـت بە دەسـت کـراوە، سەرەتا:

١- وەزارەتی ئاوەدانی و نیشتەجێبوون.
٢- وەزارەتی شەهیدان.
٣- دائیرەی هەندەسی ئەنجوومەنی وەزیران.
٤- دائیرەی پرۆتۆکۆڵات.

ئێسـتا هـیچ یەک لەو جێگایـانە خـۆیـان بە خـاوەنی نـازانن! دراوەتە دەست چوار لایەنی تر:

١- باوباران.
٢- گەرما و ساردی.
٣- بێ مەنهەجی و پلان.

٤-سەرەنجام دز و دەخەڵ و جەردە.
بۆ نموونە ئەوی برونزی توانای هەڵگرتنی بووبێت دزراوە، کلکی شێری برونزی براوە، لە چەندان لاوە کێبڵی ژێر زەوی هەڵکەنراوە و دزراوە.
سەرئەنجام ئەو جێگە پیرۆزە کە بە هەوارگەی شەهیدانی کوردستان دادەنرێت، بە زیندوویی شەهید کراوە.
خۆ میحنەتەکان کەم نین و باران نین لە ئاسمانەوە داباری بێت، زۆربەی ئەو میحنەتانە زادەی کاروکردەوەی خۆمانە، ئێمەی کورد فێری ئەوەین کارە ناشیاوەکان بخەینە سەر خەڵک و بە وردەکارییەوە لە گرفتەکە نەدوین، بۆیە ئەوی کاری ناپەسند و نەشیاوە دەیخەینە سەر دەوڵەت و دەستەڵات، بۆ نموونە کابرا ئەندازیاری مەدەنییە نەخشەی تەلارسازی دەکێشێت، یان ئەندازیاری کارەبایە یا کشتوکاڵ ئەو مافەی داوەتە خۆی نەخشەی ساختمان و خانووبەرە دەکێشێت و ئەنجامیشی دەدا، خۆ ئەوە خەتاکە لە دەوڵەت و دەستەڵات نییە، بڕێک لە دایەرەی پەیوەندیدار گرنگیی بەوە نادا، بەلایەوە گرنگ ئەوەیە موهەندیسێک واژووی کردووە، قەینا با موهەندیسی هەندەسیی فەزایی بێت!
خاڵێکی گرنگی تر ئاماژەی بۆ دەکەم، چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان سەرمایەدار و ئەندازیاری تەلارسازییە، ئەوی بەندە لەو هەلومەرجەیدا دەبینم تەلارساز کابرا وەک بەکرێگراوێک دەنوارێتە تەلارسازدا. لە ئەمڕۆدا تەلارسازی کورد نەیتوانیوە پێگەی واقیعی خۆی بەدەست بهێنێت، زۆرتر فەرمان بەڕێوە دەبات و کەم جار دەتوانێ خاوەن کارەکەی یان سەرمایەدارەکە تەسلیمی فکری خۆی بکات.
بەندە بە گوێرەی ساڵانێکی دوورودرێژی کاری تەلارسازیم تووشی ئەو گرفتە هاتووم و نەڕۆیشتوومەتە ژێر داوای فکری خرچ و کاڵی

کـابرای سـەرمایەدار و کـارەکەم بەجێهـێڵاوە، ڕەنـگە وەک منـیش زۆر بووبێت بەڵام زۆریش هەن گرنگیی بەو لایەنە نادەن، وەک فەرمانبەرێک کارەکە ئەنجام دەدەن، ئەوەیش وەک مەرگی داهێنانە، هەر نەبێ بەلای بەنـدەوە، ئەگەرچـی ئەو ڕەفتـارە هەمـوو جێگیـرە بەتـایبەت لە عـالەمی سـێهەمدا و زۆرتـر وڵاتە عەرەبەکـان و ئـێمەی کـوردیش لەسـەر ئەو جـوگرافییە و دەسـتەڵاتەین، ئەگەر یەکێـک بڵـێ کـاکە وانیـیە و فەرمـوو هەستە و بڕۆ بۆ (دوبەی) شـاکاری تەلارسـازی لەوێدا دەبینی و وڵاتـی عەرەبییشـە، نەخێـر وا نییە... تەواوی تەلارسـازە بەناوبانگەکـانی جیهـان لەوێـدا کۆبـوونەتەوە، ملیارەهـا ملیـارد دۆلاریـش لەبەر دەسـتدا بـووە و جێگە و شوێنێک دروست بووە بە شانازیی جیهان دەژمێردرێت.

لەوێـڕا بە دەگـمەن عەگـال بەسـەرێک دەبینرێـت، زمـانی خەڵـکەکە ئینگلیزییە نەک عـارەبی. دوبەی وەک هـیچ کوێی ئەم جیهـانە نییە، تەنهـا هەر دوبەیە بەو شـێوەی کە لە بەر دەسـتە، لەو سـارای کرکـای کرکەیـدا دونیایەکی ڕەنگا و ڕەنگی تەلارسازی میکانیکی ڕانـراوە، لە هاوینا هەتـا و هەڵمی دەریا، لە چرکەیەکا تەڕی تەڕت دەکات.

لە پەنجاکانـدا بـۆ هەواگـۆڕین و هـاوینەهەواری سـەر بەرەو ژوور دەبوونەوە بۆ شاری بەسرە تا (دیوو هیلولای) نەوت زەوی هەڵتەکاند و لە قـووڵاییەوە وەدەر هـات... بەسـرە نـاوی نەمـا و وردە وردە شـارێکی دەگمەنی وەک دوبەی هاتە کایەوە. ئەو منداڵە لە هیچ منداڵێکی کەی ئەم سەر زەوییەی ناچێت، دەتوانی بڵێیت (بەڵێ، دوبەی دوبەیە!)

مـــن وەک تەلارســـــازێک، وەک نووســـــەرێک خەو بە داهـــــاتووی نەتەوەکەم دەبینم، خۆ تەماحگیریی ئەوە نیم، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بکرێنە دوبەی. من ئەوەی دەزانـم ئێمەی کورد یەشـتا دەوڵەتێکی ئـازاد نـــین، بەڵام دەتـــوانین جـــێگە بـــۆ خەونەکانمـــان خـــۆش کەیـــن، ئەوی

تەماحگیریم بیرلێکردنەوەیە، ڕێزگرتنە لە دونیای هونەر و هونەرمەندانە لە ڕۆشنبیرانە.

ئەگەر لە مێژووی سەلاتینی عوسمانی وردبیتەوە، لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونیدا تەلارسازێک بەناوی (سینان) ژیانی سوڵتانەکانی عوسمانی گۆڕی، توانی شکۆ و جەلال و جەبەڕووتی زیاتر ببەخشێتە ئەو دەستەڵاتە تەنها لە ڕێگەی داهێنان و شکۆی تەلارسازی بە کۆشکەکانی سەلاتینی عوسمانی.

ئێمەی کورد ئەگەر ژێردەستەی جنۆکە و دێو و درنج و عفریت باینایە زۆر لەمە باشتر دەبووین. وا وڵات و میللەتەکەمانیان دابەشکردووەتە سەر چوار وڵات و چوار دەستەڵاتی بێ فەرهەنگی دەمارگرژدا. ئەویش نە ساڵێک و نە دە و نە سەد. بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەم لاوە ئەو دەستەڵاتانە دەستیان لێی نەپاراستووە و دڵڕەقانە و دووژمنکارانە مامەڵەیان لەگەڵماندا کردووە و بە هیچ شێوەیەک وڵاتەکەمانیان بە هی خۆ نەزانیوە و قەدر و قیمەتێکیان بۆ میللەتەکەمان دانەناوە. وەنەبێت لەپێش سەدەکانی ناوەڕاستەوە باشتر بووبێت هەر لەشکرکێشییەک لەنێوان ئێران و یۆناندا، ئێران و ڕۆماندا ڕوویدابێت گۆڕەپانی شەڕەکەیان لە وڵاتی کوردستان بووە.

وردبەرەوە چوارسەد یان سێسەد هەزار شەڕکەر بە ئەسپ و وڵاخ و ئاژەڵەکانیانەوە لە شەڕدا بووبوون، دەبێ چی بەسەر حاڵ و ماڵی خەڵکەکەدا هاتبێت؟

لە دوای ئیسلامیشەوە ئاش هەمان ئاش بووە، بەڵام لەم چەند سەدساڵەی ڕابردوودا وێرانکارییەکە چەند بەرانبەر بووە. لەمێژدا ئەگەر

شەڕەکان لەسەر دەستەڵات و داگیرکردن بووبن لەم دواییەدا ماڵوێرانی دەمارگرژی ئایینیش هاتەپاڵ، شەڕی نێوان تەشەیوعی سەفەوی و دەمارگرژی ئایینی عوسمانی و ئاکامی شەڕی (چاڵدیران) ماڵوێرانیی کوردی دوو بەرانبەر کردەوە. ئەگەر گۆڕەپانی شەڕەکە لە کوردستاندا نەبووایە، خوای دەکرد شەڕیان تا ئەزەل بەردەوام دەبوو. لە ئاوا هەلومەرجێکدا زیندەگیی گەل و وڵاتێک دەبێ چۆن بێت؟

لەنێوان دوو لەشکری خوێنخواری دووژمنکار! کەواتە نە ئێرانی سەفەوی و نە عوسمانیی داگیرکەر، نە میللەتی کوردیان بە میللەتی خۆ زانیوە و نە وڵاتەکەیشان بوویە مەیدانی وێرانکاری، بەڵکوو شەڕەکەیان کردووەتە دیاری بۆ ئێمەی کورد.

سەیر لەوە دایە هەمان عەقڵیەت بەرانبەر ئێمەی کورد هەروەکوو ئەوسایە، شتێکە بە شێوەیەکی تر. ئەگەر سەیری پانتایی کوردستان بکەین، جگە لە ئاسەوارە کۆنەکانی لەپێش ئیسلامدا نەبێت، نەوەک ئاسەوار و نەوەک ساختمانێکی لەسەر پا تاکوتەراک نەبێت شتێکی ئەوتۆ نابینی. لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جگە لە مزگەوتی (دارالإحسان) و چەند ساختمانێکی ناوشاری سنەی سەردەمی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵانی نەبێت، کاروکردەوەیەکی ئەوتۆی تەلارسازی وەدی ناکرێت. خۆ دەستەڵاتی ئیمارەتی بابان لەو ماوە دووروودرێژەی دەستەڵاتیاندا بەردیان لەسەر بەرد دانەناوە. لە کوردستانی باکووریشدا بەهەمان شێوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە لە وڵاتی ئێمەدا دەستەڵاتی توورک و عەجەم و عەرەب لە وێرانکردن زیاتر هیچیان لە کوردستاندا نەکردووە. وەنەبێ ئەو دەستەڵاتانە توانای ئەوەیان نەبووبێت، لەسەردەمی دەستەڵاتی سەفەویدا هونەری تەلارسازی

شاکاری میعماری وایان ئەنجام داوە شانازییە بۆ ئەمڕۆی مرۆڤ (بڕۆ ئاسەوارەکانی شاری ئەسفەهان تەماشا بکە) بەغدا و دیمەشق گرنگییەکی ئەوتۆیان بە سازندەگی، هەتاوەکوو بەخۆیشیان نەداوە، تا بگاتە ئێمەی کورددا. دەستەڵاتی عوسمانی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بووە: سەرەتا و ناوەندی و دوادوایی لە قۆناغی ناوەندیدا. دەستەڵاتی عوسمانی لە ڕۆژئاواوە گەیشتە ناوەڕاستی ئەورووپا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ناوەڕاستی ئاسیا و سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبەکان و خودی دەریای سپیشی بەدەستەوە بووە. لە هەمان کاتدا گرنگییان داوەتە تەلارسازی و سازندەگی جۆراوجۆر بەتایبەت لە سەردەمی سەلاتینی وەک سوڵتان سەلیمی دووهەم و سوڵتان موڕادی سێهەم (سینانی تەلارساز) و سلێمان قانوونی سینان.

لە سەردەمی ئەو چوار سوڵتانەیدا دەستبەکار بووە و چەندان شاکاری میعماری کردووە، بە نموونەی زەرافەتی میعماری دەدرێن لە قەڵەم و تا بە ئەوڕۆ بە یەکێک لە داهێنەرە بەناوبانگەکانی جیهانی تەلارسازی دەژمێردرێت.

خواجە میعمار سینان ئاغا (١٥٨٨ز) بە سەرۆکی سەرتاسەری تەلارسازانی ئیمپراتۆیەتی عوسمانی ناسراوە.

زانیاری بەناوبانگی ئەڵمانی (هـ - کلۆک) مامۆستای تەلارسازی زانکۆی نەمسا دەربارەی (سینان) دەڵێت: " ئەم سینانە سەر و گەردەنێک لە (مایکل ئەنجلۆ) کە بە گەورەترین ناوی هونەری فەرهەنگی ئەورووپا دەژمێردرێت بەرزتر و بەتواناتر بووە.

سینان لە دێی (غیرناس)ی سەر بە ویلایەتی قەیسەریەی ئەنادۆڵ هاتووەتە دنیایەوە. لە سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووهەمی کوڕی سوڵتان محەمەدی فاتیح لە خێزانێکی کریستیانی ئەرمەنی یا یۆنانی هاتووەتە دنیاوە. لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا بووە بە موسڵمان و ڕۆیشتووەتە ڕیزی سوپای ئینکیشارییەوە. لەو کاتەیدا سوڵتان سەلیمی یەکەم خۆی بۆ شەڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی (شەڕی جالدیران) ئامادە دەکرد. سینان هەر لە مێردمنداڵییەوە خولیای دروستکردنی جۆگە و باخچە و تەوێڵە بووە. کە دەگاتە پایتەختی وڵات دەڕواتە یەکێک لە قوتابخانەکان، لەوێڕا بڕێک زانستی هونەری فێر بووە، لە دواییدا دەڕواتە (ئەلئوچاخ) کە بە جێگەی فێربوونی هونەری تەلارسازی ئەو دەمە ناسراوە. هەر لەوێڕا تەلارسازەکانی عوسمانی فێری تەلارسازیی کراون. پاشان دەڕواتە قوتابخانەیەکی سەربازی و دەبێتە ئەندامی لەشکری عوسمانی. ئیتر بە دوای زانیاری تەلارسازیدا سەرگەشتە دەبێ و ئەوی هونەری میعماری بێزەنتی و سەلجووقی ئەستەنبۆڵ و ئەنەدۆڵ هەیە لە نزیکەوە دەبینێ و جۆر و سیستەمی میعماری ئێران و تەورێز و هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان: بەغدا و دیمەشق و قاهیرەی ئەیوبی و مەملووکی هەڵدەسەنگێنێ و بەراوردیان دەکات.

لەسەردەمی لەشکرکێشیی سەدرولئەعزەمی لوتفی پاشادا بۆ سەر ئێران وەک ئەندازیارێک هاوڕای بووە، بووەتە جێگەی یاوەری کە گەورە میعماری عوسمانی (عەجەم عەلی) دەمرێت لە لایەن سوڵتانەوە دەکرێتە گەورە میعماری دەستەڵاتی عوسمانی (١٥٣٢ز) ئەم داهێنەرە گەورەی دونیای تەلارسازی زۆر شاکاری تەلارسازی لێ بەجێماوە. دوای چەند سەدساڵ لە ساڵی ١٩٨٢ز بۆ ڕێزلێنانی ناو و کاروکردەوەی

ئەو بلیمەتە ناوی ئەکادیمیای هونەری ئەستەنبۆڵیان گۆڕی بە زانکۆی (سینان)ی هونەرە جوانەکان. ئەوە حاشاهەڵنەگرە سینان لە ڕەگەزی توورک نەبووە و بە دروستی یەشتا لەسەر ساڵی لە دایکبوونی مێژوونووسان هاودەنگ نین. بڕێک دەڵێن لە ساڵی ١٤٩٤ز لە دایک بووە. بڕێکی تر دەڵێن: ساڵی ١٤٩٩ز، بەڵام پرۆفیسۆری تووركی (ریما جۆنای) سوورە لەسەر ئەوەی لەساڵی ١٤٩٤ز لە دایکبوویێت. بڕێکی تر پێیان وایە بە ڕەگەز ئەرمەنی بووە، یەهوودییەکانیش لایان وایە لە خێزانێکی جوولەکەدا هاتووەتە دنیایەوە. بۆچوونی تر هەیە دەڵێت بە ڕەگەز یۆنانی بووە و ناوی کریستۆ بووە. بڕێکی تر لایان وایە کۆیلەیەکی نەمساوی بووە، لەلایەن ئیبراهیم پاشاوە سەندراوە و بووە بە موسڵمان. لە هەر ڕەگەز و ئایینێک بوویێت لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین داهێنەر و بەناوبانگترین تەلارسازی سەردەمی خۆی بووە.

- یەکەمین مزگەوتێک لە لایەن سینانەوە دروست کراوە بەناوی مزگەوتی (خسرۆیە) لە شاری حەلەبدا لەسەر داوای والی حەلەب خسرۆی کوڕی سینان پاشا بووە ١٥٤٤ز.
- مزگەوتی شازادەمحەمەد (١٥٤٨-١٥٤٤ز)
- مزگەوتی خان لە دورگەی قرم (١٥٥٢-١٥٦٤ز).
- مزگەوتی (سەلیمییە) لە شاری ئەدرنە( ١٥٦٨-١٥٧٤ز)
- مزگەوتی سلێمانیە لە شاری ئەستەنبۆڵ (١٥٥٧ز)
- مزگەوتی تەکیەی سلێمانییە لە دیمەشق ( ١٥٥٤- ١٥٥٥ز)
- مزگەوتی سەفیە لە شاری قاهیرە (١٦١٤- ١٦١٥ز)
- مزگەوتی سوڵتانە میهرماهـ لە ئەدرنا قاپی.
- مزگەوتی سوڵتانە میهرماهـ لە ئسکودار.

- گەورەکردنەوەی (مسجدالحرام).
- زۆرتر لە ٤٧٦ ساختمانی دروست کردووە، دوای پێنجسەد ساڵ یەشتا سەدوشەش ساختمانی وەک خۆیان ماونەتەوە. شێوەی سینان ئەورۆ بە شێوەیەکی تەلارسازیی پڕ زەرافەت ناسراوە، لە پاڵیدا بەشەکانی هونەری ئیسلامی گەشەی کردووە و لە ئێستای ئێمەیش لە ڕووی ئیسلامەوە دەمارگرژتر بوونە، خۆیان بە خەلیفەی ئیسلام زانیوە وشەڕیشان بۆ کردووە و دەستیان بەسەر باشووریشدا گرتووە. پیاوە ئاینییەکانیان دڵ و دەروونێکی کراوەتریان هەبووە، ئەگەر لەگەڵ سەردەمدارانی ئەمڕۆدا بەراورد بکرێن. ئەوان توانیویانە فەلسەفەی فکری ئیسلامی خەت و ختووتی ئایاتی قورئانی قەد و قامەت و شکڵ و فۆرمی فراوانی خستووەتە فکری هونەرمەندەوە چ وەک تەلارساز، یان شێوەکار یان پەیکەرتاش، مەرج نییە پەیکەر لە گیانلەبەرێک دروست بکرێت، نەخێر زۆر بە ئاسانی دەکرێت، ئایەتێکی قورئانی حەجم و قەبارە و ئەستووری پێ بدرێت و وەک پەیکەر بخرێتە بەرچاو. ئەورۆ (تەقەنیات) ئەوەندە پێشکەوتووە سەدان بیروڕا بۆ هونەرمەند لەبەر دەستدایە ئاینخاتە بەر چاوی میللەتەکەی و دەتوانێ جگە لە بواری ئایینی کەلتوور و کەلەپوور وەک قەبارە بخاتە بەرچاو، لە فەرهەنگ دوور نەکەوێتەوە، بەڵام بەشێوەی مۆدێرن بیانخاتە بەرچاو. ئەوانە هەموویان شیاون نەشیاو لەوە دایە دەوڵەت و دەستەڵات هاندەری ئەو حاڵەتەی نەبێت، ئەوە گرفتە...

ناشکوری خودا نەبێت هێندە حەکیم و حوکەما لێرە و لەوێ تۆپەلەن لایان وایە ئینسکلۆپیدیایەکی کۆچەرن و شت نییە نەیزانن، بۆ نموونە بنوارە فەیسبووک و ئینیستگرام و سناپچاتی کوردی، باسی فەزائی

بکەیت جنێوت دەدەنێ، باسی قووڵایی ئاسمان و ئەستێرەکان بکەی، جنێوت دەدەنێ، لە ( نالی و مەحوی و مەولەوی و جەزیری) بدوی، جنێوت دەدەنێ. باشە برادەر ئەوەندە خۆت بە لێهاتوو و زانیار دەزانی، ئەی بۆچی ڕێگا بۆ گەڕانەوەی دوژمنانی کورد خۆش دەکەیت؟

لە کوێی دونیادا بینراوە نوێنەری میللەت لە پەرلەمانی بیانیدا داوای لەناو بردنی هەرێم و گەڕانەوەی هەرێم بۆ ژێر دەستی دوژمنەکانی بکات؟

بەڵێ ڕاستە باسەکەم تەلارسازییە و برێک جار پەرتەوازە دەبم و باس لە گۆشە و کەناری تر و ڕەفتاری ناجۆر و نەشیاو دەکەم، ڕەخنە لە بابەتێک یا زۆر لە بابەتەکان دەگرم، لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ڕێکخراوی لێزانی بوارە جۆراوجۆرەکان دروستکراون، نەک تەنها کار بۆ وڵاتەکەیان بکەن، بەڵکوو چاودێریی تێکڕای جیهان دەکەن، بۆ نموونە لە وڵاتاندا ڕێکخراو هەیە تەنها چاودێریی دونیای تەلارسازیی دەکات. یانی تەلارسازی دونیای تایبەت و گۆڤاری تایبەت و ڕۆژنامەی تایبەت و کەناڵی تایبەتی هەیە.

سەدام حوسێن ٣٢ کۆشکی زلزەلام و زەبەلاحی لە بەغدا و مزگەوت و ئەو ڕێکخراوانە دوورن لە سیاسەتەوە یان دەمارگرژیی ڕەگەزییەوە. لە هەر وڵاتێکدا کارێکی تەلارسازی بەپێی مەرجەکانی دونیای تەلارسازی دروست کرێت باسیان لێ کردووە بۆ جارێک لەو کارانەی سەدام کردوویەتی ئاماژەیان نەکردووە لەبەر هۆکارێکی سادە، ئەوانە لەژێر چاودێریی شەخسی سەدام دا ئەنجام دراون و سەدام لە دیزاینی پەنجەرەکانیش دەستتێوەردانی کردووە، بۆیە ئەو کۆشکانە بە هونەری (حیرەفی) دەژمێردرێن نەک یەکێک لە بوارەکانی تەلارسازی، بە هونەری ئیسلامییەوە، تۆ بنوارە ئەو کۆشکەی وا سەرۆک کۆماری

تیادایە هەر لە دوگمەی پێشەوە وردبەرەوە، هیچ جۆرە هونەرێکی (تەناسووب)ی تیادا نابینرێت. وەک ڕوخساری لووتی (کەپوو) خاوەنەکەی هێندە زل بێت، هەردوو ڕوومەتی داپۆشرابێت یان دەستوبازووی بە گوێرەی هەردوو باڵا و لاقی نەبێت.

دەزانم ڕۆژگارێکە لە کوردستاندا دەگوزەرێ لە زۆر لاوە ئاشووفتەبازارییە، ترس و تۆقیان، هەوڵ و تەقەلای هەرووژان، لە هەمووی ماڵوێرانتر وابەستەکی بە دوژمانی ئەم وڵاتە، ئەوانە بۆخۆی هەر یەکە و ئامرازی پەشێوی و ڕەوت تێکدانە، لە ئاوا هەلومەرجێکدا بیروڕای کابرایەکی وەک من ڕەنگە مایەی جەفەنگ و گاڵتەپێکردن بێت، لە مێژەوە ئەوەم زانیوە بێدەنگ نەبوومە و لەپێناوی پاشەڕۆژدا دەستم لە زەنگەکە بەرنەداوە و لێی دەدەم هەر نەبێ بۆ هۆشیارکردنەوەی چینی داهاتووی میللەتەکەم.

ناکرێ ئەوەیش نەگوترێت لە دوای ڕاپەریندا سەرتاسەری وڵات کاولکرابووە، ماڵوێرانی بە ڕوخساری هەمووانەوە هوەیدا بوو، ئەم میللەتە و دەوڵەت و دەستەڵاتی ئێستایان پێک هێناوە، ئەگەر لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا بەو هەموو ملیاردەوە وا هەڵیان لووشیوە و وێرانەکانی لەوسا وێرانتر، هەژاری و بێدەرەتانی  بە ڕوخساریانەوە، هاواری بێ وەڵامدانەوەی دەکات، ئەوە واقیعیەتێکی تفتوتاڵە.

دەکرا کوردستان لە ئێستا باشتر بوایە، ئەگەر هەنگاوەکان بەشێوەیەکی مەنهەجیەتەوە نرابایە، نەک مەزاجیەت و حزبایەتی. دەی هیچ ڕەوتێکی میللەتانی سازندە بێ تەگەرە و تەهلووکە نەبووە، هەمیشە هەر وابووە گرنگ ئەوەیە هەڵە دووبارە نەکرێتەوە و دەستی بیانی و فکری هەڵە و چەواشە ماوە و مەودای پێ نەدرێت.

ئێستا لەگەڵ سەردەمی ڕاپەڕیندا جیاوازە، هیچ شتێک بە ئاسانی ناشاردرێتەوە، هەتاوەکوو تەقەلاکانی پشتی پەردەیش قابیلی شاردنەوە نییە. ئەوەسا (ترامپ) ڕازی پەلامار و گەشەکردنی داعشی خستە ڕوو، کە چۆن ئۆباما و کلنتۆن و ئێران و مالیکی داعیشان وەک سەگی هار بەڕەڵای ناو عێراق و کوردستان کرد و بوونە هۆکاری کوشتنی هەزاران کەس و ماڵوێرانی ملیۆنەها خەڵک. کەواتە دونیایەکە هێندە بچووک کراوەتەوە هیچی تیا گوم نابێت لە ئاوا دەوروبەرێکدا بەتایبەت لەناو گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، زۆر هەنگاو سنووردارن و زۆر تەماح و ئارەزووەکان مەحاڵن، بۆ نموونە ڕێز لە لێزانەکان بە وردەکارییەوە کەسی شیاو بۆ جێگەی شیاو دادەنرێت دوور لە حزبایەتی یان خزمایەتی، یان تیرە و تایفەبازی، ئەگەر وانەکەین مەحاڵە پێناسەکان بەدەست بهێنین، وەک پێناسی کۆمەلایەتی یان پێناسی تەلارسازی. وەک زانراوە پێناسی کۆمەلایەتی هەستێکی بەرجەستەیە وەک زمان، مێژوو، ڕۆشنبیری و ئایینده و بۆچوون و پەیوەندی تێفکرین، لە کاتێدا پێناسی تەلارسازی تەقەلایە، داهێنانە، کارە ململانە، دەبێ بە چاو قەدوقامەت و قەبارە و شکڵ و شەمایل و شێوە ببینرێت. ئەوانە زادەی فکرێکی گەشەپێدراون لە ڕووی بوونی مەودایەکی بەردەوامی کار و کردەوە دەگاتە ئەو قۆناغە بە داخەوە.

ئێمەی کورد لەو قۆناغەوە بە دووریـن خاوەنی هیچ حاڵەتێکی تایبەت نین، هیچ بەرنامەیەکیش بەدەستەوە نییە بۆ بەدەستهێنانی نە لە لایەن دەوڵەتەوە نە لەلایەن تەلارسازەکانەوە بۆ نموونە تەلارسازیی ناو وڵاتی ئێمە کە نەخشەی خانوویەک بۆ کابرایەک دەکێشێت بۆ گرنگ نییە ئەوی تیادا دەنیشێ ئەفسەرە، مەلایە، ئاغایە، مامۆستایە، بڕێک لە برادەرانی تەلارسازی چەندان نەخشەی قەبارەی زەوی ٢٠٠مەترییان

٤٠٠مەترییان ٦٠٠مەتری چوار سووچەیان لەژێر دەست دایە، وەک عەتتارێک مامەڵەی دەکات و ڕەنگە بۆ یەکجاریش سەری ئەو کارەی نەدا کە نەخشەی پێ فرۆشتووە نەک بۆی دروست کردبێت، ئەوەیش یان لە ناچارییە یان بێ زەوقیی تەلارسازەکەیە، کە ناچارە نان بە نرخی ڕۆژ بخوات.

دەی چی بکەین ئەوە قەدەری ئێمەی کوردە، دەبێ وابین هەر نەبێت لەو دەوروزەمانەیدا لەو لاشەوە لە چۆنیەتیی پێشکەوتنەکانی جیهانی ئەمڕۆی بەشەریەت ورد دەبمەوە، لە هۆکارەکانی ورد دەبمەوە، ئەو مەودافراوانەی نێوان کۆمەڵگەی ئێمە و ئەوان سەد ساڵ، دوو سەت ساڵ، پێنج سەد کەمتر نییە، ئێمە بە هەر کوێ بگەین، ئەوان پێنج سەد ساڵ لە پێشەوەن.

بەندە زۆرتر لە کاروپیشەی خۆمەوە دەدوم، کاتێک ئەو دیزایین و تەقەنیاتە لە کارەکانی (زوها حەدید)ی زوها حەدیدی تەلارساز دەبینم سەرسامیم دەگاتە سنووری گێژوویژی کەڕەواڵەیی.

پیم وا نییە ئەو جیاوازی زانستی یا هونەری نێوان ڕەگەزی بێت خۆ زوها حەدید بە ڕەگەز عارەب بوو، ئەگەر وردەکارانە لە هۆکارەکان بدوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری، نەوعی ئایین و ئەو بکە و ئەو مەکە یانی (سنووردانان) بە تەئکید لە پێشکەوتن و دنیای زانستدا شتێک نییە بەناوی سنوور و مەحدوودیەت خۆ زۆربەی کەرستە خامەکان دایکانەکەیان (نەوت) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەگاتە دونیای پێشکەوتوو، هۆکاری ئێمە وابوون لە کوێ دایە؟

تۆ بڕوانە زوها حەدید قووڵایی خەیاڵ و فەنتازیات بە بڕبڕاگەی دیزاینەکانی زوها دەژمێردرێت. بڕێک لایان وایە ئەم جۆرە دیزاینانە

مرۆڤی ئەمڕۆ توانای پیادەکردنیان نییە و نابێت. زۆربەی کۆڵەکەکانی ناو دیزاینەکانی ئەوەندە خوارن ترس و تۆقین دەخەنە فکری بینەر کەوا هاکە هەرووژا. بۆیە زۆر لە ڕەخنەگران لایان وایە دیزاینەکانی زوها تەنها لەسەر کاغەز ڕادەوەستن. دوای ئەوەی پڕۆژەی مۆزەخانەی زانستی لە (فۆلفسیۆج) لە باکووۆی ئەڵمانیا تەواو کرد، بۆ ئەو ڕەخنەگرانە دەرکەوت. ئەوی گوتویانە دروست نییە و ئەوی ئەو دیزاینی کردووە بە جوانی ئەنجام دراوە.

یەکێک لە ڕەخنەگران دەڵێت: تەواوی دیزاینەکانی زوها وێڵن، هیچ هێڵێکی عەموودی یان ناوقەدبڕی تیادا نابینرێت. هونەرمەندانە ئەوی هەستی پێی کردووە ئەنجامی داوە، هیچ سنوورێکی تێدا نییە، نە ڕووی هەیە و نەپشت. وەک وابێ ئەو تەلارە لە ئاسماندا لە فڕێندا بێت، یان وەک کەشتییەکی ئاسمانی دەیەوێ بەسەر زەوییەوە بنیشێتەوە، ئیتر ئەوە زوهایە و کەسی تر نییە.

زوها زۆر کاری کردووە، بۆیە کارەکانی گەیشتنە سەرتاسەری جیهان وەک ئێستگەی ئاگرکوژانەوە لە ئەڵمانیا، مۆزەخانەی هونەری تازە لە شاری سینسیناتی لە ئەمریکا، ناوەندی هونەری نوێ لە ڕۆما، پێشەنگای ناوەندی عەقڵ لە شاری لەندەن. ناوەندی ڕۆشنبیری لە ئازربایجان، پردی شێخ زاید، ئێزگەی تونێلەکان لە ستراسبورگ، ناوەندی زانست لە وسبورگ، ئێزگەی کەشتی لە سالیرینۆ.

با بێمەوە سەر دۆخی خۆمان، پێم خۆشە ئاواتەخوازبین، بەڵام بە تەمایش نیم لە شەو و ڕۆژێکدا چەند ساڵە ببڕین، دەی هەر نەبێت با ئاواتەخوازی پێشکەوتنەکە بین، ئەگەر ئاوات و ئارەزوو لە لۆژیکەوە بەدوور نەبێت زۆر سەخت نییە، ئێمەیش لەم حاڵەتەوە هەر نەبێت

بڕۆینە حاڵەتێکی باشترەوە. ۹۰۰ملیۆن هیندوستانی تەنها یەک کەس بێ خوێنرێژی لە دونیا کۆیلایەتییەوە گەیاندییە چڵەپۆپەی ژیانی سەردەمانە، ئەم باسانەی تێکەڵی باسەکەم دەکەم، بە پێویستی دەزانم پەنجە بخەمە سەر برێک حاڵەتی نەگونجاو لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وا ئێمەی کوردیش بەشێکین لەو حاڵەتانە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەیدا دەوڵەمەند لای وایە تەلارساز بەکرێگیراوی ئەوە، ئەوە تەلارسازە دەبێ فەرمانی بەجێ بگەین و ورتەیشی لە دەمەوە وەدەر نەیەت.

بەندە لە ساڵانی کار و کردەوەمدا تووشی لەو جۆرە دەوڵەمەندانە هاتووم، ئەوی لۆژیکی تەلارسازی و شێوەکاری بووە لام نەداوە و گوێشم لە دەوڵەمەندانی خاوەن کاریش گرتووە، تا ئەو ڕادەیەی بگونجایە لەگەڵ ڕەوشتی کارمدا، ئەگینا یان لە سەرەتاوە کارەکەم قبووڵ نەکردووە، یان بە نیوەچڵ جێمهێڵاوە.

هەشتاکان لە بەغدا ئۆفیسی تەلارسازیم هەبوو، چەندان کاری تەلارسازیم لەناو شاردا ئەنجام دابوو، ڕۆژێک کابرایەکی ورگ خەپەی ورگ هەڵئاوساو هاتە ئۆفیسەکەمەوە و باوەڕ بەخۆبووانە وتی:

- تۆ خوسرەو جافی؟
- بەڵێ، ئەوم فەرموو...
- هاتووم نەخشەی خانوویەکم بۆ ئەنجام بدەی، بەڵام دەبێ وابێت و وابێ. ئیتر درێژدادڕییەکەی ماندووی کردبووم، هەتاوەکوو دەربارەی تەختەی دەرگەکانیش دوا...

با ڕاستگۆبم هەر لەسەرەتاوە زانیم لە ئاوا کەسێکدا کارکردن مەحاڵە... بۆیە وتم:

جا مامۆستا تۆ ورد و درشتت دابین کردووە، ئیدی بۆ نیازت بە کەسێکی وەک منە؟

وتی: ڕاستت بوێت من هاتوومەتە دوای ناوباوتا، هیچ یەک لە کارەکانی منت دیوە؟

وتی: نەخێر نەم دیوە.

وتم: ئەوەی من لە تۆم بیست تۆ نیازت بە تەلارسازی نییە و خەلفەیەک یان وەستایەکی دیوارساز ئەو کارەی تۆیە، ئەوان لە من باشتر دەکات.

وتی: مامۆستا من چەندان موهەندیسم بەلاوە کار دەکەن، خەلفەی چی؟

وتم: مامۆستا تەواوی کاتم گیراوە و ناتوانم ئەو کارەت بۆ ئەنجام بدەم.

کابرا لە باخەڵ دەفتەر چەکەکەی دەرکرد و وتی: دەی بڵێ، چەندت بۆ بنووسم؟

لە یەکم دایەوە من لەگەڵ ئاوا کەسێکدا بۆ مزگەوت ڕۆیشتنم پێ ناکرێت، ڕەفتارەکەی هێندە لەخۆباییانە بوو، وەک وابێت لە ساحەی ئاژەڵفرۆشاندا بێت، هی ئەوە نەبوو جۆری کاری خۆمی بۆ ڕوون بکەمەوە، بۆیە بە کورتی وتم: وەک وتم ئەو کاتەم بە دەستەوە نییە، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، کابرا نەدەچوو بە عەقڵییەوە ئاخۆ بۆچی کاری بۆ ناکەم، سەرسامانە هەڵسا و ڕۆیشت.

## پێناسی میعماری

میللەتانی جیهانی سێهەم خاووخلیسکانە و دوودڵانە هەنگاو دەنێن، ئێمەی کوردیش بەشێکین لەو جیهانە، ئەوە ناگەیەنێت تەماحگیری فەرهەنگێکی پێشکەوتووتر نەبین، نەخێر، شتێکە هەر ئەوەندە لە توانایان دایە، بەندە لەو بەشەیدا پەنجە دەخەمە سەر ئاشووفتەبازاڕی و چۆنییەتیی ئەمڕۆیی خانووبەرە، نەک تەنها لە کوردستاندا بەڵکوو لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا. خۆ وڵاتە عارەبەکانی دراوسێشمان لە ئێمە کاولتر و وێرانترن، سەیرەکە لەوە دایە بەو هەموو توانا ئابوورییەی لەژێر دەستیان دایە لە ڕووی پێناسی تەلارسازییەوە نەگەیشتوونەتە هیچ دیاردەیەکی تایبەت بەخۆ. لە دونیای لێدوانی تەلارسازیدا هیچ حاڵەتێکی تەلارسازی بێ تەقەلای بەردەوام مەحاڵە سەبکێکی تایبەت بەدەست بهێنرێت، من باس لە حاڵەتە فترییەکان ناکەم، کە جەبری زەمان پێکی هێناون، وەک ئەو ساختمانانەی وا لە وڵاتی یەمەندا دەبینرێن.



بەدەستهێنانی شێوەیەکی تایبەتی تەلارسازی جەهد و تەقەلای درێژخایانی دەوێت و مەرجی خۆیشی هەیە وەک: نەبوونی کێشە و گرفتاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هێز و توانای یاسایی و ئابووری، ژینگە ئاستی پلەی هەژاری تا ڕادەیەک باش، ئەکادیمیەت، دیموکراتییەت و ئازادی، ئەوانە هەر یەکە بە جۆرێک لە سەرکەوتن یان دواخستنی هەر پڕۆژە و بەرنامەیەکدا کارین، یەکێک لەوانە بە دەستهێنانی شێوەی تایبەتی تەلارسازیی.

بەندە دەمەوێ کورتەیەک لە ڕووی عەقڵانییەتەوە لەم باسە بدوم. هەر کات باس لەم بابەتەی بکرێت، هەر وڵاتێک هەلومەرجی تایبەت بەخۆی هەیە ئەگەر بەپێی مەنهەجیەت هەنگاو بنرێت، هیچ لەو وڵاتە عەرەبییانە لەو ڕووەوە سەرکەوتوو نەبوونە، نەک تەنها ئێمەی تەلارساز لەم ڕووەوە نیگەرانین، بەڵکوو خەڵکە زۆرەکەیش هەستی بەم ئاشووفتەبازاڕییە کردووە، بەڵام لە زۆربەی دەوڵەتە عارەبییەکاندا لەم ڕووەوە هیچ پلانێک بە دەستەوە نییە، ئێمەی کوردیش بمانەوێ و نەمانەوێ، لە هەمان قوماشین، لەم ڕووەوە دوان یان ڕەخنەگرتن کاری ڕۆشنبیرانی کوردە، کەم کەسیان دەتوانن دەربارەی تەلارسازی و گرفتەکانی تێکڕای هونەر بدون. بۆ نموونە فەرموو بڕوانە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان و هەروەها کەناڵەجۆربەجۆرەکاندا، بە زەحمەت لەو باسانەت بەرچاو بکەوێت، ڕاستە کۆمەڵگەی ئێمەی کورد هەرچی زەرافەت هەیە ململانە سیاسییەکە وەک ئەژدیها قووتی داوە و بووە بە ئافاتێکی وا لە (کۆرۆنا) ماڵکاولترە، (کۆرۆنا) تەواو دەبێت، تاریکی خۆماڵی کورد ٢٥٠٠ساڵە بەردەوامە. ئەو زامە لە هەر باسێکدا، لە هەر بڕیارێکدا دەیهێننەوە (سۆ).

جاران ململانێی خێڵەکییەکان و شەڕەقۆچی نێوان ئاغا و بەگ و شێخ و مەلا و خانەقا و تەکییە کاری بوون، لەو ئاشووفتەبازاڕییەدا خۆ ناشکوری نەبێت ئێستا حزبە کوردییەکان زۆربەیان پەیڕەوی مارکسییەت و چەپگەرایین، یان دیموکراتخواز و ئیسلامین، کەچی هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنن و پەرتەوازەی چەپ و ڕاستن. خۆ سایتەکان ئەوەندە هەرزان سفەتن، زۆربەیان دەمپیس و نەخوێندەوارن، هەتاوەکوو جنێوەکانیان پڕە لە هەڵەی زمانەوانی و ئیملایی و ڕۆژگاریکە ڕۆژ بە ڕۆژ لە نەزۆکی نزیکتر دەبینەوە، خۆ دونیای ڕۆشنبیری و هونەری بەتەواوی لە بنبەستدایە، ئەوی لەبەردەست دایە بەتەواوی نەشیاو و سەقەتە، سەیرەکە لەوەدایە کەس نییە شت نەزانێت، گرفتەکە لەوە دایە کەم کەس کارەکەی بە باشی دەزانێ و ئەنجام دەدا.

بنواڕە کەناڵەئاسمانییەکان و وردبەرەوە لە بەرنامە جۆربەجۆرەکان و گوێ لە بۆچوون و موعادەلاتیان بگرە. گرفتەکانی ئەو قۆناغە تەنها سیاسی نین، بەڵکوو گرفتی ئەمڕۆی ئێمەی کورد تەنها خۆنەناسینە. باشە کاتێک من تووشی گرفتی خۆنەناسین بم، لە کوێ دەتوانم ببمە خاوەنی پێناس و شت ناسین؟

خۆ گرفتی ئێمەی کورد تەنها گرفتی پێناسی تەلارسازی نییە، لە تەواوی پێناسەکاندا هەمان ڕواڵەتی ئاشووفتەوپەریشانمان هەیە. لەم وڵاتەیدا عارەبەکە لە ئێمەی کورد بەربادترن، گرفتی ئێمە لەوەدایە دڵخۆشیمان بەوەوەیە لەوان باشترین، بەندە لام وایە کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەیل و کێشانە و تەرازووە بەلاوە بنێین و تەماحگیری ژیانی تێگەیشتووتر و پێشکەوتووتربین، هێندە خۆمان نەخەڵەتێنین.

ئێمەی کورد پرسیاری زۆرمان لە فکر دایە، گرفتە سەرەکییەکەمان لەوە دایە پرسیارەکانمان بێ وەڵامن!

من نامەوەی تەواوی هۆکارەکان بخرێنە گەردەنی دەستەڵات و هەروەها حزبەکان، گرفتەکە لە توانا و قودرەتی ئەوان دا نییە و لەو هەلومەرجەیدا پێم وا نییە بتوانن هیچ گۆڕانکاری لەبنەمای گرفتە ریشوودارەکان بکەن، بەڵام هیچی تێناچێ دوور لە ململانێی حزبی لێی بدون. بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بڕۆین گەلێک لەوەباشترە بیاندەینە دەستی زەمان و هەروەها بوون و فەرامۆشییەوە. تەسلیمی بیروڕای نائومێدبوون لە ئەرکەکەیدا ئەوە بەزینە، بە ڕای من شەڕ و ململانی دروستکردن لە شەڕی جەبهەیی و پارتیزانی دژوارتر و پڕ کێشەترە. ئەوەیش ئەرکی سەردەمدارانە، نەک خەڵکە زۆر و ڕەشوڕوتەکە، کە چەندان ساڵە وارسی کەلتوور و هەژار و نەخوێندەواری و بێ دەرتانین، هەر نەبێت من و تۆ نابێت بە ئەرکی خۆمانی نەزانین، کەم تەرخەم و بێ دەربەست بین.

دونیاکە وەک جاران دەرودەروازەی هەلقەرێز نەکراوە. جادەکە پانە و ئاوەلایە، دونیا لەم دەور و زەمانەیدا گەلێک بچووک بووەتەوە، هیچ شتێک مەحاڵ نییە، دەکرێ بکرێن ئەگەر چاوساغانی وڵاتەکەمان زۆرتر فکر لە داهێنان بکەنەوە تا خۆیان سبەی و دووسبەی لەبەر چاوە.

ژمارەیەکی گەلێک زۆر هەڵگری ماجستێر و دکتۆرا لە وەڵاتەکەماندا هەن، تۆ بڵێی ٣٠%یان دەکرێ باوەڕیان پێ بکرێت؟ ئەو ئەندازە کەم نین، ئەگەر دەوڵەت بەرنامەڕێژی بکات.

خۆ من بە تەمای پیشەسازی قورس و قەبە نیم، یان پێشکەوتنێکی وای کشتوکاڵی بەرهەمەکانمان بنێرینە دەرەوە، هەر نەبێت دەکرێ بەرهەمی قووتی ڕۆژانەی ئەم خەڵکە بخرێنە بازاڕەوە و شووتی و کالەک و سەوزەمان لە دەرەوە هاوردە نەکرێن.

ئاو، هەیە. خاکە، زۆرە، بێ کارەیش بە هەزاران. کەوایە هۆکاری سەرەکیی ئێستامان بێ بەرنامەیی و پلانە، جا کاتێک بەرانبەر قووتی ڕۆژانەی خەڵک بەرنامە و پلان نەبێت، دەبێ کەی لە تەلارسازی و هونەر بیر بکەینەوە؟

گرفتەکە لەوە دایە لە فکر و بۆچوونی زۆربەی خەڵکی لای ئێمە بە ژمارەیەکی زۆری بەرپرسیارانیشەوە سەلماندوویانە دونیای هونەر گۆرانی و ژەندنی مۆسیقایە، کە هەمانە، ئیدی هونەری چی؟

پەیمانگای زۆری هونەریمان هەیە، ساڵانە سەدان دەرچوویان لێوە دەردەچن، ئەوانەی وتم دروستن، بەڵام جێگەی داخە هەتاوەکوو لە گۆرانی و مۆزیک و ژەندنیشدا سەرکەوتوو نین، ئەگەر گۆرانییە کۆنە خۆماڵییەکانی لێ وەدەر بهێنی، ئاهەنگێکی شیاوی پەسند بەزم و بەستە و مەقام و ریتم و نۆتەیەکی شیاو نابیسترێت، ئەو ئاهو ناڵاندنەیش وا لە دڵماندا دەچەسپێت لە ئاکام و سەرەنجامی ساڵانی زۆڵم و زۆریی بێگانە و خۆماڵییە، ئەگینا ئەوەیشمان نەدەبوو.

من بۆخۆم یەکەمین جار ئامێری (عود)م زۆر بەلاوە سەیر بوو، ئەو دەنگە لە کوێنەوە دەردەچێت، مامۆستاکەمان تورکمان بوو جاروبار لە کلاسەکەدا عودی لێ دەدا.

لە کلاسی یەکی سەرەتایی بووم لە لادێکەماندا دەنگۆ بلاو بوویەوە (لۆتی) هاتووە، نەمدەزانی وشەی (لۆتی) یانی چی؟ لە دایکم پرسی، دایکم وتی: کورم ئەوە دەهۆڵ لێدەر و سرناژەنی هەژاران لە خەرماناندا دێ بە دێ دەگەڕێن، گەنم و جۆیان دەدرێتی. برێک لە خاوەن خەرمانەکان نەیاندەهێشت لە خەرمانەکانەوە نزیک ببنەوە تا پەری و مەلائیکەی خێر و بەرەکەت لەناو خەرماندا نەدەن لە شەقەی باڵ و خەرمان بەجێ نەهێڵن.

پێم وا نییە لە ئاوا عەقڵیەتێکدا هونەری مۆزیک گەشە بکات، وا هەزارەی سێیەمە و بیست ساڵیشی لێ گوزەراوە، ئەوە ئێمە و ئەوەیش ئەو هەموو کەنالانەی نەوباو بلاودەکەنەوە بەلای زۆر کەسەوە نامۆفەقن.

باشە ئێمەی کورد و دەستەلاتە خنجیلانەکەمان مومارەسەی دەولەتداری دەکەین خۆ ئەوەیش مافی خۆمانە و مەرجەکانیشمان تیادایە، با بزانین لەم کەین و بەینەیدا وا ئەورۆ کە زمانی هونەر جیهانییە و میللەتانی پێ دەدوێن، ئێمەی کورد لە کوێ دایین؟

کۆلیژە هونەرەکانمان ئەگەر لەگەڵ کۆلیژەکانی تردا پێکەوە بەراورد کرێن، شڕۆلترین و بێنازترین کۆلیژە هونەرییەکانن، پەیمانگا هونەرییەکانیش لەوان خراوترن.

دەرچووانی ئەو کۆلیژ و پەیمانگا هونەریانە ئەگەر لە قوتابخانەیکدا دامەزرێن، کارە هونەریەکەی پێ ناسپێرن و هەر وەک مامۆستایەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

ژمـــارەیەکی زۆر کەم پەیـــکەر لەنـــاو کوردســـتاندا هەن، برێکیـــان نامەوزوون و بێ تەناسووبن، وردبەرەوە لە پەیکەرەکەی شێخی نەمر، بەو جل و بەرگەوە گەلێک ناجۆرقەبارە و ئەندازەیە، باسی ئەوانی تر ناکەم خۆ شانۆی گالری، سینەما و داپیویستە هونەرییەکان بەدی ناکرێن.

ڕاستە وتراوە (دەفر لە ئاش گەرمترە)، ئەگەر بێت و پایتەختی کوردستان لەگەڵ وڵاتە عارەبەکاندا بەراورد کەین زۆر جیاوازە، لەوێڕا لە زۆربەی گۆڕەپان و شەقامەکانی پایتەختەکانیان ژمارەیی پەیکەر لەوێڕا کەم نین. هەر لە بندەستی زانکۆی ئەزهەردا کە مەڵبەندی بەرزی زانستی ئیسلامییە چەندان پەیکەر دانراون، ئەگەر لەبەر ئیسلامگەرایی بێت، خۆ ئایینی ئیسلام لە وڵاتە عەرەبەکانەوە هاتووەتە کوردستان.

بۆچی ئێمەی کورد مێژوومان نییە، قارەمانانی ململانمان تێدا نەبووە شایستەی پەیکەر بن؟

کەڵەشاعیرانی وەک جەزیری و مەلەوی و نالی و مەحوی بیسارانی و سالم و وەفایی و ئەحمەد موختارجاف و گۆران و چەندانی تر، کوا پەیکەریان؟ ئەگەر لەم توانا و دەستەڵاتەیدا ڕێز لەوانە نەگیرێت، کێ بەرپرسیارە؟

ئەوانە توانیویانە پێناسی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی دەستنیشان بکەن چ وەک زمـــان چ وەک کلتـــوور، چ وەک مێـــژوو، چ وەک نەتەوە و نیشتمان، ئایا ئەوانە شایانی پەیکەر نین؟

بۆچی لەم ڕووە هەست بە بەرپرسیاری ناکەین؟

کەواتە گرفتی پێناس تەنها نەبوونی پێناسی تەلارسازی نییە، ئەو مەفاهیمە بێ دەربەستانە پشتگوێ خراون، شایستەگییان حەیی عەلاسەڵاتە، کەچی من دەهۆڵی بەدەستهێنانی پێناسی تەلارسازی لێدەدەم...

پێم وایە هەشتاکان بوو کۆڕێکم لە شاری هەولێردا دەربارەی تەلارسازی ئەنجام دا، تیایدا باسی ئەوەم کرد ئێمەی کورد تەلارسازیمان نییە، برادەرێک دەمارگرژانە ڕەخنەی گرت و وتی: چۆن تەلارسازیمان نییە، هەستە بڕۆ بۆ ناو قەڵای هەولێر، ئەو کاتە دەزانی تەلارسازیمان هەیە یان نا؟

بەندە چەندان جار بە وردەکارییەوە خانووەکانی قەڵام دیوە بۆیە بە وردەکارییەوە وەڵامم دایەوە، کاکە ئەو خانووانە منیش وەک تۆ ڕێزیان لێ دەگرم، شایستەی پاراستن و گرنگی پێدانن، بەڵام ئەوە ناگەیەنن کە شێوەی تەلارسازیی ئێمە بێت، ئەوەی لێرەوە دەبینرێت تێکەڵەیەکن لە چەند شێوەی تەلارسازی عوسمانی، قاجاری، سەفەوی، لە یەک خانوودا ئەو شێوە تێکەڵە دەبینرێت.

بڕێک لە خانووەکانی بەغدا کە ناسراون بە (خانووی بەغدایی) هەمان حاڵەتی خانووەکانی ناو قەڵای هەولێریان هەیە، بڕێک لەو خانووانەی قەڵای هەولێر لە هی بەغدا ڕازاوەترن، ئەڵبەتە ئەو خانووانە ناکرێت تێکەڵی مێژووی گردەکەی قەڵا بکرێن، ئەو گردە مێژووی بەشەریەتی تیادایە، بەڵام خودی ئەو خانووانە ناکرێت لەسەر شێوەی تایبەتی تەلارسازی دابنرێن. ئێستا بە موڵکی ئێمەی کورد دەژمێردرێن... بەڵێ وایە بەڵام بەشێوەی تەلارسازیی نادرێن لە قەڵەم. لەبەر هۆکارێکی

سادە و ئاسان، ئێمەی کورد خاوەنی شێوەیەکی ناسراوی تەلارسازی نین، بەڵام ئەوەی ناگەینێ بە تەمای نەبین و بۆی تێنەکۆشین.

بەنـدە شـانازی بە لادێکـانی نـاو هەورامـان زۆرتـر دەکەم تـا خانووەکـانی سـەر قەڵای هەولێـر، چـونکە ئەو لادێیـانە زادەی فکـری کوردن، بەپێی دیموگرافی لە ڕووی هەستێکی خورِسک پێک هـاتوون. لە ڕووی زانستەوە ددان بەوەدانـراوە دێ بـووە بە شـارەدێ و شـارەدێ بووەتە شار، شاریش بووەتە پایتەختی دەستەڵات. بەپێی نیاز پایتەختە کۆنەکـان مەرجـی ژیانیـان جیـاواز بـووە و ناچـاری دروسـتکردنی خۆپاراسـتن بـوونە، شـوورەی دەوری شـار و قوللـەی چـاودێری هەر شارێک لەوەی تر جیاواز بووە، ئەو نیـازانە بوونەتە پێکهـاتنی حـاڵەتێکی تەلارسـازی ئەو حـاڵەتە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و پـێش ناوەڕاسـتدا بەپێی ململانـی شـازادە و دەسـترِۆ و دەرەبەگەکـانی نـاو ئەورووپا هەر یەکە لەوان قەڵای قـاییم و مـوحکەمی شـوورەدار لە جـێگەی بەرز و بوڵنـدی سـتراتیژیدا دروسـت کەن. هەر یەکە لەوانە کۆشـاون شـێوەی قەڵاکەی لەوەی تـر قـایم تـر بێـت. هەر ئەو ململانە بـووە هۆکـاری گەشـەکردنی حـاڵەتی دونیـای تەلارسـازی. ئەورِۆ لە کـۆلیژ و زانکـۆ بەناوبانگەکانـدا وەک وانە دەخوێنـدرێت. ئەو قەڵایـانە تـا بە ئێسـتا پارێزراون و بوونەتە هۆکاری سەرچاوەیەکی گەشتیاری و ئابووری لە دەڤەرەکانیاندا بە پێچەوانەی ئەورووپاوە لە سەرتاسـەری کوردستاندا تەنها قەڵای شێروانە حەمەپاشای جافی باپیرم ماوەتەوە.

زۆر لە کـۆلکە خوێنـدەواران و گەوجـانە و پەیـرەو مارکسـیانە دەکۆشان ئەو قەڵایە بکەنە دەستکردی توورک و تەتەر و عەجەم، تەنها هـی کوردێـک نەبێـت ئەویـش حەماپاشـای جـاف بـووە، ئەوانەی تـازە

بــوونەتە خــاوەن قەڵەم، خــاوەن دەســتەڵاتی حزبــی ئەوی بیریــان لــێ نەکــردووەتەوە پێناســی نەتەوایەتــی و بەرژەوەنــدیی وڵات و نەتەوە و دەڤەرەکە بووە، ئەو هانی هانی گەوجانە بەردەوام بوو، تا ڕێوڕەسمی پەیکەردانانی حەمەپاشای جاف بەلای قەڵاکەیەوە، کەسیکی خوێندەواری ئەنــدامی مەکتەبــی سیاســی یەکێتیــی نیشــتمانی کۆتــایی بەو ڕەفتــارە گەوجانەی خام بیران و ساویلکە پێنووسانی هێنا. ئەویش مەلا بەختیار بوو، ئیتر (ئەو گویلە نموونەی خەروارێکە)، باوەڕناکەم بەو عەقڵیەتەوە ببینە خاوەنی پێناسەکان.

خـۆ ئەو ئاشـووفتەبازاڕییە هەر لەنێـو ئـێمەی کـورددا نییە، لە زۆر جـێگەی وڵاتە عەرەبەکـان تەلارسـازان کـۆک نـین لەســەر شــێوازی تەلارســـازی. جیاوازییمـــان لەوە دایە ئەوان نکـــووڵ لە کـــردەوەی باوباپیرانیــان نــاکەن، شــتێکە پەرتەوازی فکــری هەندەســی لەســەر شـێوازێکی تـایبەت دەستنیشـان نەکـراوە، کە ئەوە شـێوازی تەلارسـازیی عەرەبییــە. ســەیرەکە لەوە دایە چەنــد ســەد ســاڵ لەمەوبەر شــێوازی میعمــاریی مــزگەوت لە میســردا لەگەڵ شــێوازی میعمــاریی عوســمانیدا جیــاوازبووە، ئەو دوانە لەگەڵ شــێوازی میعمــاری مزگەوتــی ئێرانییــدا جیاوازن، شێوازی مزگەوتەکانی ئەم وڵاتە کە ئێستا ناسراوە بە عێراق، شێوازی میعماریی سەردەمی ئیسلامی عەباسییە و نەگۆڕاوە.

باشـە ئەی ئەو گۆڕانکاریانە لە تەلارسـازیی خانووبەرەی زیندەگیدا بۆ نیو نیگا خۆی وەدەر ناخات؟

خۆ وڵاتە عەرەباکان دەوڵەتن و دەستەڵاتی سـەربەخۆ و ئـابووریی تــۆکمە و خــاوەنی نیــوەی نەوتــی جیهــانن، بەم هەمــوو زانکــۆ و تەلارسازییەوە بۆ نەبوونە خاوەنی تەلارسازییەکی تایبەت بەخۆیان؟

ئێمەی کورد چەندان هەزار ساڵە تووشی گورنەتەڵەی دەرەکی و ناوخۆیی و خۆمان هاتووین، ئەوان بۆ پێناسی تەلارسازیی خۆیان نین؟

ڕەنگە یەکێک بڵێت ئەم کابرا سەیرە... وڵاتە عەرەبییەکان بەو توانا ئابووری و ٢٤دەوڵەتەوە نەیانتوانیوە ببنە خاوەن پێناسی تەلارسازیی خۆیان، ئەم کابرا دەڵێی بەنگی کێشاوە ئێمەی کورد بەم وەزعە سیاسییە پەڕپووتەوە، بەو وەزعە ئابوورییە ناجێگیرە، کام پێناسی تەلارسازی؟

ئەو پرسیارە بە جێیە، بەڵام دڵنیایی دەکەمەوە پەنگم نەکێشاوە، زۆرتر لە پەنجا ساڵە لە کار و کردەوەی تەلارسازییدام و چەندان خەڵاتی تەلارسازی کراوم، باشە بۆ ناپرسن ئەریَ بۆ بیریان لە پێناسی تەلارسازیی نەکردووەتەوە؟

کەواتە بەندە ئەرکی خۆم ئەنجام دەدەم بەرانبەر پاشەڕۆژ و تەقەلا و بانگەوازی خۆم دەکەم، دەزانم لەم قۆناغەیدا ئاشووفتەبازاڕیی سیاسی و ئابوورییە لەرزۆکەیدا ناگەینە هیچ ئاکامێکی دیاریکراو.

لە کوردستان و عێراقیشدا یەک دوو نەخشەی ناجۆری ناسراوە کراوەتە باو، دەتوانم بڵێم ئەگەر زەوییە شەش سەد مەتری چوارگۆشە بێت یان چوارسەد یان هەتاوەکوو ٢٠٠مەتر دووجای چوارگۆشە بێت چوونە ژوورەوە لە ناوەڕاست دایە . ئاشپەزخانە لە لایەکەوە، ژووری مێوان بەو لاوە، پلەیە لە لایەکەوە، هەڵدەکشێیتە سەرەوە دووژووری نووستن یان سیان لە سەرەوەیە و بەیتوونەیەک بۆ پلەی سەربان ئەگەر زەوییەکەی خوارەوە ماوەی تیادا بێت ئەوا ژوورێک لە خوارەوە ئەنجام دەدرێت بۆ دانیشتن، یان نووستن، دەتوانم بڵێم لە ٩٥%ی

خـــانووی بەرەی ئێســـتای عێــراق بە کوردستانیشـــەوە بەو چەشـــنەیە، زۆربەی زۆری ئەو خانووانە دیوارەکانی بلۆکن، تا بلۆک دانەهاتبوو لە شـارەکانی ناوەڕاسـتی عێراقدا، وەک: خـانەقین، کفـری، دوزخورمـاتوو، کەرکــووک، لە جــۆرە بەردێــک دروســت دەکــرا بەنــاوی (تــاوێر) کەوا کانەکـانی لەو شــارانەیدا نـزیکن لە خانووەکـانی ئەو شــارانەیدا زۆرتــر نهـۆمی بـوونە و گـومەتی نزمیـان لە جـوێی شـێلمان بەکـار بـردووە، لە خواریشــەوە بــۆ هەڵگرتنــی ئەو دوو ســێ گــومەتە نزمــانە هەر هەمــان کەرەســتەی دیوارەکــان (تــاوێر) دروســت کــراون، تــا وەک هەڵگــری گـومەتەکەی بێـت، ئێسـتا لەو شـارانەیدا دیـواری تاوێریـان وەلاوە نـاوە، زیــاتر هەر بلــۆکی کــۆنکرێتی بەکــار دەبەن. لەو دەڤەرانەیــدا کاتێــک پێشــمەرگە بــووم لادێکـانی ناوچەکـانی عەشـایەری زنـگەنە و داودە و جەبــاریم بە پێیــان دیــومن، ئەو کــاتە ئەگەرچــی هــیچ ئاگــادارییەکی هەندەسـیم نەبـووە، بەڵام ئەوەم دەستنیشـان کردبـوو، خـانووبەرەی ئەو دەڤەرانە لە لادێیەکانی دەڤەرەکانی جاف و باکووری خانەقین جیاوازە و ئەگەرچـــی ئەوانـــیش دیـــواری خانووەکانیـــان لە قوڕوخشـــتی کـــاڵ دروســـتکردبوو، لە چەپ و ڕاســـتەوە تـــاقی جـــوان و ڕێکوپێـــک لە دیوارەکاندا بۆ هاتوچووی با و ڕۆشنایی، بڕێک لەو خـانووانە دوو نهـوم و بە پایە سەردەکەوێتە سەرەوە لەسەر بانەوە فۆرمی هەندەسی جوانی و زەوقــی پیــوە دیــاربوو. زۆربەی خانووەکــانیش حەوشــە و دەرگــای موحکەمیـان هەبـووە، لەوانە گوزەشـتە بە قـوڕێکی تـایبەت زۆرتـر سـپی دەنوا، ڕووکەشی تەواوی نمای دیوارەکانیـان سـواق دابـوو، لە دەڤەرانـی لای ئێمە لەو جۆرە خانووبەرانە نەدەبینرا، ئێستا هۆکارەکەی لام ڕوونە، ئەوان لە دێڕزەمـانەوە نیشـتەجێ بـوونە و جـافەکەی لای ئـێمە ئەو دەم سەرجەم هەشتا ساڵ لەوەوە بەر کۆچەر بوونە.

جـافێکی کـۆچەری تازەنیشـتەجێ بـوو تەنهـا نیـازی بەوە بـووە سێوەری هەبێت و خۆی و ئاژێڵەکانی لەژێر باران و تۆفدا نەبن.

تەلارسـازانی ئێسـتای عێراق بە کوردستانەکەیشـەوە کەمیان بۆیان هەڵدەکەوێت دیزاینێکـی تـایبەتی تەلارسـازی ئەنجام بـدەن. بیـر لەوەی دەکەمەوە ڕۆژگارێـک ڕۆژهەڵات و ئەم دۆڵـی میزۆپۆتامیـایە هەوارگەی داهێنـــانی بەشـــەریەت بـــووە، چ حیکمەتـــێکە لە تەواوی بوارەکانـــدا چاوەڕوانی داهێنانی میللەتانی دوور و نزیکین؟

ژیـنگە هەمـانە، خـاک و خـۆڵ و ئـاو و کەرەسـتەکان هەمـانن، ئەو هەمـوو داهێنانەیـان کـردووە، ئایـا هۆکـارەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ جـۆری ڕەگەز؟

لەم دۆڵەیـــدا چـــوار ڕەگەز ژیـــاون: (ســـۆمەری، ئەکەدی، بـــابلی، ئاشووری) لە دامێنی چیاکانی زاگرۆسـدا میللەتـانی (مـاد) ژیاون، ئەوڕۆ لە سەرتاسـەری جیهانـدا تاکەکەسـێک لەو ڕەگەزانە بەدی نـاکرێن، بەلای ڕەگەزناسـانی جیهـانەوە بە ڕەگەزە لەناوچووەکانیـان دانـاون. میللەتـانی عەرەب دوای غەزوی ئیسلامی هـاتوونەتە نـاو ئەم دۆڵەوە کە لە دواییدا بە عێراق نـاوبراوە. کوردەکەیش لە دوای دەستەڵاتی مـادەوە ژێرستەی میللەتانی تر بوونە.

تەلارســـــازی ئیســـــلامی زادەی فکـــــر و هـــــونەری مـــــیللەتە بە ئیسلامبووەکانە، وەئیلا ئەگەر بنواڕینە یەکەمین مزگەوتی ئیسلامیدا:

مزگـەوتی پەیامبـەری خـودا (سـڵاوی خـودای لـێ بێـت) سـەرەتای تەواوی مزگەوتەکانی جیهانـە، هـەموو مزگەوتـەکانی سـەراسـەری جیهـان

ئیلزامەن دەبێ سەوابیتی ئەو مزگەوتە بپارێزن، وەک: قیبلە، میحراب، مینبەر، جێگەی نوێژکردن.

زەرافەتی تەلارسازیی ئیسلامی لەو مزگەوتە سادە و بێ ئارایشە گەیشتووەتە ئاستێک ئەوڕۆ تەلارسازیی ئیسلامی بە بنەماڵەیەکی گەورەی تەلارسازیی جیهان دەژمێردرێت. ئەمەیش بە گوێرەی بەربڵاوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە گەیشتووەتە ئەم ئاستە و بەهۆی تێکەڵاوی فەرهەنگی گەلانی بە ئیسلام بوو. بۆیە دەبینرێ جیاوازی شکڵ و شەمایلی مزگەوتەکان جیاوازن... بۆیە بەندە مزگەوتی پەیامبەری ئیسلام(سڵاوی خوای لێ بێت) بە هی هیچ دەوڵەت و میللەتێک نازانم و وەک سەرەتای تەواوی مزگەوتەکان دایدەنێم.



مزگەوتی پەیامبەر لە مەدینەیدا نموونەی تەواوی مزگەوتەکانە بەتایبەت تا سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی لە ئێراندا پێنج مزگەوتی برێک گەورە دروست کراوە و دەکرێ بە سەرەتای مزگەوتی گەورە لە ئێران بژمێردرێت.

١- مزگەوتی (فەهرج) لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا دروست کراوە.

٢- مزگەوتی (شوش) لە دوادوایی سەدەی یەکەمی کۆچیدا دروست کراوە.
٣- مزگەوتی (تاریخانە) لە دامغان دا لە سەدەی دووهەمی کۆچیدا دروست کراوە.
٤- مزگەوتی (سیرافی) گەورە لە سەدەی دووهەمی کۆچی دروست کراوە.
٥- مزگەوتی (نائین) لە سەرەتای سەدەی چوارەهەمدا دروست کراوە.

لەبەر ئەوەی تەواوی مزگەوتەکانی ئەوسا و ئێستا پەیڕەوی ئالیەتی مزگەوتەکەی پەیامبەرن (لە میحراب، قیبلە، جێگەی نوێژکەران لە پشتی ئیمامەوە) بە هەر شێوە و شەمایلێکی هەندەسی بتەوێ مزگەوتی هونەری ڕازاوە بە ئایات و خەت و ختووتی جۆراوجۆر دروست کەیت ناکرێ لە ڕوانگە ئاسایییەکانی مزگەوت زەڕەیەک لابدرێت. جا بەندە بەباشی دەزانم تۆزێک دەربارەی مزگەوتەکەی پەیامبەر (سڵاوی خوای لێ بێ) بدوێم.

زەوی ئەو مزگەوتە، کە حوشترەکەی پەیامبەری خودای تیا داکەوت، هی دوو هەتیو بووە بەناوی (سەهل و سوهێل)، سەر بە کەسێک بوون بەناوی حەجەر ئەبوو ئیمامەی ئەسعەدی کوڕی زرار، پەیامبەری خودا دەنێرێتە دوای ئەو دوو کەسەیدا و نیازەکەی خۆی دەفەرمووێ.

دوو کوڕەکە سووردەبن لەسەر بەخشینی بە پەیامبەر ئەوە قبووڵ ناکات و مافی خۆیانی دەداتێ.

دەست دەکرێ بە دروستکردنی، بناغە بۆ دیوارەکەی هەڵدەکەنرێ و پڕی دەکەن لە بەرد و دیواری قوڕی بەسەردا دروست دەکەن،

قیبلەکـەی ڕوو بـە (بیت المقدس) دەکـەن و سێ دەرگـەی بۆ تـەرخان دەکەن، دەرگەی ڕۆژهەڵات، دەرگەی ڕۆژئاوا، دەرگەیەک لە باشووری قیبلـەوە... کاتێـک ڕووی نوێژگوێزرایەوە(کابـە) دەرگایـەک لـە بـاکوور کرایەوە. دەرگـەی قیبلـە بەسـترا و دەرگـەی ڕۆژهـەڵات کە پێیان دەوت دەرگـەی خێڵـی عوسـمان، پەیامبـەری خـودا لـەوێڕا دەهاتـە ژوورەوە، هەروەها لە دەرگەی جوبریلەوە... بەڵام دەرگەی ڕۆژئاوا بـەناوی عاتکە ناودەبرا، ئێستایش بەناوی دەرگەی (الرحمة) ناو دەهێنرێ.

ئەوسـا ئـەو مزگەوتـە تـەنها گۆڕەپـانێکی چـواردەورگیراو بـووە، نوێژکـەران پـەنایان بردووەتـە بـەر پەیامبـەر (سـڵاوی خـودای لـێ بێـت) تاکوو لە هەتاوی سوتێنەر ڕزگاریان بکات و سێوەرێکیان بۆ دروست بکات. ڕەسوولی خودا بۆ خۆیشی لەگەڵ هاوەڵاندا لە هێنانی گڵ و قوڕدا بەشـداری کـردووە. بنمیچیـان لـە سـەعفی دارخورمـا بەسـەر تەنـەی دارخورماوە سازاندووە.

لـە ئەنـدازەی مزگەوتەکـەدا بیـروڕا جۆراوجـۆرە، بـەڵام ئـەوی لـە هەقیقەتـەوە نزیکە مزگەوتەکە ١٠٠×١٠٠گەزبووە، بەڵام ڕای تر دەڵێت ئەندازەکـە X٦٣ ٢٠گـەزبووە، هەرگـەزێک ٥٢سـم. ١٦ یـان ١٧ مانـگ نوێژیـان بـەرەو (بیـت المقـدس) کـردووە، دوای ئـەوە قیبلـەیان گۆڕیـوە بـەرەو کابە. ئـەو گۆڕینـە دوو مانگ لـەپێش شـەڕی بـەدردا کـراوە. دوو جۆر سێوەر دروست کراوە، لەنێوان ئەو دوو سێوەرەدا زەویەکی بەتاڵ هـەبووە. هەڵبـەت لـە سـەردەمی خولـەفای ڕاشـیدیندا گۆڕانکـاری لـەو مزگەوتەیـدا کـراوە، بەتایبـەت لـە سـەردەمی حـەزرەتی ئەبووبـەکر و هـەروەها حـەزرەتی عومـەر و حـەزرەتی عوسـماندا، هـەروەها وەلیـدی کوڕی عەبدولمەلیکی ئەمەوی. لە دوای ئەو گۆڕانکارییانە بەپێی زەمان و

سەردەمدارانی ئەو کاتە، ئەو مزگەوتە پیرۆزە گۆڕانکاری تیادا کراوە. بەڵام میبنەرەکەی پەیامبەری خودا، ئەویش وەک مزگەوتەکە داستانی خۆی هەیە. جاروبارێ پەیامبەری خودا بە پاوە دەدوا، جاروبار دوانەکانی پەیامبەری خودا درێژەی دەکێشا. بۆ ئەوەی زۆر ماندوو نەبێ دوو تەنەی دارخورمایان لە زەویدا چەقاند تا پەیامبەری خودا پاڵیان پێوە بدا... ئەوە لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بووە. سەرەنجام میبنەرێکی سێ پلەی بۆ دروست کراوە، جگە لە جێگەی دانیشتن پەیامبەر بەسەر پلەی سێیەمەوە ڕادەوەستا، ئەبووبەکری سدیق بەسەر پلەی دووەمەوە ڕادەوەستا، یان دادەنیشت و پای دەخستە سەر پەلەی یەکەم... حەزرەتی عومەر لەسەر پلەی یەکەم دادەنیشت و پای لەسەر زەوی دادەنا، حەزەرەتی عوسمانیش وەک حەزرەتی عومەری دەکرد. بۆ ماوەی حەوت مانگ، لە دواییدا سەرکەوتە سەرەوە، ڕۆیشتە جێگەکەی پەیامبەر(سڵاوی خودای لێ بێت)، کە معاویە دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت، مینەبەری کردە شەش پلە. مینبەرەکەی پەیامبەری خودا لەساڵی ٦٥٤ک کاتێک مزگەوتی پەیامبەر سووتا، ئەویش لەگەڵ مزگەوتەکەیدا سووتا. بگەڕێوە بۆ کتاوی ( مێژووی مزگەوت و منارە و مینبەر و میحراو و مەزار) خوسرەو جاف.

لێرەوە دەردەکەوێت سەرەتای میعماری ئیسلامی لە مزگەوتی پەیامبەر لە مەدینە دەستی پێ کردووە.

بە شێوەی فراوان مەدرەسەی تەلارسازی ئیسلامی سەرەتا لە ئێراندا دەستی پێ کردووە و پەرەی سەندووە، ئەڵبەتە دوای سێ شەڕە گەورەکەی نێوان سوپای ئیسلام و ئێران( شەڕی قادسیە، جەلەولا، سەرەنجام شەڕی نەهاوەند)، کە عەرەبەکان پێی دەڵێن (فەتحولفتووح)،

ئیدی بەو شێوە میللەتانی ئیسلامی شێوەی تەلارسازییان بە وجوود هێناوە.

بەندە لەسەر ئەم واقیعیەتە زانستییەی تووشی کێشە و بێشە هاتووم.

جارێک لە یانەی (عەلەویە) کە یەکێکە لە یانە کۆنەکانی شاری بەغدا داوایان کرد کۆڕێک دەربارەی تەلارسازیی عێراقی ئەنجام بدەم، لە باسەکەمدا باسی شاری بەغدام کرد، چەندە بێ ڕەنگە، چەندە هیچی پێوە دیار نییە، ئەگەر بە هەلیکۆپتەرێک بەسەر شاری بەغدادا گەشتێک بکەیت، شارێکی خۆڵاوی بە ڕەنگی تۆز و خۆڵ دەبینی، ئەوی ڕەنگە نابینرێت و لەژێر خۆڵدا داپۆشراوە. ئەم وتەیەم بوو بە گرفتێکی گەورە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقدا. لیژنەیەک بۆ لێدوانەکەم پێک هێنرا بە سەرۆکایەتیی وەزیر و چەند جیهەتێکی دیکەی ئەمنی. دوا دانیشتنیان لەگەڵ کردم، کە بۆ وتوومە (بەغدا شارێکی خۆڵاوییە) هەتا وایش بێت تۆ نابێ لە کۆڕدا وابڵێیت، ئەگەر هەناسەی وەزیرم لەگەڵدا نەبووایە خراپیان پێ دەکردم.

لە کۆڕێکی تردا لە هۆڵی (بیت الحكمە)دا دەربارەی شەقامی ڕەشید دوام، ئەویش بوو بەهۆی گرفتاریم، من نەوعیەتی گوڵتەکانی شەقامی ڕەشیدم ژماردبوو کە چەند جۆر گوڵتەی تیادایە، چەند خانووی بەسەرەوەیە، کە بۆن و بەرامەی تەلارسازیی پێوە دیار بێت، لەو باسەیدا ڕوونم کردبوویەوە (شارع رەشید) شەقامێکی تەلارسازی نییە و تەواوی گوڵتەکانی ١٨جۆر گوڵتەن لە هەژدە حاڵەتی میعماری جیاواز و پێکهاتوون، نایانتوانیوە وەک ئەسڵەکەی وەدەر بهێنن، لە وردەکارییەوە بە دوورە.

ئەم باسەیش بۆم کرایە بەزم و (مەجلیس تەحقیق)یان بۆ پێک هێنام، بۆیە بڕیاریاندا لە بەغدایدا دەربارەی تەلارسازی نەدوێم. یان دەبوو ببمە دەهۆڵ ژەن ئەوەشم پێ نەدەکرا.

لە یەکێک لە کەناڵەکان پرسیاریان لێم کرد بەڕای تۆ کام ساختمان جوانترین ساختمانی بەغدایە؟

لە وەڵامدا وتم: بەلای منەوە وەک تەلارسازێک (وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا) لە سەردەمی پاشایەتیدا لە لایەن تەلارسازێکی ئینگلیزەوە دیزایین کراوە، ئەو ساختمانە بەلای منەوە جوانترین ساختمانە، ئەم ڕایە گەورەترین گرفتی بۆ نامەوە بە وجوودی ٢٨کۆشکی جۆراوجۆرەوە کە لە سەردەمی سەددامدا ئەنجام درابوون، ئەو ساختمانەم بە جوانترین زانی بوو.

با ڕاستگۆ بم ئەو ڕایەم هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، تەنها ئەوەبوو من لە هەقیقەتدا ئەوە جێگەیەم پێ جوانترین بوو، ئەوە ناگەینێت کۆشکەکانی سەدام ناشیرین بن.

ئەوجارە لیژنەیەک هێنرا گەلێک توندوتیژانە لەگەڵمدا دوان و وتیان ئەمە دوا فرسەتتە دەیدەین پێت، وەرە ئەم بەڵێننامەیە ئیمزا بکە، ئەگەر لەو مەرجانە بگوزەرێت سزایەکی گەورە دەدرێیت، کە خوێندمەوە ئەمەی خوارەوە بوو:

من خوسرەوجاف پیشەم تەلارسازییە، بەڵێن دەدەم بۆ لەمەولا هیچ جۆرە کۆڕێک یان لێدوانێک دەربارەی مێژووی تەلارسازی و ئێستای عێراق نەدوم، بە پێچەوانەوە ئامادەی سزام.

خوسرەوجاف ١٩٨٩ز

لە سـەردەمی سـەددامدا برێـک مەلای هەقبێژ (مەمنـووعی مینـبەر بوون)

ئەوە منیشـیان بە هەمـان سـزا (بزمـک) کـرد، ترسـم لـێ نیشـت کاروپیشەم لێ یاساغ بکرێت، هەتاوەکوو دەربارەی دیزاینەکانی خۆیشم هـیچ باسـێکم لە هـیچ کوێـدا نەدەکـرد، دەترسـام دەنگـم تۆمـار بـکەن و بیکەنە بەڵگەی سزادانم.

با لەو حـاڵەتە نەگریس و پیسە بگوزەرێم، تۆزێک لە کۆنتر بدوێم. ئەوە سـەلمێنراوە سـەرەتای ڕاسـتەقینەی ڕاپەڕینـی میللەتـانی جیهـانی سێهەم لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئێمەی کوردیش دەگرێتەوە، لە سـەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کردووە و تا بە ئەمڕۆیش ئەو تەقەلایە بەردەوامە و کەم و زۆر لێرە و لەوێ نیشـانەکانی ڕەنگ و ڕوالەتیان لە کاروبار و کردەوەکاندا نێو نیگا خۆیان وەدەرخستووە و تێرامانێک لە فکـر و زکـری ڕۆشـنبیرانی ئەو گەلانەیـدا پێـک هێنـاوە، ئەوەیـش زادەی تەقەلای حـــزبە تێکۆشـــەرەکان و ڕێکخـــراوە ململانکەرەکـــانە دژ بە ئیمپریالیسـت و داگیـرکەران دەسـتەڵاتی تەکنەلۆژی و توانـای سـەنعەتی داگیـــرکەر. ســـەنگەرێکی دەروونـــی لە قـــووڵایی هەســـتی میللەتانـــدا پێکهێنــابووە، لە هەمــان کاتــدا تەمــاحگیربوونی ئەو پێشــکەوتنە و بە دەستهێنانی بووبووە مەرجی ژیانی و بە مافی خۆی دەزانی، داگیرکەری ڕۆژئـاوایی بە فکرێکی لەخۆبایـانە و لەخـۆڕازی بوون کەم باییـانە و بێ نرخـانە دەیـاننواڕیە ئەو ئـارەزوو و تەمـاحە ڕەوایەیدا، ئەو جـۆرە مـامەڵە نەشـیاوە نەبـووە هۆکـاری کۆڵـدانی گەلانـی ژێردەسـتە، بەپـێچەوانەوە لاسارانە هەستی چاولێکەری و لاساییکردنەوە لە خولیایاندا بە تینتر کرد و بەربڵاوترفکردنەوە.

کەس ناتوانێ لەو هەقیقەتە نکووڵ بکات دونیای ئیسلام و فکری هونەری ئیسلامی دونیایەکی تایبەت بەخۆی پێکهێناوە، خەت و ختووت و فۆرم و شکل و شێوە و قەد و قامەت و قەبارەی تایبەت بەخۆی دابین کردووە و بووەتە موعادەلەیەکی ڕیازی و بنەمای هونەرێکی تایبەت.

باشە ئاوا دونیایەکی بەربڵاو لەبەر دەستمان دایە، زۆر بە ئاسانی بێ ئەوەی لە چوارچێوە دیاریکراوەکان وەدەرچین عالەمێک پڕ لە زەرافەت و جوانکاری بە وجوود بێنن، ئەو هەموو تەقەنیاتە تازانە لەبەر دەست دایە، دەکرێ لەگەڵ تەواوی کلتوور و فەرهەنگ و ژینگەی میللەتاندا بگونجێت، هەتاوەکوو پەیکەر بەندە زۆر بە ئاسانی دەتوانم (بسم اللە الرحمن الرحیم) بکەمە پەیکەرێکی هونەری لە یەکێک لە مەیدانەکانی شاردا دانرێت.

جا با ئێمە هەموو نەشیاوەکان و سەختگیرییەکان نەخەینە ئەستۆی پیاوانی ئایینی، لەناو ئەو توێژەدا مەلای منەوەریان زۆر تیادایە، من چەند کەسێکیان دەناسم کتاوی هونەریان نووسیوە بەپێی ئایەتی قورئان و وتەکانی پەیامبەری خودا زۆر لە بۆچوونی دەمارگرژەکانیان ڕەت کردووەتەوە. لەوانە (مەلا سەید ئەحمەد)ی یەکگرتوو.

لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا "قاعیدە" هاتە کایە و بەناوی ئیسلامەوە ئەوپەڕی دڕندایەتی ئەنجام دا و تیرۆر و پەلاماری کردە دروشم لە سەرتاسەری جیهاندا، کوشتاری کردە دیاری بۆ میللەتان و بە دوای ئەودا دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) هاتە مەیدانەوە "قاعیدە" لە چاویدا بە حەوت ئاو شوراوەتەوە. لە کوشتندا داهێنەر، لە پەلاماردا بێ پەروا. لە خۆ بەکوشتنداندا بەبڕوا... جگە لە بواری سێکس نەبێ، ئەوی بواری

زیندەگی و زەرافەت و بوژانەوەی عەقڵ و عەقڵانیەت بوو... لە مەنهەجیەتیدا بە زەرەبین بەدی نەکراوە و سووریشن لەسەر بیروڕاکانیان و بەوان بێت سەرتاسەری بەشەریەت لەناو دەبەن و بەتەنها خۆیان دەهێڵنەوە.

با لەو دوو تاقمە درندەیە گەڕێین و بێینە سەر ژیان و هۆکارە جوانەکانی پەرەسەندنی مەرجی ژیان و سەردەمانە فکرکردنەوە.

جێگەی داخە بڕێک لە مامۆستایانی ئایینی لێرە و لەوێ دژ بە بوارەکانی هونەرن و بە شێوەیەکی پەسەند و شیاو نادون.

ئیتر ئەوە پەیکەرسازییە، شێوەکارییە، مۆسیقایە، گۆرانییە، هەڵپەڕکێ و سەمایە، شانۆیە، سینەمایە، هەتاوەکوو تەلەفزیۆنیش...

بەندە جگە لەوەی نووسەر و تەلارسازم، پەیکەرسازیشم، پرسیارێک لەو برادەرانە دەکەم: پەیکەر بۆ ڕاپەڕێن بکەم بۆ حەرام بێت؟

پەیکەر بۆ ڕیفراندۆم بکەم بۆ حەرام بێت؟

کارەساتی داگیرکردنی کەرکووک بکەمە پەیکەر، بۆچی بە حەرام لە قەڵەم بدرێت؟ تراژیدیای کۆڵبەر بکەمە پەیکەر، دەبێ حەرامییەکەی لەکوێ دابێت؟ مۆسیقا لە ئەزەلەوە هەبووە، گۆرانی لە ئەزەلەوە بیسراوە، مەگەر حەزرەتی داوود بلوێری لێ نەداوە و بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی نەدەوت؟

لەناو پیاوانی خودا زۆریان لە بواری هونەردا دەستی باڵایان هەبووە. جگە لەوانە ئایینە ئاسمانییەکان چەندە بۆ پەرستنی خودا بوون، ئەوەندەیش بۆ خزمەتی بەشەریەت بوون. لە تەواوی کتاوە

ئاسمانییەکاندا پەروەردگار هانی مرۆڤ دەدا تا مرۆڤایەتی و مەرجەکانی بپارێزێن، تا هاوکار و هاودەردی یەکتربن. تا سوودبەخشبن بۆ یەکتری، دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژکەنەوە و پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای وژدان و دادپەرستی بونیات نێن. پێکهێنانی ئاوا ڕێبازێک و ئاوا ژیانێک هەر بەدەم ناکرێ.

ڕاستە خودا عەقڵ و دەم و زوانی بەخشیوەتە مرۆڤ، بەڵێ چاویشی پێ بەخشیوە، گوێشی پێ بەخشیوە. مرۆڤ نیازی بە دیتنی ڕەنگە جوانەکانە.. بنوارە! هەسوونە زێڕینەی چەند ڕەنگ ئامیزەیەکی زەریف و پەسندە، نەوایەکی ئارامی مۆسیقا چەند فکر و زکری مرۆڤ ئاواڵە دەکا.

پەیکەرێک مێژووی زیندووی قۆناغێکە... ئەو هونەرانە بەخشندەیی خودایە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەگەر چوار عەرەبی گەوجی سەردەمی جەهالەت لە خورما پەیکەریان دروست کردووە و برسییان بووە و خواردوویانە نابنە بەڵگە بۆ نەفرینی هەتاهەتایی پەیکەر، مەگەر ئایینی ئیسلام لە وڵاتە عەرەبییەکانەوە نەگەیشتووەتە ئێمەی کورد، ئەی لەبندەستی (الأزهر)دا سەدان پەیکەر نابینرێت؟

مەگەر ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، ئەی شەقام و شارەکانیان بۆ پڕن لە پەیکەر و شانازی بە هونەرمەندان و شاعیرانیانەوە دەکەن.

بەندەیش وەک موسڵمانێک ئەوەم لا ڕوون بووەتەوە ئایینی ئیسلام هی یەک قۆناغ و سەد قۆناغ نییە، بۆ هەمیشە چلچرای ڕێگە تاریکەکانە و ڕێنمای ژیانی سەردەمانەیە و دوورە لە جەهالەت و زەینکوێری.

هونەر زمانی ئەمڕۆی بەشەریەتە، ئەو میللەتەی ئەو زمانە نەزانێت، مەحاڵــە ڕۆژێــک لــە ڕۆژان هــەنگاوێک بــەرەو ژیــانی ســەردەمانەی تێگەیشتن و پێگەیشتن بنێ....

کەواتە هونەرمەندان یان تەلارســازان بێ کێشــە دەتـوانن هـونەری خۆیان لەو سنووورەیدا ئەنجام بدەن.

بەندە وەک تەلارسازێک هەڵکەویت و دیزایینی مزگەوتێکی گەورەم پێ بسپێرن بە تەئکید دیزاینەکەم بەم شێوەیەی کە لەبەر چاوە ناکەم و لە ئەبعـاد و ســەوابیتی مــزگەوت بە دوور نـاڕۆم، ئەوەیـش بە ئـایەتی مونەزەل نازانم، مزگەوت هەر دەبێ گومەت و چاتمەی تیادا بێت.

میللەتانی ئیسلام بەشێکی بەربڵاوی جوگرافیای زەوی بە خۆیانەوە تەرخانکردووە، ڕەگەزی جۆراجۆر جیاوازیی زمان، جۆری ژیان، ئاستی ڕۆشـنبیریی کەلتـووری جیـاواز، فەرهەنگـی جۆراوجـۆر، ئـاو و هەواو و ژینگە ئەوانە هەر هەموو لە چۆنییەتیی نەخشە و دیزاییندا کاربن.

بەنـدە پێشـکەوتن و هـونەری نـوێگەرایی بە کـارێکی شـیاو و پەسـند دەزانم بە مەرجێک نەبێتە هۆکاری لەنـاوچوونی خەتوختووت و بنەمـا و دیاردەکانی نەتەوایەتی و نغرۆی لاساییکردنەوەی بێسنوور نەکرێت.

بەڕاستی ئەگەر دەوڵەت و دەستەڵات بە جدی بیر لە کاری (هەستی) بکـاتەوە ڕەنـگە ببێـتە هۆکـاری پێشــکەوتنی بەرچـاو، بەڵام نەک یەک خوسرەو جاف، سەدی وەک من خۆی بگرێتە قوڕ و سەربووورەی خۆی بەســەر تەرمــی کــارە هەســتییەکاندا دادات بە لایەوە، دەنگــی دووریــی دەهــۆڵە تــازە ئەوانەی لە دەزگاکــانی دەوڵەتداریــدان بەلای خۆیــانەوە هەموو شت دەزانن و نیازیان هەتاوەکوو بە بیرهێنانەوەشیان بزانن لەم

باســـانەی دەدوێ دەبـــنە دوژمنـــی بابەکوشـــتەت. ئەو عیملاقـــانە ئینسکلۆپیدیای کۆچەرن، شت نییە نەیزانن، بۆیە وڵاتەکەمان ڕەنگینە.

دەی بـا لەوانە گەڕێـین، دەردی ئێسـتای ئـێمە هەر ئەوانە نـین، لەم ڕۆژگارەیدا جگە لە ململانە سیاسییەکان، شەقام، کۆڵان گۆڕەپان، ژوورە تاریکەکـان، ئـامێرە تازەکـان، سـاییت و پەیـژە فـرە بابەتەکـان، پـڕن لە حەکیم و داهێنەر و زەرافەتکـار و دونیـای میعمـاری و کاروکردوەکـانی (زوها حەدید)یش بە فلسێکی سوور نـاکڕن، تـا بگاتە ئەو قسـە قوڕس و قەبـانەی خوسـرەوجاف. یەکێک نییە پێی بڵێت ئەرێ کـابرا ئێسـتا کەی کاتی ئەم باسانەیە، خەڵک شەش مانگە مووچەی وەرنەگرتووە، پێناسـی باوکی لەبیرچووەتەوە تا بگاتە پێناسی میعماری نەتەوایەتیدا.

ئەو ڕەخـنەیە لە جـێگەی خۆیـدایە نیـوەی ڕاسـتە و ئەو نیـوەکەی هەڵەیە، بەندە وەک لێزانێکی پیشەی خۆم ئەرکی خۆم ئەنجام دەدەم، تـا لە پاشەڕۆژدا لە نێو گۆڕ شەرمەزاری میللەتەکەم نەبـم. بێ مـووچەییش سەرەنجامی نەزانین کارییە، ئەگەر ململانە حزبییەکە لە بنەماوە دروست بـایە بە دەرامەدی نەتەوایەتـی بەباشـی دەژیـاین، ئەو ململانە حـزبییە جۆری ژیانی ئەم میللەتەی گۆڕی و لە میللەتێکی بەرهەمدارەی بـووە بە میللەتێکی هاوردەکەری تەواوی پێداویستییەکانی خۆی.

بەندە لەوە دڵنیام ئاوا هەلومەرجێک چاککردنەوەی درێژا دەکێشـێت و هەر نەبێت من نایبینم، جا بەلای منەوە (سبەی یانی ئەمڕۆ) ئەوی بە چاکی بزانم یان دەینووسم، یان لێی دەدوێم، بۆشم گرنگ نییە گوێم لـێ بگرن یان نا.... بنوارە ڕۆژنـامە و گۆڤار و کتـاوە لە چاپدراوەکان، بزانە قەڵەمێک دەبینی لە هەوڵی ئەم بابەتانەی بێت، کە وا بەندە دەیدرێکنم؟

ئەم بەشــی کتــاوە دەربــارەی پێناســی تەلارســازییە، ئەوەیــش نە بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت نە بە سـەرۆکایەتی کار و کردەوە و تەقەلا و تــامووڵی دەوێ، بەڵام دەکـرێ دەوڵەت بکەوێتە فکـری و بیخــاتە نــاو بەرنــامە و پلانــیەوە، ئــێمەی کــورد مەرجــی بەدەســتهێنانمان تێــدایە، مەرجەکــانیش بــریتین لە ئەکــادیمیەت، لە ئەمنــی ئــابووری، لە ئاساییشــی نەتەوایەتی، سەرەنجام دیموکراتیەت و دیاریکردنی حاڵەتێکی تەلارسازی و کەرەســـتەدیاریکردن و ســـەرنجام شـــەقامێک دابینکـــردن، بـــۆ ئەو مەرجانەی وا لێژنەی هەڵبژێـراوی ئەو کـارە دابینـی کـردووە، میللەتـانی کەش هەروا دەستیان پێ کردووە و چاوساغی بوارەکەیشـان نەبووە، لە دەرەوەی وڵاتانی خۆیان هێناویانە لە ماوەی دە پانزە ساڵدا پێنـاس وەک ســـەرەتا کەم و زۆر خـــۆی وەدەر دەخـــا و بە گـــوێرەی زەمـــان و پێشکەوتنی ئامێر و کەرستە تازە باوەکان دەکرێ لە قۆنـاغێکەوە بڕۆینە قۆناغێکی تر و شێوە و شـەمایلی دابینکراویش دەپارێزرێت.

ئــێمەی کــورد بمــانەوێ و نەمــانەوێ بە ئــومەتێکی ئیســـلامی دەژمێردرێین، بەڵام ئومەتێکی فرەئـاییینی لە کوردستـاندا دەژیـن، چ وەک ڕەگەز یان ئـایین نـاکرێ کلتوور و ئایینمـان بخرێتە لاوە. ئەوە ئێزیـدییە، ئەوە کـاکەییە، مەسـیحییەتە، زەردەشـتییەتە، عەلەویـیە، ئەوانـی دیـکە، لە کوردســـتانی گەورەدا لە مێـژدا هەبـوون و هەن. هەر بۆخـۆی ئـاییني جیـاواز فـۆرم و ئەنـدازە و قەبـارەی تـایبەت لە تەلارسـازی جـێگەی پەرەستنەکاندا پێکدێنێ.

بنـوارە جیـاوازیی نێـوان مـزگەوت و کڵێسـا، چەمخـانە و چوارتـاقی ئاگردان، یان جێگە و شوێن و نەوعیەتی گومەتی ئێزدییەکان.

بەسەر ئەو مەرجانەیشدا ئەو کارە بێ گرفت و کێشە نابێت، جا بۆ بەلاوە نانیان دوو ڕێگە پێویستن، لە سەرەتاوە شەقامێک دابینکردن و لە دواییشدا دیموکراتییەت و ئازادیی تاک پاراستن لە ژیانی سەردەمانەیدا مەرجی بنەڕەتیی ژیانە.

با ئێمە بیر بکەینەوە، بەڵێ وا ئەنجوومەنێکی تایبەت بۆ بەدهێنانی پێناسی تەلارسازی پێکهێنراوە و مووچەی خەڵک وەک خۆی پارێزراوە، ململانێی (مبرمج)ی دابینکراو لە لایەن هێزە دەرەکییەکانی دەر و دراوسێ نراوەتە لاوە.

ژیان ئاسوودەییە و بەپێی مەرجەکانی ژیانی سەردەمانە هەنگاوی کاری دوور لە کێشە و مەرافەی دەرودراوسێ گۆبەنگێڕەکانیش نراوەتە لاوە و پلەی ڕۆشنبیریی وژدانیان گەیشتووەتە ئاستێکی پێکەوەژیانێکی سەردەمانە و سەرەنجام هەنگاوەکان بەرەو سەریەخۆییە و جمهوورییەتێک بە ڕێگەوەیە، وەک سەردەمی (بریکلیس ٢٥٠٠پ.ز) ئەوانە بۆ میللەتێکی وشیار ئاسانە و نە خەوە و نەخەیاڵ. گریم ئێمەی کورد گەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئایا گرنگیی بەدەسهێنانی پێناسەکان ناکەنە گۆبەندێکی سیاسی؟

کاتێک تاکی ناو میللەتێک ئاستی فکری گەیشتە هەستی بەرپرسیاری و تەماحگیری ژیانی سەردەمانە بوو، چاوی هەڵبڕی و دەوروبەر و دوور وڵاتانی کرد و تەماحگیری ژیانی پێگەیشتووتر و تێگەیشتووتر بوو، باوەڕی بە دەوڵەت و دەستەڵاتەکەی پتەوتر دەبێت و بێ گرفت و کێشە پەیڕەوی یاساکان دەبێت و هەنگاویشی بۆ دەنێت.

یەکێک لەو حاڵەتانەی ئێمەی کورد نیمانە پێناسەکانە، ئیدی لە مێژووەوە بگرە تا جوگرافیا و ژینگە و داروودرەخت گوڵە تایبەتەکان، کە تەنها لە کوردستاندا هەن، یان پێناسی ئاژەڵەکان، یان پێناسی جلوبەرگ، بۆ ئێمە جلوبەرگمان وایە و لە دراوسێکانمان جیاوازین؟ بۆ وا دەدوێین، بۆ زمانمان بەم شێوەیە؟

جا ورد بەرەوە چ ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە پێشە.

بەندە لاساییکردنەوە وڵاتانی پێشکەوتوو بە ئەرکێکی نەتەوەیی دەزانم، (ژاپۆن و چین) وا دەستیان پێ کردووە، بۆ نموونە کۆمپانیای (تیوتا)ی ژاپۆنی بۆ یەکەمین جار لە پێشانگای ئۆتۆمبێل سازیدا بەشداری کرد، پێشەنگاکە بەسەر گردێکەوە بوو، (تویتا ژاپۆن) نەیتوانی لەسەر گردەکە سەرکەوێ، ئێستایش بنوارە پلەوپایەی تەکنەلۆژیای وڵاتی ژاپۆن و چیندا لە چ ئاستێکدان.

ئەمەی دەیڵێم ناگاتە حەفتاساڵ لەمەوبەر، ئەو دوو میللەتە کاتێک لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا وردبوونەوە ژیان و داهێنانیان سەرسامی کردوون و بۆی کۆشاون، هەتاوەکوو لە دزیکردنی نەخشە و پلانە تەکنۆلۆژییەکانی میللەتە پێشکەوتووەکان درێغییان نەکردووە. بنوارە دۆخی ئێستایان ئەو جادە و پرد و پایە و ڕێوبانە سەرسامئاوەرانەی لە وڵاتی چیندا هەن، جیهانی سەرسام کردووە، جا بڕوانە لاساییکردنی سازندە و بەپێی بەرنامەی دارێژراو ئەو دوو وڵاتەی گەیاندووەتە چ پلە و پایەیەکی زانستی پڕ لە داهێنان.

خۆ لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوان زۆرتر تێکەڵاوی جیهانی ڕۆژئاوا بوون، بۆچی ئەو جۆرە تەماحەیان لە خولیادا نەبووە؟

بە ڕای بەنـدە هۆکـار زۆرە، کە لاسـایی کاروبـارە سـازندەکانیان نەکردووەتەوە و زۆرتر هەر خەریکی ئامێرەکانی ژیانی خۆشگوزەرانی خۆیـان بـوونە، بەتـایبەت لە وڵاتە عەرەبییەکانـدا، چەنـد سـاڵ لەمەوبەر کاریکـاتۆرێکیم دی سـەرەنجی ڕاکێشـام. کـابرایەکی عـارەب بە سـواری حوشتر هـاتووەتە لای یەکەیەکی بوڵندی نەوتەوە، لەو ڕەت دەبێ کابرا سواری جیبێکە بە جیبەکەوە سواری ماشـینێکی شـۆفرلێتە لە شـۆفرلێت دابەزیوە سواری کادیلاکێکی پروتۆکۆلی بووە، لەوەی دابەزیوە سـواری فڕۆکەی تایبەتیی خۆی بووە.

چەنـد سـاڵ دەگـوزەرێ نەوت نەمـا و کـابرای عەرەب لە فـڕۆکە دابەزیـوە و سـواری کـادیلاک و شـۆفرلێت و جیـب بـووە و سـەرەنجام سـاری حوشـترەکەی جـارانی بـووە. لەو مـاوە دووررودرێژەیـدا وڵاتە عارەبەکان بەو توانای ئابووریەوە نەیانتوانیوە دەرزیی درومان دروست بکەن تا بگاتە ماشێن و ئالەتی قورس.

پرسـیارێکم لا گەڵاڵە بـووە دەبـێ هۆکـاری ئەو هەروەهـا ژیـان و کەمتەرخەمییـەی لە چیـدایە؟ ژینگەیە؟ ئـایینە؟ ڕەگەزە؟ یـان لەعنەتـی خودا؟

هەر کامیان بێت ئەو کاریکاتۆرەی چەندان ساڵ لەمەوبەر دیومە بۆ پێکەنین نەبووە و بەشێکە لە واقیعیەت.

لێرەدا دەربارەی خۆمان تێدەفکرم ئێمەی کورد چی؟ ئایا ئێمەیش ئاومـان لە هەمـان کـوپە و گۆزەیـدا خـواردووەتەوە یـان لەوان باشـتر دەبین؟

ئەوە پرسـیارێکی رەوا و بەجێـیە، کە دەنـوارمە قـووڵایی مێـژوودا ئێمەی کـورد لە دوای هەرژووانـی دەسـتەڵاتی مـادەوە، لە لایەن کورشـی هەخامنشـییەوە (٢٦٠٠پ.ز) ئـێمە تـا بە ئەمـرۆ بـێ دەوڵەتـین. زۆربەی ئـێمەی کـورد لە هەمـان کـوپە و گوزەیـدا ئاومـان خـواردووەتەوە، کە وا عـارەب بیابـانی خـواردووەتەوە، ئەوان بـوونەتە خـاوەنی ٢٤دەوڵەت ئێمەیش تا بە ئەمرۆ دەستمان لە هەوانەی خاڵییەوە وەدەر هاتووە؟

لە کۆنا تاوانەکە دەخەینە سـەر دەسـتەڵاتدارانی کۆنەپەرسـتی کـورد، ئیدی ئەوە ئاغا و بەگ و شـێخ و مەلا و خاناقا و تەکیەبووە، خۆ حزبە کوردییەکان زۆربەیان پەیرەوی بیروبۆچوونی چەپگەرایی و مارکسیەتن یان دیموکراتیخـوازن یـان ئیسـلامین، تخـوا بە وژدان بەو ئەمە وەزعە لە کوردستاندا چەندان ساڵە بەردەوامە؟

لە تـاوانە هەرە گەورەکەی براکـوژی گەڕێ کە ئـاوی ئۆقیـانووس خاوێنی ناکاتەوە، ئیدی بەس نییە؟

ئەوی بە خەیاڵیشدا نەدەهات ئێستا هەتانە چنگ لە ئەستێرە دەکوتن و پایـان لە زەوی بـڕاوە ئاکـام و سـەرەنجامی دوای ڕیفرانـدۆم (١٦ی ئۆکتۆبەر) بوو، کە لە ڕیسوایی براکوژی کەمتر نەبوو، بۆیە ئێمە لەگەڵ عەرەبەکـان جیـاوازین یەشـتا بەلای دووکەڵـی بیـرە نەوتییەکـانەوەین و قۆناغی جێب و شۆفرلێت و کادیلاکمان تەی نەکردووە!

لەبەر ئەوەی بڕێک ئاوات و ئارەزووی ژیانی سەردەمانە بە ئاسانی بەدەسـت نـایە و ناچـاری لێدوانی هۆکارەکانیم، بۆیە وا پەلوپۆ دەکوتم بەرەو چەپ و ڕاست.

باسە سەرەکییەکەم پێناسی (تەلارسازییە) من هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم (ئەم نانە بەو ڕۆنە) با ئەوەیش بڵێم بەسەر ئەو تەگەرە و کۆسپ و گرفتانەیدا کە لە دونیای تەلارسازییدا هەن زۆر لە برادەرانی تەلارسازی تووشی گۆشەگیر و خەمۆکی هاتوون لە گرێی دەروونێکی نامەوزووندا دەسووتێن بە تایبەت لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێمەی کوردا، بە دەگمەن لە قۆناغێکدا تەلارسازێک چوزانم دوان یان سیان، هەڵدەکەون و بێ دەربەستانە لە دەوروبەری خۆیاندا نەواو و نۆتەیەکی هونەری تایبەت بۆ خۆ دەژنن.

ئەو برادەرە لە پێناسی نەتەوایەتی تەلارسازییەوە بە دوورە، بەڵام گەیشتووەتە پێناس و پەنجەمۆری تایبەتمەندی خۆی ئەوەیش کارێکی ئاسان نییە و بەندە بەو قۆناغەیدا گوزەراوم و زۆر کاروبارم بە دڵ نەبووە و جێم هێلاوە و زۆر زەرەر و زیانم لەو ڕووەوە کردووە تا پەنجەمۆری تایبەت بەخۆم لە دەست نەدەم، زۆرکاری تۆرەهات، خاوەن کاری دەوڵەمەندی گەمژەی خۆ بە زلزانم یا ڕەد کردووەتەوە یان بەجێم هێلاوە. وەنەبێ ئەو کارەم لە تێری کردووبێت، نەخێر ئیمانم بە شێوەی کارەکە نەبووە، لە قەناعەتی هەندەسیمەوە بەدوور بووە، خۆی ئەوە مانای ڕەدکردنەوەی زەوق و داوای خاوەن کارەکە نەبووە، بە پێچەوانەوە بەرگریم لە پەنجەمۆری خۆم کردووە، بۆیە ئێستا لە دوورەوە هەر خاوەن زەوقێکی تەلارسازی کارێکی تەلارسازی ببینێت دەزانی ئەوە هی منە یانا؟

پێناسی تەلارسازی بەدەستهێنانە، وا بە ئاسانی بە دەست نایەت و لەگەڵ پێناسەکانی تر جیاوازە وەک: مێژوو، زمان، ڕۆشنبیری، ئایینده و بۆچوون و پەیوەندی تێفکرین، ئەوانە پێناسی کۆمەڵایەتین و زۆرتر

هەستین (الحسی)یە، لە کاتێکدا پێناسی تەلارسازی تەقەلایە، هەوڵە، کارە، ململانە، تەجروبە و تاقیکردنەوەیە، بە چاو قەد و قامەت و قەبارە و شکڵ و شەمایل و ئەندازەکان دەبینرێت. لە ئاکام و سەرئەنجامی فکر و خەیاڵێکی بەربڵاوی تازەباوی گەشەپێدراو هاتووەتە کایەوە، دوو کەوانە و گومەتێک و منارەیەک بە کاکڵەی هونەری تەلارسازی ئیسلامی ناژمێردرێت. لەولاشەوە هەر فۆرم و کەرستەیەکی تازە و نەوبای دەرەوە ئایانی مونەزەل نین.

وردبەرەوە لە نما و ڕووکەشی شارەکانمان کە ئێمەی کوردی تیادا دەژین، بریقەی ڕەنگاوڕەنگی هەمەچەشنی (ئەلکابون) سەرتاسەری ڕووکەشی ساختمانەکانی داپۆشیوە، خۆ ئەو پەلامارە تەنها لە کوردستاندا نییە، وا دەبینرێت لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە کورد بەربادترن.

ئەوی سەرنجی ڕاکێشاوم، بێدەنگیی زانکۆ و ئەکادیمییەکانە، کە چاوساغی بواری تەلارسازیین، هەر نەبێت خۆ دەبوا چەند کۆڕ و پانێلی ڕاگۆرینەوەمان کردبا لە حاڵەتی کارمەندبوونی دەوڵەت و دەستەڵات ودەر بهاتبایەن.

بەداخەوە بڕێکیان بەپێچەوانەوە دەهۆڵژەنی ئەو حاڵەتەن، بەبەڵگەی ئەوەی کەرستە تازەباوەکان لەگەڵ شێوەی تەلارسازیی ئیسلامییدا ناگونجێن.

بەندە ئەو تێفکرینە بە بیروبۆچوونی زەبوونانە دەزانم و زەبوونن بەرامبەر داهێنان. بۆ ناکرێ من لە شێوەی تەلارسازیی چینی سوود وەرگرم و بیگونجێنم لەگەڵ زەوق و سەلیقەی چوارتەنیشتی خۆمدا. تەلارسازی زمانحاڵی تێفکرینی قۆناغە، زۆر بۆچوونی ڕابردوو هەن

هەڵەن، بۆ نموونە زۆری خەڵک ڕازاوەترین گۆشە و بەرینترین بەشی خانووی ژیانی قفڵ ڕێزکردووە بۆ میوانان ئەگەر لە چوار مانگ جارێک دوو میوانی بێن، یان نەیەن، باشەی ئەی خۆت چی؟ ئەی ژیانی ڕۆژانەی خۆت چی؟

بەندە لام وایە ژوورەوەی ماڵ زۆر گرنگترە لە ڕووکەشی دەرەوەی خانووەکە. کابرا پارەیەکی زۆری سەرف کردووە بۆ هەیکەلی قەبە و سەرسامئاوەری بە مەڕمەر داپۆشراوی دەرەوە تەنها بۆ ئاماژە بۆ کردن، بڵێن ئەوە ماڵی فلانە کەسە، کەچی خۆی و خێزانی بەسەر زەوییەوە نان دەخۆن، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەسەر زەوییەوە دادەنیشن، لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە زۆر لەسەر زەوی دانیشتن و بە کاربردنی (WC)ی ڕۆژهەڵاتی کارییە لە نامەوزوونیی لەش و ئەندام، بەتایبەت ئافرەتان.

ژمارەیەکی یەکجار زۆری خێزانی ئێستای ئێمەی کورد گرنگی بەو وردەکارییانە نادەن، بە گوێرەی توانایان باشترین گۆشەیان تەرخان کردووە بۆ میوان. ئەو حاڵەتە هەڵەیە لە ئێراندا وەزعەکە پێچەوانەیە لە وێڕا گرنگییەکی ئەوتوو بە دەرەوەی ساختمان نادەن زۆرتر ناوەی ساختمانیان لا گرنگە و چاکترین و ڕازاوەترین گۆشەی ناوساختمانیان تەرخانکردووە بۆ خۆیان و لە ڕازاندنەوەیدا زەوق و هونەریان بەکار بردووە و کەمتر دەڕۆنە لای مۆبێلیاتی گرانەوە لەسەر زەوقێکی کارامە و لێزان شکڵ و ڕەنگ و قەبارە لە زەوی و دیوار و بنمیچدا هارمونییەکی وردەکارانە بەکار دەبەن، لە بڕێک لەو خانووبەرانەیدا حەوزچە و نافوورەش بەکار دەبەن، تا دەنگ و ڕەنگ و قەبارە تێکەڵ کرێت، لە ماڵی ئێرانیدا بە کوردەکەشەوە. مومکین نییە چەندان تابلۆ بە

دیـــوارەوە نەبینرێــت، زۆرتـــری ئەو تابلۆیـــانە بەرهەمـــی دەســـتی هونەرمەندانی خۆماڵین.

خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە گەلێک گرنگی دەدەن بە ژینگە و جەبەڕووتی ژینگە، لەو خاڵەی غافڵ نابن. بەلای خۆمانەوە کابرا بیر لەوەی ناکاتەوە لە هاویندا پلەی گەرما لە پەنجا بەسـەرە گەچی، پەنجەرەی ماڵەکەی لە سـێ مەتـر کەمتـر نییـە و تـازە ڕاسـتەوخۆ بە بەر هەتـاوەیە، لەسـەدا ٩٠%ی خـانووبەرەی ئەم وڵاتە دیوارەکـانی بلـۆکی کـۆنکرێتین، بەبـێ (ئیزلاسیونیک) نە بۆ گەرما، نە بۆ سەرما.

با لە خۆمان بپرسین باوباپیرانمـان بۆچی بەو شـێوە خانووبەرەیان سـازاندووە؟ چ ڕازێکـی تیـادا بـووە، بەو شـێوە ڕازانـدوویانەتەوە؟ ئەو فـۆرم و ئەسـتووریی دیـوار و هەندەسـەیە لەسـەر چ هەندەسـەیەک و بیروڕایەک هاتوونەتە وجوود؟

چـاتمە چییە؟ ئەو جـۆرە زەخـرەفە و مـوقەرنەس و گومەتیـان بـۆ بەکار بردووە؟

وەڵامی ئەو پرسـیارانە بە ئاسـان مەزانە... ئەوان چەنـدان مامۆسـتای بێ جیرە و مەعاشیان لەبەر دەست دابووە و گوێیان لێ گرتـوون. ئەوان گـوێڕایەڵی مامۆسـتایەکی وەک ژیـنگە وەک ئـایین، وەک بیروبۆچـوونی کـۆمەڵایەتی وەک کەرەسـتەی خۆمـاڵی سـەر ئەنجـام تەجـرووبە و تـاقیکردنەوە بـۆ نمـوونە پەنجەرەیەکـی پـانوپۆڕ و لەبەر هەتـاوی ڕاستەوخۆدا نابینرێت. دیوارەکان ئەستوورییان لە ٦٠سم کەمتر مەحاڵە، زۆربەی ئەو خانووانە لەپێش گەچماڵیدا بە قووڕەسوورەی تێکەڵ بکا بە

ئەوپەڕی وردەکارییەوە لە ناوەوە سواق دراون، تا گەرما و سەرما بە ئاسانی هاتووچوو نەکەن.

بە شێوەیەکی تێکڕا مرۆڤی ئەمڕۆ لەگەڵ مرۆڤی سەردەمی رابردوودا جیاوازن چ لە ڕووی چۆنییەتی کۆمەڵایەتییەوە یان رۆشنبیریەوە یان سیاسییەوە، هەتاوەکوو ئایین و وتەکانی پەیامبەری خوداوە ئەو عەناسیرە جۆری تێفکرین و ژیان و میقدار(مەساحە) دیاری دەکات.

بەسەر ئەوانەیشدا ژیان ئەساسەن لە بنەماوە گۆڕاوە، ئەو ئەندازانەی لە خانووە کۆنەکاندا بەکار براون لەگەڵ نیاز و جۆلانەوەی مرۆڤی ئێستادا ناگونجێن، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە چۆنیەتی ژیانیاندا ڕووی داوە و یەشتایش بە وردی نەمانتوانیوە دەربارەی ساختمانە کۆنەکانی خۆمان بدوین، وەک : ( قبة الصخرة) یان مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق، یان تاج محەل لە هیندستان یان موستنەسەرییە لە بەغدا یان مزگەوتی شا لە ئەسفەهان، ئەو شاکارە میعمارییانە لە ژیان و کاروکردەوەی ئێستای ئێمە وەدەرچوون، لە فکر و زەوقی ئێمە ئێستا دابراون، ئەوە نەزانین و (جەهلی) دونیای ئەکادیمیەتە، ئەو دونیا پڕ لە زەرافەتە ئەو ئەندازە و قەبارانە، یان وەستاکارانە، شی نەکردووەتەوە تا دووبارە ئەو هونەرانەی لەوێرا ئەنجام دراون، بێتەوە مولک و تەماحی خەڵکانی سەدەی بیست و یەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی پەیڕەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، لەولاشەوە پەیوەندییەکی وا لە نێوان دونیای تەلارسازان و خەڵکە زۆرەکەدا نابینرێت. مەوداکەی نێوانیان فرە زۆرە، پێم وانییە تەلارسازان بە ئاسانی بتوانن لە جوێی خەڵکەکە فکر بکەنەوە، یان بە پێچەوانەوە

دەوڵەمەندان وا فکر بکەنەوە، تەلارساز پیادەکەری نیاز و فکری ئەوە، ئەوەیش هەڵە و هەڵەفەیەکی نەگونجاوی ترە لە ڕێگەی دونیای تەلارسازیدا.

ئەورۆ ئێمە تەلارسازیی ئیسلامی بەلامانەوە یانی مزگەوت و مەزار و گومەتی ئیمامزادەکان، لە خۆمان نەپرسیوە ئەو شکڵ و شەمایل و عەناسیرە چۆن چۆنی پێک هاتوون؟

لەبەرچی لە تەواوی دەستەڵاتە زلهێزەکانی ڕابردوو بەهەمان شێوە دروست کراون.

ئەوجۆرە فۆرم قەبارانە چی دەگەیەنن؟ تا چ ئەندازەیەک سوودبەخشن؟ ئایا دەکرێ دووبارە لە ژیانی ئیمڕۆی ئێمەدا بەکار بهێنرێن؟

خەڵکی ئێستا چی؟

ئەو پرسیارانە ئەکادیمیەتی تەلارسازانی ئیسلامی نەیانتوانیوە پردێکی فکری لەنێوان تەلارسازیی ئیسلامی ڕابردوو و خەڵکی ئێستادا دابەستن، بۆیە خەڵکەکە ڕۆژ بەڕۆژ ساڵ بە ساڵ، لە فکر و زکری شێوەی تەلارسازیی ئیسلامی دوور دەکەونەوە.

بە داخەوە ئێمەی کورد تەلارسازیی تایبەت بە خۆمان تا بە ئێستا نییە و لە بیری بەدەستهێنانیشیدا نیین!

## کورد و میعماری

بەنــدە وەک پێشــمەرگەیەک ٥٧ســاڵ لەمەوبەر بە پــا ئەم ناوچــانە گەڕاوم دەوروبەری خــانەقین و قووڕەتــوو، دەورودێهــاتی چــوار کــلاو بیلــولە و ســەرتەک هەروەهــا سەرتاســەری گەرمیــان لە دەوروبەری زەنگابــات و قەرەتەپە و دەوروبەری کفــری و عەشــایەری زەنــگەنە و داودە و جەبــاری و ســەنگاو و چەمچەمــاڵ و دۆڵــی قەرەداغ و چەمــی ڕێزان و دۆڵی جافایەتی و دۆڵی شــارەزوور و هەڵەبجە و دەوروبەری سازان و بیارە و بڕێک لە لادێکانی هەورامــان و پێنجوێن و بەرزنــجە و تا مەریوان و سەقز ئەو دەڤەرانە هەر هەموو گەڕاوم.



لە قۆناغی تردا بە ئۆتۆمبێل سەرتاسەری لادێکانی دەوروبەری سەرپیل و قەسری شیرین و زەهاو چووم، هەروەها برێکی زۆری لادێکانی دالەهو و سەلاسی باوجانی، هەروەها لە سەردەمێکی تردا ئەو کاتانەی کۆلیژی هەندەسەم تەواو کردبوو لە لایەن خانەکانی سنجاوی و لوورەکاندا گەشتی ناو دەڤەرەکانیانم کردبوو.

هەڵبەت بە پێیان گەڕان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بە ئۆتۆمبێل بگەڕێیت، بێشک دید و تێفکرینی سەردەمی پێشمەرگایەتیم لەگەڵ گەشتەکانی تردا کە تەلارساز بووم جیاوازن، بەڵام ئێستا بیر لەو سەردەمانە دەکەمەوە و بە شێنەیی کاوێژی دەکەمەوە.

وەک تەلارسازێکی کارامە و خاوەنی تاقیکردنەوە و هەروەها وەک نووسەر و ڕۆماننووسێک دەربارەی خانووبەرە و دار و درەخت درەختچە و تووڵەڕێگە و بزنەڕێ و شاخ و بەرد و دەوەن و ئاژیڵی کێویلە و خۆماڵی و ژینگە و کانی و جۆگەلە و ڕووبار و گۆم و سەرما و گەرما و بەفر و باران و کرێوە و سەهۆڵبەندان و هەروەها جیاوازی توێژی خەڵکەکە کە ژینگە چەندە لەوی تری جیاواز کردوون.

با ڕاستگۆبم ئەو بەپێیان گەڕانە ئەو دێ بە دێکردنە هاودەمبوونی خەڵک و خوانی جۆراوجۆری ناو وڵاتەکەم یارمەتییەکی زۆری دام تا ببمە ڕۆماننووس، لە دواییشدا گەڕانی زۆربەی شارەکان و وڵاتانی جیهان بە کەلتوور و زمان و ژینگەی جیاوازەوە خەیاڵی ڕۆمانووسیی دەوڵەمەندتر کردووم، ئەو بەشە دەربارەی لادێکانی کوردستانە ئەوانەی دیومن، لە مێژدا وتراوە (مشتێک نموونەی خەروارێکە).

ئەگەر واقیعیانە بنوارینە ڕابردووی میللەتەکەماندا لە ناو کورددا شارنشینەکان ژمارەیان زۆر نەبوونە و زۆرتریان لادێنیش بوونە یان کۆچەر، بەندە لەسەر کەناڵەکان و لە نووسینەکانمدا دەڵێم من لادێیم و شانازیشی پێوە دەکەم، کەچی بەلای زۆر کەسەوە لادێی عەیبە و کەمایەتییە، بێ ئاگا لەوەی تا چەند ساڵ لەمەوبەر ٩٥% میللەتی ئێمە لادێی بوون، یان کۆچەری، هۆزەکان بەتایبەتی هۆزەکانی جاف هەر هەموویان کۆچەربوونە، نیشتەجێکان یان وەک لادێنیشنەکانیان بە چاوێکی سووک سەیریان کردوون و ژیانی کۆچەرییان بەسەر بوڵندی زانیوە تێکچوونی نێوان حەمەپاشای جاف و دەوڵەتی عوسمانی زۆر فشاریان هێنابووە سەر حەمەپاشای جاف تا خۆی و عەشیرەتەکەی نیشتەجێ بن ئەویش نەدەچووە ژێر ئەو فشارە سەرەنجام بەپێی پیلانێکی دوولایەنەی (ئێران و عوسمانی) تیرۆر کرا.

مەبەستم لەو پێشەکییەی دەمەوێ دەربارەی دێهاتی کوردەواری دەربارەی خانووبەرەکانیانەوە بدوم.

بڕێک لە عەشیرەتە گەورەکان لە مێژدا نیشتەجێ بوونە و هەمان هەوارگەی خۆیان ئاوەدان کردووەتەوە، چنگیان لە قوڕ ناوە و خانووبەرەی خۆیان دروست کردووە و جا هەر ئەو درەنگان نیشتەجێبوونە بووەتە هۆی جیاوازیی خانووبەرەی (جاف و هەرکی) کە دوو هۆزی گەورەی کوردبوونە لەگەڵ هۆزەکانی تردا نیشتەجێی کوردستان بوونە. لە ڕاستیدا تا چەند ساڵ لەمەوپێشدا لادێکانی عەشایەری جاف گەلێک سەرەتایی بوونە، تەنها ئەوەبووە لە هاوینا سێوەر و لە زستاندا بنمیچێک لە باران خۆیان و ئاژەڵەکانیان پاراستووە. لە کاتێکدا لە زۆر لادێی تردا شێوەی خانووبەرە لەگەڵ

جـاڤی تـازە نیشـتەجێکراودا جیـاوازن و لە لادێکـانی غەیـری جاڤـدا هەتاوەکوو خانووی دوو نهۆمەشم زۆر دیوە.

ئەگەرچی تەواوی ئەو لادێیانە هەر هەموو کەرستەکانیان لە قوڕ و خشـتی کـاڵ و بنمیچەکەیشـی لە دار و قـامیش دروسـت کـراون. دوای دارەڕاکردن قامیشیان بەسەر دارەڕاکەدا داناوە و ئەوجا بە قوڕ و کاگڵ دایانپۆشـیوە بە جـۆرێکی وا هەر بـاران ولێـزمەیەک ببـووایە دڵـۆپێکی نەدەکرد.

خـانووبەرەی شـێخە دێیەکـان ئەوانـیش خانووبەرەیـان لە لادێکـانی جاف باشتر و حیسـابکراوتربووە، ئەو حـاڵەتە لە دەڤەرەکانی زەنگەنە و داودە و جەبـاری و لادێکـانی دەوروبەری کەرکـووک دامەزراوتـرن و لەوێـڕا مـن خـانووی دوو نهـۆمەم زۆر دیـوە، کـۆڵان و ڕیزبەنـدیی خانووەکان حیسابی هـاتوچووکردنی تیادا کراوە، ئاژێڵیش لە چۆنیەتیی خانووبەرەیـدا کـاری بـووە. بـۆیە لەو لادێیـانە زۆرتـر ئاژێڵـدارن، خانووەکـان تـا ڕادەیەک لە یەکەوە دوورن و نیازیـان بە (پەچەران) هەبووە وەک هەنووزگای مۆڵگەی هاوینەی ئاژێڵەکان.

ئەڵبەتە تەواوی لادێکان تا بلۆک نەکرابووە باو دیوارەکان زۆربەیان هەر بە خشتی کاڵ یان قوڕی تێکەڵ بە کا(مۆرە) دروست کراون. تەنها جێگەیەک لە کوردستاندا پەنجەمۆری کوردایەتییان پێوە دیارە لادێکانی هەورامـانە پـڕە لە زەرافەت و پـڕە لە وردەکـاری، چـۆنیەتی دیـوار و هەتاوەکوو بنمیچ لەوێڕا بەپێی کەرستەی بەردەست کە بەردە، زۆربەی زۆری دیوارەکان لەبەرد دروست کراون، بۆ پتەوکردنیان داری وشکی ئەسـتووریان بەکـاربردووە خـۆی لە خۆیـدا پتەویـی و زەرافەتیـان بەخشـیوەتە دیوارنمـای خانووەکـان، لەوێـڕا بە گـوێرەی تۆپـۆگرافی

خانووبەرەیــان ســـازاندووە، لەبەر نەبـــوونی ڕاســـتەزەوی، بە لاپـــاڵی شـــاخەکانە ماڵەکانیـــان ڕیـــز بەدوای یەکـــدا هەڵکشـــاوە بە ســـنگی بولەنـدییەکەدا. سـەربانی چینـی خـوارەوە وەک حەوشـی سـەرەوە وایە. کۆڵانەکان بە پلە پلە سەردەکەون بڕێک لەو حاڵەتە پڕ لە جوانییە، بەلای کەسـێکی وەک منەوە بـووەتە حـاڵەتێکی تایبەتمەند، پێم وا نییە لە هـیچ کـوێی دونیـادا لە نمـوونەی لادێکـانی هەورامـان هەبێـت. سـەرەتا وا لە سـنگی چیـادا خانووبەرەیـان دروسـت کـردووە، لەبەر خۆپاراسـتن لە دوژمـن و دڕنـدە و هەرەسـی بەفـر، بـۆیە پارێزییـان کـردووە لە دۆڵ و دەربەندەکاندا خـانووبەرە دروستکەن، ئەوسا ژینگە لە ئێستادا ساردتر بووە. بەفر سەرتاسەری زستان هەورامانی دادەپۆشی.

ســـــەیرەکە لەوە دایە تەلارســــــازەکانی کوردســـــتان، کــــۆلیژە تەلارسازیەکان گەلێک کەمترخەمن بەرانبەر ئەو هەمـوو زەرافەتە کە بە یەکەمـین هەنگـاوی تەلارسـازی دەژمێردرێـت، وەک زانـراوە هەمـوو شێوەیەکی تەلارسازی سەرەتاکەی لە کاتێک مرۆڤ لە ئەشکەوت وەدەر هـاتووە و بەردی لەسـەر بەرد دانـاوە، یەکەمین جار بۆ خۆپاراسـتن لە سەرما و گەرما و دڕندەکان دیواری دروست کردووە. دیوار بە بنەمـا و دایکانەی تەواوی حاڵەتەکانی دونیای تەلارسازی ناسراوە.

دیـوار دروسـتکردن بـۆ مـرۆڤە سـەرەتاییەکان لە دۆزینـەوە و بەکارهێنانی (ئاگر) کەمتر نەبووە.

دیوار بۆخۆی بووەتە چواردیوار و سـەرئەنجام سـەرگرتنی. دیـوار بـووەتە هۆکـاری کۆکردنەوەیـان لە یەک جێگەدا، یـانی سـەرەتای دێیەک بـووەتە هۆکـاری ئاژێـل بەخێـوکردن، بـووەتە هـۆی کشـتوکاڵکردن، دێ بووەتە شاردێ و شـارەدێ بـووەتە شـار. شـار بـووەتە شـار دەسـتەڵات،

شار دەستەڵات نیازی بە  شوورەی دەوری شار پەیا کردووە. شوورە نیازی بە دەروازە و کۆنگرەی چاودێریی سەر شوورە هەبووە، دەستەڵات نیازی بە کۆشک و خانووبەرە و سوپا و سان پەیدا کردووە. لە چەندان لاوە مرۆڤ بەو قۆناغەی گوزەراوە. سروشتی مرۆڤ گیانلەبەرێکی تەماحکار و پەلاماردەرە، دەستەڵاتدار چاوی لە دەستەڵاتی زۆرترە، بەو شێوە دەوڵەت دروست بووە، دەوڵەتیش کە توانای پەیدا کردووە، پەلاماری دەوڵەت و میللەتانی تری داوە، بەو شێوە ئیمپراتۆریەتەکان وا پێک هاتووە.. ئەوە شۆرشی سەنعەتی و گەشەی ئابووری و چەکە تازە دروستکراوەکان بووە، لە دوای نیوەی سەدەی هەژدەوە سیسەتم و ئالیەتی ولاتداگیرکردن و ئیمپراتۆریەت دروستکردن گۆڕاوە وەک ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای عوزما.

دێمەوە سەر تایبەتمەندیی لادێکانی هەورامان.

لە هەولێر بووم کچێک هات بۆ لام، وتی: من قوتابی دوا ساڵی کۆلیژی تەلارسازیم، پرۆژەی شارێکم هەڵبژاردووە وەک دوا پرۆژەی دەرچوونم، بەڵکی لە ڕووی هونەرییەوە یارمەتیم بدەیت؟

وەک سەرەتا لە چەند لاوە دەستبەکار بووبوو، لە وەڵامیدا وتم:

من یارمەتیت نادەم!

کچە پەلْمەگریان بوو، وتی: تۆ خەڵک بە ئینسانێکی ترت دەزانیێ بۆیە هاتوومەتە لات.

وتم: خەڵکی بە دێو و درنجم دەزانن یان فریشتە؟

وتی: بەپێی ڕۆمانەکانت و کتاوەکانی ترت دەبووا لە فریشتە نزیکتربای تا دێو و درنج.

وتم: کچی باش! من یارمەتیت دەدەم، بەڵام مەرجم هەس. مەرجەکەمت ئەنجام دا یارمەتیت دەدەم، نەتدا نەخێر!

کچە سوورەوەبوو، دەبێ مەرجەکەم چی بێت؟

وتم: کچی باش مەرجەکەم لە بەرژاوەندیی تۆیە، هەستە برۆ بۆ لای مامۆستاکەت داوای گۆڕینی پرۆژەکەت بکە لە دیزایینی شارێکەوە بیکە پرۆژەی لادێیەکی هەورامان.

کچە بەلایەوە سەیربوو، برێک دەربارەی تایبەتمەندی لادێکانی هەورامان بۆی دوام، ئەوەشم پێ وت کە مامۆستاکەیشی فکری لە لادێکانی هەورامان نەکردووەتەوە بۆ پرۆژەیەکی تەلارسازی. ئیدی بەو مەرجە یارمەتیت دەدەم.

کچە ڕۆیشت و دوای دوو ڕۆژ هاتەوە و وتی: بە هەزار حاڵ ڕازی بە گۆڕینی پرۆژەکە بووە، بە دروستی نەیدەزانی هەورامان لە چ گۆشەیەکی کوردستانە.

خۆم لەگەڵ ئەو کچەیدا ماندوو کرد، پرۆژە دەگمەنەکەی بە پلەی (زۆرباش) وەرگیرا.

لام سەیرە کۆلیژە تەلارسازییەکان بۆچی بیر لەو گۆشەی کوردستانە ناکەنەوە، بۆچی قوتابیانیان بەو گۆشە پڕ لە زەرافەتەی تەلارسازییە ئاشنا ناکەن؟

ئێمە هەموو تاوانەکان دەخەینە سەر دەوڵەت و دەستەڵات، ئەی ئێمەی تەلارسازی چی؟ ئەمەیش بخەینە سەر دەستەڵات و یەخە بتەکێنن و تاوانکار هەمیشە خەڵک بووە و من و تۆ نین، ئەوەی

خوێندتەوە مێژوو و واقیعەتی لادێکانی کوردستانە. با نەختێک لە شارەکان بدوین.

چەند پرسیار خۆیان قووت دەکەنەوە، لە پێنجسەد ساڵی ڕابردوودا کوردستانی باشوور، لە کوێڕا شارنشین بوونە؟ باشە ئەو شارنشینیانە چەند لە سەدی کوردستانن؟

بەپێی مێژوو شاری سلێمانی لەسەر شارە کۆنەکان ناژمێردرێن، قەلاچۆلان پایتەختی ئیمارەتی بابان بووە، بەپێی ڕەخنەکەی کلودیوس ریچ گەریدەی ئینگلیزی ١٨٢٠ز هاتووەتە شاری سلێمانی خانووبەرەی دەستەلاتی بابانی گەلێک شڕۆڵ و پەڕپووت هاتووەتە بەرچاو، لە جێگەیەکدا خەوتووە پڕ بووە لە کێچ بەناچار چادری بۆخۆی لە حەوشەکەدا هەڵداوە و ڕەخنەی لە مەحموود پاشای بابان گرتووە، بۆچی وەزعی خانووبەرەی دەستەلاتت وایە؟

مەحموود پاشا لە وەلامیدا دەڵێت: بۆچی خزموکەسوکارم دەهێڵن بیر لە دروستکردن و ژیانی ئاسایی بکەینەوە؟

هەر فرسەتێکیان بۆ هەڵکەوێ یا بە لەشکری ئێرانەوە یا بەغدای عوسمانیەوە هەڵدەکوتنە سەر ئەم شارە، جا بۆیە وەزعەکە بەم شڕۆڵییەی دەبینی.

قەلای هەولێر یەکێکە لە شارە کۆنەکان، کۆیە شارێکی کۆنە، شارەزوور یەکێکە لە شارە کۆنەکان، کەرکووک شارێکی کۆنە. لە ڕاستیدا مەبەستی بەندە لەسەر کۆنبوون نییە، بەڵکوو لە مێژدا جیاوازیی ژیانی خەڵکەکە لەگەڵ ژیانی لادیەکاندا.

شاری کفری یەکێکە لە شارە کۆنەکان و هەنوزگای قافڵەی نێوان بەغدا و توورکیا بووە، لەوێرا بۆ شاری کەرکووک، بۆ شاری مووسڵ، لە مووسڵەوە دەبووە دوو ڕێگە. یەکەمیان ڕاستەوخۆ بۆ ناو خاکی توورکیا، ڕێگەیەک بەرەو تەلەعفەر و شنگار و سووریا و لەوێرا بە کەشتی بۆ ئەستەنبۆڵ. ئەگەر لەو شارانەی بۆ هەنوزگای ڕێچکەی ڕێگای ئەستەنبۆڵ ڕۆیشتن بوونە، بڕێک توورکمانی تیادایە، ئەوانە پاشماوەی خاوەن خانەکان و هەنووزگاکان بوونە لە ڕێچکەکە بەم شێوە بووە:

قزرابات یان (سەعدیە) یەکێک بووە لە وێستگەکانی هاتوچووی نێوان بەغدا و ئەستەنبۆڵ لەو شارەشدا بڕێک تورکمان هەن، پاشماوەی خانگەلی نێوان ئەو ڕێگا دوورودرێژە. قزرابات کەوتووەتە دامێنی زنجیرە چیای حەمرینەوە ئەو شارە بە گوێرەی تاپۆی عوسمانی موڵکی بنەماڵەی بەگزادەکانی جافە. یەکێک لە گۆڕەستانە گەورەکانی بنەماڵەی ئێمە لەو شارەدایە، هەروەها مزگەوتە گەورەکەی قزرابات بە ناوی (جامع محمودپاشا الکبیر) لەو شارە دایە لێرەدا نەختێکی لێ دەدوێم:

ئەو مزگەوتە لە سەردەمی دەستەڵاتی سەلاتینی عوسمانیدا دروست کراوە، بە دروستی لە ساڵی ١٨٩١ز تەواو کراوە، سەرجەم بیست مانگی کێشاوە تا تەواو کراوە. ڕووبەرەکەی ٢٨٠٠مەتری دووجایە. لە لایەن مەحموود پاشای جافەوە دروست کراوە، سەرۆکی بێ لێدوانی قەبیلەی جاف بووە، بۆ دروستکردنی ئاوا مزگەوتێک دەبوا وەستا لە بەغداوە بهێنرایە یان لە ئێرانەوە لەبەر ئەوەی ئەو کاتە هاتوچۆی گەرمیان لەگەڵ ئێراندا هیچ جۆرە گرفتێکی سنووری دەوڵەتی نەبووە و مەحموود پاشا ناردی لە شاری کرماشەنەوە میعمار باشیەکیان بەناوی (کەلایی سەفەر)

هێنا، ئەو میعمارباشیە بە ڕەگەز کوردی ئەسەد ئابادی ڕۆژهەلاتی کرماشان بووە، لە دەڤەری کرماشان میعمار باشیان پێ وتووە.

ئەگەر لە شێوەی ساختمانی ئەو مزگەوتە وردبیتەوە لەسەر شێوەی تەلارسازی سەدسالّی دوایی شێوەی تەلارسازی عوسمانی دەژمێردرێت. جیاوازی نێوان مزگەوتەکانی بەغدا و عوسمانیدا تەنها لە منارەکەیدایە، منارەی عوسمانی بەرز و بولّندتر و زۆربەیان نووک تیژن، بڕێکیان لە بەرد و بڕێکی تریان لە کەرپووچ دروست دەکرێن. منارەی بەغدا و سەرجەم عێراق بە قەبارە قەلّەوتر و کورتتریشن. منارەکەی مەحموودپاشا ٢٠مەتر بولّندە شێوەی بەغدایە. لەو مزگەوتەیدا (دە دانە) گومەتی تیادایە و بەسەر شەبستانی نوێژکردنەوەن، یەک ڕیز گولّتە بە درێژی لە ناوەڕاستدا لە کەرپووچ دروستکراون، تا ڕادەیەک گولّتەکان قەلّەون، دیوارەکان بەتایبەت بەشە سەرەکییەکەی کە هی نوێژکردنە لە کەرپووچ دروست کراوە، لە ناوەوە زۆر قوولّ نین و لەسەر بانیشەوە گردییەکەیان بەرز نین. کاتێک ئەم مزگەوتە دروست کراوە، لە سەرتاسەری لیوای دیالەدا بە یەکەمین مزگەوت ناسراوە. جێگەی دەستنوێژ و چێشتلێنانی تیادایە، لە بۆنە ئایینییەکاندا سەرپەرستانی مزگەوتەکە نانیان داوە، لەو مزگەوتەدا فەقێی تیادابووە و بەلای مامۆستای مزگەوتەوە دەرسیان پێ گوتراوەتەوە. سەرپەرستانی مزگەوت هەمیشە کۆشاون مەلای کارامە و لێزانی تیادا دامەزرێنن، زۆرتر بەلایانەوە گرنگ بووە، مەلاکان کورد بوون... وەک شەهیدی قەلّەم (مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی). مزگەوتەکە لەلایەن پاشای جافەوە بەشێکی باشی ئەوقافی بۆ دیاری کراوە. لە ناو مزگەوتدا چەندان ژووری تایبەت دروست کراون بۆ گۆڕی بنەمالّەی بەگزادەکانی

جاف، گۆڕی دروستکەری مزگەوتەکە مەحموود پاشای جاف لەوێدایە کوڕ و کوڕەزاکانی هەر لەو مزگەوتەیدا نێژراون.

ڕەنگە یەکێک بڵێ مەحموود پاشا بۆ ئەو مزگەوتەی لەو خوارەیدا دروست کردووە و لە هەڵەبجە یان شارەزوور یان لە پاڵ قەڵای شێروانەی باوکیدا نەیکردووە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێش دروستکردنی مزگەوتەکە، کاتێک حەمەپاشا بە نازناوی (خان)ی خەڵات کرا، لە لایەن ناسرودین شاوە. فەرمانڕەوایی دەڤەری زەهاو و سەلاسی باوجانی و جوانڕۆ و وەلەدبەگی پێدرا. دەوڵەتی عوسمانی لەبەر وەزعی دارایی خۆی ئەملاکی سەنیەی عوسمانی دەفرۆشت، ئەرازی قزرابات و دەوروبەری هەراجی فرۆشتن کرابوو، ئەو هەواڵە لە لایەن مەحموودبەگی کوڕە گەورەیەوە گەیەنرایە باوکی حەمەپاشا پوول و پارەی پێویست بۆ مەحموودی کوڕی نارد، نیوەی ڕاستی قزراباتی سەند و کردیە ناوی خۆیەوە. کاتێک محەمەد پاشا لە ناسرودین شا عاجز کرا، گەڕایەوە بۆ وڵات بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا ناکۆک بووە، گەڕایەوە بۆ قزرابات (سەعدیە)، کە بە تاپۆی ڕەشی عوسمانی موڵکی خۆی بووە. سێ ساڵ خۆی و عەشایری جاف لەوێ مانەوە. تا ناکۆکی نێوان پاشای جاف و ئەحمەد پاشای بابان ئاسایی کراوەتەوە. لەبەر ئەوەی حەمەپاشا دۆستایەتییەکی قایموقووڵی لەگەڵ ئەمیری لوڕستاندا هەبووە، نامەی بۆ نووسیوە تا هەزار ماڵی لووڕ و قەڵەوز و زەرگوشی بۆ ناردووە و لەوێڕا نیشەجێی کردووە. حەمەپاشا دەگەڕێتەوە بۆ شارەزوور و هەڵەبجە و ئەو هەزار ماڵە هەر لەوێ دەمێنێتەوە. لە دواییدا مەحموودبەگ نازناوی پاشایی پێ دەدرێت.

خانوویەک لە قزراباتدا دروست دەکات، کە ئێستا بەشێکە لە ئاسەواری دەوڵەتی عێراق، لە دواییشدا ئەو مزگەوتە دروست دەکات.

لەو کاتەوە مزگەوتی مەحموودپاشای جاف هەموو هەفتەیەک نانی تیادا دروست کراوە بۆ هەژاران. فەقێ لە چوار لاوە بۆ خوێندن رۆیشتوونەتە ئەو مزگەوتە، چەندان دەورەی دەستەڵات لە عێراق گۆڕاوە و هاتووەتە سەر کار هەتاوەکوو بە داعشەوە کە سەردەمێک شاری قزراباتیان بەدەستەوە بووە، ئەو مزگەوتە پێگە و رێزی پارێزراو بووە، کە هێزی حەشدی شەعبی دەچنە نێو شاری قزرابات یەکەمین کارێک کە کردیان مزگەوتەکەیان تالان کرد... ئینجا ئەو مزگەوتە نازدارەیان تەقاندەوە، بە چ تۆمەتێک؟ بە چ تاوانێک؟ نە خەڵکی قزرابات وەڵامیان لایە و نە ئێمەی بەگزادەی جاف! ئەوی ئاشکرا و ڕوونە قزرابات و زەوی و زارەکەی بەپێی سەنەدی تاپۆی رەشی عوسمانی تا بناری حەمرین مولکی کوردە، هیچ جەببار و گرووپێک ناتوانێ ئەو واقیعە مێژووییە چەواشە بکات. ئێستا سەرپەرستی ئەو مزگەوتە( سەرتیپ جاف) داماوە نازانێت چۆن ئەو مزگەوتە دووبارەسازی بکاتەوە لەبەر تێچوونی زۆری دارایی... دەوڵەتی بەغدایش هەر قسەیە و دەیکا و قسەیش ناڕواتە گیرفانەوە.

هەروەها ڕازاوەترین ساختمانی ناو ئەو شارە قەسرەکەی کەیخوسرەوبەگی مەحموودپاشایە، ئێستا مولکی دایرەی ئاساری عێراقە.

ئەو ساختمانە پڕە لە زەرافەت و جوانکاریی ئیسلامی عوسمانی زۆرتر لە فۆرم و ئەشکالی هەندەسی کەرپووچی تایبەتی واجیهات رووپۆش کراوە، نهۆمی سەر زەوی بە شێوەی گومەت کەوانەیی

زەریــف ئەنجــام دراوە. نهــۆمی ســـەرەوە لە نمــای دەرەوە گــوڵتەی ئەستووری دارە ڕایەکی سەرتاسەری لەپێش ژوورەکاندایە.

هەروەهــا قەرەخــان (جەلەولا) قەرەتەپە، کفــری، دوزخورمــاتوو، کەرکــووک، تــا مووســڵ، ئەو نــاوانە ژیــانی خەڵـکەکە تۆزەکێـک لەگەڵ دەوروبەردا جیاواز بووە. لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە (خانەقین) شـار بـووە، یەکێک بووە لە جێگەی حەسانەوەی زەواری ئێرانی، ئەوانەی عەودالّی زیارەتگاکــانی کــازمیە و کەربەلا و نەجەف بــــوونە، ئەگەر بە وردی وەزعی کۆمەڵایەتیی ئێستای ئەو جێگایانە وا لەسەر ئەو ڕێچکەیە بوونە ورد بیــنەوە هــیچ جیاوازییەکیــان لەگەڵ دەوروبەرەکەیانــدا نەبــووە، بەتایبەت لە ڕووی خانووبەرەوە، تەنها شاری کفری و کەرکووک نەبێت چەندان خانووی کلتووری و تاریکە بازاڕیان تیادا بووە و کەرستەی بەرد و گەچ و قسڵیان بەکار بردووە.

لە کورســتانی ڕۆژهەڵاتــدا جــگە لە شــاری ســنە، کە پــایتەختی دەسـتەڵاتی ٣٠٠ساڵەی ئەردەلانییەکان بووە ئەویش لەم دوادوایانەیدا لە ســەردەمی والیــی خــوێنڕێژ و دەستوەشــێنی ئەردەلان (ئەمانوڵاخــان) چەنـدان خـانووبەرەی دروسـت کـردووە وەک مزگەوتـی( دار الاحسـان) خانووبەرەکانی خوسرەوئاوا، حەمامی خان.

هەروەهــا لەنــاو شــاری ســنەیدا چەنـدان خــانووبەرەی نـاودار و ڕازاوەی بنەمـاڵە کۆنەکـانی شـاری سنەی تیـادایە، وەک: وەزیریەکـان، موشــیریەکان، ئەوانەی پەیوەنـدبوون لەگەڵ دەســتەڵاتی دووروودرێــژی ئەردەلانەکاندا. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی ژن و ژنخوازیی نێــوان دەســــتەڵاتی ئەردەلان و ســــەفەوی، هەروەهــــا ئەردەلان و قاجارییەکان، ئەو تێکەڵاوییەی لەگەڵ ناوەندی دەستەڵاتدا، شـاری سنەی

وا لێکرد لەگەڵ زۆر لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا جیاوازبن، ئەگەرچی شێوە و سەبکی ئەو خانووبەرە و مزگەوتی (دارالاحسان) لەسەر شێوازی حاڵەتی تەلارسازیی سەفەوی قاجاری دەژمێردرێن، بەڵام ئەورۆکە موڵکی کوردن، بە سەرمایەی تەلارسازیی کورد دەژمێردرێن.

لە شاری کرمانشاندا چەندان ساختمانی کەلتووری بە شێوەی سەفەوی و قاجاری دەبینرێن، لەبەر ئەوەی بە ناوەندی دەستەڵاتی قاجاری بۆ ڕۆژئاوای ئێران ژمێردراوە.

لە کوردستانی ڕۆژئاوا نەک خانووبەرەیەکی بەرچاوی تیادا بێت، خەڵکی کوردستان پێناس و پەساپۆرتیان پێ نەدراوە.

لەبەر ئەوەی کوردستانی باکوور لەناوەندی دەستەڵاتی عوسمانییەوە نزیک بووە لەوێڕا چەندان ساختمان و مزگەوت و قەڵا دروست کراون، ناکرێت باس لە شوورە بە ناوبانگەکەی شاری ئاماد نەکەین، ئەو شارە قەڵا بووە لە دواییدا ڕۆمانەکان ٣٤٣پ.ز شوورەی دەوری شاریان بە درێژایی ٥٠٠٠مەتر دروست کردووە. چوار دەروازەی تیادا بووە، لە لایەن بێزەنتیەکانەوە نۆژەن کراوەتەوە، لە سەردەمی عوسمانی و ئەتاتورکدا دیسان نۆژەن کراوەتەوە.

لە کورستانی باکووردا قەڵا و مزگەوتی فراوان هەن، هیچ کامیان بەناوی کوردەوە نین، وەک مزگەوتی شەرەفخان بەدلیس.

مزگەوتی گەورە سەدەی دوانزەهەم.

مزگەوتی سەلجووقی

مزگەوتی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی

زیاتر لە دوو هەزار ساڵە ئێمەی کورد ژێر دەستەی سێ ڕەگەزی بێگانەین( فارس، عەرەب، توورک).

ئەو ماوە دووررودرێژە ژێردەستەبوونە، تاوانەکە بۆ بخەینە سەر داگیرکەران، ئەی خۆمان چی؟

ئای چەند ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێت!

# مێژووی ماد و تەلارسازییەکەی

کاتێک باسی تەلارسازیی ئێستا و ئەوسا بکەین، ناکرێ باس لە پێگە و جـێگەی ئەو میللەتە(مـاد) یـان ئەو دەسـتـەلاتە نەکەیـن. ئەگەر بەپێـی زەمان توانیویە ببێتە حاڵەتێکی تایبەت بەخۆی، پێگەکەیشـی پەیوەستە بە چەنـدان مەرجەوە، ئەگەر ئەو مەرجـانە پێـک هـات، حـاڵەت یـان شـێوەی تـایبەت پێکهێنـان دژوار نـابن. ئەگەر حـاڵەتەکەیش لە ڕابـردوودا پێـک هاتبێت دەبێ لە مێژووی ئەو دەوڵەتە ئەو میللەتە بدوین.

میللەتی ماد دوانزە هۆزبوونە و لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەکدا نارێک و ناتەبـابوون مـاوەی ٥٠٠سـاڵ ژێردەسـتەی دەسـتەلاتێکی دەستوەشـێنی وەک ئاشـوورییەکان بـوونە، هەمـوو جۆرێـک خـاوە و بـاجی سـالانە و مانگانەیان داوەتە ئاشوور، سەرەنجام یەکێک لە هۆزی (موغ) کە یەکێک لە دوانزە هۆزەکە بووە و کاروکردەوەی دوانزە هۆزەکەیان ئەنجام داوە لەنێـو هـۆزی موغەکانـدا کەسـێکی لێـزان و ژیـر و لێهـاتوو، ئـازا و هەڵکەوتوو بەناوی (دیاکۆ) توانی تا ڕادەیەکی باش نـاکۆکیی هۆزەکانی ماد کەم کاتەوە، سەرەنجام دەستەلاتێکی سنووردارى لەژێر چاودێریی ئاشوورییەکاندا دروست کرد، بەڵام دەستەلاتی خوێنڕێژیی ئاشـوور بەو دەستەلاتە سنووردارە ڕازی نەبوو، سەرنجام دیاکۆ و چەندان سـەرۆک هـۆزی مادەکانی گرت و دووریـانی خستەوە. دوانزە سـاڵی کێشـاوە لە گەڕانەوەی دیـاکۆدا بـۆ وڵات، تـوانی تەواوی هەر دوانـزە هـۆزەکەی مـاد کۆبکاتەوە و لەشکر و سوپا و سانێکی هەمیشـەیی پێک بهێنێت و شـاری (ئەکپاتانـا) هەمەدانـی ئێسـتا بکـاتە پایتەخـت و بە شـێوەی دەربـاری

ئاشـــوورییەکان کۆشـــکی دەســـتەڵاتی مادەکـــان ٥٣ســـاڵ فەرمـــانڕەوایی کردووە، لەو ماوە درێژەی حوکمڕانییەیدا شـوورەی بەناوبانگی دەوری شـــاری ئەکباتـــانی دروســـتکردووە (هیـــرودوت) مێژوونووســـی یۆنـــانی سـەری شـاری ئەکپاتانای داوە و لەو ڕووەوە دەڵێـت: حەوت شـوورەی دەوری پـایەختی مادەکـان لە دونیـای ئەو کاتەیـدا دەنگـی دابـوویەوە (هیـرودوت) دەڵێـت: هـیچ شـارێکم بەو شـێوە پـڕ لە ڕەنـگ و قەبـارەی زەریـــفە نەدیـــوە، شـــارەکە وشـــوورەکەی دەوری بـــازنەیی و حەوت شوورەی لەناو یەکدا بە دەوری شـاردا چەرخابوو، هەر شـوورەیەک بە ڕەنگی تایبەت نێوان شوورەیەک بوو، ئەوی تر دە گالیسکەی جەنگی بە ڕەحەتی هاتوچوویان دەکرد. شـوورەی یەکەم لەوانی تر ئەستوورتر و بووڵندتر بوو، چوار دەروازەی بەرز و بوڵند لە چواردەوری شاردا بوو، شـــوورەکانی تـــریش هەروا. ئیتـــر چـــوار شـــەقامی ســـەرەکیی لە چـــوار دەروازەوە تـا ناوەنـدی شـار داکشـابوو، ناوەنـدی شـار کۆشـکی شـا و چەنـدان سـاختمانی دەسـتەڵاتداری لە دەوریـدا بـووە. لەبـارەی کۆشـکی دیاکۆوە دەڵێت:

لە ڕووی سـاختمان و ئـاداب و نەریتـی دەربـاری (دیـاکۆ)وە هەمـان شێوەی ساختمان و دەرباری دەستەڵاتی ئاشـوورییەکان بووە. (نەینەوا) وەک بەکـاربردنی گـای باڵدار و بەکـاربردنی بەرد و مەرمەڕ لە گوڵتە و سەر گوڵتە و پلە و پایەکاندا. دیارە (هیرۆدوت) شکۆ و جەلالی دەباری (دیاکۆ)ی نە دیوە، جگە لە ساختمان و کۆشـک و شـوورەی حەوانەوە و لەشکر و سوپا و سان، حیکمەت و لێزانیی دیاکۆ لەمێژدا زۆرتر باس دەکرێت، پێنج سـەد سـاڵ نـاکۆکیی نـاو دوانزە هـۆزی هەمیشـە ئامـادەی یەکتـر کوشـتن و لەو ئاسـتە نارێـک و خوێنـاوییە بگـاتە دەسـتەڵاتێکی

موحکەم و پتەو. کاریگی مێژوویی کردووە بۆیە دوای دوو هەزار و حەوت ساڵ زۆتر باس لە لێزانییەکەی دیاکۆ دەکرێت تا کارە ساختمانییەکانی، ئەو ناکۆکییە دوورودرێژەی نێوان هۆزەکانی ماد هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە کە ئێمە پاشماوەی مادەکانین. نابینی لە دوای کودەتاکەی کورشی هەخامنشی و هارپاکی ناپاکی مادی، ئێمەی کورد نەمانتوانیوە یەک بگرین.



چل ملیۆن مرۆڤی کورد لە هەزارەی سێهەمەدایە یەشتا بێ دەوڵەتین و نەمانتوانیوە یەکتر قبووڵ بکەین، بۆیە دراوسێکانمان هەر کات هەوەسیان هەبێت و وەکوو داشی شەترەنج یاریی مەرگمان پێ دەکەن.

مادەکان بە سەرۆکایەتیی (دیاکۆ) لە ساڵی ١٣٣٢پێش کۆچیدا توانییان دەوڵەتی خۆیان پێک بهێنن، (دیاکۆ) بە درێژایی ٥٣ساڵ فەرمانڕەوایی پایتەخت و شوورەی حەوت ڕەنگی دەوری پایتەخی دروست کردووە، دوای مردنی کوڕەکەی جێگەی گرتووەتەوە و بووەتە شا، یان دەماندۆشن.

بەڵێ، فرەوەتیشی کوڕی دیاکۆ دەبێتە شا، بەڕاستی ئەم جێنشینە توانی دەستەڵاتێکی بەهێز پێکبهێنێت، تا سەردەمی ئەم شایە

ئاشوورییەکان باج و سەرانەیان لە مادەکان وەرگرتووە، بەڵام فروەتیش نەڕۆیشتووەتە ژێر ئەم باجدانە و لەگەڵ ئاشوورییەکاندا بەشەڕ هات، بەڵام هێزی سوپای ماد بەو ئەندازەیە بەهێز نەبووە تا بتوانێ بەسەر دەوڵەتی کۆنەساڵی ئاشووریدا زاڵ بێت(فروەتیش) شەڕەکەی دۆڕاند و لە شەڕەکەیشدا کوژراوە لە ساڵی ٦٢٣پ.ز.

# هوخشتەر

دوای کوشتنی باوکی (فرەوەتیش) کراوەتە شا، لە ڕۆژی یەکەمی دەستەڵاتییەوە تەواوی کات و دارایی خستەگەڕ بۆ بەهێزکردن و کارامەکردنی سوپا و لەشکری (ماد) توانی لە شەڕێکی خوێناویدا لەشکر و سوپای ئاشوور بشکێنێت و پەلاماری شاری شوورەداری (نەینەوا) بدا و دەوری شار بگرێت. سوارەی مادەکان لە سوارکاری و تیرئەندازیی بەسەر ئەسپەوە ناودار و کارامەبوون، نزیکەی دە ساڵ دەورەی شاری نەینوا درێژەی کێشا، لەو ماوەیدا قەومی (سەکایەکان) کە لە باکووری ئێرانەوە دەژیان پەلاماری دەڤەرەکانی (ماد)یان داوە، بڕێکی ئەوانە لە پشتی چیاکانی قەفقاسییەوە هاتن و زۆرتر پەلاماری ناوچەکانی مادیان داوە، دیارە لەسەر داوا و تەماحی ئاشوورییەکان ئەو پەلامارەیان داوە، سوپا و لەشکری ماد بە ناچار دەوری شاری (نەینەوا)یان بەجێهێلاوە و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، هەروەها سەکایەکان نزیکەی بیست و هەشت ساڵ لە دەڤەرەکانی (ماد)دا ماونەوە. هوخشتەر توانی سەرتاسەری فەرماندەکانی سەکایەکان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا داوەت کات و لەو داوەتەیدا سەرتاسەری فەرماندەی سەکایەکان بکوژێت و بەو شێوە وڵاتی ماد لە دەست ئەو داگیرکەرانە ڕزگارکات، کەوتەوە ئارایشکردنی دووبارەی لەشکر و سوپای (ماد) لەو کاتەیدا شای دەستنیشانکراوی ئاشوورییەکان لە بابل، ئەویش هەوای ئازادیی کەوتبووە سەریەوە، هوخشترە توانی پەیمانی لەگەڵدا ببەستێت و لە دوو لاوە پەلاماری دەستەڵاتی ئاشوور بدەن.



بەشی ڕۆژئاوای ژێر دەستەڵاتی ئاشوور (سوریا)ی ئێستا بوو بە بەشی شای بابل (نەبوخزنوسر)، نەینەوا و باکووری نەینەوا بووە پشکی مادەکان. دوای وێرانکردنی شاری (نەینەوا) سووتاندنی هێندە کینەی کۆمەڵی پێنج سەد ساڵ زوڵم و زۆریی فراوان کە، سوپای ماد ڕۆیشتە ناو شاری (نەینەوا)وە، شای ئاشوور خۆی و خێزان و ژن و منداڵی سەرجەم لەناو ئاگردا سووتاند. ماد نەینەوای وێران کرد، هیچ گیانلەبەرێکیان بە زیندوویی نەهێڵاوە، تەنانەت ئاژەڵەکانیش! سوپای ماد

کەوتنە دوای ئەوانەی توانیبوویان لە شار وەدەرچن، تا ناو سووریا بە دوایان کەوتن. ئەوی ئاشووری بوو کوشتنیان و بۆ هەمیشە ڕەگەزی ئاشووری بەسەر زەوییەوە نەمان.

ئەم ئاشووریانەی ئێستا فریان بەسەر ئاشووریە کۆنەکانەوە نییە، ئەو نازناوە لە لایەن پاپاوە بەوان دراوە، بەندە ئەو سەرچاوەم بەلاوەیە لە ڕۆژنامەی (باس)بڵاوم کردووەتەوە لێرەیش کەمێک ئاماژەی پێ دەکەم:

لە ئاینی پیرۆزی مەسیحیەتدا هاتووە، کە حەزرەتی مەسیح لە دوو جەوهەر پێک هاتووە، دوو جەوهەری لە یەکەوە نزیک (مرۆیی و خودایی) تێکەڵاونەبوونە و پێکەوەبوونە، لە (تەعمید)ەوە دەستی پێ کردووە، لە بە خاچکێشانی حەزرەتی مەسیحدا دوایی هاتووە، جا بۆیە ناکرێ بوترێت حەزرەتی مەریەم خوایەکی بووە بە ناوی مەسیح، بەڵکوو مرۆڤێکی بووە جەوهەری تێکەڵی جەوهەری پەروەردگار بووە، لە بەخاچکێشاندا لێک جوێ بوونەتەوە. یەکەمین کەس ئەو بیروڕایەی خستە بەرچاو (نەستوریوس پەتریرکی قوستەنتینییە) بووە، پەیڕەوانی ناسراون بە (النساطرة) لەم کاتەوە کڵێسا مەسیحییەکان ئەو بیروبۆچوونەیان ڕەتکردووەتەوە. کۆبوونەوەی چاوساغانی مەسیحیەت لە شاری (ئفس) دا لە ساڵی ٤٣١ بۆچوونی قەشە نستوریوسیان ڕەتکردەوە، بەسەر ئەو ڕەتکردنەوەیشدا بۆچوونی نەستوریوس بڵاوبوویەوە، بەتایبەت لەناو مەسیحییەکاندا، کە ئەودەم ئەو دۆڵە کە پێی دەوترێت دۆڵی دوو ڕووبار پایتەختی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکانی تیادا بووە بەناوی (تیسفۆن) عەرەبەکان پێیان وتووە (المدائن) لەولاشەوە دەستەڵاتی مەسیحیەت (بتریک نستوریوس)

دوورخرایەوە بۆ ناو سارای میسر و لەوێڕا تیاچوو. دوای پەلاماری سوپای ئیسلام بۆ سەر ئێران و دەستەڵاتی ساسانی و لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و دامەزراندنی ئایینی ئیسلامی لە ئێراندا، هەروەها دەستەڵاتی ئیسلامی لە ئێراندا هیچ توندوتیژییەکی دەربارەی نەستوورییەکان نەنواند... ئیتر هەروا مایەوە تا سەردەمی دەستەڵاتی عەباسییەکان، دەوڵەتی عەباسی نەوازشی کڵێسای (جاثلیق)ی دەکرد، کەوا بە کلیسای نەستوورییەکان ناسراوبووە زۆر لە پزیشک و حەکیم و ئەهلی سەواد و وەرگێڕان لەناو کڵێسای (جاثلیق) دا هەبوونە، خەلیفەی عەباسی و فەرمانڕەوایانی عەباسی ڕێزوحورمەتیان لێ گرتوون و دوای ئەوەی هۆلاکۆخان بەغدای گرت و دەستەڵاتی عەباسی لەناوچوو، مەغۆلەکان ڕێزێکی تایبەتیان لە نەستوورییەکان گرت، لەبەر ئەوەی ژنە دەستەڵاتدارەکەی هۆلاکۆخانی مەغۆڵ پەیڕەوی ئایینی نەستوورییەکان بووە، بەڵام ئەو ناز و نەوازشە درێژەی نەکێشاوە ئەوانیش وەک خەڵکە زۆرەکە تووشی جەبەڕووتی مەغۆل هاتوون، بەناچاری تیسفۆنیان بەجێهێڵاوە و ڕۆیشتوون بۆ چیای ئەلقووش و ئامێدی و پانتای مووسڵ و کڵێسای سەرەکییان لە (دیر مار هورمزد)یان لە چیای ئەلقوشدا دروست کردووە. بەسەر ئەو هیجەرەتیشدا نەستوورییەکان لە ئازار و تالان و بڕۆی دەوڵەتی (ئاق قوینلو) بێبەش نەبوونە، یانی سەدەی پانزەهەم، بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەم بەم لاوە دەستەڵات و توانای پاپای کاسۆلیکی ڕۆژ بەڕۆژ بەربڵاوتر بووە، زۆربەی زۆری کەنیسە ڕۆژهەڵاتییەکانی قووت داوە، وەک:( مارۆئییەکان، ملکیە، یەعاقیبەکان) و ئەوانی تریش و هەروەها ئەساتیرەی مووسڵ و دێهاتی پانتایی مووسڵ و دیاربەکر ... ئەوانە ئایین و مەزهەبی کۆنی خۆیان گۆڕیە سەر مەزهەبی کاسۆلیک، ئەو

گۆڕانکارییە گرفتی لە ناوەکەدا دروست کردووە، نەستوریەت ناوێکی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ قەشە نەستوریوس، کە ڕۆما و پاپاویەت ئەوەیان بە لادان لە ئایینی مەسیحیەت (هرتەقە) داناوە، بۆیە ناوی نەستووری نەگونجاوە لەگەڵ مەزهەبی کاسۆلیکدا جا بۆیە (پاپا) ناوێکی تازەی بۆیان دانا بەناوی (کلدان) ئەو ناوەیش نە هیچ بنەمایەکی نەتەوایەتی نە ئایینی نەبووە، هەتاوەکوو زمانەوانی و مێژوویی تەنها پاڵپشتی کردووە بە تەورات ئاماژەی کردووە بە (ئور الکلدانیین) ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە (ئور) کلدانی نەبووە و سۆمەرییە. کلدانییەکان دەوڵەتی سۆمەری دووهەمیان دروست کردووە، ئیدی ئاوا نەستوورییەکان ئەوانەی ئایینیی خۆیان لە نەستوورییەوە گۆڕیە سەر کاسۆلیک بە (کلدان)ی ناوبران و کڵێساکەیان بە کلدانی ناسرا. لە ڕاستیدا هیچ پەیوەند و پۆیەکیان بە کلدانی و نەستووریە و نییە و کەنیسیەکی کاسۆلیکی تەواوە تەنها (قەداست) بە زمانی سریانی تیا خوێندراوەتەوە، کە زمانی نەستوورییەکان بووە، ئەو ڕێوڕەسمە لە تەواوی ناو مەسیحیەت و دۆڵی دوو ڕووبار و سووریا و دورگەی فوراتدا هەر وایە.

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا هیچ نەستوورییەک بەدی نەدەکرا جگە لە بڕێک تیرەی لێرەولەوێ دەڤەری هەکاری نەبێت، کە لەسەر مەزهەبی خۆیان تا ئێستا ماونەتەوە... لەبەر ئەوەی ئەو ناوە بەلای دەستەڵاتی مەسیحیەتەوە بێزراوە و قابیلی قەبووڵ نەبووە. چاوساغە(المبشرون) بەریتانییەکان (مەسیحی) لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا ناوێکی تر کە بە باڵای ناوی (کلدان)یان ناونا (کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری)، کەبۆنی هەستی نەتەوایەتی لێ بێت،

زمانەکەیشان بەشێکە لە زمانی سریانی، کە کە زمانی نەستوورییە بە کاسۆلیک بۆنەکان هیچ پۆو پەیوەندێکی بەسەر زمان و فەرهەنگی کۆنی ئاشووورییەوە نییە و نەبووە... ئەمە مێژووە و حاشاهەڵنەگرە. سەرچاوەکان هی خودی ئایینی مەسیحیەتە نەک ئیسلام و نەک منی کورد.

بەندە لێرەوە داوا لە برا مێژوونووسەکان دەکەم تۆزێک لەو وردە بۆچوونە گەوجانە بدون، تا ئێمەی کوردی ماڵوێران و خاک داگیرکراو بەپێی لۆژیک و دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو کە زۆر بەدەستەوەن لە کۆڕ و پانێل و بۆنەکاندا دوور لە دەمارگرژی بخرێنە بەرچاو... داوەت لە برا ئاشوورییەکانمان بکەن بۆ بەشداربوون لە باسەکاندا.

ماوەتەوە ئەوەی بڵێم: بەندە چەندێک ڕەگەزم بڕواتە سەر مەغۆڵ یان قەبیلەی (ملسای) لە ئەفریقا ، برادەرانی ئاشووری ئێستایش هەر ئەوەندە پەیوەندییان بە ئاشوورییە کۆنەکانەوە هەیە.

دوای سەرکەوتنی مادەکان، دەستەڵاتی ماد بوویە هاوسنووری دەستەڵاتی (لیدیا) شەڕێکی خوێناوی کەوتە نێوان (ماد و لیدیا)وە، پێنج ساڵ درێژایی کێشا و ڕۆیژێک لە کاتی شەڕدا هەتاو گیراوە و تاریک داهاتووە، هەردوولا ئەوە بەنیشانەی نا ڕەزایەتی خواوەند دەزانن، شای بابل کەوتە نێوان (ماد و لیدیا)وە، ژن و ژنخوازیی کەوتە نێوان شای ماد و لیدیاوە بە دوای مردنی فرەوەتش ئختنیکۆ جێگەی باوکی گرتەوە.

# ئختنیکۆ

ئەم شـــایە مـــاوەیەکی دووورودرێــژ فەرمـــانڕەوایی کــرد، دەوڵەت دەوڵەمەندی وەپێشکەوتنی دەستەڵاتی ماد، لە دونیادا ناوباوی دەرکرد و شـاری (ئاکپاتانـا) پـایتەختی مـاد ناوبـاوێکی جیهـانی بەدەسـتهێنانبوو، لە دوای مردنــی ئاســایی ئختیکـۆ کـوڕەکەی (ئەژدهــاک) جـێگەی بــاوکی گردەوە.

# ئەژدهاك

کـورش کـوڕی شـازادە (مەنـدانا)ی کچـی ئەژدهـاکی دوایـن شـای دەستەڵاتی ماد بووە و زۆرتر هەر لە دەرباری (مادا) پەروەردە بووە.

(ئەژدهـاک، ئاسـتیاک، زوحـاک) هەرسـێ ئەو نـاوانە یەکێکن مادەکان شـاکەیان بە ئەژدهـاک نـاوبردەوە و یۆنانییەکـان بە ئەسـتیاک ناویـان هێناوە و فیردەوسـی لە حەماسـە سـەراکەیدا (شـاهنامە)دا کەسـایەتییەکی ئەفسانەیی مەنفی لێ دروست کردووە، بەنـاوی زوحـاک، بەڵـێ ئەژدهـاک شـایەکی زۆردار و بکـوژ و ببڕبـووە، وەک هەر شـایەکی ئەو دەورە و زمـانە بەڵام پیـاوخۆر نەبـووە، دیـارە مـام فیردەوسـی دیـوار لە دیـواری باوبـاپیرانی ئـێمەی کـورد نزمتـر و کۆتـاتری نەدیـوە تـا لە دوا شـای دەسـتەڵاتی سەدوبیسـت سـاڵەی مادەکـان دەعبـایەکی وەک (زوحـاک) بسـازێنێ، فیردەوسـی دەبـوو تۆزەکێـک وەک مێـژوو نەک ئەفسـانە دەربـارەی چـۆنیەنی پـیلان و خیـانەت و کودەتـای (هارپـاک و کورشـی) کردبـا، ئەو دەم پەنـای بردبـایەتە ئەفسانە، ئەڵبەتە ئەم ڕەخنەیەی بەندە هیچ لە شاکارەکەی مام فیردەوس کەم ناکاتەوە، بەڵام خیـانەت خیـانەتە، شـا بیکـا یـان هەژارێـک، یـا پەیامبەرێـک، جێگەی شـوکری بـاقییە یەشـتا چەنـدان سـەرچاوەی یۆنـانی ڕۆمـانی، هەتـاوەکوو ئێرانـی بـاس لە چـۆنیەتیی دەسـتتێوەردانی دەسـتەڵات لە دەسـت مادەکـان ( بەنـدە لە کتـاوی درۆیە کـاوە زوحـاکی نەکوشـتووە لەم ڕووەوە دواوم) لێرەیش تۆزەکێک ئاماژەی پێ دەکەم:

زوحاک لە مێژدا هەبووە و ئێستایش هەیە و لە داهاتوویشدا لەناوچوو نابینێت. زوحاک دیاردەیەکی مەیدانی و سایکۆلۆژییە و لە فکر و دەروونی میللەتاندا ملّق دەدا و هەر میللەتێک بە شێوەیەک لە شێوەیەکان تەجەسوومی زوحاکەکان دەکا و دوورئەندازیشی بۆ دادەنێ.



ئێمە وەک ماد و کوردی ئەم دۆڵە و بناری چیاکانی زاگرۆزە، میتالۆژیا و تێفکرینی مێژووییمان لەگەڵ گەلانی تردا جیاوازە، لە بنەمادا جێگە و شوێن و جۆری ژینگە تا ڕادەیەکی زۆر چۆنییەتی تایبەتمەندی ئەفسانەکان و شێوەی تێفکرین گەلاڵە دەکات و بەلای خەڵکە زۆرەکەوە وەک مێژووی ڕاستەقینەی ڕابردوو پێناسە دەکرێت و بە مێژووی ڕاستەقینە دەیدەن لە قەڵەم. هەتاوەکوو چیرۆکە خۆماڵییەکانیش بە

گـوێرەی ژینگـە جیـاوازن. لـە کوردسـتاندا چیرۆکـی ئەفسـانەیی زۆرن و بڕێکیان پەیوەندن لەگەڵ دەڤەرەکەدا. ئاو لە گەرمیاندا نیازێکی تێکڕاییە، بۆیـە ڕەنگدانـەوەی لـە تێفکرینـی دەروونیـدا کاریگـەریی خـۆی هـەبووە، چیرۆکـی سـەیر سـەیریان بـۆ سـازاندووە. ئەژدیهایـەک بـەری ئـاوی دەڤەرێک دەگرێت و هەفتەی قوربانییەکی پێشکەش نەکرێت ناجووڵێتـەوە و بەری ئاوەکە بەرنادات. (موڵک محەمـەد) ناوێک بە ڕێبواری گوزەری دەکەوێتە ئەو دەڤەرە و ئەژدیها دەکوژێ و بەری ئاو بەر دەبێ.

دیارە ئێمەی کورد لە مێژەوە خاوەنی ڕاستەقینەی چیاکانی زاگرۆز و دەوروبەرەکـەین. بـۆ نموونـە زۆربـەی ئەفسـانە میتالۆژییەکانیش هـەر هی کورد بوونە. شتێکە لەبەر کەم دەستەڵاتی و ژێردەستەیی میللەتانی دەوروبەر ئەویش وەک سامانەکانی تری چەپاوکراون و بوون بە موڵکی گەلانی دەسترۆیشتوو. بکوژ و ببڕ و تاڵانکەرانی عارەب لە ئێراندا لـە سەردەمی فیردەوسی (٩٢٠- ١٠٢٠) و پێش ئەودا لە عەقڵی ئەو هەمیشە کاردانەوەی خۆی هەبووە، بۆیە کارەکتەرێکی وەک زوحاکی کردووەتـە عـەرەب و داگیرکـەری وڵاتەکـەی. دیـارە لـە کـورد بێدەسـتەڵاتری لـە دەڤەرەکەدا نەدیوە، بۆیە چرنووکی لە مێژووی "ماد" گرتووە و دوا شای "ماد" "ئـەژدهاک"ی کردووە بە زوحاک و ئیتر داستانی شـەیتانی بـەڵای هەمووانـەوە زانـراوە. لـە شـانامەکەی فیردەوسـیدا قارەمانـە سـەرەکی و لاوەکییەکان دەسنیشان کراون. سەرەکییەکان پەنجا ناون، (٤٩) پیاون و یەکێکیان ئافرەتە. دووسەت و پەنجا قارەمانی لاوەکی تێدایە، یـەکێک لـەو قارەمانانەی "کاوە"یە، ئەویش لە بیست و نۆ بەیتدا، کە سـەرجەم شـانامە (٦٠٠٠٠) بەیتی شیعرییە، تەنها لە (٢٩) بەیتدا ناوبراوە.

کورش هاتە سەر دەستەلاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن تاقیکردنەوە، لە تەواوی بوارەکاندا یەکێک لەوانە هەندەسەی تەلارسازی و پایتەختی ڕازایەوەی (برسیولیس) لە ماوەی دوانزە ساڵدا ئەو کۆشک و تەلارانەی لە برسیولیسدا ئەنجام درا بە کاروتەجرووبەی نزیکەی دووسەد ساڵەی تەلارسازی مادەکان کراوە، ئەگینا مەحاڵە لە پەنجا ساڵ کەمتر تاقیکردنەوەی تەلارسازی بتوانرێت کۆشکەکانی پرسیولس دروست بکرێت.

پاشماوەی کاروکردەوەی مادەکان لە لایەن ئێرانەوە گرنگی پێ نەدراوە، پەرستگای (ئاناهیتا) لە کەنگاوەری نێوان هەمەدان و کرماشان، نیوەی خانووی ئەو شارە بە بەرد و مەرمەڕی ئەو پەرستگایە دروستکراوە قزقابانی لای شارباژێر یەکێکە لە گۆڕەکانی سەردەمی ماد.

کە شای پەهلەوی جەژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شاهەنشاهی ئێرانی ئەنجام داوە تەواوی دەوڵەتەکانی جیهانی بۆ ئەو جەژنە داوەتکرد ١٨٠ ساڵی فەرمانڕەوایی مادیان بە حیساب نەهێنا، لەبەر ئەوەی بە ڕەگەز فارس نەبوونە و باوباپیرە گەورەی ئێمەی کوردبوونە. پێنج سەد ساڵ ناکۆکیی نێوان دوانزە هۆزی ماد و یەکتر کوشتن و نۆکەری ئاشووری کردن، گەورەترین بەڵگەیە کە ئێمەی کورد ئێستا ئەوەندە لەگەڵ یەکدا ناڕێک و ناتەباین ئەوە ٢٥٠٠ ساڵە ئێمەی کورد یەکتر دەکوژین و نۆکەری دەرودراوسێکانمانین (چەند ئەمڕۆمان لە دوێنێ دەچێ!) کەی (دیاکۆ)یەکی تر لەناو ئەم میللەتەیدا هەڵکەوی... نازانم!

من ناچاربووم لە مێژوو بدوم، بەداخەوە مێژوونووسی کورد ئاگادارییەکی یەکجار کەموکورتی دەربارەی مێژووی ماد هەیە. ستەمە

مێژوونووسانی کورد تا بە ئەمڕۆ ناکۆشن و نەکۆشاون زانیاریی زۆرتر دەربارەی (ماد) و دەسەڵاتی ماد و پیلانەکەی کۆرشی هەخامنشی بدون و بنووسن. بە تەئکید کەس نکووڵیی لە گەورەیی و مەزنیی کورسی هەخامنشی ناکات، چەندە گەورە بووە، بەڵام سەرەتاکەی لەسەر زوڵم و غەدر و پیلان و کودەتا و خیانەت بونیادنراوە. هەتاوەکوو (هارپاک)ی ناپاک بە تەمابووە کە دەستەڵاتی ماد وەک خۆی بمێنێتەوە و بدرێتە دەستی ئەو، سەرەتا چەند مانگێک بانگەوازی برایی فارس و ماد کرا، کە قودرەت و دەستەڵاتی کورش چەسپا، ناوی ماد خراوەتە لاوە. لەو بێ بایکردنە چەندان ڕاپەڕینی ماد ڕووی داوە، بەڵام مێژوونووسانی ئێرانی بە شێوەی نادروست لەو ڕاپەڕینە دواون.

دەگەڕێمەوە سەر زەرافەت و تەلارسازیی سەردەمی ماد( ئەژدهاک) هاتبووە سەرکار، دەستەڵاتی فراوان خەزینەی دەستەلات پڕ دەربار ڕازاوە کۆشک و تەلاری فەرمانڕەوایی پڕ بووە لە هونەر لە پەیکەری زلزەلامی پێش کۆشکەوە.

بگرە کە زۆرتر گای زەلامی باڵدار وەک جانەوەرێکی ئەفسانەیی دەرودەروازەی لە دوولاوە کۆشکی دەستەڵاتی پارازتووە.

بەسەر دیواری کۆشکەوە نەخشی بەرجەستە و ڕەنگئامێزی کراو تەختی شاهی لە زێڕ و زیوەردا نوقم بووە، ( هیرودوت) دەڵێت: زۆرم دەربارەی شاری ئکپاتانا و کۆشکی دەستەڵاتی ماد بیستبوو باوەڕم نەدەکرد، ئەوەی من بیستبووم زۆرتر بە ئەفسانە و جادووم دەزانی، ئەوی لەوێڕا دیومە لە هیچ گۆشەیەکی دونیا بەو شێوە نەبینرابوو، حەوت شوورەی دەوری شار بەرز و بوڵەند شوورەی ڕووبە دەرەوە هەر سەد مەتر کۆنگرەیەکی بە ڕەنگی زێڕین و یەک لەنێوان زیوین بۆ

چاودێری دەرەوە ڕووبە دوژمن. ئیتر شوورەکان تا لە کۆشکی ناوەندی نزیـک دەبـوونەوە کۆتـاتر دەبـنەوە. ئەوی سـەرنجی ڕاکێشـام حەوز و نـافوورەی ئـاو بەو زەبـر و زۆرە چۆن چۆنین، بەرەو سـەرئاو خۆیـان هەڵـدەدا. بـازاڕی وا پۆشــتە و ســەرقاڵم وەک ئەوی نەدیـوە ئیتـر ئەوە دووکـانی زەڕنگـرە، ئاسـنگەری شمشـێر و سپەرسـازە جگە لە پـارچەی گوڵداری ڕەنگاو ڕەنگ.

دیـواری یەکەمـی شـوورەی دەوری شـار بە ڕەنگـی سـپی. دیـواری دووهەم بە ڕەنگـی ڕەشـە، دیـواری سـێهەم بە ڕەنگـی سـوورە، دیـواری چوارەم ڕەنگی شینە، دیواری پێنجەم ڕەنگی زەردە، شەشـەم ڕەنـگەکەی قاوەییە حەوتەم.

کۆنگرەکانی زێڕین و زیوینە

مێژوونووسێکی پێش سەدەی دووهەمی زایین دەڵێت: بە تەئکید ئەو توانام تیادا نییە بە وردی لەو زەرافەتەی لە ئکپاتانایدا دیومن، باسـی لـێ بــکەم، بەتــایبەت کۆشــکی شــاه، ئەو هەمــوو گــوڵتە و کــۆڵەگەیە، سەرتاسـەریان گوڵتەکـانی بە ئـاوی زێڕڕەنـگ کـراون، زەوی کۆشـک و مەرمەڕێـک بـوو ملقـی دەدا. پێم وایە لەنـاو ئـاودام بڕێک لە دیوارەکـان نەخشی بەرجەستەی ڕەنگکراو دیمەنی ڕاوکردنی شـێر و دڕندەکان. ئەم مێژوونووسـە (پـولی بی)دا بە وردی باسـی کۆشـکی شـای مـاد دەکـات، ئەوە دەردەخـا.. کە شـێوازی تەلارسـازی و تێکـڕا هـونەر لە دەسـتەڵاتی مـاددا گرنگی زۆری پێدراوە، بەڵام ئەو زەرافەتەی وا ئەو مێژوونووسە (پـوولی بــی)ی لێــی دواوە. مێژوونووســە ئێرانییەکــان خۆیــان لــێ کەڕکـردووە و باسـی لـێ ناکـات تـا گرنکـی و زەرافەتـی و کۆشـکەکانی پرسـیولیس کە نەکـرێتەوە و دەورونەخشــی هونەرمەنـدانی مـاد نادیـدە

بگرن. دەستەڵاتی ماد ١٨٠ساڵە مادەکان کورشی هەخامنشی بێ شەڕ و وێرانکردن بە کودەتایەکی بێ کێشەوە بووەتە خاوەنی ١٨٠ساڵی کاروکردەوەی تەلارسازی هونەری زەڕەنگەری و زەرافەتکاری.

ئیتر ئەوە مێژووی نووسراو لە ڕاستیدا مێژووی سەرکەوتووەکانە. ڕۆژێک دێت مێژووی حەقیقی مرۆڤ دووبارە بنووسرێتەوە، ئەو دەمەیە وا تەکنۆلۆژیای بەشەر بگاتە ئەو ئاستەی بتوانێ ئەو (زەبزەبە)ی دەنگی ڕەهایە لە ئاسماندا وەک خۆی ماوەتەوە.

زانست ڕۆژێک دێت بتوانێ ئەو دەنگە ڕەهایانە گلێرکاتەوە، ئیدی دەنگی مرۆڤی سەردەمی بەردین. دەنگی پەیامبەران، پیاوە گەورەکانی قووڵایی مێژوو، ئەو کاتەیە مێژوو لە بنەماوە دەگۆڕێت و حەقیقەتی مێژوو بۆ بەشەریەت وەدەر دەکەوێ بەندە بە دوور دەزانم. ئەگەر تا ئێستا سەرەتای ئەو زانستە کاری لەسەر نەکرابێت. ئێمەی کورد تا بە ئەمرۆ دەرەقەتی دوژمنانمان نەهاتووین خەتاکە لە خۆمان بێت، یان نەیارەکانمان، ئەوە واقیعیەتە مێژووی نووسراو، بەرهەمی زەڕ و زۆری سەرکەوتووەکانە.

پێم سەیرە ئاسەواری سەردەمی دەستەڵاتی ماد زۆر کەمی ماونەتەوە، پرسیارێکە بەلامەوە گلاڵە بووە: چۆن سەدام حوسێن ئاسەواری تاقی کیسرا (مەدائین)ی خستە بازنەی فەرامۆشی و بێ چاودێرییەوە؟ دەستەڵاتی هەخامنشی نەک کەمتەرخەمی بەڵکوو کۆشاوە ئەوی ئاسەواری دەستەڵاتی ماد هەبووە لەناویان بردووە، ئەگینا بە تل و بەردێکی شاری ئەکباتانا لە دەوروبەری هەمەداندا بەدی ناکرێن، ئەوە نییە پەرستگای ئاناهیتا بە بەرچاوی دەستەڵاتدارانی ئێرانەوە بەردەکانی کراونەتە خانووی خەڵکی کەنگاوەر؟ مێژوونووسانی ئێران بە تەواوی

توانــاوە کۆشــاون پــێگە و جــێگەی بــاوکی کــورش گەورە و گەورەتــر بکەنەوە، ئەگەر (ماندانا)ی کچی ئەژدهاک شـای مـاد شـووی نەکردبـایەتە ئەمیری ئەنشاد کە فارس بووە.

لێرەدا نـاوی بڕێک لە گۆڕی شـاکان و گەورەکـانی دەسـتەڵاتی مـاد دەبەم کە لە بوڵەندی و سنگی چیاکاندا بووە و نەیانتوانیوە وێرانی کەن.

١- گۆڕستانی سەگەوەند لە باشووری شاری کرماشان.
٢- گۆڕستانی ئەفریتا نزیکی شاری میاندوئاو.
٣- گۆڕستانێک نزیک شاری (سەختە)یە لە ڕۆژهەڵاتی کرماشانداییە.
٤- دوکانداود لە نزیکی شاری (سەرپیل)ی زەهاو.
٥- قیزقایــان لە نــاوچەی شــارباژێڕ پارێزگــای ســلێمانی تەواوی ئەو گۆڕســتانانە لە نــاو خــاکی کوردســتاندان بــۆیە مــاونەتەوە، ئەگینــا ئەوانەشیان لەناو دەبرد.

تەلارسازی خۆی لە خۆیدا مێژوو دەگێڕێتەوە یانی دەتوانین بڵێین تەلارسازی ڕیوایەتە، ڕواڵەتە، حیکایەتە، چۆنەتیی ژیان و جێگە و پێگە و پلە و پایە و وردەکاری دەستەڵاتی ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

تەلارســازی: توانــا، ئــابووری، وردەکــاری و لێــزانین و پســپۆڕییە، هەموو ئەوانە کۆمەڵ دەبن و شێوەیەک لە شێوەکانی تەلارسـازی پێک دەهێنن.

ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە دەستەڵات و تەلارسـازیی مادەکانە، بنەمـای ســەرەتا و دەســتپێکردنی زنجیــرە دەســتەڵاتەکانی یەک بە دوای یەکــی بنەمــاڵەی تەلارســازیی نــاو ئێــران، وەک: دەســتەڵاتی ئیمپراتــۆریەتی هەخامنشــی، دەســتەڵاتی ئەشــکانییەکان، دەســتەڵاتی ئیمپراتــۆریەتی

ساسانی، هەوەرها ئەوە شێوەی تەلارسازی ئێرانی بووە، بووەتە بنەمای شێوەی تەلارسازی ئیسلامی، هەروەها دەورە دەستەلاتەکانی سەلجووقی، مەغۆلی سەفەوی، قاجاری، هەروەها شێوەی تەلارسازیی عوسمانی.

سەیرەکە لەوە دایە سەرەتای تەلارسازی ئیسلامی لە یەکەمین مزگەوتەوە دەستی پێ کردووە، کە مزگەوتی پێغەمبەری خودایە و بەو سادەگیەی کە بووە وە بەو ڕێگە دوورو درێژەیدا گوزەراوە و هونەر و داهێنانی میللەتە بە ئیسلامبووەکانی تێکەڵ بووە هیچ ڕەوا نییە عارەب بڵێت (مەدرەسەی عەرەبی ئیسلامی) ئەوە ناهەقییە بەرامبەر میللەتە بە ئیسلامبووەکانە. بەندە لەسەر ئەو خاڵە تووشی گرفتی دەمارگرژە عارەبەکان زۆر بووم، بەڵام هەقیقەت هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەندە زۆر دوور ناڕۆم و هەر لە عێراق دەمێنمەوە و دەپرسم: ئایا تا بە ئەمڕۆ شێوەیەکی تەلارسازی لە عێراقدا بەو ناوە ناسراوە؟

ئەگەر لێزانێکی دونیای تەلارسازی خانووبەریەکی عێراقی ببینێت دەزانێ ئەوە شێوەی تەلارسازیی عێراقییە؟

وەڵامەکەی بە تەئکید نەخێر!

بەڵام ئەگەر لێزانێکی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆزیک گۆرانییەکانی خوارەوەی عێراق ببیستێت بێ یەک و دوو دەڵێت.. بەڵێ ئەو ئاهەنگە عێراقییە، ڕەنگە یەکێک بڵێین باشە خانووە کۆنەکانی ناو بەغدا چی؟

ئەو خانووانە شێوەیەک لە ژینگە دایهێناون. ئێستا ئامێری گەرما و سەرما لە کاردایە، ئەو شێوە خانووانەش خۆی لە خۆیدا براونەتەوە، بۆخوا تاکە خانوویەکی تازە نە بەو شێوە دیزاین کراون نە بە شێوەی

(شەناشـیل) هەر شـێوەی تەلارسـازێک ئەگەر کەرەستەسـەرەکییەکەی خۆماڵی نەبێت لە عەقڵی خەڵکەکەدا بنبڕ بکرێت. چاولێکەریی نەکرێت بە شـێوەی دیزایینـی مـۆدێرن کە بنەمـاکەی شەناشـیل بێـت. هەتـاوەکوو قەبارەکـانی و هەندەسـەی ئیسـلامی لە خانووبەرەکانـدا گەلێـک کەم بوونەتەوە، لە سەد خانوودا ڕەنگە یەکێک چاولێکەری شێوەی ئیسلامی گردبێتەوە.

لەوانە گوزەشتە تەمەنی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠دەستی پێکردووە تا بە ئەورۆ ئەو دەستەڵاتانەی لە عێراقدا بـوونە نە کۆشـاون شـێوەیەکی تـایبەت بە دەستبهێنن، گرفتی گەورەی دەمارگرژە عەرەبە عێراقییەکان لەوە دایە خۆیان بە نەوە و نەتیجەی سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور و بابل دەزانـن ئەوەی قبـوول نـاکەن کە پایـان لە دۆڵـی دوو ڕووبـاردا دەگەڕێـتەوی بـۆ سـەردەمی فتووحـاتی ئیسـلامی و لە پێشـاندا بە سەفەریش بە مۆڵەت نەبووایە مافی هاتوچووی میزۆپوتامیایان نەبووە پایەختی  چوارسەدساڵەی ئیمپراتۆریەتی ساسانی ئەوەسا لە خوارووی بەغدایە تاقی کیسرا یان (تیسفۆن) کە عەرەبەکان پێیان وتووە (مەدائین).

سەرتاسـەری عێـراق بە کوردستانیشـەوە، بە وڵاتـی گەرمەسـێر دەژمێردرێت، بۆ نموونە لە کوردستانی باشـووردا گەرمـا ١٧٩کـالۆرییە لەسەر یەک سانتیمەتری چوارگۆشە لە خـوارووی عێراقدا ٢١٠کـالۆرییە لەسەر یەک سانتیمەتری چوارگۆشە.

ئەگەر خۆرەتـاوی شـاری مۆسـکۆ سـاڵانە بەراوردکەیـن شـاری مۆسکۆ لە ساڵێکدا ١٢٢کالۆرییە لەسەر یەک سانتیمەتری چوارسووچە.

بەو نسـبە و تەناسـووبە لە کوردسـتانی باشـووردا سـاڵانە ٣٠١٠٣کاتژمێر خۆرەتاو لە ساڵێکدا هەیە.

لە ناوەڕاستی عێراقدا ٣٦٦٣کاتژمێر خۆرەتاوی تیادایە لە ساڵێکدا.

لە خوارووی عێراق ٣٣٩٣کاتژمێری خۆرەتاوە لە ساڵێکدا، شاری مۆسکۆ ١٥٠٠کاتژمێر خۆرەتاوی تیادایە.

بەو شێوەیە دەردەکەوێ ناوەڕاستی عێراق ٢٢٠کاتژمێر زۆرتر خۆرەتاوی لە باشووری عێراق زۆرترە.

جا سەیرکە تەلارسازی لە عێراقدا بە کوردستانیشەوە چەندە لە واقیعەتی ژینگەوە بە دوورە.

پەنجەرە چوارپێنج مەتری، دیواری بلووکی واجیهەی زلزەلامی پڕوپووچ کە هیچ پەیوەندییەکی بەناوی ساختمانەوە نییە.

لەبارەی ژینگەوە هیچ گرنگییەکی پێ نەدراوە، ئاهەنگی تەلارسازی لەم وڵاتەیدا ناسازە، بۆ نموونە کابرای دەوڵەمەند نما و واجیهەی خانووەکەی دەکاتە مەرمەڕ بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە مەرمەڕ بە بەر ئاوا هەتاویکەوە لە دووسێ ساڵدا دەسووتێت، یان ڕەنگیان دەگۆڕێت.

ڕۆژێک لە شاری بەغدا بە ڕێکەوت نما (واجیهە)ی خانوویەکم دی لووس بوو، تەماشای مەرمەڕکارییەکەم کرد، تمەز لە حەوشەوە خاوەن ماڵەکە من دەبینێ و دەمناسێ، وتی: تۆ سەیری نماکەی دەکەیت، یان مەرمەڕەکەی؟

- مەرمەڕەکەی!
- پێت جوانە؟
- جوانە، بەڵام گوناهە!
- یانی چی؟
- ڕەنگە تۆ نەبینی، بەڵام ئەوەسا دەبینم دەگری.

- تێناگەم چی دەڵێیت؟
- ئەوەسا هەتاو دەیسووتێنێ دوو ساڵی تر دەیترووکێت.
- وای لێهات دەیگۆڕم.

له یەکەم دایەوە لەگەڵیا وتوویژ ئاسنی ساردکوتانە.

جا برادەر مەڕمەڕ جوانە بۆ ناوەوەی ساختمان، نەک له یەک ساڵدا ٣٨٦٦کاتژمێر هەتاو لێی دات.

## هەوارگە سەرەکییەکانی ئەوسای جیهانی تەلارسازی

هەمیشـــە مێـــژوو وەک خـــۆی نەنووســـراوەتەوە، ئەوی ئەورۆ بە دەســـتەوەیە، زۆربەی مێـــژووی ســـەرکەوتووانە حەق و حەقیقەتـیش بە زەبری زۆر و زەر و هۆکاری تر داپۆشـراوە. بەوەشـەوە ڕانەوەسـتاوە، ئەوەی جـوانی زەرافەت و داهێنـان و هەتـاوەکوو زمـان و کەلتـوور و فەرهەنگیش هەبـووە، دەسـتدرێژی بـۆ کـراوە و بـووەتە موڵـک و مـاڵی سەرکەوتووان.

ئەوە حاشـــاهەڵنەگرە ســـەرکەوتووی مەیـــدان بـــووە بە خـــاوەنی ســـەروماڵی دۆڕاوەکە، هەتـاوەکوو ژن و منداڵیشـی، ئیتـر ئەو چەپـاو و تـاڵانە تەواوی جومگەکـانی گرتـووەتەوە، وەک: زمـان، ژیـان، فەرهەنگـی هونەری و کەلتووری و ئاداب و نەریتیش وەک خۆی نەماوەتەوە، یان تێکەڵ کراوە یان بووە بە هی سەرکەوتووان.

فکـری لـێ لـێکەرەوە هۆزەکـانی مەغـۆل هەتـاوەکوو زمانەکەیـان لە مـوفرەداتی شـەڕ و کوشـتن و تـاڵان و ئـاژەڵ بەخێـوکردن زیـاتر لایەنە پێویستییەکانی تری تیادانەبووە، کەچـی ئەورۆ لەشـێوەکانی تەلارسـازیی ئیسلامیدا شێوەیەک ناسـراوە بە شـێوەی تەلارسـازیی مەغۆلی. با دوور نەڕۆیـن کـوردەکەی لای خۆمـان. بەڕای بەنـدە ئەورۆ هەزاران وشـە و واژەی ڕۆژانەی بەکـاربراوی نـاو عەشـایەری کـورد هەن، بەتـایبەت گەرمیان، خەڵکی شار لێی تێناگەن و لایان وایە نییە. زۆر وشە و واژە و مـوفرەدات هەن بەسـتەگین بە شـێوەی ژیـانەوەیە. زمـانی کشـتوکاڵی تـا ڕادەیەک مـوفرەداتی خـۆی هەیە. هەروەهـا ئەوانە سـەرقاڵی پەروەردەی

ئاژەڵێکن برێک وشە بەکار دەبەن تایبەتمەندیی خۆیانە، یان ئەوانەی تا دوێنێ کۆچەر بوونە گرفتەکانیان لەگەڵ نیشتەجێبووەکان جیاوازە، ئەوانەی ئاڵوویڵ کەرن ناچاری فێربوونی وشە و واژەی تەواوی ئەوانە و خەڵکی شاریشن. گرفتەکە لەوەدایە خەڵکی شار لایان وایە ئەو وشە و واژانە کە هەزارانن بوونیان نییە، کێشەکە لەوە دایە هەن و ئەوان نایزانن!

جا داگیرکەر بووە بە خاوەنی تەواوی بوارەکانی ژیانی ژێردەستەکەی، برێک لە میللەتان توانیویانە ئازادی بەدەست بهێنن، ئێمەی کورد زیاتر لە دوو هەزار ساڵە ژێردەستەی میللەتەکانی دراوسێکانین. ئەوی هەمانبووە ئەورۆ بە کەڵکە دزیویانە و ئەورۆ هی خەڵکە، ئێمەی کورد هیچمان بۆ نەماوەتەوە جگە لە زمانەکەمان، بەرەکەت کا بەو هەموو زوڵم و زۆرە دوورودرێژەوە یەشتا دەوڵەمەندیی پێوە دیارە، ئەرکانەکانی چەسپاون و نیازی بەکارکردنە لەسەر زەوی.

بێشک ئازادی بنەمای سەرەکیی هەر دامەزراندنێکە، ئازادیی ئێمە نەگەیشتووەتە ئاستی نیاز و ماومانە.

لە هۆکارەکانی نادوم بوارەکەم جیاوازە، بەڵام بەو وەزعەشەوە دەکرا زۆر بوارە دەستی بۆ بردرابایە، حەیف تا بە ئەمڕۆ فەرامۆش کراوە، زۆرتر گرنگیی دراوەتە فۆرم و شکڵ و قەبارە قەبەکانی بەرچاو و بنەما بنەڕەتییەکان خراوەتە لاوە.

من دەربارەی مێژووی تەلارسازی دەنووسم وەک لە مێژدا باسم لێکردووە، هەمیشە تەلاسازی پەیوەند بووە بە دەستەڵات و دەوڵەتداری

و دەوڵەمەندییەوە، لە قووڵایی مێژووودا دەستەڵاتی بەهێزی بەربڵاوی لێرە و لەوێ بوونیان هەبووە و شێوەیەکی تەلارسازی تایبەتمەندیان بە گوێرەی ژینگە و دەستەڵاتیان پێک هێناوە، ئەورۆ ئەو شێوە و شەمایلە بەکار نابریەن، بەڵام مانای ئەوە نادات کە نەبوون و نین. بۆیە ناکرێت مێژووی میللەتان و مێژووی تەلارسازی لێک جوێ بکرێنەوە.

جا وەک زانراوە مێژووی فەرهەنگ و ئایین لە چۆنیەتیی تەلارسازییدا کارین، بۆ نموونە بە ئاورێک وەدەردەکەوێت ئەو ساختمانە مزگەوتە و هی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، یان ئەو ساختمانە کڵیسایە و هی ئایینی مەسیحیەتە، یان چوارتاقی ئاگردانە هی ئایینی زەردەشتییەتە، یان ئەو پەرستگایە هی بوودایەکانە، کەنیسەی یەهوودی تەنها لەناوەوە جیاوازە، لە دەرەوە کەم تایبەتمەندی وەدەردەکەوێ.

بۆیە بەندە تەنها باس لە بنەماڵە سەرەکییەکانی دونیای تەلارسازی دەکەم، ئەوەیش دەزانم میللەتەکەم و زۆربەی زۆری دەستەڵاتداران و حزبەکانی کورد گرنگیی بەم باسە نادەن، بۆیە تەقلاکەم پێشکەش بە داهاتووی میللەتەکەم دەکەم. دڵنیام داهاتوو گرنگی بەم بوارە دەدەن و منیش ئەرکی خۆمم ئەنجام داوە. جا با پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ قووڵایی مێژووی بەشەریەت و شێوەی تەلارسازییان سەرەتا ناویان دەبەم و دواتر لە هەر یەکەیان دەدوم:

١- تەلارسازی سەردەمی فەراعینەکانی میسر.
٢- شێوەی تەلارسازی میللەتە لەناوچووەکانی دۆڵی دووڕووبار (میزۆپۆتامیا)وەک: سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشووری.
٣- تەلارسازیی ئێران: (هەخامیشیان، ئەشکانییەکان).
٤- ساسانییەکان.

٥- تەلارسازیی یۆنانیی کۆن.

٦- تەلارسازیی یۆنانی کۆن .پ.ز.

٧- تەلارسازیی ڕۆمانەکان.

٨- تەلارسازیی فەرهەنگی چین.

٩- تەلارسازیی هیندستان.

١٠-تەلارسازیی ئیسلامی.

١١-تەلارسازیی میللەتانی (مایا) ئەمریکای لاتین.

## هونەری تەلارسازیی میسری کۆن (فەراعینە)

لە هەر گۆشەیەکی جیهاندا شێوەیەک لە هونەر دەبینرێت، ڕەنگە ئاسان نەبێت دەستنیشان کرێ کەوا هونەر لە فڵان جێگەیدا یان سەر زەویدا سەری هەڵدابێت، ئەوەی وا دەڵێت ئەشکەوتەکانی باشووری فەرەنسا و پێست سوورەکانی باکووری ئەمریکا بە سەرهەڵدانی سەرەتای هونەر دەزانرێن دروست نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیان بەدەستەوە نییە.



ڕەنگە سبەی دووسبەی چەندان ئەشکەوتی دیکەی پڕ لە هونەر دەمیان بکرێتەوە، لەلایەکی ترەوە لە ڕووی ئەکادیمیەتەوە بنواڕینە بنچینەی هونەر لە تەلارسازییەوە بگرە تا پەیکەرتاشین و شێوەکاری و پۆستەرسازی کە لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێ کردووە و لە دۆڵی ڕووباری نیلدا سەریان هەڵداوە، زۆر لە گەلانی جیهان لەسەر زەوی فەراعینەکانەوە فێری هونەر بوون.

میسری سەرزەوی، ئەهرامات، سەرزەوی شاخێک لە بەرد دروستکردن دوای هەزاران ساڵ هاوار دەکات (ئەمە منم)، ئەو منەی پڕە لە ڕاز، پڕە لەسەر سامی ، پڕە لە خاڵی هەڵنەهێنراو، پڕە لە داستان و بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی کاروکردەوەیان، دەربارەی سیستەمی فەرمارِەوایەتییان، فەرمانڕوایەتییەکی وا هەزاران کەس ڕامالکرێن چ وەک کۆیلە، یان کرێکار بۆ خولقاندنی کارێکی وەها مەزن. خەلاقییەتەکە زیاتر بۆ سیستەمی کارەکەیە کە توانیویانە مرۆڤ بکەنە ئالەت، ئەویش ئالەتێکی میکانیکی، ئەوەسا دوای هەزاران ساڵ نەتوانراوە یەکلایی بکرێتەوە. ئەو بەردە چوارسووچە زلزەلامانە چۆن براونەتە ئەو بەرزی و بالاییە، ئەوەیش بەو نەزمە هەندەسییەی کەسانتێک لە یەک جیاواز نین. ئەوەیان گرنگ نییە لە سەردەمی یەک فەرمانڕەوادا ئەو کارە کرابێت یان دوان یان سیان، گرنگ ئەوەیە دوای هەزاران ساڵ ئێمە سەرسامین بە چۆنیەتی و ئالیەتی ئەو کارە. ئەو عەقڵە بلیمەتانە کە تەسلیمی دژواری و زەحمەت و گرفتەکانیان نەبوون. ئەوەیش مەعلوومە کاتێ ئەو بەردانە گەلێک دووربوونە، لە یەکی بدەرەوە ئاوا قەبارەیەک لە بەرد لە شاخێک دابڕێت و بە وردی بتاشرێت و بە سەدان کرێکار ئەو قەبارەیە بگەیەننە سەر ڕووباری نیل، دواتر بوڵندکرێتەوە ناو

کەشتی و لەوێڕا دیسان هەمان کار تا دەگەیەنرێتەوە سەر کار و لە جێگەی تایبەتیی خۆیدا دادەنرێت.

جگە لەو هەموو دژواری و بیگرە و بەردەی کام پاشا کام دەستەڵات چ ئەوسا و چ ئێستا ئەو هەموو پووڵ و پارە خەرج بکا بۆ بەدیهێنانی گۆڕێک یان مەزارێک! لەوانە گوزەشتە، کام میللەت ئەم هەموو عەرەق و خوێنڕشتنە قبووڵ دەکات؟

داخۆ چ زەبر و زۆر و هەڕەشە و کوشتن و بڕینێک بەکار برابێت بۆ کردنی ئەو کارانە. ئەگەر خەڵکە زۆرەکە لایان وانەبێ شا خودایە یا نێردراوی ئەوە؟

لە ڕووی بیروباوەڕی فەلسەفەوە مەزاری شا تا بوڵندتر بێت یانی لە خواوە نزیکتر دەبێتەوە( پرسیارێکە لەلام گەڵاڵە بووە لە سەرەتاوە تا بە ئێستا مرۆڤ بۆ لای وایە خودا لە ئاسمانە، مەگەر خودا لە هەموو جێگەیەک نییە!) بۆچی تەنها ئاماژە بۆ ئاسمان دەکرێت؟ میسرییەکان لە باوەڕێکدا بوون ئەگەر مرۆڤ دیسانەوە زیندوو بێتەوە کە پێیان وابوو تەرم نیازی بە پاراستن هەیە، بۆیە مومیایان کردووە. هێندە کاری پتەوکارییان بۆ گۆڕەکان کردووە بەتایبەت بۆ فەرمانڕەواکانیان، هەروەها دەستڕۆیشتووەکان تەرمیان لەناو تابووتی بەردیندا سەر مۆرکردووە و لە چەقی مەزاردا دایانناوە، دەور تا دەوری دیوارەکانیان پڕ لە دووعا و ڕاز و نیاز و تەلیسم کردووە. تا لە گەشتی ئەو دونیادا پارێزراو بێت، بۆیە بە شێوەیەکی سەرسامئاوەری هونەری تەلارسازی هەرەمیان سازاندووە و موحکەم تەرمی شایان تیادا شاردووەتەوە، لاشیان وابووە پەیکەری بەردینی شاه ئەگەر لە تەنیشتی تابووتەکە

دابێـت تەرمەکـەی پـارێزراوتر دەبێـت، لـە مانـەوەی هـەتا هـەتایـدا یارمەتیدەری دەبێت.

لەو سەردەمەیدا ناوی پەیکەرتاش شتێکی تر بووە(ئەو کەسەی ڕۆح دەپـارێزی) سـەرەتا ئـەو ڕێورەسـمە تـەنها بـۆ شـاکان بـووە، بـەڵام لـە دواییدا بۆ شازادە و دەسترۆیشتوانیش هەمان کار کراوە، واتا مردن لە ژیـان زۆرتـری تێچـووە. یـانی دروسـتکردنی هـەرەم و مۆمیـایکردن و پەیکەرتاشـین و خواردەمـەنی و ئازووقـە ئـەترافیاتی شـا و مـردووان بـە زینـدوویی زیندەبـەچاڵ کـراون، بـەڵام لـە دوادواییدا لـە جوێی زینـدوانی دەورووبەری شاهـ پەیکەری ئەوانەیان کردووەتە هاوڕای شاهـ هـەر ئـەو شـێوەکاریانەی وا دەوروبـەری گۆڕەکـەیان پـێ ڕازاندووەتـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت میسـرییەکان چ جـۆرە نەقاشـییەکیان کـردووە، چ جـۆرە ڕەنگێکیان بەکار بردووە، بە وردی کۆشاون هیچ پێچوپەنایەک لە کاری شـێوەکاریدا بـەکار نەبـەن، یەکسـەر بڕۆنـە نێـو چـەقی بابەتەکـە ڕووت و ئاشکرا باسەکە بخەنە ڕوو. وەک تابلۆیەک کە بە حیساو (باخ و حەوز) چـۆن ڕەسـم کـراون، تـەواوی کارەکانیـان چ هـەڵکۆڵانی سـەر بـەرد یـان نەقاشـی، لـەولاوە نیـوەڕۆ ڕەسـمیان کـردووە، تـەنها (حـەوز و بـاخ) لەسەرەوە تێی ڕوانیون و هـەروەها درەختـەکان لـەولاوە. ئەوە ڕەوشـی منداڵانەیە، ئاخر منداڵ وا ڕەسم دەکەن. لە شێوەکاریدا بۆ وەدەرخستنی ڕوخسار ڕووبەڕووە، هەروەها سنگ و بەرۆک شان و مل، بەڵام وێنـەی پیاوێکی فیرعـەونی سـەیرە سـەری لەلاوە سـەیر کراوە. سـەیر لەوەدایـە هونەرمەندی میسری بە گوێرەی پێگـەی کابرا ڕەسمی کردووە، ئەگـەر خودی فیرعـەون بێت ئـەوە لـە هـەمووان جەسـتەی گـەورەترە، ئیتر بـەم شێوەیە دێتە خوارەوە، بۆیە خوێندنەوەی وێنەی ناو گۆڕەکان بەو شێوە

نەخشێنراوە، گێڕانەوەی ئەو داستاننامە لە مەزارەکاندا یان بە شێوەی وێنەی باس کراون، یان بە خەتی (هیرۆگلۆفی) ڕۆشنکراوەتەوە ئیتر بە گوێرەی پێگە و جێگە. ئەوە خەتم و ڕازی خوفوی شایە، ئەو بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵاتی سارایە، ڕاوێژکاری مەزنە، گەورەی پەرستگایە.

لە تابلۆکانی سەردەمی فیرعەونەکاندا کە زۆرتر لە بیست و پێنج زنجیرە دەستەڵات بوون، شاژن و گەورەژن، دۆست و کۆیلەکانیش لە دیواری گۆڕەکاندا نەخشێنراون، هەروەها تابلۆی ڕاوەماسی یا باڵندەکان تۆڕهەڵدانی ڕاوچییەکان، ئەوانە لە وێنەکانیاندا وەدەرخراون.

زۆر لە کار و کردەوەکانیان دوای هەزاران ساڵ یەشتا هەر ماون، دۆڵی دوو ڕووبار شێوەی ساختمانیان لەگەڵ میسرییەکاندا جیاواز لە میسردا زۆرتر هەر بە بەردکاریان ئەنجام داوە، لە کاتێکدا لە میزۆپۆتامیا زۆرتر کارەکانیان لە کەرپووچ (تابووق) ئەنجام داوە، بەتایبەت لە شێوە و سەبکی (زیگۆرات)دا ڕەنگە خوێنەری کورد مەیل و لەزەتی بەلای ئەم جۆرە کتاوانەیدا نەڕوات، خوسرەوجاف بڕۆوە لای بوارە ناسراوەکەتەوە(ڕۆمان) یا ئەوەسا هیچت پێ نەماوە؟

هەردوو بۆچوونەکە هەڵەیە بەندە رۆمانی (شازادە و شاعیر)م لە حەفتا و حەوت ساڵیدا نووسیوە، ناشمەوێ کاوێژی خۆم بکەمەوە، ئەم کتاوە تەجرووبەی زاتی و سەرچاوەی دەوێ، ئەم جۆرە کتاوانە سنووردارن، زانستێکە پەیوەندە بە زۆر بوارەوە، سەرچاوە و مێژووی میللەتان، خوێندنەوەی بەردەوام، دیتنی ڕاستەخۆ. بۆ نموونە من بۆ دیتنی ئاسەوارێک دووسەت میل ڕۆیشتووم، جگە لەوانە ئەگەر تەلارسازێک نووسەر نەبێت ئەم باسانەی پێ نانووسرێت، ئەگەر نووسەرێک تەلارساز نەبێت دیسان لەم بوارەدا سەرکەوتوو نابێت.

لەبارەی خواکانی فیرعەونەکان هونەرمەندان پەیڕەوی مەرجەکانی کاریان کردووە، بە نموونە(ئۆنۆپیس) خودای مردن دەبێ بەشێوەی سەری چەقەڵ بێت. هونەرمەند هەر دەبوو هونەری خەتاتی بەباشی زانیبایە، وێنە و ڕموزی هیرۆگلۆفی لەبەر بایە و وەستکارانە بینووسیبا یان لەسەر تەختە بەرد هەڵی کۆڵیبا، هیچ کەسێک دوای شتێکی تازەی لە هونەرمەند نەدەکرد، بۆیە لە ماوەی چوار هەزار ساڵدا هونەری شێوەکاری هەر وەک خۆی ماوەتەوە، شتێکی تازەی تیادا نەکراوەتە باو، بەلام لە سەردەمی تەنها یەک فیرعەون لە زنجیرە دەستەلاتی هەژدەهەمدا ئەو سەدە پۆلاینە شکینراوە و بە فیرعەونی نوێ ناسراوە، ئەویش ناوی ئیمۆنۆفیسی چوارەم بووە.

زۆر لە کولتوور و بیروبۆچوونی خستووەتە ژێر پاوە، کە سەدەها ساڵ بە شێوەیەکی پیرۆز زانراوە و سەیرکراوە. ئەو خودای چەقەڵ و ڕوخسار و هەڵۆ و دەنووک و ئەوانی تری تووڕدایە لاوە و تەنها یەک خوای پەرستووە بەناوی (ئاتون) ویستوویە وەک هەتاو وێنەی بکێشن. لە دواییدا ناوی خۆی گۆڕی بە ئیخناتوون. شاژنی ئەو ئەخناتوونە شاژنە بەناوبانگەکەی سەردەمی ئەو دەستەلاتە (نفرتیتی) بووە، ڕوخسارشیرین و نازدار و نازەنین بووە. ئەخناتوون تەنها خوایەکی پەرستووە. شێوەی ژیانی خەڵکی گۆڕیوە و بە فیرعەونی نوێی ئاور ناسراوە، هەتاوەکوو وێنە و شێوەزاری هونەریشی گۆڕی و ئەو ئەبعادە داخراوانەی وا هەزاران ساڵە داخراو بووە تووڕدایە لاوە.

ئەخناتوون فەرمانی داوەتە هونەرمەندان وێنەی ئەو و نفرتیتی هاوسەری لەژێر تیشکی هەتاودا بکێشن، وێنەیان کێشاوە و وێنەکەیش هەر وەک خۆی ماوەتەوە.لە لایەکی تریشەوە وێنەیەکی دەموقەبوز

ناشیرینی لچ هەڵئاوسا و هەروەک قوڵەڕەش بەدەستەوەیە، گوایە ئەوە شێوەی ڕاستەقینەی ئەخناتوونە. لەم بارەوە دووبۆچوون هەیە بۆ ئەو وێنە ناشرینە یا خۆی وتوویەتی من چۆنم هەروا بمکێشن، من خاوەنی پەیامێکی ئاسمانیم درۆ لەگەڵ خوا و خەڵک و خوم ناکەم، یان ئەوەسا ئاخوندە دەرکراوەکان کە دوای مردنی ئەخناتوون توانییان کودەتایەک بکەن و ڕژێمی فەراعینە بگێڕنەوە سەر ڕابردووی دوور و بیروڕای یەکخوایی تووڕدەنە لاوە، فرەخوایی دیسان بهێننەوە بۆ ناو خەڵک.

لە تەوراتدا باس لە ململانێی نێوان دەستەڵاتی فەراعینە و میزۆپۆتامیا (سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور و بابلی) دەکات، کە چۆن میللەتی یەهوود لەسەر زەوی خۆیدا چۆن دووچاری پەلاماری ئاشوور لە لایەکەوە و دەستەڵاتی فەراعینە لەولاوە.

فەراعینەکان هەزاران ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە، لە هەمان کاتدا دۆڵی ڕافیدین، ڕووباری دیجلە و فورات، ئەوانیش شێوەزاری ساختمانی خۆیان بوونە بەتایبەت شێوەی (زیگورات)، کە جۆرێکە لە شێوەی تەلارسازی لە کەرپووچکاری تەلارسازییەکانیان ساز کردووە، لەبەر دووری سەنگ و بەرد و مەرمەڕ، بەپێچەوانەی سەرزەوی فەراعینەکانی میسر کانیی بەردیان لێوە نزیک بووە بۆیە لە کەرەستەی بەرد زۆرتر سوودیان وەرگرتووە.

بەندە هەر کاروکردەوەیەکی هونەری لە هەر کوێی دونیا بێت بەلامەوە پێگەی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەو پارچە هونەریە هی سەردەمی سەدساڵ لەمەوبەر یان چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش بێت. بەندە ئەمە بە سەرمایەی بەشەریەت دەزانم، دزینی یان لەناوبردنی بە یەکێک لە گوناهە گەورەکان دادەنێم. قەبینا ئەوەی لە خاکی کوردستاندا

دۆزراوەتەوە، ئەوەی لەژێر خاکدا داپۆشراوە و سەری هەڵنەدراوەتەوە بێشک بە هی میللەتی خۆمی دەزانم و هەر نەبێ نە موڵکی عەجەم و نە عەرەب نە توورکە... وا چاکە ئەو چەند هەزار تەپۆڵکەی بە ئاسەوار ناسراون جارێک هەڵنەدرێتەوە، باشترە تا شەڕێکمان بۆ پەیدا نەبێ، ئینشائەڵڵا هەر وا دەبێ!

وەک ئاماژەم پێ کرد سەرجەم کارە میعمارییەکانی میسر لە پەرستگا و کۆشک و مەزاری شکۆمەند دوورنەکەوتوونەتەوە. جگە لە سێ هەرەمە گەورەکە و پەیکەرە بەناوبانگەکەی ئەبوولهەول هەرەمی پلەداریشیان ئەنجام داوە، بەناوی (زوسەر) هەروەها مەزاری (ختشپسوت).

# هونەری تەلارسازی لە دۆڵی دوو ڕووباردا

سەلمێنراوە دۆڵی دوو ڕووبار (میزۆپۆتامیا) بێشکە و لانکەی سەرەتای بەشەریەت بووە، لە ڕووی جوگرافیاوە ڕۆژهەڵاتەکەی ئێران بووە و ڕۆژئاواکەیشی ڕووباری فورات و دەوروبەرەکەی بووە. ئەو دۆڵە سەرگوزەشتەیەکی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی تردا هەبووە، پڕی پڕ بووە لە ڕووداو پڕ بووە لە هەراو و میللەتە جیاوازەکان، دوور و نزیک تێکەڵەیەک بووە لە فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان.



لەمەوبەر ئاشنابیەکی ئەوتۆ دەربارەی مێژووی دۆڵی دوو ڕووبار لە ڕووی هونەرییەوە نەبووە، نەزانراوە خەت و ختووتە کۆنەکان بخوێنینەوە، نە ئەو ئاسەوارانە، کە زۆریان بەرچاون و خۆڵ و خاشاک

داینەپۆشیون، بەڵام نەزانراوە پاشماوەی کام دەستەڵات و فەرهەنگ بوونە.

وردە وردە پای گەڕیدە و لێزانانی ئەورووپایی لەو دۆڵە دەکرێتەوە ئیدی زۆر خەت دەخوێنرێتەوە، زۆر ڕازی هەڵنەهێنراو ڕۆشن دەبنەوە، زۆر ئاسەوار و پارچەپارچە جۆراوجۆرەکان گەورە و بچووک لەژێر خۆڵ و وەدەر دێن.

جگە لە بنچینەی دیوارەکان پەیکەری جۆراوجۆر و دەگمەن دۆزراونەتەوە. ئیدی ئەوە پەیکەری گای باڵدارە، شێری بەردینە، پیاوی قەد و نیوقەدە... بە هەزاران، جگە لە کەتیبە قوڕینە نووسراوەکان کە وەک کتاوخانە وابوونە، بە غەیری ئەوانە توانراوە نەخشەی شارەکان، جۆری ساختمانیان، ڕازاندنەوەی خانووبەرەیان، بەدەست بهێنرێت.

بۆ بەشەریەت وەدەرکەوت دۆڵی دوو ڕووبار یەکێک بووە لە هەوارگەی سەرەکیی مرۆڤایەتی. چاوساغانی ئەورووپا بەوانەوە ڕانەوەستاون، کەوتنە خوێندنەوەی نەخشی بەرجەستەی تاشە بەردینەکان، ناو شاخەکان و ئەشکەوتە تاریکەکان ئەوانەی تا دوێنێ بە ڕاز و تەلیسم دەزانرا خوێنرانەوە و خرانە بەردەستی دونیای پێگەیشتوو. وردە وردە وەرگێڕدرانە سەر زمانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ جیهانی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو وەدەرکەوت دۆڵی دوو ڕووبار (میسۆپۆتامیا) لە مێژدا سەرزەوی دەستەڵات و فەرهەنگ و هونەر بووە. سەیرەکە لەوە دایە یەشتا ٨٠% میللەتانی ئەو سەر زەوییانە نەخوێندەوارن و ئاگاداری ئەو ڕابردووانە نین و ئاگاداریش بن بەلایانەوە گرنگ نییە... ئەو پەیکەرە نازدارانەی دەستکردی سێ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەری مرۆڤی ئەم سەر زەویەی ڕۆژگارێک خاوەنی

فەرهەنگ و دەستەڵات بوونە، بە کاروکردەوەی ساحیر و جادووبازان و تەلیسم گاور و بتپەرست زانیوە و دەزانن بەو عەقڵیەتە پڕوپووچەوە داخۆ چەند پارچەی هونەری شکێنراوە، یان کراونەتە سێکوچکەی ئاگری ژێر قازان؟

کوڕە وەرە بمکوژە، بەندە پەیکەر بۆ کیمیبارانی شاری هەڵەبجە دروست دەکەم، بۆ حەڕامە؟

پەیکەری پیرۆزی ریفراندۆم بکەم.، دەبێ بۆ حەڕام بێت؟

تاوانی کوشتنی کۆڵبەرێکی برسی و ڕەشوڕووتی وڵاتی میللەتە خێرلەخۆ نەدیوەکەم کامە لای حەڕامە؟

تۆ حەڕامی، تۆ حەڕامە ئاو و هەوا و ئۆکسجینی ئەم وڵاتە هەڵدەمژی! تۆ نانی حەڕام و جەهالەت دەخۆی... سەر هەڵببڕە و سەیری جۆری ژیانی میللەتانی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بکە بزانە ئەو خوا گەورە و مەزنە چ عەقڵ و هۆشێکی پێ بەخشیون و لە تێفکرین و زانستدا گەیشتوونەتە کوێ؟

پەروەردگار چ ناز و نیعمەتێکی ڕژاندووەتە سەریاندا لە ئاکامی باش فکرکردنەوە. باشوتن، جوانهەنگاونان و ڕاستگۆبوون لەگەڵ خۆدا. ئەوانەی پەیڕەوی دونیای زەرافەت و جوانین لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم کەیل و کێشانەی ئێستا بەلامانەوەیە نەدەخرایە تای تەرازوو هیچ ئاگاداریەک دەربارەی کاروکردەوەی ڕابردووی دۆڵی رافیدەینیان لانەبووە و تەنها گرنگییان برێک بە هونەر داوە، وەک هونەری میسری فراعینە و هونەری ڕۆمانسی کە شێوەیەکە لە تەلارسازیی نێوان دوو

شێواز تەلارسازیی ڕۆمانی و شێوەی(قوتی) لە دواییدا ئاشنابوون لەگەڵ هونەری ژاپۆنیدا.

لەو سەردەمەیدا ئەو هەموو جۆرە هونەرە تێکەڵاوە بیری داهێنانیان کەوتە خولیاوە و کەوتنە ئەو فکرەوە لە چوارچێوەی کڵێسای پیرۆز و ئایین وەدەرچـن داهێنانەکانیـان لەو قـاڵبە بهێنـنە دەرەوە نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەک خولیایەک لە فکردا. ڕێزی تێکەڵ بە ترس لە ڕازی مەسیحیەت و لە مەسیحیەت کۆنتر، بیروبۆچوونی میسرییەکان... دەربارەی خواکان و چۆنیەتی هونەری ئەو سەرزەوییە بەتایبەت شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی ڕازی فۆرم و شکڵەکانی میسریان نەزانیوە بەتایبەت میتالۆژییەکانیان، یان دەربارەی ئەوەی لە مەکسیک دابووە بە تەئکید لە وڵاتی دۆڵی ڕافیدەیندا هەر وەک ئەو وڵاتانی کەیە.

دونیـای وەهـم پـڕە لە ڕاز و نەزانـراو، لەوێـڕا نەخشـی هونەرمەنـد وەدەرکەوێ، دەکەوێتە تەقەڵاوە بەپێی بۆچوونی خۆی شـتێک دەربـارەی ئەو (وەهم)ـە دەخـولقێنێ، ئەوی لە دۆڵـی دووڕووبـاردا دۆزراونەتەوە، بڕێک بۆچوونی ئەو هونەرمەندانە وەدەر دەکەون... بەتایبەت لە پەیکەرە بچکۆلانەکانیاندا کە لەناو گۆڕەکانیاندا دۆزراونەتەوە، لە مێژدا لەو بابەتە لەناو هونەرمەندانی ئەو کاتەیدا نەبینراوە هیچ کەس لەو هونەرمەندانە لەو بابەتـانەی کە لە گۆڕەکانـدا دۆزراونەتەوە بـۆ ژیـان و زینـدەگی نەکردووە، سەری ئافرەت بێت و لەشی مار و منداڵەکەی سەری چەقەڵ بێت، کە وەک پەیکەری بچووکی هەر تەرمێک یەکێکی لە بندەستدایە یان خەتمەکانیان پیاوێکی باڵدار بێ یان لەشـی پیاوێک و سـەری هەڵۆ بێت، ئەوانە زۆرتـر لە خەوی هەڵەجە و بەڵەجەی ترسـناک دەچـن. ئەگینـا چاوساغانی دونیای هونەر هیچ ڕێچکەیەکیان بەدەست نەهێناوە.

زۆر لەوانە لە مۆزەخانەکاندا دەبینرێن و هیچ هونەرێکی تیادا بەدی ناکرێت، بە پێچەوانەوە زۆر سەرەتاین، کرچوکاڵن و لە کاری منداڵانە دەچن و هیچ ئاستێکی هونەرییان بۆ دانانرێت، هەر ئەوەیە دەستکردی خەڵکێکی سێ چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بوونە و بەس.

لەوانە گوزەشتە، ئەگەر ئێمە مێژووی ڕۆژهەڵات لەگەڵ مێژووی ڕۆژئاوادا بەراوردکەین گەلێک لەپێش ئەورووپادا زانست و ژیان و یاسا و هونەر و ڕێچکەی فەرهەنگ، هەروەک هەتاو چۆن لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت، ئەوانەی باسم کرد گەلێک زەمان لەپێش ئەورووپادا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەتایبەت فەرهەنگی دۆڵی دووڕووبار ڕیشووی لەپێش تەواوی فەرهەنگەکانی بەشەریەتدا لەوێڕا داکوتاوە.

هەروەها سەرزەویی فەراعینەی میسر ئەو دوو فەرهەنگە بەرپای میللەتە سەرەتاییەکان ڕۆشنکردەوە و بوونە مەشخەڵی ناو وڵات و میللەتە لە تاریکی ژیاوەکاندا. ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە دۆڵی دووڕووبار بەخشندەگی زۆرتر بووە تا پێی بەخشین، بە تەئکید گەلێک لەپێش فەرهەنگی یۆناندا ئەو دۆڵە گەیشتووەتە هەوارگەی زانست و بوارەکانی، لەوێڕا وەک ئاگر بەناو ڕوکنەکانی بەشەریەتدا بڵاوەی کردووە.

ئەو فەرهەنگە هی تەنها میللەتێک نەبووە، لەو دۆڵ و دامێنەیدا چەندان ڕەگەز و نەتەوەی جیاجیا ژیاون، وەک: ئیلامیەکان (کە ئێستا لە دەڤەری پانوپۆڕی لوڕستان لە ئێراندا بەو ناوە یەشتا ماونەتەوە). مادەکان، فارسەکان، هەخامنشینەکان، ئەوانەی ناویانم هێنا... بە ڕەگەز ئارياییین، بەڵام ئاشوورییەکان، ئەکەدییەکان، بابلییەکان، ئەمانە بە ڕەگەز لەسەر سامی ژمێردراون، جگە لەوانە چەندان میللەتی کەی ئارینەژاد لە

دەوروبەردا هەبـــوونە، وەک: هوریەکـــان لە کوردســـتانی بـــاکوور، میتانییەکان لە باکووری ڕووباری خاپووردا دەژیان..

دەبـێ ئەوە بڵـێم فەرهەنگـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت جیـاوازە، وەک وڵاتی میسر نەبووە، هەر فەرهەنگێک لەوێدا بووە هی یەک میللەت بووە، بۆیە شـێوەی هـونەری میسـر یەک ڕەنگە کەچـی لە دۆڵـی ڕافیـدەین و دەوروبەریـدا هـونەر بەپێـی میللەتاکـان ڕەگەزەکـان جیـاوزن ئەگەرچـی سـەرچاوەی ئەو فەرهەنگـانە لە سـەرەتا لە دۆڵـی دووڕووبـاردا سـەری هەڵـداوە و هەوێنـی سـەرەتاییان هەر دۆڵـی دوو ڕووبـاربووە و لەوێـوە بـای مەعـریفەت هەڵـی کـردووە و بە سـەردەمی بەرەبەیـانی مێـژووی بەشەریەت دەژمێردرێ... تا سەدەی چوارەمی پێش زایین یانی تـا دوای هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێران.

ئەوە بـووە سـەرەتای گـۆڕین لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، یـانی یەکەمین شوێن پای ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بوونە خـاوەن دەستەڵات و دەوڵەت بوون، هەروەک لە مێژدا سۆمەری و ئاشـووری و بابلی لە هەڵدێرگای مێژوودا بە دوای یەکدا ڕۆیشتوون. بەراستی زانیار و ڕۆشنبیری فەرەنسی (ئەندری بارو) تەواوی بەشـەریەت پێی قەرزارە، کە توانیـویە کتـاوێکی فـرە دەگەمەن دەربـارەی دۆڵـی دوو ڕووبـار بنووسـێت... زانیاریەکـان، دۆزراوەکـان کۆبکـاتەوە و لەسـەریان بـدوێ. بەنـاوی (فەرهەنگـی هـونەری سـۆمەر) ئەوڕۆ ئەو کتـاوە یەکـێکە لە سـەرچاوە باوەڕپێکراوەکـانی قـولایی مێـژوو... کە بـریتییە لە حەوت بەرگ... لەو کاتەیـدا وەک ئێسـتا سـەرچاوەی جۆراوجـۆری زانسـتی ئەمـلاولاوە لە کتاوخانەکانـدا کۆمەڵ نەبووە، ئەو دەم سـەردەمی عەقڵـی تاکە کەس بووە نەک زانیاری و عەقڵ و هۆشـی بەربڵاوی کۆمەڵ... بـا

ئەوەیش بڵێین زانیاری گەورەی دونیای ئاسەوار (گاستون مسپیرو) ئەویش کتاوێکی نایابی نووسیوە بەناوی (مێژووی کۆنی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی کۆن ١٨٩٥-١٨٩٩ز) خاڵێکی گرنگی ئەو زانا بەرز و بوڵندانە لەوە دایە بە نەبوونی ئامێری (کامیرا) توانیویانە بە دەست وێنەی تەواوی ئەو پەیکەرە بچووکانە بکێشن و بیکەنە هاوڕای باسەکانیان... ئیتر بە دوای ئەو چەند کتاوەیدا دەروازەیەک کرایەوە بۆ زانیارانی دونیای هونەر و مێژوو، ئیدی کەوتنە لێدوان و لە یەکدانەوەی ئەوی پەیوەندی بە دۆڵی دوو ڕووبارەوەیە... هەر ڕۆژە بابەتێکی تازە لەو ڕووەوە دەنووسرا و دەخرایە بەرچاو، با زۆر دوورنەڕۆین هەر لە کوردستانی لای خۆمان (کوردستانی باشوور) زیاتر لەسێ هەزار تەپۆڵکەی ئاسەوار سەریان هەڵنەدراونەتەوە، لە سەردەمی دەستەڵاتی بەعسیدا ئەو کارانەیان لەبەر دەمارگرژی نەدەکرد... تا میللەتی کورد نەبێتە خاوەن دیکۆمێنتێک مێژوویی، دەوڵەتی(هەرێم)یش نەیپرژاوەتە سەر ئەو کارە پڕ لە وردەکاری و لێزانییەی کە هەر دەبێ لە لایەن پسپۆڕانی ئاسەوارناسانەوە ئەنجام بدرێت.

بەهەرحاڵ، ئەو گەنجینەیە چەند هەزار ساڵە لەژێر خۆڵدان با چەند ساڵێکی تریش هەروا بمێننەوە، تا بە وردی و شێوەیەکی زانستیانە وەدەر بهێنرێن.

کاتێک باس لە دۆڵی دوو ڕووبار بکرێت ناکرێ گرنگی شاری (وەرکا) لە بیر بکرێت، ئەو شارە لە زۆر زووەوە هەنگاوی بەربڵاوی ناوە: پەیکەرتاشین، شێوەکاری، تەلارسازیی پەرستگاکان، لە هەمووی گرنگتر ئەدەب و شیعر و ئەستوورەی داڕێژراو بەسەر تەختە

گڵینەکانەوە بەدەست هاتوون، وەک داستانی پاڵەوانی مەزن (گلگامیش)، یان جوانتر و ڕاستتر بڵێین گەڵەگامێش...

لەو شـــارەیدا پەرســـتگای جۆراوجـــۆر دروســـتکراوە، لە ڕووی تەلارسـازییەوە لەگەڵ ڕابـردوودا بەربڵاوتـر و ڕازاوەتـر بـوونە، بەڵام تـا ئێسـتایش نـاوی تەلارسـازەکانی نەناسـراوە... بۆیە بەنـاوی ئەوانەوە نـاو دەبرێن کە دۆزیویانەتەوە.

ئەم باســـە ڕاســـتە لەســـەر دۆڵـــی دووڕووبـــارە ، بەڵام هـــونەر تەلارسـازی و پەیکەرتاشـین دەسـتەڵاتی ئاشـووری نـاگرێتەوە، ئەوی لە بەشی باکووری دۆڵی دوو ڕووباردا دەستەڵاتی (ئاشـوور) لە زۆر لاوە لەگەڵ خوارەوەیـدا جیـاوازن، بـۆیە دەڵـێم تەنهـا بـۆ خـوارەوەی دۆڵـی دووڕووبـارە کەوا سـۆمەر، ئەکەد، بابـل، لەوێـرا سـەریان هەڵـداوە و بوونەتە خاوەنی دەستەڵاتی بەرین و بەربڵاو.

باســـەکەی بەنـــدە دەربـــارەی هـــونەر و تەلارســـازی ئەو دۆڵەیە، مێژووی هونەر تێکەڵاوی مێژووی میللەتانە، سۆمەرییەکان ڕەگەزیان لە ڕەگەزی قەومەکـانی دۆڵـی دوو ڕووبـار جیـاواز بـووە. ئەوان بە ڕەگەز سـامی بـوونە، سـۆمەرییەکان ئاریـایی ڕەگەزبـوونە. سـۆمەرەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی چـوارەمی پـێش زاییـندا خەتـی میخـی یان ( خەتـی میسمار)یان کردووەتە باو، لە ڕێگەی ئەو خەتەوە ئـایین و فەرهەنگ و هـــونەری خۆیـــان گەیانـــدووە، خەڵکـــی تـــر بە تـــایبەت مادەکـــان، ئاشوورییەکان، هەخامنشییەکان، سۆمەرییەکان دەستێکی باڵایان هەبووە وەک هونەری تەلارسازی، پەیکەرتاشین، خەتـی بەرجەسـتە، شـێوەکاری، هـونەری تـر، وەک: (سـرامیک) برونزسـازی، شووشـەگەری، هـونەری

سـەردار موعەڕەقکـاری، زەڕەنگـری، هـونەری سـافکردنی بەردە بە نرخەکان، قالبسازیی برونز، هونەری ریساندن.

لە هەزارەی سێهەمەی پ. ز کاشی ڕەنگی (لوعابی)یان نەخشداریان کردووەتە باو.

لە سـاڵی ٢٣٠٠پ.ز ئەکەدیەکان بە ڕەگەز لە سـۆمەرییەکان جیاواز بوون و لە ڕەگەزی سامی بوون، بە فەرماندەیی سەرجوونی ئەکەدی کە لە پێشدا ئەفسەرێکی لەشکری کیش بووە و یەکێک بووە لە شارە گەورەکان لە لایەن سۆمەرییەکانەوە دابڕان بە پیادە پەلاماری دەستەڵاتی سۆمەریان داوە و سەرکەوتوون بەسەر سۆمەرییەکاندا. هەروەها دەڤەرەکانی عیلام کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە کە ئیلامی ئێستایە و بە دەڤەری (لەک و لوور) دەژمێردرێن. توانییان شاری بابل بکەنە جێگی دەستەڵاتی خۆیان، بەوە ڕانەوەستان وڵاتی سووریای ئێستایان داگیرکردەوە، هەروەها ئاسیای بچووک کە کوردستانی باکوورە، لەوێڕا هونەری سۆمەری بەکارهێنراوە بۆ ماوەی ١٥٠ساڵ. سەرەنجام گوتییەکان پەلاماری دەستەڵاتی ئەکەدییان داو و توانییان دەستەڵاتی ئەکەدی لەناو ببەن و جێگەیان بگرنەوە، گوتییەکان لە باکوورەوە شۆڕبوونەوە.

لە سەرتاسەری دەستەڵاتەکانی دۆڵی دوو ڕووباردا بنیاتی سەرەکی لەسەر تەرز و شێوەی سۆمەرییەکان بووە، بە تۆزەکێک جیاوازیی ئەو هونەرە بە هونەری ئایینی بۆ ڕێوڕەسمی ئایینی ئەو جۆرە ساختمانانە سازێنراون، پیرشالیاری ئەو پەرستگایە بازنەیەک بووە لەنێوان بتی گەورە و خەڵک و دەوڵەتدا.

لە نزیکەی ٢٥٠٠پ.ز شێوەی پەیکەرتاشین لە شێوەی سروشتی ئینسان ڕەواجی پێ دراوە، بەڵام لە بنەمای فەرامین پەرستگاکان لا نەدا. بۆیە جلوبەرگ لەبەرکردن مەرجی سەرەکیی پەرستگابووە، زۆرتر لە شێوەی وەستان ئەنجامدراون، جلەکانی بەریان لە چەند لاوە لۆچ و پێچیان تێخستووە، هەروەها دەستوپەنجەیان تێکەڵ بە سەر سنگەوە یا کەمێک خوارتر، ئەویش مەرجێکی تری پەیکەرتاشین بووە، کە دەبوا لە حاڵەتی ستایشدا پەیکەرەکە تەواو کرێت و زۆر چاویان بە ئەندازەی گەورەتر لە سروشت ئەنجام داوە، یان ئەو بازنەی چاوەیان خاڵی وەدەرخستووە.

٢١٠٠پ.ز چەند پەیکەری (گودا) فەرمانڕەوای لاکش تۆزەکێک جیاوازییان لە ڕابردوو تیادا وەدەردەکەوێ، بەڵام پەیکەرەکانی بابلی زۆرتر ڕەنگی ئەنجام دراون. دیارە شێوەی نەقشی بەرجەستە زۆرتر لە بابلدا ڕەواجی پێدراوە. لە هەقیقەتدا لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا هونەری پەیکەرتاشین و تەلارسازی حاڵەتێکی تەکامولی بەخۆیەوە دیوە، نموونەی ئاسەواری (دیوارەکانی ماری) لە باشووری عێراقی.

ئاشوورییەکانیش بە ڕەگەز سامی بوونە لە باکووری عێراقی ئێستادا ژیاون شاری (نەینەوا) موسڵی ئێستا بنەمای سەرەکی هونەری ئاشووری هەمان بابلییەکان بوونە (سۆمەر) بەڵام هونەری ئاشووریی هەمان تایبەتمەندیی خۆیان هەبووە، ئەو تایبەتمەندە ٥٠٠پ.ز کەموزۆر خۆیان وەدەرخستووە، کە ئەو پایتەختە بەهێزە لە لایەن هێزی داخ لە دڵی مادەوە وێرانکراوە، هیچ گیانلەبەرێکی زیندوویان تیادا نەهێڵاوە هەتاوەکوو ئاژیڵەکانیش....

لە شاری نەینەوادا بە پێچەوانەی خوارەوەی دۆڵی دوو ڕووبار لە بەردی جۆراوجۆر و مەڕمەڕی ڕەناگوڕەنگ سودیان وەرگرتووە. کاری تەلارسازیی ئاشووری پڕ بووە لە زەرافەتی هونەری تەلارسازی، هەروەها شێوەی نەخشی بەرجەستە یەکێک بووە لە تایبەتمەندیی ناو کۆشکەکانیان. پەیکەرەکانیان تێکەڵ بە ئەفسانە کردووە بە قەبارەی زلزەلام یان لە سەرەوە سیمرخ و گایەکی باڵدار و سەری مرۆڤ. زۆربەی ئەو پەیکەرانە ڕوخساری تەواوییان تیادا ئەنجام داوە، زۆر لە پەیکەرەکانی میسری سروشتی تر کاریان کردووە و هێز و توانای جانەوەرەکانیان بە وردی وەدەرخستووە، ئەو شێوە لە دواییدا یۆنانییەکان بەکاریان بردووە.

نەخشە بەرجەستەکان زۆرتر داستانی شەڕ و پەلامارەکان و ڕاوکردن یان ڕێوڕەسمی ئایینی گێڕاوەتەوە، لە تەواویاندا دەوروڕۆڵی فەرمانڕەوای وەدەرخستووە، یان فەرمانڕەوا سواری گالیسکەی جەنگییە و بە تیر شێر دەپێکێت و دەیکوژێت.

پەیکەری شێری بریندار یەکێکە لە دە شێرە بریندارەکان، یەکێکە لە جوانترین پەیکەرەکان ٦٥٠پ.ز ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە.

لە تەواوی پەیکەرتاشینی ئاشووریدا کۆشراوە هێز و توانا و دەستەڵاتی شا و دەوڵەتەکەی وەدەرخات، بەتایبەت لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ئەو هونەرە گەیشتووەتە پۆپە، بەتایبەت دەڵەشێرە پێکراوەکە پڕە لە وردەکاری هونەری پەیکەرتاشین کە دوو پای دوای دەڵەشێرەکە تیری پێوەیە و دوو پای دوای لەکارکەوتوون.

هەروەهـــا كـــارێكی كەی ئاشـــوورییەكان شـــێری باڵـــداره، كە بە قەبـــارەی گەوره ئەنجـــام دراوه، ئەو جـــۆره پەیـــكەرانە زۆرتـــر وەكـــوو پـــارێزەری پەرســـتگا و كۆشـــكەكان ژمێـــردراون، برێـــك پەیـــكەری ترسـێنەریان دروست كردووه تـا دێـو و درنـج و عیفریتەكـان لەو جێگە پیرۆزانە دووركەونەوه.

هەروەهـا ئاشـوورییەكان وردەكارییـان لەسـەر عـاج وەسـتاكارانە ئەنجام داوه، وەک كاسە و گۆزه و هەروەها ڕازاندنەوەی كاروكردەوەی برونزی كە لە ئاسەواری (نمرووود) دۆزراوەتەوه، ئەو جۆره كەلوپەلانە لە هەزارەی یەكەمی پێش زاییندا ڕەواجی زۆری پێدراوه.

دەمەوێ خاڵێک هەیە بیخەمە بەرچاو، چوار قەومی ناو دۆڵی دوو ڕووبار(سـۆمەری، ئەكەدی، بـابلی، ئاشـووری) بە میللەتە لەناوچووەكـان دەژمێـردرێن. ئەم نـاوه (ئاشـوور ئێسـتا) هـیچ پەیوەنـد و پۆیەكیـان بە ئاشووریە كۆنەكانەوه نییە، وەک باسـم كـرد سـەرەتا لە لایەن پاپاوه بۆ ئەوەی نەبنە پەیڕەوی (نەستووری) ناوی ئەكەد و لە دواییدا ئاشـووریان پێـوەنراوه لە لایەن پاپـاوه بـووه، سـەرچاوه مەسـیحییەكان لەو ڕووەوه بەڵگەیان زۆر ڕوو كردووه.

دۆڵـی دوو ڕووبـار ئێسـتا نـاونراوه عێـراق دونیـایەكە لە ئاسـەوار هێشتا زۆر جێگە و شوێنی پشكنینی بۆ نەكراوه، هەوەک لە كوردستانی لای خۆشـمان ۸۰۰جـێگەی ئاسـەوار دەستنیشـانكراون و تـا بە ئێسـتا سەریان هەڵنەدراوەتەوه، ئەو ژماریە تەنها لە پاریزگای هەولێر دایە.

بە هەق ئەو چوار ڕەگەزە کاروکردەوەی تەلارسازییان زۆر ئەنجام داوە، بڕێـــک لە ئاســـەوارەکانیان دۆزراونەتەوە، بەتـــایبەت شـــێوەی تەلارسازیی پەرستگاکانیان یان کۆشک و خانووبەرەکانیان.

تەنها لە شاری (ماری)دا ئەم پەرستگایانە دەستنیشان کراون، وەک:

١-پەرستگای عەشتار.
٢-پەرستگای ننخورساک.
٣-پەرستگای هەتاو.
٤-پەرستگای عشتروت.
٥-پەرستگای زازا.

زۆرتری شێوەی ئەو تەلارسازیانە یان پەرستگاکان بە دوو شێوە دروستکراون (ئوفوقی، عەموودی).

من لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر دەمارگرژیی حکوومەتەکانی عێراق بەتایبەت لە سەردەمی بەعسدا، جاروبار واقیعیەت لە ترس و تۆقیان بەهێزترە و کابرا ناتوانێ سەرچاوە بگۆڕێت و هەروەک خۆی دایناون، بۆ نموونە: دەڤەری مەندەلی یەکێکە لە مۆڵگەکانی ئاسەوار، کابرای نووسەر ناتوانێ دەڤەری (جۆخە مامی) یان (تەپەکوێر) بگۆڕێت و بیانکاتە (جوخە العم) یان (تل الاعور) ئەو دووانە ئاسەوارناسانی ئینگلیز (١٩٦٣-١٩٦٨ز) هەر وەک خۆی دایاننناون.

ڕووداوێکی ترم لەبیرە لە شەڕی عێراق و ئێراندا تۆپبارانی هەروایی (عەشوایی) زۆر دەکرا، تۆپێکی ئێرانی لە شاری (مەندەلی) دەکەوێتە خوارەوە و لەناو شاییدا بەر بووکێک دەکەوێ و هەردوو دەستی بووک دەقرتێنێ و بووک دەمرێت. سەدام ئەمر دەکات پەیکەرێک

بۆ بووکی دەستبڕاو بکەن، بووک لەبەر ئەوەی کوردبووە، جلوبەرگی کوردی لەبەردا بووە، پەیکەرتاشی بەدبەخت پەیکەرەکە هەر وەک خۆی دەکا بە جلی کوردییەوە. سەدام کە پەیکەر دەبینێ فەرمانی هەرووژانی دەدا و پەیکەرتاشی بێتاوانیش دووسێ ساڵێک تووڕ دەدرێنە بەندیخانەوە، جا برادەر لەم وڵاتە و دراوسێکانی کوردا زۆر خولە بە حەمە کراوە، هەر باشە یەشتا خەرمان بەرەکەت هەر لە سەردەمی سەدامدا هەواڵی پێدەگا نزیکەی ١٨٠٠تەپۆڵکەی ئاسەوار لە پارێزگاکانی کوردستاندا هەن، زۆربەیان هی سەردەمی ماد و ساسانییەکانە، فەرمان دەدا سەریان هەڵنەدەنەوە، حکوومەتی هەرێمیش وەنەبێ گرنگییەکی ئەوتۆی دابێتە ئاسەوار بوارەکەی، لەوەیش گوزەشتە.

بواری ئاسەوار سەرهەڵنەدانەوە پوول و پارە و چاوساغی خۆی دەوێ. ئەو ئاسەوارانە هەر وەک خۆیان ماونەتەوە، دروشمی (لە نبوخوزنووسرەوە تا سەدام حوسێن) گەوجانەترین و ڕەشبگیرترین دروشم بووە، سەیرەکە لەوەدایە یەشتا لە ناو زۆربەی زۆری عێراقیەکاندا خۆیان بە نەوەی سۆمەر و ئەکەد و بابل و ئاشوور دەزانن، کوردی لای خۆمان لەمێژە وتوویەتی: ( دەوەرە ئەم کەرە لەو قوورە وەدەر بهێنە) لێیگەڕێ با لەو قوڕەی دابێت.

## گردی (ئەلعەبید)

کەتووەتە باشووری شاری ئوورەوە، یەکێکە لە هەوارگە هەرە کۆنەکانی سەردەمی سۆمەریەکان، لەوێڕا گەورەترین پەرستگا لە لایەن (سان ئانی پیپدا)وە کە دامەزرێنەری زنجیرە دەستەڵاتی (ئور – یەکەم)م کە بۆ خواوەندگار (ننجزساک) دروستکراوە لە ڕووی تەلارسازییەوە زەوق و هونەری تیادا دیارە.

### گردی حەسوونە:

کەوتووەتە باشووری شاری مووسڵەوە لەو ئاسەوارەیدا ١٦چین زیندەگی تیاکراوە، هەتاوەکوو چینی پێنجەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین، دیارە لەو کاتەیدا لەژێر ڕەشماڵ و بەنگەڵەیدا ژیاون، بۆیە هیچ نموونەیەکی ساختمانی بەدەست نەهاتووە.


لەوێڕا پەرستگایەک دۆزراوەتەوە شێوەی تەلارسازییەکەی لەوانی تر جیاوازە بەسەر سەکۆیەکی دروستکراوە ٤مەتر لە زەوییەوە بوڵندترە، دیوارەکانی بە ئەستووری دوو مەترن.

**وەرکاء:**

مێژووی (وەرکاء) سێ بەشە کۆن، ناوەڕاست، وە دواهەمین لەم سەردەمەیدا پەرستگاکان، کە بە شێوەی زیگورات (زەقوورە) بوونە بەرزتر و ڕازاوەتر ئەنجام دراوە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وابوە ورکا هەوارگەی خواوەندگار (ئین ئانا)وە ناوی پەرستگاکەی (ئی ئانا) بووە، یانی ماڵی ئاسمان، لە دوایی‌دا ناوی ئەم خواوەندە گۆڕاوەتە سەر (عەشتار) لە دوایی‌دا پەرستاگایەکی تر دروستکراوە بەناوی (ئانو) دەکۆشم وێنەکەی بدۆزمەوە و هاوڕای باسەکەمی بکەم.

## سەردەمی ئەکەدیەکان:

باسی ئەوەمان کرد کە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی وڵاتی سۆمەر لەسەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا ئەو دەقە جۆربەجۆرە بسماریانەن کەپێمان گەیشتوون بەتایبەت هێڵکارییەکانی پاشاکان و ئەو پشکنینە شوێنەوارییانەی لەشارە جیاجیاکاندا ئەنجامدراون. ئەو سەرچاوانە ئاماژە بەوە دەکەن باری سیاسیی گشتی لەوڵاتی سۆمەر لەسەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا تایبەتمەندیبوونێکی زیاتری هەیە لەیەک بنەماڵەی فەرمانڕەواییکدا. هەر بنەماڵەیەک لەو بنەماڵانە دەسەڵاتی هەبووە بەسەر شارێکی سەرەکی و شارە بچوکەکانی چواردەوری و گوندەکانیدا. ئەو ناوچانەی هەر بنەماڵەیەک فەرمانڕەواییان دەکرد لای لێکۆڵەرانی هاوچەرخ بەناوی (دەوڵەتشار) ناسراوە، دەوڵەتشارەکان لەسەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا گەشەیان سەندودواتر لە کۆتاییەکانی ئەوسەردەمانەدا دەوڵەتشارەکان پەیوەستە هەروا شەڕ و شۆڕ بووە بەتایبەت لەنێوان بنەماڵە بەهێزەکاندا بۆ دەستگرتن بەسەر گەورەترین بەشی زەوی کشتوکاڵی و سەرچاوەی ئاو و دەستگرتن بەسەر ڕێگە بازرگانییەکانی ڕوو بەسەرچاوەکانی مادده خاوەکان هۆکاری یەکەم وسەرەکی بوون بۆ ئاڕاستەی سیاسی گشتی بەرەو یەکخستنی وڵات و ڕێکخستنی لەژێر دەسەڵاتێکی کارگێڕی مەرکەزیدا.


TEMPLE OF MYSTERY

بەپێی هێڵکاری ناوی پاشا سۆمەرییەکان کەچەند دەقێکی دیکە پشتگیرییان دەکەن کە دوای لافاوەکە لەشاری کیش زیاتر لەبیست پاشا فەرمانڕەواییان تیادا کردووە و هێڵکارییەکان لەدیاریکردنی ماوەی دەسەڵاتیاندا زیادەڕۆییان کردووە. گرنگترین شت سەبارەت بەو بنەماڵە ئەوەیە زۆربەی ناوەکان، یان دەقەکان لەزمانی فوراتییە یەکەمینەکانەوە وەرگیراون، ئەوەش ئاماژەیە بەتێکەڵبوونی ڕەگەزە سۆمەری و میللەتە کۆنەکان (ئەکەدیەکان) لەسەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا، کۆتا فەرمانڕەوای کیش پاش (ئاجا) بوو کە چیرۆکی نێوان (کیشو وەرکا) لەسەردەمی گلگامێشی پاشایدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دواتریش باسی دەکەین، بنەماڵەی کیش لەبەشی کۆتاییدا هاوسەردەم بوون لەگەڵ بنەماڵەی یەکەمی وەرکا کەناودارترین پاشایان گلگامێش بوو. بەپێی ئەو چیرۆکە پاش ڕاوێژوەرگرتنی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجومەنی گەنجانی شارەکە لەگەڵ کیش کەوتنە جەنگان، بەدوای بنەماڵەی یەکەمی وەرکادا بنەماڵەیەکی نوێ هات، کە لەشاری (ئور) دامەزراو بە بنەماڵەی یەکەمی ئور ناسرا. هەندێک زانیاری بەڵگەنامەیی سەردەمی چەند پاشایەکمان دەستکەوتووە سەرەڕای ئەو هێڵکاریەی پاشا سۆمەریەکان کە لەسەری هاتووە، دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەش هاوسەردەم بووە لەگەڵ گلگامێشی پاشای وەرکا و (ئاجا)ی پاشای کیش، گومان دەبرێت گۆڕستانی ناوداری کیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیە.

هێڵکاری پاشا سۆمەرییەکان باس لەوە دەکات یانزە بنەماڵە دوای بنەماڵەی ئوری یەکەم تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئەکەدی فەرمانڕەواییان کردووە، بەڵام بەڵگە شوێنەواریەکان و هەندێک دەقی دۆزراوەی بسماری ئاماژە بەوە دەدەن هەندێک لەبنەماڵە باسکراوەکان

هاوســەردەمی تەواوەتــی یــان بەشــێکی هەنــدێکی دیــکەن، لەنێــو ئەو بنەمــاڵانەدا چەنــد بنەمــاڵەیەکی بیــانی هەبــوون، کە لە وڵاتــی عــیلام فەرمانڕەوییان کردووە، ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی وڵاتی سۆمەر هەندێک کات لەژێر قەڵەمڕەو دەسەڵاتی وڵاتی عیلامدا بووە.

ســەرەڕای ئەو بنەمــاڵانەی کە تەنها زانیــاریەکی کەممان لەســەریان هەیە، ئەویش لەڕێی پشکنینە شوێنەواریەکانەوە کە بەڵگەن بۆ بوونی بنەمــاڵەیەکی بەهێــز لەشــاری لەگش لەســەردەمی ســێیەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکانــدا کە لەهێڵکــاری پاشــا ســۆمەریەکاندا لەبەر چەنــد هــۆیەکی نەزانــراو ناویــان نەهــاتووە، دەوڵەتەشــار لەگــش چەنــد شــارێکی لەخــۆ دەگرت و دەکەوتە نێو دەشتی پڕ لە پیت و بەرەکەت لەناوچەی فورات، دەوڵەتشار لەسێ شاری دراوسێ پێک دەهات (جرس و نینا و لەگش) خۆشگوزەرانی ئابووری دەوڵەتەشارەکەی گرتبووەوە بەتایبەت لەبەشی یەکەمــدا، پەیکەرەکــان هەڵــدەکۆڵران و پاشــاکانیان گرنگییــان دەدا بەپــرۆژەی ئــاودێری و بازرگــانی ...ئەمەش لەئەنجــامی ئەو ســەرکەوتنە ســەربازییە یەک لەدوای یەکــانەی کە ئەو دەوڵەتشــارە دراوســێیانە بەدەستیان دەهێنــان، بەتــایبەت دەوڵەتشــاری (ئۆمــا). یەکێک لەپاشــاکانی لەگش هەواڵــی ســەرکەوتنەکانی بەســەر شــاری ئۆمــادا لە هەڵکۆڵراوێکدا بەدیاری بۆ تۆمار کردووین، هەڵکۆڵراوەکە لەسەر پارچە بەردێک بووە، کەناســراوە بە (نســور) لە کاتێکــدا ئەو دەقەی کەپاشــایەکی دیــکەی ئەو بنەمــاڵە بــۆی بەجێهێشــتوین ئامــاژە دەدات بە وردەکاری ئەو نــاکۆکییەی کە لەنێوان شاری لەگش وشاری ئۆمــادا هەڵگیرســا و بۆ چەند نەوەیەک مــایەوە و یەکێــک لە فەرمــانڕەوا و هاوچەرخەکــان کە میســیلم بــوو فەرمــانڕەوای دەوڵەتەشــاری کــیش بــوو (واگومــان دەبرێــت) دەســتی

وەردابێتە ناکۆکییەکە و ڕۆڵی پەیوەندی نێوانیانی بینی و ڕێکەوتنێکی لەنێوانیاندا بەست و بەڵێننامەی ڕێکەوتنەکەش لەسەر پارچە بەردێک نووسراو لەسەر سنووری نێوانیاندا دانرا، بەڵام فەرمانڕەوای ئۆما بەڵێننامەکەی شکاند و هەڵمەتی بردە سەر لەگش و شەری نێوان دوو دەوڵەت بەردەوام بوو، تا (ئەنتمینا)ی فەرمانڕەوای لەگش توانی سەرکەوتنێکی کاتی بەسەر (ئۆماد)ا بەدەست بهێنێت، گرنگیی دەقی ئەنتمینا لەوەدا دەردەکەوێت کە کۆنترین بەڵێننامەی ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیمان بۆ تۆمار دەکات کە تائێستا گەشتبێتە دەستمان، ئەوەش لەنێوان دەوڵەتەشار لەگش و دەوڵەتەشار لە ئۆمادایە بەنێوەندی دەوڵەتشاری سێیەمدا، ئەم بەڵێننامەیە بەیەکەم هەوڵی ناسراوی مرۆیی دادەنرێت لەڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخستنی ئەو ڕێوشوێنانەی کەپەیوەندی نێوانیانی دەبرد بەڕێوە، بۆیە تا ئاستێکی زۆر گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی یاسای نێودەوڵەتی و سەرهەڵدان و دواتر گەشەسەندیشیدا.

ئەو گەشەسەندنەی لەگش کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنە سەربازییەکانی بەسەر دەوڵەتشاری دریژەی نەکێشا بەڵکوو هێندەی نەبرد شێواو لاوازی ڕووی تێکرد، هۆکاری ئەو لاوازیەش ئەو تەنگەژە ئابوورییانە بوو کە وڵاتیان گرتەوە، لەگەڵ دەوڵەتی فەرمانڕەواکان بۆ زیادکردنی جۆرو ڕێژەی ئەو باجانەی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنران بەنیازی کۆکردنەوەی سامانی پێویست بۆ خەرجی ژیانی ڕابواردن و زیادەڕۆییەک کە لە سەردەمی سەرکەوتنە سەربازیەکانیاندا.

بەوە پەرتەوازەیی ئابووری هەمووانی گرتەوە و لەوڵاتدا شۆڕشێک بەرپا بوو کە بنەماڵە فەرمانڕەوای لەناوبرد و فەرمانڕەوایەکی نوێی

هێنایە مەیدان، کە گومان دەبرێت لەچینی کاهینەکان بێت ئەویش فەرمانڕەوا ئورکاجینا بوو، ئەم پاشایە ناسرابوو بەچاکسازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەناوی خۆیەوە ناسراون و ئامانجیش لێیان لەناوبردنی گەندەڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناو وڵات بوو. لەچاکسازییەکانیدا ئەو گەندەڵیانەی ژماردووە کە وڵاتیان گرتبووەوە، گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەشی هێناوە کە بۆ لەناوبردنی گەندەڵییەکان گرتوونیەبەر، بەڵام ئەو ماوە کورتەی کە فەرمانڕەوایی تیادا کردووە –هەشت ساڵ- دەرفەتی چاککردنی بارەکەی پێ نەداو لەو ماوەدا فەرمانڕەوایەکی نوێ لەشاری ئۆما دوژمنی دێرینی لەگش دەرکەوت وتوانی دەستبگرێت بەسەر لەگش دا و بە یەکجارەکی و بەشێوەیەکی کتوپڕ نەیهێڵێت، فەرمانڕەوایی نوێی ئۆما پاشا لوکال زاکیزی بووکە توانای سەربازی و کارگێڕی بەهێزی هەبوو.

لوکال زاکیری ماوەی بیست و پێنج ساڵ لەدەسەڵاتدا بەردەوام بوو و لەوماوەیەدا توانی یەکەم دەوڵەتی یەکخراو لەوڵاتی سۆمەر و ئەکەددا بگرێتە دەست، لەکۆتاییەکانی ئەو ماوەدا کەسایەتیەکی دیکە دەرکەوت کەتوانی بەسەریدا زاڵ ببێت و دەسەڵاتی لەناوببات ودەسەڵات و ڕێبەری وڵاتی لەدەست بسێنێت و هەوڵ بدات بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوان، ئەویش (سەرجۆنی ئەکەدی) بوو کەبەرەچەڵەک دەگەڕێتەوە پاڵ گەلە ئەکەدیەکان و لقێکە لە هۆزە کۆنەکان کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە هاتوون.

بەکۆتایی هاتنی دەسەڵاتی لۆکاڵ زاکیزی ماوەی دەرکەوتنی بنەماڵەکان کۆتایی پێهات و ماوەیەکی نوێ لە وڵاتی دوو ڕووباردا دەستی پێ کرد کە ماوەی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەکەدی بوولە

دەوروبەری (٢٣٧١پ. ز) دا دامەزرا. ئیـــدی لەم ســـەردەمەوە ژیـــان لە دۆڵی دوو ڕووبـاردا لە ڕووی ڕەگەز و ئـایین و ئـابوورییەوە گۆڕاوە و کەلتوور و فەرهەنگی سۆمەریان وەرگرتووە، بەڵام بۆخۆشیان کۆشـاون حاڵەتی تازە بخەنەڕوو، بەتـایبەتی لە هونەری پەیکەرسـازییدا، سـەرێکی برونـــزی لە نەیـــنەوادا دۆزراوەتەوە، یـــا هـــی ســـەرجوونە یـــان هـــی نەوەکەیەتی. ئەو سەرە برونزییە پڕە لە هونەری پەیکەرتاشین.

## ساختمانەکانی سەردەمی ئەکەدی:

دەربارەی جۆری ساختمانی سەردەمی ئەکەدی شتێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، بەڵام لەو سەردەمەدا شێوەی کۆشک و تەلارەکانی دەستەڵات زاڵ بووە بەسەر چۆنیەتیی پەرستگاکاندا، دوو کۆشک دۆزراونەتەوە یەکەمیان لە (گردی براک) لە سووریا، دووهەمیان لە شاری ئاشووردا، (شاهـ نرام سین) دۆزراوەتەوە لە گردی براک لە هەقیقەتدا ئەو کۆشکە وەک قەڵایەکی شاهانە بووە و هەروەها میوانەکانی شای گەورە ئەو کۆشکە شووورەداربووە تا هەمووان نەتوانن لە نزیکەوە بیبینن، دەروازەیەکی گەورەی هەبووە شوورەی دەوری کۆشکەکە چوارسووچە بووە، پانیی دیواری شوورەی دەوری کۆشکەکە ١٠مەتر پان و پتەو بووە. کۆشکی دووهەم ناسراوە بە کۆشکی (کۆن) ئەویش شوورەی هەبووە و بە شێوەی چوارسووچە بە دوای (نرام سین) دا مەلیکی لاواز و کەم دەستەڵات هاتوونەتە سەر کار، تەنها کۆشاون دەستەڵاتەکەیان بپارێزن، بەڵام تەقەلاکانیان سەرکەوتوو نەبوونە، برێک لە شارە سۆمەرییەکان لەژێر دەستەڵاتی ئەکەدی وەدەر هاتوون وەکوو شاری (ئوروک) میللەتێک لە چیاکانی زاگرۆزەوە شۆڕبوونەتەوە بەسەر دەستەڵاتی ئەکەدیدا بەناوی (گوتییە)کان کە ڕەگەزی ئاریان بووە و دوو سەد ساڵ لە دۆڵی دوو ڕووباردا فەرمانڕەواییان کردووە.



## دەستەڵاتی گوتییەکان:

گوتییەکان میللەتێک بووتە لە بناری کێوی زاگرۆسەوە داکشاونەتە ناو دۆڵی دوو ڕووبارەوە هەمان جێگە و شوێنێک وا بە دوای ئەواندا (ماد)ی تیادا ژیاوە. بەشێکی تری گوتی لە چیاکانی لوورستانەوە هاتوون، هەردوو قەومەکە ئاریایی بوونە، ئەگەرچی میللەتەکانیان جیاواز بوونە بەڵام لە بنەمادا یەک بوون. لە ساڵی ٢٢١٠پ.ز دەستەڵاتی ئەکەدیەکانیان بنبڕ کردووە (سەرچاوە عەرەبییەکان لە ڕووی دەمارگرژییەوە بە قەوم و هۆزی وەحشی ناویان دەبەن، هەر لەبەر ئەوەی لە ڕەگەزی سامی نەبوونە) زۆرتر لە ١٢٥ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە. ٢١ مەلیک حوکمیان کردوون، شاری (ئاربخا)یان کردووەتە پایتەختی خۆیان، کە دەکاتە کەرکووکی ئێستا.

لەو سەردەمەیدا لە شاری (لەگش) دەستەڵاتێک پێک هاتووە بەناوی (گودی) یەکەم مەلیکیان (گودیا)ی ناو بووە. پەیکەرێک بەدەست هاتووە ناسراوە بە مەلیک (گودیا) ئەم پاشایە گەلێک گرنگیی بە سازندەگی و ساختمان و پەرستگا داوە. پەرستگای (ننجرسو)ی دووبارەسازی کردووەتەوە. (گودیا) بە ڕەگەز سۆمەری بووە و ڕێوڕەسمی سۆمەرییەکانی هێناوەتە وجوود، بڕێک پەیکەری برونزی ئەو سەردەمە دۆزراوەتەوە. ئەو دەستەڵاتە لە لایەن (ئورنمو) لەناوچووە.



## گۆڕستانی شاهانە لە ئور

زەقورەکان ١٦ گۆڕستانی شاهانەیان لەخۆگرتووە کە لە گەچ و قسڵ دروستکراون، لە نێو هەر گۆڕستانێکیش بیرێکی تێدابووە. لەگەڵ مردنی هەر پادشایەک، کنیزەکانی بە جلوبەرگەکانیان و زێڕ و گەورەهەرەکانیان دەنێژران لە پاش کوشتنیان بە ژەهرخواردن، هەر گۆڕستانێکیش تەلاری خۆی و گومەزێکی بەرزی هەبوو.



شاری ئور لە ٢٦٠٠ی پێش زایین، لە سەردەمی کۆیلەکانەوە جێگەی نیشتەجێبوون بووە، گوندەکان بریتیبوون لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی، بەڵام دواتر ناوچەکە گەورەکراوە لەگەڵ پێویستی زیاتری شارەکان بەدەستگرتن بەسەر ئاودێری لە وشکە ساڵەکاندا. لەنێوان ساڵانی

١٩٢٦- ١٩٣٢ز ئاسەوارناسانی بەریتانی، برێک ئاسەواریان دۆزیەوە کە بە گۆڕستانی شاری ئور ناسراوە.

لەو سەردەمانەیدا شێوەی مەزار لە ڕووی تەلارسازیەوە حاڵەتێکی تایبەتمەندی هەبووە، لەوێڕا مەزاری شاهانە دۆزرایەوە کە زۆربەیان بە کەوانەیی لە کەرچووچ دروستکراون، لەوێڕا زێڕ و زیو و ئالات و ئامێری مۆزیک دۆزراوەتەوە.

گۆڕەکان بە شێوەی گومەتی درێژ درێژ لە کەرپووچ دروستکراون، برێک لەوانە لە دوو ژوور زۆرتر بوونە، توانرا دەستنیشان بکرێت ئەوەی دۆزراوەتەوە گۆڕی شاهانەن، پڕبوونە لە گەنجینەی جۆراوجۆر زیاتر لە ١٦ دانە لەو بابەتە گۆرانە دۆزراونەتەوە، یەکێک لەو گۆڕانە هی (مسکلام دک) بووە.

# زیگۆراتە بەناوبانگەکەی ئور


زیگۆرات وشەیەکی بابلییە و لە وشەی (زیگارو) یانی بەرز و بوڵند هاتووە، دیارە عەرەبیش کردوویەتە (زەقوورە).

ئاسەواری ئوور لە عێراق یەکێک لە شوێنەوارەکانی سەردەمی سۆمەرییەکانە و ١٧ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری "ناسریە"وە دوورە کە سەنتەری پارێزگای "زیقار"ە.

سەرچاوە زۆرە کە حەزرەتی ئیبراهیم لە کوردستانی باشووردا بووە، لەوێڕا گەشتە دووورودرێژەکەی دەست پێ کردووە و بووە بە باوکی پێغەمبەران. ئیدی باسی ئەستێرەی (زوحەل) بکرێت دەمارگرژە عەرەبەکان دەڵێن هەوارگەی عەرەب بووە!

ئەو شارە بە "زەقورە، زیگۆرات" بەناوبانگە، کە لە ئەفسانە سۆمەرییەکاندا پەرستگەی خوداوەند بووە و گرنگترین "زەقورە"ش لەو ناوچەیەدا زەقورەی "ئوور"ە کە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای گەڕەکی پەرستگەکان هەڵکەوتووە.

مەلیک "ئوورنەمو" بەناوبانگترین مەلیکەکانی "ئوور"ە کە پەرستگە و زەقورەکانی بنیات ناوە و لە ساڵانی ١٩٢٢ و ١٩٣٤ کۆمەڵە گۆڕێکی مەلیکەکان لەو ناوچەیەدا دۆزرایەوە و ئێستاش زۆر لە ئەنتیکەکانی ئوور لە مۆزەخانەکانی فەڕەنسا و بەریتانیان.



## زیگۆراتی وەرکا:

ئەمەش هەر لە سەردەمی (ئوورنەمو)دا دروست کراوە یەکێک بووە بە زیگۆراتە بەناوبانگەکان و ئاسەوارەکەی ماوەتەوە.

پەرستگاکان دابەشکراونەتە دوو بەشەوە، بەشی سەرەوە ناسراوە بە پەرستگای بالاّ، خوارەوەیش پەرستگای زەوی. زۆر لە دەوروبەری یەکدا پەرستگای سەرزەوی لە یەکەوە نزیک دروستکراوە، بەلاّم زیگۆرات جێگەی دابەزینی خواوەندگارە لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی، بەلاّم پەرستگای سەرزەوی ئەو جێگەیەی کە خواوەندگار خۆی وەدەر دەخات بۆ خەلّکی.



بێگومان هەندەسەی پەرستگاکان لەگەڵ خانووبەرەی ئاساییدا جیاوازبوونە، لە پەرستگادا دەبوا جێگەی تایبەتی خواوەند دەستنیشان بکرێت، هەروەها جێگەی قوربانیکردن و ساختمانی پەرستگاکان، دیوارەکانی دەرەوەیان (واجیهات) سادە نەبووە، بە کەرپووچی تایبەت، بەرجەستەیەکی عەموودی تیادا وەدەر خراوە، بەشێوەی پیتی (T).
خاڵێکی گرنگتر لەوە دایە پەرستگاکانی ئاشوور ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی باکورە، بەڵام پەرستگای سۆمەری ڕوو بە باشووری ڕۆژهەڵاتە.

سەرجەم نەخشەی پەرستگا چەندان بەشی سەرەکییە، یەکمیان هەیوانە، دواتر ژووری پەرستگا، دواتر ژووری بتی تایبەت.

لەو سەردەمەیدا قوڕ کەرستەیەکی پیرۆز بووە. زۆربەی پەرستگاکان بە قووڕی کاڵ دروستکراون، بەڵام لە دەرەوە وەک نما کەرپووچ بەکاربراوە، تێکەڵ بە گیراوەی قیڕ.

## هەڕووژانی ئیمپراتۆریەتی ئور:

ئەو دەستەڵاتە سەد ساڵ دەوامی کردووە، (ئابی سین) دوو مەلیکی ئەو زنجیرە دەستەڵاتە بووە، شارەکان هەر یەکە و لە لایەکەوە لەو دەستەڵاتە یاخیبوونە، دیسان دەوڵەتەشار هاتەوە و بە دوای ئەو هەڕووژانەیدا زنجیرە دەستەڵاتی بابلیی یەکەم هاتە کایەوە.

## زنجیره دەستەڵاتی بابلیی یەکەم ١٨٤٩-١٥٩٤پ.ز

شەڕی خوێناوی لەنێوان دەوڵەتەشارەکاندا ڕوویان دا، ئەو شەڕانە دوو سەد ساڵی کێشاوە، سەرەنجام شاری بابل توانیویەتی دەستەڵاتی تێکڕایی بەدەست بهێنێ، لە سەردەمی مەلیکێکی مەزندا (حامورابی) بە حیکمەتی خۆی ڕۆژهەلاتی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.



سەرەتا دەستی بەسەر دەوڵەتی (ئیسن و لارسا) داگرت، نازناوی شاری بیلادی سۆمەری و ئەکەدی پێ دراوە، لە دوا ساڵانی ژیانیدا شەریعەتە بەناوبانگەکەی وەک یاسا لەسەر پایەیەکی بەردین نووسیوەتەوە لە گۆڕەپانی شارەکاندا دایناوە و کراوەتە یاسا.

پەیکەری سەری حامووراپیی کە لە بەرد داتاشراوە لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) دایە.

بابل وەک زانراوە شارێکی کۆنەو پاشماوە و شوێنەواری شارستانییەکی کۆنی سەر ڕووباری فوراتە لە نزیک شاری حیللەی ئێستا، لەخوار بەغداوەیە بە ١٦٠ ساڵ. پاش هەرووژانی ئیمپراتۆرییەتی ئەکاد لەسەدەی ١٩ پێش زاین، ئامووریەکان گەڕانەوە سەرلەنوێ دەوڵەتێکی یەکگرتوویان دامەزراند(١٨٩٤بۆ ١٥٩٥ پێش زاین). شاری بابلیش لەلایەن یەکەم شای ئەم دەوڵەتە کە (سموابوم) بوو دروستکراو شوورەیەکی لاکێشەیی کە درێژییەکەی ١٨کم بوو بەدەوریدا دروست کرا. ئەم دەوڵەتە بە بابلی کۆن ناسراوە، کە ١١شا فەرمانڕەوایەتییان کردووە ،گرنگترینیان شەشەم شا بوو کە حامووڕابی بوو (١٧٩٢بۆ١٧٥٠ پیش زاین) وە شاری بابلی کردە پایتەخت و لەو کاتەوە بابل گرنگی پەیدا کردووە. بابلییەکان نەتەوەیەکی سامین لە نیوە دوورگەی عەرەبییەوە گوایە کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە بۆ بابل، گەلێک یاسایان بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرییەتەکەیان داناوە گرنگترینیان یاساکانی حامووڕابییە. گرنگییان بە خانووبەرە و ئاوەدانکردنەوە و ئاودێری و کشتوکاڵ و ڕێگاوبان دروستکردن داوە و بازرگانییان پێشخستووە و گەلێ شار و باخچە هەڵواسراوەکانی بابلییان دروستکردووە کە باخچە هەڵواسراوەکان یەکێکە لە حەوت سەمەرەکەی جیهان، پاش ئەوەی ئەم ئیمپڕاتۆرییەتە بەرەو لاوازی چوو.

لەو سەردەمەیدا شێوەی ساختمان گۆڕاوە و گرنگی زۆری پێدراوە، بەتایبەت ساختمانە دەوڵەتییەکان وەک کۆشکی (بلالاما) لە شاری

(ئشنویا)دا هەروەها کۆشکی شاه لە (زمرسلیم) ٢٠٠مەتر×١٤٠م بە شێوەیەکی پتەوی ئەستوور ٤٠پا دەورگیرابووە.

لە شاری (ماری) کۆشکێک دروستکراوە باشترین نموونەی کۆشکەکانی سەردەمی حامورابییە. دوژمنی سەرسەختی بابلییەکان پەلاماردەرەکانی ئیلامی بوونە، باپیرە گەورەکانی (لوڕ و لەک) هەر ئەو ئیلامییانە بوونە لە ساڵی ١١٥٧پ.ز پەلاماری دەوڵەتی بابلیان داوە و شاریان وێران کردووە، ئەوی بە نرخ بووە تالآنیان کردووە، هەتاوەکوو گوڵتە یاساکەی حامووڕابی کە لە شاری (سووسە) ئێرانا دۆزراوەتەوە شای ئیلامییەکان بەناوی (سوترک نختی) کوڕەکەی لە شاری بابلدا کردووەتە نوێنەری خۆی، بەڵام بابلییەکان دوای چەند ساڵێک دووبارە ئازادیی خۆیان بەدەست هێناوەتەوە.

## ئاشوورییەکان:

ئاشووری ناوی خوای ئاشوورییەکانە و بەو ناوە ناسراوە، لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەکەدیدا ناویان دەرکردووە لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی لەنێو دەستەڵاتی بەربڵاوی ئەکەدییەکان.

ئاشوور ئیمپراتۆرییێکی کۆنە، ئاشوورییەکان لقێکن لە نەتەوەی سامی، کەلە نیوە دوورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردووە بۆ باکووری عێراق و لە باشووری کوردستان دا پێش ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە نێوان موصڵ و شەرقات ئەو ئیمپڕاتۆرییەتەیان دامەزراند ، لە پێشا شارێکیان دروست کرد بە ناوی (ئاشوور)ەوە ، ئەو نەتەوەیە بە ئاشوورەوە ناسرا دوایی پایتەختەکەیان گواستەوە بۆ نەینەوا. مێژووی وڵاتی ئاشوور بە سێ دەوردا تێپەڕیوە : دەوری یەکەم :ئاشووری کۆن ٤٠٠٠ بۆ ١٥٩٥ پێش زاین دەوری دووەم :ئاشووری دووەم ١٥٩٥ بۆ ٩١١ پێش زاین دەوری سێیەم :ئاشووری سێیەم ٩١١ بۆ ٦١٢ پێش زاین گرنگترین دەور لەو ئیمپڕاتۆرییەدا دەوری سێیەمە ، کە سوپایەکی بەهێزی بووە ، ئەو بە یەکەم سوپا دادەنرا لە بەهێزیدا لە جیهاندا وە ئاشوورییەکان بۆ یەکەم جار پێچکە(عەرەبانە) و ئەسپ یان بەکارهێناوە، ١٦ شا فەرمانڕەوایی کردووە ، وە هەموو دەنگوباسی شەڕ و جەنگەکانیان بە خەتی بزماری لەسەر پارچە قوڕ نووسیوەتەوە و دوایی سووریان کردۆتەوە، لە کتێبخانەیەکدا نزیکەی ٢٥ هەزار دانەی بەزمانی ئاشووری تێدا بووە و دۆزراوەتەوە، بایەخێکی زۆریان دابوو بە خوێندەواری و ڕۆشنبیری. لەم دەوری سێیەمەدا گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی دامەزرێنراوە ،کە دەستی بەسەر هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و

ئاسـیای بچـووک و ئـیلام و کەنـداوی فـارس و نـاوچە شـاخاوییەکانی خـۆرهەڵات و لە بـاکوورەوە تـاکو ئەرمینیـا و کوردسـتانی گرتـۆتەوە. لەسـەردەمی (شـا سـن شـا ئەسـکن) کە دوا شـای ئاشـوورییەکان بـوو مادەکان هێرشـیان کردە سـەریان و بەتـایبەتی دەسـەڵاتیان لەنـاو بـردن لەساڵی ٦١٢ پێش زایین.



بەپێـی سـەرچاوە مەسـیحییەکان کە سـەرچاوەکەی خـودی پاپـای مەسـیحیەتە، ئاشـوور ئێسـتا لە ڕووی ڕەگەزایەتیـیەوە فڕیـان بەسـەر ئاشـووری کـۆنەوە نیـیە و پاپـای وەخـت بـۆ لەبیرکردنـی مەزهەبـی

نەستوورییەکان کە ئەم ئاشووریانەی ئێستایە لە مێژدا پەیڕەوەی مەزهەبی نەستووری بوونە.

بەندە بەدرێژایی لە ڕۆژنامەی (باس) بڵاوم کردووەتەوە. ئەو بابەتە وەک پڕوپاگەندەی سەردەمی سەدامەکە دروشمی سەیرسەیر و سەرسامئاوەرییان بڵاودەکردەوە وەک: لە بنوخوزنوسەرەوە تا سەدام حوسێن.. یان شاری (ئور)ی عێراقی یان من کوڕی فەرهەنگەکانم یان شاری (گیش)ی عیراقی یان وشەی وەحشی و کێویلە و شاخاوی بەکاربردن بۆ ڕەگەزی غەیری سامی وەک گوتییەکان، ئیلامییەکان، گیشیەکان، کە چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوای بابلیان کردووە بۆ ئەوان وەحش و شاخاوی بن و ئاشووری بەو دڕندەیەوە، کە مامەڵەیان لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا کردووە لەوانەیش سەیرتر سەرچاوە عەرەبییەکان کۆشاون بە هیچ جۆرێک ناوی ئیمپراتۆریەتی (ماد) نەهێنن، کە ڕەگەزی کوردی ئێستای بۆ دەگەڕێتەوە لە ڕووی لاساییەوە هەر بە فارس ناویان دەبەن.

لە کاتێکدا ناوی عێراق کە لە ساڵی ١٩٢٠کەوتووەتە سەر زمان و دەوڵەتێک بەو ناوە دوستکراوە. سەرتاسەری مێژووی دۆڵی دووڕووبار (میزۆپۆتامیا) بە عێراقی ناو دەبەن کە لەپێش فتووحاتی ئیسلامیدا بۆ خوا عارەبێک لەسەرتاسەری دۆڵی دووڕووباردا وجوودیان نەبووە جگە لە کوێخاکانی (حیرە) کە ناسراون بە مەنازرە، کە بەسەر لێواری دورگەی عارەبەوە بوون.

ناکرێ و نەشیاوە منداڵەکانمان بە هەڵە مێژووییان فێرکرێت، بەداخەوە (دەمارگرژی) چ ڕەگەزی بێت یان ئایینی یا جوگرافی ئاکام و سەرەنجامی ژیانی سەردەمانە دەشێوێنێ، بۆیە ئەم وڵاتە کە بە ناوی

عێراق ناو دەبرێت، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ژیانی ڕاستەقینە دانەمەزراوە لە سەرەتاوە تا بە ئێستا ئاشووفتەبازاڕی لە تەواوی جومگەکاندا پێوە دیارە، جا ئەگەر واقیعیانە بنواڕینە ئێستادا لەسەرتاسەری جیهاندا سۆمەرییەک بەچاو نابینن یان ئەکەدیەک یان بابلییەک یان ئاشوورییەک ئەگەر زنجیرە چیای زاگرۆز مادەکانی نە پاراستایە ئێستا لە جیهاندا ڕەگەزی کوردت نەدەدی.

بەندە ئەم کتاوە دەربارەی ڕابردووی ساختمان و تەلارسازیی لە دۆڵی دوو ڕووباردایە کاتێک لە ساختمانێک یان پەرستگایەک دەدوم ناچارم بگەڕێمەوە بۆ واقیعەتی مێژوو و ئایین و ڕەگەز و مەوقیعیەتی جوگرافی، کەچی برادەرانی مێژوونووسی عەرەبی دەنووسن و ساختمانە عێراقییەکان لە مێژوودا لەبیری دەکەن، دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٠ز دروستکراوە. ئەم بەشە تایبەتمەندیی مێژووی ئاشوورییە بەندە بە گوێرەی سەرچاوەکان لە ڕووی برێک لە قۆناغەکانی دەدوم، دەستەڵاتی دووردرێژی ئاشووری بەم شێوەی خوارەوە بووە:

١-سەردەمی کۆنی ئاشووری

٢-سەردەمی ناوڕاستی ئاشووری

٣-سەردەمی تازەی ئاشووری کە دەکاتە ٢٠٠پ.ز.

٤-بەناوبانگترین شاکانی ئاشووری و کردەوەکانیان.

٥-سەرجوونی دووهەم، سەنحاریب، ئاسەرحەدون، ئاشووربانیپال.

٦-پایتەختەکانی ئاشووری:

ئاشوور، نەمروود، (شروکین، خروساباد)، نەینەوا، دەرگای نرگاڵ، دەرگەی شمش لە نەینەوا، کۆشکەکانی نەینەوا.

٧-ئاربیلا یان ئاربائیلۆ:

جگە لە پاشا هەرە گەورەکانی چەندان مەلیکی تر هەبوونە کە لە سەردەمی دەستەڵاتیدا کاروکردەوەی دیاری کردووە، وەک: (شاه کیکا) لە سەردەمی کۆرنی ئاشووریدا هەروەها (ئۆشیبا) و ئیللهشوما و کوڕەکەی ئەمیر شیما کە پەرستگای زۆریان ئەنجام داوە، بەڵام حامورابی کارێکی وای کرد دەستەڵاتی ئاشووری بکاتە بەشێک لە دەستەڵاتی بابل کە گەیشتبووە سنووری ئیمپراتۆریەت.

بەڵام لە دەورەی ناوەڕاستدا کە سەرەتای سەدەی نۆهەمی پێش زایین کە چوارسەدساڵ بەردەوام بووە(حوریەکان) کە شاخنشین بوونە توانیانە دەستەڵاتی ئاشووری لەناو ببەن و دەوڵەتی میتانی پێک بهێنن.

مەلیکێکی بەهێزی ئاشووری بەناوی (ئاشووروئوبیلت) ١٣٦٥-١٣٣٠پ.ز توانیویە لەژێر دەستەڵاتی میتانی ئاشوور ڕزگارکا، بڕێک مەلیکی بەهێز لەم قۆناغەیدا وەدەرکەوتن، وەک: ( شلمنسەری یەکەم١٢٤٥ -١٢٧٤پ.ز) پایتەختی تازەی دروست کردووە تیرۆر کراوە، بە دوایدا (تجلاتیلاسەری یەکەم ١١١٥- ١٠٧٧پ.ز) توانیویە بابل داگیرکا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بخاتە ژێرفەرمانی خۆیەوە ئەم مەلیکە زۆربەی کاتە هەر لە ڕاوکردنی ئاژەڵ و دڕندەکاندا بووە، بەڵام دەوری تازەی ئاشوور لە سەردەمی (شاە ئددنیراری ٩١٢-٨٩١پ.ز) دەستی پێکردووە ئەم دەسەڵاتە تا ٧٢٧پ.ز بەردەوام بووە. بەدوای ئەودا (سەرجون) دەستەڵاتێکی تری هێناوەتە وجوود، بەردەوام بووە تا ٦١٢پ.ز کە لەلایەن (ماد)ەکانەوە بنبڕکراون.

# مەلیکە مەزنەکانی ئاشووری

سەرجوونی ٧٢٢پ.ز

هەژدەساڵ فەرمانڕەوایی کردووە زنجیرە دەستەڵاتی دروست کردووە، ئیمپراتۆریەتی پێکهێناوە، چەندان پایتەختی دەستنیشان کردووە، بڕێک لەوانە وەک پایتەختی سەربازی. هەر لەوێڕا کۆشکێکی گەورە و زەبەلاحی سازاندووە، شارێکی شوورەداری دروست کردووە بەناوی دورشرکین. سەنحاریب کوڕی سەرجوون بووە.

جگە لە کاروکردەوەی سەربازی پەرستگا و کۆشک و ڕێگەوبانی گرنگی پێداوە پایتەختەکەی ١٥دەروازەی تیادا بووە کۆشکەکەی سەنحاریب سێ نمای بووە و لە هەر واجیهەیەکدا دەرگای تایبەتمەندی تیادا بووە لە هەر دەروازەیەکدا پەیکەری زلزەلام دانراوە. شوورەی تەوەری چاودێری لە چەندان لاوە تیادا بووە.

## ئاسەرحەدوون:

دوای تیرۆرکردنی سەنحاریب ٦٨١-٦٦٩پ.ز بووە بە شای بابلی، دووبارەسازیی کردووەتەوە، کوڕەکەی (شمش شەم واکن)ی کوڕی کردووەتە جیگری خۆی، پەلاماری میسری داوە و گرتوویەتی، تالانێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە، تروە بۆ شاری (نەینەوا) بەسەر تەختە بەردیکەوە لە لوبنان سەرکەوتنەکانی هەڵکۆڵیوە.

## ئاشووربانیپاڵ ٦٦٨-٦٢٧پ.ز

کوڕی ئاسەرحەدوون بووە بە درێژایی فەرمانڕەوایەکەی زۆرتر هەر لە شەڕدا بووە، ئەگەرچی لە زۆربەی شەڕەکاندا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بە زۆری ئەو هەموو دروستکراوانە هەر هەموویان هەڕووژاون. مێژوونووسان ئەو هەرڕووژانە دەگێڕنەوە بۆ توندوتیژی و خوێنڕژان و کوشتنی خەڵک. وڵاتەکەیان توانای ئەو هەموو بیگرە و بەردەی تیادا نەماوە. بە دوای ئاشوور بانیپالدا کوڕەکانی جێگەیان گرتووەتەوە و شای بابل (نبوبولسەر) هەروەها شای مادەکانی (کیەکخسار)ی مادی ٦١٢پ.ز کە ڕۆیشتنە ناو شاری نەینەواوەوە هێندە زوڵم و زۆر و چەپاوی پێنج سەد ساڵ ژێردەستەیی لە دەروونی مادەکاندا کۆمەڵی کردبووە هیچ گیانلەبەرێکی زیندوویان لە شاری نەینەوادا بە زیندووی نەهێڵاوە.


دوا شای ئاشووری کە زانی شار گیراوە و خۆی و خێزانەکەی لە خەرمانێک ئاگردا سووتاند. مادەکان شاری نەینەوایان وا وێران کرد کردیانە تەپۆڵکەیەکی خاک و خۆڵی سووتێنراو، هەتاوەکوو ئەوانەی توانییان بەرەو وڵاتی سووریا ڕابکەن مادەکان دوایان کەوتوون و هەر هەموویان کوشتوون بە فەرمانی (کیاکاسار) شای ماد ئەسیرکردن و بەدیلکردن یاساغ و بووە ئەوی بیکردبا سزا دراوە.

جا با لە دەمارگرژیی گەوجانە وردبینەوە، کە نەک تەنها بەعسییەکان بەڵکوو زۆربەی عارەبی عێراق خۆیان بە نەوە و نەتیجەی سۆمەر و ئەکەد و بابل و ئاشوور دەزانن، چاکتر وایە خۆیان بە نەوەی

(حام و سام)ی کوڕی نووح پەیامبەر بزانن. شیاوترە تا سۆمەری یا ئەکەدی یا ئاشووری یا بابلی.

# پایتەختەکانی ئاشوور

شــاری ئاشــوور یەکەمــین پـایتەختی ئاشــوورییەکان بــووە، بەنـاوی خواکانیــانەوە نــاونراوە لە لایەن (مەلیــک ئاشـــوور ١٣٦٢-٢٣٣٧ پ.ز) دروست کراوە، لەوێڕا ساختمانی گەورەی و بنەڕەتی شایان دروست نەکــراوە. هەربــۆیە مەلیــک ئاشـــوور ناســربالی دووهەم ٨٥٩-٨٢٤پ.ز گوێزرایەتەوە بۆ نەمروود، لەوێڕا کۆشک و پەرستگای شایانی دروست کـــردووە. شلمنســـەری ســـێهەم پەرســـتگای ئاشـــوور و هەروەهـــا پەرستگایەکی بۆ عەشتار دروست کردووە.



ئەو پەرستگانە بە هەمان سیستەمی تەلارسازیی زیگۆرات دروستکراون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانگاری بنەڕەتی لە دەستەڵاتی ئاشوورییەکاندا داوە ( سەنحاریب) بووە، ئەو گۆشانەی وا ئاسەواریان ماوەتەوە، تێکڕا کاروکردەوەی ئەو بوون، یەکێک لەو کۆشکە بەناوبانگانە کۆشکەکەی ئاسەرحەدوون بووە، کە کوڕی (سەنحاریب) و بووە. کوڕی سەنحاریب لە دەرەوەی شوورەی شار کۆمەڵگەیەکی گەورە و زەبەلاحی بۆ بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان دروست کردووە. هەر ئەوەبووە پەرستگای دووبەشی کردووەتە باو بۆ دوو خوا لە یەک جێگەیدا، وەکوو پەرستگای (ئانو و ئادد)، هەروەها پەرستگایەکی تری دروستکردووە بەناوی (خرساک – کەرکوورە) یانی چیای بوڵند و جێگەی وڵات.

کۆنترین ساختمانێک تا ئێستا دۆزراوەتەوە، پەرستگای (سن – شمش)ی ئاشوورییە کە لەلایەن شاە (ئاشوور نیراری ١٥١٦-١٤٩١پ.ز) دروستکراوە. دیارە پەرستگا دروستکردن لە سیستەمی دەستەڵاتی شاکانی ئاشووریدا بنەمای سەرەکی کاروکردەوەیان بووە، جگە لە (سەنحاریب) گرنگیی بە کۆشک و ساختمانی کۆمەڵایەتی داوە.

شاە (تکلتی ننورتا)ی ئاشووری حەزی لە گۆڕانکاری سیستەمی پەرستگاکان بووە.

کۆشکەکەی (ئاشوور ناسربال) ئاسەوارەکەی لە (نەمرود)دا دۆزراوەتەوە، گۆڕانکاری لە شێوەی تەلارسازی ئاشووریدا پێوە دیارە.

شاە شلیمنسـەری سـێهەم ٨٥٩-٨٢٤پ.ز گرنگی بە کۆشـک و تەلار زۆرتـر داوە تـا پەرسـتگا ئاسـەوارێک دۆزراوەتەوە لە ڕاسـتیدا قەڵایەکی جەنگی وەکوو کۆشکێکی زەبلاحە شورەشی بە دەوردایە.

## خرساباد (شورکین):

ئەم پایتەختە لە لایەن شا سەرجوونی دووهەم ٧٢٢- ٧٤٠پ.ز بەشێوەی چوارسووچە دروستی کردووە (١٧٦٠م×١٦٧٥م) لە وێڕا پەیکەری زلزەلامی گای باڵداری داناوە، هەر لەوێڕا ٢٦گای باڵدار دۆزراونەتەوە.


سەرجوون لەوێڕا کۆشکێکی دروست کردووە ٢٠٠ژووری تیادا بووە، هەر لەوێڕا بۆ هەر خوایەکی ئاشووری پەرستگایەکی تایبەتمەندی دروست کردووە بۆ خواکان(نابو – سن- تنگال- نینورتا، ئایا) پەرستگای (شورکین) حەوت نهۆم بووە، هەر نهۆمێکی بە ڕەنگێکی تایبەت بووە.

## نەینەوا

نەینەوای پایتەخت لەگەڵ پایتەختەکانی کەی ئاشووریدا جیاواز بووە، لەو سەردەمانەیدا شارێک بووە بەناوبانگ لە جیهاندا لە ساڵی ١٠٨٠پ.ز بۆ یەکەمین جار دروست کراوە و کراوەتە پایتەخت.

پەرستگای عەشتار لەوێڕا گرنگیی پێدراوە. ئەو شارە زۆرتر لە سەردەمی سەنحاریب کۆشک و تەلار و باخچەی تیادا دروست کراوە. ناونراوە پایتەختی شاژن، شوورەی دەوری یەشتا ئاسەوارەکانی ماونەتەوە، لە شێخانەوە ئاوی بۆ ڕاکێشراوە. شوورەی دەوری پانزە دەروازەی تیادا بووە هەر دەروازەیەکی ناوێکی هەبووە، وەک: دەروازەی خیلزی، شیش، نتلیل، مشلال، خلاخی، ئیو، سن، ماشکی، کاری، مادیاری، ئیکالشارتی، حتزونی، ئاشوور، هەروەها برێک ناوی تر نەدۆزراونەتەوە.

لە نەینەوا کۆشکی جۆرارجۆر دروست کراون، بەڵام پەرستگای عەشتار مەزنترین و ڕازاوەترین پەرستگای ئاشوور بووە، هەروەها لەبارەی ئایینەوە گرنگییان داوەتە (ئەربائیلو) شاری هەولێری ئێستا. هەتاوەکوو (ناسرپال) بە ئەربیلی وتووە (شارەکەم!).



## سەردەمی دوادوایی بابلییەکان

دەوڵەتی کلدانی لە ساڵی ٦٢٦پ.ز دروست کراوە، تا ساڵی ٥٣٦پ.ز بەردەوام بووە. ئەگەرچی ماوەی زۆر نەبووە، بەڵام لە فەرهەنگی دۆڵی دوو ڕووبـــاردا نەخشـــی گەورەی گێـــڕاوە، شـــاە بەناوبانگەکەیـــان (نبوبولاســەر) کە لەگەڵ شـای بەناوبـانگی مادەکانـدا کیاکسـار توانییـان پێکەوە دەستەڵاتی ئاشوور بنبڕ بکەن و ئاشوورییەکان کۆمەڵکوژ بکەن. شـــاری نەیـــنەوا بە جۆرێـــک ســـووتێنراوە کـــراوەتە تەپـــۆڵکەیەک لە خـۆڵەمێش. بەشـی خـوارەوە و ڕۆژئـاوای نەیـنەوا بـوویە دەسـتکەوتی نبوبولاسـەر، بـاکور و ڕۆژهەڵاتـی نەینەوایش بـوویە بەشـی کیاکسـاری مـادی. لە سـەردەمی ئەودا یەهـوزا بە هانـدانی فیرعـونی میسـر لە بابـل یاخی بووە، لەشکرێکی گەورە و گرانی ناردووە ئۆرشـەلیمی گردووە و مەلیکەکەیـان (یەهویـاقین) دە هەزار یەهـوودی بە دیـل هێنـاوە بـۆ بابـل ٥٩٧پ.ز.

دە ســاڵ دوای ئەوە دیســان یەهوودەکــان شـۆڕشـیان کــردووە و ئەمجـارە نبوخوزنوسـەر پەلاماریـانی داوە ٥٠٠٠٠هەزار یەهـودی بەدیـل هێناوە بۆ بابل.

لە ڕاســتیدا شــاە نبوخوزنوســەر شــایەکی شایســتە و لایەق و ساختمانساز بووە. ٤٣ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە لە سەرتاسەری دۆڵـی ڕافیدیندا ساختمانی جۆراوجۆری دروسـت کـردووە، کاتێک (سـەنحاریب ئاشـوور) بـابلی گرتـووە زۆربەشـی وێـران کـردووە نبوخـوز نوسـەر لە جاران باشتری دروستکردووەتەوە.

بابل بە درێژایی ١٥٠٠سال ناوەندی فەرهەنگ بووە، پایتەختی دە زنجیرەی دەستەڵات بووە هەتاوەکوو ئەسکەندەری مەکادۆنی ٢١٣پ.ز لەوێڕا گیرساوەتەوە. ڕووباری دیجلە بەناوەندی شاری بابلدا گوزەراوە، بەرینیی شاری بابل دە ملیۆن مەتری چوارگۆشەبووە سێ شوورەی بە دەوردا بووە، پانییەکەی ٦،٢٥ مەتر بووە. نێوان هەر شوورەیەک بۆ ئەوەی تر دوو کیلۆمەتر بووە.

بەناوبانگترین دەروازەکەی، دەروازەی عەشتاربووە لەوێڕا بۆنەی سالآنە ئەنجام دەدرا و ئەو دەروازەیە لە دیواری باکووردا بووە( بەندە بەتایبەت ڕۆیشتووم بۆ بەرلین و لە مۆزەخانەکەیدا بۆ دیتنی ئەو دەروازەیە کە توانیویانە پارچەپارچە کۆی کەنەوە هەر وەک خۆی) ئەو دەروازە و شەقامە تەواوی دوانزە ڕۆژی سەری ساڵ لەوێدا بۆنەکان ئەنجام دەدرا.

کۆشەکە سەڵتەنەتییەکان لە پشتی شەقامی بۆنەکاندا بووە، کۆشکی باکوور گەورەترین کۆشک بووە. لەوێڕا پەیکەری جۆراوجۆر ڕۆنراوە، وەک: (شێرەکەی بابل) بەڵام کۆشکی باشوور، لەلایەن نبوخوزنوسەرەوە دروستکراوە، ئەو کۆشکە ٣١٥م×٢٠٠م بووە دەرگاکەی بەسەر شەقامی بۆنەکانەوە بووە.

کۆشکە هاوینە لە باکووری شارەوە بووە گەلێک بەرز و بوڵند بووە، خەڵکی شار ناویان نابووە چیاکەی بابل، ئەو کۆشکە ٢٥٠×٢٥٠م چوارگۆشەیەکی بەرز و بوڵند بووە.

# باخە هەڵواسراوەکان

ئاسەوارناسانی ئەڵمانی ئاسەوارەکەیان دۆزیوەتەوە ٤٨م×٣٠م بووە. (چەندان سکیچ بە شێوەی خەیاڵی لە باخە هەڵواسراوەکان لەلایەن تەلاسازانەوە دیزاین کراون، هیچ یەکە لەوانە بەلای هەقیقەتی ئەو ساختمانانە نەڕۆیشتووە و هیچ ئاسەوارێکی بنەڕەتیشی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

ئاسەوارناسە ئەڵمانییەکان تەپۆڵکەیەکیان دەستنیشان کردووە: ( بەندە چوومەتە سەر ئەو تەپۆڵکە خۆڵاوییە، هەرچی فکرم لێ کردەوە نەڕۆیشتە عەقڵمەوە، لە سەردەمی سەدام حوسێنەوە شەخسی ئەو ئەوەی کردووە.) پێشەکی، کە چوون ئاویان ڕاکێشاوەتە ئەو بەرزاییەی زۆر تەلارزاسازی کارتۆنییان دابووە، بەندە چەند دانەکیانم دەناسی، گاڵتەم پێیان دەکرد.

لە بابلدا زیگوارتەکەی بەناوبانگ بووە، هەروەها پەرستگای عەشتار. بەشێوەیەکی گشتی لە بابلدا کەرستەی سەرەتایی گڵ و کابووە، بەڵام نەک هەر خولێک، خولی تایبەتیان بەکار بردووە، هەروەها کەرپووچی سوورکراو کە کەرستە سەرەکییەکەی هەر قوورە سوورەبووە، بۆ بنمیچ دروستکردن داری (ئرز)یان لە لوبنان و سوریا هێناوە.

لەم دوادوایانەیدا پایە و گوڵتەیان لە ئاجوور دروست کردووە، سەری گوڵتەکان (مارپێچ) یان ڕوو بەخوارکراوە، کەوانە و تاقیان بەکار

بردووە، بەڵام نەک کەوانەی گەورە و گومەتی پانوپۆڕ زۆرتر ئاوڕەوی ناوشارەکانیان (مجاری) کردووەتە کەوانە و قەوسی بچووک.

خانووبەرەی خەڵکە زۆرەکە گەلێک سادە و بچووک بوونە و شان بە شانی یەکەوە بوونە، لەبەر ئەوەی تەواوی شارەکان شوورەی دەوریان هەبووە هەر دەبوا خانووەکان بەرین نەبن.

زۆر ناوی (زیگوراتمان - زەقور) هێنا، لە لەوحە قورینەکاندا هاتووە. مەلیک گودیا هەزارەی سێهەم پ.ز باس لە پەرستگای (ئای-ئیا) دەکات کە حەوت نهۆم بووە، کە بۆ خواوندگار (ننکرسو)ی دروست کردووە. هەروەها چەندان شای تریان لەو جۆرە دەستنیشان کردووە، بەڵام نبوخوزنوسەر (٦٢٥-٦٠٥پ.ز دەڵێت تەوەری بابلم دووبارەسازی کردووەتەوە لەسەر فەرمانی خواوەندگار (مەردوخ) ئەو تەوەرە پلەپلەیە کەوتبووە هەرووژان ئەوە من بووم دووبارە دروستم کردەوەتەوە، بنەکەی گەیشتە دونیای ژێر زەوی پۆپەکەشم گەیاندە ئاسمان، ئەوی سەرنجڕاکێشە، سەرچاوە عارەبییەکان وەک حەقیقەت ناناوارنە واقیعیەتی دۆڵی دوو ڕووباردا، زۆربەیان دەڵێن سەرزەوی عێراقی داگیرکراو.

بەندە ناچارم بۆ مێژوو کورتەیەک لەم ڕووەوە بنووسم، لەپێش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە ناوێک نەبووە بەناوی عێراق، لە دۆڵی دوو ڕووباردا چەندان ڕەگەزی جۆراوجۆر هەبوونە فەرمانڕەواییان کردووە، وەک: سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، ئاشووری، گیشی، میسانی، ئیلامی، گوتی، ئەوانە هەر یەکەیان دوو سەد، سێ سەد ساڵ درێژەی کێشاوە، سلووکی ١٠٠، ئەشکانی ٤٢٠ساڵ، ساسانی ٤١٢ساڵ، بە دوای ئەمانەیدا پەلاماری عارەب بۆ سەر ئێران ڕووی داوە، ئەمەوی ١٢٠ساڵ. ئەم دۆڵە

سێ ویلایەت بووە، عەباسییەکان ئەم دۆڵە چوار ویلایەت بووە، ناوێک بەناوی عێراق نەبراوە. سەلجووقییەکان، هەر ناوی عێراق لە مەشکەی تەڕدا نەبیستراوە، مەغۆلی، عوسمانی، سەفەوی.

لە دوای شەڕی قادسیەی نێوان ئیسلام و ساسانیدا شاری بەسرە دروستکراوە ٦٣٧ز بۆ نموونە یەکەمین مزگەوت زەوییەکی لاکێشی بێ دیوار و بێ منارە و بێ سێوەربووە، بنوارە کتاوی (مێژووی مزگەوت و منارە و مینبەر و میحراب و مەزار) نووسەر ٢٠١٩.

لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەویدا لە بەسرە یەکەمین منارەی مزگەوت دروست کراوە ٦٦٥ز.

# هونەری تەلارسازیی ئێرانی

بڕێک باسی چۆنیەتیی تەلاسازیی دەستەڵاتی (ماد)م کرد، کە چۆن لە کاروکردووەی تەلارسازیدا وەستاکاربوونە و لە دەستەڵاتی درێژخایانی ئاشووری و بابلییەکان سوودیان وەرگرتووە و خۆیان بە درێژایی ١٨٠ساڵ فەرمانڕەوای خۆیان جۆرێک لە شێوەی تایبەتمەندییان بۆ خۆیان بەدەست هێناوە و پایتەختەکەیان (ئەکپاتانا) چەندە لە ڕووی هونەری تەلارسازی تایبەتمەندە و ڕازاندوویانەتەوە.

لە دەستەڵاتە کۆنەکانی ناو ئێراندا وا باوبووە شاە و دەستەڵاتی سەردەم بۆ پتەوکردنی ئەرکانی دەستەڵاتی ناوەندیی خۆیان پەیوەندیی خێزانییان لەگەڵ بنەماڵە ناسراوەکانی ناو وڵاتادا ئەنجام داوە. یا کچ یا خوشکی دەستەڵاتدارانیان مارەکردووە یان کچی خۆیانیان داوەتە دەمڕاسانی ناو وڵات لەو بابەتە پەیوەندە لە مێژووی ئێراندا زۆر ڕوویداوە بۆ نموونە لە سەردەمی دەستەڵاتی مادەکاندا شازادەیەکی مادی شووی کردووەتە نەبوخوزنوسەری بابلی. ئەوەی لە ژینگەیەکی شاخاوی و ئاو و هەوای پەسندی دەڤەری ئەکپاتانەیدا ژیاو بووە و هێنراوە بۆ ژینگەیەکی وەکوو (بابل) کە شاری (حیللە)ی گەرمەسێری ئێستا بووە، بۆیە ساختمانی (باخە هەڵواسراوەکانی) بۆ دروست کردووە.




سەرچاوە ئێرانییەکان لایان وایە لە هەزار ساڵ پێش زایینەوە هۆزە ئارییەکان ڕوو بە ئێران کۆچیان کردووە و نیشتەجێبوونە، ئەوەیش دەڵێن: لە دەڤەرەکانی ئێراندا فەرهەنگێکی سەرەتایی هەبووە، باس لەوەی ناکەن کێ لەو دەڤەرانەدا بوونە، چ جۆرە فەرهەنگێکی تیادا بووە!

بەداخەوە ئەو سەرچاوانە لە ڕووی دەمارگرژی نەتەوایەتییەوە دان بە بوونی هۆز و میللەتان و فەرهەنگەکانیاندا نانێن و دەکۆشن واقیعەتی مێژووی ئێران بەو شێوەیەی وا خۆیان دەیانەوێ باسی بکەن... مێژووی ڕابردووی ئێرانیان دوو هەزار و پێنجسەدساڵ تەرخان کرد و کاتێک جەژنی ٢٥٠٠ساڵەی شاهەنشاهی ئێرانیان لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی گرد، سەد و هەشتا ساڵی دەستەلات و نەخشەی بەربلاوی حوکمڕانیی ماددەکانیان لە نەزەردا نەگرت، چونکە لە زەمانی دەستەلاتی مادا(فارس)، کوێخانشینێک بووە لە دەڤەری خۆزستاندا باوکی (کۆرش) کوێخایەکی لاوەکی ئەو دەڤەرەی بووە بەشێوەیەک لە شێوەکان مەندانای کچی ئەژدهاک شای دوا شای

مادی خواستووە و (کورش) لەو جوتبوونە هاتووەتە دونیاوە، کە گەورە بووە توانیویە (هارپاکی) ناپاکی فەرماندەی سوپای ماد ڕازی کا و بە کودەتایەکی نامەردانە ئەژدهاک دەستگیر کەن و بیکوژن و دەوڵەتی ماد و هەخامنشی دروست کەن و لە ماوەیەکی کەمدا ناوی ماد و فەرماندەکانی ماد و ئەوی بە بەڕەگەز ماد بووە دوورخراونەتەوە یان کوژراون.

ئەمەی دەیڵێم مێژووە، سەرچاوەیە، سەدان دیکۆمێنتی بەردی نووسراو بە پەیکەر و هونەری ئەو دەمە بەدەستەوەیە و حاشاهەڵنەگرە و شتێکە مێژووی نووسراو بەدەستی جەببارانی سەرکەوتووی قووڵایی مێژوو نووسراوەتەوە. ئێستا سەدەی بیست و یەکە و زانست زۆر درۆی ڕوون کردەوەتەوە، بە دڵنیایی ڕۆژگارێک دێتە پێشەوە مرۆڤ دووبارە مێژووی ڕابردووی گەلان بنووسێتەوە، کەی؟ نازانم!

جا برادەرانی فارسیی ئەم دەمە، چ ئەوسا و چ ئێستای جەمهووریەتی ئیسلامی هەر لەسەر ماڵیان دەڕۆن و دەشزانن زۆر لەو ماڵە حەڕامە و هی ئەوان نییە! ئەمەی دەیڵێم هیچ لە گەورەیی و لێزانیی (کۆرشی هەخامنشی) کەم ناکاتەوە، بەڵام هەقیقەتەکە

لە (کۆرشی گەورە) مەزنتر و جوانترە.

ئەورۆ لە جیهاندا ئەوی ڕەوایە بیروبۆچوونی دەستەڵادارانە... پێم سەیرە برادەرانی فارس ئەمە دەگێڕنەوە بۆ دوو هەزار ساڵ لە پێش زاییندا... ئەی ئەو هەموو دیکۆمێنتی هونەریی نووسراوی سەر تاشەبەرد و تەختە سنگی نووسراو خۆ دەگەڕێنەوە بۆ سێ چوار هەزار ساڵ لە پێش زاییندا...

ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە لەوەتەی بەشەریەت هەبووە چیای زاگرۆس مەڵبەندی سەرەکیی ژیان و هەوارگەی هۆزی ماد بووە، کە دەکاتە باوباپیرانی ئێمەی کورد.

بەندە بۆ نەسڵی داهاتووی میللەتەکەم ئەم واقیعیەتە مێژووییەم گونجاندووەتەوە نێو ئەم باسە هونەرییەوە، پاشەڕۆژی مرۆڤ و زانستەکەی کەفیلن بۆ واقیعەتی لەمە بەربڵاوتری خودی مێژووی ڕاستەقینەی گەلان.

ئاسەوارناسانی ئەورووپایی و ئێرانی یەشتا بە تەواوەتی نەیانتوانیوە ئەوەی بەدەستەوەیە بە وردی لێکدانەوەی بۆ بکەن و ئەوەی بەدەستەوە نییە بەدەستی بهێنن، بۆیە ڕیشووی هونەری ئێرانی ناتەواوە.

زۆر دیکۆمێنت و بەڵگە بەدەستەوەیە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن لە دەڤەرەکانی ئێستای ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پ.ز. لە لێواری دەریای خەزەردا.

بڕێک ئاسەوار بەدەست هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ لە پێش زاییندا، وابزانم لە سەردەمی بەردیندا بەڵگە بەدەستەوەیە بەسەر ئەو هەموو پەلامار و فرەئاییني و کۆچ و پەلاماری دەرەوە و ناوخۆوە کەوا هونەری تەلارسازی لە ئێراندا تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە و لەگەڵ هونەری تەلارسازیی گەلانی تردا جیاوازییان هەیە، بەڵام قەوم و خوێشی یەکترن.

ئەوانەی ئاسەوارناسن تا بە ئێستا بەدەستیان هێناوە دڵۆپێکە و لە دەریا و یەشتا نەتوانراوە پێگەی ڕاستەقینەی هونەری میللەتانی ناو

ئێران دەستنیشان بکەن، لە ڕووی دەمارگرژییەوە دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران کە بە ڕەگەز فارسن و دەستەڵادار بوونە تا بە ئەمڕۆ جگە لە چەند دەڤەرێک کە بە ڕەگەز فارسن، دەڤەرەکانی تری ناو ئێران فەرامۆش کراون، بەتایبەت ڕۆژئاوای ئێران، کە هەوارگەی کورد و لووڕە کە هەردووکیان بران.

ئەوسا چاوساغانی ئێستای ئێران ناتوانن ڕابردووی سەر زەوی دۆڵی دوو ڕووبار قووت بدەن، ددانی پیادا دەنێن و باسی دەکەن، ئەی خۆ ئەوە هێز و توانای میللەتی ماد بووە، توانیویە درترین ئیمپراتۆریەتی زەمان ( ئاشووری و نەینەوا) ڕیشەکێش بکەن و سەد و شەست ساڵ بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستەوە بگرن... سەیر لەوە دایە ئەوی لە ڕۆژئاوای ئێران وەک ئاسەوار بەدەست هاتووە کراوەتە موڵکی ئێران و دەڵێن دەربارەی ماد هیچ شتێکمان بەدەستەوە نییە، کەچی بە قسەی چاوساغانی برا فارسەکان بەڵگەیان بەدەستەوەیە، فلان شازادەی هەخامنشی لە چ ڕۆژێکدا کەوتووەتە حەیزی ژنانەوە.

تۆزەکێک باس لە دەستەڵاتی عیلامییەکان دواون، کە فەرهەنگی تایبەتمەندییان هەبووە، ئەویش لەبەر ئەوەیە دوو هەزار ساڵە یەشتا دەڤەرەکەیان بەناوی خۆیانەوەیە (ئیلام).

سەردەمی دوانزهەمی پ.ز سەرەتای دەورەی ئاسنە و مرۆڤ ئاسنی تواندووەتەوە و بەکاری هێناوە، زۆر لەو ئامێرانە لە دەڤەری لوڕستان و دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای ئێران کەوا کوردنشینن بەدەستەوە هاتووە، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی دوانزەهەم تا سەدەی هەشتەمی پێش زایین، کە سەرجەمی لە لوڕستان و کوردستاندا دۆزراوەتەوە

بەتایبەت دوو گردی (سیلک و سورخدە) کە لە لوورستاندا بەدەست هاتوون، وەک: شمشێر و خەنجەر و وردەپەیکەری مرۆڤ و ئەسپ و جانەوەری شاخدار و برێک لە گیانەوەری ئەفسانەیی... هەر لەوێدا کاری هونەری سڤالین دۆزراوەتەوە.

هەروەها لە ناوچەی (کەلاردەشت) کە دەکەوێتە ناو چیای (ئەلبووزە)وە کاری هونەری سۆڤال دروستکرا و دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی دووهەم و یەکەمی پ.ز. هەر لە باشووری ڕۆژئاوای چیای ئەلبووزدا کە هەوارگەی قەومی ماد بووە، پەیکەری چوارجۆری سۆڤال دۆزراوەتەوە.

هەروەها پەیکەری لە ئاسن دروستکراو... پارچەی زێڕ و زیوی زۆر لەو دەڤەرەیدا بەدەست هاتوون... لە سەدەی هەشتەمدا برێک کاری هونەری لە ڕۆژئاوای ئێران دۆزراوەتەوە شێوەی ئاشووریی پێوە دیارە.

سەیر لەوە دایە ناوی ئاشووری دەبەن و ناوی ماد ناهێنن، کە لەو دەڤەرەیدا ژیاون و ئەوان دەوڵەت و دەستەڵاتی مادیان لەناو بردووە، کەچی مێژوونووسانی ئێرانی بە حەرامی دەزانن ناوی قەومی ماد بهێنن و دەڵێن باکووری ڕۆژئاوای ئێران! وەک وابێت سەد و هەشتا ساڵی فەرمانڕەوایی ماد لە ئەستێرە و قەمەرێکی تردا فەرمانڕەواییان کردبێت و یەکسەر دێنە سەر فەرمانڕەوایی کۆرش و سەردەمی هەخامنشی.

## سەردەمی هەخامنشی:

سەرچاوەکان دەڵێن دوای لە ناوچوونی ئیلامییەکان قەومە ئارییەکان سەرالێژی ناو ئێران بوونە. سەدەی هەشتەم شووشیان کردووەتە پایتەخت، مادەکان لە هەمەدان جێگیربوونە.

ڕاستی ئێمە هیچ دەربارەی مادەکان نازانین ئەوەندە نەبێت مادەکان دەستەڵاتی دوو فلیقانەیی لەگەڵ فارسەکان دا لەدەست داوە و دەستەڵات بووە بەدەستەڵاتی ڕەگەزی فارس.

چۆن فارس دەستەڵاتی لە دەست مادەکان بە کودەتایەکی نامەردانە دەرهێنا، چۆن کۆرش لە دەرباری ئەژدهاکی باپیریدا پەروەردە بووە و سەرەنجام باپیری بەها و دەستی هارپاک دەستەڵاتی مادیان بەدەستەوە گرتووە... با ئەوەیش بگوترێت کۆرشی هەخامنشی فەرماندە و شایەکی لێهاتووە بووە، سەر زەمینی بابلی داگیرکردووە و نەینەوا و ئاشوور ئیمپراتۆریەتی بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی ماد و کۆرش بووە بە خاوەنی.

کۆرش گرنگیی داوەتە هونەری ساختمان ئەوی سەنعەتکەر و چاوساغی ناو میللەتانی داگیرکراو بووە کۆیانی کردووەتەوە تا پایتەختەکەی برازێنێتەوە. ئەوی هونەری ماد بووە یان شێوەی تەلارسازیی یۆنانی بووە لە سەختمانی دەستەڵاتی کورشدا بەکاری بردووە.



لە دەستەڵاتی هەخامنشیدا باوەڕی فرەخوایی نەبووە، ئایینی زەردەشت حوکم فەرما بووە و کە خودا تەنها ئاهورامزدا بووە، تەنها چوار تاقی ئاگردان وەک دیاردەی ئایینی بینراوە، ئیدی پەیکەر بۆ خواکان بە تاوان دانراوە، لەوێڕا گوڵتەی سیستەمی یۆنانی لە ساختمانی دەورەی هەخامنشیندا هەبووە، کە لە ماد و یۆنان وەرگیراون.

قەومی ماد وەک باجبدەرێک لە تەختی جەمشیدا نیشاندراوە، کۆشکەکان لەباری هونەری تەلارسازییەوە گەیشتوونەتە پۆپە، کاشیی لوعابداریان تیادا بەکار براوە، کەوا دیاردەی هونەری دۆڵی دوو ڕووبارە(سۆمەر و ئاشوور و بابلی و ئەکەد).

## سەردەمی ئەشکانی

پەلامـاری ئەسـکەندەری مەکـدۆنی بـۆ سـەر ئێـران و سـەرکەوتنی بەسـەر دوا شـای دەسـتەڵاتی هەخامنشـیدا، هەروەهـا دوای مردنـی ئەسکەندەر ٣١٢پ.ز دروستبوونی دەستەڵاتی سەدساڵەی سلوکیەکانی یۆنانی، لەو ماوەیەدا هونەری یۆنانی لە ئێراندا بایەخی زۆری پێ دراوە، کە زۆر لە هـونەری تەلارسـازی ئێرانـی تـوورٍ دراوەتە لاوە، لەوێـوە چەنـدان فەلسـەفەی هـونەری یۆنـانی بـووەتە مەنـهەج، وەک:" تاعـادول، تەقارون، تەناسووب".



ئەو سێ حاڵەتە جێگەی حاڵەتی ڕەهای هونەری تەلارسازی هەخامنشیی گرتووەتەوە، بەڵام بڕێک لە هونەری تەلارسازی ڕۆژهەڵاتی بەو شێوە و دەستکاری یۆنانی لێرە و لەوێ دەبینرا، کە ئەشکانییەکان توانییان دەستەڵاتی سلوکی یۆنانی لەناو ببەن و ڕیشەکێش بکەن، شێوەی هونەری ئێرانی دووبارە خۆی وەدەرخستەوە.

لە سەدەی یەکەمی دەستەڵاتیاندا بە تەواوی ئەوی دەبینرا لە ئێراندا سوننەت و کەلتووری ئێرانی بووە. ئیتر پەیکەری سارد و بێ ڕووح گۆڕایە سەر شێوەی ئێرانی، چین چینی تاشینی بەرد بۆ وەدەرخستنی جلوبەرگ و تاج و جەواهیری جۆراوجۆر، وەک پەیکەر کەوتەوە بەرچاو، ئەم شێوەکارییە دزەی کردە ناو هونەری بیزەنتیدا، لەو بابەتە پەیکەرانە لە چیای بێستوونی لای کرماشان، هەروەها تەنگەبەری "سەرەوەک" یان شێوەکاری لە چیای خواجە لە دەڤەری سیستان هی ئەو دەورەیە و یەشتا ماوەتەوە.

هەروەها چەندان پەیکەری جانەوەران لە برونز و سڤال دۆزراونەتەوە، کە هی سەردەمی دەستەڵاتی ئەشکانییەکانن.

لە باری تەلارسازییەوە، چاتمەی گەورە و بچووک، چوار تاقی جۆراوجۆر، لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا کە چوار سەد ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە و گەیشتوونەتە پێگەیشتنی پڕ لە زەرافەت، دروست کراون... لە دواییدا تاق و چاتمە لە دەورەی دەستەڵاتی ساسانی بیزەنتی و هیندستاندا بەکار براوە و پەرەی سەندووە.

ئەشکانییەکان کۆمەڵێک هۆز بوون سوارچاک و ئازا و جەربەزەبوونە، بەتایبەت لە پیشەی سوارکاری و پڕتاودان تیریان بە

هەڵە نەڕۆیشــتووە و پێکاویــانە، ئەو هــۆزانە لە دەڤەری خوراســاندا لە بــاکووری ڕۆژهەڵاتــی ئێرانــدا دەژیــان توانییــان یەکبگــرن و پەلامــاری دەستەڵاتی داگیرکەری یۆنانی جێگرەکانی سلوکس بدەن و ســەرەنجام توانییان لە ئێران وەدەریان بنێن و دەوڵەت و دەســتەڵاتی ئەشکانی پێک بهێنن.

سلوکســییەکان زۆر لە ئێــران دوورنەکەوتووبــوونەوە لە ســووریا توانییــــان خۆیــــان بگــــرنەوە، وەنەبــــێ هەروا بە ئاســــانی جــــێگەی سلوکسیەکانیان گردبێتەوە لە چەندلاوە گرفتاری دەرەوە و نــاوە ناویان دووچــاربوو لە لایەکەوە ســەکایەکان کە بەهێــز و توانــاوە پەلامــاری ئەشــکانی داوە و وڵاتیــان وێــران کــردووە، لە بــاکوورەوە دەوڵەت و دەســتەڵاتی ئەرمنســتان لە ڕۆژئــاوایش بەقایــای ســلووکی لەنــاوخۆدا نــاڕێکی و پەلامــار و یەکترکوشــتن و لە دەســتەڵاتی خۆیــاخیبوون ئەو حاڵەتە زۆرتر لە ۱۰۰ساڵی کێشاوە، هەروەها ناکۆکی وردە شاکانی ناو ئێــران کە لە لایەن دوژمنــانی دەرەوەیــان هــان و تەمــاحگیر دەکــران بــۆ یــاخیبوون و لەو ســەردەمانەیدا ئەگەر فەرمانــدەیەکی لێهــاتووی وەک (سورنا) نەبووایە دەستەڵاتی ئەشکانی لە بێخ و بنجەوە وەدەر دەهێنرا.

ئەگەرچــی دەســتەڵاتی ئەشــکانی ٤۲۰ســاڵ بەردەوام بــووە، بەڵام زۆرتــر لە ســەد ســاڵ لە ســەرەتاوە دووچــاری دەروودراوســێ و شــەڕی نــاوخۆیی و ملهــۆوڕانی نــاو وڵات بــووە بە درێژایــی شەســت ســاڵ دووچــاری شــەڕی نــاوخۆیی و ملهــوڕانی نــاو وڵات بــووە بەدرێژایــی شســەد ســاڵ دووچــاری شــەڕی بەردەوامــی (ڕۆمانەکــان) بــووە، کە بەهێزتــــرین ئیمپراتــــۆریەتی ئەو ســــەردەمەبوون جــــا لەو مــــاوە دوورودرێژەیــدا نەیــانپڕژاوەتە ســەر دروســتکردن و تەلارســازی و

سازندەنگی ئەوی ئابوورییان هەبووە تەرخانی لەشکر و شەڕ و بەرگری لە دوژمنانیان بوون.

پرۆفیسور (کریشمن) لەیرا و لەوێ بڕێک ئاسەواری سادەی دەستنیشان کردووە گوایە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان ئەوانەش نەکۆشکن نە تەلارن نە ساختمانێکی وان شێوەیەکی تایبەتیان هەبێت، ئەوانە (کریشمن) دەستنیشانی کردوون، بڕێک ئاسەوارن لە جێگانەی خۆراوە دەستنیان کراون.

١-ناوچەی کانگاوەر لەنێوان کرماشان و هەمەدان دایە.
٢-کێوی خۆشە.
٣-نەهاوەند.
٤-تەلزووحاک.
٥-شمتی.
٦-شووش.
٧-قەزوێن.

نەوعیەتی ئاسەوارەکان باس نەکراون هەر ئەوەندە نەبێت گوایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان.

لە سەرچاوەیەکەدا دەربارەی ئەشکانییەکان دەڵێت: ئەشکانییەکان کۆمەڵێک هۆزی کۆچەربوونە لە ساڵی (٢٥٠پ.ز) لە دۆڵ و دەربەند و دەشتەکانی نێوان دەریای خەزەر و دەریاچەی ئۆراڵ دەژیان و کۆچیان کردووە و هاتوونەتە باکووری ڕۆژهەلاتی ئێران (خوراسان)ی ئێستاوە، وەک هێزێک دژ بە دەستەلاتی (سلووکی یۆنانی) دەستبەکاربوونە و توانیانە سەرەتا دەڤەرێکی پانوپۆڕی لەژێر دەستی سلوکییەکان ئازاد بکەن، بەوە ڕازی نەبوونە ڕوو بە ناوەند و ڕۆژئاوای

ئێران کەوتوونەتە تەقەلاوە سەرەئەنجام هێزی سلووکیات ڕاونا بۆ دۆڵی دوو ڕووبار و ولاتای سووریا، سەرەنجام لە دەوروبەری سالانی ١٦٠پ.ز دەوڵەتی ئەشکانییان دروست دەکەن و (میهردادی یەکەم دەبێتە یەکەمین شای زنجیرە دەستەلاتی ئەشکانی و سەرتاسەری ئێران ئازاد دەکرێن.

ئەو دەستەلاتە زۆرتر بە ئاژاوەی داخلی و شەڕی دەرەوە بەتایبەت لەگەڵ دەستەلاتی ڕۆماندا پەیوەستە لە شەڕدابوونە و نەیانپڕژاوەتە سەر سازندەگی بەرچاو، بەلام ئەوە حاشاهەڵنەگرە هەر کاریگەریان کردووبێت لە شێوەی هونەری هەخامنشی و یۆنانی دوورنەکەوتوونەتەوە و هەمان فەرهەنگی ڕابردوویان پەیرەو کردووە، بەلام توانییان لە سەدەی یەکەمی زاییندا حاڵەتێکی تایبەت بەخۆ پەیرەو بکەن. بەتایبەت لە هونەری پەیکەرتاشین و نەخشی بەرجەستەیدا چەندان پەیکەری بالا قەد بەدەست هاتوون و لە مۆزەخانەکانی ئێراندا پارێزراون.

یەکێک لەوانە، کە لە مۆزەخانەکانەیدایە لە هەمووان بەناو بەناوبانگترە. دەست و قۆڵی شکاوە و پارچەکانی نە دۆزراونەتەوە.

پێم خۆشە ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە: لە کۆلیژی هونەرە جوانەکاندا مامۆستایەکی پەیکەرتاشینمان هەبوو گەلێک دەمارگرژی دەربارەی ئێرانی بوون و ئاریایی بوون نیشان دەدا، ڕۆژێکی دابین کرد تا بڕۆیین بۆ مۆزەخانەی کۆنی ئێران، کە گەیشتینە لای پەیکەری بالاقەدی برونزی پیاوە ئەشکانییە قۆڵبڕاوەکە بە منی وت: ئاغای جاف بڕۆ لە تەنیشت ئەو پەیکەرەوە ڕاوەستە، پێم سەیربوو بۆ من؟

ڕۆشتم ڕاوەستام و جۆری ڕاوەستانەکەمی وەک پەیکەرەکە لێ کرد و وتی: وردببنەوە لەو پەیکەرە و ئاغای جاف، سەیرکەن چەندە لە

یەک دەچن، ئەوە دەردەخا ئاغای جاف ئارییایی پاک و خاوێن ماوەتەوە. ئێوەیش ڕەگەزتان تێکەڵی سەلجووقی و مەغۆڵ و عەرەب بووە، نابینن زۆربەتان ڕەشتاڵە و کوڵەباڵا وناخاوێنن، کە لە تەنیشت پەیکەر هاتمە خوارەوە بە مامۆستاکەم بە دەنگی بەرز وت: بۆ خاوێنکردنەوەی ڕەگەز ئامادەی هاوکاریم، کچێک لە هاوکلاسییەکانم وتی: ئەگەر لە (ئەفسانە نەترسم و ڕزای بیت بەندە ئامادەم

ساڵی ٢٠١٩ز بڕیارم دا ڕەگەز و نەوعیەتی ڕەگەزی خۆم تاقی بکەمەوە، نموونەی تفی ناو دەمم نارد بۆ سویسرا کە لەو بوارەیدا بەناوبانگن، دوای مانگێک ئاکام و سەرئەنجامەکەیان بۆ ناردمەوە بەم شێوەبوو: ٩٧% ڕەگەز کوردە، ٠،٧% ڕۆژهەلاتی سووربییەکانە، ١%تووركە، ٠،٣% مەغۆل ٠,٢% هیندی سووری ئەمریکا. ٠،٨% هیندی٠

جا تۆیش دەتوانی ڕەگەزی خۆت تاقیکەیتەوە، هەر ئەو تاقیکردنەوە ئەورۆکە بووەتە هۆی جیابوونەوەی زۆر لە ژن و مێرد بۆ نموونە ژن و مێردێک پینج منداڵیان بووە هیچ کامیان توخمی پیاوەکە نەبوونە.

بەهەرحاڵ لە بواری تەلارسازییدا گرنگییان داوەتە کەوانەی بەردین، ئەو کارەیان لە سەردەمی دەستەڵاتی خۆیاندا بەکاربردووە و هەروەها هەیوانیان کردووەتە باو ئەو دوو حاڵەتە شۆڕبوویەوە بۆ ناو دەستەڵاتی ساسانی و هەروەها وڵاتی هندوستان.

# هونەری تەلارسازیی ساسانییەکان

لەبەر ئەوەی نە فارس و نە مێژوونووسان دەستەڵاتی ١٨٠ساڵە ماد لەسەر مێژووی ئێران ناژمێردرێن، هەروەک دیمان کاتێک محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی جەژنی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی شاهەنشاهی ئێرانی ئەنجام داو تەواوی ملووک و سەرۆک کۆمارەکانی جیهانی بۆ ئەو جەژنە دەعوەت کرد. ١٨٠ ساڵ فەرمانڕەوایی زنجیرە دەستەڵاتی مادیان لەسەر مێژووی ئێران ئەژمار نەکرد و ئێستایش ئەوە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ گوزەراوە خۆیان بە خاوەنی خاک و بووم و ئاو و هەوا و ئاژەڵ و ژینگە و تەواوی خەڵکی کوردستان دەزانن.



بەندە لەیرەدا باسی هونەری تەلارسازیی ئێران دەکەم و لەمێژدا بە تەنها باسم لە سەردەمی (ماد) کردووە، لە مێژووی کۆنا سێ زنجیرە دەسـتەڵاتی دووروودرێـژ دەستنیشـان کـراون، لە دوای مـادەوە هەخامنشیەکان، ئەشکانییەکان، ساسانییەکان... باسەکەی من مێژووی تەلارسازییە ئەوەی کە کاروباری تەلارسازیی تیادا کراوە و ئاسەواری ماوەتەوە هەخامنشیەکان و ساسانیەکان لە پێشدا لەو دوانە هەخامنشی و ئەشکانییەکانە. ئەم بەشە تەرخانی زنجیرە دەستەڵاتە ساسانییەکانە

ئەردەشـێری بابەکـان دامەزرێـنەری ئیمپراتـۆریەتی ساسـانی، بە شەهادەتی مێژوونووسانی ئێستای ئێران و ئەوسایش بە ڕەگەز کوردە، هەتاوەکوو دوا شای ئەشکانی کە نامەی بۆ دەنووسێ تانەی لێ دەدات و پێی دەڵێت: تۆی کورد بەچەی شوانزادە، کێ ڕێگەی پێ داویت تاج بخەیتە سەرت و دەست بەسەر وڵاتدا بگریت، خۆت بگرە هاتم...ئەم نامەیە وەک نووسـراو لە چەنـدان سـەرچاوەی ئێرانـی بەدەسـتەوەیە. تەقەلا کراوە ئەو نامە و دیکۆمێنتی تری ڕەگەزی ئەردەشێری بابەکان وەدەر نەکەوێت، سەرەنجام هەقیقەت هەر وەدەر دەکەوێت، ئەردەشێری بابەکـان دەسـتەڵاتی لە دەسـت ئەشـکانی وەدەرهێنـا و گەورەتـرین ئیمپراتـۆریەتی ساسـانی دروسـت کـردووە و چوارسـەد و بیسـت سـاڵ بەردەوام بـووە، لە لایەن سـوپای ئیسـلامەوە دەوڵەت و دەسـتەڵاتی ساسانییەکان لەناو چووە، دەوڵەتی ساسانی لە سووریەوە تا هیندستان بەرین بووە.

لەم دوادوایەدا چەنـدان مێژوونووسـی ئێرانـی بەپێـی چەنـدان سەرچاوە باسیان لەو نامە و عەشیرەتە کوردەکانی دەڤەری شیرازیان کردووە، کە ئەمانە بوون:

١-عەشیرەتی جیلەویەکان.
٢-عەشیرەتی ژیوان
٣-عەشیرەتی بەرزنگییە.
٤-عەشیرەتی شوانکارە.
٥-عەشیرەتی بازینجان کە بە ڕەگەز (ماد)بوونە. هەشت نۆسالێک وەک عەشایرێکی تر لەناو یەکدا شەڕ و کوشتاری یەکیان کردووە، تا ئەردەشێر پێگەیشتووە و توانیویە ئەو هۆزە کوردانە بکاتە یەک و هێزێکی تۆکمەیان لێ دروست بکات. مێژوونووسی عەرەبی مەسعوودی دەڵێت:

ئەردەشێری بابەکان لە عەشیرەتی (شوانکارە)یە.

لام سەیرە لەناو عەشیرەتی مکایلی جافدا، کە چوار بەرەبابن، یەکێک لەو بەرەبابانە بەناوی شوانکارەن.

مەسعوودی سوورە لەسەر ئەوەی باپیرەی ئەردەشێر (ساسان) لە عەشیرەتی شوانکارەیە و دایکیشی لە عەشیرەتی بەرزنگییە، کە بە ڕەگەز کوردن، توانیویانە لە ساڵی ٢٢٤ز دەوڵەتی ساسانی دروست بکات.

مێژوونووس تەبەری دەڵێت: دوا شای ئەشکانی ئردوانی پێنجەم نامەیەک بۆ ئەردشێری بابەکانی ساسانی نووسیوە تیادا دەڵێت: ئەم دونیا سەیرە شوانزادەیەکی کوردی وەک تۆ پەروەردەی ژێر ڕەشماڵ تەماحگیری تەختی شاهی بێت.

ئەو سەرچاوانە سەرەتا مێژوونووسانی ئێرانی بە تەواوی تواناوە دەکۆشان بیشارنەوە، بەڵام نەیانتوانی.

بەم شێوە ئەردەشێری بابەکان سەرتاسەری ئێران بەدەست دێنێ و پایەختی دەسـتەڵاتی دەگـوازێتەوە بـۆ (تیسـفۆن) کە بەلای عەرەبەوە ناسراوە بە (مەدائین).

بەندە لەبەر ئەوەی پۆرتەرەی زۆربەی شاکانی زنجیرە دەستەڵاتی ساسانییەکانم بەدەست هێناوە و لەم کتاوەیدا بڵاوم کردوونەتەوە لام چاکە ناوەکانیان لەم بەشەیدا بنووسم:

١-ئەردەشێری بابەکان ٢٢٤-٢٤١ز
٢-شاپووری یەکەم ٢٧٢-٢٧٣ز
٣-هورمزی یەکەم ٢٧٢-٢٧٣ز
٤-پلاژی یەکەم ٢٧٣-٢٧٤ز
٥-پلاژی دووهەم ٢٧٤-٢٩٣ز.
٦-پلاژی سێهەم ٢٩٣- ؟
٧-نرسی ٢٩٣- ٣٠١ز
٨-هورمزی دووهەم ٣٠١-٣١٠ز
٩-ئازەر نیرسی ٣١٠- ؟
١٠-شاپووری دووهەم ٣١١-٣٧٩ز
١١-یەزگوردی یەکەم ٣١٩- ٤٢٥ز
١٢-خوسرەو نەوشیروان ٥٣١- ٣٢٨ز
١٣- خوسرەو پەروێز ٥٩٠-٦٢٨ز
١٤-یەزگوردی سێهەم ٧٢٨-٨١٠ز

ئەم دەسـتەڵاتە لە زۆر ڕووەوە بـووە بە خـاوەنی بە نرختـرین و شایانترین تەمەدون و فەرهەنگ، لە چوارتەنیشتدا وڵاتانی دوورونزیک لە هونەر و پێگەیشتنی ساسانی سوودیان وەرگرتووە. هەتاوەکوو دوای

داگیرکردن و هێرشی ویرانکەری عارەبی بادیەنشین بۆ سەر ئێران و فەرهەنگی ئێران... ئیسلام زۆر لە هونەری ئێرانی هەڵبژارد و بردی بۆ وڵاتی دووری تازە بە ئیسلام بوو... بۆیە یەشتا ڕیشووی ئەو هونەرە حەیەعەلا سەڵات دیارن، لە تەلارسازیی ساسانی سوود بۆ مزگەوت دروستکردن وەرگیراوە. یەکەمین مزگەوتە جوانەکان لە ئێراندا دروست کراون، هونەری تەلارسازیی ساسانی و ئەشکانی لە ساختمانە غەیرە مەزهەبییەکاندا بەکاربراوە، وەک حەوشی ناوەڕاستی ساختمان و ئەیوانی چاتمەدار یان تاقی مەزنی بوڵند و تاقی کیسرا (تیسفون) کە یەشتا شانازی بە زمان دەفرۆشێت و بە پاوە وەستاوە یان کۆشکی فەیرۆز ئاباد کەوا زۆربەی کڵیساکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئێرانەوە وەرگیراون.

هەیوانی "کەرخە" لە نزیکی شاری شووش، ئەگەرچی ساسانییەکان زۆرتر لە کەرپووچ سوودیان وەرگرتووە، بەڵام ساختمانی بەرد و سەنگیان زۆر لێ بەجێماوە. زۆر لە دیواری کۆشکەکانی ساسانی وەستاکارانە هونەری گەچبڕییان بەکار بردووە...

لە شووشدا شێوەکاری دیواری زۆر بەکار براوە. هونەری پەیکەرتاشین ئەویش وەک هونەری تەلارسازیی ساسانی لەگەڵ یۆنان و بێزەنتەیدا جیاوازە، زۆر لەو پەیکەرانە یان ئەو نەخشە بەرجەستانە بەدەستەوەن کە لەسەر بەرد نەقاشی کراون و یەشتا ماونەتەوە، بەتایبەت فەرمانڕەوایی بەخشینی ئاهوڕامەزدا، بە شاهەنشاکە هەڵکۆڵراوە، بۆ نموونە لە دەڤەری شێرزاد " نەقشی ڕۆستەم ڤالریان ئیمپراتۆری ڕۆم لە شەڕدا دەستگیر کراوە، لەژێر پای ئەسپی شاپووری یەکەم دایە" پێگەی شا گەلێک گەورە و مەزن وەدەر دەخەن، بەتایبەت لە

نەخشی بەرجەستەی بێستوونی لای کرماشاندا شێوەی هونەرییەکەی گەلێک وەستاکارانەیە.

زەوق و وەستاکاری هونەرمەندانی ساسانی لە فلزکاری و زەڕەنگەریدا گەیشتووەتە پلەی باڵا، ئیتر زێڕینکردن، تواندنەوەی زیو و زێڕ و دروستکردنی دەفر و قاپ و قاچاغی زێڕین. چنینی جلوبەرگی ئاوریشم بۆ کراس و جلوبەرگی شاهەکان، بەوەیش ڕازی نەبوون ئەوریشم هەناردە دەکرا بۆ دەربارەکانی دوور و نزیک، ئەو جۆرە ژیانە هەتاوەکوو لە دوای بەدەستهێنانی دەستەڵاتی ئیسلامی لە ئێراندا بادیەنشینەکانی تازە دەستەڵاتداری ئێران ئەوانیش هەوا و هەوەسی زێڕ و زیو و ئاوریشمپۆشینیان کەوتبووە خولیاوە، ئیتر دیزاینی ئەساتیری بۆ پارچە و قوماش و هەتاوەکوو زێڕ و ئاڵەتیش بووبووە باو... وەک: ئەژدیها، جانەوەری باڵدار، تاووس، ئەسپی باڵدار، گای باڵدار، کە بڕێک لەوانە لە ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیکەوە گەیشتبووە ئێران، گوڵ و لک و چڵ وەک گەچبڕی لە کۆشکی تیسفۆن (تاقی کیسرا) لەسەر دیوارەکانیدا یەشتا ماون.

دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن عەرەبەوە، دەورەیەکی نوێ لە ئێراندا دەستی پێ کردەوە، لەبەر ئەوەی وڵاتی ئێران هەوارگەی هونەر بووە، دوای چەند سەدساڵ تێپەڕی ئیدی هێرشی مەغۆل، سەلجووقی، ئەفغانی لە ئێراندا ڕوویاندا، ئەو میللەتە تالانکەرە وەحشیانە بوونە هۆی گۆڕانکاری لە بنەمای فەرهەنگی ئێراندا، بەڵام وردە وردە هەستیان بە پێگەیشتوویی فەرهەنگی ئێران کرد، بە نموونە سەیری تەلارسازیی ئێرانیان دەکرد کە چ ئاسایش سەرایەکە، کەوتنە خولیای دروستکردنیانەوە، هەر بەو شێوەیە هونەرمەندانی ئێرانی کەوتنە

کـــارەوە، پیشەســـــازان، تەلارســـــازان، شـــێوەکەران، دەســـــترەنگینان، وەســـتەکاران، کەوتـــنە کـــارەوە، شـــێوە و مەرجەکـــانی دروســـتکردنی مزگەوت لەسەر شێوەی تەلارسازیی ئێران دەستی پێ کرد و لە دۆڵی دوو ڕووبـار و وڵاتە ئسـلامییەکاندا مـزگەوت بە شـێوەی تەلارسـازیی ئێرانی ئەنجام درا، مزگەوتی (جامع ئەسفەهان) نموونەیەکی تەلارسازیی شـــاکاری ئێـــرانییە... هەروەهـــا گـــومەت دروســـتکردن و تەفەنـــوون لە دروستکردنی مزگەوتدا لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی ڕەواجی پەیدا کرد. تەنهـــا هـــونەری پەیکەرتاشـــی خـــرایە لاوە، بەڵام لە زێـــڕ و ئـــالات و دروستکردنی جانەوەری باڵدار هەر بەردەوام بوون.

زۆری نەکێشا هونەری خەتی ئیسـلامی لەناو هونەرمەندانی ئێرانیدا ڕەواجی پەیدا کرد، تیادا بە جوانی خەتی عەرەبییان ڕازاندەوە و تیادا هـونەری زۆریـان خسـتە ڕوو، بە جۆرێـک شـێوەکارییان خسـتە ڕوو و دەڕازایەوە بە گـوڵ و گەڵا و لاولاوی جۆراوجـۆر، لە دوای پەلامـاری مەغۆل نەقش و نیگـاری چینـی کـرایە بـاو، تـا ئەو دەمە نەخشـونیگاری سـۆڤالی سـەردەمی هەخامنشـی و ئەشـکانی و ساسـانی هەر بـاوی مـابووە، بەتـایبەت لە دوو شـارا: کاشـان، ڕەی. هەروەهـا وەسـتا و چاوساغی هونەری خۆشنووسین، لەو دوو شارەدا گەیشتبووە پۆپە.

لە ســـەردەمی دەســـتەڵاتی ســـەفەوییەکاندا ریســـاندنی پـــارچەی ئاوریشمین گەلێک ڕەواجی پێدراوە.

ساسـانییەکان لە زۆربەی کارەکانیانـدا کەوانەیـان بەکـار بـردووە، کەوانە بەناوبانگەکەی ئەیوانی کیسرا بەرینی ٢٨مەتـرە تـا بە ئەورۆ لەو شـێوە کەوانە و بەو بەرزی و بوڵنـدییەی لە هـیچ کـوێی دونیـادا ئەنجـام نەدراوە.

فکری لێوەکەوە لە ساڵی ٢٦٠ز شاپووری یەکەم کەوانەی ٢٨مەتری وەک تاقی کیسرا (تیسفۆن- مەدائین) دروست بکرێت لە کۆشکی فەیرۆز ئابادا دیسان بە هەمان سیستەم دروستکراوە و گومەتەکەیشی لە کەرپووچە، شێوەی کەوانەی یەکتربڕ لە ساختمانی ساسانیدا لەوێڕا کراوەتە باو، ئەورۆ لە زۆربەی تەلاری نوێژکردنی مزگەوتە گەورەکاندا هەمان شێوە بەکار براوە. لە هەیوانی کۆشکی (کەرخە) لە نزیک شووش هەمان شێوە و سیستەمە. پێم وایە لە سەدەی چوارەمی زاییندا دروست کرابێت، ئەو شێوە ساختمانە لە تەلارسازیی دوادوایی ڕۆمانەکان و سەردەمی گوتیک بەشێوەی ساسانی زۆر کاروکردەوەیان ئەنجام داوە. ناکرێ دەربارەی ناوەوەی ساختمانی ساسانی بێدەنگ بم. زۆرتر بۆ پووشاندنی کۆشکەکان زۆر لە شێوەی گەچبڕی و مەڕمەڕ سوودیان وەرگرتووە.

گرنگییەکی زۆر دراوەتە ئاونما (نافوورە) چ لە دەرەوەی ساختمان یان ناوەوەی ساختمان، هەروەها نەخشی بەرجەستە و پەیکەری جۆراجۆر لەناو کۆشک و دەرەوەی ساختماندا بەکار براون، وەک نەقشی ڕۆستەم، پیشاپوور، لە نزیک شاری گازەروون دایە، بە ئاشکرا لەگەڵ سیسەتەمی (یۆنانی و ڕۆمانی) جیاوازن.

لە بڕێک لەوانەدا ئاهورامزدا شای لەبەر دەستدایە، یان سەرکەوتنەکانی شای وەختە. یان ڕاوکردنی لە یەکێک لەو نەخشە بەرجەستانە لە تاقبستانی باکووری شاری کرمانشان نەخشی بەرجەستەیەک نیشان دەدا(ڤالرین) ئمپراتۆری ڕۆم بەدیل گیراوە و چۆکی لە زەوی دایە و سەری تەعزیم بۆ (شاپووری) یەکەم شای ساسانی دەچەمێنێتەوە، لە تەواوی ئەو نەخشانەیدا دیمەنی بەرەکەت و پیرۆزیی ئاهۆورامزدا، ناهید، میترا، ئاناهیتا، دەردەکەون، بێگومان بە

وردی وەســـــتاکاریی هونەرمەنـــــدانی ساســـــانی لەو کارانەیـــــدا وەدەرکەوتـــوون، ئەگەر بەراوردبکـــرێن لەگەڵ نەقشـــە بەرجســـتەکانی سەردەمی ئەشکانیدا.

لە هونەری ساسانیدا چ لە نەقشی بەرجەستە یان دراوەکان کە لە زیو یان زێڕ داڕێژراون گرنگی نەدراوەتە ڕوخسار، بەڵکوو زۆرتر گرنگی بە تاجی سەری شا دراوە کە هەر شایەک تاجەکەی لەوی تر تا ڕاکەیەک جیاوازتر بووە، لە سەردەمی دەستەڵاتی ساسانیدا فلزکاری یان تواندنەوە و ڕیختەگەری گەیشتبووەتە پلەی باڵا، زۆر لە دەفر و دەور و سینی و کاسە زێڕ و زیو بە دەستەوەیە، هیی سەردەمی ساسانییەکانە.

بڕێک لەوانە بە شێوەی دڕندە و جانەوەرە ئەفسانەییەکان ئیتر بە شـــێوەی هەڵکـــۆڵین یـــان میناکـــاری هەتـــاوەکوو بەکـــاربردنی بەردە گرانبەهاکان لە ڕووکەشی لیوان و دەفر و دەورییەکاندا، بەتایبەت ئەو دەفر و لێوانانەی بۆ بەزم و خواردنەوە بەکاریان بردووە زۆرتر بە شێوەی هەڵۆ، شێر و پڵنگ، سیمرخ، دروستیان کردوون.

دیاردەیەکی بەرچاوتر لە هونەری ساسانیدا کە بەرچاو دەکەوێت قەرینەسازییە ئەوەش ڕاستەوخۆ شۆڕبووەتەوە ناو هونەری ئیسلامیدا، وەک دوونووســـینی وەک یەک یـــان دوو پەلەوری وەک یەک یـــان دوو گوڵی وەک یەک. ئەو حاڵەتە گەیشتووەتە ڕۆژهەڵاتی دوور بۆیە لە زۆر کاریاندا نەخشەی درەختی زیندەگی یان جانەوەرانێکی خەیاڵی یان ئەژدیها و تاوس و ئەسپی باڵدار وەک خۆیان ڕەسم کردووە، یان گۆڕیویانەتە سەر شێوەی هەندەسی. لێرەدا هەقیقەتێکی هونەری هەیە ناکرێ باس نەکرێت، گای باڵدار، یان لەشی شێر و سەری هەڵۆ، یان گای باڵدار و سەری مرۆڤ، ئەوانە سەرەتا کە داهێنراون لە لایەن

سۆمەری و ئاشوورییەکانی دۆڵی دوور ڕووباردا کرابوویە باو، لە هونەری ساسانسدا ئەو کارەیان کردووە، ساوەک خۆیان (پەیکەر) یان نەخشی بەرجەستە لە کەرپووچ بە ئەوپەڕی زرافەتەوە خستوویانەتە ڕوو لە کۆشک و تەلارەکانیاندا.

لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی ساسانی لە چوارسەدساڵ زیاتر بە ئەوپەڕی هێز و دەستەڵاتەوە فەرمانڕەواییان کردووە و سیستەمی فەرمانڕەواییان شاهەنشاهی بووە، ئەوەیش ڕۆشن و ڕوونە.

شاهەنشاهی موتلەق، فەرمانی بێ یەک و دوو ئەنجام دراوە، هەمیشە وا دەرکەوتووە زۆربەی شاکانی دونیا ئەهلی بەزم و ڕابواردن و حەرەمسەرا بوونە، ئەم جۆرە ژیانە نیازی بە پێداویستییە تایبەتەکانە. لەو دوادوایەیدا شوشەی ڕەنگیان بۆ خواردنەوەی (شەراو) بەکاربردووە.

ئیتر لە دیوارەکاندا بەتایبەت لە دیوی ناوی سرامیک و کاشی لوعابی و ڕەنگیان سوود لێ وەرگرتووە، هەر ئەو جۆرە سرامیک و جۆرە کاشیانە تا بە ئەمڕۆ لە مزگەوتەکاندا بەکار دەبرێن، هەتاوەکوو نووسینەکانی ناو مزگەوتەکانیش هەر ئەو کەرستانەن.

لەبیرمە منداڵ بووم لەگەڵ دایک و باوکمدا ڕۆیشتین بۆ ئاسەواری تاقی کیسرا لە سەردەمی پاشایەتیدا بابەژەنێک بە گۆرانی دەیلاواندەوە و بۆ دەستەڵاتی ئەوسای شاهانی ساسانی، دایکم دەستی بە گریانکرد، کە دایکم گریا منیش گریام، من نەمدەزانی دایکم بۆ دەگری، بەڵام من بۆ دایکم دەگریام. کە گەورە بووم چەندان جار سەردانی ئەوێم کردووە، کە بوومەتە تەلارساز چەندان ساڵ تەجرووبەی تەلارسازی و نووسینی جۆراوجۆر، لام باش بوو بەو تەجرووبە دووورودرێژەوە سەردانی ئەو ئاسەوارە بکەم، هەر وام کرد کە چوومە ژێر ئەو کەوانە ئەفسانەییەوە

هەستم بە ڕێز و جەلال و ترس و تۆقیان کرد و تەختی شاهانشاهی ساسانی هاتە بەرچاوم. شا دانیشتوو و شالیارەکانی دەست بە سنگ لە چەپ و ڕاستدا ڕاوەستاون، شاش لە چەند پلە بەرزتردا بەسەر تەختی شاهیەوە تاجلەسەر دانیشتووە، بەڕاستی لە ناخمدا سامێک ڕووی تێ کردبووم، ئەو کەوانە بوڵندە لەژێریدا چپەیەک کرابا هەمووان دەیانبیست.

ڕازاوەیی ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی سەر دیوارەکانی زەوی مەرمەڕینی ڕەنگاوڕەنگ گاردی شاهانشاهی بە جلوبەرگی سەربازی و ڕم و شمشێر و سپەرەوە وەکوو بت ڕاوەستابوون، چاوەڕوانی بچووکترین ئاماژەی شایان دەکرد ئیتر دونیایەکی ڕازاوەی سامناک ڕووی تێکردبووم.

ئەوی بۆ من گرنگ بوو دیواری سەرزەوی ئەو تاقە ئەستووریەکەی چەندە مەترم لە گیرفاندا بۆ ئەندازەم گرد. هەشت مەتر و نیو ئەستووریی دیوار سەر زەوی بوو، بە تەئکید لەژێر زەویدا ئەو دیوارانە بە یەکەوە پەرچدراون. یەشتا بڕێک لە کەوانەکە ماوەتەوە و زەمان نەیهەڕووژاندووە. ئەڵبەتە لە کەوانەکەدا پۆپەی کەوانە بە لاوازترین بەشی کەوانە حیساب دەکرێن. بووڵندیەکەی لە ٢٥مەتر و زۆرتر دەبوو، ئەوی مابووەوە بە مەزەندەم لە یەک مەتر کەمتر دەبوو.

وەک زانراوە ئایینی فەرمیی ساسانییەکان زەردەشتی بووە، لە زۆربەی شارەکاندا چوارتاقی ئاگردانیان دروست کردووە، ئەمانەیش ناو و جێگەی ئاگردانە بەناوبانگەکانی ناو ئێرانن:

١-چوارتاقی ئاگردانی (قەلعە دوختەر) لە پازهور.

٢-چوار تاقی ئاگردانی کێوی خواجە.

٣-چوارتاقی ئاگردانی دەربەندی چکچک.

٤-چوارتاقی ئاگردانی بەناوبانگی (کەعبەی زەردەشت)
٥-تاقی بوستان لە باکووری شاری کرمانشان.
٦-چوار تاقی ئاگردانی قەسری شیرین.

ئەوە حاشاهەڵنەگرە پۆپەی شاکاری تەلارسازیی سەردەمی ساسانی شاری (تیسفۆن) بووە عارەب، پێی وتووە مەدائین، چونکە چەندان شار بە یەکەوە بوون یەکێک لەو شارانەی دەوری ئەیوانی کیسرا ناوی (شاری کورد) بووە.

دەمەوێ ئاماژە بە بواری مۆزیک بکەم لە سەردەمی ساسانیدا، ئەو ئاهەنگانەی وا ئێستا مەقاماتن هی سەردەمی دەستەڵاتی ساسانی بوون، ئامێری مۆزیکی جۆراوجۆریان هەبووە، وەک:
جەنگ، نای، تەنبوور، سەنتوور، جووزە، باربووت.
ئەو هونەرمەندانەی لە سەردەمی دەستەڵاتی عەباسیدا کە لە بەزمی شەوانەی (هاروون ڕەشید) و ئەوانی تردا بەشدارییان دەکرد، هەم مۆسیقا و هەمیش مەقاماتیان لە ساسانییەکانەوە بۆ مابوویەوە، وەک:
ئیبراهیم مووسڵی.
ئیسحاق مووسڵی.
زەریاب.
ئەرمەوی.
هەتاوەکوو یەکێک لە خەلیفەکانی عەباسی بەناوی (هادی) بۆخۆی دەنگی گەلێک خۆش بووە و ئامێری عوودی لێ داوە.

# مێژووی تەلارسازی و هونەری هیندستان

نزیکەی چوار هەزار ساڵ لە پێش زاییندا چەندان هۆزی کۆچەری بەرەو هەڵەتەکانی ئێران و لەوێڕا بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەرەو هیندستان ڕۆیشتن و لە دۆڵی سندا گیرساونەتەوە، لەوێڕا گەیشتوونەتە دەڤەرێک بەناوی (بەنجاب) لە ٣٠٠٠پ.ز بڕێک گۆزە و دەفری سڤالینیان دروست کردووە، بڕێکیان بە شێوەکاری ڕەنگاندووە بە وێنەی جانەوەران یان خەت و ختووتی هەندەسی، توانیویانە لە باکووری دۆڵی سەندا هەروەها دەڤەرەکانی بلوجستاندا شوێنپای خۆیان وەدەربخەن.

لەوێڕا دەبنە چوار بەشەوە لە چوار دەڤەردا دەستبەکاربوونە و فەرهەنگی کۆنی هیندستانیان پێکهێناوە:

١-موهنچودارۆ
٢-هاراپا
٣-لۆتال
٤-جانهودارۆ=

ئەو چوار ناوچە و دەڤەرانە لە سەرەتای ٢٠٠٠پ.ز پێکهاتوون، توانیویانە لەو سەردەمەیدا لە فلزکاریدا (مس و برونز) بەکار ببەن، شارستانیەت بکەنە باو، لە ساڵی ١١٠٠پ. ز تا ٧٥٠پ.ز ئاسن بەکار ببەن.

لە دەڤەرەکانی دۆڵی سندا ژینگەیەکی شیا و ئاووهەوا و جەنگڵی چڕوپڕی تیادا بووە، لەوێڕا خانوویان بە خشتی برژاو و کەرپووچ

دروســـت کـــردووە، بەتـــایبەت بـــۆ دیوارەکـــان و زەوی و بنمـــیچ لە دار دروستکەن، هەر لەوێڕا سەرشۆرگە و قوتابخانەیان دروست کردووە.

شــەقامی پـان و کـوچە و کۆڵانیـان بـۆ شـارەکە دروسـت کـردووە. زۆربەی خانووەکـان بە شـێوەی چوارسـووچە سـازاندووە، هەروەهـا گرنگییان داوەتە ئاوەڕۆی ژێر زەوی، بەڵام سەیرە لەو خانووانەیدا هـیچ جـــۆرە ڕەنگێکـــی تیـــادا نەبینـــراوە، بەڵام ئەوی سەرنجڕاکێشـــە لە (موهنجـودار و هاراپـا)دا ئەوی کـراوە بەپێـی نەخشــەیەکی هەندەسـی ئەنجـام دراون، بەڵگەی زۆر بەدەسـتەوەیە لەنێوان دۆڵـی دوو ڕووبـاردا بازرگانی و هاتوچووی بەردەوامییان هەبووە.

ئەگەرچی دوو فەرهەنگی لە یەک جیاوازبوونە، ئەوی سەرنجڕاکێشە لە مـاوەی ١٥٠٠سـاڵدا لە دۆڵـی سـندا کەم گۆڕانکـاری ئەنجـام دراوە لە دروســـتکردنی شمشـــێر و نیـــزە و ڕم و ســـپەرەکانیان هـــیچ جـــۆرە گۆڕانگاریەکیـــان ئەنجـــام نەداوە، هەر ئەوانە بـــووە کە ٣٠٠٠٠لەمەوبەر هەبوویانە، هەروەها خانووبەرەوە و شەقامەکانیان. لە کاتێکدا دۆڵی دوو ڕووبار پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دیوە و لە ساختمانەکانیاندا پێشـکەوتنی بەرچـاو، کەوانەی جۆراوجۆریـان لە سـاختمانەکاندا بەکـار بردووە.

هەروەهـا موورەکانیـان لە مـووری چوارسـووچەی سـاف گۆڕیـوەتە سـەر لـوولەیی و لە بوارەکـانی تـردا پێشـکەوتنی بەرچاویان بەخۆیـانەوە دیـوە، پەرسـتگاکانیان بەشـێوەی زیگۆرات(زەقـوورە) ئەنجـام داوە و پەیکەری بەردین و نەخشی بەرجەستەی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە لە کاتێکدا لە دۆڵی سندا هەروەک خۆیان ماونەتەوە و لە هـاتوچووی دۆڵـی دوو ڕووباریشدا بەردەوام بوونە.

هونەری تەلارسازی لە وڵاتی گەورە و بەربڵاوی هیندستاندا لەگەڵ ئایینەکان و بیرورِا مەزهەبییەکان پەیوەست بووە، وەک: هیندۆ، بودایی، بەرهمایی، چین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، کە برێکیان سروشت پەرستن. گوتراوە هیندستان بێشکەی ئایینەکانە، بۆیە هونەری تەلارسازی لەو وڵاتەیدا بە جۆرێک گەلاڵە بووە، بە جۆرێک پەیوەندە بەو باوەڕانەوە، کە گەلێک پەیکەر دەبینرێن شێوەی کەسانی ئایینی و ڕەبانی لە قالبی مادیدا نیشان دراون، تا عبودیەتی مرۆڤ بۆ ئەو کەسانە بەرجەستە بکرێت. هونەری شێوەکاریش بە هەمانشێوە لە خزمەتی هەمان بیروڕادا بووە. لەوێڕا جیاوازی دەبینرێ لەنێوان پەیکەرەکانی ئایینی بودایی و هند و چیندا. لە لایەکی دیکە بیروڕای ئایینی ئیسلام لەنێو خەڵکە زۆرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، لە گەنجینەی هونەری هیندیدا کەموزۆر وەدەر دەکەوێت و بایەخی پێ دەدرێت.

ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە هونەری هیندی خەزێنەیەکی هونەری بووە بۆ هونەری: چین، ژاپۆن، نیپاڵ، ئەندەنوسیا، ...تاد. درەخشانترین دەورەی هونەری هیندستان ناسراوە بە "مەئوریا ٣٢٢تا ١٨٥پ.ز" دەورەی "سونگا ئاندرە ٢٠٠تا ٢٥٠پ.ز" هەروەها "کۆشان ٥٠تا ٣٢٠"، "گوبتا ٣٢٠تا ٦٠٠٠ز" پالاسینا ٧٨٦٠تا ١١٤٢ز"، "پالادا ٣٠٠تا ٨٨٨ز"، "جولا ٨٥٠ تا ١٢٦٧ز". جگە لەمانە هونەری دۆڵی "سند" تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

لەپێش پەلاماری هۆزە ئارییەکان بۆ سەر زەوی هیندوستان ١٥٠٠پ.ز فەرهەنگێکی لە دۆڵی سند و بیج ئابادا هەبووە، کە لە چوار هەزارساڵ لە پێش میلادەوە دەستی پێ کردووە. دەربارەی خاوەنی ئەم فەرهەنگە هیچی وامان بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەوە زانراوە کەوا

پێوەندیی بازرگانییان لەگەڵ خەڵکی دەوروبەردا هەبووە"میزوپۆتامیا" هەوارگەی ئەو فەرهەنگەیە لە دەڤەرەکانی "مهنجودراو، هاراپا، نۆتاڵ، حهنجودارو... برێک پەیکەری سفالی یان برونزی بچووک بچووک، لەو دەڤەرانەدا بەدەست هاتوون، برێک تەختە سنگ و سۆڤال بەدەست هاتوون، نەخشەی گای کۆپاندار، فیل، تیمساح، شێوەی خوداکانیان نەخشاندووە، بەسەر ئەو دەروازانەدا کە لە هونەری دۆڵی دوو رووبارەوە نزیکن، پەیکەرێکی نیوە باڵا لە "هاراپا" دۆزراوەتەوە تایبەتمەندیی هیندی پێوە دیارە، پەیکەری سێ سەری شاخدار، کە چوارمەشقی دانیشتووە، پەیکەری "شیڤا"ی ئاییني براهماییە، لە ئاکامی کارورکردەوەی ئاسەوارناساندا لە دەڤەری حهنجودار، برێک پەیکەری نیوەقەدی پیاویان دۆزیەوە. گەلێک لە شێوەی پەیکەرەکانی دۆڵی دوو رووبار دەکەن، کە ئێستا بە عێراق ناو دەبرێن.



لە سەردەمی ئاشوگامی ئیمپراتۆردا ئایینی بودایی بوو بە ئایینی فەرمیی وڵات، ئاشوگامی کەوتە دروستکردنی پەرستگا بۆ ئایینی بودایی ئەو ساختمانانە بوو بە دیاردە و سومبوولی شێوەی تەلارسازیی هیندی ٢٦٩-٢٣٢پ.ز،

واباوە ئاشوگامی کۆشکێکی وەک کۆشکی جەمشیدی دروست کردووە، لەو کۆشکەیدا پەیکەری جۆراوجۆر نەخشونیگاری هونەری زۆری تیادا بووە، لەوێڕا نەخشێکی بەرجەستەی تێدا بووە، "ئەسپ، فیل، گای کۆپاندار، شێر." دیارە ڕەنگدانەوەی شێوەی تەلارسازیی یۆنان و دەستەڵاتی حەخامنشینی پێوە دیاربووە. دوور نییە کە لێزانانی غەیری هیندی هاوردەکرابن بۆ دروستکردن و نەخشاندنی ئەو کۆشکەی.

لە دەورەی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی سۆنگا و ئاندەدا یادگاری تەلارسازیی شایان ئەنجام دراون بەناوی "ئیستوبا" لەوێڕا گومەتێکی زلزەلامی موحکەم پایەیی چوارسووچەکە پتەو دەبینرێت... لەسەر پۆپەکەیدا جێگەیەکی چوار سووچە تەرخان کراوە بەناوی "هارامیکا" لە ناوەڕاستدا گوڵتەیەک ڕوو بە ئاسمان دامەزراوە. دەوری ساختمانە سەرەکییەکە پلەی لە بەرد دروستکراوە و چوار دەرگەی تیادایە.

دەکرێ وەک شوێنی ئەستێرەناسین سوودیان لەو ساختمانە وەرگرتبێت. چوار دەرگاکە بە چوار خاڵی سەرەکیی شاخی "میرو" دانرابن، ئەو ئاسەوارە بە فکری ئەو دەمە... لەوێڕا خواکان ژمارەیان (٣٩) خوداوەند بووە.. زۆری نەکێشاوە شێوە و شەمایلی بودا گەڕاوەتەوە سەر شێوەی مرۆڤ.

کۆمەڵێک خوداوەندی نێر و مێ کە بڕێکیان شاخدار و چل لکی درەخت کە لە لەشیان دەرهاتوون، تێکەڵ بە ئاژەڵ و دڕندەی جۆراوجۆر بوون و بوونەتە هۆی پێوەندیی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لەگەڵ چۆنیەتیی خواکاندا. لە ئەشکەوتەکان نەخشونیگاری زۆر تیادا کراوە، تاشەبەردی زۆر داتاشراوە.

دوو جۆر ئەشکەوت هەڵکۆڵراوە، یەکەمیان ئەشکەوتی "جای تیا" بۆ کۆبوونەوەی ئایینی کە پڕە لە تەلار و گوڵتەدار، ئەشکەوتی دووهەم بەناوی "ویهارا" بۆ هەنوزگای پیاوە ئایینییەکان تەرخان کراوە. وەنەبێ هەر بوداییەکان لەو شێوە ئەشکەوتانەیان هەڵکۆڵیبێت، بەڵکوو پەیڕەوانی ئایینی هیند و چینیش هەمان کاریان کردووە و تەواوی دیوارەکانیان پڕ کردووە لە نەخشونیگار.

لە دوای سەدەی یەکەمی زایین لە " قەندەهار و متورا"دا پەیکەرێکی زلزەلام دروستکراوە بە سەرپەرشتی ئیمپراتۆر "کۆشان" لە وڵاتی ئەفغانستان و باکووری ڕۆژئاوایی هیندوستان، لە سەدەی دووهەمەوە تا سەدەی شەشەمی پێش زایین کاروکردەی زەریف و مەزنی تەلارسازیی ئەنجام دراوە، ئەمەیش بە بۆنەی بازرگانیی دەوڵەتی ڕۆما و هیندستانەوە... ئابووری لە هیندا گەشەی کردووە، بۆیە بڕێک لە پەیکەرەکان شێوەی یۆنانی، ڕۆمانی پێوە دیارە، ئەگەر لە پەیکەرەکانی بودایی ئەفغانی وردبینەوە، لاسایی لە پەیکەری ئەپولو کراوە.

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینیدا دەوڵەتێکی بەهێز دامەزراوە، بەناوی "گوپتا" کە سەرتاسەری هیندوستانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئیدی زانستی پزیشکی و ریازیات و زانستە جۆراوجۆرەکان لەو دەستەڵاتەیدا گەشەیان کردووە، شانبەشانی ئەو بوارانە شێوەکاری،

پەیکەرتاشین، سەما، مۆسیقا، گەیشتوونەتە پۆپە، "کالیداسا" شاعیر و شانۆنووسی هیندوستان لە سەدەی پێنجەمدا سەردەمداری ئەدەبیاتی زەمانی خۆی بووە، ئەگەر لە دیوارەنیگاری "ئاجنتا" ورد بینەوە، پڕە لە زەرافەت و هونەری زۆر بە خەرج دراوە، تا بە شێوەی شایستە ژیان و بەسەرهاتی بودا وەدەرخات.

کۆنترین پەیکەرێک کە بە هی دەورەی گوبتا ماوەتەوە، پەیکەری بەرازێکە کە بۆ "ویشنۆ" دروست کراوە.. بەڵام هونەری ڕاستەقینەی پەیکەرتاشینی ئەو دەمە، پەیکەرەکانی بوودایە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبەر شەڕ و شۆڕ و پەلامارەکان و ئاشووفتەبازاڕی سیاسی مەودا نەدراوەتە دونیای هونەری، ئەو حاڵەتە بەردەوام بووە تا سەردەمی ئیستیعماری بەریتانیا، بەڵام بەڵگە بەدەستەوەیە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هونەر کەوتە خزمەتی هیندۆس. ئاخرین هونەر بۆ بودا لە دەستەڵاتی "پالا" لە دەڤەری "بنگاڵ"دا بووە. لە دواییدا هونەری هندوی لە لایەن دەستەڵاتی سینادا سەدەی دوانزە گرنگیی پێدراوە. هەروەها لە باشووری هیندوستاندا هونەری سەردەمی گۆپتا گرنگیی پێدراوە... بەتایبەت پەیکەری ئینسان نما و جانەوەر و ئاسمان و زەمین.

گرنگترین پەیکەری سەدەکانی ناوەڕاست"هونەری هیندو" پەیکەری شیڤا کە لە برونز دروستکراوە، لە حاڵەتی سەمایدایە لە سەدەی سیانزەهەمدا لەبەر پەلامارەکانی ئیسلام بەشی سەرەوەی هیندوستان هونەریان وەلا ناوە، وەک: پەیکەرتاشین و تەلارسازی .. بەڵام گرنگیی درایە هونەری شێوەکاری، کتاوە دەستنووسەکان پڕ کران لە تابلۆی ڕەنگی مەغۆلە موسڵمانەکان. "گورگانییەکان" ئیمپراتۆریەتێکی بەربڵاویان

لە هیندوستاندا لەوێڕا هونەری ئێرانی و ئیسلامییان ڕەواج پێدا. بەڵام عورف و سوننەتی ئایینی هیندۆ لە دەڤەرەکانی: یەنجاب، دیکون، هەروەها باشووری هیندوستان هەر وەک خۆی مایەوە. لە سەدەی شانزەدا شێوەیەک لە شێوەکاری لە هیندوستاندا هاتە کایەوە، ناسرا بە سەبکی "گورگانی" لەو سەدەیدا نیگارکێشی بەناوبانگ" راجپوت" لە دەربار و کۆشکی شازادەکاندا کاری کردووە.

شازادەکانی دەوروبەری چیای هەمەلایە و دەڤەری راجستان کە بۆخۆیان نیوە ئازادبوونە لە ڕووی هونەری هەنگاوی بوێریان ناوە. شێوەکاری دکنی حاڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، شێوەکاری راجپوت تا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بووە... لەم شێوەیەدا عیشق بە سروشتی بنەماکانی راجپۆت دەژمێردرا. شێوەی راجپۆت جۆرار جۆربووە لە باری مێژووییەوە دەکرێ بکرێتە دوو بەش، دەورەی یەکەم: لە سەدەی شانزهەمەوە تا سەدەی حەڤدەم، دەورەی دووەم لە ١٦٣٠ تا ١٨٢٥ز شێوەکاری راجپۆت لەباری جوگرافییەوە بە دوو مەکتەب ناسراوە.

مەکتەبی راجستانی، مەکتەبی پەهار، ئیدی پڕ بووە لە کەسایەتییەکانی ڕاما حەماسەی کۆنی "رامایانا" و "کریشنا" و ئەوانی تر و شازادە قارەمانەکانی بە وردی تیادا دەرکەوتوون.

دیارە مێژووی هونەری هیندستان زۆر لەوە زیاترە بە نووسینی چەند کتێبێک کۆتایی بێت یاخود لەبن بێت، بەڵام ئێمە لێرەدا زۆر بە پوختی و کورتی باسی دەکەین.

لە مێژووی هونەری هیندستاندا بایەخێکی گەلێک زۆر بە بواری "مۆسیقا" دراوە، وەدەرخستنی گرنگیی مۆسیقا لە وەرز و مانگ و ڕۆژ

و هەفتەکانـــدا بە "ڕاگامـــالا" نـــاونراوە. ئەمە بە ڕوونـــی لە ئایینەکـــانی هیندستاندا ئاماژەی پێ کراوە.

" تــۆ چــاو هەڵێــنە و بنــوارە! مۆســیقا چەنــد گــرنکە لە ئــایینی هیندوستاندا، چ پلە و پایەیەکی پێ دراوە. بێگومـان مۆسیقا لە پێگەیشتن و تێگەیشتن بۆ هەر بوارێک: خواناسـین، عیشـق، عیرفان، خەڵوەتی زات لەگەڵ خودا...تـاد. گـرنگە، ئەوانە هەموویـان پـلە و پـردن بـۆ زەرافەت و فەلســەفەی ئینســانی، کەچــی برێــک لە کــۆلکە مەلا هێشــتا هەر دەڵــێن مۆسیقا مەکرووهە!"

ئیسـتیعماری ئینگلیـز زۆر لە بوارەکـانی هـونەری هیندسـتانی پێشـێل کــردووە... هونەرمەنــدانی ئەورووپــایی لە هیندســتاندا ڕەواجیــان دایە ئاوڕەنـــگ و ڕوونرەنگەکـــان. لە دوادوادیـــی ســـەدەی نۆزدەهەمـــدا هونەرمەند" ڕاوی واژما" دەستی بە بەشێوەکاریی سروشت وەدەرخستن کــرد و لە مێــژووی مــیللەتەکەی دوورنەکەوتەوە و نــاو و بــاوی بە چوارلادا بڵاوبوویەوە، ئەو شـێوەکارییە بە شـێوەکاریی "کۆمپانیا" نـاوی دەرکرد. هونەرمەند " هاول شـاید" نیشـتەجێی هیندسـتان بوو، ئەگەرچی بە ڕەگەز ئینگلیــز بــوو، بەڵام شــیفتەی هــونەرە کۆنەکــانی هندســتان بووبــوو... سەرپەرشــتیی مەدرەســەی هــونەری هیندســتان لە پێنــاوی هـونەری کەلتووریی هیندسـتاندا کۆشـا و بێ درێـغ کـاری تیـا کـرد، بە دوای ئەودا کۆمەڵەی زیندووکەرەوەی هـونەر بونگـالی کەوتنە تەقەلاوە، هونەرمەنـد "ئایـا نیـدرانات" بـرازای فەیلەسـووفی بەناوبـانگی جیهـانی "تاگۆر" و هونەرمەند ئاسیت کۆمار و ناندا لەعل، کەوتنە دووبارەسازیی سوننەتە دێرینەکانی هیندوستان.

برێکی دیکە پەنایان بردە بەر شێوەی ئەورووپی و بەکارهێنانی ڕوونگڕەنگ لە ساڵی ١٩٢١ز، مەدرەسەی هونەر (تاگور) لە شاری شانتی نیکتان دروست کرا، هونەرمەندانی نوێگەرای تیادا پەروەردە بوو، سەرپەرشتیی ئەو مەدرەسەیە لە لایەن "ناندا لەعل"یە دەبرا بەڕێگەوە.

دوو سەدە داگیرکردنی هیندوستان لە لایەن ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاوە بوو بە هۆی لەناوچوونی هونەری سوونەتی و ڕەواجدان بە بە هونەری ئەکادیمی ئەورووپی، هونەری سوونەتی پەراوێزخرا و تا ڕادەیەک هونەری ڕۆمانتیک لە بونگالدا کەموزۆر دەکەوت، بەڵام سەرەتای ململانێ بۆ ئازادی برێک لە هونەرمەندان کەوتنە پاڵپشتی شۆڕشگێران.. رابندرانات لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا برێک لە کاری شێوەکاری خۆی بڵاوکردەوە ١٩٢٨ز، بەڵام توانای هونەری تاگور لەو ئەندازەیەدا نەبووە کەوا سەبکێکی تایبەت بهێنێتە کایەوە، بەڵام وردەوردە شێوەی هونەریی سەردەم لە هیندستاندا کەوتە جموجۆڵ و خۆ وەدەرخستن. ئەوڕۆ لە وڵاتی هیندستاندا سەدان و بگرە هەزاران هونەرمەندی سەردەم تازەکار و نوێگەرا لە مەیداندان.

لە ساڵانی ١٩٣٠ز تا ١٩٤٠برێک لە هونەرمەندان کۆشان تێکەڵەیەک لە هونەری سوونەتی هیندی و دونیا ڕۆژئاوادا بخەنە ڕوو. ئەو جووڵانەوەیە بە ڕابەریی هونەرمەند "جامینی ڕۆیی" لە تەقەلادا بووە. لەو سەردەمەیدا هونەرمەند "شێرجیل" توانی برێک کار ئەنجام بدات، ئاوڕی هونەرمەندانی جیهان بەلای خۆیەوە بچەرخێنێ، کاروکردەوەی ئەم خانمە هونەرمەندە بوو بە هەڵگری ڕاستەقینەی هونەرمەندانی نوێخواز لەسەرتاسەری هیندستاندا.

هونەرمەند "جۆرج کیت" بە ڕەگەز سیلانی توانای بنەمای هونەریی ئەمڕۆیی هنیدستان دابڕێژێت، ئەو هونەرمەندە گەلێک بە کارەکانی "بیکاسۆ" سەرسام بوو. لە دواییدا بای داوە سەر شێوەکاریی بوودایی و قووڵبوویەوە لە هەڵبەستە کۆنەکانی ناو ئایینەکانی هیندستان، زۆری نەکێشا بڕێک لە هونەرمەندان هاتنە کایەوە، وەک: هیپار، بیدرە، سۆزا و حوسێن، ئەوانە توانییان ژمارەیەکی زۆری گەنجانی هونەرمەند بکەنە پەیڕەوی شێوەی خۆیان.

هونەری پەیکەرتاشین لە دوای ساڵی ١٩٣٠ز دەستی پێ کردووە، رام کینکەر پەیکەرسازیی شێوەکاریی تەلارسازی دەست پێ کرد، ئەو پەیڕەوی شێوەی هونەری "رودات" بوو، هونەرمەند "دافراج باگارت"، بڕێک پەیکەری جۆراوجۆری ئەنجام دا، هونەرمەند "ئامێزتان سیگاڵ" شیفتە و شەیدای کاری هونەرمەند "لۆرانس" بووە. هونەرمەند "سانکهۆ جودووری" بڕێک پەیکەری شێوەی " کوبیسم"ی لە دار و بەرد دروست کرد. هونەرمەند " ئامینە " ئەحمەد شێوەی "ئینتیزاعی" بەکار برد بۆ پێشەنگەی شاری دەهلی ١٩٥٥ز.

لەبەر ئەوەی وڵاتی هیندستان گەلێک پانوپۆڕ و بەربڵاو بووە، پڕبووە لە فەرهەنگی جیاواز، ئایینی جۆراوجۆر، کەلتووری بەرفراوانی جیاواز. هەرگیز پایتەختی هیندستان نەیتوانیوە زمانحاڵی هونەری تەواوی دەڤەرەکانی هیندستان بێت، کە لە نەزەر جوگرافیا و ژینگەیشەوە جیاوازن، بۆیە هونەرمەندان لە "دەهلی، کەلکەتە، بۆمبی" و شارە گەورەکانی دیکەی هیندستان هاتوونەتە مەیدان، بۆیە هونەرمەندانی وەک: راتین، مۆبتیرا، نیرۆد، گۆیال کۆش، برودوش، داس گۆپیتا، باری تووش، سینۆ سوبو، تاگور... زۆر بیروبۆچوونی خەڵکی تر

و نێـوان خۆیـان ڕەتکـردووەتەوە و هاوئاهەنـگ نەبـوونە. هونەرمەنـدا لێرەوە تووشی کارەساتی زۆر هـاتوونە، وەک: شـەڕی دووەمـی جیهـان، قـاتوقڕی، بکوژبکـوژی جیاوازییەکـانی ئـایینی، ئەو کارەسـتانە دوای ئـازادیی هیندسـتان هـاتنە کـایەوە و مەیـل بەلای هـونەری ڕۆژئـاوا کەم بووبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ لەم شـێوە هـونەرە کەمتر بـوویەوە، تـا "جەواهیر لال نەهـرۆ" کەوتە تەقـالای خـۆیەوە تـا بیسـەلمێنێ هـونەری ڕۆژئـاوا هونەرێکی شایستە و بە پێگەیە، دەبێ میللەتی هیندستان گرنگیی بداتە ئەو شێوە هونەرە.

هونەرمەنـد "مەقبـول فیـدا حوسـەین" لەو ڕووەوە کەوتە تەقـالاوە، بەشـێوەیەکی مـۆدێرن کەوتە لە یەکـدانەوەی کەلتـوور و ئەفسـانەکانی گەلانـی نـاو هیندسـتانەوە... ئیتـر ژمـارەیەکی زۆری قوتابییـان کۆڵەبـاری سـەفەریان بەسـت و ڕوو بە ئەورووپـا ڕۆیشـتن، لە گەڕانەوەیانـدا هەریەکە لەوانە پەیڕەوییـان لە سـەبکێکی هـونەریی جیـاواز دەکـرد و لە وڵاتەکەیاندا هەمان سەبکیان کردە پیشەی خۆیان.

لە سـاڵانی ١٩٦٠ جـووڵانەوەیەکی هـونەری تـازە دروسـت بـوو، بە سـەرۆکایەتی" ک، س". لێـرەوە هـونەر پێـی نـایە قۆنـاغێکی نـوێ و دووبارەسـازی و نـوێگەرایی لە زۆر چەمـک و سـەبکی هونەریـدا کـرا و هـونەری هیندسـتان ڕوو بە پێشـکەوتن ملـی نـا. لێرەدا نـابێ ئەوە لەبیـر بکەیـن لە هیندسـتان ئـایین و ئایینزاکـان و مەزهەبەکـان یـارمەتییەکی زۆری پێشـکەوتنی هونەریـان داوە و هەر یەکە و لە ئاسـتی خـۆی شێوەک لە مەدرەسەی هونەری بەرپا کردووە.

بەو شێوەیە یەکەمین قۆناغی زێڕینی هونەری هیندستان تۆمارکراوە (ئاشـووگا) بەشـی زۆری وڵاتـانی هیندسـتانی خسـتە ژێـر دەسـتەڵاتی

خۆیەوە لە هەر شارێکدا پەرستگا و پەیکەری بوودا دروست کراوە، بڕێکیان وەک تەوەر، بڕێکی تریان وەک گومەت، یانی ئەوە بە سەرەتای ڕاستەقینەی دونیای تەلارسازی هند دەدرێت لە قەڵەم، هەروەها نەخشی بەرجەستەی کردووەتە باو بە سێ قۆناغ خراوەتە بەرچاو:

ئەلیف: کۆنترین دیمەن بەشێوەی گوڵ و چڵ و گڵاو جانەوەر و گوڵی نیلۆفەریان بە دەوردایە بە ڕەنگی ئاسمانی.

ب- پەیکەری گەورەی مرۆڤ بە قەبارەی زلزەلام.

ت- دیمەن و چۆنیەتی زیندەگی بوودا بێ پەیکەری خۆی ئەو دەمە بە تاوانیان زانیوە تا پەیکەری بۆ بکەن، تەنها پاڵپشتەکی پشتی و چەند سەرینێکی دەورووبەری شوێن پاکەی.

پەیکەری بوودا لە سەدەی یەکەمی زایینەوە دەستی پێکردووە، لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی زاییندا وەستاکارانە و زلزەلام لە زۆر جێگەیدا ئەنجام دراون.

لە سەردەمی (ئاشووگا)دا چەندان گوڵتە و سەری گوڵتەی ڕازاوە نەقشونیگاردار لەسەر بەرد نەخشێنراون. لەسەر تەختەبەرد زۆر نووسراو بەجێ ماون، کە باس لە کاروکردەوەی ئاشووگا دەکەن و هەوەها فەرهەنگی تازەی ئەو سەردەمە کە چەندە درەخشەندگی تیادا بینراوە، بە جوانی دیارە لە دوای زاییندا کاروکردەوەی هونەری تەلارسازی و پەیکەرتاشین لە هیندستاندا بە وردەکاریەوە دەست پێکراوە، لە ئاداب و نەریتی هیندستانی دوورنەکەوتووەتەوە.

بڕێک لە گوڵتە و پایەی ناو ساختمانەکان پەیکەری شێر و هەڵۆی ئەفسانەیی لەبەرد داتاشراون، یەشتا بە دەستەوەن. بەوە ڕازی نەبوونە زیاتر ٣٠ ئەشکەوتیان بە شێوەی گوڵتە و پایە و پەیکەر لە نزیک (حەیدەرئابادا) لە بەردی (خارا) دایان تاشیوە. پڕە لە وردەکاری

هونەری و تەناسووبی تەلارسازی، هەروەها گۆڕی لە سەنگ داتاشراو و هونەری بوودایی ٢٠٠پ.ز هەر لەو ئەشکەوتانەیدا شێوەکاری سەر دیواری ئەشکەوتەکان دەگەڕێنەوە بۆ ٢٠٠پ.ز لە ئەشکەوتی ژمارەیەکدا بەسەر دیوارەیکەوە چۆنیەتی هاتنی سەفیری شای ئێران (خوسرەوی دووهەم) بۆ دەرباری شای هیندستان وەدەر دەخا پڕە لە زەرافەتی شێوەکاری.

هونەر و فەرهەنگی هیندستان بەشێکە لە ژیانی میللەتی هندکە سەرجەمی یەک لەسەر شەشی سەرتاسەری بەشەریەتن. فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە پانوپۆڕە پڕە لە هونەر، وەک: سەما، مۆزیک، شانۆی، شیعر، ئەدەبیات، شێوەکاری، تەلارسازی. دەستکردە جوانەکان و بڕێک لە بیر و بۆچوونی ئاینی کە گەلێک زۆرن، وەک هونەر خراونەتە بەرچاو، ئەوان لایان وایە هونەر زمانی خواکانە، کە لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا سەر هەڵدەدەن، وەک: هەستەکان، هەست بە ژیانکردن، خۆشحاڵی و شادی، تووڕەبوون و ئاڵۆزی، ترس و تۆقیان، غەموپەژارە، ئازایی و لەخۆبووردن و دلاوەری، دڵسۆزی، سەرسامی و ئارامی.

بێگومان هیندستان و مێژووی هیندستان و فەرهەنگی ئەو وڵاتە پانوپۆڕە لە بیروبۆچوونی دونیادا جێگەی خۆیان هەیە و یەکێکە لە پیشکەوتنەکانی تەمەدوونی بەشەریەت.


مێژوونووسان ددانیان بە گرنگیی مێژووی هیندستان ناوە، بڕێک ڕووباری بەناوبانگ هەن بوونەتە هەوارگەی بەشەریەت، وەک: دۆڵی دوو ڕووبارو دیجلە و فورات، نیل لە میسر، ڕووباری هوانگ لە چین، ڕووباری سند لە هیندستان، لە لێواری ئەو ڕووبارانەدا بەشەر چنگی لە قووڕ ناوە و خانوویان دروست کردووە.

لە هیندستاندا لە هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا شار لەوێڕا دروست کراوە، لە میسردا ٣١٠٠ساڵ لە پێش زاییندا.

وڵاتی هیندستان سەدان ئایینی جیاوازی تیادایە، کەلتووری جیاواز و ڕەگەزی جۆراوجۆر، کەلتووری جیاواز، بەڵام کەم ڕووی داوە لەو ڕووانەوە بکەونە شەڕ و پێکدادان. بڕێک لەو ئایینانە یەشتا هەمان سروود و نماییش و ستاییش کەرەکان کە ٤٠٠٠ساڵ لەمەوبەر کردوویانە.

هاراپـا نـاوی شـارێکی کـۆنە دیـارە ئەو ئیمپراتـۆریەتە هەر بەو نـاوەوەنراوە تـا سـاڵی ١٨٥٦ز یـانی ئەو کـاتەی هیندسـتان لە لایەن بەریتانیاوە داگیرکراوە، هیچ کەس ئاگاداری ئەو ئیمپراتۆریەتە نەبووە تا لە لایان بەریتانییەکانەوە دۆزراوەتەوە بەناوی (هاراپا) بەڵام تا ساڵی ١٩٢١ز ئەو ئاسەوارە پشتگوێ خراوە، لەو ساڵەیدا ئاسەوارناسانی بەریتانی لە هاراپادا کەوتوونەتە سەرهەڵدانەوەی، بۆیان دەرکەوتووە ئەو شارە لە ساڵی ٢٦٠٠پ.ز. پایتەخت بووە، ئەو دۆزینەوە سەلماندی فەرهەنگی کۆنی هیندستان گەلێک لەوەی کۆنترە کە زانراوە، هەروەها مێژووی ئاسەوارەکانی (موهنجودارۆ) ٢٦٠٠ لە پێش میلاددا دروست کراون. ئەویش بە ئەندازەیەکی بەرفروان لە سەرتاسەری هیندستاندا یەکەمبن ئیمپراتۆری لە دۆڵی دوو ڕووباردا لە لایەن ئەکەدیەکانەوە ئەنجام دراوە ٣٠٠پ.ز.

ئەوەیش سەلمێنراوە (هاراپا)یەکان لە ساختمانسازیدا وەستابوونە، هەر یەک لە شارەکانیان بە ئەندازەی شارە گەورەکانی میزۆپۆتامیا بووە، لەو سەردەمەیدا هەر یەکە لە شارەکانیان زیاتر ٤٥هەزار کەسی تیا ژیاوە، لەو شارانەیدا بە شێوازێکی هەندەسی شەقامەکان شان بە شان یان یەکتریان بڕیوە.



خانووەکـانیش بە شـێوەی (تـۆڕی) لە خشـتی پـرژاو دروسـتیان کردبـووە، وردبەرەوە هەزاران خـانووی کەرپـووچی لە یەک ڕیـزدا بە شـێوەی زاویە یەکتریـان بڕیـوە، بـێ کەم و زیـاد وەک یـاریی شـەترەنج شـەقامە سـەرەکییەکانیان دوو ئەنـدازەی کـوچە و کۆڵانەکانیـان بـووە، تەواوی خانووەکانیـان لە کەرپـووچ دەسـازان و کەرسـتەی بەردیـان سەنگ، بە لایانەوە کەرستەیەکی پیرۆز بووە و بۆ کاروکردەوەی پیرۆ و شکڵ و شەمایلی خواکانیان بەکاریان بردووە، ئەندازەی خشتەکانیان لەسەرتاسەری دەڤەری سندا یەک ئەندازە بووە و بە ئەندازەی تـابووقی ئەمڕۆی ئێمە سەرشـۆرگە و خۆشـووردن ڕەواڵێکی ئـایینی بووە، (ئـاو بەسەراکردن) یان قووت خواردن لەناو ڕووبارەکاندا.

لە شـــاری موهنجـــورۆ سەرشـــۆرگە بە ئەنـــدازەی گەورە ئەنجـــام دراون، یەکێک لە گەورەتـرین سـاختمانەکانی (موهنجـورۆ) سەرشـۆرگە بـووە، بـۆ خەڵـکە زۆرە سـاختمانێکی سەرداپۆشـراو لەناوەڕاسـتدا وەک مەلەوانـگەی ئەمـڕۆی ئێمە بە شـێوەی لاکـێش یەک دوو مەتـر قـووڵ و ئاوڕەوویان لە لوولەی سفالین بۆ ئەنجام درابووە (فکری لێ بکەرەوە لە زۆربەی شارەکانی عێراق و ئێمەیشدا یەشتا ئاوەڕۆ (مەجاری) بوونی نییە و نمەبارێنێک شـەقامەکانمان دەکـاتە ڕووبـار) لەو شـارەدا برێـک ساختمان دۆزراونەتەوە زۆرتر لە سایلۆ دەچن بۆ پاراستنی ئازووقە و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

ئەوەیش سەلمێنراوە دەستەڵاتی هاراپا پەیوەندییان لەگەڵ سۆمەری و بابلییەکانی ناو دۆڵی دوو ڕووبار هاتوچوویان کردووە و لە ڕێگەی دەریاوە تا کەنداوی فارس و لەوێڕا بە دیجلە و فوراتـا گوزەراون، ئەو بازرگانییە لە تەختە گڵینەکاندا یانی مۆرەکاندا بە دەست هـاتوون. دیارە ئەو فەرهەنـگ و دەســتەڵاتی (هارپـا)یە تـا ١٩٠٠پ.ز بەردەوام بـووە و وردە وردە لەناوچوون، ئەو لەناوچوونە لە ئاکامی پەلامار و سـووتاندی شار و هەڕووژان و کوشتن و تالان نەبووە.

دەرودیواری شوورەی دەوری شـارەکان خانووبەرەکان لە ئاکامی پەلاماردا نەهەڕووژاون، هیچ پیشە و پەڵای مرۆیی بە دەست نەهـاتووە، نە ســـپەری، نە بازووبەنـــدێک، نە ڕم و شمشـــێرێک لە نـــاو ئەو ئاسەوارانەیدا نەکەوتوونەتە دەست.  ئەو چۆڵکردنە لە ئاکامی گۆڕینی ژینـگە بـووە و ئـاو و هەواو و گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە و بەپێـی زەمـــان وردە وردە خەڵـــکەکە دەڤەرەکەیـــان چـــۆڵکردووە و بەرەو ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای ناو هیندستان کۆچیان کردووە. وەک زانراوە

دەڤەری (هارپـــا) ٢٠٠٠کیلـــۆمەتری چوارگۆشـــە بەریـــن بـــووە و لە ناوەڕاستی هیندوستاندا بووە.

سـروودە ئاینییەکـانی (ڤیـدا) بـاس لە خـوای جەنـگ دەکـات بەنـاوی (ئاییندرا) داوا دەکەن لە ڕووی ئـابوورییەوە یارمەتیـدەر بێـت لە تۆفـان بیانپارێزێـت دوژمنەکانمـان بە سـواری گالیسـکەی جەنگـی بەرانـبەر ببەزێنین.

بە درێژایی زەمان میللەتانی هێرشبەر پەلاماری هیندوستانیان زۆر داوە، لەسەردەمی دەستەڵاتی هەخامنشیەکاندا سەرەتا کۆرش بەشێکی زۆری لەو وڵاتە گرتـووە و دواهەمـین جـار ٥٢٠پ.ز، داریۆشـی یەکەم دیسـان هێرشـی بـردووەتە سـەریان، ئەسـکەندەری مەکـادۆنی ٣٢٧پ.ز هێرشی کردە سەر هیندستان.

هەروەها نادرشـاه ئەفشـار تـوانی (دهلـی) پایتەختی شـای هیندسـتان بگرێت.

# ئیمپراتۆری مادریا

هێرشی بیانییەکان بۆ سەر هیندستان خۆی لە خۆیدا ئەو تێکەڵییەی لەگەڵ گەلانی هێرشبەردا بوویە هۆکاری گەلێک لە گۆڕانکاری لە هیندستاندا.

نانداکان هۆز و بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووی هیند بوون، لە ماوەیەکی کەمدا توانییان دەستەڵات بەدەستەوە بگرن. توانییان زۆر لە دەڤەرەکانی هیندستان بخەنە ژێر فەرمانی خۆیانەوە، کە لە پێشدا بەو چەشنە هیچ دەستەڵاتێکی هیندی بەو ئەندازە سەرکەوتنە نەگەیشتووە.

سەرکردەی لێهاتووی ناندا(مهاپادماندا) فەرماندەیەکی لێهاتووی توانی شاهی ڕۆژهەڵاتی هیندستان. ماگادەکان لە شەڕدا بشکێنی (٤٢٤-٣٦٢پ.ز) فەرمانڕەوایی کردووە.

لە ڕاستیدا دەستەڵاتی ماندا بە یەکەمین ئیمپراتۆریەت لە هیندستاندا دەژمێردرێت، سەرەتای ژیانی سەرتاشی بووە، بە پیلانێک شای وەختی کوشتووە و بووە بە سەرپەرشتیاری کوڕی شا و ئەویش دەکوژێت و دەبێتە شاە. بەوەشەوە ڕانەوەستاوە دەوروبەری خۆی داگیرکردووە. کوڕەکەیشی دەستەڵاتەکەی بەربڵاوکردووە، بەڵام بە گوێرەی دەستەڵاتی سەربازییان ئاگاداری بەڕێوەبردنی وڵات نەبوونە، دەربارەکەیان پڕ بووە لە دەسیسە و پیلان و کوشتن و دزی و نابەرانبەری.

هەروەها میللەت گەیشتبوونە باوەڕێک بەردەوامی ئاوا دەوڵەت و دەستگایە نامومکینە. کەسێک بەناوی (چاندا ڕاگویتا) توانی شۆڕشێکی تێکڕایی لەناو میللەتدا پێک بهێنێت ئەو دەستەڵاتە لەناو ببات و جێگەیان

بگرێتەوە سوپا و لەشکری دەستەڵاتی پێشوو بخاتە ژێر فەرمانیەوە، دوای مردنی (ئەسکەندەر)وە دابەشکردنی وڵاتی ژێردەستە هیندستان، بوو بە بەشی (سلوکس) شەڕێکی خوێنین لەنێوان (سلوکس) و (گوپتیا)وە سەرەنجام پەیمانێک دەبەستن، کشانەوەی (سلوکس) لە هیندستان بەرانبەر ٥٠٠فیلمی جەنگی ٣٠٥پ.ز. ژن و ژنخوازییەک لەنێوان دوو بنەماڵەی گەورەی یۆنانی هندی ئەنجام دەدرێت. (جاندراگوپتا)، سەرئەنجام. سەرتاسەری باکووری هیندستان دەخاتە ژێر دەستەڵاتییەوە، یەکێک لە نەفەرەکان هەر بەشاهی مایەوە، ئەو شایە لە دەستەڵات کەنارەی گرت و بوو بە قەشەی پەرستگا و دەستەڵاتی بۆ کوڕەکەی بەجێهێلا. توانی دەستەڵاتەکەی بەربڵاو بکات (پیندروسارا)ی لێزان و تەماحکار وردە وردە دەستەڵاتی بەربڵاوتر کرد، زیاتر لە سی ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، سەرەنجام کوڕەکەی (ئاشووگا) جێگەی دەگرێتەوە.

دەستەڵاتێکی بەربڵاو بەناوی (کالیرگا) لە دێرزەمانەوە مابوویەوە(ئاشووگا) بڕیاری لەناوبردنی بەلای خۆیەوە دابوو، لە ساڵی ٢٦٠پ.ز پەلاماری دا و گرتی، بەڵام کوشتار و ئاوەرگی و ماڵوێرانیی زۆر ڕووی دا، ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی ڕەوشتی خۆی بگۆڕێت و ببێتە یەکێک لە پەیڕەوانی (بوودا) و فەرامین و بیروڕاکانی بوودای کردە بەند و بنوودی دەستەڵاتی خۆی هەتاوەکوو کوشتنی ئاژیڵی یاساغ کرد.

دەستی کرد بە دروستکردنی بیمارستان، ڕێگا دروستکردن، گوڵتە و پایەکەی (ئاشوگا) یەشتا لە هیندستاندا ماوە.

هونەری تەلارسازی لە سەردەمی ئاشوگا و جێگرەکانیدا پێشڕەویی کردووە، دەستەڵاتی (ماوریا) کە پاشماوەی دەستەڵاتی (ئاشووگا)یە زۆر ئاسەواری تەلارسازیی ئەو دەستەڵاتە بەدەستەوەیە، ژێرکاری فیزیکی،

هەروەها خانووبەرە، ئەو فەرهەنگە شۆڕبووەتەوە ناو دەستەڵاتەکانی تـردا. شـاری (پـاتیلیوپۆتەر) کە پـایتەختی ئەو دەسـتەڵاتە بـووە، کاروکردەوەی تەلارسازی ئاسەوارەکانی ماونەتەوە، بەناوی دەستەڵاتی ماوریـا، شـوورەیەکی گەلێـک دوورودرێـژ بەدەوری ئەو پایتەختەتیـدا دروستکراوە. ٥٧٠ بورجی تیادا بووە، ٦٢دەروازەی تیادا بووە. شەقام، بـازاڕ، گۆڕەپـانی تـاودانی ئەسـپ. هەروەهـا بەتـایبەت لە هـونەری بەردتاشـیندا دەسـتێکی باڵایـان هەبـووە. ئەو شـێوە بـووەتە بنەمـا بـۆ دەسـتەڵاتەکانی دوای ئەوان. جادەیەکیـان دروسـت کـردووە بە درێژیـی ١٨٥٠کیلۆمەتر. ئەو پایە و گوڵتانەی وا هەمیشە چوار شێر بەسەریانەوە بوون، دیاردەی دەستەڵاتی ماوردیایەکانە.

لە هیندسـتاندا ئـایین و مەزاهیـب زۆرن، بەڵام چـوار ئـایین لەوێـڕا زۆرترین پەیڕەوانیان هەیە: ڤیدای، هندۆیی، بودایی، جین.

# دەستەڵاتی گوپیتا

زنجیرەیەکی کەی سازندەی تەلارسازیی و کاروکردەوەی هونەری بوونە لە هیندستاندا زۆرتر پەرستگایان دروستکردوو و گرنگییان داوەتە بواری پزیشکی و دەواو ودەرمان. نەشتەرگەریی (سزاریان) منداڵ لە سکی ئافرەتی باردار، هەروەها دەرهێنان ئەوان دایان هێناوە، هەروەها لە دەستەڵاتی گوپیتادا زانستی ڕیازیات، ئەستێرەناسین ڕەواجی پێ دراوە، لەو سەردەمەیدا زانیویانە کە زەوی تۆپ و خڕە.

لە سەردەمی(گوپیتا) ئەدەبیات گەشەی کردووە، شاعیرێک هەڵکەوتووە بەناوی (گالیداسا) گەلێک بەناوبانگ بووە، بەندە ئەم هەڵبەستەیەم گەلێک لا زەریفە بۆیە کردوومەتە کوردی:

دڵم گیراوە و غەمگینم
لەناو خۆڵەمێشی خەڵکانێکدا تەپاوتلمە
ئای چەندە ئەو ژنەم خۆشدەویست و پڕ ژان و ئێشم و گلاراومە.
لێم گەڕێ با ئاسوودە و پا ڕاکێشم
گڕی مەرگ بڵێسەی دێ و بەربڵاوە
بۆ من مردن شیفا بەخشە و شیاوە
ئەوسا دوا هەوارگەم لەناو گڕدایە
سەری تەسلیمم داهێناوەتەوە، نییە فریاڕەس
بۆ هەتا هەتایە ئەمەیە و بەس!

کاتێک باس لە هیندستان دەکرێت ناکرێ شاهکاری تەلارسازیی تاجمحەل لەبیر بکرێت، ئەو شاکارە بە هەشتەمین دەگمەنەکانی جیهان دەستنیشان کراوە.

یەکێک لە گەورەترین مەزارەکانی جیهانە، بە شێوەی مزگەوت دروست کراوە، سەرتاسەری ئەو مەزارە گەورەیە لە مەرمەڕی سپی دروست کراوە. ئەو مەزارە لە لایەن یەک لە ئیمپراتۆرەکانی مەغۆل بە ناوی (شاهـ جیهان) دروست کراوە. ئەو ساختمانە شاکارە یەکێکە لە دیاردە تەلارسازییەکانی دەگمەن لە جیهان، بەتایبەت لە هەندەسەی تەلارسازی ئیسلامدا، هەر ئەو تاج محەلە بوو بەهۆی ناوبانگی زنجیرە دەسەتەڵاتی مەغۆل... لەوێڕا تێکەڵەیەکی پڕ لە زەرافەتی هونەری تەلارسازی فارسی و هندی و ئیسلامی هەیە.

لە دونیای تەلارسازیدا حاشا هەڵنەگرە کەوا تاج محەل بە دیاردەیەکی هونەری تەلارسازی جیهانی بناسرێت و بە موڵکی بە شەریەت لە قەڵەم بدرێت.

لە ساڵی ١٦٢٣ز تاج محەل دەست پێکراوە و لە ساڵی ١٦٦٣ز تەواو کراوە. وازانراوە لە لایەن تەلارسازێکی ئێرانی بەناوی ئەحمەد لاهوری دیزاین کرابێت. لەوێڕا ئەوی دیاردەی زەرافەتی تەلارسازی ئیسلامی هەیە تیادا بەکار براوە، لەم دواییە بە یەکێک لە حەوت سەرسامترین ساختمانی جیهانی لە قەڵەم درا. وەنەبێ ئەوە تەنیا مەزار بێت، بەڵکوو بە مزگەوت و جێگەیەکی گەورەی ئایینیش دەژمێردرێت، چوار منارەی لە چوارسووچی ساختمانەکەدا تیادایە. کاتێک شاە جیهان بڕیاری دروستکردنی داوە پەیکی بە هەموو لایەکدا ناردووە، چاکترین تەلارساز و خۆشنووس و بەرتاش و پەیکەرتاش و گەچکەر و گەچبڕ و چاوساغ و لێزانی دروستکردنی گومەتی لە شارەکانی ئەکرا و بەغدا و بوخارا و قوستەنتەنیە بۆ هێناوە.

قسـەیەکی دیکـە هەیـە گوایـە ئەندازیاری تـاج محـەل کەسـێک بـووە بـەناوی عیسـائەفەندی بـە ڕەگـەز تـوورک، هـەروەها گوایـە تەلارسـاز محەمەد سیازی خان ئێرانی بووە. هەروەها قسەیەکی دیکە هەیە دەڵێت تەلارسازی یەکەم حوسێنەفەندی بووە.

سەرتاسەری تاج محەل بە مەڕمەڕی سپی داپۆشـراوە، کە کانەکەی لـە چیـای (ماکرتـا)دا هێنـراوە. دووریەکـەی ٥٦٣کیلـۆ مـەترە. لـە دەڤـەری ڕاجسـتانەوە بـەردی سـووریان لـە دەوروبـەری دلهـی هێنـاوە، بـەردە زەریفەکان لە وڵاتانی دوور و نزیکەوە هاوردکراون. عـەقیقی سـوور لـە بەغدا و پیرۆزە و یەشم و کریستاڵ لە تورکستان هێنراون.

لـە چـوار منارەکـەی، سـیانیان تۆزێـک خـوارن، ئەگـەر بومەلـەرزە ڕووبـدا و منـارە بهـەڕوژێ ناکەوێتـە سـەر سـاختمانەکە. دەرگـەی مزگەوتەکـە شـاکارێکی هونەریـەو سـووڕەتی یاسـینی قورئـانی پیـرۆزی لەسەر هەڵکەنراوە، بەردی ڕەنگاوڕەنگ لـە وڵاتـانی ئەفغانسـتان و ئێران و میسـر و تورکیـا هێنـراون. بـەرزی سـاختمانەکە ٦١ مـەتر دەبێـت دیوارەکان بە وێنەی گوڵەبەڕۆژە چەسپێنراون. کۆمەڵێک گومەتی گـەورە و بچووک دروست کراون، بڕێک لەوانـە ٤١مـەتر بوڵەندن. لـە شـەوانی مـانگی چـواردە مەڕمـەڕەکان بـە شـەوقی مانـگ ئاوێنـەنما خۆیـان وەدەر دەخەن. باخچەی دەوری مزگەوتەکە پڕە لە گوڵ و گوڵزار. سـاختمانەکە سـێ دەرگـەی سـەرەکی تیادایـە، بـە چـوار دەوریـان مەڕمـەڕی سـوور دانـراون. لـە دووری دەرگـەوە ٢٢ گومـەت دروسـت کـراون. نیشـانەی بیست و دوو ساڵ کارکردنە لەو ساختمانەیدا.

دوای ئـەوەی ئیمپراتـۆر شـاە جیهـان دەمرێـت لـە تەنیشـت خۆشەویستەکەیەوە دەنێژرێ، بەڵام شاە جیهان پلانێکی دیکـەی هـەبووە

تاج محەلێکی دیکە وەک ئەو لە مەڕمەڕی ڕەش دروست بکات، مەرگ مەودای نەداوە. دیارە دەوڵەتی هیندستان خەریکی دروستکردنی تاج محەلێکی دیکە لە مەڕمەڕی ڕەشە تا ئاواتەکەی شاە جیهان بهێنێتە جێ.

با ئەوەیش بڵێین تاج محەل تەنیا مەزارێک نییە بۆ خۆشەویستی ئیمپراتۆرێک، بەڵکوو شاکارێکی تالارسازییە، نموونەیەکە لە وەفا و خۆشەویستی ئەفسانەی پێوەندی ڕۆحی ژن و پیاوێکە. داستانی خۆشەویستی لە کاتێکدا دەستی پێ کردووە ئیمپراتۆری ئەو دەم تەمەنی چواردە ساڵ بووە کوڕی ئیمپراتۆری مەغۆلی جیهانگیر شابووە و نەوەی ئیمپراتۆی بەناوبانگ ئەکبەری عاشقی شازادەیەکی ئێرانی بووە، بەناوی (ئەرجومان بانو) دوای پێنج ساڵ ئاشنایەتی شا جیهان و تاج محەل بوونەتە ژن و مێرد. دیارە لە پێش مردندا شاهـ جیهان داوا دەکات لە دوای ئەو ژن نەهێنێ و مەزارێکی شایانی بۆ بکات کە کەموێنە بێت.

دوای مردنی شاژن دووساڵ شاە جیهان لە غەمێکی قووڵ دابووە. لە ساڵی ١٦٩١ز ئیمپراتۆر دەست بە هێنانە دی داوای خۆشەویستە کۆچکردووەکەی دەکات. لە ساڵی ١٦٥٣ز کوڕەکەی شاە جیهان کودەتایەک بەسەر باوکیدا دەکات و جێگەی دەگرێتەوە و دەیخاتە ژێر چاودێری، کە شاهـ جیهان دەمرێت لە تەنیشت کوڕی تاج محەلدا دەنێژرێت. لە ساڵی ١٨٥٧ز کە شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە مەزارەکە لە لایەن سوپای بەریتانیا تاڵان کراوە.

لە دوای سەدەی نۆزدەهەمدا لۆردکورزون فەرمانی دووبارەسازی دەداتەوە. ئەمڕۆ تاج محەل یەکێکە لە خۆشترین و گرنگترین جێگەی گەشتوگوزارە، لە ساڵی ٢٠١٣ز گەشتیارانی دەرەوە و ناوەوەی

هێندستان ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ دۆلاریان لەوێ خەرج کردووە. هەڵبەتە لەو شوێنەدا چەندان گۆشەی دیتنی دیکە هەیە، وەک دەروازەی سەرەکیی تاج محەل، مزگەوتەکەی، باخچەی تاج محەل،ماڵی هەنوزگای تاج محەل، شەودیداری تاج محەل. لە ساڵی ٢٠٠٠ز چاوساغانی جیهان کەوتوونەتە تەقەلا تاکوو حەوت دیمەنی تازەی جیهان هەڵبژێرن، بیست و یەک جێگە دەستنیشان کراوە، سەرەنجام حەوت جێگەیان هەڵبژاردووە: تاج محەل، شاری بەترا لە ئوردن، شوورەی بەناوبانگی چین، هەرەمی ئیتزا، ماتشوپیتشو، پەیکەری مەسیح، کولوسیوم.

بەڕاستی هیندوستان وڵاتی هونەر و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان و ئایینە جیاوازەکانە، سەما و مۆسیقا و پانتاییەکی زۆر بەربڵاوی لە فەرهەنگیانا داگیر کردووە، هەروەکوو ئایینەکانیان. لایان وایە هونەر زمانی خواکانیانە. تۆ کە گەشتێک بۆ ئەو وڵاتە دەکەیت جیهانێکی دیکە دەبینی، کە لە هیچ وڵاتێکی دیکە ناچێت.

لە تەلارسازییەوە بگرە تا شێوەکاری و پەیکەرتاشین و فۆلکلۆرە جیاوازەکان، کەلتووری جۆراوجۆر پەنجەمۆری ئەو وڵاتە دەکات. لە زۆربەی چیاکاندا کارێکی هونەری ئەنجام دراوە و بانگەوازی بەڵێ ئەوە ئەیرایە هیندستان دیکەن.

پەرستگاکان وەک ڕۆژنامەیەک باسی خواکانیان دەکات، ئیدی بە قەبارەی زلزەلام پەیکەری وا دەبینی لە هیچ وڵاتێک ئەنجام نەدراوە. کەژیک کراوەتە پەرستگا لە نووکیەوە داتاشراوە تا خوار بە پەیکەر و گێڕانەوە ئایینییەکان، ڕاهیبە(بوداییەکان یان چین) بە درێژایی هەزاران ساڵ ئەو کارانەیان کردووە، زیاتر لە سی ئەشکەوتیان وا لێ کردووە جگە لە سەدان پەرستگای تر، مۆسیقا و سەما زۆرتر لە پێنج سەد ساڵ

بێ وەستان کاریان لەسەر کردووە و بە سەما و مۆزیکێکی کلاسیک ناسراوە، ئەوان لایان وایە سەما بۆخۆی (سیڤا)ی خواوەندگار داینـاوە، جووڵانەوەی دەست و پەنجە زیاتر لە٢١ جوڵانەوەیە، هەر یەکە لەوانە مانـای تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە سەما لە تەلارسازی و شیعر و شێوەکاری و مۆسیقادا شوێنپای خۆی دیارە. ئەوەیش لە هەزار ساڵ پێش زایینەوە دەستی پێ کردووە، پەیکەری کچێک لەو کاتەیدا لە بەرد داتاشراوە، ئەوە بووەتە سونبوولی دونیای سەما لە هیندستاندا.

زۆرتر لە باشووری هیندستاندا سەما کلاسیکەکان باون، بەناوی (پاراتا ناتیام) گەلێک دژوارە و مەشقی گەلێک زۆری دەوێت، تا سەماکار ڕابێت لەسەری، زۆرتر لەسەر دوو ئەژنۆ ئەنجام دەدرێت.

سەمای فۆلکلۆریی جیاواز لە دەڤەرەکاندا ئەنجام دەدرێن بۆ شایی و جەژنەکان، وەرزەکان، یان ئایینەکان، هەتاوەکوو سەمای جادووگەران، ئەوانە هەمووان لە ئایینەکانەوە داهاتوون، سەمای (کاتاکالی) مۆزیک و سەما تێکەڵەیەکی لە یەک دانەبڕاوە، بڕێک ل سەما تایبەتمەندیی (رامایانا و مهابهاراتایە) کە باس لە میتۆلۆژی و ئەفسانەکان دەکا.

مۆسیقای هیندی تایبەتمەندە زۆرتر بۆ چۆنیەتیی تایبەتمەندیی ئامێرەکانیان کە لە هیچ کوێی ئەم جیهانەیدا لەو ئامێرانە دروست نەکراون.

لە هیندستاندا دوو سەبکی کلاسیکی مۆزیک پێکهاتووە، سەبکی باکوور، سەبکی باشوور و سەبکی باکووریان گەیاندووەتە پۆپە. ئامێری سێ تار لە جیهاندا بەناوبانگە مۆزیکژەنی هیندستانی (راوی شانکار)

ناوبانگی جیهانی بەدەست هێناوە. خۆ لە ئەدەبیاتدا (تاگوور) هەرگیز لەبیر ناکرێت و خەڵاتی نۆبڵی پێ دراوە. ئیدی هیندستان قارەیەکی دابڕاوە لە تەواوی بوارەکاندا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە.

# هونەر و تەلارسازیی چین

هونەری چینی بەپێی درێژایی مێژوو تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە، یەکەمین گۆزە و کاسەی ڕەنگی لە سەردەمی بەردینی دووهەمدا دۆزراوەتەوە کە ناسراوە بە (نوێ سەنگی) کە لەدۆڵی هوانگ هودا (ڕووباری زەرد) دۆزراوەتەوە لە بەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی باکووردا، ئەمە ٤٠٠٠سال لە پێش زایین دایە.



میراتی ڕۆژهەڵات بەتایبەت هی وڵاتی چین، لە مێژووی فەرهەنگی ژاپۆنیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە زۆربەی زۆری قۆناغەکانیدا مایەی لە هونەر و ڕووداوە هونەریەکانی چین وەرگرتووە.

شێوەی کاروکردوەی هونەرمەندانی ژاپۆنی ڕاستەوخۆ لەژێر تیشک و شەوقی کاروکردەوەی هونەرمەندانی چینیدا بووە. ئەگەرچی

هونەرمەنـدانی ژاپـۆن لێـرە و لەوێ کۆشـاون ئەفسـانەکانی ژاپـۆنی بگونجێننە ناو هونەرەکەیانەوە، هەروەها بیروباوەڕی مەزهەبی "شـینتۆ" بـکەنە هەوێنـی هونەرەکەیـان، ئـاینی بـودا سـێوەری خـۆی لەزۆر کاروکردەوەی هۆنەرمەندانی ژاپۆنیدا وەدەرخستووە.

لەم دوادوایەیدا هونەری ئەورووپایش شێوە و شـەمایلی لە هـونەری ژاپۆنیـدا کەوتـووەتە بەرچـاو، بەسـەر ئەوانەیشـدا دەمـارگرژیی میللەتـی ژاپـۆن دەربـارەی کەلتـوور و کەلەپـووری خۆیـان بە ئەنـدازەیەک بـووە توانیویانە تا ڕادەیەک بەرگری لە زۆر شت و کـاروکردەوەی بێگانەکان بـکەن، بەڵام ئەوەیـان حاشـاهەڵنەگرە ژاپۆنییەکـان زۆر هـونەری وڵاتـی چینیـان بە قەرز بـرد و نەیانـدایەوە و کردیـانە هـی خۆیـان بەوەوە ڕانەوەسـتان ڕەنگـوڕووی ژاپۆنیـان کـردە سـیمای و خسـتیانە بەرچـاوی جیهان.

ژاپۆنییەکانیش وەک چینییەکان عاشقی سروشـتن، لە هـونەری چینـی تێڕامان و وردبوونەوە خراونەتە بەرچاو.

ژاپۆنییەکـان زیـاتر هەسـت و ئیحساسـیان تـێکەڵ کـردووە، بـۆیە تـا ڕادەیەک هەست بە تێکەڵکردنی ڕازانـدنەوە و سـەنعەتی دەکرێ، ئەوەی هیچـــی لە ئەرزش و پـــایەبەرزیی هونەرمەنـــدانی ژاپـــۆنی کەم نەکردووەتەوە.

بەشـێوەیەکی تێکڕایـی هـونەری ژاپـۆنی زەرافەتکاریی ڕەنگەکـان و لێزانـــی و وردەکـــاری و هەروەهـــا هەڵبژاردنـــی داســـتانی تابلۆکـــان وەستاکارانەن و تایبەتمەندیی دەقەر و میللەتێکی جیـاوازی پێـوە دیـارە... زۆرتر لەباری مەعنەوییەوە کاروکردەوەکان کە دەربـارەی پەیکەرەکـانی

"تیمپیو" یان پۆرترەکانی "کاماکورا " نموونەیان نابینرێت. خۆ ئەوەیش حاشاهەڵنەگرە ژاپۆنییەکان لە چاولێکەریی سنعەتیدا بێ نەزیرن. کۆنترین ئاسەواری "چوومون وە یایویی"... سوفالەکانی چوومون دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی "نووسنگی"کە جۆرێکە وەک چنینی حەسیر وایە، بەڵام دەفر و کوپە و دەورانی یایویی لەبارەی ڕەنگ و دیزاینەوە جیاوازن.

هونەری "ڕیختەگەری" تواندنەوەی فلز لە سەدەی یەکەم زاییندا لە وڵاتی چینەوە گەیشتوەتە "ژاپۆن – یابان" هەر لەو پاشماوانە کە لە بروند دروستکراون نەخشونیگاری جۆراوجۆری لەسەر نەخشاوە، لە دواییدا لە سەدەی چوارەم تا حەوتەمی پێش زاییندا، لە گۆڕستان و مەزارەکانیاندا بڕێک پەیکەر دروست کراون بەناوی "هانیاوا"کە زۆرتر پەیکەری بەشەر و ئاژەڵ و پەلەوەریان دروست کردووە، لە سەدەی شەشەم بەولاوە ڕەنگدانەوەی هونەری چینی زۆرتر لە هونەری ژاپۆنیدا خۆی وەدەرخستووە.

بۆدسیم لە وڵاتی کۆریاوە گەیشتووەتە وڵاتی ژاپۆن (٥٧٦پ.ز) فەرهەنگی پێگەیشتووی بودا بووبووە گۆڕانکاریی بنەڕەتی ژیانی تێکڕای وڵاتی ژاپۆن و ژاپۆنییەکان هۆشیارانە کەوتنە بیری بە ژاپۆنکردنی هەر شتێک لە دەرەوەی وڵاتی ژاپۆن هاوردە کرابێت.

بڕێک لەو پەیکەرە کۆنانە یەشتا ماونەتەوە،(٥٥٢-٦٤٦پ.ز) بەڵام نەزانراوە ئەو پەیکەرانە کۆریەکان ئەنجامیان داوە، یان ژاپۆنییەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان چین و ژاپۆن لە کاتێکدا ڕووی داوە، ئیمپراتۆر "تانگ" فەرمانڕەوای بێ لێدوانی وڵاتی چین بووە، ژاپۆنییەکان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی چینیدا بوونە چ لەباری تەلارسازییەوە یان

پەیکەرتاشینی تەلاری سەومەعەی "هەریوجی" شێوەی پەیکەرسازیی برونزی.. هەروەها شێوەکاری لە سەرەتای سەدەیی هەشتەمدا شاری "تارا"ی بە یەکەمین پایتەختی وڵاتی ژاپۆن ناساند، هەروەها تواندنەوەی فلز و قالبگیری هەر بە شێوەی چینییەکان لە ژاپۆندا ئەنجام دەدرا، پایتەخت ڕازایەوە بە پەرستگای بەربڵاوی لە دار دروستکراو پەیکەری برونزی جۆراجۆر شاری "تارا"ی پایتەختی پێ ڕازێنرایەوە... زۆر لەو پەیکەر و پەرستاگایانە و یەشتا وەک خۆیان ماونەتەوە... یەکێک لەوانە گەنجینەی بە نرخ و زێڕینی بنەماڵەی فەرمانڕەوای "شوسو"یە. کە ڕاستەوخۆ شێوەی هونەری سەدەی هەشتەمی "تانگ"ی چینی پێوە دیارە.

لە سەردەمی "هیان ٧٨٤-١١٨٥"بۆ لادان لەژێر دەستەڵاتی راهیب و پیاوە ئاینییەکانی بودایی پایتەختیان بردە شاری "کیوتو" لەوێڕا شارێک بە شێوەی پایتەختی چین دروستکرا لەو کاتەیدا کۆمەڵەی زۆری هونەرمەندی چینی هاتنە ناو ژاپۆنەوە و کەوتنە کارەوە، بەتایبەت لە هونەری پەیکەرسازیی و شێوەکاریدا توانییان ڕەمز و ڕازی بودایسم بەشێوەی هونەری بخەنە بەرچاو.

ئیدی شکڵ و شەمایلی تۆقێنەری بیروڕای بودائییان کردە پەیکەر کە ناسراوە بە "تەتەریسم" توێژی شازادە و دەوڵەمەندان کەوتنە بیری بەهێزکردنی هونەری ژاپۆنی و لەناوچوونی دەستەڵاتی "تانگ" لە چیندا. بوو بە هۆی بەهێزبوون و خاوێنکردنەوەی هونەری ژاپۆنی لە بیروبۆچوونە بیانییەکان شێوەکاری سەبکی "یاماتۆ" لەو ڕۆژگارانەیدا هاتە کایەوە دەورەی هیان، لەوێڕا ژن پێگەی زۆر بەهێزی بەدەست هێنا، لە کۆمەڵگەی ژاپۆنیدا لە باری هونەریدا کەوتنە کار.

ژاپۆنییەکان لە سەدەی نۆهەمەوە تا سەدەی دوانزەهەم لە تەقەلادا بوونە تاکوو هونەری ژاپۆنی لە ڕەنگ و ڕوخساری وڵاتانی تر خاوێن کەنەوە. ئەمە وەنەبێ هەر تەنیا لە هونەر، بەڵکوو لە شیعر و ئەدەبیات و ئەفسانەکانیشدا ئەو تەقەلایە دەستبەکار بووە. لە دوادوایی سەدەی دوانزەهەمدا تویژی توندوتیژی "ساموورای" دەوڵەت و دەسەڵاتیان لە ژاپۆندا گرتە دەست.

ئەو حاڵەتە سەربازگەرییە لە هونەری شێوەکاری پەیکەرسازیدا ڕاستەوخۆ ڕەنگی خۆی دایەوە. لە دوای لەناوچوونی دەورەی "کامکورا" سەردەمی پەیکەرسازیی ئایینیش تەواو بوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاشیگاگا ١٣٣٨تا ١٥٢٣ز پایتەخت دووبارە گوێزرایەوە "کیوتو" بەسەر ململانێ و بیگرە و بەردەی ئەو دەورەیدا هونەر فەرامۆش نەکرا، هەر وەک خۆی مایەوە، جۆرێک لە هونەری شێوەکاری هاتە کایەوە، کە زۆرتر هەر بە مرەکەب ڕەنگئامێزیی دەکرا، تابلۆکانی "چای خولەدن" هی ئەو سەردەمەیە بوو، کە هۆکارێک بووە بۆ بەدەستهێنانی هونەرێک تەنها بۆ چینی ئەشرافیەت و دەسترۆیشتووان... لە ئاوا ڕۆژگارێکدا سەبکی شێوەکاریی "توسا" هاتە کایەوە بە تێکەڵاوی شێوەی چینی و توسا، جۆرێکی دیکەی شێوەکاری خرایە بەرچاو بەناوی "کانو" کە زۆرتر بەسەر لەوحی سینەوە بە چەکووش و قەڵەمی پۆڵایین ئەنجام دەدرێت، سەرەنجام دیکتاتۆری سەربازی لە هەرا و بەزم و ملووکوتە تەوایفی میرنشینەکان لە سەدەی شانزەهەمدا کەوتە ناو وڵاتی ژاپۆنەوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی "مۆمۆیاما ١٥٧٣تا ١٦١٦ز" دەسەڵات لە خاوەن زەویوزارەکان وەرگیرا و درا بە دەست دەوڵەت کە لە لایەن دەستەڵادارانەوە لایەنگیریی دەکرا، لەم سەردەمەدا پەیڕەوانی

بیروڕای ڕازاندنەوە و ڕابواردن بوو بە هۆی لە یەکترترازانی هونەر لە ئـایین و دروسـتکردنی کەلـوپەلی ڕازانـدنەوە و ڕابـواردن بە تـایبەت لە پێکهێنانی دیکۆری ناوەوەی ساختماندا.

دەوڵەتی ژاپۆن لە سەدەی هەژدەهەمدا کۆمەڵێک هۆڵەندی لە شـاری "ناکازاکی"دا نیشتەجێ کرد، تا ببنە چاوساغیی زانستی ئەورووپایی، لەو ڕووەوە بـۆ یەکەمـین جـار ژاپۆنییەکـان ئاشـنابیان لەگەڵ هـونەری ئەورووپـادا پەیـدا کـرد، بەڵام ئەوانەی ئاگـادارکرانەوە لە هـونەری ئەورووپا ژمارەیـان زۆر نەبـووە، بـۆ یەکەمـین جـار ئاگاداری گرنگیـی "پرسـپیکتڤ" بـوونە و لە شـێوەکاریدا لە دوای بەشـی دووهەمـی سـەدەی نـۆزدەهەمەوە کە پێوەنـدیی نێـوان وڵاتـی ژاپـۆن و وڵاتـانی ئەورووپـا بەربڵاوتـر و پتەوتـر بـوو... هونەرمەنـدانی ژاپـۆنی گەلێـک بەشـێوەی ئەورووپی سەرسام بوون، بەڵام بڕێک هونەری کەلتووری سوننەتی لە ژاپۆندا هەروەک خۆی پارێزرا وەک شانۆی "کابۆلی".

وڵاتـی ژاپـۆن بە درێژایـی دووسـەد سـاڵ سـنووری وڵاتەکەیـان بە ڕووی بێگانەدا داخستبوو، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزەمدا دەروازەکانیان بە ڕووی بێگـانەدا کـردەوە، زۆر لە ژاپۆنییەکـان هـونەر و ژیـانی ئەورووپاییەکانیان قبووڵ کرد، چەندان مامۆستای هونەری ئەورووپایی لە ژاپۆن دەستبەکار بوون... ئیتر شـەپۆلی ئەورووپاگەرایی لە زۆر لاوە کەوتە بەرچـاو، لە هـونەرە جوانەکـانی تۆکیـو ئەگەرچـی هـونەری ئەورووپاییـان دەوتەوە، لە هەمـان کاتـدا مەکـتەبە کۆنەکـانی ژاپۆنیـان دەپاراسـت وەک: " کـانو، تۆمـا، یامـاتۆ، ئەکوشیشـی" تـا میللەتـی ژاپـۆن کەلتوور و سوننەتەکانیان لەبیر نەچێتەوە.

لە سەدەی بیستەمدا شەوقی هونەری ژاپۆنی بۆ فێربوونی هونەری ئەورووپایی گەیشتە پۆپە، لە کاروکردەوەی هونەرمەندانی ژاپۆنیدا هونەرمەندان "کاواکوئی، کیگای، واکیتاکازو" کە لەسەر هونەرمەندانی گەنجی ژاپۆنی دەژمێردران، ڕەنگدانەوەی شێوەی هونەری هونەرمەندانی ئەورووپای وەک" بونار، ماتیس، بیکاسۆ" لە کارەکانیان وەدەرکەوت. ئەورۆ لە ژاپۆندا هونەری گرافیک لە هونەرەکانی تر پێشکەوتووترە....

سەردەمی پێشکەوتن و درەخشەندەگی دەستەڵاتی هان لەنێوان ٢٠٦ تا ٢٢٠ پ.ز بووە، چین کاروکردەوە هونەرییەکانی گەیشتوونەتە ڤیێتنام، کۆریا، لەوێڕا هونەری کلاسیک لەسەر بنەمای هونەری چینی دامەزراوە و لە ئاسەوارەکانا زۆر شت دۆزراوەتەوە کتومت هونەری چینین، شێوەکاری کلاسیکیی چین سەرەتاکەی بۆ وەدەرخستنی ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی مردووان دەستی پێ کردووە و لە ڕەنگی تووند و تۆخ پارێزییان کردووە.

لە هەر زنجیرە دەستەڵاتێکدا دیاردەیەکی تایبەتمەند خراوەتە ڕوو، زنجیرە دستەڵاتی (چو) کە درێژترین زنجیرە دەستەڵات بوونە لە ١٠٥٠تا ٢٥٠پ.ز بەردەوام بوونە، لە سەرەتاوە زۆر بەهێزبوون، بەڵام لە دواییدا هەر ناویان دەمێنێتەوە، دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەماوە، لە ٢٢١پ.ز ئەو زنجیرە دەستەڵاتە لەناوبراوە، دەستەڵاتێک بەناوی (چین) هاتە سەر کار، توانییان ئیمپراتۆیەتی چین پێک بهێنن.

(شاە شانگ) بە یەکەمین ئیمپراتۆر ناو دەبرێت کە بتوانێ پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بهێنێت. توانییان تۆڕێک لە لە ڕێگەوبان لەناو سەرتاسەری چیندا دروست بکەن، هەروەها کۆشکی

سەر قەنەتی خان، شوورەی بەرگری لە شارەکان دروست بکەن، ئەو کارانە زۆرتر بە عەرەقی ناوچاوانی خەڵکە زۆرەکە ئەنجام دەدرا کە ئمپیراتۆر مردووە، شۆڕشێکی تێکڕایی لەسەرتاسەری چیندا ڕووی داوە بە فەرماندەیی کوڕەجووتیارێک بەناوی (لیوبانگ)، هەروەها دەوڵەتێکی تر دروست بووە ٢٠٦پ.ز بەناوی زنجیرەی (هان) و توانیویانە دەسەڵات و توانای چین چ لە ڕووی سیاسییەوە یان سەربازی دەستەڵاتێکی بەربڵاوتر پێکبهێنن.

سەرەنجام وەک دەستەڵاتەکانی تر تووشی دەردی دزی لە خەڵک و زوڵم و زۆر هاتووە و لەناوبراون. زیاتر لە چوارسەت ساڵ ململانێ و شەڕی ناوخۆی چین بەردەوام بووە، لە (سەدەی شەشەمی .ز) چین دووبارە یەکتریان گرتووەتەوە، بەڵام فەرهەنگی چین لەناو نەڕۆیشتووە و ئەو شەڕ و شۆڕە نەیتوانیوە ڕیشوی فەرهەنگ و هونەری کۆنەساڵی چین لەبن وەدەربهێنێت.

شاعیران، تەلارسازان، هونەرمەندان، کاروکردەوەی شایانیان ئەنجام داوە. هەروەها یەکسانکردنی (خەتنووسین) کە توانی یەکسانیی زمانی چینی بپارێزێت، زۆر لە فەرهەنگە پێشکەوتووەکان وەک فەرهەنگی فەراعینە، هەرەمەکان ٨٠٠ساڵ لە پێش فەرهەنگی چیندا دروستکراوە. کۆشکەکانی شاری تروا لە پێش فەرهەنگی چیندا دروستکراون، کوان ئەو فەرهەنگانە؟

فەرهەنگی چینی، زنجیرەیەکی بێ پچڕانە و بە دەم یەکەوەیە تا بە ئەمڕۆ ماوەتەوە.

ڕاستە زنجیرە دەستەڵاتی چینی زۆر بوون، تا ڕادەیەک لە یەک جیاواز بوون، بەڵام تاکە شتێک وڵاتی چینی لە یەک دانەبڕاند یەکسانیی (خەت) بوو، بە یەک خەت مێژووی چین نووسراوەتەوە. ئەدەبیات هەر بەو خەتە نووسراوەتەوە.

لەو سەردەمانەیدا زۆرتر شەڕی ڕووبەڕووی شازادەکان بەرانبەر یەک بەپێی مەرج و نەریتێکی تایبەت ڕوویان دەدا جگە لە لەشکرکێشی و شەڕی تێکڕایی، لەناو ئەو شازادانەیدا کەسانی لێزان و حەکیم هەبوونە، تا لەو جۆرە ململان و پێکدادانانە کەم کاتەوە شازادە (هوان شازادەی دەڤەری چی)کە توانی ٤٢ ساڵ چەندان دەوڵەتی شەڕەنگێز لە شەڕ و لەشکرکێشی دوورخاتەوە.

لە سەردەمی دەستەڵاتی (جو)دا تەنها میرزادەکان شمشێری برونزیان بەکار دەبرد تا گەیشتە سەردەمی دەوڵەت شەڕئەنگێزەکان کە گەیشتبوونە دۆزینەوەی کانی ئاسن و تواندنەوەی و چەکی شەڕ دروستکردن ئەویش لە سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایینـدا لە ئاسن دروست کراون، لە سەدەی پێنجەمدا کەوانی تفەنگی دروست کراوە لەو سەردەمەیدا گەلێک بکوژ و ترسێنەرتر لە شمشێر و ڕم بووە.

# نائیبولسەلتەنەی شاسوار

ڕەنگە لە مێژووی چیندا بە ئەندازەی فەرمانداری (چو) شایانی ڕێز و شاسواری نەبووبێت، کە براگەورەکەی شاه بووە دەمری، کوڕەکەی منداڵ بووە جێگەی شا دەگرێتەوە، براکانی دژ بە ئەو دەکەونە شەڕ و شۆڕەوە تەواوی شۆڕشەکان لەناو دەبات، کە حەوتەمین ساڵی نائیبولسەڵتەنەی تەواو دەبێت برازاکەی دەکاتە بیست ساڵ (چانگ وانگ) جێگەی باوکی دەگرێتەوە، لەو حەوت ساڵەیدا چەندان کۆشک و تەلاری سەڵتەنەتی شکۆدار دروست دەکات.

چەندان ساختمانی دەوڵەتی دەسازێنێت، تەواوی شازادە و فەرماندەکان داوەت دەکات، لەڕێوڕەسمێکی شاهانەدا (چانگ وانگ)ی برازای لەسەر تەختی شاهی دادەنێت... ئەو تەلارانەی ئەو دروستی کردبوون یەشتا ئاسەوارەکانی هەر ماونەتەوە. لەو ڕێوڕەسمەیدا ١٨٠٠شازادە و فەرماندە ئامادەبوونە، لەو حەوت ساڵەیدا لە کاری ساختمانی، جادە و ڕێوبان، پرد و ئاوڕەوی دروست کردووە، ئابووری و کشتوکاڵی سامان پێداوە، سەرەنجام وڵاتێکی ڕازاوەی داوەتە دەست شایەکی گەنجەوە، ئەو پیاوە لە مێژووی چیندا هەمیشە وەک کەڵەپیاوێکی بە گوزەشت تا بە ئێستا ستایشی لێ دەکرێت.

لە مێژووی چیندا ڕێوڕەسمی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لە ساڵی ٨٠٠پ.ز نزیکەی دووسەد فەرمانڕەوا لە سەرتاسەری وڵاتی چیندا فەرمانڕەواییان کردووە، هەر یەکە لەوانە دامودەزگای بەربڵاوی فەرمانڕەواییان هەبووە، دەستەڵاتدارانی ئەو دەڤەرانە وەک شازادەکان،

میرەکان، فەرماندەکان، پێگەیان بە ئیرس بۆ دەمایەوە، باوکی چی بووە کوڕەکەشی وا دەبوو.

ئەو سیستەمە شۆڕبووەتەوە ناو مێژووی چیندا. لەو سەردەمەیدا توانەوەی فلزوکانەکان قالبگیریی کراوەتە باو، زۆر پارچەی فلزی هونەری بە دەستەوەیە هی ئەو سەردەمانەیە. نووسینی جۆراوجۆر لەسەر ئەو ئاسەوارە بە دەست هاتووانە نووسراون لە ڕووی هونەرییەوە پڕن لە زەرافەت و تەناسووب و ئەندازەی وەستاکارییان لە تواندنەوە و قالبگیری.

بڕێک لەو نووسینانە باس لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی دەکات. مێژووی ژیان و مەرگی پاشاکانی ئەو سەردەمەی دەکات. لە ساڵی ١٩٧٠ز جێگەیەک دۆزراوەتەوە سەدان پارچەی هونەری دۆزراونەتەوە، هی سەردەمی زنجیرە دەستەڵاتی (چو) بووە، ئیدی پارچەی فلزی ئایینی، کۆمەڵاتی، دەفر و دەوری ئامێرەکانی خواردنەوە، سەرتاسەری ئەوانە بە شێوەیەکی هونەری قالبگیریی کراون، گۆزەی فلزی کە ڕووەکەی پڕە لە نەخشەی گوڵ و چڵ و فۆرمە هەندەسییەکان، هێندە وردەکاری تیادا کراوە مایەی سەرسامین.

وەنەبێت لە سەردەمی دەستەڵاتی (چو)دا تەنها لە برونزکاریدا وەستابوونە، نەخێر بەڵکوو لە مۆزێک، ئەدەبیاتدا پایە و پلەی بەرز و بوڵندیان بەدەست هێناوە.

بەندە کە لە مێژووی میللەتان وردەبمەوە کە پڕن لە داهێنان و دروستکردن و تەقەلا، لە خۆم دەپرسم ئەو دەم ئێمەی کورد لە کوێ بووینە؟ لە مانگدا بووینە یان ئەستێرەکانی تر؟ بۆ خوا نیشانەیەکمان

بەدەستەوە نییە، یەشتا مێژوونووسەکانمان نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە ئێمەی کورد دەگەڕێینەوە سەر ماد.

ئیمپراتۆر (شوێن) زنجیرە دەستەلاتی (شیا) مۆزیکژەنێکی کردووەتە وەزیر تا مۆزیک لە ولاتدا زۆرتر باو پێ بدریت. سەرچاوەیەک دەڵێت خودی ئیمپراتۆر مۆزیکژەنیکی بە توانا و شاعیریکی باش بووە. ژمارەیەک شیعر ٣٠٢پارچە شیعر بە دەست هاتووە، پڕن لە هەڵبەستی عاشقانە، یان ستایشی خودایان یان تەرانە سەرابی بۆ گۆرانی وتن، یان شیعری گاڵتەجاری یان پیاهەڵدان، هەروەها دەربارەی جەژنەکان یان ڕاوکردن یان ستایش ئەوانە هەموو لە دەربارەی پاشاکاندا خوێندراونەتەوە.

کتاوێک بەدەست هاتووە پڕە لە پێشگۆیی دەربارەی ئایندەی بەشەریەت، لە سەرەتای زاییندا نووسراوە، لە لایەن کۆمەڵێکی زۆری کەسە بەرجەستەکانی ئەو زەمانەیە وەک: فەیلەسووفان، عارفەکان، سیاسەتمەداران، کیمیاگەران، جادووگەران، مورتازەکان، بیرمەندەکان، ڕیازیزانان. ئەو کتاوە گەلێک بەناوبانگە بەناوی (بی چینگ) گوایە لە لایەن چوارکەسەوە نووسراوە، ڕووداوەکانی هی ٣٠٠٠ ساڵ لە پێش زاییندایە. ناوی کەسە بەرجەستەکانی مێژووی چینی تیادایە، وەک: رف وانگ ١١٠٠پ.ز. کۆنفسیوس سەدەی پێنجەم تا شەشەمی پ.ز، ئەو کتاوە پڕە لە ڕێنمایی، پڕە لە فێرکردن، لە چۆنیەتی مەرجەکانی ڕاوکردن، ماسی گرتن، ئاژەڵداری، ٦٢مەرجی تیادا نووسراوە بۆ چۆنیەتی بەردەوامی ژیان. هەروەها پەند و وتە بەناوبانگەکانی کۆنفسیوس. (پی چینگ) کتاوێکە وەک ئەساسنامەی ژیان وایە.

لە هەقیقەتدا سەردەمی دەستەڵاتی (چو) بە جەوهەری کلاسیکی چین دەژمێردرێت، دەربارەی هونەر و ئەدەبیات، بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر شتی تریش.

سەرئەنجام لە ٧٧١پ.ز شازادە ناڕازییەکان و هۆزە کۆچەرەکان توانییان دەوڵەت و دەستەڵاتی (چو) لەناو ببەن.

سەردەمێکی دووردرێژی شەڕ و پەلامار لەناو دەوڵەتەکاندا ڕوویان داو ئالیەت و سیستەمی شەڕکردن گۆڕابوو، گالیسکەی جەنگی کە تایبەتمەندیی شازادەکان بوو لە شەڕدا گرنگیی خۆی لە دەست دابوو. چەکی ئاسن بە دەست هەمووانەوە بوو، شەڕکردن وەک هونەرێکی لێ هاتبوو، کەسێک بەناوی (سونزی) کتاوێکی دەربارەی شەڕکردن و چۆنیەتیەکەی و پێداویستییەکانی شەڕ و مەرجەکانی و پەلامار و کشانەوە فێڵکردن لە شەڕدا و فەرمان جێبەجێکردن و یاسای تایبەت بە شەڕ لەو کتاوەیدا بە وردی بەند بەند و خاڵ خاڵی نووسراوە بۆ نموونە:

دوو لەشکر بەرانبەر یەک ڕاوەستاون تا فەرمانی پەلامار بدرێت، ئەفسەرێک، کە دەگەڕێتەوە دووسەری دوژمنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. شاە نەمر دەکا سەری بڕن، هەرچی فەرماندە دەکۆشێت شا ببەخشێت، شا سووربووە لەسەر سەربڕینی لەبەر بێ فەرمانی و سەرەڕۆیی.

بە شێوەیەکی گشتی لە زۆر لاوە گۆڕانکاری ڕووی داوە، لە کۆمەڵگایشدا دەرەبەگایەتی بنبڕکراوە، ئەو سیستەمە جووتیارەکانی ناچاری کۆچکردن بۆ ناو شارەکان کردبوو. گۆڕانکاری فکری لە کۆمەڵگەدا هاتبووە وجوود، بڕێک لە شاکان پاڵپشتی هونەر و

تەلارسازی و کارە دەستییەکان و دونیای هونەری زۆرتر مۆزیکیان دەکرد، یەکێک لە ئیمپراتۆرەکان بۆ خۆی مۆسیقای دەژەند و ئەهلی هەڵبەست و بەزم بووە، لە دەستەڵاتی (شانگ)دا کۆشک و تەلارەکان لە دار دروست دەکران، بۆیە هیچ ئاسەوارێکیان لێ بەجێ نەماوە، یان بەپێی ڕەوەشت و ڕەواڵی ئەو سەردەمانە، سەرکەوتووەکان ئەوی کۆشک و دامەزریاوەی دوژمنیان بووە سووتاندوویانە ئەوی ماوەتەوە بنەڕەتە بێ سەروبنەکانی ساختمانەکانە، ئەگەرچی بنچینەکان لە جۆرێک گڵ دروست دەکران گڵەکەیان وا پتەو دەکرد هەروەک کۆنکرێتی ئەمڕۆیان لێ دەکرد، (قسڵ)یان پێ دەوت.

لە ساڵی ١٩٣١ز برێک لە ئاسەوارناسان ئەساس و بنچینەی ساختمانێکی سەڵتەنەتیان لەژێر خاکوخۆڵ دەرهێناوە. دوای هەزاران ساڵ هەر وەک خۆی ماوەتەوە، کە بنەڕەتەکەی بە پانی ٣مەتربووە و بەسەریدا بەردی قەبارە زلیان داناوە. هەروەها گۆڕ و مەزاری شاکانیان دۆزیەتەوە، بەڵام لە مێژدا تاڵان کرابوونە لە لایەن دزەکانەوە.

ئەوسا ڕەسم و ڕەواڵ وابووە کاتێک لە وڵاتی چیندا شایەک، ئیمپراتۆرێک بمردایە، چاڵێکی گەورەیان بە ئەندازەی ٨م ×١٦م هەروەها بە قووڵیی ١٢مەتر هەڵدەکەن لە ناوەڕاستی ئەو چاڵەیدا لە دار ژوورێک دروست دەکرا بۆ تابووتی شا و لە دەوریدا پێویستییەکانی شا دادەنران و پڕ دەکرایەوە دیارە لەگەڵ شای مردوودا کەسانی زیندوو زیندەبەچاڵ کروان لە یەکێک لەو گۆڕانەیدا پیشە وپەلا (ئسکلیت) تەرمی ١٧پیاو و ٢٤ئافرەت و ١٧گالیسکەی جەنگی تیادا بووە، ئەو زێڕ و خشڵ و پێداویستییەکانی شاە بووە لە مێژدا دزرابووە. تەنها کۆڕێکیان دۆزیوەتەوە کە گۆڕی شاژن (فوهائو) بووە، تاڵان نەکرابووە، سەدان

پارچەی هونەری دۆزراوەتەوە لە برۆنزەوە بگرە تا سەنگی یەشمی (هونیکس) کە زۆربەیان گەندەکاری و هونەرمەندانە کاریان لەسەر کردووە ١٢٥٠پ.ز لەوێرا سەرجەم ئەمانە دۆزرابوونەوە: ١٣٠پارچەی شەڕکردن، ٢٣زەنگی گەورە٢٧ چەقۆ. ٤٠ئاوێنە ٤٦٠پارچەی برونزی. چواردە سەری پڵنگ ٧٥٠پارچە مەڕمەڕی هونیکس ٧٠ پەیکەری بەردین، پەنجا قردیلەی لە پیشە دروستکراو، ٢٠ نووکی تیر لە پیشە دروستکراو. ٣٠ پارچەی نەخشونیگاردار، ٦٩٠٠پارچە سەدەف، ٢٠٠ دەوری برونزی. هەروەها سێ پایە و چوار پایەی مۆمدان.

دیارە نەریت وابووە گۆڕی مردوو شەرابپڕژێن کراوە، گۆزەی شەرابدان و ئامێرەکانی خواردنەوەی شەراب لەگەڵ مردوودا خراونەتە ناو گۆڕ. زیاتر لە شەست دەفر و دەوری ناوی مەلەکە (هانو)ی لەسەر نووسراوە. دیارە ئەم هانووە ژنی (ڤۆدینک) شای دەستەلاداری ٢٠٠پ.ز کە لە زۆر کەتیبەیدا ناوی هاتووە.

## شەڕی سازندە:

بڕێک لەو شەڕە خوێناویانە ئاکام و سەرەنجامیان بووەتە هۆکاری گۆڕانگاری فکر، فەلسەفەی تەواوی شا و شازادەکان هەموویان خوێنڕێژیيان نەکردبووە پیشە. بڕێک لەوانە پەیڕەوی بیروڕای سازندە بوون. قەناعەتیان بە بیروبۆچوونی سەردەمی خۆیان هەبووە، بڕێک لە شاکان بۆ خۆیان هونەرمەند بوونە، جگە لەوانە بڕێک لە لێزانانی فکری گەشتیاری ناو لادێکان بوون و وەعزی فکریان بڵاو دەکردەوە.

# فەلسەفەی کۆنفسیوس

بێگومان وتە و ڕێبازی (کۆنگ فوزی) ناسراو بە کۆنفسیوس، چرایەکی هەمیشەگی بەشەریەتە. ئەو زاتە لە ساڵی ٥٥١پ.ز لە دەڤەرە بچووکەکەی (لو) لە ڕۆژهەڵاتی چیندا هاتووەتە جیهانەوە. زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی بنەماڵەکەی بەدەستەوە نییە، بەڵام زانراوە لە خێزان و بنەماڵەیەکی خانزادە بووە، بەلام زۆر دەوڵەمەند نەبوونە. بۆخۆشی هیچ ناووناتۆرێکی بنەماڵەیی نەبووە.

پرۆفیسۆر (کریل H.G) دەربارەی دەڵێت: ئەو ناچار بووە بۆخۆی ژیان و زیندەگی بەڕێوە ببات، وردەکاری ئەنجام دەدا و هەروەها بە خوێندن و خوێندنەوە سەرگەرم بووە، بەڵام وا دیارە خۆی پەروەردە کردووە، لەناو خەڵکدا ژیاوە و بە ئاسانی ئاگاداری دەرد و غەم و تفتوتاڵیی ژیانی خەڵکە زۆرەکە و دەرد ئاشنا بووە.

تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵکدا بووەبووە هۆی ناسازگاری لەگەڵ دەستەڵات و فەرمانڕەوایانی سەردەمدا. بۆ نموونە شازادەیەگی بەلای ئەوە بە دیاردەی زوڵم و زۆری زانیوە و دوورکەوتووەتەوە لەو جۆرە کەسانە، بەڵام جاروبار ئەو شازادانە پرسیاریان لێ کردووە، بۆ نموونە:

لەو دەڤەریەدا بە ڕای تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ دزەکاندا بکەین؟

لە وەڵامدا وتوویەتی: قوربان! ئەگەر جەنابت تەماحت کەیتەوە و دەست بۆ ئەوانە نەبەی، کە هی تۆ نین و ئەوانەی بردووتن بیگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکانیان بە تەئکید دزی گەلێک کەم دەبێتەوە.

کۆنفسیوس مەیلی بەلای گۆڕانکارییەوە بووە، بەڵام شۆڕشگێڕ نەبووە و لەگەڵ زەبر و هەرادا نەبووە، تا لەو ڕێگەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت، زۆرتر کۆشاوە کار لەسەر فکر و بۆچوونی خەڵک بکات، ڕەفتار و کرداری مرۆڤ بەرەو ئینسانیەت ببات، تا کۆمەڵگەیەکی پاکوخاوێن ئاو لە سەرچاوەی وژدان بخۆنەوە. ئەو بێ مەیل نەبووە لە ڕێگەی دەوڵەتدارییەوە خزمەتی خەڵکی بکات، بەڵام هیچ کات ئەو پێشنیارەی پێ نەکراوە.

بیروبۆچوونەکانی وانەی کۆمەڵایەتی بوونە نەک ئایینی، ئەو هەرگیز لە ڕووی ئایینی ئاسمانییەوە خۆی نەناساندووە، یان ئەوەشی نەوتووە، کە هەقیقەت تەنها بەلای خواوەیە، هیچ جۆرە نووسینێک یان کتاوێکی لە دوای خۆی جێنەهێڵاوە، بەڵام برێک لە قوتابی و شاگردەکانی وتەکانیان نووسیوەتەوە بەناوی کورتە وتەی کۆنفسیوس و کردوویانەتە کتاو.

برێک لە قوتابییەکانی توانیویانە فەلسەفەی ئەو بە وردی و بە جوانی بخەنە بەرچاو، لەپاڵ ئەوەشدا بیروبۆچوونی خۆشیان بخەنەڕوو.

برێک لەوانە توانیویانە دوای مردنی کۆنفسیوس ناوباوی باش بەدەست بهێنن، لە سەدەکانی دواییدا بیروبۆچوونەکانی کۆنفسیوس وەک ڕێبازێکی ئایینی کەوتە سەر زمان و لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، زۆر لەو وتانە کە بەناوی ئەوە بڵاوبوونەتەوە بە تەئکید لە بیروبۆچوونی ئەوەوە بە دووربووە.

فەلسەفەی کۆنفسیوس بریتییە لە وتووێژی کورتی پڕ لە تێفکرین و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دادپەرستانەی سەروساماندار و پابەند بە ئەرک و ئەمانجی پێکەوە ژیان. مێرد لە گەڵ هاوسەردا، فەرمانڕەوا

لەگەڵ فەرمانبەردا، باوک لەگەڵ منداڵ و ئیدی تەواوی جومگەکانی ژیان. هەرکەسە و بەپێی ئەرک و توانای هەنگاوی شایستە بنێت، فەرمانڕەوا و کارەکانی هەر دەبێ لە ڕێژەی عادیلانە وەدەرنەچێت، ئایینی کۆنفسیوس ئایینێکی ئەخلاقی و ئینسانی بووە، داوای لە فەرمانڕەوا کردووە عادیلانە بجووڵێتەوە، لە زوڵم و زۆر و نادادپەروەری بە دوور بێت. ئەو بیروڕایانە لەو سەردەمانەیدا کە فەرمانڕەوا خۆی بە خوا زانیوە و خاوەنی سەر و ماڵی خەڵکەکە ئەو بیروبۆچوونانە کودەتایەکی دەروونی لە فکردا هێنایە کایەوە. ئەوە کۆنفسیوس بوو بوویە هۆکاری پاراستنی ئەدەب و هونەر و کەلتووری شیاو و پەسندی فەرهەنگی چین، کە زۆربەیان تا بە ئەمڕۆ ماونەتەوە.

کاتێک کۆنفسیوس مردووە ٤٧٩پ.ز هەستی بەوە کردووە کە لە ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە، دوای مردنی ئەو هەموو پیادا هەڵدان و ستایشە لەگەڵ فکر و بۆچوونی ئەودا نەگونجاوە.

کریل دەڵێت: کەم کەس بووە وەک کۆنفسیوس شوێن پای لە ڕاڕەوی بەشەریەتدا مابێتەوە. زۆرتر هەر لەبەر ئەوەیە، کە مرۆڤایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە بنەمای سەرەکی بیروبۆچوونەکانی بووە، بۆیە بۆ هەتا هەتا هەموو مرۆڤێک خۆی بە خاوەنی ئەو بۆچوونانەی دەزانێت و لای وایە ئەو وتانەی کۆنفسیوس مەبەستی لەوەبووە بۆیە بەلایەوە پیرۆزە.

کۆنفسیوس دوای هەزاران ساڵ پەشتا وتەکانی بەلای زۆر کەسەوە هەڵمی لێ هەڵدەستی، پەشتا هەموو مرۆڤێکی مەزڵووم لای وایە مەبەستی ئەوە.

## وتە کورتەکانی کۆنفسیوس

مامۆستا وتوویەتی: خەڵکەکە خواستگاری ئەوەیە لە بەند و زیندان ڕزگاریـــان بێـــت، ڕابەرەکـــان نـــاکرێ لە یاســـا دوورکەونەوە، ژیـــانی ڕاســـتگۆیانە خەڵـــکەکە لە ئەدەب و ڕێـــز لەخـــۆگرتن نزیـــک دەکـــاتەوە، شەرمکردن دەکرێتە پیشە و ڕێخۆشکردن بۆ ژیان.

کۆنفسیوس دەڵێت: دارایی و شانازی ئارەزووی هەمووانە، ئەگەر لە ڕێگەی ڕاست و ئاساییەوە بە دەستی نەهێنا مانای ئەوە نییە سووربێت لەســـەر ڕێـــگەی چەوت و نەشـــیاو بـــۆ بە دەســـتهێنانی. هەژاری و کەمدەســـتەڵاتی هەمـــووان لێـــی بێـــزارن، ئەگەر تـــوانرا بەدەســـت بهێنرێـــت، هەژاری شەڕافەتمەند و پیاوچاک و شیاوی لایەق نابێت.

تشـــوگونگ یەکێـــک لە خەلیفەکـــانی کۆنفســـیوس لـــێ پرســـی: مرۆڤـــی شیاو و شەڕافەتمەند کێیە؟

وتی: مرۆڤی شەڕافەتمەند ئەو کەسە تەمێ قبووڵ کات و تەمێکەیش بە خەڵکەکانی تر ڕاگەیەنێت و فێریان کات.

مرۆڤـــی شـــەڕافەتمەند هەمیشـــە ئـــارام و لەســـەرخۆیە و وژدان ئاســـوودە، کەســـانی نایـــاب هەمیشـــە ئاشـــووفتە و ئـــاڵۆز و گێرەشـــوێنن، مرۆڤـــی بە شـــەرەف عاشـــقی تەقـــوا و تەوازووعە، پیـــاوی ئاشـــوفتە پەیوەســـتە بە دوای دارایـــی و جـــێگەی بەرز و بوڵەنـــدە (بە نـــاڕەوایی). مرۆڤی شیاو شەڕافەتمەند داوا لەخۆی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مرۆڤی ناباب و نا پەسند، داوا لە خەڵکی دەکات، مرۆڤی چاک و شیاو و پەسند یاریدەدەری خەڵکییە بۆ کار و کردەوەی باش و خێر تا سەرکەوتوترین

و لە شـەڕ و ئـاژاوەگێڕان بە دووربـن. کەسـی شەڕدۆسـت و نابـاب بە پێچەوانەوە ئەوی ناپەسند و زوڵم و زۆر و هەرایە بۆ بکرێت پاڵپشتی دەکات.

کۆنفسیوس دەڵێت: مرۆڤەکان لە ڕووی سروشتییەوە لە یەک دەچن، ئەوە فێربوون و کاروکردەوی خێرە لە یەکیان جیا دەکاتەوە.

کۆنفسیوس دەڵێت: فێربوون چینایەتی نازانێت و ئەو کەسەی بیەوێ هەر چینێک بێت دەتوانی فێر بێت کۆنفسیوس بە شاگردەکەی دەڵێت: ئەو شـتەی دەزانـی بڵـێ دەزانـم، گەر شـتێک نـازانی ددانـی پیـا بنـێ کە نەتزانیوە، زانیاری ئەوەیە کە بزانی نازانی.

یەکێک لە قوتابییەکانی لێی دەپرسێت ئایا واژەیەک هەیە وەک بنەما لە ژیانـدا مـرۆڤ پەیـڕەوی بکـات؟ ڕەنـگە ئەگەر مـامەڵەکە لەگەڵ یەکـدا بکرێـت، ئەوەی لای خـۆت بە ناپەسـندی دەزانـی بـۆ خەڵکـانیش هەروا تێفکریەیت.

# فەلسەفەی تائوئیسم

بیروبۆچوونێکی جیاواز لە فەلسەفەی کۆنفسیوس لە سەردەمی (جۆیسین) کە دەوڵەتدارێکی چینی بووە، سەری هەڵداوە. بیروبۆچوونەکەی برێک پێچوپەنا و لارێ بووە، دروست بە پێچەوانەی کۆنفسیوس، زۆر لە فکر و بۆچوونیان نادیار و ڕازدارە. ئەوان باوەڕیان بە هێزی نەبینراو و باس لێنەکراو بووە و دووربوونە لە مادەگەرایی، ئەوی هەیە یا ڕوو دەدات ئەوانە هۆکاری ڕووداوەکەن.

تائوئیسمەکان بەو بیروبۆچوونەوە لەگەڵ یەکدا مامەڵەیان کردووە و پێگەی خۆیان لەناو بازنەی گەورەی سروشتدا دۆزیوەتەوە.

دەزگا و کەسانی بواری ڕاگەیاندنیان بە پەیڕەوانیان دەوت:

کە خۆیان بسپێرنە ڕەوڕەوەی سروشت، دروشمی ئەوان (و و ڤی) بووە، یانی هیچ تەقەلایەک مەکە، ئەوە بە مانای بێ جووڵەکردن نەبووە، بەڵام زۆر لە پەیڕەوانی تائوئیسم لە تەواوی کاروباری زیندەگییەوە بە دووربوونە، هیچ جۆرە هەوڵێکیان نەبۆ دارایی یان دەستەڵات یان پێگەی کۆمەڵایەتی نەداوە. دەربارەی دەوڵەتداری بە پێچەوانەی کۆنفسیوس تێفکراون.

کۆنفسیوس هانی کەسانی جوانڕەوشتی داوە تا لە دەوڵەتدارییدا بەشداری بکەن، ئەوان خۆیان لە دەوڵەتداری بەدوور گرتووە، چاویان لە بازنەی بەربڵاوی سروشت بڕیوە، ئەوان لایان وابووە ئەگەر قەرارە دەوڵەت و دەوڵەتداری هەبێت، لێگەڕێ با بچووک بچووکتر بن باشترە زۆربەیان تێکەڵی خەڵک نەدەبوون (وەکوو چلەنشینەکان یان ئەشکەوتنشینەکانی دونیای تەسەووفی ئیسلامی).

ئەوانەی وا پابەندی زیندەگی بوونە ڕێنمایی کراون بە ڕۆژ پەیڕەوی کۆنفسیوس بن بە شەو تائوئیسم... لەو سەردەمەیدا وڵاتی چین پڕبووە لە ئاشــووفتەبازاڕیّ و هەرا و بیگــرە و بەردە، بەهێــز بەهێزتــر دەبــوو، هەژار هەژارتـر، پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لە بنەمـاوە هەژاربـوون، لە یەک خێزاندا جاسووسیەتیان دژ بە یەکتر کردووە.

## بڕێك لە بیروبۆچوونی تائوئیسمەکان

ئەگەر ناتەوێ شەراو بە فیڕۆ بدەی، لێوانەکەت پڕ مەکە، ئەگەر دەتەوێ شمشێرەکەت بە تیژی بمێنێتەوە تیژتری مەکە. ئەگەر ناتەوێ دز فێری ماڵت نەبێت، زێڕ و زیو و شتی گرانبەها لە ماڵەکەتدا دامەنێ.

- سەرمایە و خۆبەزلزان و خۆبەپەسندی سەرەنجام ئەمانە وەک وابێت بڵێی ٢×٢= ٤.
- کاتێک کارەکەت ئەنجام دا ناوت پاراست، زۆر زوو خۆت لەو کارانە بخە لاوە، ئەوە ڕەێچکە و ڕێگەی ئاسمانە.
- هەتاوەکوو دەوڵەت و دەستەڵاتدار و پرسوجۆکەرتر بێت، خەڵکەکە هەژارتر دەبن.
- هەرچی ئامێری شەڕ تیژتر و ڕازاوەتر بێت وڵات بەرەو خوێنڕێژیی نائارامی دەبات.
- هەرچی کاروکردەوەی هونەری و سەنعەت زۆرتر بێت، زۆرتر خەڵک دەخەڵەتێنێ.
- هەرچی ژمارەی پەیکەرەکان زۆرتربن ژمارەی دز و قۆڵبڕ زۆرتر دەبن، لەو ڕووەوە حەکیمان دەڵێن:

من کارێک ناکەم، خەڵکە خۆیان خۆ بە ڕێگەوە دەبەن.

من ئاساییشم زۆر لاگرنگە، خەڵکەکە سەرەنجام خۆیان لە کاری نەشیاو بەدوور دەگرن.

- من هیچ کارێک ناکەم، خەڵکەکە بۆخۆیان بەهێز دەبن.
- من هیچ ئارەزوویەکم لا گەلاڵە نەبووە، خەڵکەکە بۆخۆیان فێری کاری دروست دەبن.

(باشە تۆ لە هەموو کاروکردەوەیەک خۆت کێشاوەتەوە، خەڵکی ئاو و نانت خۆ وەڵا حەیفە ئەم ئۆکسژینە زەریفە هەڵدەمژی. ئەگەر زەڕەیەک کەڕامەتت هەبێت خۆکوشتنەکەت هەزاری خێرە و بەرەکەت، کام فەلسەفە؟ خوسرەوجاف)

کۆنفوسیونیسم و تائوئیسم لە بنەماوە لە یەک جیاوازن، تەنها لە بەرگری لە خەڵکە هەژارەکەدا هاوبیربوونە و بەس.)

## فەرمانڕەوایەکی هونەردۆستی دەستەڵات (چو)

لە سەردەمی دەستەڵاتی (چو)دا، وڵاتی چین لە هەر چوارلاوە شەڕ و پەلامار و کوشتوکوشتار بووە، بەڵام بەلای بڕێک لە دەربەاری دەستەڵاتداراندا بەزمی شەوانەی گۆرانبێژ و مۆزیکژەن و سەماکەرانی جوان لەشولاری نازپەروەر کە لە دەربارەکاندا شەوانە بەزمی خۆیان گێڕاوە.

لە ساڵی ١٩٧٨ز لە لایەن ئاسەوارناسانەوە گۆڕێ شازادەیەک هەڵدرایەوە، ژمارەیەکی زۆری ئامێری مۆزیکیان دۆزیوەتەوە. ئەو ئامێرانە لەناو گۆڕی شازادەیەکی دەستەڵاتی (جو) بەدەست هاتووە. لەوێدا ١٢٤پارچە ئامێری مۆزیکژەندنیان لەژێر خاک وەدەرهێناوە. گۆڕەکە هی شازادەیەک بووەو بەناوی (یەئیززانگ) ٤٣٣پ.ز کە فەرمانڕەوای دەوڵەتێکی بچووک بووە، پڕبووە لەو ئامێرانە، وەک: تەپڵ، دهۆڵ، شمشاڵ، فلووت، سڕناسازی دەموپۆ پیاکردن، نەی، هەروەها ناقووسی بەردین، ٣٢دانە، ٦٤زنگولە، ئامێرێکی ژێداری وەک عوود نووسراویان لەسەر نووسراوە، وەک نۆتەی مۆسیقا، زنگۆڵەکان لە برۆنز بوونە.

لە کۆندا وڵاتی چین دابەش بووە بەسەر چەندان دەوڵەتی گەورە و بچووکدا، دەوڵەتی چین یەکێک بووە لەو دەوڵەتانە و سەرزەوییەکی پانۆپۆڕ و بەلای دەوڵەتەکانی ترەوە بە دواکەوتووترین بەشی وڵاتی چینی گەورە ژمێردراوە،

ئەو وڵاتە بە هەوارگەی پەروەردەی ئەسپ ناسراوە، هەمیشە خێڵە کۆچەرەکانی دەرەوەی سنوور پەلاماریان داوە.

کاتێک دەوڵەت و دەستەڵاتی (چو) کە دراوسێی دەوڵەتی چین بوو کەوتنە ناو کێشە و ئاژاوەی ناوخۆوە، دەوڵەتی چین ئەو ئاشوفتەبازارییەی قۆستەوە، کەوتنە تەقەلای دەستەڵاتی بەرفراوانتر، دەستەڵات و هێزی سەربازیی زۆری بەدەست هێنا.

بەندە باس لە مێژووی هونەر و تەلارسازیی چین دەکەم، چینی ئەو کاتە دابەش بووەتە سەر دوانزە دەوڵەتی سەربەخۆی گەورەبووە، جگە لە سەدان دەوڵەت و شازادەی ناو ئەو دە دوانزە دەوڵەتە.

من ناچارم لە ڕووداوەکانی مێژوو دوورنەکەومەوە و لەناو ئەو دەستەڵات و گۆڕانکاریانەیدا لێرەو و لەوێ پێگە و جێگەی هونەر و تەلارسازی بخەمە بەرچاو.

لەو قۆڵەوە کەسێک هێزی بەربڵاوی بەدەست هێنا بەناوی (فەرماندە شانگ)، لە دەڤەری بەربڵاوی چیندا هاتبووە سەرکار، تا وەک چاوساغی شازادە (شیانو)، کاروباری بە ڕێگەوە ببات، بەڵام بەشێوەکی دڵڕەقانە و زرتەزەلامانە ڕەفتاری دەکرد، ٣٦٠پ.ز. کارەکانە بە مەبەستی چاکسازی و کەمکردنەوەی دەستەڵاتی بەربڵاوی شازادەکان لە کۆنەوە زەویدار و فەرمانڕەوای بێ لێدوانی دەڤەرەکانی خۆیان بوون. فەرماندە (شانگ) بە تەواوی هێزەوە دەکۆشا ئەو دەوڵەت و دەستەڵاتانە بخاتە ژێر لغاوی دەوڵەتی مەرکەزییەوە و دەوڵەتی چینی پێ بەهێز بکات.

شانگ تا ڕادەیەکی زۆرباش لەو بەزمەیدا سەرکەوتوو بوو، هەتاوەکوو زۆر لە زەویی نەچێنراو لێرە و لەوێ بێ خاوەن بوون، تەواوی ئەوانەی کردە کشتوکاڵ و جووتیاران ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر چاودێریی دەوڵەتەوە و ئیدی لە فەرامینی شازادەکان ئازادبوون، بەو شێوە چینێکی ئابووری تازە هاتە کایەوە، بازرگانان ڕاستەوخۆ لەگەڵیاندا کەوتنە ئاڵوویڵەوە، پووڵ و پارەیەکی زۆر گەڕایەوە بۆ

دەوڵەتی ناوەندی و جووتیاران ڕاستەوخۆ بوونە خاوەنی زەوی و زار و مافی فرۆشتنی زەویشیان پێدراوە.

فەرماندە شانگ هەر بەوە ڕازی نەبوو، کەوتە ڕاپێچکردنی بنەماڵە ناسراوەکان پایتەخت تا دەستەڵاتی خێزانە بەهێزەکان ڕیشەکێش بکات، یاسایەکی وەک ئیشتراکیەتی وەدەرهێنا و ئەنجامیشی دا، بەوانەیش ڕازی نەبوو، بڕێک فەرامینی کردە یاسا بۆ ترساندن و تۆقیانی تەواوی خەڵکەکە تا بێ یەک و دوو فەرمانی دەوڵەت ئەنجام بدەن دەوڵەتی چین بە فەرماندەیی (شانگ) بوو بە دەوڵەتێکی دەستەڵادار و دەوڵەمەند، بەڵام شازادە (شیانو)ی پشتیوانی کۆچی دوایی کردووە. سەردەمی دەستەڵاتی (شانگ) کەوتە مەترسییەوە، ئەوی جێگەی شازادەی کۆچکردووی گرتەوە لە مێژدا چزی (شانگ)ی چێژابووە و شانگی زۆر دەبێزاند، بۆیە بە پیلانی کودەتا تۆمەتباری کرد، فەرماندە شانگ ویستی بۆی دەرچێت، بەڵام لەگەڵ تەواوی خێزانەکەی یەک بە یەک کوژران. دەستە و دایرەی تازە هەمان سیستەم و ڕەوشی (شانگ)یان لە فەرمانڕەواییدا بەکار برد.

لە سەدەی داهاتوودا دەوڵەتی چین لە ڕووی پەلاماری سەربازییەوە پانتایی دەستەڵاتیان بەربڵاوتر کرد ٢٤٧پ.ز. شازادە (ژانگ) بوویە سوڵتانی بێ لێدوان نەگەیشتبووە تەمەنی یاسایی، بۆیە دوو سەرۆکوەزیرانیان بۆ دانابووە، کە (ژانگ) بوو بە شاهـ پەلاماری دەوڵەتانی ناو چینی دا، لە تەواوی پەلامارەکانی سەرکەوتوو بوو. ناوی خۆی گۆڕی تا ناوەکەشی لە ئومەڕای تر بەرز و باڵاتربین، ناوی خۆی نا (شی هوانگ تی شی) یانی (سەروەری بوڵەندپایە) یانی ئیمپراتۆر بەو ناوە تازەوە کەوتە فەرمانڕەوایی بێ لێدوان، لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا کەوتە خولیای بە دەستهێنانی دەستەڵاتی سەرتاسەری (چین)ی کردە ئامانجی

سـەرەکیی دەسـتەڵاتەکەی و کەوتە نـوێکردنەوەی سیسـتەم و یاسـا و ڕێسـای ئیمپراتـۆریەتەکەی لەسـەر هەمـووانەوە بەهێزکردنـی دەوڵەت، دەستگاکانی دەوڵەتی پاک و پیس کرد، یاسا بۆ هەمووان یەکسانە، ئەو بنەمـاڵە دەستڕۆیشـتووانەی لە دەسـتەڵات و فەرمـانڕەواییەوە ڕووت کـردەوە، هەمـووانی لە یەک جـێگەدا کـۆکردەوە و لەژێـر چـاودێریی دەربارردا ژیانکردن.

سوپا و لەشکری دەوڵەتەکانی پێشوو بوونە سەربازی چینی گەورە، ئەوی چەکی شەخسـی هەبووە یاسـاغی کـرد و دەبوا بە دەوڵەتـی پـێ بسـپێرن. هەر کەسـێکی لێهـاتووی لە جـێگەی شـیاودا دانـا، بـێ لە یەکدانەوەی ڕەگەز و پێگەی فامیلی یان چینایەتی، دەستگاکانی دەوڵەتی لە دز و دەغەڵ پاک کردووە.

تەواوی فەرامین لە دەربـاری ئیمپراتـۆرەوە دەردەچوو، ئاسـانکاری بـۆ بازرگـانی نـاو وڵات و هەروەهـا دەرەوەیـش شـت و کەرەسـتەی گـرانقیمەت، وەک: سـەدەف، گەوهەر و جەواهیـرات، مـس و زیـو، وەک پـارە ئـاڵووێڵی پێـدەکرا. تەواوی ئەو جـۆرە پـارانە و نرخـدارانەی کـردە پـارەیەکی بـاوەڕپێکراوی یەکسـانی ناوەنـدی کەیـل و کێشـانەی یەکسـان کرد.

پـاچکەی گالیسـکەی کـردە یەکسـان تـا جادەکـان چـاڵ نەکـات، خەتوختووتی چینی یەکسان کرد. لە مێژدا کتاوسووتاندن کرابووە باو، ئەو ڕەفتارەی نایاسایی کرد.

دووجار هەوڵدراوە بیکوژن، هەردوو جار بە دژوار ڕزگاری بووە، وردە وردە لەنـاو خەڵـکەوە دوورکەوتەوە و خـزایە نـاو دەربـارەوە و بەسەر ئەوەشدا فەرامینی بێ یەک و دوو ئەنجام دەدرا.

بڕێک باوەڕی بە خەرافات و دوعا و جادوو بەخت و تەخت هەبوو، بەبێ مەشووەرەتی ساحیر و پێشگۆکان سەفەری نەدەکرد. لە دەربارەکەیدا فەوجێک حەکیم و پێشگەی لە خزمەتدا بووە. یەکێک لە فەرمانە خوێناوییەکانی چوارسەد قوتابیی بواری پێشبینی کردن، کە ڕەخنەیان لە ژیانی هەتاهەتایی ئیمپراتۆر گرتبووە و هەر چوارسەدیانی کوشتووە.

ڕۆژێکی تر بەسەر بولندیەکەوە دەنواڕێت گالیسکە و دەستە و دایەرە و پارێزەری سەرۆک وەزیران ژمارەیان زۆرن بەوە ئالۆز بووە، کەسێک ئەو هەواڵە دەگەیەنێتە سەرۆک وەزیران، هەرچی دەکۆشێ ئەو کەسە بدۆزێتەوە کەس ئامادە نەبوو بڵێت من بووم فەرمانم داوە ئەوی لە دەوربەری دایە هەر هەموویانی کوشتووە.

بێگومان ئیمپراتۆر یەکێک بووە لە خوێنڕێژان، بەڵام لە لایەکی ترەوە مێژوونووسان ددان بەوەدا دەنێن زۆر کاروباری وڵاتی بە شێوەیەکی دروست بردووتە ڕێگەوە، ناوباوی دیکتاتۆریەتی خەڵکی ترساندووە.

لە ساڵانی دواییدا پەنای بردووەتە بەر جادوباز و پێشبینییکەران بێ پرسی ئەوان هەنگاوی نەدەنا... چەندە دیکتاتۆر بوو بەو ئەندازەشە کاروکردەوەی باشی ئەنجام داوە.

زۆر سەرچاوە باس لەوەی دەکات ئیمپراتۆر کە مردووە ئەو ئافرەتانەی منداڵیان نەبووە و لە حەرەمسەراکەیدا بوونە کە مردووە، ئەوانیش زیندەبەچاڵکراون، هەروەها ئەوی تەلارسازبووە لەو گۆڕستانەیدا ئەوی پەیکەرتاش و کاری هونەرییان کردووە ئەوانیش زیندەبەچاڵکراون تا ڕازی گۆڕەکەی و خاڵی لاوازی ئەو ساختمانە زەبەلاحە لە گۆڕنرێن و کەسی تر پەی بەو زانیاریانە نەبات.

ئیمپراتۆر هەرکە هاتووەتە سەر کار ٢٤٦پ.ز دەستی بە دروستکردنی ئارامگەکەی کردووە لە شاخی (لی) لەوێڕا حەوت سەد هەزار کەس کاریان تیادا کردووە، کارەکەشیان بە سوخرە و بێ پاداشت ئەنجام داوە، لەوێڕا سێ تونێلیان لە سکی شاخەکەدا هەڵکەندوو بۆ خود، جێگەی گۆڕەکە دەر و دیواری بە شۆربای برونزی تواوە قالبگیریان کردووە، لەناو ئەو تونێلەیدا کۆشک و ساختمانی دەوڵەتی و پێداویستییەکانی فەرمانڕەوایی جێگە و شوێنی فەرمانڕەواکان، هونەرمەندان، تەلارسازان، ئەوانەی لەوێڕا کاری هونەرییان کردووە جێگەیان بۆ تەرخان کراوە، فەرماندراوە (تیرتفەنگیان) دروست کردووە، کە لە گۆڕەکەوە نزیک بێتەوە، لە چەندان لاوە تیرباران دەستی پێ کردووە، تا دزیی گۆڕ نەتوانن لەوێڕا دزی بکەن.

لە ساڵی ١٩٧٤ز ئاسەوارناسان لە نزیک ئەو مەزارەیدا دەستبەکار بوونە و لەوێڕا جێگەیەکیان دۆزیوەتەوە، بوو بە مایەی سەرسامی سەرتاسەری جیهان یەک لەشکری تەواو پەیکەری بە ئەندازەی سروشتی سەرباز، کە ڕوخساریان وەک یەک نین، لە سوڤال دروستکراون بە گالیسکە و ئەسپەکانیانەوە بە تەواوی چەک و پێداویستییەکانیانەوە دۆزراونەوە تا پاسەوانی ئیمپراتۆر بکەن بەو دۆزینەوە سەرسامە ئەوە دەگەینێت کاروکردەوەی تری سەرسامئاور بدۆزنەوە، هەر لە دەوروبەری ئەو ئیمپراتۆرەیدا.

جێگەی ئەو پەیکەرانە ١٢کیلۆمەتری چوارسووچەیە لە ٧٠٠٠هەزار پەیکەری سەرباز و ئەفسەر و پێداویستەکانیانی تیادایە، گالیسکەکان بە قەبارەی سروشتی چەک و پێداویستەکان، هەر هەموویان وەک خۆی، ئەسپی سۆڤالین هەر بە ئەندازەی تەبیعی ڕوخساری سەربازەکان لە یەک جیاوازن و لەسەر مۆدیل ئەنجام دراون، سمێڵ و مووی سەریان

لەیەک ناچن. پشتوێنەکانیان لە فلز و برونز دروست کراوە، ئەندازەی شان و ملیان جیاوازە، دوو سەرباز لە یەک ناچن. پێڵاوەکانیان وڵداری ئاسنن، زۆربەیان ئامادە ڕاوەستاون، بڕێکیان چەماونەتەوە بە دروستکردنی کەمانی تفەنگی کۆمەڵێک سەربازی سوارە ئامادەی پەلامارن، چاوساغان لە باوەڕێکدان لەو نزیکانەیدا لەشکری کە لەو بابەتەی بدۆزنەوە.

ئیمپراتۆر (شی هوانگ تی) تەلاری دەربارەکەی پڕ بووە لە حاڵەت و قامەتی مەوزوونی تەلارسازی بە شێوەی چینی، بەوە ڕازی نەبووە فەرمانی دروستکردنی کۆشک و تەلارێکی کەی زەبەلاحتری داوە لە نزیک (شیان یانگ)، جگە لەو دووانە دەرزەنێک کۆشکی بەسەر ڕووباری (وی) دروست کردووە.

ئەو کۆشکانەی داوەتە پاشای وڵات داگیرکراوەکان. هەر بەو چەشنەی دروست کراون، کە لە مێژدا هەیان بووە. ئەو کۆشکانەیش بە دەستی کرێکارانی سوخرە و تاوانباران دروستکراون. ڕێگەیەک بە درێژیی ٦٨٥٠کیلۆمەتر ئەویش هەر بەکاری سوخرە و زۆرەملێ دروستکراون، هەزاران جووتیار کاریان لەو ڕێگە دوورودرێژەیدا بێ جیرە و مەواجب کاریان تیا کردووە، ئەو کارانە تەنها نیازمەندی هێزی بازووی سوخرە کاران نەبووە، بەڵکوو لە ڕێگەوبانی دوورەوە کەرستەی جۆراوجۆری کار هاوردەکراوە، بێگاری و سوخرەکاری سەرتاسەری چینی هێنابووە لەرزین.

ئەو هەموو دیوار و کۆشک و شوورەی شاران و سەرباز و توانا و دەستەڵاتە نەیتوانی بەرگری لە مەرگ بکا ئەو بەدوای ژیانێکی هەمیشەیی دەگەڕا. ئەو بیستبووی بڕێک لە دەروێشەکانی (تائوئیست) ئەو گیراوانەیان بەلاوەیە.

وەزیــــرەکەی (زائوگانـــد) کارمەنـــدی گەورەی دەربـــاری کـــورە دڵبەنـــدەکەی (هوهـــای) لە نـــاو بیســـت گۆڕیـــدا لە هەمـــووان بە لایەوە خۆشەویســـتربووە. لە ســـەفەرەکانیدا لەو ســـێ کەســـە زیـــاتر کەس نەیدەتوانی ئیمپراتۆر ببینیت، لەو سەفەرە درێژەیدا ئیمپراتۆر مرد، بەڵام ئەو سێ کەسە مردنەکەیان شاردەوە. لە بەر دووریی ڕێگە تەرمی (شـی هوانگ تی) گەنی، بۆ شاردنەوەی بۆنەکەی گالیسکەیەک ماشی خوێداری خســتبووە پـێش گالیســکەی ئیمپراتـۆرەوە، تـا بـۆنی گەنیـوی تەرمـی ئیمپراتـۆر وەدرنەیەت. خزمەتکارەکـان دەیـانزانی شـتێک ڕووی داوە، لە ترسدا هیچ شتێکیان لە دەم وەدەر نەدەهات.

وەنەبـــێ هەر خزمەتکـــاران ترســـابن، ئەو ســـێ کەســـە گەورەیە لە هەمـــووان زۆرتـــر لە خەڵکـــی ســـتەمدیدە ترســـاوتر بـــوون، لەبەر ئەوەی ئەوان نـوێنەری فەرامینـی خوێنـاوی و زۆرداری ئیمپراتۆربوون، زۆرتـر لە کوڕێکی دوورخراوەی ئیمپراتۆر دەترسان.

نامەیەکیـان بە مـۆری ئیمپراتـۆر بـۆ نووسـی، کە فەرمـانی دابـووە خۆی بکوژێت، ئەویش بێ فەرمـانی بـاوکی مـردووی نەکـردووە و خـۆی کوشتووە، تا (هوهـای) دەسـتەمۆی ئەو دوو کەسـە بکـرێتە ئیمپراتۆرەوە و هەراوی کـرد. هوهـای جـێگەی ئیمپراتـۆری گـرتەوە و زۆری نەکێشـا ئیمپراتۆری تازەیان بە شێت و دێوانە دوورخستەوە.

دوای ئەوەی ٣ســاڵ حــوکمڕانی کــردووە (زائوگــائو)ی پیلانگێــڕ بە فێڵێکی تر ئیمپراتۆری بە شێتکراو کوژراو نەوەی ئیمپراتۆر بەنـاوی (زی پینگ) هەڵبژارد بۆ جێنشـینی ئەو گەنـجە بـاوەڕی بە (ژائوکـائو) نەبوو بە پیلانێک (ژائوکائو)ی کوشت.

ئیتـر هەرا و شـۆڕشـی لە چەنـدان لاوە دەسـتی پێ کـرد، سـەرەنجام کەسـێک بەنـاوی (هـان) تـوانی جـێگەی ئیمپراتـۆر بگـرێتەوە و زنجیـرە

دەســـتەڵاتی بەنـــاوی خـــۆیەوە هێنـــایە وجـــوود. ســـەرجەم ســـەڵتەنەتی ئیمپراتۆری پێشوو ١٨ساڵی کێشاوە.

# چین وڵاتی سەرسامی!

من لە باسی وڵاتی چیندا ناچاری زۆر بابەت بووم، ئەوەیش تایبەتمەندیی ئەو وڵاتەی وەدەر دەخات، بەتایبەت ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆنی ئەو میللەتە.

ئەو وڵاتە یەکێکە لە هەوارگەکانی فەرهەنگی بەشەریەت.. بەڵێ وابووە بەڵام بەتایبەتمەندیی خۆی کە لە زۆربەی کاتدا بەتایبەت لە پێش زاییندا چەندان دەوڵەت و دەستەڵاتی گەورە و بچووک بوونە بەناوی وڵاتی چین لە زۆر لاوە نارێک و نا تەبابوونە، جگە لە زمان و شێوەی تەلارسازی و هونەرەجوانەکان، وەنەبێت ئەو شێوە هونەرییە تەنها لە خودی ناو وڵاتی چیندا بوو‌بێتە باو، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ئاسایی و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاساییشی داپۆشیوە وەک ژاپۆن و کۆریا و تایلەند و بڕێکی تر، لەوێڕا سیستەمی تەلارسازی و شێوەکاری تواندنەوەی برونز و ئاسن گەیشتبووەتە ئەو وڵاتانە.

بەڕاستی میللەتی چین تایبەتمەندیی خۆیان هەبووە و هەیە. دیوارە ئەفسانەیەکەیان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری سەبر و تاموول و داهێنان و ماندوونەناسینە، ئەو سەرزەوییە دایکانەی زۆر بابەتی هونەری بووە، شوعاع و پرشنگی بە زۆر لادا پەخش و بڵاوبووەتەوە، لە هەمان سەدان ساڵ لە هەژاری و بەکاربردنی مادە هۆشبەرەکانەوە ناڵاندوویانە. تا کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ماوەی ٢٠ ساڵی توانیویانە لە هەژاری و بێدەرەتانی و نەخوێندەواری بگەنە پلە و پایەیەکی زانست و داهێنان و بەهێزترین ئابووریی جیهان، ئەو ڕێگە و بانانەی لەناو چیاکانیاندا لەنێوان شارەکانیاندا ئەنجامیان داوە لە یاریی میکانۆ دەچن

و مەتەڵ دەژمێردرێن. هەموو لێخوڕێک لەوێدا توانای لێخوڕینی لەوێڕا بە ئاسانی پێ ناکرێت.

ئەوی مرۆڤ فکری لێ بکاتەوە لەو وڵاتەیدا بە ئاسان دروست دەکرێت، بۆ نموونە توانیویانە لە ماوەی بیست و یەک ڕۆژدا تەوەرێکی ٣٦نهۆمی دروست بکەن، وەرە ئەو توانایە لەگەڵ وڵاتانی تردا بەراورد بکە، ئەو دەم جەوهەری ئەو میللەتەمان بۆ دەردەکەوێ.

## هونەر و تەلارسازیی یۆنان

هونەر سەرەتای هەیە، فەلسەفە بنەمای هەیە، جگە لە قودرەتی پەروەردگار هیچ حاڵەتێک بێ سەرەتا نەبووە، بەپێی زەمان لە حاڵەتێکەوە گۆڕاوەتە سەر حاڵەتێکی تر، ئەویش لە خۆیەوە ڕووی نەداوە، هۆکاری سەرەکیی تەواوی ڕووداوەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو تەقەلای مرۆڤی بووە، ئەو بەپێی درێژیی زەمان. بڕێک حاڵەت زکماکین وەک دەنگخۆشی زانست، تا بە ئەوڕۆ ناتوانێت دەنگناخۆشێک دەنگخۆش کا، وەک بڕێک کاری هونەری بڕێک زگماک لە شێوەکاریدا بێ مامۆستا توانایەکی سنوورداری شێوەکاری تیادایە یان پەیکەرتاشین ئەوانە گەلێک سەرکەوتوترن ئەگەر لەباری ئەکادیمییەوە پەروەردەکرێن.

یان مێردمنداڵێک لە زانستی ریازیاتدا لە چرکەیەکدا هەزاران ژمارە (زەرب و تەرح) دەکات و توانایەکی سەرسامئاوەری تیادایە، کە لە یەکێکی تردا نییە.

ئەبووجەعفەری مەنسوور خەلیفەی دووەمی عەباسی توانایەکی سەرسامئاوەری هەبووە لە لەبەرکردنی هەڵبەستدا یەکجار شیعرێکی بیستبایە، ئازایانە لەبەری دەکرد، ئەو خەلیفە تا خوا حەز نەکات ڕەزیل و پیسکە بووە. جاران وا باو بووە شاعیرەکان دەچوونە حزووری شا و خەلیفەکان و شیعریان دەخوێندەوە و خەڵات دەکران، ئەو خەلیفە پیسکەیە دەرگەوان و جاریەیەکی هەبووە، ئەو دوانەیەش هەمان توانایان هەبووە، هەر شاعیرێک بهاتایە و شیعری بخوێندایەتەوە بۆ ئەوەی خەڵاتی نەکات دەیوت: ئەو شیعرە لە کۆنا بیستراوە، پێم وایە من

لەبەرمە، ئیدی شیعری شاعیرە بێچارەکەی بەو یەکجار بیستنە لەبەر بۆ شاعیرەکەی دەخوێندەوە، شاعیری بەدبەخت بە نائومێد و بە دەستی خاڵی دەچووە دەرەوە، ئەو حاڵەتە لەناو شوعەرای عەرەب بەربڵاوبووە. یەکێک لە شاعیرە عەرەبەکان بەناوی (ئەسمەعی) شیعرێکی سەیر دەنووسێت بەناوی (صوت السفیر البلبل)، کابرا شیعرەکەی ئاسایی نەبووە، کە خەلیفە ئازا لەبەری بکات، پێی دەڵێت: ئەو شیعرە بیسراوە و من لەبەرمە... خەلیفە دەست بە خوێندنەوەی دەکات لە جێگەیکدا ڕادەوەستێت و ناتوانێ تەواوی بکات... بە دەرگەوانەکە دەڵێت بۆی بخوێنێتەوە ئەویش پێی تەواو ناکرێت، جاریەی گوێگری پشتی پەردە بەویش دەڵێن ئەویش ناتوانی تەواوی بکات. مەنسووری خەلیفە لە مێژدا وەعدی دابووە هەر شاعیرێکی تازە بۆی بخوێنێتەوە لەسەر هەرچی نووسی بێت بە قورسایی ئەوە زێڕی دەدەنێ.

خەلیفە لای وابووە شیعرەکەی لەسەر چەمکێک قوماشێک نووسرابێت، لە گیرفانی دابێت، بە (حاجب)ەکەی دەڵێت: بە قورسایی شیعرەکە زێڕی بدەنی.

شاعیر دەڵێت: قوربان شیعرەکەم لە دەرەوەیە، حاجب دەڕوا و سەیر دەکات شیعری کابرا لەسەر گابەردێک نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ لای خەلیفە و دەڵێت: قوربان هەرچی زێڕی خەزێنە هەیە بەشی خەڵاتی ئەو شیعرە ناکات. خەلیفە دەڕواتە دەرەوە بۆ تەماشای شیعری لەسەر بەرد نووسراو، هەروا سەرسام واقوڕماو سەیری شاعیر و بەردی نووسراو دەکات، ئەگەر بە قورسایی ئەو بەردە زێڕی نەدانێ شەرەفی وەعد و پەیمانی بۆ نامێنێتەوە.

شاعیر دەنوارێ خەلیفە لە حاڵەتێکی ناتەواوی هیستیری دایە، دەڵێت قوربان سەرمایەی شاعیران شیعرەکانیانە، خوا توانای

لەبەرکردنی پێ داوی مافی حەق نەدانی شاعیرانی پێ نەداوی، جا ئەو عادەتە ناشیاوە بخە لاوە، من هیچ خەڵاتێکی تۆم ناوێ، بۆ لەمەولا خەڵاتی شاعیران پامال مەکە.

ئەم گێڕانەوە ئەوە دەسەلمێنێت هەموو مرۆڤێک وەک یەک نین، بڕێک خواوەند توانا و قودرەتی لە بوارێکدا پێ دەبەخشێت بەوی تری نەبەخشیوە.

مرۆڤ هەر وەک غول و گیانلەبەرێکی ئەفسانەیی لە ئەشکەوت وەدەرهات، بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕی، لە ئەشکەوتدا پەی بە گرنگیی ئاگر بردبوو، لە ئەشکەوتیش وەدەر هات. بۆ بژێوی و گوزەرانی ناچاری ڕاوکردن بوو، وردە وردە کەوتە بیری نیشتەجێبوون، چنگی خستە قوڕ و دیواری دروست کرد، ئیتر قۆناغی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئامێرە سەرەتاییەکانی بەدەست هێنا. توانی چەکی بەردین بگۆڕێتە سەر فلز، دوای ئەوەی کانی مس و ئاسنی دۆزییەوە، بە دروستی نەزانراوە چەندی خەیاندووە، تا ئەو قۆناغانە ببڕێت ئیتر وردە وردە نیشتەجێبوونی لە سێ چوار خێزانەوە بوو بە دێ، دێ بوو بە شاروچکە و بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی بەدەستەوەیە سەرەتای نیشتەجێبوون لە دۆڵی (میزۆپۆتامیا) بووە، یانی دۆڵی دوو ڕووباری دیجلە و فورات، بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەیە مرۆڤە سەرەتاییەکان کاتێک لەناو چیاکان هاتوونەتە خوارەوە نیشتەجێ بوونە، نزیکترین زنجیرە چیا لە دۆڵی دووڕووبار چیاکانی زاگرۆز بووە. ئیتر لەمولاو ئەولاشەوە هاتوون و لە دۆڵی ناوبراودا گیرساونەتەوە. ئەمە سینارۆیەکی خەیاڵی نییە، واقیعیەتێکی مێژووییە، بەپێی سایکۆلۆژیەتی

مرۆڤ خو و خەسڵەتی فەرمان ڕانین لە کەللە و فکریدا جیابووەتەوە و لە جێگە و شوێنی تردا کۆبوونەتەوە.

ڕەنگە هۆکاری بژێوی و کەمبوونی زەویوزاریش یەکێکی تر بێت بۆ جیابوونەوەی. وەک زانراوە چەندان شار و دەستەڵات لە دۆڵی دوو ڕووباردا پێکهاتوون، یەکێک لەو شارە گەورانە دەستەڵات و هێزی زۆرتر بووە و لای وابووە دەتوانێ پەلاماری شارە نزیکەکانی کەی داوە و داگیری کردووە، بە تەئکید لە جێگە و شوێنی تریش هەروابووە، بەڵام دووڕووبار بەپێی ئەو دیکۆمێنتانەی بەدەستەوەیە بە هەوارگەی سەرەتایی بەشەریەت ناسراوە، ئیتر دەستەڵاتدارانی میزوپۆتامیا یان دۆڵی دووڕووبار بەوە ڕازی نەبوونە و کەوتوونەتە پەلاماری جێگەوشوێنی دوورنزیک، بەو شێوە لە دۆڵی دووڕوباردا دەستەڵاتە گەورەکانی سۆمەر و ئەکەد و ئاشوور بابلی پێک هاتوون ئەم شێوە ژیانە لە هەوارگەکانی کەی بەشەردا دووبارە و چەندبارە بووەتەوە، نزکترین لەو دەستەڵاتانە لە میزۆپۆتامیا سەرزەوی میسر و دەستەڵاتی فەراعینە و دەستەڵاتی یۆنان بوونە، شەڕ و شۆڕ لەنێوان دەستەڵاتی میزۆپۆتامیا و دەستەڵاتی میسری فیرعەونیدا ڕوویداوە، بەتایبەت دەستەڵاتی ئاشووری ویستوویەتی وڵاتی میسری فەراعینە داگیرکا، فیعلەن وڵاتی عیبرییەکان و ئەولاتریشی داگیرکردووە و لە ڕووباری (نیل) گوزەرا، بەڵام نەیتوانی میسر داگیرکا، لەولاشەوە ئاشوور گەیشتووەتە سەر لێواری دەریای سپی و نەیتوانی لە تەنگەبەری دەردەنیل بپەڕنەوە و نەگەیشتنە سەر زەوی ئاسیای بچووک کە تورکیای ئێستایە...

لە یۆنانــدا دوو دەســتەڵاتی دوو شــاری گەورەی یۆنــان شــاری ئەسینا و ئسپارتە هەبوونە و شەڕ و شۆڕ لەنێویاندا ڕووی داوە، شاری ئەســینا بە بازرگــانی و ڕۆشــنبیری و دونیــای فەلســەفە وعیرفــانەوە بەناوبانــگ بــووە، شــاری ئســپارتە و دەوروبەرەکەی بە شــەڕ و ســەربازگەریەوە ســەرگەرمبوون. بـۆ ئەو مەبەســتە هەر لە منـداڵییەوە منــداڵەکانیان بە وەرزش و ســەختی و دژواری دونیــای ســەربازیەوە ڕادەهێنــان. هــیچ ڕووداوێکــی ســەربازی لەنێــوان دەســتەڵاتی یۆنــان و دەستەڵادارانی نێو دۆڵی دووروووباردا ڕووی نەداوە، ئەگەرچی ژیان و شێوەی زیندەگی یۆنانییەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریاندا جیاوازبوونە هەتاوەکوو لە باری جوگرافییەوە تایبەتمەندی خۆیان هەبووە ژیانیان زووتــر لە نــاو ســەدان دوورگەی گەورە و بچــووک و دۆڵ و تەنــگەی دەریــای جۆراوجــۆردا ژیــاون کــاری ســەرەکییان دزی نــاو دەریــا و پەلاماری کەشتی بازرگانی کاروکاسبیان بووە.

دورگەی (کــرت) یەکێــک بــووە لە دەوڵەمەنــدترین دەســتەڵاتی ئەو دورگانەی لە ڕۆژهەڵاتی میدەترانیا و ئاسیای بچووک و نیوە دورگەی یۆنــان دا ژیــاون، بە چەپ و ڕاســت و دووردەســتەی دەریــای ســپی ناوەڕاستدا بۆ بازرگانی و ڕووتکردنەوەی کەشتییە بازرگانییەکانی کە لە تەقەلادا بــوونە پیشــەی ڕۆژانەیــان، پاشــاکانیان هێنــدە دەوڵەمەنــد و دەســـتەڵاتداربوون باڵوێزیــان دەنــارد بــۆ دەربــارە بەهێزەکــان وەک دەستەڵاتە فیرعەوەنەکانی میسر و هونەریان بخەنە بەرچاوی ئەو وڵاتە و گەلانــی کە، بە دروســتی ئاگــاداری نــاوی پاشــاکانی دورگەی (کــرت) بەدەســتەوە نییە، کە ســەرچاوەی هونەرەکەیــان لە شــاری (بامیســن)ی یۆنانی وەردەگرت ولاساییان لێ دەکردەوە.

مــن وەک مێــژوو بــاس لە شــەڕەکانی ئێــران لەگەڵ شــار و دەســتەڵاتەکانی یۆنــان نــاکەم کە چــۆن (خشــایار شــاه) لە دەردەنیــل پەڕیوەتەوە و یۆنانی داگیرکردووە، یان شەڕە دەریاییەکانی نێوان ئێران و یۆنــان ســەردەمی دەســتەڵاتی دورگەی (کــرت) بە زمــانێکی ســەرەتای یۆنانی دەدوان، بەڵام لە ١٠٠٠ساڵ پێش زایندا شـەپۆلێک لە شـەڕکەرانی ئەورووپای خۆیان گەیاندە ئەو دورگانە و لەگەڵ دانیشتووە رەگەزەکانی دوورگەکــان، لە گــۆرانی مەلــحەمە و شــیعرەکاندا بــاس لەو شــەڕانەی دەکرێ وەک شیعرەکانی (هـومیر) و ئەفسانەکانی (ئەلیازە) و ئەو هـۆزە پەلامــاردەرانە جۆرێــک هــونەری زبــر و بــێ زەرافەت و ســەرەتاییان هەبووە.

یۆنانییەکــان لە ســەرەتادا لە دار پەرســتگاکانیان دروســت کــردووە ژووریکیــان بــۆ خواکەیــان دروســتکردووە و گــوڵتەی داری ئەســتوریان ڕاڕەوەکــانی بەکــاربردووە، ئەو کــارە بە گەلێــک ســەختی ئەنجــام دراوە، ئەوانە بە باپیرەکــانی ئیســپارتیەکان دەناســرێن لە ســاڵانی (٦٠٠٠پ ز)دا شێوەی داریان بەلاوە ناو پەنایان بـردە بەردتاشـین، تەنها بنمیچەکانیان لە داری پتەوی ئەسـتوور (دارەرا) دەکـرد، ئیتـر شـێوەی پەرسـتگاکان لە یۆناندا گۆڕاوە تا ڕادەیەک زەرافەتی تیادا دەبینرا و وەک پەرستگاکانی میسرییەکان قەبە و زلزەلام نەبوون و مرۆڤ بە دیتنی دەیسلەماند کەوا دەســـتکردی مـــرۆڤن. دیـــارە بیـــروڕای یۆنانییەکـــان وەک خەڵکـــی میســـرنەبووە.. شـــارە یۆنانییەکـــان گەورە نەبـــوون زۆرتـــر لە لێـــواری دەریاکانـــدا پەخـــش و بڵاوبـــوون و پەیوەســـتەش کێشـــمەکیش و هەرا. لەنێوانیاندا بەردەوام بووە، لەنێوان شار دەستەڵاتەکانی یۆناندا پەخش و بڵاوبووبـــوویەوە ئەوە بە گرنگتـــرین و گەورەتـــرین شـــاری یۆنـــان

دەژمێردرا. ئەو شارە گەورەترین و بەربڵاوترین و گرنگترین کودەتای هونەری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری لە مێژووی بەشەریەتدا ئەنجام دراوە، بە وردی ڕەنگە ئاسان نەبێت بزانین ئەو کودەتایە لە کەیەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام چاوساغان لایان وایە گۆڕانی پایە و گوڵتەی دار بە بەردتاشینی گوڵتەی بەردین لە پەرستگاکاندا بە سەرەتا دادەنرێت، بەڵام واپێدەچێ لە (سەدەی شەشەمی پ.ز) دەستی پێ کردبێت. یۆنانییەکان کاتێک دەستیان بە پەیکەرتاشین کردووە لەوێڕا دەستیان پێ کردووە وا میسرییەکان و ئاشوورییەکان پێی گەیشتوون، ئەوان لاسایی پەیکەرتاشینی میسرییەکانیان دەکردەوە، وردە وردە دەکەوتنە تاقیکردنەوەی خۆیان و دەکۆشان لەژێر چادری شێوەی میسری وەدەربێن.

هونەرمەندانی یۆنانی ڕێچکەی تایبەتی خۆیان هەڵگرتبوو. پەیکەرسازێکی بەناوبانگی ئەو دەمەی یۆنان بەناوی (ڤیدیاس)فەرمانی پێیدرا تا پەیکەری خودایانی یۆنان دروست کا، بەداخەوە پەیکەرەکانی ئەو هونەرمەندە لەناو ڕۆیشتوون، بەڵام لە ئەدەبیاتی یۆناندا زۆر باسی لە ڤیدیاسی پەیکەرسازکراوە هێندە وردەکاری و زەرافەتی نیشان داوە پەیکەری یەکێک لە خواکانی بە شێوەی مرۆڤ کردووە... ڕۆژێک لە نزیکیەوە نان دەخوا ڕووبە پەیکەرەکە دەڵێت: وەرە نانم لەگەڵ بخۆ...ئرمیا پەیامبەر لە تەوراتی قەدیمدا نەهی لە پەیکەر کردووە تا وەک میسر و ئاشوور نەبێتە دیاردەی پەرستن هەمان حاڵەت گەیشتووەتە ناو ئیسلام، بەڵام دوو سەد ساڵ لە یۆنان دا وتەکانی ئرمیا پەیامبەر هاتوونەتە دی و قوربانییان بۆ ئەو پەیکەرانە کردووە.

دیارە دوای سەرکەوتنی مەسیحیەت لە سەدەی سێهەمی زایندا ئەو پەیکەرانە شکێنراون، ئەوی بە دەستەوە ماوە نوسخەی دووهەمی ئەو پەیکەرانەیە دووبارەسازی کراون لە سەردەمی دەستەڵاتی ڕۆماندا بەتایبەت ئەو پەیکەرانەی (ڤیدیاس) ئەنجامی داون وەک بتی گەورە (بالاس یان ئاتنا) کە ڤیدیاس دروستی کرووە، بوڵندی دە مەتر و سێ سانتیمەتر بووە ڕۆمەکان دووبارەسازییان کردووە و بە جەواهیر و زێڕ و زیو ڕازاندوویانەتەوە. ئەو پەیکەرە بە ئەندازەیەک ساختمان بەرز و بوڵند و ڕازاوەیە هەیبەت و تۆقیان دەخاتە دڵانەوە. پەرستگەی ئۆلەمپ پڕ بووە لە پەیکەری قارەمانەکان، ئەو کەسانەی بەلای خۆیانەوە موخلیسی خواکان بوونە و لە پێناوی ئەو خودایەدا سەری خۆی داناوە، لەم دوا دوایەیدا ئاسەوارناسان زۆر وردە پەیکەریان لە پەرستگەی ئۆلەمپ دا دۆزیوەتەوە، زۆربەیان لە برونز دروستکراون.

هەروەها لە پەرستگەی (پارتەنون) نزیکەی ٢٠ساڵ لە دوای پەرستگای ئولەمپ دروست کراوە، سەرەنجام هونەری پەیکەرسازی و تەلارسازی یۆنان لە سەدەکانی چوارەمی پێش زایندا تا سەدەی یەکەمی دوای زایین هونەر تێکەڕا لە یۆناندا گەیشتووەتە پۆپە.

بەڵێ، یۆنان کانگای پەیکەرتاشین و تەلارسازی، چاوگەی یەکەمین هەنگاوەکان، یەکەمین داهێنانەکان، سەر زەوی فرەخوایی و جوانی و زەرافەتی قەد و قامەت و قەبارەکانی دونیای تەلارسازی. لەوێڕا شکل و شەمایلی تایبەتمەند کرایە باو، لەوێدا ئەوی ئەندامی مرۆڤ هەیە لە بەرد تاشرا و خرایە بەرچاو، یۆنان دایکی ڕاستەقینەی هونەری ئەورووپا و بڕێک لەو وڵاتانی ترە.

تا نیوەی سەدەی هەژدەهەمی زایین ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە لە لایەن بەشەریەتەوە نا ئاشنا و نەزانراوبووە، سەرەتا لە لایەن ئاسەوارناس (ڤیتکەلمەن) ئەڵمانی هونەرناسی و ئاسەوارناسی بەناوبانگی ئەڵمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دۆزراوەتەوە، ئەویش کۆمەڵێک پەیکەری مەڕمەڕین بووە دۆزیەوە و بە یەکەمین لێدانی دەرگای کۆنی فەرهەگی یۆنانی دەژمێردرێت. ئەو دۆزراوانە لە لایەن سەفیری بەریتانیا (لورد ئەلگین) ١٨١٦ز لە ئەستەنبۆڵ لە دەوڵەتی عوسمانی سەندەوەوە سپێراونەتە مۆزەخانەی لەندەن، بە پەیکەرەکانی (ئلگین) ناسراون.

## هونەری کۆنی یۆنان دابەش بووەتە سەر چوار قۆناغدا:

**یەکەم: شێوە و جۆری هەندەسی** لە سەدەی یانزەهەمەوە تا دوادوایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین. ئەوی گرنگە و سەرنج ڕاکێشە بە دەست هاتووە، وەک گۆزە و کوپە و سفالینە نەخشاوەکان، کە بە شێوەی هەندەسی نەخشێنراون. یان پەیکەری قەبارە بچووک لە گڵ دروست کراون، گڵی برژاو.

لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا بڕێک پەیکەری قەبارە بچووکی (برونز) دروستکراو بەدەست هاتوون، ئەسپی برونزی بە قەبارە بچووک.

دووەم: لە سەرەتای ۸۰۰تا ٤٨٠پ.ز کە شاری (ئاتن) لە لایەن ئێرانییەکانەوە تالان کراوە. شارنشینی و بازرگانی لە یۆناندا بەربڵاو بووە، بەهۆی بازرگانییەوە زۆر بابەتی هونەری میسری و سوریایی لە هونەری یۆنانییەکاندا بەکاربراون، ئەو جۆرە هونەری ڕۆژهەڵاتییەی لە یۆنانەوە گەیشتووەتە وڵاتی ئەورووپا و ڕۆمانەکانەوە.

لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پ.ز تەلارسازی و پەیکەرتاشین شێوەی ١٠٠%یۆنانی بەخۆیەوە گرت و خرانە بەرچاو. خانووەکانیان ڕازاندووەتەوە، هەروەها فلزکاری و کان تواندنەوە پەرەی باشی پێ دراوە، نەخشەی سەرگۆزە و کوپە و ئەوەی لە سۆڤال دروستکراون زۆربەیان ڕووداوەکانی ئەفسانەکانی بەسەرەوە نەخشاوە و ڕووداوەکانی ئەلیادەی خستووەتە بەرچاو.

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمەوە (سروشتگەرایی) یانی ئەندازە و تەناسووبی لەش و ئەندامی مرۆڤی هەر وەک خۆی نەخشێنراون، چ لە پەیکەرتاشیندا یان نەخشەی بەرجەستە.

سێیەم: شێوەی کلاسیک لە سەرەتای ٤٨٠پ.ز دەستی پێ کردووە، بە فەرمانڕەوایی ئەسکەندەری مەکادۆنییەوە ٣٣٤پ.ز پایانی هاتووە. لەو کاتانەیدا باری ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتیی یۆنانی گەیشتووەتە پۆپە، بەتایبەت لە شاری (ئاتن)دا. یانی ویلایەتی (ئانیکا)، تەلارسازی، پەیکەرتاشین، نەخشەی بەرجەستە، لە ئەوپەڕی زەڕافەتکاری دابوونە، هەروەها لێزانی و چاوساغی لەو بوارانەیدا و میللەتانی تریان بەنیوە وەحشی دەزانی.

ئینسافەن لە بواری فەلسەفی و ئەکادیمیەتی تەلارسازی و تەواوی بوارە هونەرییەکاندا، سەر و گەردەنێک لە تەواوی میللەتانی دوور و نزیکی ئەو کاتەدا خۆیان بە باڵاتر دەزانی. لە سەدەی چوارەمی پ.ز گەیشتبوونە پێگەیشتنی تەواو. لە پێش پەنجا ساڵ لەو کاتە زۆرتر پەیکەرتاشین گەیشتبووە پلەی باڵا، شێوەکاری لەسەر گۆزە و کوپە و جام و دەفر و دەوریی گرنگی ئەوتۆی پێ نەدەدرا، وردە وردە ئاستیان هاتە خوارەوە، بەڵام پەیکەرتاشین و تەلارسازی لە تەناسووب و تەوازن و هاوکێشی و تەرازوودا بە وردی هونەری ئەو بوارەیان خستبووە بەرچاو، یانی سەدەی پێنجەمی پ.ز. بە سەردەمی فەرهەنگی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی یۆنان ناسراوە، یانی سەردەمی (بریکلس). کە لە زۆر ڕووەوە ئینسان پێگەی خۆی بە دەستهێناوە بۆیە ناسراوە بە (سەردەمی بریکلس) ئیتر لە هەر بوارێکدا چاوساغان و لێزانان و فەیلەسووەکان بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی سازندەگی پێشکەوتن دەخستە بەرچاو. بەتایبەت هونەرمەندان دەربارەی هونەری خۆیان نامە

و کتـاوی جۆراوجۆریـان نووسـیوە. ( فکـری لـێ بـکەرەوە ٢٤٠٠سـاڵ تەمەدونی بەشەریەت بەتایبەت دونیای هونەر گەیشتبوونەتە ئاستێکی وا بەرز و بوڵند بەشـەریەت شـانازییان پێـوە دەکا و سـەردەمی بـریکلس وەک وانە لە کـۆلێژە یاسـاییەکان و فەلسـەفییەکاندا دەخوێنرێـت. تـازە ئەوانە پەیـڕەوی فرەخـوایی بـوونە (ئێمەیش وەک کـورد، کـوڕە هەرچـی وڵاتـی ئیسـلامیش هەیە ئەگەر بە راورد بکـرێن لەگەڵ دیمـوکراتیەت و ئاستی ڕۆشنبیری و هـونەریی ٢٤٠٠پ.ز سـەردەمی (یۆنـان) دا زەوی تـا ئاسمان جیاوازن)، هەر لەو سەردەمەیدا شانۆکاری گەیشتبووەتە پۆپە و شـانۆکارانی وەک: سـۆفۆکل، لە دەقـی تراژیـدیا هەتاهەتاییەکـان یـان (ئەرستۆڤان) لە بواری کۆمیدیا و شاکارەکانی هەروەها بازاڕی پەخشان و شـیعر و فەلسـەفە و وەرزش و جەنگـاوەری، ئـازادی، دیموکراسـی، بازرگـانی، گەشـتوگوزار، تەواوی هـونەرە بنەڕەتییەکـان و چلچلەکـان تەواوی ئەوانە و ئەو هونەرانە دەمڕاستی خۆیان هەبووە.

هونەرمەندێکی ئەفسانەیی وەک (ڤیدیاس) لە پەیکەرتاشیدا کارەکانی بە ئەفسـانە و کـاری خواکـانی خۆیانیـان زانیـوە. هێنـدە وەسـتا و لێـزان بـووە لە پەیکەرتاشـیندا واباو بـووە پەیـکەری پیـاوێکی کـردووە هێنـدە سروشـتی بـووە، کە لە کـاتی نانخواردنـدا لە نـزیکەوە بـووە، ڕوو لە پەیکەرەکە دەکات و دەڵێت: لەگەڵما نان ناخۆیت؟

لە تەلارسـازی و شارسـازیدا هەرچییـان ئەنجـام داوە و یەک دونیـا هـونەر بـووە، هەروەهـا لە سرامیکسـازیدا یـان لە سـکە لێدانـدا یـان زەرەنگەری، ڕیسـاندن گەیشـتبوونەتە سـەرچاوەیەک ئەوەسـا تـا ئەمڕۆ ئەو کانیاوە وشکی نەکردووە.

چوارەم: قۆناغی (هێلینی) ئەم قۆنـاغە لە دوای مەرگی ئەسکەندەری مەکادۆنی ٣٢٣پ.ز دەستی پێ کردووە تا ٢٧پ.ز.

لە دەوروبەری یۆنانـــدا تەواوی ئەو وڵاتـــانە لە تەواوی بوارەکانـــدا لاسـایی یۆنانیـان کـردووەتەوە لەوە گوزەشـتە یۆنـان، زۆر لە وڵاتـانی جیهـانی لە ڕووی سـەربازییەوە داگیرکردبـووە و لە هێـز و توانـایەکی سـەربازی بەربـڵاودا بـووە، جـگە لە فەرهەنـگە پێگەیشـتووەکەی کە ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵاتی لە خۆی گرتبووە، بەڵام لە ڕاستیدا پێشکەوتنی هـونەری جۆرێـک ڕەچـاوی هـونەری بەخـۆیەوە دەدی. هۆکارەکەیشـی ئەسکەندەر و دەستەڵاتەکەی تا رادەیەکی زۆر ئازادی کاروبیرکردنەوە و دەوڵەتشـــــارەکانی لەنـــــاو بـــــردووە. ئەو بەربـــــڵاویەی لە ڕووی دەســتەڵاتەوە کە چەنـدان وڵاتـی جۆراوجـۆر و مـیللەتە جیاوازەکـانی فەرمانڕەوایی دەکرد، وەک: میسـر، سـوریا، دۆڵـی دوو ڕووبـار، ئێـران و بەشـی ڕۆژئـاوای هیندسـتان کە لە لایەن جێگرەکـانی ئەسـکەندەرییەوە دەبـران بە ڕێـگەوە. هـونەر بـووبە دەسـتەگیرەیەک بـۆ پیاهەڵـدان بە دەستەڵاتی یۆنان و فەرماندە یۆنانییەکاندا، هونەر بوو بە وەسیلەیەک بۆ وەدەرخسـتنی قارەمـانیەتی یۆنـانی سـەرکەوتوو، هەروەهـا فەرمانـدە سـەربازییەکان و چـاولێکەری لە سـەدەی کلاسـیک و کارەکراوەکـانی پێشـوو. کەس نـاتوانێ حاشـا لەوە بکـات (عەمـوود، سـتوون، یـان پـایەی بەردین) دیـاردەیەکی تەلارسـازی یۆنـانی بـووە و هەمیشـە لەبەر ئەوەی تەواوی بەشـــەکانی کەی ســـاختمان لەســـەر بەرزی و بوڵەنـــدی و ئەستووری و قەبارەی (پایە عەموود) ئەندازەگیری دەکرا. بەشـەکانی دیکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پایەکانەوە هەبووە، بۆیە (ستوون-عەمـوود) لە تەلارسـازیی یۆنانیـدا بە بڕبـڕاگەی پشـتی سـاختمانەکە ژمێـردراوە و تایبەتمەنـدییەکەی وەدەرخسـتووە. (سـتوونەکان) لە یەک جیـاوازبوونە چ لە ڕووی بـنەوە یـان ئەسـتووریی بـاڵاوە یـان تـاج و سـەری سـتوونەکە، هەر یەک لەو عەمـوودانە نـاوی تـایبەتی خۆیـان

هەبووە، بۆیە لە یۆنانی کۆندا (٦٠٠تا ٢٧پ.ز) چوار شێوەی تەلارسازی ئەنجام دراون، ئەو چوار شێوەیە هەر یەکە و پەیوەند بووە بە جۆر و شێوەی پایەکەی (عەموود) کە لە نماکەیدا دانراون.

لە ڕاستیدا ٣لەو ٤بەشە سەرەکین و یەکێک لەوانە پاشوەندی یەکێکیانن یان هی هەر سیەکەیانە.

یەکەم: عەموودی ئیولیائی:

یان بە شێوەی ئیولیائی ناو دەبرا، کە لە ئیولیەدا بەکار براوە، کە کەوتووەتە کەناری باشووری ڕۆژئاوای ئاسیای ئەنادۆڵی کە توورکیای ئێستایە، کەوا باوە لە سەرەتاوە لە شێوەی فەرمی (ئیونیائی) وەرگیراوە یان تێکەڵ کراوە. لەگەڵ تەلارسازیی سووریایی (فینقی) کە بەسەر عەمووەدەکەوە دەناسرێن، کە وەک دوو شاخی بەرانێکە بەسەر پۆپەی عەموودەکەوەیە، گەڵای درەخت لەبەرد داتاشراوە بەسەر تاجەکەیەوەیە، ئەم جۆرە گوڵتەیە لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە ڕەواجی پێ دراوە، بەڵام ڕەواجەکەی درێژەی نەکێشاوە.

## دووەم: شێوەی دووریسی:

لە ساڵی ٦٣٠پ.ز لە ناوەڕاستی وڵاتی یۆناندا کراوەتە باو، تایبەت لە دەڤەری (دوریس) بەڵام سەرەتاکەی نەزانرەوە لە سەرەتاوە چۆن هاتووەتە وجوود، بەڵام شێوەی ئەو جۆرە (پایە یان گوڵتانە) گەلێک سادە و پتەو و قووڵ بووە، زۆرتر لە ساختماندا بەکاربراوە کە شێوەی لاکێش بووبێت، ژمارەی گوڵتەکان زۆر بووبێت و زۆریش بەرز و بوڵند نەبووبێت.

لە ناوەڕاستی بەسەرەوە باریکترە تا بنەوەی سەرزەوی، سەر گوڵتەکان بازنەیی و وەک سەرین و قورسایی ساختمانی دەکەوێتە سەر، کە بە شێوەی (ئەفریز) قورسایی پەیوەند دەبێتە سەر سەرینە بەردینەکە.

ئەو شێوە ساختمانە لە دونیای پێشکەوتووی ئەو دەمانەیدا ڕەواجێکی زۆری پێدراوە، تا بە ئەورۆ ڕەواجەکەی بەردەوامە.

### سێهەم: شێوەی ئیونیائی:

ئەم جۆرە ساختمان و گوڵتەیە زۆرتر بەناوی دەڤەری ئیونیەوە شۆرەتی پەیدا کردووە، کە دەڤەرێکە بەسەر لێواری دەریای ڕۆژئاوای ئاسیای بچووکەوەیە، بە پەتەوی شێوەی (دوریسی) نییە، سەرەتا ئەو جۆرە ساختمانانە نا دیارە، بەڵام زۆربەی پەرستگاکانی سەدەی شەشەمی پێش زاینە کە بەو شێوازە دروستکراون.

### چوارەم شێوازی فۆرنتی:

ئەم شێوە ساختمانە لە لایەن تەلارسازێک بەناوی (کالیماخوس) داهێنراوە، ناوباوەکەی زۆرتر بەناوی دەڤەرێکەوەیە بەناوی (فۆرنتی) کە سەرەتا (کالیماخوس) لەوێدا ژیاوە و کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوەندیی یۆنانەوە، سەری ستوون(عەموود) شێوەی تەلارسازییەکەی لەو کاتانەیدا دابین کردووە، کە ئەو ساختمانە چ بنەماڵەیەکی تەلارسازیە، ئەو جۆرە سەرستوونە وەک گیا و گەڵا بە پاڵا وایە و بە گەڵای لەبەرد هەڵکۆڵراو ڕازاوەتەوە لە هەر چوار لایەوە تا دەگاتە سەر گوڵتەکە، ئەو جۆرە ستوونانە سەرەتا شەرمنانە هێنرایە بەرچاو، ئەویش لە دیوی ناوەوەی ساختماندا، نەک نمای دەرەوەی پەرستگاکان، بەڵام لەساڵی ٣٠٠پ.ز لە دەرەوەی ساختمانیش بەکار براوە. ئەو جۆرە عەموودە لە خوارەوە تا ژێرسەری عەموودەکە بە یەک ئەستووری بووە.

ئەو سـێ جـۆرە سـتوونە(عەموود) بە شـێوەیەکی فەرمـی لەو سەردەمەیدا ناسراوبوون، یا بە تەنها لە ساختمانەکاندا بەکار دەبران، یا لە یەک ساختماندا هەرسێ شێوازەکە بەکار دەبرا.

بە باشـی دەزانـم لەو جـۆرە هـونەرە گشـتییەکەی ئەو سـەردەمی یۆنـانییەی نەگـوزەرم و تۆزەکێـک لەوانەیـش بـدوم، هـونەری بینـراوی یۆنان لەو سەردەمەیدا تەنها هونەری تەلارسازی نەبووە، بۆیە کۆمەڵێک لێیان دەدوم، بەتایبەت لە دوای سەدەی هەشتەمی پێش زایینـدا زۆرتـر لەو کـاتەوە هۆزەکـانی (دوریسـی) لە سەرتاسـەری یۆنانـدا بنیـات نـابوویەوە و بـوونە خـاوەنی فەرهەنگـی پێشـکەوتوو، بەڵام لە دوای سـەدەی حەوتەمـی پ.ز شـێوەی کلاسـیکی زاڵ بـووە سـەر شـێوەی (مینوسی و میسنی)دا و تێکڕای یۆنانی گرتەوە. پەرستگاکان بە شێوەی کلاسـیکی دروسـت کـراون لە سـەدەی شەشـەمدا، بەتـایبەت کاتێـک دەوڵەتشارەکان لە پایەختی یۆناندا (ئاتن) کەوتنە کاروبـاری جوانکاری و زەرافەتنشینی لە ئاتن و شـارەکانی تردا کەوتنە پەرەپێدانی هـونەر و داهێنەران. لە هەقیقەتدا دەوڵەتشـارەکان بە گـوێرەی ژینگە و واقیعیەی جوگرافیـای خۆیـان بەکـاری هـونەرییەوە سـەرگەرم بـوون، هەروەهـا هـونەری (دوریسـی) و هـونەری (ئیونیـایی) ئەوانە سـەرجەم تـێکەڵاو کراون و ناسرا بە هونەری (کلاسیک).

لە قەڵاسـازیی کـۆنی یۆنانـدا گـابەردی چوارسـووچە بەسـەر یەکەوە (بێ مەڵات)ی نێوان دانرابوون، هەر قورسایەکەیان دڵنیابەخش بووە، بۆ هەر تەوژم و ڕووداوێکـی ناگەهـانی و لەپـڕ، بەو شـێوەیە دیوارەکـان دروسـت دەکـران، بەو شـێوەیە پەرسـتگا و کۆشـکی شـاهان دروسـت دەکـران، زۆرتـر لە (مـس)دا پەرسـتگا و کۆشـکەکان یـان بە شـێوەی چوارگۆشە یان لاکێش وەک دالان، لە دوولاشەوە ڕاڕەوی نێوان دیواری

تـالار و ڕیـزی زۆری پـایە (عەمـوود) بە دەوربەری پەرسـتگایدا ئیتـر ستوون( عەمووود) لە زۆربەشی پەرستگا و کۆشکەکاندا بەکاربراون.

لەو سـەردەمەیدا دوو پەرسـتگا دروسـتکراون، یەکەمـین پەرسـتگای (هیـرا) بەشـێوەی دووریسـی لە شـاری (ئۆڵەمـپ) لە سـەدەی حەوتەمـی پ.ز دروسـت کـراوە، پەرسـتگایەکی دیـکە بەنـاوی (ئەپولـون) لە شـاری (فرنـت)دا ئەنجـام دراوە، دوو پەرسـتاگای تـر بە شـێوەی (ئیونیـای) یەکەمیان پەرستگای (ئارامیس) لە شاری (ئانەسووس)دا، کە ئەو دەم بە سـاختمانێکی دەگەمەنـی سەرسـامئاوەری جیهـان دەزانـرا، سـەدەی حەوتەمی پ.ز. دووهەمیان ساختمانێک بوو بۆ خەزێنەی گەنج و زێڕ و زیو و زێرەرە بەنرخەکان، ئەوانەی دەبەخشرانە پێشگای خواکان.

هەر لەو کاتانەیـدا شـێوەی پەیکەرتاشـین یەشـتا زەرافەتـی هـونەری خۆی بەدەست نەهێنابووە، یەک نموونە بەدەسـتەوەیە، کە زۆرتـر لە نـاو پەرسـتگاگاندا دادەنـرا، لە تەنەی ئەسـتووری دار دروسـت دەکـرا، هـیچ جۆرە جووڵانەوەی هونەریی پێوە دیار نەبووە، کەڵلەی سەر ڕاستەوخۆ بە سەرمل و سنگ و هەر دوو دەست چەسپاو بە دووی لای بەدەنەوە، هەردوو پـا جـووتکرا و ڕێـک ڕاوەسـتاو. بـۆ نمـوونە پەیکەرێـک لە دار داتاشراوە بۆ خواوەندگار (ئـاتەن) بەو شـێوە سـەرەتایەی ئەنجام دراوە، لە داری زەیتوون داتاشراوە بەسەر گردی (ئـاکر وپول) لە شـاری ئاتنـدا پەیکەر لە بەرد داتاشـراون تـا ڕادەیەک بەردەکە سـفت و سـەخت نییە و وردە وردە شـێوەی کۆنیـان بەلاوە نـاوە و دەسـت لە لەش نەچەسـپاوە، حەرەکەت دراوەتە دوو پـا و هەرووەهـا سـەر و مـل لە پەیکەرتاشـیندا هەروەک قەڵاسازی بە دوو شـێوە ئەنجـام دراوە، (دوریسـی و ئیونیـای) شـێوەی دوریسـی زلزەلامتـر و وەسـتا و سـارد ئەنجـام دراوە، زۆرتـر هەیکەلـی قارەمانـانی ئەنجـام داوەو بەڵام ئیونیـائی بـاریکتر و تـێکەڵاو

کاریان کردووە و پەیکەر و لەشولاری ئافرەتانیان کردووەتە پەیکەر لە کەرستەی مەڕمەڕ پەیکەری کچی یۆنانی هەروەها کوڕی یۆنانی، ئەو دووانە سالم بە دەستەوەن، هەردووکیان بزە بەسەر لێویانەوەیە، ئەو دوو پەیکەرە بە بزەکانیانەوە بەناوبانگن. هەروەها لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا نەخشی بەرجەستە بەسەر نمای دیواری ساختمانەکانەوە کرابوونەتە باو، لە تەلارسازیەکاندا زۆرتر شەڕی خواکان و کاروکردەوەیان کراونەتە هەوێنی ئەو نەخشە بەرجەستانەی زۆرتر لە گەنجینەی پەرستگای (دولفی)دا ئەنجام دراون.

هەروەها لە پەرستگای (ئاتنە)یدا نەخشێنراون، ئەوانە بەسەر گەردی (ئەکروپولی) شاری ئاتن پاڵەوانانی لەشی ڕووت لە پەرستگای زئوسە لە شاری ئۆلەمپ دامەزراوە. هەروەها پەیکەری خواوەندگاریان بەوپەڕی وردەکارییەوە داتاشراوە.

بەڵام شێوەکاری بە لەناوچوونی فەرهەنگی (میسنی) فەرامۆش کرا، دووبارە لە سەدەی حەوتەمی پ.ز گرنگیی پێدراوەتەوە و زۆری نەکێشاوە پێگە و جێگەی خۆی لە هونەری یۆنانیدا بەدەست هێناوە، تەنها ساختمانە گشتییەکان یان تایبەتمەندەکان یان گۆڕستانەکان نەقاشی و شێوەکاری تیادا کراوە، بەداخەوە زۆربەی ئەو شێوەکاریانە کە لەناو ڕۆیشتوون تەنها لە ناو نووسینە کۆنەکاندا باسیان لێوەکراوە. لەم دوایەیدا لە باشووری ئیتاڵیدا چەند دیوارێک دۆزراونەتەوە جۆری شێوەکاری یۆنانی پێوە دیار بووە.

بەڵام هونەری دەفر و گۆزە و کوپەی سفالین ئەوانەی وا لە سەدەی یازدەی پێش زاییندا کرابووە باو، زۆری لەناو ڕۆیشتوو، لە دوای لەناوچوونی فەرهەنگی مسینی ۱۱۰۰پ.ز بەسەر گۆزە و کوپە

کۆنەکانەوە، فۆرم و شکڵ و شێوەی هەندەسی زۆری بەدەستەوەیە لە سەدەی حەفتەمی پێش زایین برێک فۆرم و شێوەی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتی کەوتە ناو شێوەکاری یۆنانییەوە وەک سەعفی خورما یان گژوگیا یان جانەوەران، یان گوڵ و دێو و درنج، لەسەر گۆزە و کوپە یۆنانییەکان بەدەستەوەن، یان هەڵکەنراون و ڕەنگئامێزیی کراون لە سەدەی شەشەمی پ.ز گۆزەکەرانی ئاتەنی ئەو شێوە کارەیان ئەنجام داوە.

## دەورەی کلاسیك

بەپێی ئەو ڕاڕەوە دووورودرێژەی دونیای هونەرە وا یۆنانییەکان بڕیبوویان، هەروەها بارودۆخی سیاسی بەتایبەت دوای سەرکەوتنی یۆنانییەکان لە شەڕی ماراتۆن ٤٩٠پ.ز بەسەر ئێرانییەکاندا، ئێرانی هەخامنشی یۆنانییەکان کەوتنە ناو دونیای ئاسایش و پەرەپێدان بە هونەر و ئابووری و لە هەمان کاتدا دوو تۆماری سوڵح و ئاسایشیان تۆمار کردبوو یەکەم لەگەڵ ئێرانییەکاندا ٤٤٨پ.ز دووهەمیان لەگەڵ شاردەوڵەتی ئیسپارتە ٤٤٥پ.ز هونەر بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی زۆری بەدەست هێنا شاری (ئاتن) بوو بە پایتەختی گشتیی یۆنان و ژیان و هونەر تێکەڵاوبوون، بەتایبەت لە سەردەمی سیاسەتزانی دیموکراتی سەردەمی (بریکلس) کە تا بە ئێستا ئەو فەرمانڕەوایە باس دەکرێت و بە نموونە دەهێنرێتەوە.



تەلارسازیی کلاسیک بە پێشەوایی پەیکەرتاشی بەناوبانگ (ڤیدیاس) جــووڵانەوەی بەرچــاوی بەخــۆیەوە دی، ســاختمانەکان بەتــایبەت لە ئەکروپۆلیسدا شـەهکاری تەلارسازی هـاتنە کایەوە. هەروەها پەیکەری خواوەنـدگاران نەخش و بەرجەسـتەی سـەر دیوارەکـانی پەرسـتگاکان، کـارە پـڕ لە زەرافەتکاریەکـانی دوو تەلارسـاز (ئیکتینـوس و کـالیکراتس) دەروازەی ئەکروپـولیس بە دوو ڕیـز پـایە و گـوڵتەی پـڕ لە زەرافەتـی تەلارسازی ڕازێنراوەتەوە.

هەروەهــا ســەردەمی پــڕ لە هــونەری تەلارساز(نســیکلیس) یــان پەرسـتگای خواوەنـدگار(ئاتنە) بەشـێوەی (ئیونیـای) دروسـت کـردووە ٤٣٠پ.ز هەروەها پەرستگای (ئارختیون) کە خودی گوڵتەکانی لە لایەن پەیکەرتـاش (کاریاتیـد)ەوە دروسـت کـراوە. ئەوانە تێکـڕا بەسـەر گـردی (ئکزویولس)ەوە دروست کراون. ٤٢٠پ.ز.

لە شاری ئەتکا پەرستگای (تیمیسیس) کە خواوەندگاری (پاداشت و سـزا) بـووە لە رامونـت پەرسـتگای (پۆزیـدون) خواوەنـدگاری دەریاکـان دروست کراوە. لەو سەردەمانەیدا تەلارسازی گەیشتبووە پۆپەی جوانی و زەرافەتکـاری پەرسـتگای کە بـۆ خواوەنـدگاران لە چەنـدان جـێگە و شوێن دروست کرا. لەناو شـارەکاندا خەڵکانێک خـانووبەرەی گەلێک پڕ لە شێوەی جوانی تەلارسازییان دروست کردووە.

ئیدی ڕەواقی سـەر داپۆشـراوی عەموودداری لەنـاو شـارەکاندا یـان گۆڕەپانی وەرزشی و تاودانی ئەسپ و گالیسکە لێخوڕین.


پەیکەرتاشین لەو سەردەمەیدا گەیشتە لووتکەی زەرافەت، پەیکەری خواوەنـدگاران، هەروەهـا شــەڕ و ململانـێ خواوەنـدەکان لەگەڵ یەکـدا

لەگەڵ جانەوەرانی ئەفسانەییدا یان جەنگاوەرانی شەڕەکان ڕموەشێن، تیرئاوێژ، سپەر بەدەست، لە تەواوی گۆڕەپانەکاندا بە قەبارەی زلزەلام دانرابووە (ڤیدیاس)ی پەیکەرتاش مامۆستا و چاوساغی تەواوە پەیکەرتاش چاودێریی تەواوی ئەو کارانەی دەکرد یان بۆخۆی پەیکەری بەناوبانگی (زئوس) بە بوڵندی ١٢مەتر بەزێڕ و عاج ڕازاندوبوویەوە، لەناو پەرستگای (پارتنون)وە لە شاری ئۆلمپ ئەو پەیکەرەی داناوە لە دوو پەرستگای ئایینیی ئەو سەردەمەیدا (دۆلڤی و ئۆلەمپ)، هەزاران پەیکەری تیادا دانراوبووە زۆربەیان زۆریان لە مەڕمەڕ داتاشراوبوون، یان لە برونز دروستکرابوون، ئەوی ماوەتەوە پەیکەری گالیسکەران و ڕموەشێن کە هەردووکیان لە لایەن (بولیکۆتس)ی پەیکەر تا شەوە دروستکرابووە هەردووکیان پڕن لە گۆڕانکاری لە شێوە و شەمایلی پەیکەرتاینی ئەو کاتە.

## شێوەکاری

شێوەکاری سفالگەری (سرامیک) ئەوانیش پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە دی، هونەرمەند (بولیلنوتوس) کە سەرەتا چوار ڕەنگی بەکار بردووە(ڕەش، سپی، سوور، زەرد) ئەو هونەرمەندە داهێنەرە گۆڕانگاری لە شێوە و بنەمای شێوەکاری ئەو سەردەمەیدا ئەنجام داوە. بڕێک تابلۆی بەناوبانگی ئەنجام داوە، وەک: داگیرکردنی شاری تروا، دۆزەخ، بەسەر دیواری پەرستگای دلفییەوە نەخشاندووە. شەڕی (تیسئوس) لەگەڵ ژنانی شەڕکەری هۆزی ئەمازۆنا، شەڕی ماراتۆن لە شاری ئاتن، بەسەر دیوارێکەوە هەروەها دوو برای (ڤیدیاس)ی گەورە پەیکەرتاش بەناوی (مسیکون و پانائیتوس) کە هەردوویان شێوەکاری بوونە تەواوی کارەکانیان دەربارەی قارەمانانی مێژووی یۆنان بووە. سڤالگەری و گۆزە و دەفری (گڵین) ئەویش وەک هونەرەکانی تر پێشکەوتنی پڕ لە جوانی بە خۆیەوە دی، ئیتر بەسەر گۆزەکانەوە وێنەی ئاسنگەر و پینەچی، ماسیفرۆش و دووکاندارایان نەخشاندووە، هەر ئەو وێنانە زۆر زانیاری ئەو کاتەیان خستووەتە بەرچاو.

جگە لەو هونەرانە کاردەستی خەڵکە زۆرەکە هونەرکاربوون لە ئاسنگەریدا لە چەک و سپەر و شمشێر دروستکردندا، زیوکاری، زەڕنگەر ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، ڕاپەڕینێکی هونەری لەو سەردەمەیدا لە تەواوی بوارەکاندا ڕوویان داوە.



بەڵام لە سەدەی چوارەمی پ.ز هونەر لە زۆر ڕووەوە دارمایە خوارەوە، شەڕ لە زۆر گۆشە و کەناری یۆناندا دەستی پێ کردبوو، لە شاری (ئاتن)دا هونەر ڕاوەستا تەنها لە دەڤەرە دووردەستەکاندا وەک شاری مالّتە لە ئاسیای بچووکدا، چەندان پەرستگا بۆ خواکان دروستکراون، لە سەدەی ٣٥٠پ.ز هەستی نەتەوایەتی و دەمارگرژی یۆنانی بوون ساردبووبوویەوە، هونەرەکان لە کاروکردەوەی تەلارسازی جیابوویەوە، شێوەکاری خرایە نێو مالّی دەولەمەندانەوە، ئاستی هاتە خوارەوە. هونەر بوو بە پیاهەڵدان بۆ کەسانی دەوڵەمەند و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان پەیکەرتاشینیشن کەوتە هەمان هەڵدێرگاوە، پەیکەری کچان و کوڕانی دەوڵەمەندان هاتنە بەرچاو.

برێک پەیکەری ڕووت و قووت خواکان کەوتنە بەرچاو، بوویە هۆی نارەزایەتی خەڵکە زۆرەکە، تەنها پەیکەرتاشێک بەناوی (ئسکوباس) لەم دوایەشدا (کوسیپوس) چەندان پەیکەری ئەسکەندەری گەورەی ئەنجام داوە.


شەڕ و پەلامارەکان وڵاتگرتنەکانی ئەسکەندەری مەەقادۆنی (٣٣٦-٣٢٣پ.ز) بوو بە هۆکاری بەربڵاوی هونەری یۆنانی لەسەرتاسەری جیهاندا، لە ڕووی تەلارسازییەوە دروستکردنی شاری ئەسکەندەریە لە میسر نموونەی ئەو حاڵەتەیە، ئیتر تراژیدیەکان داخزانە ناو تێکڕای بوارەکانی هونەرەوە، هەتاوەکوو هونەری (هیلینی) لە ئەساڵەتی هونەری بە دوور کەوتبووەوە.

بەڵام لە سەردەمی سەدەی دووهەمی پ.ز هونەری پەیکەرتاشین دیسانەوە هاتەوە، پەیکەری ڤینۆس یەکێک لەو پەیکەرانەیە وا دۆزراوەتەوە و بەناوی پەیکەرەکەی میلیتوسی بەناوبانگەکە کە جووتیارێک بووە لە کاتی جووتکردندا پەیکەری (ڤینۆس) گاسنی جووتەکەی لەو پەیکەرە گیری کردووە و پەیکەرەکەی لەژێر خاک هێناوەتە دەرێ.

سەفالگەری ئیتر گۆزە و گوڵدان و دەفر و دەوری به شێوەی بەرجەستە نەقاشی لەسەر کراوە، هونەری ڕۆژهەڵات لەو کارانەیدا بە باشی تیادا دیارە، لە دواییدا هونەری ڕۆمانەکان بوونە واریسی حەقیقی تەواوی بوارە هونەرییەکانی یۆنان.

# هونەر و تەلارسازیی ئیسلامی

لە هەزارەی حەوتەمـــی پ.ز نیشـــانە بە دەســـتەوەیە کە مـــرۆڤە ســـەرەتاییەکان لە عەرەبســـتاندا ژیـــاون، لە چەنـــد لاوە چەنـــدان بەردە تەرامی تیژکراویان گورز و چەکووشی بەردین دۆزراوەتەوە، ئەگەرچی ئەو حەلانەش دورگەی عەرەبـی زۆربەی زۆری سـارایەکی پـڕ لە لـم و باهۆزی لـم و خـۆڵ بـووە و جێگەی ئاسایشـی تیـادا کەم بووە، بەڵام لە بڕێک جێگەیدا وەک قەتەر و دورگەی بەحـرێن و لە دەڤەرەکانی (نەجد) و باشـــووری عەرەبســـتان عەدەن و هەروەهـــا یەمەن، دوو ڕووداوی گەورە ئەنجـام دراوە، یەکەمیـان مـاڵیکردنی حوشـتر بـووە، دووهەمیـان ئەلفوبای عەرەبی بووە.



کۆنترین زەمانێک ناو لە عارەب هاتووبێت لە کەتیبەیەکی ئاشووری دایە، سەردەمی دەستەڵاتی شلیمنسەر ٨٢٢پ.ز هەروەها لە تەلموودا لە بڕێک لە شەریعەتەکانیدا، هەروەها تەورات باس لە شەریعەتی حەزرەتی مووسا دەکات، ناوی دوورگەی عارەب و میللەتی عارەبی هێناوە.

هەروەها لێرە و لەوێ چەندان وردە دەستەڵات پێک هاتبوون، بڕێک لایان وایە عارەب بوونە و بڕێک ئینکاریی ئەوەی دەکەن، وەک: تەدموور، نبتیەکان، غەسانیەکان، سەبەء، حەزرەمووت، دەوڵەتی سەبەء و شاژنە بەڵقیس لە قورئاندا باسی کردووە، هەروەها باسی لە دەستەڵاتی حەزرەتی سلێمان کە پەیامبەر و مەلیکی ئیسرائیل بووە و لەسەر زەویی ئیسرائیلدا فەرمانڕەوایی کردووە، ئێستا هەرای عارەب و ئیسرائیل لەسەر ئەو بەزمەیە. لە ڕۆژهەلاتی باکووری عەرەبستاندا نیوچە دەستەڵاتێکیان هەبووە، لەژێر چاودێریی دەستەڵاتی ساسانییەکاندابوونە، بێ شەک ئەوی بەناوی عارەبەوە دروستکرابن هیچ بە دەستەوە نییە، لە پالیدا چەندان گوڵتەی ڕۆمانی دەبینرێت لە تەدمور ئەو دەم لەژێر دەستەڵاتی ڕۆمانەکاندا بووە هەر ئەوانیش شاژن (زەنوبیا)یان بە دیلی گرت و بردیان بۆ ڕۆمان.

عەرەبی بادیەنشین ژیانیان لەسەر تالانی یەکتر (غەزوو) دەگوزەرا، بەهێز بهێزی تالان دەکرد، زۆربەی زۆری خەڵکی دوورگەی عەرەب بادیەنشین و لەژێر ڕەشماڵدا دەژیان، جگە لە حوشتر کاروکاسبییەکی تریان نەبووە بە غەیر تالانی یەکترکردن، جیاوازی لەنێوان شار و عەشایەری بادیەیدا زۆر هەبووە، بەتایبەت بڕێک لەو شارانە زەواری بازرگانییان بەرەو شام ڕێک دەخست، ئیدی شاری مەککە و مەدینە بە ناوەندی بازرگانی دەژمێردرا، لە ئاوا ژیانێکدا هیچ جۆرە هونەرێک بەدی

نەدەکرا هەتاوەکوو پەیکەری خواکانیان (لات و عوزی و هوبەل) بە ئەوپەڕی سادەگی و ناڕێکی ئەنجام داوە، ئەو خوایانەیان لە شکڵی مرۆڤ دروست کردووە، بەشێوەیەکی گەلێک سەرەتایی وە بیروباوەڕێکی ئاییینی جۆراجۆر هەبووە، بە دێو و جنۆکە و پەری و غۆل و ئەستێرەکانی ئاسمان و بەسەر ئەوانەیشدا بتیان بۆیان سازاندووە، وەک: سەگ، مارمولک، ورچ کیسەڵ و گا، بتەکانیان یا لە گڵ یان دار دروست دەکرد، یان لە بەرد دەیانتاشی، بینراوە لە زێڕ و زیویش... لەو جۆرە بتانەیان دروست کردووە، هەروەها لە تووک و کوڵکی حوشتر برێک پارچەیان چنیبووە، بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە بەربەستی (مەئرەب) ١٠٠٠پ.ز بە کارێکی گەورەی میعماری دەژمێردرا، هیچ حاڵەتێکی کەی تەلارسازی لەو دەرگەیەیدا ئاسەوارێکی لێ بەجێنەماوە.

# هونەری ئیسلامی

کۆچی پەیامبەر (د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە بە سەرەتای مێژووی ئیسلام دەژمێردرێت و لەبەرانبەردا دەکات بە ٦٢٢ز، دوا کۆچیدوایی حەزرەت ١١ک چوارکەس و چاوساغ و جێگیری پەیامبەر هاتنە مەیدانەوە: ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان، حەزرەتی عەلی، لە شاری مەدینەدا ڕابەری موسڵمانانیان لە ئەستۆ گرت. حەزرەتی عەلی لە ساڵی ٣٤ک بوو بە خەلیفە و شاری کوفەی کردە پایتەختی خەلافەت، لە ساڵی ٤٠ک حەزرەتی عەلی شەهید دەکرێت و معاویە لە بنەچەکدا ئامۆزای پەیامبەر بووە دەبێتە خەلیفە و دیمەشق دەکاتە پایتەختی خەلافەت و زنجیرە دەستەلاتی ئەمەوی پێک دێت(٤١-١٣٢ک) بە دوای ئەواندا خەلافەت کەوتە دەستی عەباسییەکان و خەلافەتەکەیان تا ٦٥٦ک بەردەوام بووە لەلایەن هۆلاکۆخانی مەغۆلەوە لەناوچوونە.

مانای ئیسلام، یانی دینی موتڵەقی خودا، لە ماوەی دە ساڵدا ئایینی ئیسلام سەرتاسەری دورگەی عارەبی گرتووەتەوە، دوای کۆچی دوایی پەیامبەر لە ماوەیەکی کەمدا توانی: ئێران، سووریا، میسر، باکووری ئەفریقا، دۆڵی دوو ڕووبار، هیندوستان وەبڕێکی دیکەی وڵاتاندا ئیسلام وەک ئایین بڵاوبێتەوە، هەروەها پەرچەمدارانی ئیسلامی دارای هیچ جۆرە هونەرێک نەبوونە، چەکی ئەوەڵ و ئاخریان ئایینی ئیسلام بووە و بەس.

کە ئیسلام بڵاوبووەتەوە جێگەی نوێژکردن بووەتە ناوەندی دیاردەی ئیسلام ئەوەیش جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، سەرەتا سوپای ئیسلام دوای شەڕی گەورەی قادیسیە و سەرکەوتنی سوپای ئیسلام لە

شـاره داگیرکراوەکانـدا نوێژیـان دەکـرد لەسـەر نـوێژکردن لە ڕیـزی یەکەمـدا سـەرۆک عەشـیرەتەکان دەبـووە هەرا لەنێوانیانـدا سـەرئەنجام بڕیـاردرا هەر عەشـیرەتێک بە جیـا لە زەویەکـی تایبەتـدا کە هەر خۆیـان بـن، نـوێژی خۆیـان بـکەن، ئیـدی دوای داگیرکـردنەکەی ئێـران زۆر لە پەرستگا و ئاگردانیان کردە مزگەوت تـا بە شێوەیەکی فەرمـی یەکەمین مـزگەوت بە کەرسـتەی سـاختمانی ئەو کـاتە بە یەکەمـین مـزگەوت لە ئێرانـدا دروسـت کـراوە، بڕێـک لەو مزگەتـانە ئاسـەواریان تـا بە ئێسـتا ماونەتەوە. دەستەڵاتی پڕ لە توونـدوتیژی و بێ لێدوانی بیابانشـینەکانی دوێنـی و فەرمانڕەوایـانی دوای فتوحـاتی ئیسـلامی تێکەڵـی فەرهەنگـی پێگەیشتووی میللەتانی غەیری عارەب بوون.

لە مـاوەیەکی کەمـدا "فتووحـات" شـێوە و شـەمایل و جـۆری فەرمانڕەوەییـان گـۆڕایە سـەر کاروکردەوەکـانی ڕابردوویـان، جـاران یەکتریـان (غەزوو) دەکـرد و دار و نەداری هـاوڕەگەزی خۆیـان تـاڵان دەکـرد، ئەمجـارە سـەرزەویەکی پـانوپۆڕ و دەوڵەمەنـد و پـڕ لە خێـر و بەرەکەت و پێشـکەوتوویان بەدەسـت هێنـابووە لەم ڕووەوە (پرۆفیسـۆر عەبدولحوسینی زەرنەکوب کتاوێکی نووسیوە بەنـاوی " دوو سـەد سـاڵ بێدەنگی" بەنـدە ئەو کتـاوەم وەرگێڕاوەتە سـەر کوردی بـرۆ بیخـوێنەوە، ئەو دەم دەزانـی ئەبـوو موسـلمی خوراسـانی بـۆچی ئەو شۆرشـە خوێناویەی دەست پێ کرد)

کاتێک دیمەشق کرایە پایتەختی دەستەڵاتی ئەمەوی کە لە مێژوودا بەناوەندی دەستەڵاتی بیزەنتی دەژمێردرا. لەوێڕا گەورەترین کڵیسـایان گـۆڕییە سـەر مـزگەوت بەنـاوی مزگەوتـی ئەمەوی کە تـا بە ئەمـڕۆ زەرافەتی تەلارسازی پێوە دیارە.

چەندان مزگەوتیان لەسەر بنەمای ڕووو بە قیبلە و میحراب و جێگەی نوێژکرن و ڕەواقی دوو لاو جێگەی دەستنوێژگرتن و موستەڕاحیان دروست کرد (قوبەتولسەخرە) لە لایەن خەلیفەیەکی ئەمەوی دروست کراوە، بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە یەکەمین مزگەوتی ئیسلامی لەسەردەمی خولەفای ڕاشیدیندا لە ئێران دروست کراوە، هەروەها سەرەتای ڕازاندنەوەشی بە ئایەتی قورئان و گومەت و کەوانە لەوێڕا کراوەتە باو بۆ مزگەوتی ئیسلامی و ڕازاندنەوەی منارە بە سرامیکی ڕەنگاوڕەنگی لوعابی هەر لە ئێرانەوە شۆڕبووەتەوە وڵاتەکانی ناو ئیسلامدا، بەندە لەو شێوە تەلارسازییانە دەدوم( ئەگەر دەتەوێ مێژووی ئەو سەردەمی مزگەوتانە بزانی بڕۆ کتاوی "مێژووی مزگەوت و میحراب و منارە و مینبەر و مەزار- خوسرەوجاف" بخوێنەوە.

لە شاری دیمەشقدا دەستی موزائیکسازانی بیزەنتە بە ئاشکرا و نمایانە و تا بە ئێستا ماوە، بەڵام بنمیچی مزگەوتەکانی ناو دیمەشقی سەردەمی ئەمەوی کەمتر سوودیان لە گومەت بردووە.

لێرە و لەوێ کۆشک و تەلاریان دروست کردووە، چەند دانەیەکی لە ساراکانی وڵاتی ئوردن و سووریەدا یەشتا ماون. بەسەر دیوارەکانیانەوە یەشتا شێوەکاری ماوەتەوە دیارە هی سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەوی خۆشگوزەرانی ئەمەویەکان بوونە ئەگینا شێوەکاری لە ئیسلامدا بێزراوە، بەڵام ئەو شێوەکاریانە زۆرتر دەگەڕێنەوە بۆ شێوەی یۆنانی ئیدی بە گوێرەی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان برێک لە دەسترۆیشتوان هێندە پابەندی بیروبۆچوونی پیاوانی ئایینی نەبوون.

برێک لە خولەفای ئەمەوی و عەباسی ئەهلی شەرابخواردنەوە و بەزمورابواردن و حەرەمسەرا بوونە، بە چوار ئافرەت ڕازی نەبوون و

(وما ملكت أيمانكم)، جا ئەو کۆشکانە وا دروستکراون بە سەبکی بێزەنتی، ئێرانی لە سووریەوە وە قبتی لە میسر زۆربەیان شێوەکاری ڕازاندنەوەی جۆراوجۆریان تیادایە وردە وردە مەدرەسەی تەلارسازی ئیسلامی بەرەو پێگەیشتن ڕۆیشتووە.

ئەو ساختمانانە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا دروست کراون ئەمانەن ( مزگەوتی (عەمروعاس) لە قاهیرە، (قەیرەوان) لە توونس، (قوبەتولسەخرە) لە قودس، مزگەوتی (ئەمەوی) لە دیمەشق. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی کۆچیدا لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەوی لە ئیسپانیا مزگەوتی (قورتوبە) دروستکراوە، کە یەکێکە لە شاکارەکانی تەلاسازیی ئیسلامی لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی (فاتیمی) لە میسردا شێوەی ئێرانی چەندان مزگەوت دروستکراون، بەتایبەت گومەتسازی ئێرانی ئەنجام دراوە. بەڵام لە ئیسپانیادا شێوەی ساختمانی ئیسلامی جیاواز بووە تیادا پەیکەر و ئاونما و ڕازاندنەوەی جۆراوجۆری تیادا کراوەوە تا بە ئێستا پارێزراون، وەک کۆشکی (الحمراء) لە شاری (گراناتا) پڕە لە پەیکەری شێر و موقەرنەس و کاشیکاری کەوانەی جۆراوجۆر لە سەردەمی دەستەڵاتی عەباسیدا پایتەختی عەباسی لە بەغدادا لە لایەن خەلیفەی دووهەمی عەباسییەوە دروست کراوە بە شێوەی تەلارسازیی ئێرانی (ساسانی) لە تەواوی کارەکاندا وەدەرکەوتن، ئیدی کەوانە و گومەت و پلکانە و دەروازەی هیلالی تاقنما و تاقی بێشکەیی هەیوان لە سەرتاسەری بەغدای تازە دروستکراودا کەوتنە بەرچاو.

دەستەڵاتی عەباسی هاندەری شێوەی تەلارسازی بە گوێرەی وڵاتانی ژێردەستەی بووە. (ئیبنولتولون) والیی سەربەخۆیی میسر کاتێک

(منارەی مەلویە)ی سامەڕای دی، فەرمانی دا مزگەوتێکی گەورە بە تەرزێکی تایبەت دروست بکەن، بنوارە مزگەوتی (قەیرەوان) لە توونسدا، لە چاولێکەریٚ سامەڕا و قاهیرە کراوە.

ئێرانییەکان لە سۆفالگەریدا کاریان کردووە، بەڵام چینییەکان بوونە خاوەنی ڕاستەقینەی سوفالگەری لە جیهاندا، ئەوە حاشاهەڵنەگرە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا شاری سامەرا، شووش، ڕەی، نەیشاپوور، سەمەرقەند، ئەو شارانەی لە زەرافەتی پارچەچنین سەفالگەریدا دەستی باڵایان هەبووە.

لەبارەی شێوەکاریەوە (میناتۆر) لە مێژەوە لە ئێراندا ڕیشوویەکی کۆن و پتەوی هەبووە، بە هونەرێکی نەتەوایەتی ژمێردراوە و تا ئێستایش بەردەوامە. لەو هونەرەیدا شارەکانی تەورێز، ئەسفەهان، شیراز وەستابوونە و پەڕیوەتەوە بۆ شاری هیرات.

لە ئێراندا قورئاننووسین بە ئاوی زێڕ زۆر باوبووە. هەروەها عاجکاری، فلز هەڵکۆڵین لە ئێراندا گرنگیی پێدراوە، گەچبڕی لە مزگەوت و خانوو و تەلارەکاندا باوێکی زۆری پێدراوە.

دەوڵەتی ئیسلام لە ساڵی( ٣٠ ک) توانی وڵاتی سووریا و میسر لەژێر دەستی دەوڵەتی بیزەتەوە دەربهێنیٚ.

ئیدی دەستەڵاتی ئیسلام لەگەڵ تەلارسازی ئێرانی و میسریدا ئاشنابووە، بەتایبەت کەنیسەکانی ژێر دەستەڵاتی بێزەنتە و حاڵاتی میعماری ئەو ساختمانانە لە نزیکەوە ئاشنابووە سەرەتا هەروەک چاولێکەری سەرئەنجام تەلارسازی ئیسلامی وردەوردە ڕێچکەی تایبەت بەخۆی دۆزیەوە و بە گوێرەی ژینگەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە

ئەرکـــانی ســـەرەکی مـــزگەوت دوورنەکەوتـــنەوە، بەڵام بە شـــێوە و کەرستەی جیاواز لە سوریادا شێوەی یۆنانی و لە میسردا شێوەی قبتی و لە بنەمای سـەرەکیدا شـێوەی ساسـانی ئێرانی ئەوانە هەمـوو تێکەڵـی تەلارسـازی، هینـدیش تێکەڵـی تەلارسـازی ئیسـلامی بـووە، چەنـدان مزگەوتیش بەشێوەی تەلارسازی چینی کراون.

ئەگەرچی ئیبنولتولون زۆر نەماوەتەوە لەسەر کار، بەڵام تەقەلاکانی لە بواری تەلارسازیدا لە بەرچاون لە ساڵی ٢٥٥ک مزگەوتێک لە دۆڵی دووڕبـار و لە قـاهیردەدا ئەنجـام داوە و دەکـرێ بوترێـت جـۆری تایبەتمەندی تەلارسازی خۆیان هەبێت.

لە سـاڵی ٢٩٧ک دەوڵەتـی میسـر کەوتە ژێردەسـتەڵاتی فاتیمیەکـان، مەیلیـان بەلای هـونەرەوە هەبـووە تـا سـاڵی ٥٦٧ک فەرمانڕەواییـان کـردووە، لەو مـاوەیەدا هـونەری ئیسـلامی لەسەرتاسـەری بـاکووری ئەفریقـادا ڕەواجـی پـێ دراوە و گەیشـتووەتە مەراکیش لە سـاڵی ٣٦٠ک زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرەیدا کراوەتەوە و گەورەترین کتاوخانەی تیادا کراوەتەوە گوایە ٢٠٠٠٠٠٠دوو ملیون بەرگ کتاوی تیادا بووە.

دەستەڵاتی ئیسلام سەرتاسەری باکووری ئەفریقای بەدەست هێناوە و لەو وڵاتانەیـدا مـزگەوت و (دار الحکمـة) و سـاختمانی جۆراجـۆری ئیسـلامی دروسـتکراون بەتـایبەت لە تەرابلووسـی فـاس، تیلمسـان و زۆر جێگەی تردا.

لە سـاڵی ٩٠ک کۆچەریـدا تـاریق کـوڕی زیـادی بەربەری تـوانی لە تەنگەی دەریای نێوان ئیسپانیا و ئەفریقا ببڕێتەوە، توانی بەشـێکی زۆری ئیسـپانیا داگیـر بکـات. لە دوای کوشـتاری بنەمـاڵەی ئەمەوی لە لایەن

عەباسییەکانەوە. عەبدورِەحمان یەکێک بوو لە بنەماڵەی ئەمەوی ١٣٥ک توانی خۆی بگەیەنێتە ئسپانیا و دەوڵەتی ئەمەوی لە ئیسپانیادا دووبارەسازیکاتەوە و شاری قورتووبە بکاتە پایتەختی دەستەڵاتی لەو وڵاتەیدا فەرهەنگ و تەلارسازی ئیسلامی بڵاوبوویەوە.

لە ساڵی ٤١٠ک دەستەڵاتی ئەمەوی لە ئیسپانیادا بنبرِ کراوە و دەستەڵاتی هەر مایەوە تا سەدەی نۆهەمی کۆچەری، بەڵام میرە مەسیحییەکان توانییان یەکبگرن و ئەوی موسڵمانە لە ئیسپانیا وەدەرنێن. ٨٩٧ک، بەڵام تەواوی ئەو تەلار و مزگەوت شێوەی تەلارسازی ئیسلامە، وەک خۆی پارێزراون، حاڵەتی ساختمانی ئیسلامی لە ئیسپانیادا بە زوویی لە ناونەچووە و خودی دەستەڵاتدارانی مەسیحی ئەو شێوەیان تێکەڵی کارە ساختمانەکانیان کردووە تا سەردەمی رِێنسانس بەردەوام بووە.

کاتێک دەوڵەتی عوسمانی دەستەڵاتێکی بەهێزی بەدەست هێنا و توانی وڵاتەکانی بەلکان داگیرکا، بگاتە ئاستی ئیمپراتۆریەت، تەلارسازانی عوسمانی لە سەر بنەمای تەلارسازی بێزەنتە یۆنیانی کاری خۆیان دارِێژاوە، زۆر مزگەوت و کۆشک و تەلاریان بەو شێوە دروست کردووە، بەتایبەت مزگەوتەکان کە بەشێوەی کلیسای (ئایاسۆفیا)ی دروست بکەن.

لەسەردەمی دەستەڵاتی سەفەویدا هونەری تەلارسازی شاکاری میعماری وایان ئەنجام داوە شانازییە بۆ ئەمرۆی مرۆڤ (برِۆ ئاسەوارەکانی شاری ئەسفەهان تەماشا بکە) بەغدا و دیمەشق گرنگییەکی ئەوتۆیان بە سازندەگی، هەتاوەکوو بەخۆیشیان نەداوە، تا بگاتە ئێمەی کورددا.

دەستەڵاتی عوسمانی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بووە: سەرەتا و ناوەندی و دوادوایی لە قۆناغی ناوەندیدا. دەستەڵاتی عوسمانی لە ڕۆژئاواوە گەیشتە ناوەڕاستی ئەورووپا و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ناوەڕاستی ئاسیا و سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبەکان و خودی دەریای سپیشی بەدەستەوە بووە. لە هەمان کاتدا گرنگییان داوەتە تەلارسازی و سازندەگی جۆراوجۆر بەتایبەت لە سەردەمی سەلاتینی وەک سوڵتان سەلیمی دووهەم و سوڵتان مورادی سێهەم سینانی تەلارساز و سلێمان قانوونی. لە سەردەمی ئەو چوار سوڵتانەیدا دەستبەکار بووە و چەندان شاکاری میعماری کردووە، بە نموونەی زەرافەتی میعماری دەدرێن لە قەڵەم و تا بە ئەورۆ بە یەکێک لە داهێنەرە بەناوبانگەکانی جیهانی تەلارسازی دەژمێردرێت.

خواجە میعمار سینان ئاغا (١٥٨٨ز) بە سەرۆکی سەرتاسەری تەلارسازانی ئیمپراتۆیەتی عوسمانی ناسراوە.

زانیاری بەناوبانگی ئەڵمانی (هـ - کلۆک) مامۆستای تەلارسازی زانکۆی نەمسا دەربارەی (سینان) دەڵێت: " ئەم سینانە سەر و گەردەنێک لە (مایکل ئەنجلۆ) کە بە گەورەترین ناوی هونەری فەرهەنگی ئەورووپا دەژمێردرێت بەرزتر و بەتواناتر بووە.

سینان لە دێی (غیرناس)ی سەر بە ویلایەتی قەیسەریەی ئەنادۆڵ هاتووەتە دنیایەوە. لە سەردەمی سوڵتان بایەزیدی دووهەمی کوڕی سوڵتان محەمەدی فاتیح لە خێزانێکی کریستیانی ئەرمەنی یا یۆنانی هاتووەتە دنیاوە. لە تەمەنی بیستوسێ ساڵیدا بووە بە موسڵمان و ڕۆیشتووەتە ڕیزی سوپای ئینکیشارییەوە. لەو کاتەیدا سوڵتان سەلیمی یەکەم خۆی بۆ شەڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی (شەڕی جالدیران)

ئامادە دەکرد. سینان هەر لە مێردمنداڵییەوە خولیای دروستکردنی جۆگە و باخچە و تەوێڵە بووە. کە دەگاتە پایتەختی وڵات دەڕواتە یەکێک لە قوتابخانەکان، لەوێڕا بڕێک زانستی هونەری فێر بووە، لە دواییدا دەڕواتە (ئەلئوچاخ) کە بە جێگەی فێربوونی هونەری تەلارسازی ئەو دەمە ناسراوە. هەر لەوێڕا تەلارسازەکانی عوسمانی فێری تەلارسازیی کراون. پاشان دەڕواتە قوتابخانەیەکی سەربازی و دەبێتە ئەندامی لەشکری عوسمانی. ئیتر بە دوای زانیاری تەلارسازیدا سەرگەشتە دەبێ و ئەوی هونەری میعماری بێزەنتی و سەلجووقی ئەستەنبۆڵ و ئەنەدۆڵ هەیە لە نزیکەوە دەبینێ و جۆر و سیستەمی میعماری ئێران و تەورێز و هەروەها وڵاتە عەرەبییەکان: بەغدا و دیمەشق و قاهیرەی ئەیوبی و مەملووکی هەڵدەسەنگێنێ و بەراوردیان دەکات.

لەسەردەمی لەشکرکێشیی سەدرولئەعزەمی لوتفی پاشادا بۆ سەر ئێران وەک ئەندازیارێک هاوڕای بووە، بووەتە جێگەی یاوەری کە گەورە میعماری عوسمانی (عەجەم عەلی) دەمرێت لە لایەن سوڵتانەوە دەکرێتە گەورە میعماری دەستەڵاتی عوسمانی (١٥٣٢ز) ئەم داهێنەرە گەورەی دونیای تەلارسازی زۆر شاکاری تەلارسازی لێ بەجێماوە. دوای چەند سەدساڵ لە ساڵی ١٩٨٢ز بۆ ڕێزلێنانی ناو و کاروکردەوەی ئەو بلیمەتە ناوی ئەکادیمیای هونەری ئەستەنبۆڵیان گۆڕی بە زانکۆی (سینان)ی هونەرە جوانەکان. ئەوە حاشاهەڵنەگرە سینان لە ڕەگەزی تورک نەبووە و بە دروستی یەشتا لەسەر ساڵی لە دایکبوونی مێژوونووسان هاودەنگ نین. بڕێک دەڵێن لە ساڵی ١٤٩٤ز لە دایک بووە. بڕێکی تر دەڵێن: ساڵی ١٤٩٩ز، بەڵام پرۆفیسۆری تورکی (ریما جۆنای) سوورە لەسەر ئەوەی لەساڵی ١٤٩٤ز لە دایکبووبێت. بڕێکی تر

پێیان وایە بە ڕەگەز ئەرمەنی بووە، یەهوودییەکانیش لایان وایە لە خێزانێکی جوولەکەدا هاتووەتە دنیایەوە. بۆچوونی تر هەیە دەڵێت بە ڕەگەز یۆنانی بووە و ناوی کریستۆ بووە. بڕێکی تر لایان وایە کۆیلەیەکی نەمساوی بووە، لەلایەن ئیبراهیم پاشاوە سەندراوە و بووە بە موسڵمان. لە هەر ڕەگەز و ئایینێک بووبێت لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین داهێنەر و بەناوبانگترین تەلارسازی سەردەمی خۆی بووە.

ئەمانەی خوارەوە بڕێک لە کارە تەلارسازییەکانی سینانن.

- یەکەمین مزگەوتێک لە لایەن سینانەوە دروست کراوە بەناوی مزگەوتی (خسرۆیە) لە شاری حەلەبدا لەسەر داوای والی حەلەب خسرۆی کوڕی سینان پاشا بووە ١٥٤٤ز.
- مزگەوتی شازادەمحەمەد (١٥٤٨-١٥٤٤ز)
- مزگەوتی خان لە دورگەی قرم (١٥٥٢-١٥٦٤ز).
- مزگەوتی (سەلیمییە) لە شاری ئەدرنە( ١٥٦٨-١٥٧٤ز)
- مزگەوتی سلێمانیە لە شاری ئەستەنبۆڵ (١٥٥٧ز)
- مزگەوتی تەکیەی سلێمانییە لە دیمەشق ( ١٥٥٤- ١٥٥٥ز)
- مزگەوتی سەفیە لە شاری قاهیرە (١٦١٤- ١٦١٥ز)
- مزگەوتی سوڵتانە میهرماهـ لە ئەدرنا قاپی.
- مزگەوتی سوڵتانە میهرماهـ لە ئسکودار.
- گەورەکردنەوەی (مسجدالحرام).
- زۆرتر لە ٤٧٦ ساختمانی دروست کردووە، دوای لە پێنجسەد ساڵ یەشتا سەدوشەش ساختمانی وەک خۆیان ماونەتەوە.

دیارە جگە لە تەلارسازی پارچەچنین، فلزکاری، سیرامیک، سفالکاری عوسمانی لە ئەورووپادا ڕەواجی پێدراوە.

لەپێش گردنی ئێراندا ئیسلام و عارەب بچووکترین ئاگادارییان دەربارەی تەلارسازی دونیای هونەر نەبووە، ئەوەیش ڕۆشنە بنەمای سەرەکی تەلارسازی لە یەکەمین مزگەوتەوەو دەستی پێ کردووە و لە مەدینەدا دروست کراوە. دیوارەکانی لە قوڕ و بنمیچەکەیش وەک سێوەر لە سەعفی دارخورما سوودیان وەرگرتووە، دوای کۆچیدوایی پەیامبەری خودا خەڵکانێکی زۆر لە ئاییبنی ئیسلام هەڵگەڕانەوە، دوای شەڕ و شۆڕێکی خوێناوی ئیسلام سەرکەوت بەسەر یاخیبوونەکاندا بیروباوەڕی ئاییبنی و لەولاشەوە حەزی چەپاو و تالان وای کرد خەڵکانێکی زۆر ئامادەی شەڕی (الفتوحات) بن، سەرجەم عەشایەری عەرەب لە مێژووەوە یەکتریان تالان کردووە و ئەوەیشان بە دلێری ئازایی زانیوە. سیستەمی تەحالوفات لەناو عەشایەرەکاندا بەردەوام بووە.

عەشایرە بێ هێزەکان چوونەتە ژێر پەرچەمی عەشیرەتە بەهێزەکان تا لە تالانکردن خۆیان بپارێزن. لەولاشەوە وەزعی سیاسی و ململانێ، بەدەستهێنانی دەستەلات لە دەوڵەتی ساسانیدا، بەرهەڵستی ئاییبنی بودائی لە ڕۆژهەلاتەوە و مەسیحیەت لە ڕۆژئاوا و ناو ئێراندا، هەروەها لایەنگرانی ئاییبنی مەزدەکی و مانیگەری لەناو خەڵکە هەژارەکەدا. لەولاشەوە موغەکانی ئاییبنی زەردەشتی ئەوەندە بە سوودی شەخسییەوە سەرگەرم بوون لە ئاییبنەوە بە دووربوون، لە هەمووی گرنگتر جیاوازیی نێوان دەستەلاتداران، خەڵکە زۆرە هەژارەکە وای لێهاتبوو چینی ناوەڕاست هەبوونی لەناوچووبوو، یان زۆر دەوڵەمەند بوو، یان زۆر هەژار و نەدار بوو.

لە سالانی پێش هێرشی ئیسلام بۆ سەر ئێران لە ماوەی پێنج ساڵدا شەش شا لە دەستەلاتی ساسانیدا گۆڕاون، بەسەر ئەوانەیشدا برێک لە

ویلایەتەکانی ژێر دەستەڵاتی ساسانی لە باجی ساڵانە یاخی بووبوون ئەوە بووبووە ئاشوفتەگی ئابووری ناو دەوڵەت لە ئاوا هەلومەرجێکدا سوپای ئیسلام پەلاماری دەستەڵاتی ساسانییان داوە، لەولاشەوە زۆر لە عەشایرە عەرەبەکانی ناو دورگەی عەرەب لە زۆر بواردا دەربارەی ئیسلام دوودڵ بوون، بەڵام کاتێک خەلافەت جاری فەتحی ئێرانی دا خەڵکەکە زۆربەیان بۆ تەماحی تاڵان و بڕۆ کەوتنە جموجۆڵ و ئامادەی بەشداریی شەڕەکە بوون.

دەستەڵاتی ساسانی گرمەژن بووبوو، بێ ئەو پەلامارەیش ئەو دەستەڵاتە لە ئاخروئۆخری خۆیدا بووە. برسیەتی و هەستی تەماح و تاڵان لە لایەکەوە، هێز و باوەڕی ئاییني ئیسلام لەولاوەو توانییان دەوڵەتێکی بەناو گەورە و پانوپۆڕ، بەڵام قڕۆڵ و کرمژن و لەرزۆک لە چەند شەڕدا بنبڕ بکەن، سەرەتا شەڕی (قادیسە) شەڕی دووهەم شەڕی جەلەولا سەرئەنجام دواشەڕی گەورە بەناوی شەڕی (نەهاوەند) کە عارەبەکان ناویان ناوە (فەتحولفتووح) بە دوای ئەو شەڕەیدا عارەب توانی دەستبەسەر زۆربەی زۆری وڵاتی ئێراندا بگرێت، تەنها لە دوو جێگەی کوردستاندا نەیتوانی دەستبەسەر دەڤەرەکانی ژێردەستەڵاتی (یاسانییەکان، ئێزەدیەکان) بگرن کە تا بە ئێستاش لە دەڤەرەکانیاندا پەیڕەوی ئاییني خۆیانن، ئیدی وردە وردە (فەتح) لە لایەن فەرماندە شڕەخۆرەکانی عەرەبەوە گۆڕایە سەر(غەزوو).

ئەم کورتەیە دەربارەی مێژووی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەم بەپێویستزانی ڕوونیکەمەوە تا قۆناغەکانی دونیای تەلارسازی وەک خۆی بخەمە بەرچاو.

ئەوە حاشاهەڵنەگرە مزگەوت بنەمای ڕاستەقینەی تەلارسازی ئیسلامی بووە، سەرەتاکەیشی مەعلوومە، کە چوار دیوارێکی لە قوڕ دروستکراوبووە و بەس.

عارەبێکی بیابان گەڕاوی ڕووتوقووتی برسی و یەکتر چەپاوکەر لەپڕ قودرەتی قادر دوور لە شینایی دوور لە شار دوور لە ڕووبار دوور لە ئاوەدانی لە پڕ بوونە خاوەنی شار و دیار و سەر و ماڵی خەڵکی ئەو گۆڕانکاریە لەپڕە لە ژیان و حاڵ و ماڵ و توانا و گۆڕی عەرەبەیدا زۆری نەکێشاوە لێژبووەتەوە ناو زۆر و زوڵم و داگیرکردن و کوشتن و بڕین.

پرۆفیسۆر عەبدولحوسێنی زەرین کوب لەم ڕووەوە کتاوێکی نووسیوە بەناوی (دوو سەدە سکووت) بەندە ئەو کتاوەم کردووەتە کوردی و ئەوەسا لە کتاوخانەی کوردیدایە.

ئەو گۆڕانکاریە ئابووریە لە ژیانی دەستەڵاتدارانی عارەبدا ڕوویدا و هەر یەکە لەو فەرماندەرانە بوونە خاوەنی هەزاران ئاژەیل و حوشتر و جاریە و سەر و ماڵ، کە دووبەرەکی کەوتە نێوان حەزرەتی عەلی و معاویەی کوڕی ئەبووسوفیان زۆربەیان بوونە لایەنگیری معاویە و پشتیان لە ئیسلامی حەقیقی حەزرەتی عەلی کرد و کەمەنکێشی زەڕ و تەماحی لای معاویە بوون، هەتاوەکوو (عەقیل)ی برای حەزرەتی عەلیش ڕووی لە دەرباری معاویە کرد. هەر لەو دوو سەد ساڵە بکوژ و ببڕ و تالان و بردن و گرتنی سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەوی لە ئێراندا بوو بە هۆکاری نارەزایەتی و ململان و چەکهەڵگرتن و سەرەنجام ئەبوو موسلمی خوراسانی هاتە مەیدانەوە و توانی پۆزەی ئەمەوی و ملهوڕیەکەیان تێکەڵی خۆڵ و خوێن بکات.

هەر لەو سەردەمەیدا چەندان مزگەوت دروست کراون بڕێک لەوانە یەشتا ماونەتەوە.

بەندە لە کتاوی (مێژووی مزگەوت و منارە و محراب و مینبەر و مەزاردا ٢٠٢٠) باسم لەو مزگەوتانە کردووە.

ئەوەیش حاشا هەڵنەگرە یەکەمین مزگەوت لە کەرستەی کەرپووچ و قسڵ و گومەت یەکەمین جار لە لایەن تەلارسازانی ئێرانیەوە ئەنجام دراوە کە معاویە زاڵ بوو بەسەر حەزرەتی عەلیدا پایتەختی بردە شاری دیمەشق ئەو دەم دیمەشق پایتەختی دەستەڵاتی بێزەنتە بووە لە سووریادا دیمەشق یەکێک بووە لە شارەکۆنەکان دەستەڵاتی ئەمەوی توانی بەربڵاویەکی پانوپۆڕ بەدەست بهێنی و وڵاتی جۆراجۆر بخاتە ژێر دەستەڵات و ڕکێفی خۆیەوە وەک زانراوە دەستەڵات و توانا و ئابووریی و بوونی چاوساغانی بوارەکانی هونەر ئەوانە هۆکارن بۆ هاندانی بواری تەلارسازی.

ئیدی توانییان مەزگەوتی (قبة الصخرة) لە قودس دروست بکەن، ئەمانەیش بڕێک لە کارە تەلارسازییەکانی سەردەمی ئەمەوین:

١- مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق بۆ خۆی لە سەرەتاوە کڵێسابووە کراوەتە مزگەوت(٧٠٧- ٧١٤ز)

٢- کۆشکی (عمره) لە نزیک شاری عەمان (٧١١-٧١٥ز).

٣- کۆشکی حەمان سوور لە نزیک شاری عەمان (٧٢٥-٧٣٠ز)

٤- کۆشکی (مشتا) لە باشووری شاری عەمان (٧٤٣-٧٤٩ز).

٥- کۆشکی (توبا) لە نزیک کۆشکی مشتا(٧٤٣-٧٥٠ز)

دوای لەناوبردنی دەستەڵاتی ئەمەوی لە لایەن عەباسییەکانەوە میرزادێک بەناوی (عەبدورەحمان) خۆی گەیاندە ئیسپانیا و توانی

میرنشینە عەرەبەکان بکاتە یەک و دەستەڵاتی ئەمەوی پێک بهێنێ و زنجیـــرە دەســـتەڵاتێک دروســـت بکـــا هەر لەو وڵاتەیـــدا کـــاری مزگەوتسازی و تەلارسازی زۆر ئەنجام بدەن، وەک:


١-مزگەوتی قورتوبە.

٢-کۆشکی حەمرا لە غەرناتە یان گرانادا.

# دەورەی عەباسییەکان

بەشــێوەیەکی خوێنــاوی دەســتەڵاتی ئەمەوی لە لایەن خەلــیفەی یەکەمــی عەباســی (ئەبــوو ســەفاح خــوێنرێژ) دوای ئەوەی لەنــاوبران، پــایتەختی دەســتەڵاتی بــردە ئەنبــار، زۆر نەمــایەوە بە دەردی خــوایی مــردووە و (ئەبــوو جەعــفەری مەنســوور) جــێگەی گرتــووەتەوە. لەبەر ئەوەی بە دلاوەری و خــوێنی شــەڕکەرانی ئێرانــی تــوانرا دەســتەڵاتی ئەمەوی بنبــڕ بکــرێن بەتــایبەت بەلێهــاتوویی و دلاوەری کــورد. ئەبوومـوسلمی خوراسانی بە ڕەگەز کورد لە پاداشتدا ئەبوو جەعفەری خەلیفە بە فێڵ دەعوەتی لێ کرد بۆ بەغدا و نامەردانە کوشتی.

دوای شــەهادەتی حوســەین و خێزانەکەی بەو شــێوە تراژیـدیایە لە لایەن یەزیدی کوڕی معاویەوە بنەماڵەی هاشمی و عەباسی هەر یەکە بە جۆرێــک لە تەقەلای بە دەســتهێنانی دەســتەڵاتدا بــوونە، ســەرئەنجام عەباســییەکان کە ئــامۆزای هاشــمییەکان بــوون ســەرکەوتن، توانییــان دەستەڵاتی ئەمەوی لە بێخ دەربێهنن.



ئەو شـــــەرە لە نزیـــــک ڕووبـــــاری زێـــــی گەورە ڕووی داوە بە سەرۆکایەتی دوا خەلیفەی ئەمەوی (مەروانی کوڕی محەمەد کە ناسراو بووە بە مەڕوانولحیمار) دایکی کورد بووە، لەو لاشەوە بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵای کوڕی عەلی عەباسییەکان لە شەڕەکەدا سەرکەوتوون. دوای ئەو سەرکەوتنە (عەبدوڵڵای کوڕی عەلی) لە ئەبوو عەباس یاخی بوو ئەبوو موسلیمی خوراسانی دەستەڵاتی یەکلای کردەوە بۆ ئەبوو عەباس و ئەبوو حەعفەری مەنسوور و لە پاداشتدا کوشتیان.

پایتەختیان بردە شارێک بەناوی (هاشمیە) لە دەڤەری ئەنبار دوای ئەوەی ئەبوو جەعفەر جێگەی ئەبووعەباسی سەفاحی گرتەوە و کەوتە خولیای دروستکردنی پایتەختی تایبەت بەخۆی، هەروەها شاری بەغدای دروست کرد. (٧٥١ز).

هەر لە سەرەتای دەستەڵاتی عەباسییەوە شێوەی تەلارسازی ئیسلامی لە شێوەی بێزەنتیەوە دوورکەوتەوە و کرایە شێوەی ئێرانی بەتایبەت لەسەدەی نۆهەمی زاییندا زەرافەتی تەلارسازی ئیسلامی لە شاری سامەڕادا گەیشتە پۆپە (سر من رأى- ئەوی دەبینی سەرسام دەبی)، ئیدی مزگەوت و منارە مارپێچەکەی سامەرا تا بە ئێستاش مایەی سەرسامییە، ئەمەیش ساختمان و کۆشک و مزگەوتێکن کە لە سەردەمی عەباسییەکاندا دروست کراون.

١-دروستکردنی شاری بەغدا لە لایەن خەلیفەی دووهەمی عەباسییەوە ئەبووجەعفەری مەنسوور ٧٧٨ز

٢-کۆشکی موعتەسەم لە سامەرا ٨٣٦ز.

٣-مزگەوتی گەورەی سامەرا و مەلویەکەی ٨٦٣ز.

لە سەردەمی دەستەڵاتی (هارون ڕەشیدا) شاری بەغدا لە تەواوی جیهاندا ناوباوی زۆری هەبووە بۆ نموونە ٩٠٠سەرشۆرگە و ١٢٠٠ مەیخانەی تیادا بووە.

هۆزەکانی تووركی سەلجووقی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە داکشانە خوارەوە، سەرەتا ئێرانیان گرت و لە دواییدا دۆڵی ڕافیدەین و تورکیای ئێستایش خەلیفەیان هێلایەوە، بەڵام بچووکترین دەستەڵات برێک کاروکردەوەی تەلارسازی ئەنجام درا بە ناوی ئەوانەوە ناسراوە وەک مزگەوت و منارە و کاروانسەرایان دروست کردووە شێوەکە بەناوی سەلجووقی ناسراوە، بەڵام هیچ تایبەتمەندییەکی تەلارسازی تیادا نییە.

# شێوەی مەغۆلی

دەستەڵاتی ناوەندی سەلجووقی دابەشبووە سەر چەندان دەڤەر و میرنشینی جۆراوجۆردا بۆ ئامانی مەغۆل ئێران و عێراقی سمشێل کرد و دەستەڵاتی عەباسی بنبڕ کرد... لە سەردەمی دەستەڵاتەکەیاندا شێوەیەک ناسرا بە ناویانەوە، بەڵام هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوەکانی کەی ئیسلامیدا نەبووە شتێکە لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەواندا دروستکراو بووە.



## شێوەی سەفەوی

لە ڕاستیدا دەستەڵاتی سەفەوی بوویە واریسی بەهەقی هونەر و تەلارسازی ئێران توانییان شێوەیەکی پڕ لە زەرافەتی تەلارسازی بە وجوودبهێنن، نەک تەنها لە بواری مزگەوتدا بەڵکوو لە تەواوی بوارەکانی هونەردا.



ئەو مزگەوتانەی لە سەردەمی سەفەویەکاندا دروستکراون بە شاهکاری تەلارسازی ئێرانی ئیسلامی دەناسرێن:

١- مزگەوتی شاه لە ئەسفەهان، نازانم ئێستا چ ناوێکیان لەسەر داناوە؟

٢- مزگەوتی شێخە لوتفوڵڵا.

٣- ساختمانی چل ستوون.

٤- پردی سیوسێ پوول.

٥- ساختمانی ئالی قاپوو.

٦- پردی خواجو.

زۆری تر لە کاروانسەرا و منارە و مزگەوتی گەورە و بچووکی پڕ لە هونەر.

## شێوەی میسری

٩٦٠-١١٧١ز

لەو وڵاتەیدا شێوەی تەلارسازی دەکرێتە چەند بەشەوە:

١-شێوەی سەردەمی دەستەڵاتی فاتیمیەکان.

٢-شێوەی مەمالیک.

٣-شێوەی تەلارسازیی دەستەڵاتی ئەیوبییەکان.

# شێوەی هیندی

له دوای سـەدەی دەهەمـی کۆچیـدا شـێوەی هینـدی له دونیـای تەلارسـازی کەوتە بەرچـاو، بە هەق ئەو مزگەوتـانەی بەو شـێوەی لە هیندسـتاندا ئەنجـام دراون پـڕن لە جـوانی لە تایبەتمەنـدی لە شـێوەی سەنگ بەکاربردن.

بە نموونە تاج مـحەل یـەکێک لـە گـەورەترین مـەزارەکانی جیهانـە، بـە شێوەی مزگەوت دروست کراوە، سـەرتاسـەری ئـەو مـەزارە گەورەیـە لـە مەرمـەڕی سـپی دروسـت کـراوە. ئـەو مـەزارە لـە لایـەن یـەک لـە ئیمپراتۆرەکـانی مـەغۆل بـە نـاوی (شاهـ جیهـان) دروسـت کـراوە. ئـەو ساختمانە شاکارە یەکێکە لە دیاردە تەلارسازییەکانی دەگمەن لـە جیهان، بەتایبەت لە هەندەسەی تەلارسـازی ئیسـلامدا، هـەر ئـەو تـاج محەلـە بـوو بەهۆی ناوبانگی زنجیرە دەسـتەڵاتی مـەغۆل… لـەوێڕا تێکەڵەیـەکی پڕ لـە زەرافەتی هونەری تەلارسازی فارسی و هندی و ئیسلامی هەیە.

لـە دونیـای تەلارسـازیدا حاشـا هەڵنـەگرە کـەوا تـاج محـەل بـە دیاردەیـەکی هونـەری تەلارسـازی جیهـانی بناسـرێت و بـە مـوڵکی بـە شەریەت لە قەڵەم بدرێت.

له ساڵی ١٦٢٣ز تاج محەل دەست پێکراوە و لە ساڵی ١٦٦٣ز تەواو کراوە. وازانراوە لە لایەن تەلارسازێکی ئێرانی بەناوی ئەحمـەد لاهـوری دیـزاین کرابێـت. لـەوێڕا ئـەوی دیـاردەی زەرافـەتی تەلارسـازی ئیسـلامی هەیە تیایدا بەکار براوە، لـەم دواییـە بـە یـەکێک لـە حـەوت سـەرسـامترین ساختمانی جیهانی لە قەڵەم درا. وەنـەبێ ئـەوە تـەنیا مـەزار بێت، بـەڵکوو

بە مزگەوت و جێگەیەکی گەورەی ئاییینیش دەژمێردرێت، چوار منارەی لە چوارسووچی ساختمانەکەدا تیادایە. کاتێک شاە جیهان بڕیاری دروستکردنی داوە پەیکی بە هەموو لایەکدا ناردووە، چاکترین تەلارساز و خۆشنووس و بەرتاش و پەیکەرتاش و گەچکەر و گەچبڕ و چاوساغ و لێزانی دروستکردنی گومەتی لە شارەکانی ئەکرا و بەغدا و بوخارا و قوستەنتەنیە بۆ هێناوە.

قسەیەکی دیکە هەیە گوایە ئەندازیاری تاج محەل کەسێک بووە بەناوی عیسائەفەندی بە ڕەگەز توورک، هەروەها گوایە تەلارساز محەمەد سیازی خان ئێرانی بووە. هەروەها قسەیەکی دیکە هەیە دەڵێت تەلارسازی یەکەم حوسێنەفەندی بووە.

سەرتاسەری تاج محەل بە مەرمەڕی سپی داپۆشراوە، کە کانەکەی لە چیای (ماکرتا)دا هێنراوە. دووریەکەی ٥٦٣کیلۆ مەترە. لە دەڤەری ڕاجستانەوە بەردی سووریان لە دەوروبەری دلهی هێناوە، بەردە زەریفەکان لە وڵاتانی دوور و نزیکەوە هاوردکراون. عەقیقی سوور لە بەغدا و پیرۆزە و یەشم و کریستاڵ لە تورکستان هێنراون.

لە چوار منارەکەی، سیانیان تۆزێک خوارن، ئەگەر بومەلەرزە ڕوویبدا و منارە بهەڕۆژێ ناکەوێتە سەر ساختمانەکە. دەرگەی مزگەوتەکە شاکارێکی هونەریە و سوورەتی یاسینی قورئانی پیرۆزی لەسەر هەڵکەنراوە، بەردی ڕەنگاوڕەنگ لە وڵاتانی ئەڤغانستان و ئێران و میسر و تورکیا هێنراون. بەرزی ساختمانەکە ٦١ مەتر دەبێت دیوارەکان بە وێنەی گوڵەبەڕۆژە چەسپێنراون. کۆمەڵێک گومەتی گەورە و بچووک دروست کراون، بڕێک لەوانە ٤١مەتر بوڵەندن. لە شەوانی مانگی چواردە مەرمەڕەکان بە شەوقی مانگ ئاوێنەنما خۆیان وەدەر

دەخەن. باخچەی دەوری مزگەوتەکە پڕە لە گوڵ و گوڵزار. ساختمانەکە سێ دەرگەی سەرەکی تیادایە، بە چوار دەوریان مەڕمەڕی سوور دانراون. لە دووری دەرگەوە ٢٢ گومەت دروست کراون. نیشانەی بیست و دوو ساڵ کارکردنە لەو ساختمانەیدا.

دوای ئەوەی ئیمپراتۆر شاە جیهان دەمرێت لە تەنیشت خۆشەویستەکەیەوە دەنێژرێ، بەڵام شاە جیهان پلانێکی دیکەی هەبووە تاج محەلێکی دیکە وەک ئەو لە مەڕمەڕی ڕەش دروست بکات، مەرگ مەودای نەداوە. دیارە دەوڵەتی هیندستان خەریکی دروستکردنی تاج محەلێکی دیکە لە مەڕمەڕی ڕەش تا ئاواتەکەی شاە جیهان بهێنێتە جێ.

با ئەوەیش بڵێین تاج محەل تەنیا مەزارێک نییە بۆ خۆشەویستی ئیمپراتۆرێک، بەڵکوو شاکارێکی تەلارسازییە، نموونەیەکە لە وەفا و خۆشەویستی ئەفسانەی پێوەندی ڕۆحی ژن و پیاوێکە. داستانی خۆشەویستی لە کاتێکدا دەستی پێ کردووە ئیمپراتۆر ئەو دەم تەمەنی چواردە ساڵ بووە کوڕی ئیمپراتۆری مەغۆلی جیهانگیر شابووە و نەوەی ئیمپراتۆی بەناوبانگ ئەکبەری عاشقی شازادەیەکی ئێرانی بووە، بەناوی (ئەرجومان بانو) دوای پێنج ساڵ ئاشنایەتی شا جیهان و تاج محەل بوونەتە ژن و مێرد. دیارە لە پێش مردندا شاهـ جیهان داوا دەکات لە دوای ئەو ژن نەهێنێ و مەزارێکی شایانی بۆ بکات کە کەموێنە بێت. دوای مردنی شاژن دووساڵ شاە جیهان لە غەمێکی قووڵ دابووە. لە ساڵی ١٦٩١ز ئیمپراتۆر دەست بە هێنانە دی داوای خۆشەویستە کۆچکردووەکەی دەکات. لە ساڵی ١٦٥٣ز کوڕەکەی شاە جیهان کودەتایەک بەسەر باوکیدا دەکات و جێگەی دەگرێتەوە و دەیخاتە ژێر چاودێری، کە شاهـ جیهان دەمرێت لە تەنیشت گوڕی تاج

محەلدا دەنێژرێت. لە ساڵی ١٨٥٧ز کە شۆرش دەست پێ دەکاتەوە مەزارەکە لە لایەن سوپای بەریتانیا تالان کراوە. لە دوای سەدەی نۆزدەهەمدا لۆردکورزون فەرمانی دووبارەسازی دەداتەوە. ئەمڕۆ تاج محەل یەکێکە لە خۆشترین و گرنگترین جێگەی گەشتوگوزارە، لە ساڵی ٢٠١٣ز گەشتیارانی دەرەوە و ناوەوەی هیندستان ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ دۆلاریان لەوێ خەرج کردووە. هەڵبەتە لەو شوێنەدا چەندان گۆشەی دیتنی دیکە هەیە، وەک دەروازەی سەرەکیی تاج محەل، مزگەوتەکەی، باخچەی تاج محەل، ماڵی هەنوزگای تاج محەل، شەودیداری تاج محەل. لە ساڵی ٢٠٠٠ز چاوساغانی جیهان کەوتوونەتە تەقەلا تاکوو حەوت دیمەنی تازەی جیهان هەڵبژێرن، بیست و یەک جێگە دەستنیشان کراوە، سەرەنجام حەوت جێگەیان هەڵبژاردووە: تاج محەل، شاری بەترا لە ئوردن، شوورەی بەناوبانگی چین، هەرەمی ئیتزا، ماتشوپیتشو، پەیکەری مەسیح، کولوسیوم.

بەندە ئەو مزگەوتانەم لە کتاوی (مێژووی مزگەوت و منارە و میحراب و مینبەر و مەزاردا) بڵاوکراوەتەوە ٢٠٢٠.

## شێوەی عوسمانی

دەسـتەڵاتی عوسـمانی لە سـەدەی هەشـتەمی کۆچیدا دەسـتەڵاتیان گەیشتە ناو جەرگەی ئەورووپا. هونەری تەلارسـازی عوسمانی تێکەڵی تەلارسـازی بیزەنتـی کـراوە و حـاڵەتێکی پڕ لە جـوانی تەلارسـازی لـێ وەدەر هـاتووە. مزگەوتەکـانی ئەو سـەردەمە یەشـتـا هەر وەک خۆیـان ماون.



تەلارسـازێک لەناو عوسـمانییەکان هەڵکەوت بەنـاوی (سـینان پاشـا)، وەک لە پێشـەوە باسـم کـرد ب هەق شـۆڕشـێکی تەلارسـازی گەورەی بەرپاکرد، ناوی بۆ هەمیشە ماوەتەوە.

دیارە هونەری تەلارسازی تەنها مزگەوت نەبووە، زۆر بابەت و لایەنی تری گرتووەتەوە، وەک:

١-قەڵای سەربازی و شوورە و دەروازە جۆراوجۆرەکان.

٢-حەمام و سەرشۆرگە.

٣-بیمارستان.

٤-مەدرەسە.

٥-تەکیە و خانەقا.

٦-کاروانسەرا و خان.

٧-پرد.

٨-ئاو عەمبار.

٩- منارە و شێوە و جۆرەکانی.

١٠- سارداو لە دەڤەرە گەرمەسێرەکاندا.

## هونەری تەلارسازیی ڕۆمانەکان

لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی پ.ز میللەتێکی لادێنشین بەسەر تەپۆلکەوە دەستیان بە خانووکردن کرد، لە دواییدا بوو بە جێگەی شاری ڕۆمای ئێستا. ڕەگەزی ئەو میللەتە بە وردی نەزانراوە ئاخۆ لە کوێوە سەریان هەڵداوە، بەڵام توانییان پێگە و ئەنجوومەنێکی یەکتر پارێزکردن بەرانبەر هێرشی دوژمنان لەگەڵ یەکدا پێک بهێنن.

دەربارەی دروستکردنی شاری ڕۆما داستانی ئەفسانەئاسا زۆرن، گوایە کەسێک بەناوی (ڕۆمۆلوس) لە ٧٥٣پ.ز شاری ڕۆمای لە سەرەتادا بیناکردووە و ناوی خۆیشی لێناوە.

داستانێکی تر دەڵێت: نەخێر (ئوترۆپیکەکان) بوونە سەرەتا بەسەر حەوت گردەوە سەرەتا ڕۆمایان بینا کردووە.

یەشتا بە وردی ڕوون نەبووەتەوە فەرهەنگ و هونەر و دەوڵەتی کۆنی ڕۆمانەکان چۆن دروست بووە، بەڵام چەندان کتاو لەو ڕووەوە نووسراون و مێژووی ڕۆمانەکانی کردووەتە سێ بەشەوە، کە هەر بەشێکی زنجیرە دەستەڵاتێکی پاشایەتی بووە.

دەوری پادشاهی یەکەم (٧٥٣ تا ٥١٠پ.ز) کە زۆرتر بە ئەفسانە دەزانرێت تا مێژوو دەورەی جەمهووریەت لە (٥١٠ تا ٢٧پ.ز) بەردەوام بووە، کە کەسێک بەناوی کونسوڵ هەڵدەبژێردرا لە لایەن مەجلیسی سەناوە. ئەو کەسە دەستەڵاتێکی شاهی هەبووە. هەروەها دادگا و

قەزاوەت و دادوەری هەر یەکە لەوانە ڕێکخــــراوی تـــایبەت بەخۆیـــان هەبـووە. میللەتـیش بووبـووە دوو بەشــەوە، میـرزادە و دەوڵەمەنـدان و خەڵــــکە زۆرەکە دەورەی ســــێهەم ٢٧پ.ز دەورەی ئیمپراتـــۆریەتە کە ئاگستوس لە لایەن نوێنەرانی سەناوە هەڵبژێردراوە تا ساڵی ٣٩٥ز.



لە دوای مردنـی (تئۆدوسـیوس) دابەشـبوونی ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمـان کرایە دوو بەشـەوە، ڕووحـی ڕۆمـانی ڕۆژهەڵات و ڕۆمـانی ڕۆژئـاوا کە بە بیزانس ناسرا.

ئەو دەســـتەڵاتەی ڕۆمـــا بە دەســـتی هێنـــابووە تـــا ئەو کـــاتە هـــیچ قودرەتێک بەو پانی و پۆڕەی دەستەڵاتی بەدەست نەهێنابووە. (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، سـەرتاسـەری باکووری ئەفریقا و ئاسیای بچووک و دەوڵەتەکـانی بالکـان لەو سـەردەمەیدا توانـای ئەو دەسـتەڵاتە کوشـک و تەلار و تاقی سەرکەوتن و جادە و ڕێگە و بانی زۆریان درستکردووە.

هەروەهـا سـاختمانی دەوڵەتـی یـان تێکڕایـی، هـەروەهـا سـاختمانی مەیدانی جۆراوجۆری میعماری دروست کراوە.

حەمام و سەرشۆگە و کتاوخانە و کۆشک و تەلاری جۆراوجۆر و هەروەها گۆڕستانی تایبەتی دەوڵەمەندان و شازادەکان. ئەو خەڵکە لاتینە سـەرەتا لە ڕووی ئـایینییەوە باوەڕیـان بە ڕووداوە سروشـتییەکان هەبووە، وەک: برووسکە و بومەلەرزە و لافا و باران و هەور و هەڵاو و تـاریکی و ڕۆشـنایی و بـاو و بـاهۆز و بەفـر و بەسـتەڵەک و ڕووبـار و کانیـاو بـووە. دوای ئەوەی توانییـان زاڵـبن بەسـەر یۆنانییەکانـدا تەواوی ئەفسـانەکانی یۆنانییەکانیان کردە هـی خۆیـان و خواکانیـان. سەرتاسـەر بەنـاوی تـرەوە بە هەمـان بـواری قـودرەتە بەنـاوێکی تـرەوە کردوویـانە خواوەنـدگاری خۆیـان . هـونەری ڕۆمانەکـان هەر وەک خۆیـان بیروبۆچوونی گەلانی جیاواز پێکهاتووە. بەتـایبەت یۆنـان و ئترۆپیا یـان مـیللەتە ڕۆژهەڵاتییەکـان، بەڵام درەنگانێـک تـوانی لەسـەر پـای خـۆی ڕاوەستێت و تایبەتمەندیی خۆی بەدەست بهێنێت.

لە سـەدەی پێنجەمـی پ.ز تـا نیـوەی سـەدەی دووهەمـی پ.ز چـاولێکەرییەکی ڕاسـتەوخۆ بـووە لە هـونەر و فەرهەنگـی یۆنـان، هەتاوەکوو خواکانی یۆنانیان کردە خوای خۆیان بەناوێکی ترەوە، کە دەوڵەتـی ڕۆمـان هێـز و دەسـتەڵاتی پەیـدا کـرد، ئەوی هونەرمەنـد و تەلاساز و پەیکەرتاشی یۆنانی هەبووە سەرالیژی ناو وڵاتی ڕۆمانەکان بـوونە، ئەوی لە یۆنانـدا ئەنجامیـان داوە لەوێـرا وەک (لاسـکای) خستوویانەتە بەرچاو. وردە وردە ڕۆمانەکان کە تێکەڵی میللەتە دوور و نزیکەکان بوون و تێکەڵی فەرهەنگ و هونەری جۆراوجۆر بوون.

کۆشاون شێوە و شەمایلی بە خۆیان بەدەست بهێنن. ئیدی تەلارسازی، شارسازی، ڕۆمانی، وردە وردە ئەبعادەکانی کەم و زۆر خۆیان وەدەر خست. لەژێر کاریگەریی ئتروپیای وەدەر هات.

لە سەدەی دووهەمی پ.ز تا سەدەی یەکەمی زایین کەسایەتی هونەری ڕۆمانی بە جەلالەوە خۆی دەردەخست. تا لارە لاکێشەکان کە لە دواییدا بوو بە بنەمای سەرەکس کەنیسەکان، هەروەها کەوانەی سەرکەوتن کە ١٠٠% کە بە داهێنانێکی تایبەتمەندی ڕۆمانی ناسراوە، لە زۆر جێگە و شار و وڵاتە ژێر دەستەکانیان کەوتنە بەرچاو. هەروەها بە وتەی خۆیان شاری هەمیشە بوونی ڕۆما پڕ کرا لە پەرستگاکان، بە شێوەیەکی دڵچەسپ و ڕازاوە خرانە بەرچاو.

زۆرتر بە شێوەیەکی هەندەسی بازنەیی ئەنجامیان دەدا. دەستڕۆیشتوان و فەرماندەکانی ڕۆمان گەلێک گرنگییان دایە پێشکەوتنی بواری ساختمان و تێکبڕ. تەلارسازی و پایەی بەردین لە نما و ڕوخساری پەرستگاکان و کۆشکە ئەشرافیەکاندا بەکار دەبران.

دوو پەرستگای گەورە لە ناو شاری ڕۆماندا دروستکران بەناوی: (فورتونا و بریلیس) هەروەها پەیکەرتاشین لە ڕوخساری کەسایەتییەکانی ڕۆمانی و نەخشی بەرجەستە تەواوی ئەوانە دیاردەی سەرکەوتنە سەربازییەکانی ڕۆمانی ژمێردراون، بەڵام هونەری تەلارسازی یۆنانی هەروەها پەیکەرتاشین کەم و زۆر لە تێکڕای هونەری ڕۆمانیدا دەرکەوتوون.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاگستوس (٢٧پ.ز ١٤ز) پەیکەری تەواو باڵای ئیمپراتۆر گەلێک ئەنجام درا لە شاری (نیم)ی فەرانسە نەخشی بەرجەستەی گەورە بوو، وەدەرخستنی بواری ئاسایش خرایە بەرچاو یان میحرابی ئاسایش لە نزیک شاری ڕۆمادا خرایە بەرچاو.

هەروەها لە دوا دوای سەدەی یەکەمی پ.ز هونەری هەڵکۆڵینی سەر دار و بەرد ڕەواجـی زۆری پێـدراوە، هەتـاوەکوو گـوڵتە بەردینەکـان و هەڵکـۆینی سـەر گوڵتەکـان کە پێـی دەوتـرا (تـاجی گـوڵتە) و کەوانەی سـەرکەوتن کرایە دیاردەی سـەرکەوتنەکانی لەشکر و سوپای ڕۆمـانی هەر شـارێکیان بگـردایە دەبـوا سـوپای ڕۆمـانی لەژێـر ئەو کەوانەی سـەرکەوتنیەیدا ڕێژەیەکـی پیـادە و سـوارەی ئەنجـام دابـا، هەروەهـا بەندەرسـازی لە لێـواری دەریاکـان هەتـاوەکوو خـانووی نیشـەجێبوونی ئاسایی تایبەتمەندیی ڕۆمانیی پێوە دیاربووە، هەروەها پردی ئاوگەیاندن بەسەر دۆڵ و دەربەندەکاندا سەرشۆرگە و وەرزشـگا و ئـامقی تەئـانزی تەماشـای شـانۆی گەری یەکێـک لە تەلارسـازە بەناوبانگەکـان بەنـاوی (ئاپولودور) گرنگی زۆری دابووە کەوانە و گومەتسازی لە دیاردەیەکی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە، هەروەهـا ڕازانـدنەوەی بە موزائیـک و سـرامیک بەکـاربردن بە شـێوەی گشـتی شـێوەی تەلارسـازی یۆنـانی لە زۆربەی کـارە تەلارسـازییەکانی ڕۆمانەکانـدا بە زەقـی خۆیـان وەدەر دەخست بەتایبەت دەورانی کلاسیکی یۆنـانی، هونەرمەندانی ڕۆمـانی ئەو حاڵەتانەیان وەستاکارانە خستووەتە بەرچاو، شێوەی تەلارسازی گەلانـی دووروونزیک تا دوادوایی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سەدەی چوارمەی زایین لە هونەری ڕۆمانیدا مانەوە.

ئەوەی حاشاهەڵنەگرە ڕیشـوی هـونەری تەلارسازی ڕۆمـانی لەنـاو تەلارسـازی ئترووپایـدا پتەوبـووە. هەروەهـا دەسـتەڵات و دەبـدەبەی ڕۆمانەکـان زۆربەی هونەرمەنـدانی یۆنـانی کەمەنکێشـی ڕۆمـا کردبـووە. بەتـایبەت تەلارسـازەکانیان لە شـێوەی تەلارسـازی (هێلینی)یـان وەسـتاکارانە ئەنجـام دەدا، بەڵام شـێوەی ئترووپـای هەر لە تەلارسـازی ڕۆمانیـدا مـایەوە بـا ئەوەش بوترێـت هونەرمەنـدانی ڕۆمـانی هەروەهـا

تەلارسـازانیان دەكۆشـان تایبەتمەنـدیی ڕۆمـانی بەدەسـت بهێـنن تـا ڕادەیەكی باش لەو ڕووەوە سەركەوتووبوون، هەروەها ساختمانی بەرز و بوڵەنـدی جۆراجۆریـان دروسـت كـردووە بەتـایبەت لە نـاو شـاری ڕۆمـادا. ئەوی جیـاوازی خسـتووەتە نێـوان شـێوەی تەلارسـازی یۆنـانی ڕۆمـانیەوە، ڕۆمانەكـان زۆرتـر گرنگییـان داوەتە بوارەكـانی ژیـان و زینـدەگی تـا ئـاییین. دووهەم خـانوو تەلاری یۆنـانی گەلێـک گرنگییـان داوەتە ڕازانـــدنەوەی نـــاوەوەی ســـاختمان و ئاسایشـــی ژیـــان و پێداویسـتییەكانی، ئەو حـاڵەتە لە تەلارسـازیی یۆنانیـدا كەمتر بینـراوە. لە ساختمانی ژیانی گەورە پیاوانی ڕۆمانیدا ژمارەیەک پەیكەر لە دەرەوەی سـاختماندا دادەنـران هەروەهـا لە نـاوەوەی ساختمانیشـدا سـێهەم. ڕۆمانەكان گەلێک گرنگییان داوەتە ئەندازەی (تەناسـووب) كە قەبارەكان لە ڕووی ئەنـدازەوە بە یەک بخـۆن و دەور و نـاوەوەی سـاختمان وەک یەک لەش و ئەنـدام قەوارەكـان لەگەڵ یەكـدا سـازگاربن. ئەو حـاڵەتە یەكێكە لە تایبەتمەندیی تەلارسازی ڕۆمانی كەمتر لە تەلارسازی یۆنانیدا بینراون.

بنواڕە! ئاسـەواری (بەعلەبەک) لە وڵاتـی لوبنـان یـان ئـامغی تەئـاتری (كولسـتوم) لەنـاو شـاری ڕۆمـادا ٨٠ز لە دروسـتكردنی گـوڵتە و پـایەی (ئیونیـای دورســی و فرنتــی) هەروەهــا ئەســتووری گــوڵتە و پــایەی ئتروپیای ئەوانەیان وەستاكارانە تێكەڵ كردووە و بووەتە دیاردەیەكی تایبەتمەنـدی تەلارسـازی ڕۆمـانی، لە دەوروسـەردەمی (ڕێنسـانس)دا دیسان ئەو حاڵەتە زیندوو كرایەوە و گرنگی پێ درایەوە.

گرنگی و شكۆی پەرستگای پارتنون لە ڕۆمـادا حاشا هەڵنەگرە، كە بەشێوەی  بازنەیی دروستكراوە، كە ئەو حاڵەتە تایبەتمەندی تەلارسازی ڕۆمانەكـانە كە لە دونیـای ئاسـەواردا گەلێـک بەناوبـانگە، سـەیرەكە

لەوەدایە لە ساڵی ١٢٥ز تا بە ئێستا هەروەک خۆی ماوەتەوە و بە پاوەوە وەستاوە.

کارێکی تر ڕۆمانەکان گرنگییان پێ داوە سەرشۆرگە بووە، هەتاوەکوو جێگەی تایبەتی (ماساژ)یان تیادا تەرخان کردووە، ئەو حاڵەتانە لە فەرهەنگی تری وڵاتاندا نەبینراوە. هەروەها مەلەوانگەی سەرپۆشراو، هەروەها ئاواڵە لە کۆمەڵگەی رۆمیەکاندا گرنگیی پێدراوە. هەروەها شانۆیی لە ساڵی ٥٥پ.ز بە فەرمانی قەیسەر (پمپی) گەورەترین ئامفی تەئاتری سەنگی لە ڕۆمادا ئەنجام دراوە.

لە ساڵی ٨٠ز. ئامفی تەئاتری وەرزشی (کۆلستۆم) بە فەرمانی (ئیمپراتۆر وسپازین) دروستکراوە. لەناو شاری ڕۆمادا ساختمانێکی بازرگانی بۆ تێکڕای خەڵک دروست کراوە، ساختمانی دادگاکان هەر لەوێڕا دروست کراوە.

هەر لەوێڕا کەوانەی سەرکەوتن دروست کراوە. هەروەها بڕێک ساختمانی پێنج نهۆمی بۆ بە کرێدان لە ناو شاری ڕۆمادا ئەنجام درابووە.

پەیکەرتاشین و نەخشی بەرجەستە لەناو ڕۆمانەکاندا باوی پێدراوە، هەروەها دووبارە دروستکردنەوەی پەیکەرە یۆنانییەکان. ئەورۆ ئەوانەی بە دەستەوەن دووبارەسازیی ڕۆمانەکانە. هەروەها لە ڕوخساری پیاوە گەورەکانی سەردەم پەیکەرتاشیان کردووە. زۆر لەوانە بە دەستەوەن.

تایبەتمەندیی ئەو پەیکەرە واقیعیانە، یانی هەر وەک خۆی پەیکەرەکان ئەنجام دراون، بەڵام لە دوادوایەیدا ئیمپراتۆرە جەببارەکان فەرمانیان داوەتە پەیکەرتاشان تا جەلال و ڕوخسارێکی نوورانی و خودایی ببەخشنە پەیکەرەکانیان. ئەوە بووەتە تەگەرەیەکی گەورە لە ڕێگەی واقیعگەرای ڕێبازی پەیکەرتاشیندا، ئەوە بوویە هۆکاری بێ

بـایکردنی دونیـای پەیکەرتاشـینی ڕۆمانییەکـان بەتـایبەت لە سـەدەی سێهەمی زاییندا. هەروەها نەخشی بەرجەستەی ڕۆمانی دوو بەش بووە، یەکەمیـان ڕووداوەکـانی مێژوویـی هەروەک خـۆی خـراونەتە بەرچـاو. دووهەمیان زۆرتر ئەفسانەئامێز بووە. بەتایبەت گوڵتەی نەخشاوی زۆر بـووەتە بـاو. هەروەهـا گـوڵتەی (تـراژان) داسـتانەکانی لە هەقـیقەتەوە نزیکترن بان ساختمانی ئیمپراتۆر (ئاگستۆس) ٢٠پ.ز.

لە سـەدەی پێنجەمـی پ.ز سـووتاندنی تەرمـی مـردوو و لە نـاو ڕۆمانەکاندا باوبووە، بەڵام لە سەدەی دووهەمی زاییندا مردووەکانیان نێـژراوە و لە سـووتاندنی دەسـتبەردار بـوون، مەزاری مـردووە ناودارەکانیان بە نەخشی بەرجەستە ڕازاندووەتەوە.

بەڵام شـێوەکاری سـەردەمی ڕۆمانەکـان ئەوی بەدەسـتەوەیە مۆزائیککـاری لە ئاسـەواری (پمپـی)وە (هیرکۆلانئـوم و ئسـتابیا) کە لە ساڵی ٧٩ز. لەژێر گڕکانی (ڤیزوف ) نوقم کرابوون.

لەو تەقینـەوەی گڕکانەیـدا لافـاوی ئـاگری ئەو گڕکانەیـدا بە وردی لەژێر ئەو خۆڵەکەوانە وەدەرهێنراون. بەشێوەیەکی تێکڕایی شـێوەکاری ڕۆمـانی هەروەک شـێوەکاری یۆنانییەکـان بـووە، دیـارە کە کۆشـاون شـێوەی تـایبەت بە خۆیـان بەدەسـت بهێـنن، بەڵام لە بـازنەی کلاسـیک (یۆنـانی) دوورنەکەوتـوونەتەوە و بڕێـک دیوارەنگـاری خـانوو تەلاری گەورەپیاوانی ڕۆمانەکان کەم و زۆر بە دەستەوەن، تـابلۆیەکی ژنهێنـان کە لە سـاڵی ١٦٦٥ز دۆزراوەتەوە لە ڤاتیکانـدا پـارێزراوە. ئەو تـابلۆیە بـووەتە دیـاردەیەک بـۆ شـێوەکارانی وەک: (ڕۆبنسـون)، (پۆسـن) لە دوادایيدا ئەو تابلۆیە دووبارە نەقاشـی کراوەتەوە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی مەسیحیەتەوە. دیمەنسازی سروشتی لە ماڵە گەورەکاندا بەسـەر دیوارەکانیانەوە نەخشاوبووە.

# هونەری بیزانتی (بێزەنتە)

بە زمـانی یۆنـانیτῶνΡωμαίων    Βασιλεία، ئیمپراتـۆرییەکی مێـژووییە کە پـایتەختەکەی قوسـتەنتینە بیـزەنتە بـوو، بە فەرمـی پێـی دەوتـرا ئیمپراتـۆریی ڕۆمـانی ڕۆژهەڵات، وشـەی بیـزانس، مێژوونوسـی ئاڵمـانی "هیرۆنیمـۆس وۆڵـف"، داینـا لە سـاڵی ١٥٥٧ و فەڕەنسـییەکان بڵاوییان کردەوە لە سەدەی ١٨دا وەک ئاماژەدان بە ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی، ئیمپراتۆریی بیزەنتی زیاتر لە ١١ سەدە بەردەوام بوو هەتا سـاڵی ١٤٥٣ز لەسـەر دەسـتی سـولتان مـحەمەد فـاتیحی عوسمانی فەتحی قوستەنتینیە کرا و بەمەش ئیمپراتـۆری بیـزانس کۆتـایی پێهات.

ئیمپراتۆری بیزانس ڕێگە کاروانە بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بـوو، لە پـێش وەفـاتی ئیمپراتـۆر "تیۆدیسـیۆس" لە کـاتی دابەشبوونی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا ناوچەکانی ئەنادۆڵی لە ئاسیا ئەگرتەوە لەگەڵ یۆنـان و دوورگەکـانی دەریـای ئـیجە و ئەرمینیـا و ئاسـیای بچـووک و سـووریا و میسـڕ و بـرقە و کاتێـک ئیمپراتـۆر "جەسـتنیان" عەرشـی گـرتە دەسـت، دەسـتی کـرد بە یەکخسـتنەوەی ئیمپراتـۆریی ڕۆمی گەورە جارێکی تر، لە نزیکەی ماوەی سی ساڵدا توانی باکووری ئەفریقا و باشووری ئیسپانیا و هەرێمی دلماشیا و ئیتالیا بگرێت.



هاوکات دەستی گرت بەسەر دورگەکانی دەریای ناوەڕاستدا و بەوەش دەریای ناوەڕاست جارێکی تر بوویەوە بە دەریایەکی ڕۆمانی.

لە ساڵی ٣٩٥ز ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان دابەش بوو بە سەر دووبەشدا، رۆمی ڕۆژهەڵات و ڕۆمی ڕۆژئاوا. رۆمی ڕۆژهەڵات وڵاتانی یۆنان و وڵاتانی بالکان تورکیای ئێستای کەوتە ژێر فەرمانەوە. رۆمی

ڕۆژئاوا بریتی بوو لە ئیتالیا بەشێک لە وڵاتی ئینگلیز، فەڕەنسا، ئیسپانیا، باکووری ئەئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی میدەترانیا.

باسەکەم زیاتر دەربارەی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتە، کە ئیمپراتۆرەکە بەناوی (ئرکادیوس) بووە، لە لایەن ئاینیشەوە دەستبەرداری ڤاتیکان و (پاپا) بوو. بوونە پەیڕەوی مەزهەبی ئەرسەدۆکس و لە کەنیسەی پاپا جیابوونەوە و لەو کاتەوە ئیمپراتۆریەتی بیزانس لە تەواوی بوارەکاندا توانی ببێتە خاوەنی شێوەی تایبەتمەندی خۆی، لە لایەن میللەتانی پەلامارەدەری زۆرەوە هێرشیان کراوەتە سەر. وەک بەربەرەکانی باکووری ئەورووپا گوتییەکان. بلکارەکان ئێرانییەکان، عەرەبە ئیسلامەکان، هێرشی چەند جارەی سەلجووقی و توورکەکان.

سەرەنجام دوای هەزار ساڵ بەردەوامی فەرمانڕەوایی دەستەڵاتی بیزەنتە لە ساڵی ١٤٥٣ز لە لایەن سوڵتانی عوسمانیەوە (محەمەدی فاتیح) ئیمپراتۆریەتی بیزەنتە بۆ هەمیشە ڕیشەکەن کرا، ئەو سەردەمە بە سەرەتای قۆناغی یەکەمی ڕینسانس دەژمێردرێت بەڵام ڕۆمانی ڕۆژئاوا نەیتوانی بەرگەی پەلامارەکانی گوتییەکان و هۆنەکان بگرێت. لە ساڵی ٤٧٦ز دەستەڵاتی ڕۆمانەکان بنبڕ کرا و ئەو ساڵانە بە سەردەمی تاریکی سەرتاسەری ئەورووپا دەدرێت لە قەڵەم.

لە ڕاستیدا سەرەتا دەستەڵاتی بیزەنتە هونەری تایبەت بەخۆیان نەبووە، بەڵام دوای ماوەیەکی دەوڵەتداری بیزەنتە تێکەڵییەکی هونەری لە هونەری یۆنانی ڕۆمانی، میسری و ئێرانی پێکهێناو چەندان ساڵ بەو شێوە بەردەوام بوونە. لە ڕاستیدا هونەرەکەیان جگە لە مەسیحیەت پێناسێکی دیکەیان نەبووە، بەتایبەت لە سەردەمی دەستەلاتی قوستەنتیندا بەڵام هەروا نەما، لە سەدەی شەشەمی زاییندا کاروباری تەلارسازی و بنەماڵەی هونەری گەیشتە قۆناغی زێڕین، بەتایبەت دوای

دروستکردنی کڵێسای ئەیاسۆفیا، کە یۆنانی بووە و بە واتای حیکمەتی پیرۆز. ئەو ساختمانە شاهکارە سەرەتا کڵێسایەک بووە ٣٦٠ز بە ڕووداوێک سووتاوە. لە ساڵی ٥٣٧ز بە فەرمانی ئیمپراتۆر (پۆسنی، نیانوس) لە هەمان جێگەی کڵێسای سووتاوەدا (ئایا سۆفیا) دروستکراوە و تا بە ئەمڕۆیش پڕی پڕە لە زەرافەتی تەلارسازی . لە سەدەی هەشتەم و نۆهەمدا دەمارگرژانی مەسیحیەت ئەوی پەیکەری پیاوە ئایینییە مەسیحییەکان بووە شکاندوویانە، سەیرەکە لەوە دایە ئەوڕۆکە ڤاتیکانی پاپانشین ئەو مۆزە تایبەتیەی ڤاتیکانە پڕی پڕن لە پەیکەری جۆراوجۆر لە سەردەمی فرەخواییەوە بگرە تا سەر خودی حەزرەتی عیسا و پیاوە مەزنەکانی دونیای مەسیحیەت و ئەوی شاە و سەلاتینی ئەورووپای مەسیحی و عیلمانی و هەتاوەکوو پەیکەری (هیلاسلاسی شای مەسیحی ئیسوپیای ئەفریقایی.

ئەو سەردەمی پەیکەرشکاندنە دەورەیەکی تاریکی و نەفامی لەسەرتاسەری دەستەڵاتی بێزەنتەیدا بڵاوبوویەوە، هەتاوەکوو شێوەکاری، سیرامیکسازی، کاشیی موعەڕەق، موزائیکسازیش خرابوونە لیستی تەکفیرەوە.

لە ناوەڕاستی سەدەی یانزەهەمی ٨٦٧-١٠٥٧ز فەرمانڕەوایی بزانیس کەوتە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی مەکادۆنی. هونەر دیسانەوە باوی پەیدا کرد و هەڵکشایە سەرەوە ئەوە سەردەمی زێڕینی دووهەم ژمێردراوە. لە دوو سەدەی پێش هەرووژانی بێزەنتەیدا لە لایەن (محەمەدی فاتح) یانی١٢٦٠- ١٤٥٣ز سێهەمین سەردەمی زێڕینی هونەر و تەلارسازی لە بێزەنتەیدا هاتە کایەوە، بەڵام خەڵکەکە هەوەسیان زۆرتر بەلای هونەری کلاسیکی یۆنانیدا دەچەرخا.

چەندان شێوەکاری سەر دیوار بە دەستەوەیە پەیڕەوی سەبکی کلاسیکی یۆنانییە، هەر ئەو شێوە بێزەنتەیە گەیشتووەتە ولاتانی ڤێنیسا و باشووری ئیتالیا سیسیلیا و بلگاریا و سوربستان و ڕوسیا. لە هەمان کاتدا هونەری فلزکاری، زەڕەنگەری، جەواهیرسازی، میناکاری، ڤیتراکاری، پارچەچنین، عاج بەکاربردن، شێوەکاری سرامیک. ئیدی کڵێسای ئەرسەدۆکسی بێزەنتە لەناوەندی مەسیحیەتی پاپا و ڤاتیکان جیاوازبوونە.

زۆر کاری گەورەی هونەری ئەنجام دراوە، بەڵام هونەرمەندەکە ناوی خۆی نەنووسیوە، ئەگەر تابلۆکەی ئایینی بووبێت. هەتا وەکوو ئیمپراتۆرەکان ئەوانیش لە ڕێچەکەی ئایینەوە بە دوور نەبوونە، لە ناو کۆشک و دەربارەکاندا لە گۆشەیەکدا کڵێسایەکی بچووکی تیادا بووە بۆ نوێژ و ستایشی عیسا مەسیح.

لێرەدا دەبێ باس لەوە بکەین هونەری بێزەنتە لە ئایین دوور نەکەوتووەتەوە. واقیعیانە نەبووە و دەکۆشا لە شێوەکاری دونیای (ئەگەر بیتوانییا) دوور دەکەوتەوە. زۆرتر لە فکری هەروەها سیلەی بە خوا گەیشتندا بووە، هەروەها کۆشاوە بە شێوەیەکی پێچوپەنا کارێکی ڕازداری ئایینی لە تابلۆکاندا دەست نیشان کات.

کاری سروشتکاری لە هونەری بێزەنتەیدا نەبینراوە. زۆرتر هونەرەکە یان چوارچێوەداربووە و پابەندی بڕێک فکر و مەفاهیمی ئایینی مەسیحەت بووە و لەو بۆچوونە هونەرمەندی بێزەنتی سنوورداربووە، دوور لە ڕەهای فکری و داهێنانی دوور لە ئایین.

# هونەری گوتیك

هونەری گوتیک لە پزدانی باوەڕی مەسیحیەتەوە وەدەرهاتووە و لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزەهەمەوە تەقەلا و توانای وردە وردە وەدەر کەوتووە و کاری تەلارسازی سومعەدار، شارسازی لە دەڤەرەکان ئەنجام داوە.

بەتایبەت لەو شارانەیدا کە توانای داراییان باشتر بووە و هەروەها هێزی بازوویی مرۆیی تیادا بە ئاسان وەدەست کەوتووە و هەروەها ناوەندی قەشەگەورەکان و ڕۆشنبیران و فەیلەسووفەکان بووە.

وشەی (گوتیک) یانی هۆزە پەلاماردەرەکانی گوتەکان، کە خەڵکی باکووری ئەورووپا بوونە و شەڕکەر و پەلاماردەریش بوونە. ئەو شێوەکارەی وا بە هونەری گوتیک ناو دەبرێت لە نیوەی سەدەی دوانزەهەمەوە دەستی پێکردووە و بەردەوام بووە تا نیوەی سەدەی یانزەهەمی زاینی لە تەواوی ئەورووپادا بەردەوام بووە بە تایبەت لە کڵێسا دروستکردندا. بەشێوەی کەوانەیی ڕۆمی و هەروەها کەوانەی نوکتیژی ئیسلامی کە جوڵانەوەی (ڕینسانس) دەستی پێ کردووە و بە چاوێکی بێ ڕێزانە نوارییانەتە ئەو هونەرەیدا و ناویان ناوە بە هونەری "گوتیک" بە هونەرێکی قەبە و دوو لە ناز و ناسکی ناویان بردووە کە لە زەوق و خۆی و گوتە بەربەری و وەحشییەکان شیاوەتەوە، چونکە هەر ئەوان بوونە هونەری پڕ لە زەرافەتی کلاسیکی ڕۆمانەکانیان وێران کردووە و بە گوێرەی زەوقی خۆیان شێوەی گوتیکیان پێک هێناوە. ئەوە بیروڕای چاوساغە گەورەکانی سەردەمی (ڕێنسانس) بووە دەربارەی هونەری گوتیک.

لە ساڵی ١١٤٠ز بە دواوە کڵێسای زۆر لە باکووری فەڕەنسا دروست کراون، کە لەگەڵ شێوەی تەلارسازیی ڕۆمانەکان جیاواز بوون، ناسراون بە شێوەی تەلارسازیی گوتیک. بەتایبەت دوای پەنجا ساڵ کڵێسای لە دورام ١١٠٩ز ئینگلستان کە یەکەم دیاردەی بەناوگوتیک ناسراوە.

بە دوای ئەودا تەلارسازییەکانی (ئیل دوفرافش) کە لە دوادوای سەدەی دوانزەهەمدا دروست کراوە. کڵێسای سان دنی (١١٤٠-١١٤٤ز) لە نزیک شاری پاریسدایە هەروەها کڵێسای نوتردام لە پاریس ١١٣٤ز دەستی پێ کردووە یان کڵێسای شارتر. ئیدی تەلارسازیی گوتیک لە سەرتاسەری ئەورووپادا ئەنجام دراوە. لە سەرەتای سەدەی سانزەهەمدا زۆربەی زۆری تەلارسازی کۆشک و ساختمانی سەربازی ماڵە دەوڵەمەندەکان بە سەبکی گوتیک دروستکراوە. هەروەها شێوەکاری سەر دیوارەکان شووشەی ڕەنگی یان شێوەکاریی سەر شووشە (ڤیترا) هەروەها ڕازاندنەوەی ناو کڵێساکان میحراب و شێوەکاری ناو چوار چێوە یان لەسەر تەختە دار یان بەرد یان بە ئاوی زێڕنووسین یان شێوەکاری یان کتاو بەرگکردن (التجليد) هەروەها نەخشی بەرجەستە و پەیکەرتاشین.

بێگومان ئەو پێگەیشتنە بە چەندان قۆناغدا گوزەراوە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی سەرەتا یانی کە لە شێوەی ڕۆمانی جوێ بووەتەوە لەناوەڕاستی سەدەی سیانزەهەمدا تەلارسازیی گوتیک گەیشتووەتە پۆپە کە لە شارەکانی فەرەنسادا کڵێسای زۆریان ئەنجام داوە، کە وەک مەڵبەندی سەرەکی دەستەڵاتی گوتیک بووە.

تایبەتمەندیی دیواری باریک، منارەی تیژ و پشتەوانەی لێژ و بەکاربردنی شووشەبەندی ڕەنگاوڕەنگ لەناو دیوارەکاندا زۆرتر بە

شێوەی بازنەیی تا تیشکی هەتاو بگاتە شەبستانی ناو کڵێسادا یان لە لەش و پەیکەری پیاوە پیرۆزەکانی ناو ئایینی مەسیحەیت چەسپاو بە دیوارەکاندا یان لە تەنیشت گوڵتە و پایەکاندا لە دوادوایی سەدەی چوارەهەمدا لە تەلارسازیی فەڕەنسە و ئەڵمانیادا ڕەواج دراوەتە سەبکی گوتیک کەنیسەکان بەرز و بوڵند و نووکتیژ ڕۆیشتوون بە ئاسماندا.

سام و هەیبەتێکی رۆحانی دەبەخشێتە بینەردا. بەتایبەت کە دەڕۆیتە ناویانەوە پڕن لە وردەکاری شکڵی و شەمایلی تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و گەچبڕی و ئۆرمی فلزی جۆراوجۆر دەرودیوار پڕن لە دیمەنی هونەری. گوڵتە و پایەکان ڕازاوە بە هەیکەلی پیاوە پیرۆزەکانی ئایینی مەسیحەیت بنمیچەکان بەو بوڵندییە چەندان توێژ و لایەی هونەر پێوە دیارە.

لە هەر لاوە سەنگ تاشین یان برونزکاری بە فۆرم و قەبارەی هەندەسی بینەرەکەی سەرسام دەکات. ئەو شێوەکارە لە سەرتاسەری ئەورووپادا خرانە بەرچاو تا دوادوایی سەدەی شانزەهەم بەردەوام بووە.

بە شێوەیەکی تێکڕایی سەبکی گوتیک ساختمانەکانی بەرز و بوڵند و جارجارە لە زەویدا هۆڵەکان یەکتریان بڕیوە یان بە شێوەی لاکێشەی باریک و دودیوار و بنمیچی بەرز و بوڵند جاروبار بە بوڵندی ٣٥ تا ٤٥ مەتر بوونە. دوو بورج یان چەندان بورجی بەرز و بوڵند ڕۆیشتوون بە ئاسماندا.

گرنگیی دراوەتە دەرگەی سەرەکی، بە دوو لایدا ڕیزیک کەوانەی باریکی نووکتیژ لە وڵاتی ئیسپانیادا بڕێک شێوەی تەلارسازی ئیسمی تێکەڵی تەلارسازی سەردەمی گوتیک کراوە. وەک کەنیسەی ئیشبیلیە کە لە جێگەی مزگەوتێکی ئیسلامیدا دروست کراوە. یان ئەو کەوانانەی لە

شاری تولەیتەلە تێکەڵ بە موقەرنەسی ئیسلامی کراون بە شێوەیەکی تێکڕایی گوتیک و قۆناغەکانی سێ بەشی بوونە.

یەکەم: گوتیکی سەرتای دووهەم.

دووەم: گوتیکی ڕازاوە.

سێهەم: گوتیکی بەرز و بوڵند.

بەڵام لە ئەڵمانیادا شێوەیەک داهات بە ناوی گوتیکی گرِدار.

تەنها وڵاتێک لە ئەورووپادا نەڕۆیشتە ژێر باری سەبک و شێوەی تەلارسازی گوتیک وڵاتی ئیتاڵیا بوو. لێرە و لەوێ ئەگەر شێوەیەکی گوتیکدار بینرابێت تێکەڵ کراوە بە شێوەی تایبەتی دەڤەرەکەدا بە حاڵ و نەحاڵ شێوەی گوتیکی پێوە دیاربووە وەک کەنیسەی سان ماریانولا لە فلۆڕەنسادا لەوێشدا سەبکی کلاسیکی ڕۆمانی پارێزراوە.

ئەو کڵیسانەی لە شارەکانی (سینەنا، ئوریەنۆ، میلان) لە سەدەی سیانزەهەمدا دروست کراون. شێوەی گوتیکی فەرەنساوی تا نابینرێت. لە ڤێنیسیادا تەلارسازی بێزانسی ڕەواجی پێدراوە، بەڵام هونەری پەیکەرتاشینی گوتیک ئەویش وەک تەلارسازی لە (ئیل دوفرانس)دا سەری هەڵداوە و شان بە شانی تەلارسازی قۆناغەکانی بڕیوە.

ئەویش هەر لە بواری ئاییندا کار و کردەوەی پێ کراوە. ژیانی حەزرەتی مەریەم، منداڵی عیسا پەیامبەر و لە خاچدانی. ئیتر هەروا. بۆ نموونە تەنها لە کڵێسەی گەورەی شارتەر زۆرتر لە ٨٠٠٠پەیکەری گەورە و بچووک تیادایە یان بە شێوەی نەخشی بەرجەستە بەڵام پەیکەرەکان هیچ جۆرە جوڵانەوەی هونەرییان تیادا بەدی ناکرێت.

زۆرتر ڕەپ و ڕەپیک بێ ڕووحی هونەری، بەو جلوبەرگە ئاینییانەوە بە کراس و کەوای پێچ پێچەوە زۆرتر لە نزیک دەرگا سەرەکیەکانەوە دانراون.

ئـێمە لە ڕێـگەی کڵێســاکاندا قۆناغەکانمــان بـۆ دەردەکەوێـت، هەر کڵێســایەک تـا ڕادەیەک لەویَ کە هەر نەبێـت نەختێـک جیـاوازی تیـادا دەبینرێت ئەوەش ڕێڕەوی پێشکەوتن دەزانرێت. جیاوازی هەیە لەنێوان کڵێسـای (نـوتردام ١٢٢٠ز) سـەر دەرگـای سـەرەکیی کڵێسـای (شـارتەر ١٢٤٠ز) سەر دەرگای کڵێسای (ئامیەن) کە وردە وردە بینەر دەخاتە فکر و زیکـری پەیـکەرە کلاسـیکییەکانی یۆنـانەوە، شـتێکە ستایشـکەری حەزرەتی مەسیح بووە. کەم و زۆر لە حاڵەتی ڕۆمانی و بێزەنتی وەدەر هاتووە و پێگەی خوایی بە ویقارێکی ئایینی لە وەستان و جلوبەرگیاندا وەدەر خراوە و کۆشاون پێگەی خودایی بدەنە حەزرەتی مەسیح. بەڵام لە سـەرەتا سـەدەی چواردەهەمـدا ئەو حـاڵەتە بەرەو کەمـی داکشـاوە. بەتـایبەت لە وڵاتـی فەرەنسـەدا هـونەری پەیـکەری گۆڕسـازی وەک تـابووتی گەورەپیـاوان یـان قەشـە گەورەکـان زۆر ڕەواجـی پێدراوە. بە شێوەیەکی وا کە سەر قاپی مەزارەکە، پەیکەری مردووەکە بە ڕاکشـاوی بەسەر تـابووتەکەوە لە مەرمەڕ داتاشـراوە، هەروەهـا دەوروبەرەکەی کە یەک مەتر لە زەوییەوە بوڵندترە ئەویش پڕە لە نەخش و نیگـاری ئـایینی، ئەو حاڵەتە بوووییە هۆی دارمانی ئاستی پەیکەرتاشین لەو قۆناغەدا.

بەڵام لە ڕووی تەلارســــــازییەوە بەکــــــاربردنی ئەو هەمـــــوو شووشــەبەندییەی لە دەر و دیــواری کڵێســا و ســەومەعەکاندا بــوویە هۆکاری دابەزینی ئاستی تەلارسازی و گرنگیی درایە شێوەکاری سەر دار و تەخـتە و ڕێزەکـاری نـاو میحـراب و کەوانەکـان یـان وێـنەی چوارچێوەدار.

ئەو حاڵەتانە لە وڵاتانی فەرەنسە، ئینگلستان، ئەڵمانیا فنلاند، ئیسپانیا لەگەڵ یەکـدا جیـاواز بـووە، ئەو جیـاوازییە بـووەتە هۆکـاری کـاری جۆراوجــۆر و ئامــادەبوو بــۆ پێکهێنــانی ڕووداوی (ڕینســـانس) لە

سەرتاسەری ئەورووپادا لەو ڕووەوە ناوی چەندان شێوەکار کەوتنە سەر زمان و بوونە یەکەمین پێشقەرولّی ڕینسانس وەک: چیمایو، جونو، سیمونە، مارتینتی، لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمدا پلە و پایەی بەرزی شێوەکاریان بەدەست هێناوە.


بەڵام شووشەبەندی ڕەنگاوڕەنگ لە کڵێساکاندا زۆرتر لە وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیادا ڕەواجی پێدراوە. لە تەلارسازی (گوتیک)دا ئەو شێوەکارانە زۆرتر لە سەدەکانی دوانزە و سیانزەیدا بەکاربراوە و ڕەواجدار بووە.

ئەوی سەرنجڕاکێشە لە دوادوایی سەدەی دوانزە و سەدەی سیانزەهەمدا شازادەکان میرزادەکان دەوڵەمەندانی ئەورووپا شان بە شانی کڵێساکان ئەوانیش بۆ ڕازاندنەوەی ماڵ و حاڵی خۆیان هاتنە مەیدانەوە بۆ بەکاربردنی هونەرە جوانەکان بۆ ڕازاندنەوەی خانوو و بەرەیان وەک فلزکاری، زەڕنگەری، میناکاری، سەنگتاشین. دەفر و دەوری شووشەواتی ناو ماڵە، هەروەها بەکاربردنی پارچەی ڕەنگاوڕەنگ ڕێسا و گرنگیدان بە هونەری ڕیساندن. هەروەها بەکاربردنی سۆفالگەری و نەخشی بەرجەستە چ لەسەر بەرد یان دار هەروەها هونەری بەرگکردنی کتاو (التجليد) لەو هونەرانەیدا شاری ڤێندیسیا پیشقەرەوڵ بووە.

# ڕێنسانس

زۆر لە مێژوونووسان و لێزانان و چاوساغانی جیهان (ڕێنسانس) بە یەکەمین هەنگاو بەسەر پردی فەرهەنگدا دەزانن. ڕێنسانس تەواوی کوچە و کۆڵانە تاریکەکانی ناو ئەورووپای ڕۆشنکردەوە و لە تەواوی بوارەکانی داهێناندا، داهێنان و ژیانێکی تازە خراپە بەر چاو و دەست.

ئەوانەی تاریکبین و زەبر و زۆر و بیگرە و بەردەی کڵێسا و پاپاگەری و پەرچەمی ڤاتیکان لە زۆر بوار و لایەنەوە هێنرایە خوارەوە . کۆت و پەتی کۆمەڵایەتی جووتیار و وەرزێر ژێر دەستەی میرزادە و ئومەرا دەستڕۆیشتووەکان تووڕدرانە لاوە و پەرچەمی ئازادی تاک و کەس هەر یەکە لە بنارەکانی ئەورووپادا بە دەستی خەڵکە زۆرەکەوە بینرا لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم شیرەی ڕاستەقینە و جادووی سەرکەوتنی (ڕێنسانس) لە ئەورووپادا زۆرتر ئەو لایەنە بووە و سەرتاسەری میللەتانی ئەورووپا بە تەواوی توێژەکانیەوە هاودەم و هاندەری (ڕێنسانس) بوون.



لە ناو میللەتانی ئیسلامدا ئەوانیش تەقەلای بەرچاویان زۆر کردووە، تـاڵ و زەبـر و زۆری پیـاوانی ئـایینی و خـاوەن زەویـوزار ڕزگـاری بەدەسـت بهێنن، وەک: خەواریج، قەرامیتە، سـەربەداران بـایەک خـورەم دەبـن. بەڕای بەنـدە مەولانـا جەلالـودینی ڕۆمـی یەکەمـین کەس بـووە لە دونیای ئیسلامدا چرای ڕێنسانسی داگیرساندووە.

فکری لێ کەرەوە نزیکەی هەزار ساڵ لەمەو پێش پیاوێکی ئایینی سۆفیەکی بە ویقاری ناوداری خانەقانشین بۆ یەکەمین جار (مۆسقا و سەما) دەهێنێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە. بۆخۆشی سەماکەی لەسەر نەزمی مۆسیقا ئەنجام داوە.

بێگومان تەکایا و پیاوانی ئایینی و خانەقانشینەکان دژ بە کاروکردەوە و بیروبۆچوونی مەولانا بوون، ئەوی توانیویانە کردوویانە، ئەو ناساز و نەشیاوانە هەبووە دژ بە مەولانا وتوویانە، ئەوە هەزار ساڵە گوزەراوە کوان ئەوان. مەولاناش لە یەک ساڵدا سەد میللەت بە سەد زمانی جیاواز کتاوی دەربارەی کەسایەتی و فەلسەفەی مەولانا و کودەتاکەی دەنووسن.

لە ئەورووپادا سەرتاسەری ڕینسانس هەروەک تەقینەوەکەی مەولانا دەستی پێ کردووە و بوارەکانی تر و ناودارەکان و داهێنەران پاڵپشتی ئەو سەرەتایەیان کردووە تا ڕێنسانس تەواوی بوارەکانی ژیان و جومگەکانی داهێنانی گردووەتەوە وردە وردە لە ماوەی دووسەد ساڵدا ڕێنسانس و پێگەیشتن و تێگەیشتن لە سەرتاسەری ئەورووپادا هاتنە مەیدانەوە.

لە دونیای هونەردا کەسانی وەک: ( داڤنشی، ڕۆفائیل، مایکل ئەنجلۆ). پلەی ئەو سێ هونەرمەندە لە داهێنان باڵاترن، دەکرێ بەناوی پەیامبەرانێک ناو ببرێن لە دونیای هونەردا یەشتا دووبارە نەبوونەتەوە.

بەڵێ لە پێش ئەواندا هونەرمەندانی پێشقەرەولی ڕێنسانس هەبوونە، وەک: جوونو، مارانجۆ، ئیلیرنی، زۆرتری هونەرمەدان، هەروەها نووسەرانی وەک ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ و زۆرتر پاڵپشتی ڕێنسانسیان کردووە.

جا کاتێک بە مێژووی هونەردا دەچمەوە شەش سەد و حەوت هەزار ساڵ لەمەوپێش چۆن هونەریان کردووەتە پردێک بۆ ڕەواجدان بە ئایینە ئاسمانییەکان و لەگەڵ تێفکرینی زۆر لە پیاوە ئایینییەکانی لای خۆماندا هەڵیان دەسەنگێنم و بەراوردیان دەکەم، غەم و پەژارەیەکی وا دام دەگرێت هەفتەیەک زۆرتر لە قسەکردنی ئاسایی دەچمەوە.

چەند ساڵێک لەمەوپێش گوزەرم کەوتە شاری قاهیرە بە چاکم زانی سەرێکی زانکۆی ئەزهەر و مزگەوتەکەی بدەم. ئەوی زۆرتر سەرنجی ڕاکێشام دەوروبەری ئەو زانکۆ و مزگەوتە پڕ بوو لە پەیکەری برونزی و لە بەرد داتاشراو. هەروەها چەند کۆڵان لەولاوە چەندان کۆمپانیای فیلمی سینەمایی دروستکردن بەکاروباری ئەفلامی سینەماییەوە سەرگەرمن. ئەو گرتە و دیمەنە ڕووت و قووت و هەستبزوێنانەی لەو فیلمانەیدا هەیە لە فیلمە فەڕەنساویەکاندا کەمترن. خۆ مەلها و سەمای ئاڵوشاوی ناو ئەو جێگانە مەگەر هەر لە پاریسدا بوو بێت، خۆ ئەوەنەبێت هەر پایتەختەکەی میسر وابێت، جگە لە عەرەبستانی سعوودی تەواوی پایتەختە ئیسلامییەکان هەمان شێوەن.

لەو گەرمیانەی لای ئێمەیە وتەی پڕ لە زەرافەتی پێشینانمان زۆرە، یەکێک لەوانە دەڵێت: " چێشت لە تیانجە گەرمترە."

لەوانە گوزەشتە مەلایەک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پرسیار و وەڵامی هەبوو، ئافرەتێک تەلەفۆنی بۆ کرد و وتی: مامۆستا ئەو کاتەت باش.

لە وەڵامدا وتی: ئەی بەخێر نییت، ئاوا بەیانیت باش، بەیانیت باش. بۆ ناڵێی ئەسلاموعەلەیکوم؟

بەندە ئەوەم بیست هەروا سەرم سڕما، تۆ بڵێیت لە وڵاتی ئێمەدا ئاوا مەلایەک هەبێت و تازە بەرنامەی تەلەفزیۆنیشی هەبێت؟

مــن زۆر بــرادەریم لەگەڵ مامۆســتایانی ئــایینی گەرمە، بەتــایبەت منەوەرەکــان، ئەو مەلا مــنەوەرانە وتەکانیــان پــڕن لە جەمــال و جەلال و زەڕافەتــی ئــایینی و مەجلیســئارایی و هەگبەکانیــان پــڕە لە هەڵبەســتی جوانی کوردی و حیکمەت.

لەوانە گوزەشــتە. زۆربەی شــاعیرە مەزنەکــانی کــورد، مەگەر هەر مەلا نەبوونە؟

بڕوانە جەزیری، بیسارانی، مەولانا خالید، مەولەوی، مەحوی، نالی، ناری، سالم ، کوردی، حاجی قادر و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، قانع، دەیانی تر.

فکــری لــێ بــکەرەوە هەزار ســاڵ مەلایەکــی خانەقاننشــینی ســۆفی مەئــابی وەک: جەلالەدینــی ڕۆمــی، (ڕۆمــی بەلْخــی) مۆزیــک و ســەمای هێناوەتە ناو ئایینی ئیسـلامەوە. هەر لەو سـەردەمانەیدا پیاوانی ئـایینی و خانەقــا و تەکیەکــان و شــێخ و مەلای فراوانــی لە خــوانەترس تــۆمەتی بیدعەت و بەدڕەوشتی و بێ دینی و هەتاوەکوو (شێتی)یان پیا کرد. بڕۆ کتاوی (مەولانا و ڕازی نەی) خوسرەوجاف بخوێنەوە.

دوای هەزار ساڵ، ساڵانە میللەتە جۆراوجۆرەکان سەد کتاو بە سەد زمــانی جیــاواز دەربــارەی مەولانــا دەنووســن و ئەوانەی ئەو تــۆمەتە ناڕەوایانەیــان بە مەولانــادا کــرد، کــوا لە کــوێن؟ نە ناویــان نە باویــان لە کولەکەی تەڕیشدا نەماوە.

بەنــدە ڕاپەڕینــەکەی هەزار ســاڵ پێشــی مەولانــا جەلالــودینی ڕۆمــی بەڵخی بە ڕێنسانسی ناو ئیسلام دەزانم. لە ڕۆژئـاوادا ڕینسـانس تەواوی بوارەکــانی گــرتەوە. بــوو بە ڕاپەڕینێکــی تێکڕایــی و ڕۆشــنبیرانە و هێــز و

دەستەڵاتی پاپا وەک کیسەڵ ڕۆیشتە ژێر پشتەڕەق و تەقەکەیەوە و تەنها دەستەڵاتی پاپاوی هەر لە ڤاتیکاندا فەرمانڕەوا بووە.

بە چاکم زانی لە پێش ئەوەی لە (ڕینسانس) دوان، لەوانە بدوم کە وا خوێندتەوە.

یەشتا بە وردی مێژووی سەرەتای ڕێنسانس دیاری نەکراوە. ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لە ژیانی خەڵکدا لە بوارە جیاوازەکاندا ڕوویان داوە: سیاسی، زانستی، دۆزینەوە، کۆمەڵایەتی، ئایینی، هونەری، لە هەمووی گرنگتر ئازادی بیرکردنەوەی تاک و مرۆڤایەتی بەسەر ئەوانەیشدا ڕووداوی سەیر سەیر و گرنگ لە جیهانی ئەو سەردەمەیدا ڕوویداوە، وەک: لەناوبردنی دەستەڵاتی بێزەنتیە لە لایەن سوڵتانی عوسمانیەوە، محەمەدی فاتیح ١٤٥٣ز بە خاوەنبوونی دوو لێواری تەنگەی بسفور و هەڵکشانی هێزەکانی عوسمانی بۆ ناو وڵاتانی بەلکان. لەولاشەوە بەستنی کەناڵی (سویس) بە ڕووی کەشتییە ئەورووپایەکاند، بڕانەوەی شەڕی سەد ساڵەی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا. لەوانەیش گرنگتر داهەڕووژانی یاسای دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتیی زەویوزار لە کۆمەڵگای ناو وڵاتی ئەورووپادا. سەرئەنجام برانەوە و ڕیشو هەڵکەنانی پەتای تاعوون لە ئەورووپادا. لە دوادوایی سەدەی چواردەهەمدا ئەوانەیان بە ڕووحی ڕاستەقینەی (ڕینسانس) ناسراوە، لە لایەن مێژوونووسانەوە گۆڕانکارییەکان هەر ئەوانە نەبوونە هۆکاری لابەلای، زۆری تریش لە ژیان و مەیدانەکەدا وەدەرکەوتبوو، وەک: دۆزینەوەی جوگرافییەکان، دەریا پێوان لە لایەن چاوساغانەوە بۆ ناسین و دۆزینەوەی سەرزەوییە نەناسراوەکان.

هەروەک ئاشـــنابوون بە دار و درەخـــت و ئاژیـــل و بەخشـــە و مێشـــوولە و جـــانەوەرە نەناســـراوەکان. ســـەرەنجام دۆزیـــنەوە قـــارەی ئەمریکا ١٤٩٢ز کەوتنە بەرچاوی سیستەم و شـێوە و شـەمایلی تـازەی تەلارسـازی، هەروەهـا شـێوەکاری و واژووکردنـی هونەرمەنـدان لەسـەر تابلۆکانیـان و تـووڕدانی تـرس لە تـاوانی ناونووسـینی خۆیـان، هەروەهـا هـاتنە مەیـدانی نووســەرانی ئـازادیخوازی نەتـرس و بڵاوبـوونەوەی شـێوەیەکی تـازەی ئەدەبیـات و هانـدانی خەڵـکە زۆرەکە بـۆ زۆرتـر بەدەستهێنانی ئازادی ١٥٠٠ز.

وشەی ڕێنسانس واتا دووبارە لە دایکبوون و گەڕانەوە بۆ شـێوەی ئازادیخوازانەی سەردەمی کلاسیک (یۆنان و ڕۆمان).

ئەوانە هەمـوو بـوونە چـرایەک بۆ ڕۆشـنکردنەوە بەرپـای میللەتـانی ئەورووپا و سەرتاسەری جیهان.

کودەتاکەی مەولانا جەلالودینی ڕۆمـی و سـەردەمدارانی بوارەکـانی کەی ژیان و زیندەگی لە وڵاتەکانی ئیسلامدا. دوای مردنـی نەک پاڵپشـتی ئەو کودەتـایە بـکەن، بـوونە دوژمـی، بەداخەوە ئەو جـۆرە فکـرە خـرچ و کاڵە تا بە ئیمرۆ بەردەوامە و فکری داعش مەئابـانە و سـەلەفیەت بەلاوە دەنرێت، نازانم تۆ دەزانی؟

باسـەکەم مێژووی تەلارسـازییە، بەڵام ئەو مێژووە پەیوەنـدە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕێنسانس و ئاکامەکانی ڕێنسانسدا.

وەک زانـراوە و لەمێـژدا باســم لەوەی کـرد هـونەری گوتیـک و تەلارسازی گوتیک لە وڵاتانی فەرەنسە و ئەڵمانیا و بەریتانیا و هۆڵەندە تێکڕا بڵاوبووبوویەوە. لە وڵاتـی ئیتاڵیـادا ئەوزەلی نەکرد و نەڕۆیشـتنە.

ژێر باری پەلاماری شێوەی کلاسیک ڕوخساری، لەێرا و لەوێ خۆی وەدەر خستووە. ئەوی ناسراوە سیستەمی تەلارسازی گوتیک بەرز و باڵا و بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە لە کاتێکدا برێک لە تەلارسازیی کلاسیک زۆرتر شێوەی (ئوفوقی) بووە.

لە سیستەمی تازەی ڕێنسانس زەوقی تەلارسازی وەرچەرخایەوە لای شێوەی کلاسیک. لەو ڕووەوە تەلارسازی بەناوبانگ (فیلارتە) هەروە پەیکەرتاشی ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەم ڕەخنەی لە پایتەختی هونەری جۆراوجۆر بوویە هۆکاری ڕەخنەی فراوان و هەروەها ئیرادکردن لە چۆنەیەتیی ڕێنسانس، لەو ڕووانەوە کتاوی زۆر خرایە ژێر چاپەوە، بۆ نموونە: تەلارساز (لوئنە یاتیستائە ئەلیرئی) تەلارساز و شێوەکار و شاعیر و ڕەخنەگری هونەری، دە بەرگ کتاوی لەبارەی پەیکەرتاشی و تەلارسازی نووسیوە، تیادا نەفرەتی شێوەی تەلارسازی گوتیکی زۆر تیادا کردووە و ناسرا بە ئەو کەسەی یەکەمین بەردی بناغەی (گوتیک)ی داناوە.

بەڵام تەلارساز برونیسکی کە بە باوکی (گوتیک – ڕێنسانس) دەناسرێت، شێوەی کەوانەکانی گوتیک، هەروەها گوتیکی لە کەنیسەی فلۆرەنسادا بەکار بردووە.

بەسەر ئەوانەیشدا شێوەی تەلارسازیی (گوتیک) لە ئیتالیادا بنبڕکرا. سەرتاسەری دیزاینی ئیتاڵیا گەڕایەوە بۆ سەردەمی یۆنان و ڕۆمانەکانیان بە شێوەیەکی تێکەڵ بە داهێنان نوێیان کردەوە. بەتایبەت تەلارساز (برامانتە- ١٥١٤ز مردووە) کە ئەو کاتە بەسەر پۆپەی سیستەم و ناووباوی تەلارسازییەوە بووە.

لە سـەردەمی ڕینسـاندا ئەو کۆشـاوە بەسـەر دیـوارێکی لاکێشـی بەربڵاودا گومەتێک دروست بکات، کە تەواوی گومەتە کراوەکان بەرینتر و زەریفتر بـووە. ئەو تەقەلا و نیـازانە شـێوەی تەلارسـازی ڕینسانسـی خسـتە بەرچـاو. هەتـاوەکوو لە سـەردەمی ڕێنسانسـیدا دیسـانەوە سـاختمانی کڵێسـاکان بـووە جـێگەی خـۆ وەدەرخسـتنی هـونەری تەلارسازی.

زۆرتریش پلانەکەی بە شـێوەی (خـاچ) دیـواری لەسـەر داڕێژراوە و کەوانە و گـومەتی بـۆ دانـراوە. لە دیـوی نـاوەوە بە تەواوی شـێوەی ڕۆمانی بۆ ڕازاندنەوە بەکارچووە، کە کەوانەکان بە شێوەی نیودائیرەیی دروسـت بـووە، نەک نـووکتیژ، کە زۆرتـر سیسـتەمی (گوتیـک) ئەوەیـان بەکـار بـردووە. زۆربەی زۆری کڵێسـاکان بەشـێوەی لاکـێش و ڕووو بە میحراب، شەبستانەکەی بەروە میحرابە. شێوەی خاچ بوو بە شەبستان، تەواوی خەڵکەکە میحراب نابینن.

تەلاسـازانی ڕێنسـانس لە مەحـدوودیەتی سیسـتەمی تەنهـا کڵێساسـازاندن وەدەرهـاتن، کۆشـکی جۆراوجـۆری دەوڵەمەنـدان، میـرزادان، بازرگانـان، هەر یەکە بە شـێوەیەکی ئـازاد کۆشـک و تەلار و قلاسازییان کردووە، ئەو ململانە بە خۆ وەدەرخستنی زەوق دەستەڵات بە یەکێک لە هۆکاری پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە سیستەمی تەلارسازی لە هەمان کاتدا گرنگی دراوەتە نما و ڕووکەشی ساختمان تا بە چ نەوعە بەردێـک یـان کەرسـتەیەک بخـرێنە ڕووو. بەتـایبەت لە درێژەپێـدانی سـاختمانەکاندا بـۆ نمـوونە کۆشـکی (ڕۆجـلای) لە فلۆرەنسـادا لە لایەن تەلارساز (ئەلبیرتی)یەوە دیزاین کرابووە.

هەروەها سیستەمی ساختمانی سەردەمی ڕۆمانەکان لە خانووە ئیلاخەکاندا (دەرەوەی شار) گرنگی پێدراوە و گرنگی دراوەتە جۆری ژینگە و سروشت. ئەو خانووانە زۆرتر گرنگی دراوەتە مەرکەزیەت وەک هۆڵێکی سەرەکی سا بە شێوەی هەشت گۆشە یان بازنەیی و گومەتدار و ژوورەکانی تر لە چوار لاوە دابین کراون، گرنگی دراوەتە پلکانە بۆ نهۆمی سەرەوە هەتاوەکوو لە کۆشکە گەورەکاندا ئەوپەڕی گرنگییان داوەتە زەرافەتی پلیکانە و کەرەستەی بەکاربردنی دەستەگیرەی دوولای پلکانە کە ( بەندە وەک تەلارساز ئەوپەڕی گرنگیم داوەتە پلکانە چ وەک جێگەگری یا چۆنیەتیەکەی یان زەرافەتی کەرەستەکەی کە لە چ مەتریالیک دروست کرابێت (نووسەر).

ئیدی داهێنانی تەلارسازی ڕینسانس لەنیو سەدەیدا، سەرتاسەری ئەورووپای گرتەوە.

پەیکەرتاشین لە ساڵی ١٤٠٠ز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەت لە لایەن ئاسەوارناسانەوە ژمارەیەکی زۆری پەیکەری سەردەمی یۆنان و بەتایبەت ڕۆمانەکانیان لەژێر خۆڵ و ناو قووڵایی زەویدا وەدەرهێناوە. ئەو پەیکەرانە بوو بە هۆکاری شۆرشێکی نوێ لە دونیای پەیکەرتاشیندا.(لۆرنتۆ گیبرتی) لەم ڕووەوە گوتوویەتی: ناکرێ تەنها بە چاو تەماشاکەری ئەو پەیکەرانە بیت، هەستە برۆ دەست بهێنە سەریاندا، ئەو دەم وەستاکاری سافی و لووسی و پێچ پێچی سەر و ئەندامی ئەو هونەرە بەسەر پەنجەت ئەندازەی زرافەتیانت بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن لە بەردی سەخت و خارایان بەو زەرافەتە وەدەرهێناوە.

هەر ئەو دۆزینەوانە بوویە هۆکارێک هونەرمەندانی سەردەمی ڕینسانس هەست بە بەرزی و بوڵندیی پایەی هونەری پەیکەرتاشینی

سەردەمی یۆنان و ڕۆمان بکەن. هەست بەوەی بکەن چ دونیایەک پەیکەرتاشین لەژێر خۆڵدا شارابوویەوە و چ وەستاکارانێک لە ڕابردوودا چ شاکاریان ئەنجام داوە. لەم ڕووەوە هونەرمەندان قووڵیان هەڵمانی و توانییان گەشە بە دونیای پەیکەرتاشین و ئەو هونەرە جوانە لە دیمەنێکی ڕچاوی لەبیرچووی ساختمانێکدا وەدەربهێنن و وردە تاکی ئازاد و سەربەخۆی بێ قەید و شەرت و مەرج، دونیای پەیکەرتاشینیان هێنایە لەرزە و حەشوکە و کرایە هاولف و هاودەمی هونەری تەلارسازی و یەکتر تەواوکردن.

ڕەهایی پەیکەر لە ئایین و سنووری دیاریکراو لە ساختماندا بوویە هۆی پتەوبوونی پێگە و جێگەی لەفکری تاکی خەڵکدا. ئیتر پەیکەر لە چوارچێوەی دیوارەکان وەک نەخشی بەرجەستە هاتە دەرێ. گۆشەی تایبەت بەخۆی بۆ دانرا و چاوەکان بە گۆشە و کەنار و گۆڕەپانەکاندا بە دوای دیتنی پەیکەردا دەگەڕان. لەژێر ڕەحمەتی تەلارسازیدا هاتە دەرەوە و چاوەکان بە دواییدا دەگەڕان. ئیتر بەسەر تابووتەکانەوە پەیکەر هاتە خوارەوە و وشەی تایبەت بەخۆی داگیر کرد. وەک کەسایەتیی کلاسیک یۆنان و ڕۆمان، کەسایەتیی موتڵەقی سەربەخۆی بەدەست هێنایەوە لە جیهانی هونەردا.

ئیتر لە دونیای پەیکەرتاشینا(پاکوس) خواوەندگاری شەراب و شانۆیی حەزرەتی داود لە تەنیشت یەکدا دادەنران، نەخشی بەرجەستە گەڕایەوە سەر ڕووداوەکانی ئەساتیری یۆنان و رۆمانەکان و کاروکردەوەی دوور لە ئایینی لە دونیای پەیکەرسازیدا بە تەواوی جێگەی خۆی گردەوە و هەروەکوو سەردەمی کلاسیک و بەربڵاوتریش

بەتایبەت ترس و تۆقیان لە دەستەڵاتە ئایینییەکان و دادگاکانی پشکنین خرانە لاوە.

تا سالانی ١٤٠٠ز ئایین و کڵێساکان پاپا و قەشەکان زۆر و زەوتیان بە تەواوی لە دەست نەدابووە. پیتەر پارلەر پەیکەرتاش پەیکەری بۆ کڵێسای براگ دروست کردووە. یان کلاوس ئسلوتر بە ڕەگەز هۆڵەندی پەیکەری بەناوبانگی حەوزەکەی مووسای دروست کردووە بۆ سەومەعەی ڕەهبەنەتی کارتۆزی لە فەرەنسا دروست کردووە، ئەوەیش هەر حاڵەتی کڵێسایی و ئایینی بووە.

ئەوە پەیکەرتاشینی ئیتاڵی بوون پەیوەندی خۆیان لەگەڵ مەرجەکانی کڵێساکاندا پچراند و دوور لە کڵێساکان پەیکەریان بۆ کەسایەتی غەیری ئایینی دروست کردووە. بەو شێوە پەیکەرتاشینی ئیتاڵیای لە سەرەتای سەدەی پازنزەهەمەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا، ئازادیی موتڵەقیان لە پێکهێنانی پەیکەرتاشیندا بەدەستهێناوە.

هەتاوەکوو پەیکەرتاشین دوناتلو ١٤٦٠ز مردووە. پەیکەری یەکێک لە پەیامبەرەکانی کردووە لە سەرتاسەری ئیتاڵیادا بەناوی پەیامبەری کولەکە سەرناوباوی دەرکردووە هەروەها (گیبرنی) دەروازەی بەهەشتی لە برونز تەواو کردووە، تیادا زۆر گرنگی بە مەرجەکانی کلیپ نەداوە.

ئیتر هونەرمەندانی ئیتالیائی لە ماوەی سەد ساڵدا هونەری پەیکەرتاشین گەیشتە پۆپە تا گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کەڵەهونەرمەندێکی وەک (میکلانژ یان مایکل ئنجلو) تەلارساز پەیکەر تاش، شێوەکار هاتە مەیدانەوە و دونیای پەیکەرتاشینی گەیاندە پلە و

پایەی جادووگەری هێندە کارەکانی پڕ لە زەرافەتی هونەری بووە کە لە هیچ سەردەمێکدا هونەری پەیکەرتاشین لەباری هونەرییەوە نەگەیشتووەتە ئەو پلە و پایە هونەرییە، بەڵام دونیای شێوەکاری لە سەردەمەیدا (جوتوو ١٣٣٧ز کۆچی کردووە). ئەم هونەرمەندە یەکەمین شێوەکار بووە، لە دوادوایی سەردەمی (گوتیک) بۆ یەکەمین جار (فەزا)ی تابلۆی بەکار برد، ئەوە بە داهێنان دەژمێردرا لەو سەردەمەیدا یانی بەدەستهێنانی دیدگایەکی سێ دوور ئەندازی.

لە سەدەی دواییدا هونەرمەند (مازاتجو) هونەرمەندی ئیتاڵی لە سەرەتای سەدەی پانزەهەمدا داهێنانی تازەی خستە بەرچاو، بە شێوەیەکی وا چ وەک هەیکەل یان قووڵایی ناو تابلۆکە، هەروەها سێ بوعدی دوورئەنداز. هەر لەو سەردەمانەیدا هونەرمەندانی کەی شێوەکار هاتنە مەیدانەوە، چەندان تابلۆی شاهکاریان بە شێوەی تازەبابەت خستە بەرچاو.

ئەوە حاشاهەڵنەگرە لە ڕووی هونەری شێوەکارییەوە (ڕینسانس) لە ئیتاڵیا بانی فلۆرەنسا هەروەها هۆڵەندەدا سەری هەڵداوە بەتایبەت لە هوڵەندەیدا بەسەر تەختەداری بەڕووەوە ڕەنگئامێزی ئەنجام دراوە، کە ڕەنگەکان ڕەنگی (ڕوون) هەر وەک خۆی بێ هیچ گۆڕانکارییەک، ڕەنگەکان خۆیان وەدەرخستووە، ئیدی دونیایەکی تازە لە دونیای هونەردا هاتە بەرچاو.

مەکتەبی (فلاندەری) کە بە بەشی باکووری ئیتاڵیا و هوڵەندە دەژمێردرێت لە سەدەی شانزەهەم ڕێگە و شێوازی تازەی شێوەکاریان گرتە بەر و ئەو شێوە و سیستەمە شۆڕبوویەوە بۆ شارەکانی وەک: ڕۆما، فلۆرەنسا، سیەنا، ڤینسیا، ئۆمپریا، میلان، شازادە و میرزادە و

بازرگانەکـان گرنگییەکـی زۆریـان داوەتە هـونەر و لەسـەر تـوحفەی هـونەری چ وەک شـێوەکاری یـان پەیـکەر مملاتێکـی ژێـر بە ژێریـان کەوتـووەتە نێـوانەوە. هەروەهـا بڕێـک هونەرمەنـدانی گەوەری ئیتـالی نیشتەجێی ولاَتانی تر بوونە وەک( کان، برۆکسل، نەرویژ).

لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا ڕێنسانس گەیشتە قۆناغێکی دیار و پێگەیشـتوو، کە بە (ڕێنسانسـی پێشـکەوتوو) نـاو دەبرا. لەو قۆناغەیدا لەنـاو هونەرمەندانـدا قەشـەیەکی دەستڕۆیشـتوو، کرێکـارێکی هەژاری نەدار وەک یەک سـەیر کـراون. هونەرمەنـدان زۆرتـر هـونەری خۆیـان وەدەرخستووە. تا کشوفشی قەشە و ئاغاگەل و شازادەکان.

ئیتـر هـونەری هەڵبـژاردە هـاتبووە مەیـدانەوە، وەک: بلـیمەت هونەرمەنـدی گەورەی زەمـان (داڤینشـی) هەروەهـا (ڕۆفائیـل) هەروەهـا (میکلانژ)، (مایکل ئەنجلۆ). ئەو سێ کەسە کاروکردەوەکانیان لە سیحر و (خەواریق) دەرچوون. وردەکـاری وەسـتاکاری ئەو سێ هونەرمەندە دووبارە نەبوونەتەوە.

بەنـدە لە کتـاوێکی تـردا هەر یەکە بەجیـا لە ڕۆژنـامەی (بـاس)ی هەفتانەیـدا کـاروکردەوە و ژیانیـانم بڵاوکـردوونەتەوە، وا وەک کتـاو بەڕێـگەوەن بـۆ چـاپکردن، ئەگەرچـی ژمـارەیەکی زۆر کەم لە خوێنـدەوارانی میللەتەکەم گرنگـی ئەدەنە هـونەر و دونیـای هـونەر، هەر نەبێت لەم سەردەمەیدا.

بەنـدە بەوەی نائومێـد نـابم، بـۆ دەوڵەمەنـدی کتاوخـانەی کـوردی کاردەکەم و هەروەها پاشـەڕۆژ. دڵنیام ڕۆژگارێک دێتە پێشـەوە ئێمەی

کـوردیش وەک میللەتـانی پێگەیشـتوو و تێگەیشـتوو گرنگیـی دەدەیـنە بواری هونەری و دونیای هونەر، کەیە؟ ئەوە منیش نایزانم!

ئەو سێ هونەرمەندە فکریان کردبووەوە نە ئاسایی کاریان کـردووە. کارێکی وایان کردووە تا بە ئەمڕۆ مایەی شانازیی بەشـەریەتن.

بەنـدە کاتێـک دەنـوارمە پەیـکەری حەزرەتـی داود پێغەمـبەردا نەک تەنهـا سەرسـامی دامـدەگرێت، تووشـی سـەرگێژە و تـێکەڵاویش دەبـم. زەرافەتەکەی سـحرئامێزە و بە دەسـتکردی جـادووگەران و پەریـانی دەزانم. دەکەومەوە بیری پەیکەرتاشـی یۆنـانی کلاسـیکی (ڤیدیاس) کە لە لای یەکێک لە پەیکەرەکانیدا خەریکی نـانخواردن بووە، بە پەیـکەرەکەی دەڵێت: بۆ ڕاوەستاوی وەرە نانم لەگەڵ بخۆ!

ڕۆفائیـل وتـوویەتی: مـن دەبـێ ڕوخسـار و ڕووی هەزاران ئـافرەتی جـوانکیلە و پاکـدامێن ببیـنم تـا بتـوانم ڕوخسـاری حەزرەتـی (مەریەم) بخەمە ناو تابلۆکانمەوە.

داڤنشی لە تابلۆی دوا شیودا یان تابلۆی مۆنالیزا یان پەردەی ئاییـنی یۆحەنـای پیـرۆز، هەروەهـا برێـک دیزاینـی ڕەشوسـپیی مایکـل ئەنجلـۆ. یەکێک بووە لە داهێنەرە هەرە گەورەکـانی سـەردەمی ڕینسـانس و پێش ڕێنسانسـیش پەیکەرتاشـین بـووە. دوو پەیـکەری ئەزاداری پـاکوس، هەروەهـا عەزاداری مەریەم بەسـەر پەیـکەری تەرمـی عیسـاوە. هەروەهـا شـاعیر بـووە تەلارسـازی کـردووە، شـێوەکاری هەرە گەورەی دونیـای بەشـەریەت بـووە. خـۆ پەیـکەری حەزرەتـی داود لە مەرمەڕی سـپی بە بوڵندیی ٤١٠سم گەورەترین دیمەنی زیندووە بۆ بلیمەتیی و وردەکاری

و زەرافەتـی ئەنـدام و هەروەهـا هـونەری تەناسـووب. هەروە پەیـکەری حەزرەتی مووسا پەیامبەر بە بوڵندیی (٢،٣٠).

هەورووەهـا تەلارسـازییەکانی لەپـێش (سـان لونتسـو) لە فلۆرەنسـادا (مەیدانی (کاپیتۆڵ) و (سـان پیرونۆ) لە شـاری رۆمـادا، هەروەهـا سـەدان دیزاین لەم هونەرمەندەوە بەدەستەوەیە.

بەڵام ڕۆفائیـل چەنـد تـابلۆیەکی پـڕ لە ڕۆحـانیەت و زەرافەتـی هـونەرییەوە ئەنجـام داوە. تابلۆکـانی پڕن لە شـکۆ و تیشـکی ڕۆحـانیەت وەک تـاج لەسـەر دانـانی حەزرەتـی مەریەم . لە خاچـدانی حەزرەتـی مەسـیح، هەروەهـا دژواری لە ڤاتیکانـدا شـێوەکاری کـردووە یەکـێکە لە شارەکان.

منـداڵیی حەزرەتـی مەسـیح بەلای (ڕۆفائیـل)ەوە گرنگیـی زۆری پێدراوە. هەروەهـا تـابلۆی تـۆمەت بە بترۆسـی پیـرۆز، هەروەهـا گەلاتە (خواوەندگاری دەریا).

هەروەها لە سەردەمی ڕینساندا هونەری چاپی دەست گرنگی زۆری پێدراوە و زۆری نەکێشاوە جێگەی باشی بۆ دانراوە. بەتـایبەت لە لایەن مامۆسـتا (ئەلبـرت ١٥٢٨ز مـردووە) هەروەهـا (لۆکـاس کرانـاک ١٥٥٣مـردووە) هەروەهـا (ئلیـرت ئـالتۆ)، (هـانس بالـدونگ گـرین ١٥٤٥ز مردووە.

جێگەی سەرسامی نییە ئەو نـاوانە هەموویـان ئەڵمـانین، گۆتەنبەرگ ئەڵمانی، دەستگای چاپی دروست کرد لە ساڵی ١٤٥٠ز لە شاری ماینتس دا خستوویەتە گڕ.

هەروەهـــا هەڵکــۆڵانی ســـەر دار و درەخـــت، لە دواییـــدا فلــز و بەکـاربردنی تیـزاب لە کـاروکردەوە هونەرییەکانـدا زۆری نەکێشـاوە لە تەواوی وڵاتانی ئەورووپادا بەکار براوە. لە ساڵی ١٤٩٣ کتاوی مێژوویی لە چـاپ دراوە کە زۆرتـر لە دوو هەزار ڕەسـمی ڕەش و سـپی تیـادایە، هەر لەو ساڵانەیدا تێکۆشان هەبووە بۆ چاپی ڕەنگی.

پایانی ڕنسانسی پێشکەوتوو کاتێک دەستی پێ کردووە کە توانراوە کاروکردەوەی مامۆستا گەورەکانی ئەو سەردەمە لاسکایی بکرێتەوە.

لە ساڵی ١٥٩ز ز نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ شـێوەی (بـاروک) هـاتە مەیـــدانەوە، پـــڕ بـــووە لە ڕازانـــدنەوە بـــووەتە جێگـــری ڕینســـانس لە سەرتاسـەری ئەورووپـادا. لە سـاڵی ١٧٢٠ شـێوەیەکی لـێ جیـابووەتەوە بەناوی (ركوكو) ئەو حاڵەتە لە وڵاتی فەرەنسادا هـاتووتە وجوود (١٧٧٠ تـا ١٨٣٠) کە شـێوەی کلاسـیکیی تـازە کە بە یەک پارچە هـونەری کـۆنی یۆنـــانی دەژمێردرێـــت. بێگومـــان ئەو حـــاڵەتە تـــازانە لە ئەنجـــامی (ڕینسانس)دا هاتووەتە کایەوە.

# شێوەی بارۆك و ڕكۆكۆ

## شێوەكاری:

لە سەرەتای سەدەی سانزەهەمدا تێکرا لە سەردەمی ڕێنسانسدا هونەر لە تەواوی ڕووەکانەوە گەیشتە سنووری پێگەیشتن، ئەوە ناونراوە پێگەی باڵای ڕێنسانس.

شاری ڕۆمان بووەتە هەوارگە و تەباری داهێنانی هونەری. لە تەواوی شارەکانی ئەورووپاوە ئەو هونەرمەندێکی بەرزەفڕ و داهێنەر بووە نیشتەجێی شاری ڕۆما بووەن. ئەوەیش شاهیدە کەڵەهونەرمەندانی وەک (داڤنشی) کە لە ساڵی ١٥١٦ز مردووە ڕوفائیل ١٦٢٠مردووە. مایکل ئەنجلۆ ١٥٦٢ز مردووە. تیتسیان ناسراو بە تیسین ١٦٧٤ مردووە. هەموو ئەوانە شاری ڕۆما هەوارگەی سەرەکییان بووە.



توانیویانە شاکاری گەلێک پڕ لە زەرافەت چ وەک شێوەکاری یان پەیکەرتاشین هەروەها تەلارسازی بخەنە بەرچاو. تا بە ئێستا هیچ هونەرمەندێک نەگەیشتوونەتە ئەو پلە و پایەی هونەریە و بتوانن وەک ئەو شاکارانە بخولقێنن.

برێک لە هونەرمەندانی سەدەی شانزەهەم ڕاپەڕینێکی هونەری بەرچاویان خستەگڕ، کە خۆی لە خۆیدا بوونە پردێک لەنێوان (ڕێنسانس و باررووک) کە تەوانییان حاڵەتێکی تایبەت لە شێوەکاریدا بە وجوود بهێنن، وەک هونەرمەند (ئالگریکو) شێوەکاری ئیسپانیایی کە لە دورگەی (کرتدا هاتبووە دونیاوە (١٥٤١-١٦١٤ز) با ئەوە بڵێین لە ماوەی شەست ساڵی سەدەی شانزەهەمدا شێوەکاری لە ئاستێکی باڵادا بووە. هەروەها

هــونەری پەیکەرتاشــی وەک پەیکەرتــاش (جــاکوبوو ١٥٧٠ز. مــردووە) هەروەها (چیلینی ١٥٧١ز مردووە) هەروەها (چووانی کە بە ژان پوولینی دەناســرا ١٦٠٨ز مــردووە) یــان شــێوەکار (جووکبــوو تینتوریتــو ١٥٩٧ز مــردووە) لەنێــوان ســاڵانی ١٠٣٠ تــا ١٥٥٠ز تــا ڕادەیەک شــێوەکاری ئەســاڵەتی ڕابــردووی لە دەســت داوە و قەرەباڵغیــان کــردووە، بەڵام لە ســاڵانی ١٥٥٠ز تــا ١٥٩٠ز دیســانەوە ئەســاڵەت گەڕاوەتەوە بــۆ دونیــای شــێوەکاری هونەرمەنــد (ڤــازاری ١٦٢٩ز مــردووە) هەروەهــا (پــالادیو ١٥٨٠ز مردووە) سەرسامی تازەباوەکان بــوون. ئەمە ئەوەی دەگەینێت دونیای شێوەگەری دووچاری حاڵەتێکی تێکەڵوپێکەڵ هــاتووە و لەســەر بنەمایەکی دروست و چوارچێوەداری ناسراو پابەند نەبووە.

بەڵام لە ڕووی تەلارسازییەوە مەکتەبی شێوەکاری بڕێک کاروبار و ئــامێری تازەبــاوی خســتبووە نــاو کارەکــانیەوە. وەک ئەوانەی دونیــا سەنعەت و تازەباوی تەلارسازی بەوەوە ئەویش سەرگەرم بوو، بەڵام نەیتوانی هەنگاوی بەرچاو بنێت، جگە لە بڕێک ڤێلاسازی جێگەی کۆشک و تەلاری گــرتەوە. هەروەهــا گرنگیــی دراوەتە ڕازانــدنەوەی نــاو مــاڵ و ســاختمان، وەک چــا قــالبکردن و گەچبــڕی و ڕازانــدنەوە. ئەوە خــۆی لە خۆیدا بە دەرگەی یەکەمی شێوەی (باڕووک) .

هەروەهــا لە ســاڵانی دوادوایــی ســەدەی شــانزەهەمدا هونەرمەنــد (کــاراوجو ١٦١٠ز) هەروەهــا کلاســیکگەری تەلارســاز (تــارادجی ١٦٠٩ز) لەو ســەردەمەیدا حــاڵەتێکی واقیعیــانە کەوتە دونیــای شــێوەکارییەوە، بەتایبەت لە دوادوایی سەدەی شانزەهەمدا. سێ سەد ساڵ پۆرترەسازی باوبووە. بەو شێوەیەی وتم، خرایە لاوە.

شـێوەی بـارووک لە دوادوایـی سـەدەی شـانزەهەمدا گۆڕانکـاریی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. بەتایبەت لە هونەر و بوارەکانی ئەدەبیاتدا. وەبەناوی شێوەی بارووک ناو دەبرا.

بـا ئەوەیـش بوترێـت (بـارووک)یش هەر لە ئیتالیـادا دەسـتی پـێ کردووە و لەسەرتاسەری ئەورووپادا بڵاوەی کردووە و وەک: بەریتانیا، فەرەنسا، فلەندا، ئەڵمانیا، نەمسا، ڕووسیا، ئیسپانیا، پرتوگال، هەتاوەکوو لە وڵاتە ژێردەستەکانی ئەورووپاییشدا لەو شێوە سوودیان وەرگرتووە.

واژە و نـاوی بـارووک بە وردی دەستنیشـان نەکـراوە، بەڵام زۆری لێ باسکراوە و نەیانتوانیوە بڕیار لەسـەر ماناکەی بدەن، بەڵام چەندان ناوی سەیر سەیری بەخۆیەوە دیوە، وەک: مرواری نارێک، یان مرواری نائاسـایی. بەڵام لە دوادوایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا ئەو وشـەیە لە باسـە ڕەخنەییەکـانی ئەدەبیـات و مۆزیکـدا زۆر بەکـار بـراوە، وە سـوودی لـێ وەرگیـراوە بـۆ سـەردەمانی یۆنـان، تـا ئەم سـەردەمەیش چاوسـاغانی دونیای ڕەخنەی بوارە هونەرییەکان سوودیان لەو واژەیە بردووە، بەڵام ئەوەی حاشا هەڵنەگرە (بارووک) ئەوی بەزم و بەرنامەی کڵێسا و ئایین هەیە تـیـوورِی داوەتە لاوە و گرنگیـی داوەتە پـێگەی ئینسـان و ژیـانی بەشەر و پەنجەی خستووەتە سەری هەستی ناسکی داهێنان و لە زۆر بواردا لە عەقڵ دەرکەوتووەتەوە.

ئـێمە نـاتوانین دووبـارە بەهێزبـوونی تـوێژی میـرزادە و خانخـانی ئەورووپـا نادیـدە بگـرین، بەتـایبەت دوای شـەڕە ئایینییەکـانی نـاو (ئەورووپـا) کە سـی سـاڵی خەیانـدووە. لەو شـەڕانەیدا ئەوی زووتـر زەرەرمەنـدبوونە چینی ناوەڕاستی ئەورووپاییەکان بوون، تا ڕادەیەک کشوفشی کڵێسا و پیاوە ئایینییەکان هاتنەوە سەر شانۆیی نوێی ژیان،

بەتایبەت جووڵانەوەی چاکسازیی پرۆستانەکان بەڕابەریی (مارتن لۆسەر)ی قەشەی ئەڵمانی لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا (بارووک) بوویە ئامرازی نیازەکانی کڵێسا و کۆشک و تەلاری شازادەکان و شێوەی ڕازاندنەوە و پێگەی ئەو دوو توێژەی بەرزتر کردووەتەوە. بەسەر ئەوانەشدا هونەری باررووک توانی تا تەرازوویەک دابین بکات، لەنێو توێژی تۆپەڵکراوی کەرستە جۆراوجۆرەکاندا.

ڕەخنەگر (بلردا) دەربارەی شێوەکاری سەر دیواری کڵێسای (سان ئەندەر ئیدواڤالا) لە لایەن هونەرمەند (ئانفرانکۆ)وە ئەنجام دراوە، دەڵێت: ئەو کارە زۆرتر لە گۆرانێکی دەستەجەمعی (گرووپی) دەچێت و تەواوی دەنگەکان لە یەک دەچن.

ئەوە ئەوەی دەگەیەنێت باررووک هاوئاهەنگسازە و هاوئاهەنگیی کردووە لەنێوان تەواوی مەتریالەکاندا. ئەو شێوەکارە لە بواری تەلارسازیشدا بە هەمان شێوە بەکار براوە. یانی هونەری ڕازاندنەوە خراوەتە خزمەتی هونەری تەلارسازی جوانتر و بەرچاوتر و سەرکەوتووتر بکەوێتە بەرچاو لە تەواوی دیدگاکانەوە هاوئاهەنگی و حاڵەتێکی بەیەک خواردن بکات.

ئەو حاڵەتە تاوەکوو لە جلوبەرگ لەرکردنیشدا پەیڕەوی کراوە لە دونیای تەلارسازی باررووکدا جگە لە تەقسیمبەندی فەزای دەر و ناوەوە هونەری کە وەک هونەری تەلارسازییە، پەیکەرتاشین و شێوەکاری و گەچبڕی و ڕازاندنەوەی جۆراوجۆر تێکەڵی هونەری تەلارسازی کراوە، وەک: پۆرترە، قاببەندی، زەریفکاری. هەروەها پەیکەرتاشین وەک نمای ساختمان.

لە ئەورووپـادا هونەرمەنـدانی گەورە لە ئیتاڵیـا پەیـڕەوی بـارووک بوونە، وەک: کاراتجی، تیەپۆلـۆ، ڕوبنس وەک شـێوەکار، پەیکەرتاشـانێک وەک: برنینـی، گـائولی، برانتـاوئەر، نیومـان لە هـونەری پەیکەرتاشـین و تەلارسـازیدا. زۆربەی زۆری تـاودارانی ئەو دوو بـوارە هەر بەشـێوەی باروکەوە سەرگەرم بوونە.

## ڕووکۆکۆ:

ناوێکی گاڵتەجارە، بەجۆرێک شێوەکاری بەکار دەبرا١٧٩٧ز لە سەردەمی (لوئی پانزەهەمدا) لە فەرەنسادا ڕەنگە لە (باروکو)ی زمانی ئیتاڵیەدا وەرگیرابێت(یانی تلەبەرد) هەروەها ئەشکەوتی دروستکراو تێکڕا کۆمەڵی هەرسێ هونەرەکە: (شێوەکاری، تەلاسارزی، پەیکەرتاشین.)



لە سەردەمی لوئی پانزهەمدا بەناوی (روکۆکد) ناو دەبرا. ئیدی ئەو ناوە بواری ئەدەبیات و ڕەسم و ڕازاندەوە دەگریتەوە، بەتایبەت لە ولاتی فەرەنسادا، بەلام لە ئیستادا (روکوکو) وشە و واژەیەکی پێگەدارە لە دونیای هونەردا بۆخۆی چوارچێوەکە بە وردی ناسراوە لە سالانی ١٧٧٠ز لەسەرتاسەری ئەورووپادا پەیڕەوانی زۆری کردووە لە تەواوی بوارەکاندا جگە لە هونەری ئادابنەریت و هەلسان و دانیشتن و کاروباری تەرزی ژیان. دیارە ئەبعادەکانی بە ڕوکۆکۆ ناسراوبووە. بووە بە تازە باو. باو لە ناو ژیان و زیندەگیی خەلکە زۆرەکەدا، هەتاوەکوو داکشاوەتە ناو دەفر و دەوری شووشەواتی کریستال و ئامێرەکانی خواردنەوە و شەوبێدارانی مێوانداری بەزم و بەرنامەی شەوانە لە ولاتی بەریتانیادا ١٨٣٦ز لە بواری تەلارسازیدا هەروەها موبیلیات (قەنەفە) و ئامێرەکانی ڕازاندنەوەی ناومال هەتا گەیشتووەتە پەردەی پەنجەرە و چەرچەفی سەر جێگەی نووستن، کە تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. بەتایبەت لە سەردەمی لوئی پانزە و شانزەهەمدا لە فەرەنسادا، سەیرەکە لەوەدایە لە ئەورووپایشدا هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە، کە زەوقی پڕ لە زەرافەت و ڕازاندنەوەی تیادا بێت.

ڕوکۆکۆ لە هەیکەلداری و تا ڕادەیەک خشونەت مەئابانەی (بارووک)ی کەم کردەوە و نەرمونیانی و وردەکاری خستە بەرچاو. هەر نەبێ لە ڕوو و ڕوالەت و نەرمونیانی و زەرافەتکاری و ڕەنگوڕووی ئارام و شادبەخشانەی خستە بەرچاو. ئەو بۆخۆی بوو بە حالەتێکی تێکڕایی لە تەواوی جومگەکانی ژیاندا.

ئیتر ئەوە چنینە، پارچە و قوماشی پڕ لە زەوق و بەرق و ئاوریشم و ساتان و سەدەفکاری، چوارچێوەکاری، گەچبڕی، هەروەها موبیلمات و کانتۆر و مێز و تەپلەک و ئەوی پارچەی جۆراوجۆری ناو ماڵە.

لیزان (لۆپۆتر ١٧١٦ز) بە یەکەمین هەنگاوەکانی پەرەپێدانی شێوەی (رووکۆکۆ) دەژمێردرێت لە فەرەنسادا بەتایبەت لە کۆشکی (ڤیرسا)دا هەروەها جێگەی ویردخوێنەکان لە کڵێسای (نوتردام) زۆرتر لە ڕووی تەلارسازیەوە لە ڕاستیدا (لۆپوتر) بە پێشەوای مەکتەبی (روکۆکۆ) دەژمێردرێت لە وڵاتی فەرەنسادا، لە دوای مردنی ئەودا پەیکەرتاشێک بەناوی ڤاسە جێگەی گرتووەتەوە ١٧٣٦ز مردووە، بەڵام لە ساڵی ١٧٣٠ز شەپۆلێکی تازەی ڕوکۆکۆ کەوتە نێوانەوە، ئیتر کاری رکۆکۆ مەئابانە داکشاوەتە ناو زیوکاری و زەڕنگەریەوە.

هەروەها وردەکاری لە کەوانەکانی ناو ساختمانەکاندا، هەروەها نەخش و نیگاری ناو سیستەمی چاپ و شێوەکاری ئەو هونەرنمایە لە تەواوی دەربارەکانی ئەورووپادا سوودیان لە لیزان و چاوساغانی فەرەنسی وەردەگرت، بۆیە تا بە ئەوڕۆیش فەرەنسییەکان لە هونەری (ئنترپۆل دیزاین) ڕازاندنەوەی ناوی ساختماندا پێگەی یەکەمیان هەیە.

ڕوکوکۆ لە دوای وڵاتی فەرەنسادا وڵاتی ئەڵمانیا و نەمسادا ڕەواجی پەیداکردووە، هەروەها تەلارسازانی بەناوبانگ هاتوونەتە مەیدانەوە، وەک: (کوزماس دامیان)، هەروەها (راگیدگویربن)، کە کڵێسای یوحەنای پیرۆزیان پێکهێناوە لە شاری مونیخ (بەندە تایبەت ڕۆیشتووم بۆ دیتنی ئەو کڵێسایە بە هەق لە دیوی ناوەوەی پڕە لە زەرافەت).

شێوەی ڕۆکوکوی ئەڵمانیا گەیشتە وڵاتی ڕوسیا بوو بە هۆکاری دیزاینی کۆشکی (تزار کویسلو) لە سان پترسیورگ.

# باروک لە وڵاتانی فلاندەردا

فلاندەر بە چەند وڵاتێکی بێ چیا و بەرزی و هەڵەتی سەر لێواری ڕۆژهەڵاتی دەریای باکوور دەوترێت، وەک: باشووری هۆڵەندە و ڕۆژئاوای بەلژیکا و باکووی ئێستای فرانسە و دەوڵەتێک بووە تا ساڵی ١٧١٥ز ژێر دەستەڵاتی وڵاتی ئیسپانیادا بووە.

ئەو وڵاتە لە هونەری شێوەکاریدا هونەرمەندانی ناوادار و بەجەستەی تیادا خولقاوە، وەک: ڕوبنس، ڤان دایک و رامیرانت.

لە وڵاتی فلاندەردا ئەویش وەک ئەڵمانیا چۆن لە تەلارسازیدا لە شێوەی گوتیک بەرچەمدار بووە بێ تەیکردنی قۆناغەکان و لە پڕ لەو ڕووەوە دەرکەوت تەلارساز (پیر هویسنس ١٦٣٧ مردووە.

لە ساڵی ١٦١٤ز جێگەی نوێژکردنی بۆ کۆلیژی (مائسریخت) دروست کردووە، کە بە یەکەمین نموونەی شێوەی بارووک دەژمێردرا لە فلاندەردا، هەروەها لە ساڵی ١٦٢٥ساختمانی کلیسای لە ئافوردا تەواو کردووە.

ڕوخسار و ڕووی ئەو کڵێسایە هەروەک سیستەمی سەدەکانی ناوەڕاست دروست کردووە. لەنیوەی سەدەی هەفتەهەمدا (هیسپوسی ١٦٩٠ز مردووە) کڵێسای سان میشیل دولووەن) بە هەمان شێوە دروست کردووە، لە ڕووی قڵاسازییەوە زۆرن هەر بە شێوەی (گوتیک) بووە.

پەیکەرتاشینی وڵاتی فلاندەر زۆرتر بە شێوە و شەمایلی ئایینی بووە، شێوەی کاروباری (ڕۆبنس)ی تیادا دیاربووە. بەناوبانگترین

پەیکەرتاشی ئەو وڵاتە (فرانسوا دوکینوا ١٦٤٣ز مردووە) خەڵکی شاری بروکسل بووە. پەیکەری (ژنە پیرۆز سۆزان)ی لەسەر شێوەی کلاسیک دروست کردووە.

هەروەها هونەرمەند (ئارتوس کیلەن) زۆرتر بە (میهین) ناودار بووە، لێزانی ڕازاندنەوەی کڵێساکان بووە، وەک: کڵێسای ئانورس، شارەوانیی ئمستردام، هەروەها ڤیریروگن ١٧٢٤ز مردووە. ژنە پیرۆز گودولی بە شێوەیەکی قەڵەوی گۆشتن وەک پەیکەر دروستکردووە. ئەوە بۆخۆی پەنجەمۆری هونەرمەندانی باکووری ئەورووپایە کە هونەرمەندان زۆرتر پەیڕەوی واقیعەتگەرایی بوونە، نەک تەخەیوول و خەیاڵبازی. لەو سەردەمەیدا پەیکەریان لە دار دروست کردووە، هەروەها مونەبەتکاری باوی پێدراوە و کاری شایانیان لێ بەجێماوە، بەڵام شێوەکاری لە فلاندەردا زۆرتر هەر بەناوی مەکتەبی ڕۆبنسەوە ناسراوە. ١٥٧٧تا ١٦٢٠ز ڕۆبنس لە ساڵی ١٦٠٠ز ڕۆیشتووە بۆ ئیتاڵیا لەوێڕا گەلێک سەرسام بووە بەم هونەرمەندانە: تیسین، مانتبنیا، میکلانژ، مایکل ئەنجلۆ، کاراواجۆ، کاراتچی، هەروەها بە وردی ئاگاداری هونەری سەردەمی کۆنی یۆنان و ڕۆمانەکان بووە.

(ڕۆبنس) لە سەرەتاوە دوو تابلۆی ئەنجام داوە. ١٦١٠ بووەتە هۆکاری بەناوبانگی و خاوەنی شێوەی تایبەتمەند. یەکەم تابلۆی خاچ بەرزکردنەوە، دووهەمیان هێنانەخوارەوەی تەرمی مەسیح لەسەرخاچ.

هونەرمەندێکی بەناوبانگی فلاندەر (ئانتونی ڤان دایک ١٦٤١ز مردووە) ئەم هونەرمەندە ڕۆیشتووە بۆ بەریتانیا و بووە بە شێوەکاری دەربار ١٤٣٢ز.

باروک لە هۆلەندەیدا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا دەرکەوتووە، ئەو دەم هۆڵەندە ولاتێکی جەمهووری پەیڕەوی مەزهەربی پروتستان بووە. بازرگانان پەیڕەوی دەستەڵاتی پاپا و ڤاتیکان بوونە و دژی دەستتێوەردانی کاری ئایینی و بیروڕاکانی کەنیسەکانی ئەڵمانیا بوون.

هەروەها لە نیوەی سەدەی شانزهەمدا دیسان شازادەکان دەسەتەڵاتیان پەرەی سەندەوە و ڕازاندنەوەی دەربارەکانیان لە ڕێگەی هونەری باروکەوە ڕازاندووەتەوە. هەروەها تەلارسازی دەورانی باروک لە هۆڵەندەیدا زۆرتر بووەتە ئامرازی دەوڵەمەندان و مەزهەبی پرۆتستانەکان. شێوەی تەلارسازی کلاسیکی ئیتاڵیایان ڕەواج پێداوە و تێکەڵی برێک حاڵەتی خۆماڵییان کردووە. لەوێڕا زۆرتر کەرپووچیان بەکار هێناوە، بەڵام چوارچێوەی دەرگاکان پەنجەرەکان زۆرتر لە بەرد دروستکردووە. هەروەها گوڵتەی بەردینیان بەکار بردووە، وەک ساختمانی شارەکانی ئیمستردام ١٦٥٥ز کە لە لایەن تەلارساز (هندریک دوکیرز ١٦٢١ز مردووە) وەنەبی ئەو تەلارسازە هەر ئەو ساختمانەی دروست کردبێت، گەلێکی کەی لە ساختمانە دەوڵەتییەکان دیزاینی ئەو بووە، زۆربەی نەخشەکانی بەتایبەت کڵێساکان بازنەی نەخشەی داناوە، وەک کڵێسای (نوردەرکیرک) لە ئیمستردام ١٦٢٠ ز.

( بەڵێ ناوی ئەو کتاوە تەرخان کراوە بۆ تەلارسازی، بەڵام زۆر لە تەلاسازان شێوەکاربوونە، یا زۆر لە پەیکەرتاشان تەلارسازییان کردووە، هەروەها زۆر لە شێوەکاران تەلارسازبوونە، ئەو هونەرانە تا ڕادەیەک تێکەڵاون، بەتایبەت لە سەدەکانی پێشوودا. جا ناچارم لە هەر سێ شێوەکە (تەلارسازی، شێوەکاری، پەیکەرتاشی) بدوم.

# پەیکەرتاشین

ئەم هونەرە لە هۆڵەندەیدا زۆرتر لە خزمەتی مەزهەبی پرۆتستان و ئاییندا بووە و بە شێوەیەکی سادە ئەنجام دراوە، بە پێچەوانەی مەزهەبی کاسۆلیک کە هەموویان ئایینی مەسیحین.

لە پەیڕەوانی مەزهەبی کاسۆلیکدا زۆرتر بە ساختمانسازی و ڕوخسارسازی کەسانی دیاری و ناسراوە سەرگەم بوونە، بۆ نموونە پەیکەری (ئاراسم) بیرمەندی مرۆڤایەتی هۆڵەندی ١٥٣٦ز مردووە، لە شاری رۆتردام کە لە لایەن پەیکەرتاشی (هیندیک دوکین)ەوە دروستکراوە.

## شێوەکاری

شـێوەکاری لە هۆڵەندەیدا سـەربەخۆیانە کاریـان کـردووە، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەتاوەکوو جوگرافییەوە لەسـەر پای خۆی وەستاوە.

دەربـار و شـازادەکانی هوڵـندە تـا ڕادەیەک مەیلیان بەلای داسـتانە ئسـتوورییەکانەوە بـووە، بە پـێچەوانەی کۆمەڵگـای بازرگـانی مەیلیـان بەلای شێوەکاری سادەی بێ ئارایشەوە بووە. پۆرترەسازی ڕەواجی پێ دراوە. هەروەهـا گرنگـی بە سروشـت یـان گیروگرفتـی ڕۆژانەی ژیـان داوە.

لەو کاتەیدا شێوەکار (لاستمان ١٦٣٣مردووە)، هەروەها (مرانت) لە ئمسـتردام ناوبـاوێکی زۆری هەبـووە و لە ڕۆمـادا چەنـد سـاڵێک بە شـێوەکارییەوە سـەرگەرم بـووە، سـەرەتا تـابلۆی بە خاکسـپاردنی حەزرەتی مەسیحی ئەنجام داوە، دوای دە ساڵ لە شاری (ئۆتریخت)دا هونەرمەندی گەورەی تیادا بووە، یەکەمینیان (ڤان هونتورست) تابلۆی شوانەکانی لە کاتی پەرستنی مەسیحی منداڵدایە. ئەوی تریان هونەرمەند (تیربروگن) شێوەکار و عوودژەنیش بووە.

هەروەهـا (کـاراواجۆ) هـاتووەتە مەیـدانەوە و بەشـێوەیەکی تـازەی شێوەکاری. هەروەها لە شاری (هـارلم)دا شـێوەکارانی دونیای سروشـت هـاتبوونە مەیـدانەوە، وەک: (ڤـان گـوین) مـردووی ١٦٥٦ز لەو بـابەتە هونەریەیدا شاکاری سازاندووە. (خانووەکانی کەناری دەریا) یەکێکە لە کارە بەناوبانگەکانی.

هەروەها هونەرمەندێکی ناوداری (هارلم) سەدەی حەڤدەهەم (فرانس هالس مردووی ١٦٦٦ز) بووە، تابلۆی بەناوبانگی (کچەقەرەجی) بووە.

هەروەها پۆرترەی (رینەدیکارت ژنە سەرخۆشەکەی ئانی تر). هەروەها (لادپی فالگیر) بڕێک لە کارە ناسراوەکانیەتی. لە ناوەڕاستی سەدەیدا (رامیرانت ١٦٦٩ز مردووە) لە تەواوی توێژەکانی هونەریدا کاری کردووە.

شێوەکاری رامیرانت سەرەتا پەیڕەوی تاریکی و ڕۆشنایی ڕازدار کاری کردووە و دەرِوونی خۆی ئاواڵە کردووە.

هەروەها لە شاری (دلفت)دا هونەرمەندێکی گەورە هاتە مەیدانەوە، بەناوی (ڤان دمیر ١٦٧٥ز مردووە) تابلۆی (ژنی شیرفرۆشی و ژنە گەنجەکە، ژنی تۆرساز) بڕێک لە کارە دیاریەکانی ئەم هونەرمەندەیە.

## قوتابخانەی کلاسیکیی نوێ

شێوەی کلاسیکیی نوێ لە ئاکامی تەقەلایەکی هۆشیارانەی بڕێک هونەرمەند دژ بەو فرەڕازاندنەوە و قەرەباڵخی سەبکی (باروک) و هەروەها تێکەڵی و پێکەڵی سەبکی (روکوکو) هاتووەتە وجوود، هەروەها بە لایەنگیری ئارامبەخش سەبکی (هونەری یۆنانی و رۆمانی)، هەروەها ڕەواجدان بەو حاڵەتە.

لە دەوربوەری ١٧٦٠ز بڕێک فکری نوێگەرای سیاسی، کۆمەڵایەتی، قەناعاتی ئەخلاقی تازەباو، بەتایبەت دوای شۆرشی گەورەی خوێناوی میللەتی فەرنسە، خەڵکە زۆرەکە مەیلیان داکشایە لای سادگی و دوور لە کشوفشی ژیانی شازادە و میرزادەکان، بۆیە هونەری کلاسیکی بێ غەلوغەشی کلاسیکی نوێیان هەڵبژاردووە.

ئەوی ڕازاندنەوەی فرە لایەن هەیە، تووڕیان دایە لایەوە و ئاسەوارناسان کەوتبوونە تەقلا و زۆر زانیاریی نەبیستراویان بەدەست هێناوە، بۆ نموونە لە ئاسەواری (هرکولانتوم ١٧٣٨ز).

هەروەها لە ئاسەواری پۆمپی (پومپسی ١٧٤٨ز) لە مەیدانی تێکڕای ڕۆمادا، پەرستگا یۆنانییەکان دۆزرانەوە، هەروەها لە (پستوم) شاری ئاسەوار لە لێواری دەریای باشووری ئیتاڵیا. ئەو زانیارییە لە چەندان بەرگی کتاودا چاپکراو خرانە بەرچاو، خەڵکە زۆرەکە گەلێک بەو زانیارانە دڵشادبوونە.

ئەوی بوو بە پاڵپشتی هونەری کۆنی یۆنان و ڕاپەڕینی شێوازی کلاسیکی نوێ، مێژوونووسی و هونەرناسی ئەڵمان بووە بەناوی ( وینکلمس ١٧٦٨ز مردووە) هەروەها پەیکەرتاشی بەناوبانگی دەرباری

مەدرید (منگس ١٧٧٩ز. مردووە) کارگەکەی بوو بە هونەرستانێک بۆ هەرچی هونەرمەندانی ئەورووپا. زۆر لە هونەرمەندانی گەورەی جیهان لەوێڕا گەیشتبوونەتە پۆپەی هونەر، وەک: (بنجامین)، (هملتون)، (جیمس)، (برادەرانی ئادام لە لەندەن)، (ئینجلیکا کۆسمەن لە سویسرا)، (ژوزیف ماری وین)، (کاترین دوکنسی) لە فەرەنسە و زۆری تر.

قوتابخانەی (منگس) بە ڕەواجدان بە شێوەی کلاسیکی نوێ ناسراوە، هەروەها تەناسووب لە شێوەکاریدا، بەتایبەت شێوە نەقاشییەکانی (رۆفائیل، گورجو، تیسین) بڕێک پەیکەری سەردەمی یۆنان وەک، پەیکەری (ئەپۆلو، ڤینۆس، کچەکەی تانتالوس) لە بەریتانیا، تەلارسازی و ڕازاندنەوەی ناوی ساختمان لاسکایی (یالادیو) تەلارسازی شێوەی ڕینسانسی پێشکەوتوویان کردووەتەوە لە دواییدا گەڕاونەتە سەر هونەری (پۆمپی) و شێوەی دوریسی یۆنانی لە فەرەنسەدا تەلارساز (سوفلو ١٧٨٠ز مردووە) نەخشەی کڵیسای سانت ژنیو ١٧٥٥ز کە بە هەمان شێوەی یۆنانی ریزی گوڵتەی بولەند و ئەستوور لە پێشەوەی ساختماندا.

لە ڕوسیادا تێکەڵاوی کلاسیکی نوێ ئیتاڵیا و فەرەنسا کۆشکی سان بترسبورگی هێنایە کایەوە، بەڵام لە وڵاتی ئەمریکادا تەلارسازی فەرەنساوی (کلریسو ١٨٢٠ز. مردووە) توانی جیفرسون سەرۆکی وەقتی ئەمریکای هان بدا تا ساختمانی کابیتۆڵ جێگەی کۆنگرەی ئێستای ئەمریکا لە شاری واشنتۆندا ئەنجام بدرێت.

بەڵام لە وڵاتی فەرەنسادا ڕاپەڕینی هونەری کلاسیکی نوێ لە ئاکامی قەرەباڵخی و تێکەڵاوی شێوەی روکۆکۆ هاتە پێشەوە، شێوەی ساختمانی لوئی چواردە هەموو قەرەباڵخیەکەی بنرێتە لاوە. لەو

سـەردەمەیدا شـێوەکارانی بەرجەسـتە هـاتنە مەیـدانەوە، وەک: (ئەنگەر١٨٦٧ز مـردووە)، (بـرودون ١٨٢٥ز)، (رینیـو ١٨٢٩و مـردووە) ئەوانە شێوەکاری کلاسیکی نوێی فەرەنسایان گەیاندە پۆپە، لە ڕووی پەیکەرتاشینەوە ناوی گەورە پەیکەرتاشی ئیتالی، (ئنتونیوکانوڤا ١٨٢٢ز) ناکرێت لە بیر بکرێت.

بە دوای ئەواندا کۆمەڵێک هونەرمەندی نوێخواز گرنگی ئەوتۆیان بە هونەرمەندانی پێش خۆیان نەدا و ئازادانە دەست بەکار بوون، شێوەی هونەری کلاسیکی نوێ لە دوای ساڵانی ١٨٣٠ز خرایە لاوە و پەیڕەوی لێ نەکرا. وەکوو هونەرمەند (گویا ١٨٢٨ز مردووە) کە پاڵپشتی هەژار و مەزڵوومەکـانی کـردووە، هەوێنـی کارەکـانی تـابلۆی (ئیعـدامی مادریتلیوسی) یان بڕێک تابلۆ کە ئاکامی داگیرکردنی وڵاتی ئیسپانیا لە لایەن ناپلیۆنەوە، هەروەهـا هونەرمەنـد (دومـیە ١٨٧٩ز مـردووە) کە زۆرتـر کـاری کاریکـاتۆری ئەنجـام داوە، لەسـەر کارەکـانی خـراوەتە زیندان.

هەروەهـا ئازادکـارانی کەی هونەرمەنـدان لە مەیـدانەکە وەدەر دەکەوتن (فرانسۆ میلیە ١٨٧٥ز)، (کامیل کورو ١٨٧٥ز)

شێوەیەکی کەی نەقاشی هاتە مەیدانەوە بەناوی ڕاپەرینی ڕۆمانتیک، پەرچەمداری ئەو شێوازە هونەرمەند (بنجامین ڤیس ١٨٢٠ز مردووە) هونەرمەنـدی فەرەنسـی (گـروو ١٨٣٥ز مـردووە)، (کـایلی بە ڕەگەز ئەمریکی ١٨١٥ز مردووە.

لە ڕاسـتیدا هـونەری ڕۆمانتیـک گەڕانەوەیەک بـووە بـۆ هـونەری سـەدەکانی ناوەڕاسـت لەبـاری تەلارسـازییەوە، سـاختمانی پەرلەمـانی

بەریتانیا، کە لە لایەن دوو تەلارسازی ئینگلیزەوە ئەنجام دراوە. (جارلس بری ١٨٦٠ز مردووە)، ( بیسوچین ١٨٥٤ز مردووە).

بەڵام لە ڕووی پەیکەرتاشینەوە چەندان ناوی گەورەمان لەبەردەست دایە وەک (ئەنتوان باری ١٨٧٥ز) یان (مارسیس فرانسوا رود ١٨٣٦ز مردووە) کە دیزاینەری کەوانەی سەرکەوتنی شەقامی شانزلیزەیە.

شێوەیەکی تری شێوەکاری هاتە مەیدانەوە بەناوی (واقیعچیەتگەرایی) کە داهێنانەکەی لە لایەن هونەرمەند (گوستاو کوربە) داهێنراوە. لە ئەڵمانیاشدا چەندان هونەرمەندی واقیعگەرا کەوتنە بەرچاو، وەک : (مینتزل ١٩٠٥ز مردووە)، (ولهملم لایبل ١٩٠٠ز مردووە).

بەڵام لەڕووی پەیکەرتاشینی واقیعگەراییەوە، هونەرمەندی بەلژیکی (مونییە ١٩٠٥ز مردووە) هەروەها پەیکەرتاشی گەورەی فەرەنساوی (رودان ١٩١٧ز مردووە) لە ڕووی تەلارسازی و واقیعچییەتگەرا تا ڕادەیەک سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە تەلارسازی ڕاستەوخۆ پەیوەندە لەگەڵ واقیعچیەتیی ژیاندا.

ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەتایبەت لەنێوان سەدەی نۆزدەهەمدا دوای شۆرشی سەنعەتگەرای ژیانی ساختمان نیازی کەوتە واقیعچیەت و نیازی تایبەت بە پیشەسازی و نەوعەکەی کە بە چ کەرەستەیەک بکرێت و بۆچی نیازێک؟

پێشەنگای گەورە کە لە شاری لەندەندا ئەنجام دراوە ١٨٥١ز لە ڕووی تەلارسازییەوە گرنگیی خۆی هەبووە. (جۆزیف بیکستۆر تەلارسازی ئینگلیز ١٨٦١ مردووە).

لە ساڵی ١٨٨٩ز دوو تەلارسازی فەرەنساوی تەلارێکی گەورەیان دروست کرد، بۆ دەزگا سەنعەتییەکان کە تازە بووبوونە باو ١٨٨٩ز. بەناوی (لابروست ١٨٧٩ز مردووە)، هەروەها تەلارساز بەناوی (ئیڤل دیزاینەری تاوەری ئیڤل بە بوڵەندیی ٣٢٠مەتر لە ئاسن دروستی کردووە.

شێوەیەکی تایبەتی نەقاشی کەوتە ناوەوە، چەندان هونەرمەندی گەورە بەناوی هونەرمەندی گەورە بەناوی هونەرمەندانی شێوازی (ئیمپرسیونیسم) نا باویان دەرکرد، وەک مونە، مانە ١٩٨٣ز مردوون، (پیسار ١٩٠٣ز مردووە)، سیلی، رنوار، سزان، خانمی پرت مۆریسو بازیل و زۆری تر.

هەروەها (سیلی) لە دیمەنسازی دەستبەکار بووە.

چەندان شێوەی تازەش کە هاتنە مەیدانەوە هونەرمەند، وەک: سورا، سپیناک، ١٩٣٥ ز. مردوون، ئەو دووانە ڕەنگیان تێکەڵ نەکردووە. هەروەها هونەرمەند (ئورمند کروس ١٩١٠ مردووە، کە لە بواری هونەریدا جێگەی دەستی دیار بووە.

هونەرمەند تولوز ١٩٣٧ز ١٩٣٧ مردووە.

هونەرمەند (هنری رۆسۆ) ناسراو بووە بە هونەرمەندی یەک شەو، هەروەها هونەرمەندی گەورە (پل گوگن ١٩٠٣ز مردوو). شێوەیەکی تر بوو بە باو، بەناوی کۆمەڵەی پەیامی پەیامبەرەکان، کە لە چاپەخانەی ڤۆلتی ١٨٨٧ز لە شاری پاریسدا بانگەوازی مەوجوودیەتیان دەست پێ کرد، ئەو هونەرمەندانە ئەمانە بوون، وەک: (پونار ١٩٤٧ز مردووە)، (ڤیبیار)، (مریس دەنی)، (مایوول)، (ڤالوڤون، ١٩٢٥ز مرد.)

### شێوەیەکی تر بەناوی سیمبوولیستەکان:

سەرەتا لە رۆژئاوای ئەورووپاوە هاتنە مەیدانەوە. وەک شێوەکاری ئینگلیزی (ولیام بلیک) شاعیر و شێوەکار ۱۸۲۷ز مردووە.) هەروەها روستی ۱۸۸۷ز مردووە. ماریس واتس ١٩٠٤ مردووە. بوکلینی ئەڵمانی ۱۹۰۱ز مردووە. گوستاومورو ۱۸۹۸ز مردووە.

## قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی سەدەی بیستەم

فۆدیسم ١٩٠٥ز لە پاریسدا بووەتە باو، (مارکەدوفی ١٩٥٣ز مردووە)، مزیس، دورەف، ڤیلامینگ، ڕوئو ١٩٥٨ز مردووە.)، (ڤان دوتکنی هوڵەندی- ڤاڵتاوە، چەندان هورمەندی تر پەیڕەوی ئەو سیستەمەن. بەندە لە کتاوی (هونەرمەندانی ڕینسانس تا سەدەی بیستەم) بە درێژی دواوم.

ماتیس یەکێک لەو هونەرمەندانە بووە کە ڕەواجی داوەتە شێوەی فودیسم.

## شێوەی کۆبیسم

کۆبیسم لە کوردی خۆماندا یان قەبارەسازی (سزان) هونەرمەندی گەورە و ناودار لەو ڕووەوە گوتوویەتی: کۆبیسم یانی حەجمسازی هەندەسیی ڕێکوپێک، وەک: لوولە، مەخرووت، تۆپ لە شێوەکاریدا بەکار ببرێن.

لە ڕاستیدا هونەرمەند (سزان) بە باوک و داهێنەری ئەو شێوە نەقاشییەی ناسراوە. ئەو شێوە تا ساڵی ١٩٢٠ز ڕەواجی زۆری پێدراوە. ئەگەرچی ئەو شێوەکارە دابەش بووە بەسەر سێ حاڵەتدا،( لە یەک جیاکردنەوەی قەبارەکان ١٩١٠ -١٩١٢ز پێکهێنانی حەجم.

لە سەرەتاوە شێوەی تایبەتمەندیی (سزان) ١٩٠٧ز – ١٩٠٩ز لە ساڵی ١٩٠٧ بە دواوە کۆمەڵێک هونەرمەند لە دەوری (بیکاسۆ) کۆبوونەوە، وەک: خوانکریس، دلونی، ماری لورانس، کلایتز ئیرین. ئیندرا لوت، لێژە ١٩٥٥مردوون.) میتزنگەر، پیکاپیا، مارسیل دوشان ١٩٦٨مردوون.)

هەروەها پەیکەرتاشان و شاعیرانی فەرەنسا، ئەوانیش بوونە لایەنگری شێوەی کوبیسم، وەک لورانس، لیپکینز ١٩٧٣ز هەروەها وەک پەیکەرتاشی ڕووسی ئارکیپنلو ١٩٦٤ز مردووە. هەروەها پەیکەرتاش دوشان ڤیلون پەیکەری ئەسپی گەورە ١٩١٤ز ئەنجام داوە. یەکێکە لە پەیکەرە بەناوبانگەکان، هەروەها لە هەموویان بەناوبانگتر پەیکەرتاش (یرانکوزی) بووە.

## شێوەی بۆریسم

دامەزرێـــــنەری ئەم جــــۆرە هــــونەرە (هونەرمەنــــد (ئۆزانڤــــان ١٩٦٦مــــردووە)، هەروەهــــا تەلارســــاز (لوکۆرپــــۆزیە ١٩٦٦مــــردووە). بەلایــانەوە وابــووە هــیچ کارێــک دروســت دەرنــایەت ئەگەر لە ڕووی زانســتی ڕیازیــاتەوە بە دووربێــت. ئەو شــێوە کــارە لە ســالانی ١٩١٨-١٩٢٨ز ڕەواجی پێ دراوە.

# شێوەی فۆتۆریسم

فۆتۆریسم بە مانای ئایندەگەریەتی دێت، لە ئیتاڵیادا سەری هەڵداوە، (مارینتی) شاعیر لە ساڵی ١٩٠٩ز ڕەواجی پێ داوە. ئەو هونەرمەندە دروشمی ئەوەبووە کەوا: ( هونەر نەمرە و دەمێنێتەوە.) هونەرمەندی گەورەی ئیتاڵی (جۆن بوتجونی شێوەکار و پەیکەرتاش ١٩١٦ز مردووە) ڕۆسۆلو ١٩٤٧ز ئەم هونەرمەندەش هەمان مەکتەبی ئایندەگەری بووە(فۆتۆریسم) شاعیرانی ئەورووپی و ڕووسی پەیڕەوی فۆتۆریسم بوونە لە پەیکەرتاشیندا، لایان وابووە دەکرێ ئەسپێک ٢٠دەست و پای هەبێت. لە ڕووی تەلارسازی، تەلارسازی ئیتاڵی ئنتونیو سانتلیکا ١٩١٦مردووە. نەخشەی شارسازی لەسەر ژمارەی هاتوچۆکەرانی شارەکە داناوە.

(بوتجونی) پەیکەرتاشی ئیتاڵی یەکێک لە کارەکانی شۆرەتێکی جیهانی پەیدا کردووە، بەناوی (پیاوێک هەنگاو دەنێت) لە ئاسن دروستی کردووە، ئەو شێوەکارە وەک تەقینەوە دەنگی داوەتەوە.

## دادایی

واتە هەراوبەزم، نیشـــــــانەی توورەبـــــــوون و ڕووداوە. زۆر لە نووسـەرانی جیهان بەو شـێوە هاتوونەتە دەنگ، وەک: ترسـتان، تـزارای ڕۆمانە، هۆگۆبال نووسـەری ئەڵمـانی، ژان ئـارب، پەیکەرتاشـی فەرەنسـی ١٩٦٦مــردووە، پیکاپیــای شــێوەکار ١٩٥٣ز مــردووە. بە دوای ئەوانــدا کۆمەڵێک نووسـەر و هونەرمەند دژ بە هەرچـی کـاری ڕەوا و نـاڕەوای بەشەریەت کەوتنە تەقەلاوە.

خۆپیشاندانی گەوجانە و پڕوپووچیان لە شارەکانی زوریخ، بەرلین، کولون، هانۆڤەر، پاریس. لەم ڕووەوە کتاوێکیان لە چاپ دا بە دروشـمی (نامەوی بزانم لەپێش مندا مرۆڤ هەبووە یان نا).

لە ئەڵمانیا بە سـەرۆکایەتیی هولزنیک ١٩١٧ز شێوەکار جۆرج گروز و رائول لە شاری بەرلیندا دادگەرییان پەرە پێ داوە. ئەو جۆرە پەشێوی و هەرایە زۆرتـر لە پاریسـدا پەرەی سـەندووە و گەیشـتووەتە سـنووری یاخیبوون لە هونەر لە ئەدەب، لە هەر شتێکی کراوی ماقووڵ.

# خەیاڵاوی سوریالیزم

لە هەڵسوکەوتی هەرا و بەزمی فەوزا و هەرای دادایسمدا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، نوێخوازی و سونەت شکاندن کەوتە بیروبۆچوونی ڕۆشنبیرانەوە. بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا، ئەوی لە سەرەتاوە ئەو بیرەی تەقاندەوە، شاعیرێکی فەرەنساوی بووە بەناوی (ئاپولینەر) ١٩١٧ز وردە وردە ئەو تێفکرینە داکشایە ناو دونیای هونەرەوە. ئیدی ئەو خەیاڵی ناواقیعیانە و وەهم و بەربڵاوی دوور لە هەقیقەت شۆڕبوویەوە ناو شێوەگەری و پەیکەرتاشینەوە. ئەو شێوە هونەرییە سنوور و مەرزی بۆ عەقڵ و لۆژیک دانەناوە و هەروەها بۆ ئەندازە و قەبارەی سنووردار واتە هونەرمەند ئازادانە چواچێوەی عەقڵی بەزاندووە و فۆرم و شکڵ و دیمەن و قەبارەی هەلەجە و بەلەجی خستووەتە بەرچاو.

لە یەکەمین پێشنگای سوریالیزمدا لە شاری پاریس ١٩٢٥ز ئەنجام درا، ئەم هونەرمەندانە بەشدارییان کردووە: ئارب جۆرجۆدا، ماکس ئارنست، کلە، ماسۆن، خوان میرۆ، بیکاسۆ، بڕێکی تری شێوەکاران بەشدارییان کردووە. لە ساڵی ١٩٢٦ز بە دواوە (ماکریب، سلڤادوردالی، جاکونتی، تانگی، شاگاڵ، ئەو هونەرمەندانە هاتنە مەیدانەوە، دونیایان پڕ کرد لە خەوی هەلەجە و بەلەجە، لە هۆشیاریدا بە شێوەی هونەر خستیانە بەرچاو.

## شێوەی ئیکسپرسیونیسم

بە کوردییەکەی لای خۆمان یانی (شادخولیایی) ئێمە ناچارین بۆ ڕۆشنکردنەوەی زۆرتر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە کاتێک (ڤان کوک) گەیشتە شاری پاریس لەگەڵ (گوگن)دا بوو بە هاوکار و هاوڕێی دەروونی تاریک و ئاشووفتەی (ڤان کوک) بە ڕەنگە کراوەکانی تا ڕادەیەک ڕۆشن و ئارام دەکردەوە، بەڵام تاریکیی دەروونی (ڤان کوک) بە ئەندازەیەک بوو بەر پای خۆی نەدەدی.

دەروونی خرۆشاوی ئارامی لێ هەڵگرتبوو. لە یەکێک لە حاڵەتە نا ئاساییەکاندا یەکێک لە گوێکانی خۆی بڕی و سەرەنجام لەناو باخچەکەیدا خۆی کوشتووە.

ئەم بیروبۆچوونە داکشایە ناو بیروبۆچوونی ئەدەبیاتدا ١٩١١ز. هەروەها هونەرمەندانی تریش هەمان شێوەی شێوەکاری (ڤان کوک)ی بەکاربردووە.

# هونەری ئینتیزاعی

ئەم شێوەکارە لە تەواوی بوارەکانی هونەریدا کەوتنە بەرچاو، بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەت لە لایەن هونەرمەندی نوێخوازەکانەوە.

بەتایبەت لە ساڵی ١٩١٠ز دەستی پێ کردووە ئەم شێوەیەش هونەری هەروەک وەک خۆی ئەنجام نەداوە، بەڵام زهن و فکر و عەقڵانیەتی بەلاوە نەناوە، وەک موعادەلەیەکی ریازیات وابووە، بەڵام بە شێوەیەکی تەجەسوومی دوور لە وردەکاری خراوەتە بەرچاو، وەک: پەیکەرەکانی هنری مۆر، یان برێک کاری برانکوزی یان برێک لە کارەکانی (ڤاسلی کاندنسکی ١٩١٠ز). کاندنسکی جگە لە ئەوەی هونەرمەندێکی پایەبەرزبووە یەکێک بووە لە فەیلەسووفەکانی سەردەمی خۆی.

زۆر لە هونەرمەندان لە دوای (کاندنسکی) پەیڕەویان لە شێوەی کردووە، وەک: فرنینان لیژە، دوولونی، بیکابیا، لارینووف لە ڕووسیا، کۆپکا لە چیکۆسلۆڤیا، باکلی لە ئیتاڵیا، راسل مەکدانلدرایت لە ئەمریکا.

## تەلارسازی لە ١٨٥٠تا ئەم دوادواییەی

شێوەی تەلارسازیی تازەباو، پەیوەندە بە شۆرشی پیشەسازی و دوو کەرستەی تازە بەدەستهاتوو، یەکەمیان چیمەنتۆ، دووهەمیان ئاسن بەکاربردن، لەسەربان و هەیکەلیەتی ساختماندا. بەڵێ لەو ساڵانەیدا چاولێکەری لە ساختمانی پەرلەمانی بەریتانیا ١٨٣٦ز دەکرایەوە. هەروەها ساختمانی (ساکروکور) لە پاریس ١٩١٠ز کە بە شێوەی ڕینسانس دروستکرابووە، بەڵام ئەو دوو کەرستەیە (چیمەنتۆ و ئاسن)، کە ناونراوە سەردەمی (فلز)، کە پێشقەڕەولی ئەو سەردەمە تەلارسازی (ئۆگۆست پەرە ١٩٥٤ز . مردووە) ئەو تەلارسازە فەرەنساوییە کاروکردوەی نوێی بەو کەرستە تازە باوانە خستە ڕوو. ئەو ساختمانانەی کە ئەو کەرستانەیان تیادا بەکاربردووە، وەک: کریستاڵ پالاس، یان کۆشکی بلورین، پێشەنگای گەورەی شاری لەندەن ١٨٥١ز، لە لایەن تەلارساز جۆزیف بکستن، تەوەری ئیڤل لە شاری پاریسدا لە لایەن تەلارساز (ئاگۆست ئیڤل) بۆ پێشانگای پاریس دروستی کردووە، ١٨٨٩ز. هەروەها ساختمانێک لە شیکاگۆ لە لایەن تەلارساز میس ویندەر ١٩٥٢ز کە سەرەتا بە هەیکلەیی ئاسن دروست کراوە، گیراوەتە شووشە (جام).

ئیدی ئەو شێوەکارە لە ئەمریکادا پەرەی سەندووە، بەتایبەت لە شاری نیووركدا کە زۆرتر لە لایەن تەلارساز(گرپیوس ڤاندەر)ەوە دروست کراوە.

چیمەنتۆ بەلای تەلارسـاز (ئۆگیسـت پـرە) دوە، بـوو بە کەرسـتەی ئەوەڵ و ئـاخر، لە تەواوی دونیـادا ئەو کەرەسـتە تـازەیە بەکـاربردنی بڵاوکرایەوە.

ئەمەیش برێک لە کارە تەلارسازیە بەناوبانگەکانی ئۆگیست برەیە، کە کڵێسـای شـان ژوزیـف هـاوەر، عەمـاری گەورەی مـیللەت ١٩٣٥ز. هەروەها تەماشاخانەی شانزەلیزە.

هەروەهـا (لوکـور پـۆزیە ژ١٩٦٥ز مـردووە) زۆرتـر کاروبـاری سـاختمانی نیشـتەجێبوونی دروست دەکرد، (شـاری نوورانی) لە شـاری مارسـی دروسـت کـردووە، هەروەهـا لە نـانتوپری، هەروەهـا سـاختمانی نوێژخانەی رۆنشان ١٩٥٠ تا ١٩٥٥ز

ئەو دوو تەلارسـازە ئەڵمـانییەی کە لە ترسـی نازیسـمە هیتلەریـدا وڵاتەکەیان بە جێهێڵا (گرۆپیوس و قندەر).

سـەرئەنجام لە ئەمریکـادا گیرسـانەوە، لەو وڵاتەیـدا ڕاپەڕینێکـی تێکڕایـی تەلارسـازی لە زۆر جـێگەدا خـۆی وەدەرخسـتبوو، لەو سەردەمانەیدا تەلارسازێکی بەناوبانگی ئەمریکایی شـۆرەتێکی بەربڵاوی بەدەسـت هێنـاوە. ئەویـش فرانک لوید رایت ١٩٥٩ز مردووە. گرنگترین سـاختمانێک دروسـتی کـردووە مۆزەخـانەی گوگنهـایم بـووە ١٩٥٣ز لە شـاری نیوریکدا. دیزاینی زۆر لە ڤێلا و سـاختمانی نیشـتەجێی دروست کردووە، وەک خانووی روبی ١٩٠٩ز.

## هونەر لە ئەمریکادا

ئەگەر باس لە هونەری ئەمریکا بکەین ناکرێت لەو دوو بەشە جیاوازە نەدوین، یەکەمیان دانیشتوانی کۆنی هەمیشەی ئەو وڵاتە سوورپێستەکانە، کە لە ئەزەلەوە لە وێدا ژیاون و بە ڕەگەزی خاوەنی حەقیقی سەرزەوی ئەمریکا دەژمێردرێن. جۆرێک هونەری سەرەتاییان هەبووە، لە دواییدا لێیان دەدوێم.

دووهەم ئەمریکای ئێستا کە لە ڕەگەزە کۆچکەرەکانی ئەورووپا و وڵاتانی تر پێک هاتوون لە دونیای ئەمڕۆدا گەیشتوونەتە پۆپەی زانست و هونەر بەتایبەت لە بواری تەلارسازیدا.

لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا فەرهەنگی هونەری ئەورووپا گوێزراوەتەوە ئەمریکا، وردە وردە ئەو هونەرە لە ناو میللەتە جۆراجۆرەکانی ئەمریکادا پەرەی سەند و زۆری نەخایەند پەنجەمۆری ئەمریکاییان تۆمار کردووە.



شـەڕی ئـازادیی ئەمریکـا و شـەڕە ناوخۆییەکـان ١٧٧٦ هەروەهـا هونەری باروک، ڕوکوکو، کلاسیکی نوێ، وەک چاولێکەری لە ئەمریکای باکووری بڵاوەی پێکراوە. ئیتر هونەر لەوێڕا کەوتبووە کار، یەکەمین ئامۆزشگا و یەکەمین پێشـەنگای هونەری لە وێڕا ئەنجام دراوە ١٨٧٠ز. خەڵکەکە گرنگییەکی بەرچاویان بە دونیای هونەر داوە.

لە سـەرەتای سـەدەی بیستـەمدا ئەمریکـا بـوو بە خـاوەنی هـونەری تـایبەت بەخـۆی، لە بـواری سینەما و مۆزیـک زۆرتـر مـۆزیکی (جـاز)دا بوونە پێشقەرەولی تەواوی دونیا. هەروەها لە بواری تەلارسـازیدا بوونە خـاوەنی چەشـنی تایبەتمەنـدی تەلارسـازی، بەتـایبەت هونەرمەنـدانی ڕاکـردووی دەسـتی شـەڕی جیهـانی توانییـان لەو پێشـکەوتنەدا ببـنە پەرچەمدار و پێشـقەڕەوڵ، دوای تەواوبوونی شـەڕی دووهەمـی جیهانی هـونەری ئەمریکـا شـوێنپای خـۆی لە ئەورووپـادا وەدەرکەوتبوو. بڕێک

لەو هونەرمەندانە نیشتەجێی ئەورووپا بوون، وەک: بنجامین ڤیست، هویسلەر، سارچنت، میری کاسات و کەسانی کە کە بۆ خۆیان بووبوونە خاوەنی شێوەی تایبەتمەندی هونەری، وەک: تامز ئیکنزی شێوەکار ١٩١٦ز مردووە. هەروەها ئەلبیرت رایدەی شێوەکاری سروشت و دەریا ١٩١٧ز. هونەرمەندان سەرەتا وەک هوکاری بڵاونەکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت زۆریان دەستبەکار بووبوون. یان هاوکاریی زانایانیان دەکرد، بۆ وێنەکێشانی جانەوەران، جان هوایت لە ساڵانی ١٥٨٤-١٥٩٤ز زۆرتر لە سروشتەوە سەرگەرم بووە، هەروەها کارکردن لەسەر سوورپێستەکان، زۆرتر ٦٥کاری هونەری لەو ڕووەوە ئەنجام داوە، لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە، هەروەها هونەرمەند مارک کیستبی ١٧٤٩ز مردووە، کە کتاوێکی سروشتی دەربارەی کارولینا، فلوریدا، دورگەکانی باهاما بە سەد تابلۆی خۆیەوە چاپ کردووە.

هونەرمەندانی هۆڵەندی ئینگلیزی، ئەمریکی، پۆرترەسازییان لە وێرا کردووەتە باو. لەو ڕووەوە هونەرمەندی ئەورووپایی لە ئەمریکا (پۆرترە)سازی کردووەتە پیشەی خۆی. (هندریک کوتوریە) بووە کە بە ڕەگەز هولەندی بووە ١٦٦٠ز .

لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا بڕێک لە وڵاتانی ئەورووپا پارەیەکی زۆریان لە وڵاتە داگیرکراوەکانەوە بە دەست گەیشتووە، وەک وڵاتانی: ئیسپانسا، پرتوگاڵ، بەریتانیا، هوڵەندە، فەرنسە کەوتنە کاروباری تەلارسازییەوە. شێوەی کاری تەلارساز (پاڵادیو) یان لە ئەمریکادا لاسکایی کردووە و بڕێک لێزانانی تەلارسازی ئەورووپاییان هەناردە ئەمریکا، ئەوانە شێوەی (بارووک)یان لەوێڕا ئەنجام دا.

هەروەها هونەرمەندانی کەی ئەورووپا، ڕێگەی ئەمریکایان گرتە بەر. وەک: هسیلیوس بە ڕەگەز سوێدی ١٧٥٥ مردووە. هەروەها

هونەرمەنـد (پـیلم) لە شـاری (سـتون)دا نیشـتەجی بـووە. هەروەهـا هونەرمەنـدی ئیسـكوتلەندی، (ئسـمیبرت) گەیشـتووەتە ئەمریكـا، پۆرترەسازی ڕەواج پێداوە. هونەرمەند (كوڵ) دیمەنسازی كردووە. لە ساڵی ١٨٤٨ز مـردووە. سـرنی مـاوت ١٨٦٨ز مـردووە. هونەرمەنـد (رایدەر) توانیویە بیروبۆچوونە تاریكەكانی (ئودگارئەلنبو) بكاتە تابلۆ.

هونەرمەند (ویست) شۆرەت و ناوباوی جیهانی بەدەست هێنابووە، ناوەندێكی هونەری بۆ هونەرمەندانی گەنجی ئەمریكی لە شاری لەندەندا دروسـت كـردووە، دوو هونەرمەنـدی ڕوخسارسـاز (پـۆرترە) گـابلی و گیلبرت ستیروارت لە ساڵی ١٨٢٨ مردووە.

هونەرمەنـدێكی گەنجـی ئەورووپـایی بەنـاوی (ئەمیرسـون ١٨٨٢مردووە) گەیشتە ناووباوێكی بەربڵاوی هونەری.

لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزەهەمـدا گرووپێكـی هـونەری بەنـاوی (ڕووباری هادسۆن) بە ڕابەریی (جۆن ئامسۆن داوتی ١٨٨٦ز مردووە) دەمارگرژیی نەتەوایەتیی ئەمریكایان پێوە دیاربوو.

لە دوادوایی سەدەی نۆزەهەمدا كۆمەڵێك بەناوی (دە هونەرمەند) لە سەرتاسەری ئەمریكادا ناویان بڵاوبوویەوە.

لە سـاڵە ١٩١٠ز بە دواوە ئـازادیخوازانی هونەرمەنـد پێشـانگای جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، ئەوی لە ئەورووپادا دەگوزەرا، لە ئەمریكا ئەنجـام دەدرا، كـۆمەڵەی هـونەریی جۆراوجۆریـان پێكهێنـاوە، وە: (كۆمەڵەی هەشت شێوەكار)، (ئەنجوومەنی شێوەكاران)، ( ئەنجوومەنی شێوەكارانی ئازاد)، ئەنجام دراوە.

لە سـاڵی ١٩١٣ز (پێشـەنگای تەقەمەنیـی ئەمریكـا) ئەنجـام دراوە لە كاروكردەوەی هونەرمەندانـدا، ئەو پێشـانگایە ڕواڵەتی وەدەركەوتووە لە ساڵی ١٩٢٠ز.

## تەلارسازی

مێژووی تەلارسازی ئەمریکا تێکەڵ و پێکەڵە، ململانێکی بەرچاو لەنێوان لاساییکەران و داهێنەرانی نوێخوازدا بەردەوام بووە لەنێوان ساڵانی ١٦٠٠ تا ١٧٢٠ز تەلارسازانی ئەورووپای کۆچکردوو بۆ ئەمریکا هەمان کاریان دەکرد، کە لە ئەورووپادا دەکرد، بێی ئەوەی بیر لە تایبەتمەندی ئەمریکا و ژینگەی ئەمریکا و تایبەتمەندیی ئەمریکا بکەنەوە.

لە باشووری ئەمریکا شێوەی تەلاسازی ئیسپانیایی ڕەواجی پێدەدرا، شێوەی (بارووک) لە هەمان کاتدا شەقامەکانی شاری نیوئمستردامی هوڵەندی لە ئەمریکادا ساختمانەکان زۆرتر هەر بە کەرپووچ و دوونهۆمی هەروەک کارە ساختمانییەکان، کە لە هۆڵەندە کرابووەوە، بەڵام لە شارێکی تری کە لەژێر دەستەڵاتی هوڵەندەیدا بووە بەناوی (هادسن ریڤەر)ساختمانەکان جۆرێکی تربوون، سادە و زۆرتر لە دار و درەخت دروستکراوە و هیچ جۆری زەرافەتی تەلارسازی تیادا بەدی نەدەکرا، بەڵام لە باکووری وڵاتی ئەمریکادا شێوەی ساختمانی جۆراوجۆر بووە، هەر وەک ساختمانەکانی وڵاتانی ئەورووپا وەک شارەکانی (نیو ئینگلەند، ویلایەتی ڤیرجینیا) کە بەرەیتانیا فەرمانڕەوا بووە ئەویش بەدوو شێوە ئەنجام دراوە. کۆچەرە ئینگلیزەکان لە ساڵانی نێوان (١٦١٠-١٧٠٠ز) شەپۆلی دووهەمی کۆچبەرانی ئبنگلیزی ١٧٠٠ تا ١٨٠٠ز بووە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو قۆناغە تەلارسازیەیدا بنیراوە. یەکەمیان ناسراوە بەناوی شێوەی تیودور، کە یەکێک بووە لە زنجیرەپاشاکانی ئینگلیزی لە نیوئینگلەتدا شێوەی خانووەکان بچووک و لە یەکەوە نزیکبوونە، بە پێچەوانەوە لە ڤێرجینیادا، کە سەرزەوییەکی

کشتوکاڵی بووە، زۆرتر خانووەکان ئەربابی میرزادەکانی تیادا ژیاوە، خانووەکانی کۆشکئاسابووە، بەرز و بوڵەند و زلزەلام، چاولێکەری لە خانووبەرەی ئینگلیزی کراوە، بۆ نموونە کۆشکی (بگین) کە لە کەرپووچ دروستکراوە ١٦٥٥ز. بە شێوەی گوتیک بووە، هەروەها کڵێساکانی ڤێرچینیا هەر بە شێوەی کڵێسا بچووکەکانی ناو وڵاتی ئینگلیز ئەنجام دراون، وەک کڵێسای نیوپوت ڤێرجینیا١٦٨٢ز لە تابووق دروست کراوە و تەواوی کەوانەکانی نووکتیژ ئەنجام دراوە.

لە دوای ساڵانی ١٧٦٠ز تەلارسازی لە ڕووی بەرنامەیەکی فەرمی ئەنجام دراوە و ئەو هەر کەس بەخۆیە سنووردارکراوە و لاسکایی ساختمانەکانی سەردەمی ڕێنسانس بووەتە ئەڵگۆی ساختمان، زۆرتر لە شێوەی کاری تەلارسازی سەردەمی ڕینسانس (پالادیو) ساختمانەکان ئەنجام دراون، بەڵام ئەو جۆرە ساختمانە خەڵکە زۆرەکەی پێ ڕازی نەبووە، دوای ئەوەی خەڵکی ئەمریکا کەوتنە ململانەوە دژ بە ئیمپریالستی ئەورووپایی، سەربەخۆیی (ئەمریکا ١٧٧٣ تا ١٧٨٣ز) دوو ڕووداوی تەلارسازی لە ئەمریکادا ئەنجام دراون) یەکەمیان لە شێوەی (کلاسیکیی نوێ) دووهەم زیندووکردنەوەی هونەری کۆنی ئەورووپا، کە زۆرتر لە یەک سەدەی کێشاوە، بەڵام سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا (تۆماس جیفرسۆن) بە تەواوی تواناوە کۆشابووە ئەوەی پەیوەندیی بە بەریتانیاوە بووە لە ساختمانەوە بیگرە تا دەستکەوتەکان کۆشاوە بەلاوە بنرێت و شێوەی کۆنی تەلارسازیی یۆنانی ڕەواجی پێ بدرێت ١٧٩٨ز. ئەو کارە تەلارسازێک بەناوی (بنجامین لاتروپ) بووەتە پێشقەرەولی ئەو فەرمانە لە ساڵی ١٨٢٠ز شێوەی ڕۆمانی کراوەتە باو، کە زۆرتر سوود لە نمای کەوانەیی براوە، نەک تەنها بۆ ساختمانی نیشتەجێبوون،

بەڵکوو بۆ کارخانە و ساختمانە دەوڵەتییەکانیش تا گەیشتە سەردەمی تەلارسازیی پیشەسازی.



لە ساڵی ١٨٨٠ز بە سەرکردەیەکی تەلارساز (ریتشاردسون) کە باوەڕی وابووە کە (کەرستە) بۆخۆی شێوەی ساختمان دەستنیشان دەکا و لەوێڕا هەنگاونرا بۆ شێوەی تازەی تەلارسازی لە سەرتاسەری ئەمریکادا کە بریتی بووە لە قالبسازی و (ئسکلیتی ئاسنین) ئەوە بووەتە سەرەتای ساختمانە بەرز و بوڵندەکانی ناو وڵاتی ئەمریکا، ئەگەرچی زیاتر لە سەدساڵ پێشتر لە بەریتانیادا ئاسن بۆ زۆر کاری ژیان بەکار براوە، بەڵام ئەوی یەکەمین جار ساختمانی بەرز و بوڵندی لە ئاسن و شێلمان بەکارهێناوە لە شاری (شیکاگۆ) ئەمریکادابووە. ئەویش لە لایەن تەلارسازێک بەناوی (سالیوان ١٩٢٤ز مردووە)بووە. بۆ یەکەمین جار ئەو کارەی کردووە ١٨٩١ز.

زۆری نەکێشاوە تەلارسازێکی ئەمریکایی بەناوی فرانک لویدرایت) کە تەواوکەری شێوەی سالیوان بووە و توانیویە دونیای تەلارسازی لە

ئەمریکادا بگۆڕێت و بەناوی لێزانترین تەلارسازی سەرتاسەری ئەمریکا ناوباو دەرکات.

لە ساڵی ١٩٤٠ز تەلارساز (هنری گروپیوس) و (لۆکۆرپۆزیە) گەیشتنە ئەمریکا، لەو کاتەدا شێوەی ساختمان گۆڕابووە، ئەوی بەکار دەبرا (ئاسن، چیمەنتۆ، شووشە) بووە، پلاستیک بۆ کاروباری لاوەکی.

## پەیکەرتاشین

ئەوی لە ئەورووپادا لەم ڕووەوە دەگوزەرا، کەم و زۆر دەگەیشتە ئەمریکا، بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار پەیکەری (لافاییت) و (جۆرج واشنتون) لە لایەن (هودن)ەوە ئەنجام دراون. کە بە ڕەگەز فەرەنسی لە ساڵی ١٨٢٨ز مردووە. لە ئەمریکادا هونەری پەیکەرتاشین گەلێک سەرەتایی بووە، زۆرتر لووتی کەشتییەکانیان بە پەیکەری لە دار داتاشراویان ئەنجام دەدا.



دەکرێ بوترێت (ولیام راش) یەکەمین پەیکەرتاشی ئەمریکا لە قەڵەم بدرێت، کە پەیکەری بۆ دائیرەی گومرگی ئەمریکا کردووە. بە دوای ئەودا (جان فریزی) کە زۆرتر پۆرترەسازی کردووە. هەروەها

هونەرمەندی پەیکەرتاشی (هۆریشیو گریناو) لە سەرتاسەری ئەمریکادا وەک پەیکەرتاشی نەتەوایەتی ئەمریکا ناسراوە ١٢٢٦ز بەسەر ئەوەشدا بە ناچاری ئەمریکای بەجێهێلاوە، هەروەها دوو پەیکەرتاشەکەی ئەمریکا بەناوی ( باوەرز و گرافۆرد) ئەوانیش ئەمریکایان بەجێهلاوە.

ئەوان دەر و دەروازەیان بۆ ئاوڵە بووە، پەیکەرتاشی کورد بۆ کوێ بڕوا؟، ئەمە وەزعە پەیکەر و پەیکەرتاشین لە کوردستاندا هەیانە؟

دەوڵەت و خەڵکەکەیش هەردووکیان بە چاوی ڕێزەوە نانوارنە کاروکردەوەی پەیکەرتاشدا بە هەر هۆکارێکەوە بێت پۆپەی دواکەوتوویی فکری و هەروەها بێ خەبەری لە دونیای پێگەیشتوو و تێگەیشتوودا.

تەنها پەیکەرتاشینی ئەمریکای لە دوادوای سەدەی نۆزدەهەمدا ناوباوی دەرکردووە.( سۆلۆن پورگلوم ١٩٢٢ز مردووە) بڕێک پەیکەری برونزی ئەنجام داوە. بەڵام شۆرشی میللەتی ئەمریکا و شەڕە خوێناویەکان بوونە هۆکاری دەمارگرژی هەستی نەتەوایەتی، هەروەها لە باخچە و شەقامەکاندا ناودارانی ئەو شەرانە لێرە و لەوێ پەیکەریان بۆ کراوە.

لە ساڵی ١٨٩٣ز دوو جۆر پەیکەر لە ئەمریکادا کراونەتە باو، یەکەمیان پەیکەری زلزەلام و قەبارەزل، دووهەمی شایستەبوونی کەسایەتیی ئەو کەسەی وا پەیکەری بۆی دەکرێت ئەو جۆرە تێفکرینە بۆ هۆکاری ئەنجامدانی پەیکەری چەندان سەرکۆماری ئەمریکا بە قەبارەی زلزەلام لە شاخ بتاشرێن لە لایەن پەیکەرتاش (کاستوم بۆرگلیوم) لە چیای باشموردا. هیندیە سوورپێستەکان، کە بە ڕەگەز ئەمریکایی بوون هونەرێکی سادەیان هەبووە هەتاوەکوو لە جێنشینشدا.

# فەرهەنگی مایا

نەتەوەی (مایا) لە سەدەی حەوتەمی پ.ز تا ساڵی ١٥٤١ز خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیان بوونە، لە چەندان دەڤەری پانۆپۆڕدا دەژیان، وەک: (کامپچی، یۆکتان، تاباسکۆ) لە ئەمریکای لاتیندا بەتایبەت لە وڵاتی مەکسیکی ئێستاوە تا گواتیمالا، هیندوراس و سلڤادۆر)دا.

جێگیربووبوون ئەو نەتەوەیە لە دونیای تەلارسازی و پەیکەرتاشیندا وەستاکاربوونە، بڕێک کاری تریان لێ جێماوە، وەک: دارهەڵکۆڵین، موعەڕەقکاری، زەڕەنگەری، مۆرکاری، ڕازاندنەوەی چنین، ڕەنگئامێزی، پارچە، ئەو فەرهەنگە دوورودرێژە بە قۆناغی جۆراوجۆردا گوزەراوە بە دەورەی پێش کلاسیک ناسراوە، دوو دەورە هەر بەناوی کلاسیک ناسراوە.

ئەو میللەت کشتوکاڵیان کردووە، هەروەها فلزکاری، حەسیر، چنین، هەروەها دەرمان دروستکردن، سەروکاریان لەگەڵ زانستی ریازیات و ئەستێرەناسیندا هەبووە.

هونەری (مایا) هونەرێکی واقیعیانە شێوەکاریەکانیان هەروەک خۆی ئەنجام داوە، بۆ نموونە بە وردی ئاگاداری هونەری (تەناسووب) بوونە لەش و ئەندامی مرۆڤیان بە گوێرەی خۆی کێشاوە، بەڵام لە بیروباوەڕی ئایینی تایبەت بە خۆیان دوور نەکەتوونەتەوە، بەتایبەت هونەرەکەیان زۆرتر لە خزمەتی دەستڕۆیشتووانی دەوڵەتی ئایینڕا بەکار بردووە.

شێوە و شەمایلی خواکانیان یان عفریت و دێو و درنجەکانیان وا باوەڕیان پێ هەبووە، پیاوماقووڵانی ئایینی لە کۆمەڵگای میللەتی (مایا)دا دەستڕۆیشتوو بوونە، لە لایان شا سەرکردەکان ڕێزیان لێ گیراوە و

هاندەری شەڕ و پەلامار بوونە دژ بە دوژمنەکانیان لە زۆر لەو وێنانەیدا وا ماونەتەوە، پیاوانی ئایین تیڵا بە دەست کە نیشانەی دەسەڵات و پێگەی پیاوانی ئایینی بووە.

تەلارسازی لە دونیای میللەتی مایادا پێگە و گرنگیی خۆی هەبووە، بەتایبەت بۆ دروستکردنی پەرستگاکانیان لە قۆناغی کلاسیکدا تەلارسازی گەیشتبووە پلە و پایەیەکی باڵا و گرنگ، گۆڕەپانی دەوری پەرستگاکان بە جۆرێک ڕێکخرابوون تا لە بۆنەکاندا خەڵکانێکی زۆر بتوانن تیادا کۆببنەوە، پەرستگاکانیان زۆرتر بە شێوەی هەرەمی پلەپلە بووە. (بەندە سەرم سڕ دەمێنێ سیستەمی هەرەم بە وجوودی ئۆقیانووسی لاتین ئەو سیستەمە لەناو دەستەڵاتی میسری فیرعەونیدا باوبووە، چۆن هەمان فکر بێ ئاگاداری لە یەکتر ئەنجام دراون؟

لە زۆر ڕووەوە هەمان کار و سیستەمیان بەکار بردووە، کە لە سەردەمی فەراعینەی میسریدا ئەنجام دەدرا. شاری واشنتۆن لە باکووری وڵاتی گواتیمالا بەسەر تەختەسەنگی نەخش و نیگادارەوە مێژووی مایای تیادا نووسراوە، کە لە ٣٢٨زدا نووسراوە. هەروەها لە شاری (جیبیل جالتون) کە بە گەورەترین شاری مایا دەژمێردرێت لەو شارەشدا شەقامی بەربڵاو، پەرستگای زۆری هەرەمی، کۆشک و تەلاری جۆراوجۆری وەک ئاسەوار تیادا دەبینرێت. سەرجەم ٣٠کیلۆمەتری چوارگۆشە بەرینە، بەڵام لەوێش وەک دونیای زانیاری لای خۆمان هەمیشە وڵاتان کەوتونەتە بەر شاڵاوی میللەتانی تر و خاپوور کراون و شارانی تر دروستکراون.

لە ساڵانی ٥٣٤- ٧٣٠ زۆر شار لە وڵاتانی مەکسیک گوانتیمالا و نیو دوڕگەی بۆکتان و هندروراس شاری بەناوبانگ و تەلارسازی تیادا کراوە، وەک: شاری: ئۆزماڵ، لابنا، کابا گەلیک، بەناوبانگ بوونە، لە

بواری تەلارسازی و هونەرە جۆراوجۆرەکاندا. لە سەردەمی کلاسیکدا یۆکاتان کرایە پایتەختی مایا، بەڵام مایا توانی دەستەڵاتی بەربڵاوتر کات بەشێوەی ئیمپراتۆریەت و شاری (چجن ئاتا)ی کردە پایتەخت و لە تەواوی بوارەکاندا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا ٧٠٠ز، لە ساڵی ٩٨٧ز سەرکردایەتی (ئاتاسا) کە لێزان و لێهاتووبوو، زنجیرە دەستەڵاتێکی تازەی پێکهێنا، ئەو زنجیرە دەستەڵاتە هونەری گەلانی تریان تێکەڵی هونەری نەتەوایەتی خۆیان کرد (کوکولکان) فەرمانڕەوایەکی لێهاتووبوو، توانی دونیای تەلارسازی و هونەر لەو وڵاتەکەیدا گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت. (نما و واجیهەی) زۆر لە ساختمانەکان گوڵتەی بە شێوەی ماری باڵدار دروست دەکرا، نەقشی بەرجەستەیان بەکار دەبرد، یان بە شێوەی پیاوی وەرزشکار تەواوی پایە و گوڵتەکانیان دەسازاند، ئەو دەستەڵاتە دووسەد ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە و کاروکردوەی تەلارسازی لە سەردەمیاندا بە زەرافەتەوە خرایە بەرچاو. بەڵام وەک هەمیشە ئەو پایتەختە داگیرکرا و شاری (مایا)کرایە پایتەخت . نەتوانرا لە تەلارسازیی پێش خۆیان بەردەوام بن، بەڵام لە هونەری گەچبڕیدا پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا، لە تەلارسازی ملیاکاندا ڕەنگی جۆراوجۆر بەکار براوە، وەک: سوور، شین، سەوز، هەروەها هونەری سفالین، زۆر بەکار دەبرا، بەتایبەت لە هونەری شێوەکاریدا.

میللەتی (مایا) لە دار هەڵکۆڵیندا لێزان بوونە، هەتاوەکوو کڵاو و خودەیان لە دار دروست دەکرد، لە زێڕ و ئاڵەتدا وەستاکار بوونە، هەتاوەکوو جواهیرسازی(مۆر)یان دروست کردووە لە پیشە و سەدەف.

# فەرهەنگی ئنکا

ئەم دەستەڵاتە درەنگ دروست بووە، سەدەی پانزهەم توانیویانە دەستەڵات و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان پێک بهێنن. دەستەڵاتەکەیان بەردەوام بووە تا پەلاماری ئیسپانیا، کە ئەو دەستەڵاتە یان لەناو بردووە. بەڵگە بەدەستەوەیە میللەتی ئەنکا لە سەدەی دوانزەهەمدا دەستەڵاتیان بەدەست گرتووە، لە دوو جێگەدا تەلارسازیی گەلێک جوانیان ئەنجام داوە، لە شاری (کوچو و ماچوپیکچو).

تلە بەردی زەلامیان لە ساختمانەکانیاندا بە قەبارەی جۆراجۆر بەکار بردووەو لە پەرستگاکانیاندا یان شوورەی شارەکانیاندا دیواری ساختمانەکانیان ڕووکەشەکانی لەبەر بەکاربردنی قەبارەی بەردی زلزەلامی جۆراوجۆر نارێک وەدەر دەکەون، بەڵام موحکەم و سفت بە یەکەوە چەسپاون.

هەروەها لە هونەری سفالیندا وەستاکاربوونە، نەخشی جانەوەران باڵدارەکان، هەتاوەکوو حەشەراتیان ئەنجام داوە، لە برونزکاریدا دەستی باڵایان هەبووە، هەتاوەکوو چەکەکانیان لە مس و برونز داڕشتووە. زیوەر و ئالاتی ژنانەیان پڕە لە وردەکاری زۆرتر دەوڵەمەندەکانیان بەکاریان بردووە، لە پەیکەرسازیدا دەستیان هەبووە، زۆرتر (لاما) کە لە ڕەگەزی حوشترە لە کارەکانیاندا زۆر دەبینرێت.

لە هونەری ڕیساندن و فلزکاریدا وەستابوونە، ڕووکەشەکانیان وەک نەخش و نیگاری قاڵی و مافوور بووە، ئەم میللەتە بەربەرەکانی خوێناوییان کردووە بەرابەر داگیرکەری ئیسپانیایی، بە هیچ جۆر ژێردەستەیی ئەو دەستەڵاتە خوێنڕێژەیان قبووڵ نەکردووە و شەڕی مان و نەمانیان کردووە.

**تەواوبووم لە ٢٦/ ٢/ ٢٠٢١ز لە سەردەمی کۆڕۆنای نەگریس...**

# سەرچاوەکان

## یەکەم: زمانی ئینگلیزی


**Georges Contenu Everyday Life in Babylen and Assyria London Edward Arnold ١٩٦٤**

- Sir John Hackett,Ed,Warfare In The Ancient World New York: Facts On File١٩٨٩.
- Holy Bible, Revised Standard Version New York: Thomas Nelson And Sons, ١٩٥٢.
- At Olmstread. History Of Assyria. Chicago: University Of Chicago Press,١٩٢٣.Reprints:١٩٦٠,١٩٦٨.
- Frances M.Claphom, Ancient Civilazations. Newyork:Warwick Press, ١٩٧٨.
- Daniel Cohen, Ancient Egypt. New York: Double Bay. ١٩٩٠.
- Shirley Glubak And Hlfred Tamarin, The Mummy Of Rahmase:The Life And Death Of An Ancient Egyptian Nobleman. New York: Harper And Kow, ١٩٧٨.
- Gearge Hart,Exploring The Past Ancient Egyptian. San Diego: Harcourt ١٣race Javanovich, ١٩٨٨.

- Fiora Macdonald. Ancient Egyptian. New York: Quarto Publishing, ١٩٩٢.
- Jacqueline Morely, Markbergin, And John James, An Egyptian Pyramid. New York: Peter Bedrick Books, ١٩٩١.
- R.T. Unstead. An Egyptian Town New York: Warwick Press ١٩٨٦
- Herodotus, The Histories, Trans. Aubrey De Selin Court New York: Penguin, ١٩٧٢ P.٢٨٤.
- Arrian, The Campaigns Of Alexander. Pp ٢٧٩-٢٨٠.
- Tammita-Delgoda, A Traveller's History Of India, P.٥٥
- Keay. India, P١١١
- Kalidasa. The Birth Of The War God, Trans. Arthur W.Eeyder Http:// Www.Sacred-Texts.Com/Hin/Sha/Sha١٦.Htm.


## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١- الفن والمجتمع: الؤلف هربرت ريد
٢- مايكل انجلو: الكاتب ليمان.
٣- الفن الاوروبي: جبرا ابراهيم جبرا.
٤- بغداد : محمد مكية.
٥- الفن والمجتمع عبر التاريخ: ارلدهاورز.
٦- الفن العراقي المعاصر: مجموعة من الكتاب.
٧- الوعي والفن: كوركى كاتشف.
٨- مختارات من الفن العراقي: لمركز صدام للفن.


## سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:

١-تاريخ هنر: كامبريج
٢-نو آووران وهنرها.. حبيب اله نصيري فير.
٣-تاريخ هنر رنسانس در ايتاليا فقاشى.
٤-مجسمة سازى: معمارى فردريک هارت.
٥-مجموعة آثار معماري سنتي ايران.


# پاشبەندی وێنەکان






SERTEEB AL JAFF VILLA
PARTIAL ELEVATION PROPOSAL











دیزاینی خانووەکەی بەغدا، زۆر لە خەڵکی دەهاتن بۆ تەماشای، دیزاینەکەم وا کردبوو هەر وەک شاخێک داتاشراوبوو، هەتاوەکوو زۆری نەمابوو بە زۆر لێم بسێنن..



پرۆژەی مۆتێلی دەشتی گەرمیان بوو بە قوربانیی حەسادەت و پوولەکی بوونی بەناو مەلایەک، کە لە لایەن هوتێلدارێکی جاسووسەوە پارەی پێ درابوو، ئەو کابرا ئەوەندە بەدناو بوو، لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا لە لایەن پێشمەرگەوە کوژرا.

حەیف بۆ تەواوکردنی پرۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدان ناچاری فرۆشتنی کرام لە ڕووی بێ حیسابییەوە، ئەم دیزایینە دەگمەنەیان هەڕووژاند، گوایە مەلهایە! ئێستا ٣٠ مەلهای شەوانە لە هەولێری پایتەختدا هەن و لە سالآنی سیەکانیشدا مەلها لە شاری هەولێردا هەبووە...



وێنەی مۆنۆمێنتی شەهیدان سەرەتای کردنەوەی...



وێنەی گڵکۆی ڕەمزیی شەهیدان لە مۆنۆمێنتی شەهیدان



پەیکەری پێشمەرگەیەک لە کاتی پێکانی... بەر لەوەی مۆنۆمێنت بپێکرێت



ئاڵای جوان و قەشەنگی کوردستان بەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدانەوە



کاتی کردنەوەی مۆنۆمێنتی شەهیدان



مۆنۆمێنتی شەهیدان وەک هەیکەل





لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەی مۆنۆمێنتی شەهیدان




جێگەی گوڵدانانی مێوانان لە مۆنۆمێنتی شەهیدان، داخەکەم هەتا وەکوو برونزیەکە دزراوە



سمپڵی پەیکەری ڕاپەڕین



کیمیابارانی هەڵەبجە لە مۆنۆمێنتی شەهیداندا جێگەی بۆ تەرخان کراوە



تابلۆی کیمیابارانی هەڵەبجە دەبوا ٥م ×٥م گەورە کرابایە



پەیکەری باوکی شەهید بۆ مۆنۆمێنتی شەهیدان / خوسرەو جاف





دیمەنێکی تری پەیکەری کیمیابارانی هەڵەبجە



تابلۆی ڕاپەڕین، هونەرمەند ئومێد.



خوسرەو جاف لە کاتی سەنگ تاشینە



تابلۆی کۆڕەو، هونەرمەند سیروان باران



گۆشەیەکی ڕستۆرانتی پرۆژە تیرۆرکراوەکە



دیزاینی مزگەوتی پرۆژە تیرۆرکراوەکە




دیزاینی پرۆژەیەکی تیرۆرکراوی دەستی دزەکان



خودا تەمەن بدا لە خزمەتکردنی میللەتەکەم ماندوو نابم!




کلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی



نەخەوتووم ئاییندەی نەتەوەکەم بیری ئاڵۆز کردووم..